
# یەکگرتن

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە




١٥

١٩٩٢

بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە



مەدحەت کاکەیی



هەواڵنامەی کتێب

مەدحەت کاکەیی



مەدحەت کاکەیی



مەدحەت کاکەیی

# یەکگرتن

گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆرییە

سەرنووسەر
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

بەرپرسیاری ئەدەب و هونەر
فەرهاد پیربال

هەواڵنامەی کتێب

١٥
١٩٩٢

بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

# ناواخن


- یەکگرتن : 7
ئاگاداریەك .

- بەهزاد نوری : 9
چەند تێبینیەکی خێرا لەسەر تەنگوچەڵەمەی رۆشنبیر و
رۆشنبیریی کوردی .

- بەختیار عەلی : 21
دیار / نادیار .

- ئازاد حەمە :
ئاراستەکانی رەخنەی هاوچەرخ . 27

- بورهان ا. یاسین :
چەند سەرنجێك دەربارەی خەباتی چەکداریی 44
جولانەوەی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی باشوور .

- رێبوار سیوەیلی : 58
ترۆری جەستە و نیگای حەرام .

- فەرهاد پیرباڵ : 69
هەستی کوردایەتیی رووناکبیری کورد (عەبدوڵڵا جەودەت)
لەو شیعرانەیدا کە بەزمانی عوسمانی نووسیونی .
راپەرین و راپەرینی بەردەوام ( فایل ) 77

- هەڵکەوت عەبدوڵڵا : 79
رۆشنبیر و راپەرین .

- شیروان : 83
سیاسەتی تیرۆریستانەی هێزە دەسەڵاتخوازەکان و
راپەرینە گەلییەکەی کوردستان .

- هاشم کۆچانی : 95
راپەرینەکە: هاوکێشە باوەکەی گۆری و
قۆناغێکی تازەی دەستپێکرد !

- کەمال میراودەلی : 98
ساڵێك دوای راپەرینەکە : لەکوێوە بۆ کوێ؟!

- رەشاد میران : 111
هەندێ توخم و دیاردەی نوێ لە
بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دا .

- کاکە رەش : 115
لەدەوڵەتی بۆ پێکهێنراوەوە بۆ کۆمەڵی بەوێناکراو.

- ئاڵای شۆرش : 131
شکستی راپەرین و راپەرینی بەردەوام .

- جەلال دەباغ : 137
هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی راپەرینی چەکدارانەی
کوردستان لە ئاداری ١٩٩١ دا .

- ئیرەجی ئازەرین : 145
رۆڵی ناسیۆنالیزم لەتراژیدیای کورددا .

- حیکمەت محەمەد کەریم : 151
ئیرەجی ئازەرین ، ئازاری چەپەکان دەدا .

- موئەیەد ئەحمەد : 166
ئێستای عیراق ، کێشەکان و ململانێی لایەنەکان .

- بزووتنەوەی لایەنگرانی شوراکان : 178
پرۆژەی بەرنامەی حکومەتی شورایی و پێشەکییەك .

- یەکگرتن : 187
چاوپێکەوتنێك .

- زیاد عەبدولرەحمان : 192
دەربارەی تالانکردن .

- حەسیب قەرەداغی : 197
شەو و گریان و مەرگ (شیعر) .

- نەجمەدین فەقێ : 201
هەسارەکەی ژێر خۆڵستان (شیعر) .

- نەوزاد رەفعەت : 203
سێ باڵندە ( شیعر ) .

- چنور نامیق : 204
تێکۆشەری بەهەڵەت (شیعر) .

- رەزا حەمەفەرەج : 205
سیمرخ (شیعر) .

- نامیق عەلی : 208
راپەرین و کۆچکردن لەهونەری شێوەکاریی کورددا .

- فەرهاد پیرباڵ : 214
کوردستان لە کاریکاتۆرە ئەوروپییەکاندا .

- ئەحمەدی مەلا : 220
ترس لە ئازادی (دوا لاپەرە) .


بابەتەکانی بلاودەکرێنەوە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانن و
مەرج نییە دەربڕی بیروڕا و رێبازی " یەکگرتن " بن

تابلۆی بەرگی پێشەوە هی هونەرمەند (مەنسور ئەحمەد) ـە
تابلۆی بەرگی پشتیشەوە هی هونەرمەند (مەدحەت کاکەیی)

نرخی ئەم ژمارە تایبەتیە
(٥٠) کرۆنە + پارەی پۆست

هەواڵنامەی کتێب

# ئاگادارییەک

لەبەر هەندێ گیروگرفتی تایبەت بەبارودۆخی چاپەمەنی و کێشەی دارایی ئەم ژمارەیەی " یەکگرتن "یش دواکەوت و لەکاتی خۆیدا دەرنەچوو . بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ئازیز دەکەین و ئاواتەخوازین لەداهاتوودا و بەهاوکاری هەموو لایەک بتوانرێ ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەم دواکەوتنە بگیردرێ .

شایانی باسە ، چەندین نووسەر و خوێنەری بەڕێزی " یەکگرتن " ، پاش خوێندنەوەی ئاگاداریی تایبەت بە باری دارایی گۆڤارەکە کە لەژمارە ( ١٤ )دا بلاوکرابووەوە ، بەرپرسیارانە و خۆنەویستانە هاتن بەپیرمانەوە و دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردین . بێگومان ئەگەر هاوکاری ئەوان نەبوایە ئەم ژمارەیە چاوی بەدنیا هەڵنەدەهێنا ، لەبەر ئەوە زۆر سوپاسیان دەکەین و ئاواتەخوازین نموونەیان زۆربێ . هەروەها بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەو یارمەتییە داراییە دەکەین کە فۆندەسیۆنی ( FREDSFONDEN )ی دانمارکی بۆ بلاوکردنەوەی ژمارەکانی گۆڤارەکە لەکوردستان ناردبوویان . شان بەشانی ئەوە گلەیی لەو خوێنەر و نووسەرانەش دەکەین کە نەک هەر هەستیان بە ئەرکی بەرپرسیارانەی خۆیان بەرامبەر گۆڤارەکە نەکرد و لەم تەنگانەیەدا نەهاتن بەپیریەوە ، بەڵکو تەنانەت نرخی ئەو ژمارانەشیان نەناردەوە کە بۆیان ڕەوانەکراوبوو . لەم بوارەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە لەمەبەدواوە هیچ ژمارەیەکی " یەکگرتن " بێ ڕەوانەکردنی پێش وەختی نرخەکەی بۆ کەس ڕەوانەناکرێ و بەشداریکردن لە گۆڤارەکەدا بەپێی ئابوونەی ساڵانە دەبێت کە پێشەکی دەنێردرێ . جا هەر کەسێك بەنامە و ناردنی ئابوونەی ساڵانە پێوەندیمان پێوە نەکات ، ئەوا داوای لێبوردن دەکەین کە ناتوانین لەمەودوا " یەکگرتن "ی بۆ بنێرین .

ئەگەر ئێمە بتوانین گیروگرفتی چاپخانە و کێشەی دارایی چارەسەر بکەین ، ئەوا بڕیارمان داوە تەکانێکی چۆنایەتی تر بە گۆڤارەکە بدەین و گەشە بەکارەکانمان بدەین هەتا بتوانین هاوشانی ئاستی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆ وقۆناغی ئێستای خەباتی گەلەکەمان ڕێکەین . بۆ ئەم مەبەستەش وە لە ئەنجامی گفتوگۆکردن و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کۆمەڵێك نووسەر و ڕۆشنبیریی چەندین وولاتی ئاوارەیی بڕیارمان داوە لەمەودوا پێڕەوی سیستەمی فایل ( تەوەر / محور ) بکەین لە گۆڤارەکەدا ، واتە هەر ژمارەیەك تایبەت بێت بە دوو بابەتی سەرەکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری . بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە چەند بابەتێکمان بۆ فایلەکانی ژمارەکانی داهاتوو پێشنیارکردوە و هیواداریـن نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ـ چ لەناوەوەی کوردستان و چ لە دوورەوڵاتی ـ هاوکاریمان بکەن بۆ ئەنجامدانیان ، ئەمەش لەڕێگەی ناردنی بابەتی هەمەجۆر ( ووتار ، لێکۆڵینەوە ، گفتوگۆ و چاوپێکەوتن ، مێژی مشتومڕ . . . هتد ) و خولقاندنی ئەتموٚسفیری ڕەخنەگرانەوە سەبارەت بەو بەرهەمانەی لەو فایلانەدا بلاودەبنەوە .

فایلەکانی پێشنیارکراون لە ژمارە ( ١٧ )ەوە بلاوبنەوە ئەمانەی لای خوارەوەن :

١) ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کورد (ژمارە ١٧).
٢) هونەری شێوەکاریی کوردی (ژمارە ١٧).
٣) دیموکراتیەت و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەڕۆژگاری کۆن و نوێدا (ژمارە ١٨).
٤) سەبارەت تێکستی شانۆیی کوردی (ژمارە ١٨).
٥) وەرگێڕان و پێکهاتنی بیری کوردیی هاوچەرخ (ژمارە ١٩).
٦) ئەدەبی هاوچەرخی کورد لە دوورەوڵاتی (ژمارە ١٩).

وا لێرەدا خاڵە بنچینەییەکانی دوو فایلی ژمارە (١٧) دەستنیشان دەکەین کە دەشێ نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی کورد لەسەریان بنووسن، بەو هیوایەی لە ژمارەکانی داهاتووشدا وردەکارییەکانی فایلەکانی تریش بڵاوبکەینەوە:

## ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کورد

١- ئایا ڕۆشنبیرەکان توێژێکی کۆمەڵایەتی چالاک پێکدێنن.
٢- ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕۆشنبیر.
٣- ڕۆشنبیر و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان.
٤- ڕۆشنبیر و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.
٥- ڕۆشنبیر و گۆڕانکاری ڕۆشنبیری.
٦- پاشکۆیەتی ڕۆشنبیر و هێرشی ڕۆشنبیریی بێگانە.
٧- ڕۆشنبیری کورد لەنێوان کەلەپوور و نوێکاریدا.
٨- ڕۆشنبیر و میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان: کۆپیکردن یان بەرهەمهێنان.
٩- کۆمەڵگای بەرخۆر و پاشکۆیەتی ڕۆشنبیری.
١٠- داخرانی ڕۆشنبیری و کاریگەری لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی.
١١- ڕۆشنبیریی کوردی لەنێوان ڕەسەنایەتیو نامۆبووندا.
١٢- کاریگەری باری کۆمەڵگای کورد لەسەر ڕۆشنبیریی کورد.
١٣- بەرەو ئەلتەرناتیڤێکی ڕۆشنبیری کە بتوانێ ڕۆلی خۆی ببینێ لە هوشیارکردنەوەی جەماوەردا.
١٤- مەسەلەی ڕۆشنبیریی و دەروەستیی ئایدیۆلۆجی.
١٥- هەڵوێست بەرامبەر پڕۆژەی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا.
١٦- نەخشەی ڕۆشنبیریی کۆن نوێمان.

## هونەری شێوەکاریی کوردی

١- هونەری شێوەکاریی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی.
٢- دەروازەیەکی مێژوویی بۆ گەشەکردنی هونەریشێوەکاریی کوردی.
٣- ڕەهەندە شارستانیەکانی داهێنانی شێوەکاریی.
٤- مەسەلەی ڕەسەنایەتی و نوێکاری لەهونەری شێوەکاریی کوردیدا (مەسەلەی چوارچێوە، ئامڕازەکان، کەرەسە، نووسین و سەرچاوەی کەلەپووری، هونەری شێوەکاری لە بەرهەمی پیشە جۆراوجۆرەکاندا).
٥- ئاڤیکردنەوە کارلێکراوەکانی هونەری شێوەکاریی کوردی.
٦- هونەری شێوەکاریی کوردی و کەناڵەکانی ئاڵوگۆڕکردن.
٧- کێشەی ڕەخنەی هونەریی و هونەری شێوەکاری.
٨- هونەرمەندی شێوەکاری و جەماوەر و کێشەی هوشیاریی هونەری.
٩- ئامڕازەکانی پەیوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ تابلۆدا.
١٠- کارلێکردنی هونەری شێوەکاری و توخمە هونەرییەکانی دی.
١١- هونەری شێوەکاریی کوردی لەکوردستان و ئاوارەیی.

بەهزاد نووری

# چەند تێبینیەکی خێرا لەسەر تەنگوچەڵەمەی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کوردی

## (سەرەتایەک بۆ هەڵسەنگاندن)

### سەرەتایەک

ئەگەر چالاکی ڕۆشنبیریی کوردی لەگەڵ میللەتانی چواردەوری یا میللەتانی جیهان بەراوردبکەین ، یاتەنانەت لەگەڵ ئەو میللەتانەی ژێردەستەن و لەو تایبەتمەندیەدا لەگەڵ کورد یەکدەگرنەوە ، ئەوا بەبێ سێودوو دەتوانین بڵێین لەڕیزی دوایدواوەیە . ڕاستە کەم میللەت بەشێوەی میللەتی کورد هەیە توانای دەربڕینی بەزمانەکەی خۆی تەسک و نالەبار و نەگونجاو بێت، بەڵام ئەمە ئەو ڕێگرە سەرەکیە نیە کە بەتەواوەتی دەست بخاتە بینی و هەناسەی لێ‌ببڕێت ، بەڵکو لەسەرێکی ترەوە ئەمە ئەو پێویستیە دەخولقێنێ کە زیاتر لەمیللەتانی تر هەوڵ بدات بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بەپێی هەموو ئەو بوارانەی چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە بۆی هەڵدەکەوێت . دەتوانین بەئاسانی بڵێین پڕاوپڕی ئەو ئیمکاناتانەی لەبەردەستیدا هەڵکەوتوە، بەکاری نەهێناوە .

ئەمە یەکێکە لەگرنگترین ئەو خاڵانەی کە لەپێویستی چالاکی ڕۆشنبیری کوردیدا هەمیشە زیندوە و تاماوەیەکی زۆریش ئەو کەلێنە گەورەیە بەئاسانی پڕنابێتەوە. لەبەر ئەو خاڵەیە کە هەمیشە دەبینین ڕۆشنبیریی کوردی، بەهەموو ئاست و لایەنەکانیەوە، لەلایەن ڕۆشنبیر و خوێنەری‌کوردەوە بە دڵسۆزیەکی گەورەوە هاندراوە. تەنانەت لەزۆر کاتدا تەنیا بۆ ئەوەی ئەو تروسکەیە نەمرێ و بەردەوام بێت ، ئیتر گرنگ نەبوە بابەتەکان چین ، بەڵکو تەنیا بڵاوکراوە و چالاکی ڕۆشنبیریی کوردی هەبێت و بڕوات .

لێرەوە دەتوانین دەستنیشانی گەلێک چاپەمەنی‌کوردی بکەین کە نەک هەر دوورە لەڕۆشنبیریی و ئەدەبەوە ،بەڵکو وێنەیەکی دواکەوتوو و شێواویشە و زۆرجار چاوپۆشی‌لێ‌کراوە تەنیا بۆ ئەوەی بڵێین کوردیش نووسەر و ڕۆشنبیرو چاپەمەنی تایبەتی خۆی هەیە . جا لەبەر گەورەیی ئەو کەلێنە و نەبوونی هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە، ئەوا بەئاشکرا جلەو بەرەڵایە لەبەردەم هەموو کەسێکدا .

ئەمە نیشانەی نەبوونی ئەو بنەما ڕۆشنبیریەیە کە ڕۆشنبیریی تیا ساغ دەبێتەوە و بەپێی ئاستەکانی جیادەبێتەوە و هەریەک ڕێڕەوی خۆی تیا وەردەگرێ. وەک ڕۆشنبیریی هەر میللەتێکی تر کە بەپێی ئاستە جیاوازەکانی نووسەر و خوێنەر و ڕۆشنبیری تیا جیادەبێتەوە ، بەڵام ئەم بارە بەسەر ڕۆشنبیریی کوردیدا ناسەلمێنرێ‌و هەموو بەناوی پێشخستن و پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردیەوە دێنە مەیدان و خۆیان بەنموونەی بەرزی ئەو ڕۆشنبیریە دەزانن .

لێرەدا ئەگەر لەدەرەوەی ڕۆشنبیریی کوردیەوە بڕوانینە چاپەمەنی و بڵاوکراوەی کوردی ، ئەوا زیاتر لەبزووتنەوەی پێکهاتنی ئەو بنەمایە دەچێت تاوەکو ڕۆشنبیریەکی‌پێگەیشتوو. سەرەتای پێکهاتنی هەر بابەتێکی نوێ لەهەر بوارێکدا بێت ، ئەوا بەووروژم دێتە مەیدانەوە و لەدوایدا وردە وردە بژاردەبێت و خلتەی دەنیشێ و خاودەبێتەوە و بابەتەکە سەرهەڵدەدات و ڕەوتی سروشتی خۆی وەردەگرێ

و گەشەی پێویستی خۆی دەکات و توخمە پێکهێنەرەکانی دەردەکەوێت (ئەمە بەداماڵراوی) .

جا چالاکی ڕۆشنبیریی کوردی لەو سەرەتایەدایە و هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە قۆناغی بژارکردن و هەڵسەنگاندن و بواری جیاکردنەوە . ئەگەر بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو بنەمایە ساغ بێتەوە ، ئەوا هەموو کەسێك ناوێرێ بە ئاسانی خۆی تیا تاقیبکاتەوە ، ڕەنگە ئەو بیرەش لەمێشکی خۆی دەرکات کە لەوانەیە ببێ بەنووسەر یا ئەدیب . بوونی ئەو بنەمایە خۆی لەخۆیدا ئەو بناغەیە دیاریدەکات کە نووسەر یا ئەدیب لەئاستێکی دیاریکراودا لەڕوی بێت بنووسێت و سەرەتای هەوڵدانەکانی لەچاپ نەدات .

ئەگەر لایەك لە چالاکی ڕۆشنبیریی دەرەوەی وڵات بکەینەوە ، ئەوا لەپێش هەموو شتێکەوە دەتوانین بڵێین کە بەڕاستی جێگەی نائومێدی و بێهیواییە . " ئێستاش خۆزگە بەوە دەخوازم کە هەر لەناوەوەی وڵاتدا بومایە و ئەو هیوایەم بەچالاکی ڕۆشنبیریی و بڵاوکراوەی دەرەوەی وڵات بمایە . هەموو جارێك دڵخۆشی خۆم بەوە دەدایەوە کە کۆمەڵێ ڕۆشنبیری داخ لەدڵ و دڵگەرم و دڵسۆز ڕویانکردۆتە ئەوروپا و ئەوەی لەناوەوە ناشێ بووترێ و بنووسرێ و لێی بکۆڵرێتەوە ، ئەوا لەئەوروپادا ئەو بارە ڕەخساوە و ئیتر ئێمە چاوەڕوانی دۆخێك دەکەین ئەوانەمان بەدەست بگاتەوە ، بەڵام بەداخەوە لەدوای ئەوەی ئەو تەلیسمە لەبەرچاومدا یەکلابوەوە ، ئەوا ئێستا بە پێچەوانەوە دە ئەوەندە هیوام بەوانەی ناوەوەی وڵات پتەوتر بوە کە لەگەڵ ئەو هەموو سەرکوتکردنانەدا ورەیان بەرنەداوەو لەسەر چالاکی خۆیان بەردەوامن " .

ڕاستە چالاکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و پتەوی بەو واقیعەوە هەیە کەلێی هەڵدەقوڵێ ، کە بەهرەی لێهەڵدەهێنجرێ و بۆی دەنووسرێ ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە لەواقیع دابڕێنرا ئیتر هیچی پێنەمێنێت . لێرەدا خاڵێکی تریشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە نەبوون یاخود ئاست نزمی و کزیچالاکی ڕۆشنبیریی لەدەرەوەی وڵاتدا ، ئەوە دەسەلمێنێت کەزۆربەی کوردە ڕۆشنبیرەکان داگیرکراوی دوو بابەتن و لەپاش ماوەیەکی کورتی دوورەوڵاتی ڕەگیان لێدەبرێ و سیس دەبن : جارجارە دەکوژێنەوە و بەکزی هەڵدەبنەوە ، ئەویش یەکەم ئەدەبە و دووەم سیاسەت ، کە هەردووکیان بەپلەی سەرەکی لەواقیعی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە ئاودەخۆنەوە و بۆی دەگەڕێنەوە . جا کە ئەو سەرچاوە زیندوەیان لێ ببڕێ ، ئەوا لەپاش تەقینەوەیەکی ئەوروپا هیچی وا ناچێتەوە جێگەی . من لاریم لەوە نیە کە کۆمەڵگای کوردەواری هەر ئەوەندەی لێهەڵدەهێنجرێ ، یەکەم بەحوکمی ئەو زۆر و ستەمەی بەسەریەوەیەتی و تا ڕادەیەکی زۆر چۆنێتی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد دەستنیشان دەکات، هەر لەو کاتەوەی کەچاو لەدەور و بەرەکەیدا دەکاتەوە . دووەم ئەو خۆراکە ڕۆحیەی لەبەر دەستیدایە بەئاستەم لەئەدەب تێپەر دەبێ (وەك زمانی کوردی ) ، هەڵبەتە ئەوەندەش کەلەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕێگەی پێدراوە . زۆرجاریش ئەو خۆراکە کەمە ڕۆشنبیر بەجۆرێك گەمارودەدات کە لەوسەرەوە لە شێوازێکی ئەدەبیدا خۆی ساغ کاتەوە ( زۆرجاریش بوون بەشاعیرە ) . شیعر و ئەدەب خۆراکێکی ڕۆحی گرنگی میللەتانی ڕۆژهەڵاتە و کوردیش لەوە بێبەش نیە . ئەمە تەنگوچەڵەمەکە زیاتر قوڵدەکاتەوە و بواری تێپەڕین بە سەریدا کەلێك خاودەکاتەوە و هەندێ جار دەیکوژێ .

لێرەدا چەند خاڵێك نیشانەدەکەین کە ڕۆشنبیری زیاتر بەناچاری خۆی تیادەبینێتەوە :

- نەبوونی زەمینەی ڕۆشنبیریی گشتی .
- نەبوونی سەرچاوە بەزمانی زگماکی خۆی .
- نەبوون یاخود کەمی شارەزا و لێکۆڵەرەوەو ڕەخنەگر
- گرنگیدان بەشیعر و ئەدەب وەك سۆز و خۆشەویستی ڕۆژهەڵاتی کە لەناو هەنگاویەکەمدا چاوی تیادەکاتەوە .
- ساکاری شیعرنووسین و پاراوی زمانی کوردی لەو بارەیەوە . بەحوکمی ئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژی مێژووییە .

ئەو چەند خاڵە بەدوای یەکتردا یەك یەکتری بەرهەم دێنن و بازنەیەك بەدەوری ڕۆشنبیردا پێك دێنن و گەماروی دەدەن و بەزەحمەت دەتوانن لێیان ڕزگاربێت ( بەشێوە گشتیەکەی ) . واتە بەپێی ئەو دۆخە ڕارەوی پیارۆیشتنی ڕۆشنبیری کورد بەشێوەیەکی گشتی لەپێش خۆیەوە دیاری بوە و بەشی هەرە زۆری ئەدەب و هونەرە. جا کەوەڵامی چارەکی چارەکی پرسیارەکان ناداتەوە و ئەوەشی کە بەشیعر و نووسینی ئەدەبی و چالاکی هونەری توانای دەربڕینی هەبێ قەدەغەبێت ، ئەوا وەك وتمان لەلایەنەکەی تر باوەشی بۆ کردۆتەوە کە سیاسەتە . ئەمەش بە جۆرەها ڕارەوی جۆراوجۆر ڕۆشنبیری قووت داوە و دەیدات و زۆرجار چارەنووسی فەوتان بوە و دەبێت .

لێرەدا مەبەست لەو لایەنە نێگەتیڤەی سیاسەتە کەڕۆشنبیری

چەواشەکردوە و لەچوارچێوەیەکی بەر تەسکدا ویستوویەتی جێگای بکاتەوە . بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی ، سیاسەت وەك چەمکە فراوان و گشتیەکەی ، هەمیشە دەورێکی پۆزەتیڤانەی هەبوە و هەیەتی لەچاوکردنەوە و پێگەیاندنی ڕۆشنبیردا . هەرچەندە لەنێوانی ئەو دوو لایەنەدا زۆر جار ڕۆشنبیری قووت داوە و بوە بەقوربانی . . .

## ڕۆشنبیر و بەرگری

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری ئەو چوار دەورە خولڤینەرەی ڕۆشنبیری کوردی بکەین ، ئەوا کۆمەلێ بنەمای نەف کەریمان بۆ ئاشکرادەبێت ، کە بە چەندین شێوە و لەچەندین لاوە بۆتە هۆی چنینی ئەو تۆڕەی کە دەست و پێی ڕۆشنبیری بەستوتەوە .

ڕۆشنبیری کورد هیچ ئەزموونێکی ئازادی دەربڕینی نەبوە لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بە زۆر تێ ئاخنراوە . لەلایەکی تریشەوە ، وەك مێژووی تایبەتی خۆی ، خاوەنی هیچ ئەزموونێکی دەوڵەتی سەربەخۆ یا نیمچە سەربەخۆ نەبوە . واتە لەهیچ یەکێك لەقۆناغە مێژوویەکانیدا خاوەنی بنەمایەکی پتەوی ئابوری خۆماڵی نەبوە . ئەوا دەرفەتیشی بۆ نەگونجاوە کە بنەمای ڕۆشنبیریی وئەدەبیاتی سەربەخۆی بنیات بنێ و ڕەنگ و بۆی بناسرێتەوە . بەو پێیە هەموو پێکهاتنەکان دەلالەتی نەفی بوونی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی بوون ، زیاتر لەوەی ڕێخۆشکەر و پاڵپشتیان بن . نەك ڕۆشنبیر و ئەدیب لەبەرەی بەرگری کردندابوون ، بەڵکو بەدرێژایی مێژوویەکی دێرین هەموو میللەتی گرتۆتەوەو ناتوانرێ نکوڵی لەو ڕاستیە بکرێ کە چۆن بۆتە هۆی شێواندن و لەباربردنی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی .

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی چالاکی ڕۆشنبیری ، بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی جیهانی دەسەلاّتدارێتی بێت ، ئەوا ڕۆشنبیری کورد لە هەموو هەنگاوەکانیدا ، لەهەموو ساتەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا ، ڕووبەڕووی واقیعی ئەو دەسەلاّتدارێتیە بۆتەوە . لەپێش هەموو شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلاّتدارێتی کە دەبوایە ڕۆشنبیری کورد بەرگری بەرامبەر بکات و بەرەنگاری بوەستێتەوە و هەوڵی بەرپەرچدانەوەی بدات ، ئەوا سەرەتا پێویست بوە بەرگری لە جەسەدی بکات و هەوڵی خۆپارستن و بەردەوامی ژیان بدات . واتە وەك بەشێکی زیندوو و بەئاگای ئەو میللەتە ، کە ناتوانرێت لەو بەرەنگاربوونەوە و دەستەویەخەیەدا لێی جیابکرێتەوە . بەو پێیەش کێشەی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری هەر لەوێوە دەست پێدەکات و ئەنجامەکەشی ئەوە بوە کە سەرجەمی ڕۆشنبیری لەسیاسەتی بەرگریدا بەرجەستەبوە ( بەشێوە گشتیەکەی ) .

ئاقاری وتاری کوردی زیاتر ئاقارێکی سیاسیە ، وەك لەوەی فەلسەفی بێت و بەئاستەم خۆی لەو بوارە داوە . وتاری کوردی وتاری بەرگری کردنە لەمرۆڤی کورد و هەوڵدانە بۆ جێگیرکردنی ، بۆ مانەوەی وەك مرۆڤ ، نەتەوە ، میللەت ، کۆمەڵگا . . . . هەوڵدانە بۆ پارێزگاری کردن لەو نیمچە قەوارەیەی کە هەوڵ دەدرێت پێك بهێنرێت . هەوڵدانە بۆ جێکردنەوەی خۆی و خۆ لادان لەو نەفی کردنە ڕۆژانەیەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەڕەشە لە بوونی دەکات . هەر لەشیعر و کورتە چیرۆك و ڕۆمانەوە ، هەتا نووسراوە کۆمەلاّیەتی و مێژوویی و سیاسیەکان . . هەمووی زۆر تا کەم لەو تەوەرەدا دەخولێتەوە .

سەربژاردەی ڕۆشنبیریی ئێمە هەمان هەڵبژاردەی دەسەلاّتدارێتیە بۆ ڕاگرتنیان لەژێر سێبەری مەرگ و خنینە ناو زیندان و ڕاونان و وێڵ کردنیان بەرەو دەرەوەی وڵات و داڕووخان و تەپاندنیان لەناوەوەی وڵاتدا .

دەسەلاّتدارێتی دژی هەموو جۆراوجۆرێکی ئاستی ڕۆشنبیرییە و لە هەوڵی بەپەراوێزکردنی هەموو کۆمەڵدایە ، بۆ لەقالبدانی لە بەگشتی کردنیدا لەیەك ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی دا ، بەو شێوازەی کە بەردەوامی بەسیاسەت و بۆچوون و جیهانبینی خۆی دەدات . دەسەلاّتدارێتی ئەو سەربژادەیە لەناودەبات کە خۆیان لەخۆیاندا تروسکەی ئەوەیان تێدایە کە جەمسەربگرن ، ناوەڕۆك بخولقێنن . ئەوانەی توانای ڕێچکەشکاندنیان هەیە ، ئەو ڕەسەنایەتیانە لەناو دەبات کە ناگیرێن و توانایان هەیە بەهەموو شتێ ببن بە نووسەر ، بیریار ( مفكر ) ، پێشمەرگە ، بانگەوازدەر . . . ئەوانەی توانایان هەیە خەڵك لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە .

دەسەلاّتدارێتی موتڵەق لەناوبەری هەموو شێوەیەکی تری دەسەلاّتدارێتیە ، نەفی کەری هەموو دژە دەسەلاّتە فیکریەکانە ، لەهەوڵی داچۆڕینی سەردەستایەتیەکدایە بۆ ناو هەموو بوارە کۆمەلاّیەتی و ئابووری و زانستیەکان ، بە مەبەستی هەڵ لوشینی لەخۆیدا و دارشتنەوەی لەشێوازی بەرژەوەندی خۆیدا و سەلماندنی بوونی خۆی وەك دەسەلاّتدارێتیەکی یەکانەی توانای بوون ( قابل الوجود ) .

هەموو لەناوبردنێکی ئەو ڕەسەنە مرۆڤانە ، پێکهێنانی بووچە مرۆڤە لەجێگایان وەك ئەو ڕۆشنبیرانەی هیچیان

لەباردا نیە و تەنیا دەڕێنن و هیچ کاتێك ناتوانن دژە هەڵوێستێك وەربگرن بەرامبەر ئەو دەسەڵاتداریتیەی لەسایەیدا چەساونەتەوە. لەناوبردنی ڕەسەنە مرۆڤ لە بەرژەوەندی پووچێتی ڕۆشنبیرە ، لەبەرژەوەندی خواستی (طموح ) خۆیی ئەو ڕۆشنبیرانەیە و لەبەرژەوەندی بابەتی دەسەڵاتداریتیە . پووچە ڕۆشنبیر لەو پرۆژەیەدا ڕۆڵی تەواوکەر دەبینێت و لەگەڵ دەسەڵاتداریتیدا یەك خزمەتی یەك دەکەن و یەکتری دەخولقێنن .

ئەگەر بواری سەرهەڵدانی بیری ئازاد هەبێت، ئەوا ترازان لەناوەندی یەگشتێتیکراوی ڕۆشنبیریدا دروست دەبێ و دژە جەمسەر دەردەکەوێ و ئاستەکانی دەسەڵاتداریتی دابەش دەبێ و بەرزونزمی تێدەکەوێ و بەدوای هاوسەنگیی چەقدا دەگەڕێ . ئەوسا بنەمای هەڵخەڵەتاندن دەردەکەوێ و داواکاری ڕەوایەتی دەنگی لێبەرزدەبێتەوە . ئەو بارودۆخەی لەسوودی ئەو دوولایەنە نیە کە پەنجەی بۆ ڕاکێشرا ، کە بەردەوامی بەیەکتری دەدەن .

ڕۆشنبیر ، ڕەسەنە مرۆڤ دەبوایە " خۆی هەڵبگرتایە" واتە بێدەنگ بوایە و تەنیا بوونی لەناو خۆیدا هەبوایە و هیچی تر . باس لەوە ناکەین کە ئەمە تارادەیەکی زۆر مەحاڵە و پەستانەکە ئەوەندە زۆرە دەیتەقێنێتەوە و زۆربەی جاریش لەدوای یەکەمین تەقینەوەدا دەگیرێ و لەناودەبرێ . ئەو حاڵەتانەی کە ڕۆشنبیر خۆی تیا هەڵدەگرێ ، بابەتیانە نەبوونی بوونی خۆی دەسەلمێنێ و هیچ ڕاوەشاندن و لەرزەیەك ناخاتە فەزای ڕۆشنبیری دەسەڵاتداریتیەوە. ئەو کڕکەوتنەش لەبەرژەوەندی دەسەڵاتداریتیە . تێکڕا لە مەیدانی واقیعدا نەفی ئەو ڕەسەنایەتیە دەکرێ کە ڕەنگە بێ / بشێ بیێ بەو دژەی بەکڕ شێوەکانی دەسەڵاتداریتیدا بچێتەوە .

چارەنووسی ڕۆشنبیر ، ڕەسەنە مرۆڤ ، بەیەکێك یا زیاتر لەم شێوازانەی خوارەوە دەخەملێ :

١- گرتن و خەساندن و بێدەنگکردنی .

٢- ئەگەر نەتوانرا ، لەسێدارەدانی .

٣- بێدەنگ بوون وخۆ مەڵاس دان لەناو خودی خۆیدا ، واتە بۆگەنکردن و ترشانی باس و بیر و بابەتەکانی ، چونکە ئەگەر بیر کاری پێنەکرێ ، (نووسین ، بیرکردنەوە ، هەڵسەنگاندن ، بلاوکردنەوە ، باس لەسەرکردن ، درێژەپێدان . . . هتد ) دەمرێ .

بیر وەك زنجیرەیەك وایە بەبێ کاربێکردن لەمێشکدا بەئالۆزکاوی پەنگ دەخوات و دووریەکانی دەستنیشان نابێ و بەخاوی (خام) دەمێنێتەوە . یاخود لەلایەکی ترەوە ، هێشتنەوە و خۆهەڵگرتن و نەبوونی یا کزی هیوای هاتنەدەرەوەی ، یا دەیکوژێ یا هەڵگرەکەی تووشی بێ هودەیی و بێهیوایی دەکات . لەسەرێکی ترەوە ئەو حاڵەتە ڕۆژانەیەی تیایدا دەژی و جۆرە ڕاهاتنێك لەسەری رادێت و لەئەنجامدا ئەو بەکردەوەکردنە ڕووتەی ژیانی جێگەی ئەو خەیاڵە فیکریانەی لێدەگرێ و سەردەنێتەوە .

٤- ڕاکردن و بەجێهێشتن و پێستی سەردەرکردن ، تەنیا بۆ ئەوەی بیر/ دژایەتیەکەی بپارێزێ و گرێ کوێرەکانی لەدەرەوەی ئەو مێژووە/ واقیعە بکاتەوە. بەلام بەچوونەدەرەوەی ڕەگی بیر و واقیعەکەی دەپچڕێ و لە مێژووەکەی دادەبڕێ و لەمەیدانەکەی دادەماڵرێ ، واتە لەدوو لاوە لەبەرامبەر واقیعدا دەمرێ . وەك جێ هێشتنەکەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر/ تیادا نامێنێت ، هەروەها بەرامبەر دەسەڵاتداریتیش بوونی دەسڕێتەوە و هەمان مەبەستی ئەو دێنێتە دی . تاك و تەنیا بە ڕووت و قووتی فڕێدەدرێتە دەرەوەی مەیدانەکەوە و دەبێت تەنیا لەدیوی دەرەوە تێی بڕوانێت ( وەك بەرئەنجامی قبوولنەکردنی ئەو چەقەی دەریپەڕاندوتە دەرەوە ) . هەموو خۆ هەڵواسینێك بەدیوی دەرەوەی بازنەکەدا هیچ ڕۆڵێك بەکردەوە لەدیوی ناوەوە نابینێت . هەرچەندیش هاوار بکات، تەنیا دەنگدانەوەیەکی نزم و ئاهەستەی دەبیسترێت . ئەگەر گەیشتیشە ئەو ڕادەیەی بەئاشکرا دەنگی ببیسترێت ، ئەوا دەستی ئەو چەقەی دەریپەڕاندوتە دەرێ دەگاتە دەمی و سەرکوتی دەکات .

ئازاری بەجێهێشتن هەمان ئازاری گیانەڵایە. ئازاری لەبارچوونە ، ئازاری نەتوانینی جێبوونەوەیەتی لەو چەقەدا کە بۆی/ تیایدا دەژیا . سەلماندنی بوونی لەهەمان مێژوو/ ڕەگ / کۆمەڵدایە کە فڕێ دەدرێتە ئەودیوی . لەودیو بازنەکەوە دەبێت وردەوردە مردنەکەی تەواوبکات . ئەوە چارەنووسی زۆربەی زۆربەتی و هەندێك جار زۆر بەدەگمەن زیندووبوونەوە ڕوودەدات و دەتوانێت جارێکی تر سەرپێبکەوێ و چالاکی بوونی بنوێنێ . زیاتر لەسەر ئەو زیندووبوونەوەیە نادوێین و تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە ئەگەر ڕۆشنبیرێك بیەوێت لەدەرەوەی ولات قەوارەی بوونێکی چالاك پێك بهێنێت ، ئەوا بەپێداویستی دەبێت بمرێت و زیندووبێتەوە . واتە هەموو هەوڵدانێك بۆ بەردەوامکردنی ئەو تروسکەیەی لەکاتی گواستنەوەدا لەگەڵ

خۆی دەیهێنێتە دەرەوە بێسوودە و دەبێت مردنەکەی تەواوبکات بۆ ئەوەی زیندووبێتەوە .

ئەوە واقیعی رۆشنبیری کوردیە، ئەوە رارەوی رۆشنبیرە لەبەرامبەری دەسەلآتداریتی نەفیکردا. گەر ئێمە لێرەدا بمانەوێ لەسەرێکی ترەوە سەیری سیاسەتی بەرگری بکەین ، دەبینین شێوەیەکی ترە لە قالبدانی رۆشنبیر و هەر لە سەرەتاوە چالاکیەکانی دەستنیشان دەکات و بەرارەوێکی دیاریکراودا لێیدەخورێ . ئەمە گەورەترین ململانێی رۆشنبیری کوردە کە زۆر بەئاستەم دەتوانێ لێی تێپەرببێ و بتوانێت بوونی خۆی وەك رۆشنبیرێك ساغ بکاتەوە. چالاکی رۆشنبیری دەبێت بەپرۆژەی بەرگری و داکۆکیکردن لە مان و لەکۆمەلآنی خەلك . هەروەك پرۆسێسێکی مێژوویی ئەو قۆناغە ،(بۆ ئەوەی بچێ بەکۆ دەسەلآتداریتیەکدا، ئەوا دەبێت بەرگری لەناوەرۆکی دەسەلآتداریتیەکی تر بکات) . بەو پێیە لەو روانگەیەوە دەروانێتە سەرجەمی رۆشنبیریی و دەبێتە پێوانەی راستکەرەوەی هەموو چالاکیەکان. واتە رۆشنبیری کورد لەسیاسەتی بەرگریەوە دەستی پێکردوە ، نەك لەبارێکی ئاسایی و چەسپاوی مێژوویدا، کە دەبوایە بۆچوونی خۆی بۆ خودی خۆی و بۆ مرۆڤ و چواردەور و جیهان ، وەك هەموو هەولدانەکانی میللەتانی تر دیاریبکردایە.

دەتوانین بلێین ، چالاکیە رۆشنبیریەکان پاشکۆی سیاسەتی بەرگری بوون ، ئەگەر شتێکی لێ مابێتەوە ئەوا ئینجا چۆتە سەر رۆشنبیری . ئەو پێکهاتە هەلگەراوەیەی چالاکی رۆشنبیریی کوردی بواری وتبوونی رۆشنبیری خەملاندوە و هەرچەندیش زۆر ویستویەتی لەو چوارچێوەیە جیابێتەوە و سەربەخۆیی خۆی وەربگرێ و بچێتەوە دۆخە رەسەنەکەی خۆیەوە و بنەمایەك بۆ خۆی داڕێژێ و رۆلی راستەقینەی خۆی ببینێت ، بەلآم بەحوکمی واقیعی سەرکوتکەری هەردوو لایەنەکە، چ وەك سەرکوتکردنی دەسەلآتداریتی سەردەست و چ وەك لەقالبدانی سیاسەتی بەرگری ، بەتەواوەتی ئەو بوارەی بۆ نەگونجاوە کە سەربەخۆیانە هەولی جێگیرکردنی بنەمای رۆشنبیریەکەی بدات و پەرەی پێبسەنێ .

لەو نێوانەدا دەتوانین کۆمەلێك رێگر و سەرکوتکەری تر دەستنیشان بکەین کە رۆشنبیر رووبەروویان دەبێتەوە . بوونی وەك کوردێك ، وەك رۆشنبیرێك ، وەك رووبەروو بوونەوەیەکی گێلێتی و دواکەوتووی کۆمەلگا و خوونەریتی کۆن و باو . . .هەتا دەکات بەسەرکوتکردنی خیزان و دایك و باوك و پەیداکردنی نان و پێداویستەژیانەوەرێکان، واتە هەتا دەگاتە کێشە گەورەکانی بوون و فەلسەفەی بوون ، هەزاران رێگر لەبەردەمیدا قووت دەبێتەوە و گۆجی دەکات. هەرچۆنێك لەژێر بالێ هەندێکیاندا رزگاری بێت ، ئەوا داوێکی تر ئامادەیە کە تێیکەوێت ، هەر هیچ نەمێنێت ئەوا سیاسەتی بەرگری زۆر بەفراوانی بالێ بۆ راخستوە و لە تەوژمێکی خۆیدا رایدەپێچێت . لەو ململانێ بێکۆتایی و چەند و چوونەدا ، نەك رۆشنبیری دووفاقە، بەلکو هەزار فاقەی لێ بەرهەم دێت و سەرلێشێواندنێکی سەرتاسەریە .لەئەنجامە ترسناکەکانی ئەو بارودۆخە ، پێکهاتنی رۆشنبیری مشەخۆر کە بۆشایی ئەو فەزا رۆشنبیریە و ئەو بوارە پێکهێنەرانە ئامادەیە بۆ خولقاندنی.

خودی رۆشنبیر لەگێژاوی دوو جەمسەری سەرەکیدا دەخولێتەوە : یەکەم بەرگریکردن لەبوونی خۆی و کۆمەلگاکەی ، دووەم بەرگریکردن لەرۆشنبیریەکەی. ئەم هاوکێشە تێهەلکێشە لەسەر یەکتری کاریگەرن وبەرگریکردن لەهەر یەکێکیان ، بەرگریکردنە لەوی تریان و ناتوانرێ بەتەنیا هیچیان بێت .رۆشنبیر پێویستی بەداکۆکیکردنە لە رۆشنبیریەکەی بۆ ئەوەی بەرەنگاری دەسەلآتداریتی بێ ببێتەوە و پێویستی بە بەرگریکردن هەیە لەخودی خۆی لەبەرامبەر ئەو دەسەلآتداریەتیەدا بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە رۆشنبیریەکەی بکات و پێکیبێنێت. وازهێنان لە هەر یەکێکیان ، واتە قوربانیدانە بەلایەنەکەی تر،راگرتنی هاوسەنگیش نیمچە مەحالە . بەرگریکردن لەخودی خۆی وەك جەسەد ژیانی رۆژانەیەتی و سەرجەمی ئەو مێژوویە کە تیا گەورە بوە و رۆژانە رووبەرووی نەفیکەرەکەی دەبێتەوە. بەرگریکردن لەرۆشنبیریەکەی هەمومی بوونیەتی و پرسیارەکان و دەروازەکانی بۆ یەکلا دەکاتەوە و خۆی تیا ساغ دەکاتەوە و خۆی تیادەسەلمێنێ . زۆرجار لەو نێوانەدا دەیەوێت تێهەلکێشان بکات و زۆر کەم سەرکەوتوو دەبێت و زۆرجار ژێردەکەوێت . ئەگەر لەپرۆژەی سیاسەتی بەرگریدا جەسەدیی بەشدار بێت ( بوون بەپێشمەرگە ) ئەوا ئارادەیەکی زۆر دەبێت لایەنەکەی تربکات بەقوربانیو دەستی لێ بشوات . ئەگەر بشیەوێت ئەو بەشداربوونەی بەنووسین بێت یا بەیەکێ لە چالاکیە رۆشنبیریەکان، ئەوا دەبێت لە ئەدەبی بەرگریدا خۆی ببینێتەوە، کە دیان کۆچکردنی خۆی و رۆشنبیریەکەیەتی و لەقالبدانیەتی لە بەرگریکردندا.

(بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبیات و چالاکی رۆشنبیریی

بەرگری لاوازە و جێگا و بواری هەموو ڕۆشنبیریی تیا نابێتەوە) . ئەگەر هەر بەتەواوەتیش سیاسەتی بەرگری بەجێ‌بێلێ ، ئەوا نەفی خۆی و پشت لەمێژووی پێکهاتن و پەروەردەیەکەی خۆی دەکات (بەدامالڕاوی) و ڕۆشنبیریەکەی هەڵدەبژێرێ ، ئەمەشیان پرۆسێسێکی زۆر گرانە و کەمجار دەتوانێت تیایدا سەرکەوتوبێت . ئەگەر ئارەزووشی بکات ، ئەوا هیچ کاتێك چواردەورەکەی ڕێگەی پێ‌نادات و هەمیشە لەژێر حوکمی ناچاریدا دەبێت لایەك لەو ژیانە ڕۆژانەیەش بەکردار بکاتەوە . سەرجەم دەتوانین بڵێین ئەو بارودۆخە ململانێیان لەگەڵ دەکات و زۆرجار لەجیاتی گرێ‌کردنەوە ، گرێی نووندتری لێ‌دەدات، زۆرجاریش خۆی لەسیاسەتی بەرگریدا ساغ دەکاتەوە و لەرەنگدانەوەی ئەو حاڵەتەدا دەبێ بە ڕۆشنبیرێکی ئایدیۆلۆجی و کوێی ئایدیۆلۆجی دەکات ، واتە خوساغکردنەوەی لەو بوارەدا ، خۆ ونکردنیەتی وەك ڕۆشنبیرێك .زۆرجار دەبینین ڕۆشنبیر تەنیا ڕۆشنبیرە و ناتوانێت هیچ بڵێت (ناتوانێت دەستنیشانی خۆی و جێگە و کاتی بکات) جا ئەمە سەرەتای چاوتروکاندنی ئەو شێوەیە بێت ، ئیتر چۆن گەورە بێت و چۆن پێ‌بگرێ و چۆن بەرهەم بگرێ ؟ بە کورتیەکەی ، ڕۆشنبیر دەیەوێت ئەو لیك و قوڕ و چلپاوە لاستیکیە لەخۆی بکاتەوە و ئەو دەسترازانە بیچرێت و لەدایك بێت . ئەگەر ئەمە پرۆسێسێکی مەحاڵ نەبێت ، ئەوا نیمچە مەحاڵە *.

## ڕۆشنبیر و زمانی کوردی

ئەوەی لەو بارودۆخەدا بتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە یا لەژێر چنگی هەندێکیان دەرچێت ، ئەوا نەبوونی سەرچاوە بەزمانی کوردی یەخەی پێ‌دەگرێتەوە و بەناچاری پەنا دەباتە بەر زمانێکی بێگانە و زۆرجاریش ئەمە هەندێکی تر لەبێزنگ دەدات . ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی گەورەیە ، زمانی خوێندنەوە لەلایەك و زمانی بیرکردنەوە و نووسین لەلایەکی ترەوە . ئەمە کاریگەریەکی نێگەتیڤانەی هەیە لەسەر بیرکردنەوە و نووسین . هەمیشە خوێنەر هەست بە غوربەت دەکات لەخوێندنەوەدا ، هەست بە ونبوون دەکات لە زمانێکدا کە هی میللەتێکی ترە (زمانی میللەتی سەردەستە) کە بنەمایەکی ڕەگداکوتراوی هەیە ، کەخاوەنی ڕۆشنبیریە ، خاوەنی مێژووی ئەو ڕۆشنبیریەیە کە جارێکی تر هەڵناکەنرێ و داچەسپاویەك هەیە لە زمانەکانیاندا و پەلی بۆ هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و زانست و فەلسەفە هاویشتوە . هەست بە غوربەت و ونبوونەکە لەوەدایە کە هیچ لەوانە لەزمانی کوردی و لە ڕۆشنبیریی کوردیدا نیە . نەك هەر زمان و ڕۆشنبیریەکەی بواری سەرهەڵدانی نەدراوە ، بەڵکو هەڕەشە لەبوونی جەسەدیی خۆشی کراوە. نەك هەر ڕۆشنبیریەکەی خاوەنی بنەمایەکی دارێژراوی نیە، بەڵکو بوونی خۆشی ترسی هەڵکەندنی هەیە .

ڕۆشنبیری کورد لە نێوان بوونی خۆی و بوونی زمان و ڕۆشنبیریەکەیدا ، بەرێژەی زۆر و کەم ون‌دەبێت و سەرهەڵدەداتەوە و بارێکی دەروونی هەڵبەز و دابەز و دڵەڕاوکێیی بۆ دەخولقێنێ . لەکاتی خوێندنەویدا بە زمانێکی بێگانە ، خۆی لا پووچ و سووك (هزیل) دەبێت، زیاتر ترسی فەوتاندنی دەخاتە دڵ . غوربەتەکە لەوەدایە کە خوێندنەوە بەزمانی بێگانە سەرچاوەی یەکەمە نەك دووەم ، لە حاڵەتێکدا بیرکردنەوە و نووسین بەزمانی یەکەمە (زگماك) نەك دووەم . ئەم ناکۆکیە هەمیشە بۆشاییەك یا ڕێگرێك قووت دەکاتەوە کە ئەو هاتن‌بە دەستەوەیە نەدات بەدەستەوە کە ڕۆشنبیری میللەتانی تر لەبەردەستیاندایە .

بەگشتی مرۆڤ هەتا بەزمانی خۆی سەرچاوە هەبێت ، پەنا ناباتە بەر زمانێکی تر، ئەگەر باشیشی بزانێت . خوێندنەوە بەزمانی زگماکی هەستی چەسپێنەری دەروونی و هێمنی دەبەخشێ و بەردەوامی بیرکردنەوە و نووسینە ، بەڵام لە حاڵەتەکەی ئێمەدا هەمیشە تووشی دابڕان / داپچڕان دەبین ، کە ئەمە حاڵەتێکی ڕۆژانەی ڕۆشنبیری کوردە . ئەو زمانانەی کە ڕۆشنبیری کوردیش پشتی پێ بەستوە ، خۆیان بە پلەیەکی سەرەکی پشتیان بەوەرگێڕان بەستوە ، کە لەژێر جۆرەها سانسۆر دەردەچێت و بۆ خوێنەرانی ئەو زمانەش هەڵبژێردراوە. واتە کورد لەپەنای پەراوێزدا پەراوێزە . ئەگەر واز لەسانسۆریش بێنین، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی خوێنەر و نووسەری ئەو میللەتانە ئاست و ڕێباز و شێوازێکی تایبەتیان هەیە لەبیرکردنەوە و هەڵسوکەوتدا و بارودۆخی ڕۆشنبیریەکەیان بەستراوەتەوە بە کەلتوور ، مێژوو ، زمان . . .هتدی خۆیانەوە. واتە ئەگەر ڕۆشنبیری کورد بتوانێت سوود لەبەرهەمی ڕۆشنبیریی

* زۆر پێویست بوو لێرەدا باسی پێکهاتنی پێداویستی‌سەربژاردە (نخبة) بکەین و بیبەستینەوە بە پێکهاتنی سەربژاردەوە لە جیهانی ڕۆژئاوادا ، بەڵام سەرجەمی بابەتەکە ڕێگە لەوە دەگرێت.

ئەو زمانانەش وەرگرێ، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی دەبێت بەلاسایکەرەوەیەکی ڕۆشنبیریی ئەو میللەتانە بەزمانیکوردی. واتە کۆپیەکی شێواوی ئەوان.

میللەتی کورد نەك هەر خوێنەر و نووسەرەکەی گەلالە نەبوە و شێوازی خۆی وەرنەگرتوە، بەڵکو لە هەڵبژاردنی بابەت و سەرچاوەشدا لە پەراوێزی ڕۆشنبیریی میللەتەکانی سەردەستدایە. هەموو هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەیسەرچاوەو پەیداکردنی بابەتی پێویست دەکەوێتە سەرشانی خۆی و ئەرکێکی تاکەکەسی نالەبار و قورسە کە کەم دەتوانێت لەگەڵ مۆدێلی بیر و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەدا بڕوات کە زمانە بێگانەکان هەوڵ ئەدەن لەگەڵیدا بڕۆن، واتە دامەزراوێك نیە کە داواکاری خوێنەر و نووسەری کورد لەبەرچاوبگرێت و ئەوەی لەقۆناغێکی دیاریکراودا پێویستی پێیەتی پێی بگەیەنێت چ لەڕێگەی نووسینەوە یا لەڕێگەی وەرگێڕانەوە یا هەوڵ بدات بیلکێنێت بە ڕۆشنبیری چواردەور و جیهانەوە یا داواکاری هاوچەرخی بۆ پەیدابکات.

هەڵبەتە کەلتووری ڕۆشنبیری موڵکی هەموو مرۆڤایەتیە پێکەوە، بەلام لەبەر تایبەتمەندێتی زمان بەبیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەوە و بەکرداری نووسین و چالاکی ڕۆشنبیرییەوە، ئەوا پێویستە مرۆڤ هەتا بواری لەبەردەستدا بێت و بۆی بلوێت بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە. جا لەبەر ئەوەی لەلایەکی تریشەوە ڕۆشنبیریی موڵکی هەموو کەسێکە و هی تاقمێك یا میللەتێك نیە، ئەوا هەموو کەس مافی بەشداربوونی تیادا هەیە. بۆیە ئەو میللەتانەی کە زۆر دەمێکە هەستیان بەو پێویستیەکردوە، ئەوا گرنگیەکی گەورەیان داوە بە وەرگێڕان. ئەوەی لەگەڵیاندا دەگونجێ و سوودی لێ دەبینن و چێژی لێوەردەگرن و لەئاستی ڕۆشنبیری خۆیاندایە و کەڵێنێك دەگرێ، ئەوا وەردەگێڕێتە سەر زمانەکەیان. وەرگێڕانی دەقێك دەبێت بەموڵکی ئەو زمانەی کە وەرگێڕراوەتە سەری و زیادکردن و تەواوکەری ڕۆشنبیرییەکەیانە، ئیتر هەر کەسێك نووسیبێتی و بە هەر زمانێك نووسرابێت.

• • • •

ڕۆشنبیری کورد شاگەشکەدەبێت، کاتێك پەڕاوێك بە کوردی دەردەچێت. هەموو پەڕاوێك بە زمانەکەی خۆی، هەنگاوێك لە فەوتاندن دووریدەخاتەوە و کردارەکە گرانتردەکات و هەستی زیاتر جێگیربوونی بۆ دەڕەخسێنێ. ئەوە نیشانەی ناتەواویبوونی خودی خۆیەتی. کورد لەوەتەی هەیە هیچی نەبوە زمانەکەی بپارێزێ، هیچ دەزگایەکی ڕەسمی نەبوە بناغەی زمانەکەی دابڕێژێ وجێگیری بکات. لێرەدا پەیوەندی نێوان دەسەلاتدارێتی و زمان ناکەین یاخود لایەنە ئاراستەکراوەکەی زمان لەلایەن دەسەلاتدارێتیەوە، وەك هەڵگری بۆچوون و بیروڕایەکی دیاریکراو و بەکارهێنانی لەپێناوی خزمەتکردن و مانەوەی ئەو دەسەلاتداریەتەدا، بەڵکو مەبەستمان لەو لایەنەیە کە لەژێر سایەی دەسەلاتدارێتیدا زمان چەسپاوتر جێگیر دەبێت، هەرچەندە بەکاربردنەکەشی دەکەوێتە هەمان بوارەوە.

لێرەدا ئەوەندە دەڵێین، ئەگەر بۆ هەندێك میللەت کتێبە ئاینیەکان سەرچاوە و پارێزەری زمانەکانیان بوە، ئەوا ئەمڕۆ دەسەلاتدارێتی بەشێوازێکی تر ئەو دەورەش دەبینێ. ئەگەر کتێبە ئاینیەکان زمانیان بەمردوێتی هەڵگرتبوو، ئەوا ئەمڕۆ دەوڵەت / دەسەلاتدارێتی بەزیندوێتی دەیهێڵێتەوە و گەشەی پێ دەدات.

لێرەدا نموونەیەك دەهێنینەوە کە نزیکە لەو باسەوە و کورد تیایدا نیمچە دەسەلاتداریەکی هەبوو (کوردستانی عیراق). لەدوای ئەوەی زمانی خوێندن کرا بە کوردیو بوار بۆ پێشخستنی کرایەوە و دوایش نیمچە چەسپاویەکی باری سیاسی و ڕۆشنبیری ساڵەکانی (١٩٧٤-٧٠)ی بەدوادا هات. وردەوردە ڕۆشنبیری کورد شانی دایە بەر زمانی کوردی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ڕۆشنبیریەکانی لە پاڵ زمانی بێگانەدا و هەوڵی پێشخستنی دەدرا. هەتا لەماوەیەکدا بەڕادەیەکی زۆر، تەنانەت دوای ئەو ماوەیەش، زمانی کوردی دەیتوانی بابەتە سەرەکیەکان بخاتەڕوو و جێگەی خۆی بکاتەوە لەنێوان نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێنەرانیدا. واتە زمان لەو ماوەیەدا لەئاستێکدا بوو کە شایانی ڕۆشنبیریی کوردی ئەو سەردەمە بوو (زۆر تا کەم)، بەلام لەدوای ئەو ماوەیە زمانی کوردی نەیتوانی پڕاوپڕ جێگە بەزمانە بێگانەکە لەق بکات و جێگەی بگرێتەوە، نەیتوانی خوێنەر و ڕۆشنبیرەکانی گۆش بکات و زمانێکی پاراوی نووسین و گفت و گۆکردن بهێنێتە ئاراوە و شان بەشانی داواکاریەکانی ڕۆشنبیری کورد بڕوات، زیاتر دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیری کورد لەدوای هەشتاکانەوە ناچار بۆتەوە کە کەرەتێکی تر باوەش بکاتەوە بەزمانی عەرەبیدا (بەپلەی یەکەم) بۆ پڕکردنەوە و دابینکردنی پێداویستیەکانی*.

* هەڵبەتە لەوەوپێشیش هەر سەرچاوەی یەکەم بوە، بەلام مەبەست ڕووژمی ئەو زمانەیە بۆ ناو زمانی کوردی.

واتە گەشەی زمان و نووسراوی کوردی کەوتە دوای گەشەی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریەوە . وەك وتمان کە ڕۆشنبیر نەتوانێت ئەوەی دەیەوێ بەزمانی خۆی دەستی‌کەوێت و نەتوانێت بەزمانی خۆی دەری‌ببڕێ ، ئەوا بەناچاری پەلاماری نزیکترین زمان دەدات کە دەسەلاتی بەسەردا دەشکێ ، لەو بارودۆخەشدا زمانی عەرەبی بوو. جا جارێکی تر کە ڕۆشنبیر دەکەوێتە گفتوگۆ، ئەوا بەناچاری ئەو وشانە دووبارەدەکاتەوە کە زیاتر لەبیرکردنەوە و خوێندنەوەیەوە نزیکە و واتاکەی لەلا ڕوونە و لەبەکارهێنانیدا پڕاوپڕتر و بێواوتراوترە کە ڕەنگبێ بەرامبەرەکەی لەزمانی کوردیدا هەر ساغ نەکرابێتەوە و زاراوەی بۆ دانەڕێژرابێ ، ئەوا ڕۆشنبیر لەو حاڵەتانەدا بەبێ خۆماندووکردن دەکەوێتە سەر زاری و دەبێتە بەشێکی زمانی ڕۆژانە . وەك وتمان بۆشاییەك‌هەیە پڕنەکراوەتەوە و بەدیلەش ئامادەیە. ئەوە ئەنجامی گەشەنەکردنی زمانی کوردیە لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیریەکەیداو لێك ترازانیەتی لێ‌ی.

ئێمە لاریمان لەوە نیە کە لەو ماوە کورتەدا، تا ڕادەیەکی زۆر ، بنەمای لایەنی کەمی نووسین‌و خوێندنەوە بەزمانی کوردی داڕێژراوە و هەتا ئێستاش بەستی گەشەکردنی پێوەدیارە ، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە شان بە شانی ڕۆشنبیریی و داواکاریەکانی ڕۆشنبیر بڕوات. لێرەدا دەتوانین پەنجە بۆ ئەو ناوەندە ترسناکە ڕابکێشین کە بەشێك کوردی تێ‌کەوتوە. ئەو بەشەی کە لەزمانی یەکەمی بێگانە پچڕاوە و زمانی کوردی بوە بە زمانی کوردی و زمانی کوردیش هەموو داواکاریەکانی بۆ پڕناکاتەوە و لەو نێوانەدا هەڵواسراوە .

• • • •

دەتوانین بڵێین زمانی کوردی نەك هەر بەنیسبەت زمانەکانی چواردەور و جیهانەوە زمانێکی مردوە، بەڵکو بەنیسبەت میللەتی کورد خۆشیەوە. ئەو هەستە شاراوەیە ڕۆڵێکی ڕوخێنەری هەیە لەبیری هەڵگریدا و هەست بە لەقی و ناچەسپاوی خۆی و زمانەکەی دەکات . لێرەدا دەتوانین پەیوەستی زمان و بوون لەیەك‌بدەین و پلەی کارلێکردنیان لەیەکتری دیاری‌بکەین ، کە تا چەند ئاستی زمانی میللەتێك پێشکەوتوبێت ئەوەندەش هەستی جێگیربوونی خودی ئەو میللەتە لەنائاگایی و ئاگایدا بەهێزە و هەروەها بەپێچەوانەشەوە .

زیندوێتی و مردوێتی هەر زمانێك، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەوارەی کە میللەتەکە خۆی پێی دەدات ، کە ئایا زیندوە یا مردوە. ئەوەش کەوتۆتە سەر شانی چالاکی ڕۆشنبیرەکانی کە بە چ ڕۆحیکەوە مامەڵە لەگەڵ زمانەکەیاندا دەکەن. لەحاڵەتی زمانی کوردیدا ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ڕۆشنبیرەکانیەوە، لەبەر ئەوەی، هەر وەك ئاماژەی بۆکرا، دام و دەزگایەکی ڕەسمی کوردی نیە ئەو ئەرکە بخاتە سەرشانی خۆی و گەشەی پێ‌بدات و ئەرکی وەرگێڕان و زاراوەسازی و هەموو لایەنە زمانەوانێکان بخاتە سەرشانی خۆی .

زیندوێتی میللەت زیندوێتی زمانەکەیەتی لەپێش هەموو کەسێکەوە بەنیسبەت خودی خۆیانەوە ، ئەوسا بەنیسبەت زمانەکانی چواردەوریەوە.

## ڕۆشنبیری کورد و دەرەوەی وڵات

ڕوشنبیری کورد لەدەرەوەی وڵات زۆربەی تەنگە و چەڵەمەکانی ناوەوەی خۆی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ‌و بگرە زیاتر یا بە تەواوەتی هەست بە ناتەواوی‌و شێواویەکەی دەکات . ڕوشنبیر لەدەرەوەی وڵات هەست بەخۆی دەکات کە هیچی وای پێ نیە ، ئینجا لەئەنجامی‌سەرکوتکردن و تۆقاندن دەگات کە چۆن ترنجانویەتیە ناو چەندین قالبەوە و لە زۆر شێوازیدا زۆر دوورە لە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریەوە . بەشێکی زۆری ئەو ڕۆشنبیرانەی هەستیان کردوە ئەدیب یان شاعیرن و لەناوەوە بواری نووسینیان نەبووە، ئەوا پاش ماوەیەکی کورتی ئەوروپا هیچیان پێ نەماوە و ئەوەی لەجێگای خۆیدا هەستی پێ‌کردوە نایەت بیهەژێنێ و لەسەرچاوەی وروژاندن دابڕاوەو لە مەنفادا دە ئەوەندە دەست و پێی بەستراوەتەوە. نە واقیع هەیە لێ‌ی هەڵهێنجێ و نە واقیع هەیە بۆی بنووسێ .

کەمی سەرچاوە و کێشەی زمان کەرتێکی تر بەلام گرانتر بەخەی پێ‌دەگرێ و هەتا ئێستاش زۆربەی ڕۆشنبیرەکان پشت بە یەکێك یا زیاتر لە زمانەبێگانەکانی جاران دەبەستێت کە زۆر کەمتر لەوڵاتانی ئەوروپادا دەست دەکەوێت و دیسانەوە بەدووگەڕان‌و پەیداکردنی ئەرکێکی زۆری دەوێت ( کەم ڕۆشنبیر هەیە کتێبخانەیەکی بەجێ‌نەهێشتبێ و دیسانەوە یەکێکی تری لەدەرەوە پێك نەهێنابێتەوە ) . کەم ڕۆشنبیری کورد هەیە توانیبێتی بەزمانی ئەو وڵاتە بخوێنێتەوە یا سوودی لێ وەربگرێ کە تیایدا دەژی . ئەمە جگە لەدابڕانێکی زەمەنی لەنێوان جێهێشتنی وڵات و گەشتنە ئەوروپا .

یەکێکی تر لەکێشەکان بەدەست نەگەیشتنی ئەو کەمە کتێب و سەرچاوە کوردیانەیە کە تەنیا یا بەشێوەیەکی گشتی لەناوەوەی وڵاتدا دەست دەکەون و دابڕان لەهەموو بڵاوکراوە و چاپەمەنیە کوردیە نوێیەکان کە بەدەگمەن دەگەنە دەرەوە . ئەمە جگە لە غوربەت و پەرەوازەبوونی ڕۆشنبیرەکان و ئەو بارە ئاڵۆزەی کوردستان و بارودۆخی سیاسی کە خەمی گەورە و ڕووداوێکی ڕۆژانەیە کەڕۆشنبیر خۆی تیادەبینێتەوە . ئەمانە یەك بەدوای یەکتریدا گەماروی ڕۆشنبیر دەدەن و زیاتر کپی دەکەنەوەو دەیئاخنتە بازنەیەکی بچووکەوە کە کەم دەتوانێ لەبەردەوامیی مێژووی دوێنێی بازبدات ، نەك بەو مەبەستەی پشتی تێبکات ، بەڵکو بتوانێت لەدەرەوەی ئەو بازنەیەوە بڕوانێتە کێشەکان .

دیسانەوە دەڵێین ئەمانە هەمووی پێداویستی نووسین و لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی کوردی زیاتر دەچەسپێنن . سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی باسمانکرد ، هێشتا گەلێك بوار هەیە لەدەرەوەی وڵات کە بەکاربهێنرێت ، ئەگەر هەوڵی بچووکیش بێت .

هەواڵنامەی کتێب

## چالاکی ڕۆشنبیری لەدەرەوەی وڵات

ئێستا لە ئەوروپا کۆمەڵێك گۆڤار و جارجار ناسیلکە و بڵاوکراوەی کوردی دەردەچێت کە ئەو پێداویستیانە خولقاندویانە، بەڵام نەك هەر لەژێر ڕکێفی سانسۆری دەوڵەتانی سەردەست دەرچوون ، بەڵکو لەژێر ڕکێفی سانسۆری ڕەخنە و هەڵسەنگاندنیش دەرچوون . بەکورتی ئەو بارە ئاڵۆزکاوە دەگەڕێتەوە بۆ :

- زەمینەکە ئەوروپایە و کوردستان نیە. واتە نە جمهور هەیە نە بارودۆخی مێژوویی و بابەتی ( کات و شوێن ) کە تیا لەدایك بێت و لەوسەریشەوە ڕەنگدانەوە و کارانەوەی ببیسترێ .
- ئەو کێش و قورساییە زۆرەی سەر دەروونی ڕۆشنبیر و ئاڵۆزی و نەکراوەیی گرفتەکانی . لەبەر ئەوە هەرچۆنێك فریابکەوێت و بواری دەربڕینی هەبێت ئەوا هەڵی دەڕژێ .

بەو پێیە هەرچی پرنسیپی بڵاوکردنەوە و نووسین هەیە هەڵوەشاوەتەوە و زۆرکەس ئەو پرنسیپانەی لەگەڵ سانسۆردا تێکەڵکردوە و وادەزانێ لە ئەوروپا کەسانسۆر نەما ، ئەوا هەموو شتێك شایانی بڵاوکردنەوەیە. هەڵبەتە بڵاوکراوەکان زیاتر گۆڤارن وەك لەوەی نووسینی سەربەخۆ بن . لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی لە فەلەکی سیاسەتدا دەخولێنەوە کە مەودایەکی تەسکە و هەموو شتێکی تیا جێ نابێتەوە . هەرچەندە ڕێگە لەوە ناگیرێ، چونکە ئەوە دیاردەیە ئەنجامی داسەپاندنێکی (کبت) دووروودرێژە لە دەروونی مرۆڤی کورددا و بواری ئازادی دەربڕینی نەبوە ، بەڵام با ئەوەش لەبەرچاوبگیردرێ کە پێویستی ڕۆشنبیریش پێویستیەکی بنەڕەتیە و دەبێت بەجیدی ئاوڕی لێبدرێتەوە کە لە ئەوروپا زۆر زیاتر لەسیاسەت بواری لەبارتر و شیاوترە . کە دەڵێین سیاسەت ، واتە بەمانا تەسکەکەی، ئەگینا پێویستی هەموو لێکۆڵینەوەیەك لەئارادایە کە ئەنجام بدرێ، چ بگەڕێتەوە بۆ سیاسەت یان لایەنەکانی تر و هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی دڵخۆشکەرانە لەو بوارانەدا نەنراوە .

بەشێوەیەکی گشتی ، ئەگەر گۆڤار ( بەهەر زمانێك بێت ) ئاستێکی ڕۆشنبیری هەبێت ، ئەوا زیاتر تایبەتمەندە بەلایەنێکەوە ، بوارێکەوە یا دوو بابەتی نزیك بەیەك ( ئەوەش دەزانین کە گۆڤار جێگای هەموو شتێکی تیا نابێتەوە) . جا ئەو دیاردەیە هەتا ئەمڕۆ لە گۆڤاری کوردیدا نیە *. ( بەشێوەیەکی گشتی ژمارە زۆریی گۆڤار بەسەر کتێب و بڵاوکراوەی تردا زاڵە) . بەشی زۆری گۆڤارەکانی دەرەوەی وڵات " گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی" یا " گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی گشتی"ن . جا ئەم دیاردەیە سەرەڕای ئەوەی دەلالەت لە کەمی نووسەر و کەم توانایان دەکات و دەلالەت لەساغ نەبوونەوەی بنەمای ڕۆشنبیری کوردی دەکات ، هەمان شێوازی گۆڤارەکانی ناوەوەی وڵاتیشی وەرگرتوە و هیچ حیسابێك بۆ ئەوە نەکراوە کە لەناوەوەی وڵاتدا بەپێویستی ئەو شێوازەی وەرگرتوە و هەر ئەوەندە بواری پێدراوە. سەرەڕای نەبوونی نووسەر و وەرگێڕ دەری پێویست کە خۆی هۆیەکی ئەو حاڵەتەیە لە هەردوولا .

زۆرجار دیاردەی ژمارە زۆری گۆڤار بەسەر شێوەکانی بڵاوکراوەدا بەهانەی ئەوەی بۆ دەهێنرێتەوە کە کوردان لە ئەوروپادا لەیەکەوە دوورن و هەر وڵاتەی پێویستی بە یەك دوو گۆڤار هەیە . هەرچەندە هەموو دەزانین گەیاندن و هاتوچۆ و پەیوەستی زۆر ئاسانە و ئەو بەهانە گەورەیە نیە . کێشەکە لەوەدایە کە زۆر نزیکن لە ئاستی یەکتریەوە، چ وەك ناو و چ وەك ناوەڕۆك ،

* تەنیا گۆڤارێك کەلەدەرەوەی وڵات بەرچاوم کەوتبێت و تایبەت بێت بەلایەنێکی دیاریکراو " سۆشیالیزم یان بەربەری" یە کە چەند ژمارەیەکی لێدەرچوە و دەمێکە وەستاوە .

( هەرچەندە زۆربەی بابەتەکان بابەتی ڕۆژنامەن و لەبەر نەبوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی بەزۆر خزێنراوەتە گۆڤارەکانەوە ).

. . . .

لەپێش هەموو شتێکەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە لە حاڵەتێکی ئاساییدا دەرچوونی گۆڤارێکی نوێ پێداویستی بۆشاییەك دەیخولقێنێ و دەبێت زۆر و کەم پڕبکرێتەوە . بەو واتایەی کە یا کۆمەڵێك خوێنەر هەیە بابەتەکانی خۆیان نادۆزنەوە ، یا کۆمەڵێك نووسەر هەیە هەست بە پێداویستی بۆشاییەك دەکەن لە بابەتێك یا بوارێکی تایبەتیدا و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو دەمە پڕی ناکەنەوە ، جا ئەو بوارە سیاسی بێت ، کەلتووری بێت، ڕۆشنبیری بێت .... وەرزشی بێت یا بۆ ئافرەتان بێت.... ! لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەوەمان دەستگیردەبێت کەپێویستیەك هەیە و دەبێت پڕبکرێتەوە . واتە پرۆژەی دەرکردنی گۆڤارێکی نوێ پێویستی بۆشاییەك دەیخولقێنێ کە دوور و نزیك ( وەك کات ) بەدەرکردنی گۆڤارێك پڕدەبێتەوە، جا شیاوی ئەو بۆشاییەبێت یا نە، ئەوە باسێکی ترە . لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە هاتنەکایەی گۆڤارێك بۆ مەیدانی واقیع سیفەتێکی تەواوکەری هەیە شان بەشانی گۆڤارەکانی تری چواردەوری ، تەنانەت ئەگەر دژ بەیەکێ لەو گۆڤارانەی‌چواردەوریشی‌بێت، ئەوا هەر ئەو پێویستیەیە و کۆمەڵێ نووسەر هەستیان پێ‌کردوە کەدەبێت بەرپەرچی بدرێتەوە یا ڕەخنەی لێ‌بگیردرێ و لەسەری هەڵبدرێتێ .

ئینجا دێینە سەر گۆڤارە کوردیەکانی دەرەوەی وڵات . سەرەڕای ئەوەی وتمان زۆربەی زۆریان دروشمی ( ڕۆشنبیریی گشتی یا ڕۆشنبیری و ئەدەبی ) یان هەڵگرتوە، کە ئەمانە بابەتی گشتین و زۆربەی نووسەر و ئەدیب دەتوانێت تیایاندا بنووسێت ، کەچی لەواقیعدا کە سەیریان‌دەکەین وا نیە و هەر یەکەی تۆڕێکی ئایدیۆلۆجی بەدەوری خۆیدا چنیوە و ڕاڕەوێکی تایبەتی پیارۆشتنی هەیە. ئەمە جارێ یەکەم ناکۆکی نێوان دروشم و ناوەڕۆك . دووەم پێویستی تەواوکاری نەیخولقاندون ، چونکە لەهیچ ڕووبەکەوە تەواوکاری یەکتری نین و لە تەنیشت یەکەوە ناڕۆن . دەتوانین بڵێین لەبەر نزیکی ئاستی بابەت و نووسینەکان دەتوانرێت بەئاسانی هەموویان لە یەك‌دوو گۆڤاردا کۆبکرێتەوە . واتە کە لەسەرەوە تەماشایان دەکەین ململانێی ذاتی نووسەرەکانە زیاتر لەوەی ململانێی‌بابەتی‌و ڕاڕەوی فیکری جیاوازبێت . زۆر ئاشکراشە زۆر نووسەر گوێی بەوە نەداوە و بەلایەوە جیاوازی نەبوە و لەزۆربەی گۆڤارەکاندا بابەتی بڵاوکردۆتەوە .

لێرەدا لەپێش ئەوەی بکەوینە هەڵەی جیاوازی‌بۆچوون و ئایدیۆلۆجی و جیاوازی فیکریەوە ، پێویستمان بەدراسەت کردنی خودی ڕۆشنبیری کورد هەیە بۆ دەرخستنی‌بنەمای پێك‌هاتنی ئەو شێوازە لەدەرکردنی گۆڤار و پێکەوە نووسانی دوو خاوەن قەڵەم پێکەوە . هەرچەندە ئەم باسەی ئێستا جێگەی ئەو بابەتەی تیا نابێتەوە، بەڵام وەك ئاماژەکردنێکی خێرا بۆ ئەو مەسەلەیە دەتوانین بڵێین نەبوونی بنەمای ڕۆشنبیری گشتی و بەرەڵایی و چۆڵی فەزای ڕۆشنبیریی کوردی و دواکەوتوویی گشتی...هتد ، ئەو بوارەی بە بۆشی بەجێهێشتوە کە ئەگەر هەر مرۆڤێك بتوانێت یەك تۆز لەئاستی ئەوانی تر بەرزبێتەوە یا دەستی قەڵەم بگرێت ، ئیتر خۆی لێ‌دەبێت بە لێپرسراوی کورد و ڕۆشنبیریی کوردی و جارێکی تر نایەوێت و ناتوانێت دابەزێتەوە خوارەوە ، ناتوانێ لەئاستی خەڵکانی"ئاسایی"! بژی و هەموو ئامانج و هەوڵدانێکی دەگۆڕدرێتە سەر ئەوەی هەوڵی پتەوکردن و جێگیربوونی پلەوپایەی خۆی بدات ، کە دەردەکەوێت ، ناوی هەبێت ، هەموو شتێك ئەو بێت ، هەتا بتوانێت " تەشەنە " بەناوی خۆی بدات . هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بێت کەناوی بەردەوامبێ‌و بتوانێت لەزۆربەی گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا بەشداری‌بکات و ناوی نەکوژێتەوە و لەهەموو جێگایەکدا ئامادەیی ( حضور ) هەبێت .

زۆرجار لەژێر/ تەنیشت دڵسۆزی گەورەدا تەماعی زۆر بچووك و ذاتی و تاکەکەسی خۆی مەڵاس داوە و لە هەڵسوکەوتە ڕۆژانەکاندا دەناسرێتەوە .

ڕۆشنبیری کورد نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستەی دڵنیابێ کە ڕۆشنبیرە و ئیتر ترسی بەرەو دواوەگەڕانەوەی نەماوە . بەهەموو توانای خۆی دەیەوێت قەوارەیەك پەیدابکات کە پێی بمێنێتەوە . هەمان ترس و دوودڵی و دڵەڕاوکێیە کە وای لێ‌دەکات دەست بەسەر ئەو پلە و پایەیەدا بگرێ و هەوڵ بدات لەڕووخان بی‌پارێزێ و دیوارێکی قایم بە چواردەوری خۆیدا دروست بکات . هەرچەندە لەبیری دەچێ ئەو شێوە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕۆشنبیریدا پێکهێنانی قوزاخەیە بۆ خاوەنەکەی و ئەو ناواخنە لاواز و بێ پێزە وردەوردە دادەخوری و تەنیا قاوغەکەی دەمێنێتەوە .

ئەمە هەمووی ناتەواوی بوونی خودی مرۆڤی کوردە کە پایەی مرۆڤی جێگیری تیا دانەبڕاوە و ڕۆشنبیر زۆرجار

دەیەوێ باز بەسەر هەموو ئەوانەدا بدات و لەبەرامبەری ئەوانەدا نەفیی‌نەفی بوونی بکات . ئەمە ڕەنگە لەو واقیعەوە هەڵدەهێنجێ کە ناتوانێت وەك بوونێکی سەربەخۆ خۆی بخاتەڕوو ، جا مرۆڤ هەر قاڵبێك / شتێکی دەست کەوێت کە بتوانێت ئەو نەبوونیەی پێ لەناوبەری ، ئەوا نکۆڵی لێ ناکات ، ئیتر ئەو ساغ بوونەوەیەی بوون بە لێپرسراوی حیزبی بێت یابوون بەشاعیر یا نووسەر یا ئەدیب بێت یا تەنانەت (لەسەردەمانێکدا) بوون بە سەرەك جاش بێت .

ئەگەر ئەوە واقیعی کوردەواری بێت و زۆربەی ڕۆشنبیرەکانمان بەو شێوەیە لەڕۆشنبیری بگەن ، ئەوا ئاسانە لەدەستبەسەراگرتنی گۆڤار و بەشخسی‌کردنی و ناکۆکی نێوانیشیان بگەین . لەو ڕوانگەیەوە دەگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان و دەڵێین گۆڤارەکانی دەرەوەی وڵات :

- دژی تەواوەتی یەکتری نین .
- بەحوکمی نزیکی باس و نووسینەکان لەیەکتریەوە تەواوکاری نین بەو واتایەی کە هەر دەبێت هەموویان هەبن .
- زۆربەی نووسەرەکان دووبارە دەبنەوە ، واتە کۆمەڵ کۆمەڵ نووسەری جیاواز نین کە هەر گۆڤارەی بە ئاقارێکی دیاری‌کراودا بەرن .
- لە زەمەندا چۆن‌یەکن و تەمەنی بڵاوکراوەی کوردی دەرەوەی وڵات ئەوەندە نیە کە کۆمەڵێکیان یەکیان کەوتبێت و هیچی پێ‌نەمابێت و کۆمەڵێکی تر لە جێگایان سەوز بووبێ .

کەواتە ئەم پەلەپەلە بۆ ئەوە نیە کە کەلێنی ڕۆشنبیریی کوردی گەورەیە و دەبێ خێرا پڕبکرێتەوە ، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەیە خێرا ببین بە شاعیر و نووسەر و خاوەن گۆڤار . من تەنیا یەك لۆجیکی تیادەبینم ، ئەویش ئەو پێویستەیە کە هەر دەبێت ڕۆشنبیریی کوردی بەو دەورانەدا بڕوات بۆ ئەوەی جارێکی تر یەخەی پێ‌نەگرێتەوە . واتە دەتوانین پێی لێ‌بنێین کە پێداویستیە ، بەڵام با ئێستا ئەو پرسیارەش بکەین و بڵێین : ئایا ئەو قۆناغە بەس نیە؟ یا هەر دەبێت لەسەری بازنەکەوە بخولێینەوە بۆ ئەو سەری و هەروەها بەپێچەوانەشەوە بەبێ ئەوەی هەوڵی چوونە دەرەوەی بدەین ؟

بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی سەرپشك بێت ، دەیخەمە بەردەمی ئەزموونێکی ڕۆژنامەگەری کە لەسوێد ڕوویدا و نموونەیەکی زیندوە بۆ فەشەل‌هێنانی کۆبوونەوەی‌ڕۆشنبیران !

لەدەوری گۆڤارێك کە بتوانێت ئاقارێکی ڕوشنبیرانەی هەبێ و لە دووبارەکردنەوەی ئەو خوونەریتە باوەی ڕۆژنامەگەری لەدەرەوەی وڵات بەخۆیەوە گرتوە بێتە دەری و لەقاڵبی بەشەخسی‌بوونی گۆڤار رزگاری بێت ، ئەویش سەرەتا دروست بوونی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو لەسوێد کە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی بەجێ‌بوو وەك ئەوەی: یەکەم / قورساییەك دەدات بە چەمکی نووسەری کورد کە زۆر پێویستی پێ‌یەتی . دووەم/ گیانبەبەرکردنەوەیەکی نوێ و پاڵپێوەنەرێکی گەورە دەبەخشێ بەنووسین و بڵاوکردنەوەی کوردی و ئاستێکی ئارادەیەك بەرزی بۆ دیاری دەکات کە دیسان گەلێك پێویستە . سێیەم/ لەئاستێکی‌ڕۆشنبیریدا کۆمەڵێ نووسەر و ئەدیب کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لەسەر مەسەلە زیندوەکان و کێشە و تەنگ‌و چەڵەمەکانی نووسین‌و بڵاوکراوەی کوردی بدوێن . ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی خوێنەر لەپێداویستی بوونی ئەو یەکێتیە سەرنجێك وەرگرێت.

جا لەپاش ماوەیەکی کورت ئەنجامی یەکێتیەکەیان بو یە هەنگاوی دووەم و گۆڤاری " نووسەر" یان دەرکرد .لێرەدا گۆڤارەکە وەك ناوەڕۆك هەڵناسەنگێنین بەقەدەر ئەوەی بابەتیانە باسی پێکهاتنەکەی دەکەین ، یەکەم لەبەر پەیوەندی بەباسکردنی ئەزموونەکەوە ، دووەم لەبەر ئەوەی تەنیا یەك ژمارەی دەرچوو و دەشزانین کە هەمیشە ژمارە یەکی گۆڤار بۆ تاقیکردنەوەیە .

جا لە" وتەی ژمارە " کەدا هاتوە دەڵێت :

١- گۆڤارەکەمان بە ئامانجی خۆی دەزانێت پێشوازی‌لە هەر باس و بابەتێك بکات کە گەشەیەك بەکەلتوور و فیکری گەلەکەمان بدات ...

٢- ئێمە وەك بەرهەمی نووسەرانی‌ناسراو بڵاودەکەینەوە ، بایەخی تایبەتیش بە بەرهەمی بەپێزی قەڵەمە نوێکان دەدەین ...

٣- " نووسەر " درێژەپێدان و بوژاندنەوەی ڕێبازی دیموکراتیخوازانەی " نووسەری کورد "ە...

٤- " نوسەر " ئومێدەوارە ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە لەباربردنی نووسەری کورد خستیە ئەدەبی کوردییەوە و ببێتە زمانحاڵی هەموو نووسەرانی پەرەوازەبوی کورد لە هەندەران و بەڕاستی لەئاستی بزووتنەوەی ئەدەبی و کولتووری هاوچەرخی کوردیدا بێت ...

٥- " نووسەر " ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ،بەرهەمی گرنگی وەرگێڕدراو لەزمانی یەکەمەوە، چیرۆك ، هونراوە ،

بابەتی زمانەوانی ، شانۆنامەی کورت و بابەتی تری کولتووری بڵاودەکاتەوە . . . ".

ئەگەر ئەمانە تەنیا کۆمەڵێ ئامانجیش بن ، کۆمەڵی ئامانجی پیرۆزن . ئەگەر وەك داواکاری سەیری بکەین ، داواکارییەکان لەئاستی معقولدان . ئەگەر وەك گشتێتی سەیر بکەین ، هەموو بابەتێك دەگرێتەوە کە شیاوی بڵاوکردنەوە بێت . بەهەرحاڵ ئەوەی لەو چەند خاڵەی سەرەوەدا هاتوە " ئێمە خەلبەندیمان‌کردوە" هەموو ئەو داواکاری و پێویستیانەی تێدایە (هەرچەندە لەشێوازی‌باو دەرنەچوە) کە نووسەرێك یا ئەدیبێکی کورد وەك قۆناغی یەکەم بەرهەمی تیابڵاوبکاتەوە.

جا وەك وتمان ، دەرچوونی ژمارە یەك لەجێگای ژمارە "سفر" ە ، ئەمە وەك خوونەریتی گۆڤار بۆ بینینی پلەی ڕەزامەندی خەڵك لەسەری و دوابەدوا ژمارەکانی تر بەدوایدا پەرەدەستێنێ و ڕارەوی خۆی وەردەگرێ ، ئەگەر جێگەی بڕوا و خۆشحاڵی و پاڵپشی خوێنەران‌و نووسەرانی لەسەر بوو . هەتا ئێستا باشە ، بەڵام کارەساتەکە لەدوای دەرچوونی ژمارەی ناوبراوەوە دەست پێدەکات کە بەدوایدا هەر لە سوێد لەپاش سێ مانگ گۆڤارێکی تر کە زۆربەی نووسەرە سەرەکیەکانی نووسەرانی گۆڤاری " نووسەر " ن ، گۆڤاری " خەرمانە" دەردەکەن ، لەپێش ئەوەی چاوەڕێی ڕەنگدانەوەی گۆڤاری " نووسەر " بین کە ئایا ئەوەیە کە دەیانەوێت یا ئەوە نیە ؟ ئایا خەڵك بەدڵێتی یا نە؟ ئایا خێرا پێداویستی دەرکردنی گۆڤارێکی تر لەدایكبوو و دەبوایە خێرا فریابکەون و دەری بکەن ؟ ئایا زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لە ژمارە یەکی " خەرمانە"دا بڵاوبووە لە " نووسەر"دا جێگەی نەدەبووەوە ؟ ئایا خوێنەران و نووسەران لەپاش دەرکردنی ژمارە یەکی " نووسەر " خێرا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە فەشەلی‌هێناوە و ئیتر هیچی پێ‌نەماوە بیڵێ و دەبێ خێرا بەدیلێکی بۆ دروست بێ ، یاخود خێرا دەرکیان بەوە کرد کە ناتەواوە و دەبێت گۆڤارێکی تر شان‌بەشانی پڕی بکاتەوە ؟ ئایا بوونی نووسەرانی کورد و دەرکردنی گۆڤارێکی هاوبەش بەرپەرچدانەوە و شکاندنی سنووری گۆڤارە تاکە کەسیەکان نەبوو؟ ئایا فەشەل پێ‌کردنی گۆڤاری " نووسەر " لەبەرژەوندی هەموو خاوەن گۆڤارەکانی دوورەوڵاتی‌دا نەبوو؟.

لەو پرسیارانەوە تەنیا دەگەینە یەك دەرئەنجام، ئەویش لەیەك ئاڵانی ئایدیۆلۆجی و ڕۆشنبیریە و نەتوانینی خۆ دۆزینەوەی ڕۆشنبیرە لەو نێوانەدا . واتە لەپێش هەر هەڵسەنگاندنێکەوە ، پێویستە ئەو دووبابەتە لەیەکتری جیاکەینەوە بۆ لێ‌تێگەیشتنیان و بۆ ڕاڕەو دۆزینەوە و دەستنیشان‌کردنی شێوازی خۆ دەرخستنیان ، بۆ تێگەیشتن لەبڕی ئامانج و بۆچوون و ئاراستەکردنەکانیان . هەتا ئێستا لەسایەی ئایدیۆلۆجیادا ڕۆشنبیری هەراج دەکەین و لە سایەی ڕۆشنبیریدا بڕوپاگەندە بۆ ئایدیۆلۆجیا دەکەین .

لەکۆتاییدا دەڵێین : " ئایا تازەگەری ئەوە نیە کە بزانین چی پێویستە نەچینەوە سەری ؟"".

---

* " نووسەر " : ژمارە (١) ، سێپتەمبەری ١٩٩٠ .

* ڕۆلان بارت : درس السيميولوژيا ، ترجمة ع. بنعبدالعالي ، دار توبقال للنشر ، الطبعة الثانية ١٩٨٦ ، لاپەڕە ٦٦ .

بەختیار عەلی

# دیار / نادیار

١) سەرەتا ( گوناهەکانی تازەگەری ) :

تازەگەران هەمیشە ناوبانگیان خراپە ، هەمیشە " جیهانبینیان " لە یەکەم جاردا وەکو ورێنە ، وەکو جۆرێك لە لادان و خیانەت سەیر دەکرێت . کۆنەکان بۆ خۆپاراستن لە درەوشانەوەکانی تازەگەری ، بەبێمانا ، ئاڵۆز ، ناوەخت باسی دەکەن ، هەندێ جاریش بە خواستراو و بەدخواستی تێدەگەن .

ئەگەر لە ڕوانگەیەکەوە سەیربکەین ، دەشێت هەموو ئەو سیفەتانە دروست بێت . ئەگەر تازەگەری دەرچوون بێت لەو مانایانەی ئەدیب و ڕێبازە ئەدەبیەکانی پێش ئێستا بونیادیان ناوە ، ئەوا دەشێت لە هەڵسەنگاندنی ڕوکەشیدا بێمانایی بێت . هەموو دڵنیایین تازەکردنەوە ڕزگاربوونە لە مانای دێرینی دیاردەکان و تێگەیشتنی پێشووی دەرکەوتەکان ، دەربازبوونە لەو سیستمانەی چەندەها ساڵە بە ئایدیۆلۆژیا ، بە بەرهەمهێنانی سەروسیمای ئەکادیمیستە بەڕێزەکان ، بەدروستکردنی عەشیرەت و ڤاتیکانی ئەدەبی ، بە بەرزکردنەوەی پایەی پەتریارکی حاخام و میهراجەکانی ئەدەب ، پەرژینی بونیادی خۆی قایم دەکات . بێگومان مانایەك لەناو هەموو ئەو مانایانەدا نەبێت کە لە بەیازی دەفتەری ئایدیۆلۆژیای ئەواندا هەیە ، مانای نیە... سەلەفیەت چی‌یە ؟ جگە لەوەی جۆرێکە لە دیکتاتۆریەتی مانا ، وە هەر مانایەك لەرکێفی لێکدانەوە و خوێندنەوەکانی ئەو بونیادە دەرچێت ، دەبێتە جۆرێك لە بێمانایی . لێرەوە شکاندنی مانا و هەیبەتی مانا ، لەراستیدا شکاندنی هەیبەتی ڤۆناغێکە بەهەموو شاهەنشا ئەدەبیەکانیەوە ، بەڵام بێگومان ئەو شکاندنە لەقازانجی مانادایە ، چونکە کرانەوەی دەرگایە بۆ مانا . واتە ڕزگاربوون لە مانا ، ڕزگارکردنی مانایە .

جگە لە گوناهی بێمانایی ، گوناهی ئاڵۆزیش گوناهێکی ڕاستەقینەیە . هەموو تازەگەرەکان ئاڵۆزن . تازەگەری سەرەتای جیهانبینیەکی نوێیە ، لادانە لەمانا ، بەڵام لە هەمان کاتدا تەقاندنەوەی بەردەوامی مانایە . تەنیا یەك بەلاوەنانی یەکجار نیە ، بەڵکو زنجیرەیەك بەلاوەنانی بەردەوامە . تازەگەر لە خیانەتێکی بەردەوامدایە لە ماناکانی پێشووی خۆی بۆ مانای نوێ . یاخود ڕاستتر وایە بڵێین ڕیشەی ئاڵۆزی تازەگەری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەقامگیرنەبوونە ئەبەدیەی تازەگەری لەدونیای مانادا .

دروشمی تازەگەر ئەوەیە ، نە ماناکانی کۆن ، نە ماناکانی ئێستا ، نە ماناکانی داهاتوو ، بەڵکو گەڕانی هەتاهەتایی بۆ مانای دیکە ، زمانی دیکە ، پەیوەندی دیکە بەرەو وێنەی نوێ ، عەقڵانیەتی نوێ ، خەیاڵی‌نوێ ، ئەفسانەی نوێ . . نوێ بەمانای نوقمبوونی نووسەر لە ئەزموونی داهێنەرانەی گەڕان و پشکنینی خۆیدا . وە گواستنەوەی ئەو هەست و نیگا تازانە کە ئەو چرکەیە دەیبەخشێت ، بەبێ گۆڕینی ئەو ئەزموونە بۆ ئەزموونێکی موتڵەق . واتە گرتنی ڕاستییەکی ساتەوەخت لە ڕێگای

ئەزموونێکی تایبەتییەوە ( کە هەرگیز دووبارەنابێتەوە ) وە بەردانی .

لە ستراتیژیەتی تازەگەریدا ڕاستی موتڵەق بوونی نیە . بۆیە هەر ئەزموونێك کە ڕاستییەك ، لەزەتێك ، مانایەك دەبەخشێت ، دواجار دەبێت دەستبەرداری ببین بۆ ڕاستی و لەزەت و مانای دی . پەرستنی ڕێژەداری ( نسبیة ) مانا ، پەرستنی ڕێژەداریی زمان ، پەرستنی ڕێژەداری حەقیقەت ئەوەیە وا لە تازەگەری دەکات بە وڕێنەکارێك بچێت کە لە زمان و مانا و حەقیقەتدا وڕێنەدەکات . بەڵام لکاندنی سیفەتی وڕێنە بەو پڕۆسیسەوە تەمەن کورتە ، چونکە ئەو جۆرە وڕێنەکردنە ڕەوایە ، ( ڕۆلان بارت ) دەڵێت : " ئەدەب لە لوتریامۆنەوە مافی وڕێنەکردنی بەدەستهێناوە " ، وە وڕێنەکانی تازەگەریش بێگومان وڕێنەی نەخۆشێك نیە لەسەر پێخەفێکی ئەکلینیکی ڕاکشابێت ، بۆیە پاش ماوەیەك بەتەواوی لەوە دەردەچێت ناوی وڕێنەی لێ بنرێت ، چونکە وەکو (بارت) دەڵێت : " دەشێت وڕێنەکانی ئەمڕۆ ، حەقیقەتەکانی سبەینێ بێت " .

شایانی باسە ، بەدەستهێنانی ئەو مافە هێندە ئاسان نیە ، تازەگەری لە ستراتیژی پڕوپاگەندەی سەلەفیەتدا " وڕێنە " یە ، لەبەرگری ئەکادیمیستە جبەتۆزاویەکاندا لەخۆیان وڕێنەیە .. بەڵام بەوەدا کە تازەگەری لە جەوهەریا حاڵەتێکی گرنگتر و بایەخدارترە ، بۆیە زۆرجار بەربەست لەپێش دەمیا دادەنرێت و ڕێگا نادرێت بچێتە ئەودیو شورای کەلاوە ئەبستمیەکان ، بۆی نابێت لەلابۆری کیمیاگەرانی سەلەفیەتدا ئەسیدی خۆی بەسەر چڵ و چێوەکاندا بکات . بۆیە دەقێك کە تەنیا وڕێنەیە ناتوانێت تازەگەربێت ، بەڵام ئەو حاڵەتە لە ئاڵۆزی تازەگەری کارێك دەکات سوپایەك لە وڕێنەکەران تەفرەبدات وڕێنەی خۆیان لەناو تازەگەریدا بنووسنەوە ، بە ڕادەیەك زۆرجار لەبری سەری تازەگەران ، سەری وڕێنەبازانیش دەشکێت ، یان لەبری ستایشی تازەگەران ستایشی وڕێنەبازانیش دەکرێت . بۆیە دەڵێین سەندنی مافی تازەگەری لە عەقلیەتی ئەدەبی پێشوودا کارێکی سادە نیە ، بەڵکو دەشێت زۆرجار ئەستەم بێت .

هەموو ساتێك لەمێژوودا ساتی سەرهەڵدانی پێشڕەوایەتی ئەدەبی نیە ، بەڵکو دەرکەوتنی بەریانە

---

* ڕۆلان بارت : النقد البنيوي للحكاية ، وەرگێرانی انطوان ابو زيد ـ منشورات عويدات/بيروت ـ باريس ، چاپی ١٩٨٨ ، ل ٢٤ .

نوێخوازەکان مەرجی خۆی هەیە . (ڕۆلان بارت ) دەربارەی ئەو مەرجانە دەڵێت : " بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەکی پێشڕەوانە هەبێت ، دەبێت کۆمەڵگا دوو مەرجی مێژوویی ئامادەبکات : یەکەم هونەرێکی بالادەست کە سروشتێکی موحافەزەکارانەی هەبێت ، دووەم سیستمێك بە بونیادێکی لیبرالیانەوە " * . لەبەر ئەوەی بارت پڕۆژەی پێشڕەوایەتی بە پڕۆژەیەك لەقەڵەمدەدات پابەند بە کۆمەڵێك مەرجی دەرەکیەوە ، کەواتە دەشێت لە هەموو ساتێکدا پێشبینی تێکشکاندنی ئەو پڕۆژەیە بکەین . . . بەڵام تێکشکاندنەکانی داهاتوو ئەو سیفەتەی تازەگەری ناشارێتەوە کە لەچرکەی سەرهەڵدانیدا حاڵەتێکی کوتوپڕ و پەلامارێکی ناوەختە . . .

سیفەتی (ناوەخت) سیفەتێکی ئەزەلی نوێخوازیە ، جا لەهەر ساتێکی ئەبستمیدا بێت ، چونکە دابڕانە لە تەك قۆناغە ئەدەبی و بۆچوونە ئەدەبیەکانی دیکەدا ناوەختە . . یان وەکو ووتمان تێکشکاندنی مانایەك کە ئەکادیمیستە حوجرەنشینەکان و پیاوماقوڵانی سەردەمی ئەدەبی ڕابوورد و بونیادیان ناوە ، بەدڵنیایەوە (ناوەختە) . (ناوەخت) دیاردەیەکە کە کۆی سیستەمە ئەدەبی و بونیادە عەقڵانی و ساتە ئەبستیمیەکانی ئەو ساتەوەختە خۆیان بۆ ئامادەنەکردووە ، نەوەك هەر ئەوەندە ، بەڵکو هەرگیزیش ناتوانن خۆشیانی بۆ ئامادەبکەن . چونکە تازەگەری لە دەرەوەی ئەو سیستم و بونیادە عەقڵانیەتەوە ئیش دەکات و سەرقاڵی سیستم و بونیادی عەقڵانیەتی خۆیەتی .

جارێکی دی دەڵێین هەموو ئەو گوناهانەی دەدرێتە پاڵ تازەگەری لەڕوانگەیەکی تایبەتیەوە ڕاستە . تازەگەری یاخود نابێت یاخود کۆی ئەو گوناهانە دەبێت و گەورەیی تازەگەری لە گوناهەکانیایەتی . تازەگەری تەنیا ئەو ساتە لە قەفەز دەچێتە دەرەوە کە هەموو گوناهەکانی بسەلمێنرێت . تازەگەری خاوێن و بێگوناه نیە ، بەڵکو دەبێت هەمیشە جۆرێك بێت لەتاوان دەرهەق بەو مانا سست و ڕزیوانەی عەقلیەتی سەلەفی ڕۆژانە دەیکرۆژێت .

بەو پێیە لەنێوان پانتاییە حەرامەکانی ناو ئاکاری کۆمەڵایەتی و تازەگەریدا پەیوەندیەکی پتەو هەیە ، لە ئاکاری کۆمەڵایەتیدا قەدەغەو حەرام دوو ڕووبەری گەورەن کە نابێت بە ڕەفتار لێیان نزیك ببینەوە ، لەژیانی ڕۆشنبیریشماندا کۆمەڵێك پانتایی گەورە دەژی کە فرێدراونەتە ئەودیو سنووری بیرکردنەوەوە . بەتاڵی کایە

---

* هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤ ، ٢٥ .

ئەبستیمیەکان ، کەلاوەیەکی ئەبستیمی دروستکردووە ، وە دۆگماتیزی حوجرە سەدەها ساڵە بەگوناهی زەندیقی لە چەندەها پانتایی گەورەی عەقڵ دایانبڕیوین و لەو شوێنانەدا کە فیکر دەبایە هەناسەبدات ، (حوجرەچیە) هاوچەرخەکان بەگوناهی بۆرژوایی‌بوون دیوارێکیان لەنێوان عەقڵیەتی ڕۆشنبیریی ئێمە و مێژوو و فەلسەفە و بزوتنەوە فیکری و میتۆدە زانستیەکەدا بونیادناوە . بۆیە بە حەسرەتەوە دەڵێم ، ئەگەر چواردەوری بازنەی ڕۆشنبیریی ئێمە کەلاوەیەکی ئەبستیمی بێت ، ناوەوەی بازنەکە حوجرەیەکی جادانۆفیە . لەبەر ئەوە نەدەتوانین لەناو ئەو خەرابانە ئەبستیمیەدا و نە لەناو حوجرە جادانۆفیەکاندا هەناسە بدەین . لێرەوە تازەگەری ناچارە بچێتە ناو ئەو پانتاییانەوە کە تا ئێستا قەدەغەبووە . ستراتیژیەتی قەدەغەکردن ئەوەیە بیرکردنەوە لە هەندێک سنووردا ڕابگرێت ، بەڵام ئیشی تازەگەری ئەوەیە بچێتە ناو ئەو سنوورانەوە . لەم ناوەندەشەوە دەچینە سەر ئەو پرسیارە گرنگە دەربارەی شوێنی تازەگەری لەنێوان (دیار) و (نادیار)دا ، (دیار) بەمانای هەموو ئەو پانتاییە دۆزراوانەی سەلەفیەت خۆی پێ شورابەند دەکات ، (نادیار)یش بەمانای هەموو ئەو ڕووبەرە ونانەی کە پرۆژەی تازەگەریە لەناویدا کاربکات .

## ٢) دیار / نادیار :
## (کۆمیدیای سەلەفیەت ، تراژیدیای تازەگەری)

(دیار) کۆی ئەو سیستمە ئاشکرا و پەیوەندیە دەستنیشانکراوانەیە کە لەپێشچاو لاناچێت ، ووشکبوونەوەی زەمەنە لەناو ساتەوەختی خۆیدا ، تیرۆری شتە ئاشکراکانە بۆ سەر شتە نادیارەکان ، تیرۆری گووتراوەکانە بۆ سەر جەستەی شتە نەگووتراوەکان . . . ئەگەر بشێت مەجازێک لە (فرۆید) وەربگرین ، دەشێت (دیار) بەو ڕووبەرەی هەست بشوبهێنین کە پەردە لەسەر پانتاییە گەورەکانی دیکەی دەروون " نەست " دادەداتەوە . بەکورتی (دیار) دەسەڵاتی ئەو شتانەیە کە زانراوە دژی هەموو ئەو کایە ئەبستمۆلۆژی و سنوورە زانستیانەی دەکەوێتە هەرێمی (نەزانراو)ەوە . واتە زانراوێکە نەزانراوەکان لەبیردەکات و ئیخفالی عەقڵ دەکات . دونیای ئەبستمۆلۆژی (دیار) دونیایەکی هێمنە ، نەفی توندوتیژی تێدانیە . سەرەڕای زۆر ژاوەژاوی دەستکرد و دروستکراو لە جەوهەریدا و لەقوڵایی گۆمەکەدا ئاشتیەکی سەرسوڕهێن لەنێوان دوژمنە ڕووکەشەکانیدا هەیە ، لەدواجاریشدا دەرەنجامی ئێکدەری تێدا نیە بۆ کۆی بونیادەکە .

(دیار) جۆرێکە لە عەقڵیەت کە لەڕێگایەوە " گووتراو " دەڵێت ئەو تەنیا ووتە و تەنیا شێوەی ووتنە ، " ئەزموونەکان " دەڵێن تەعبیرن لە جەوهەری ئەزموون و ڕەنگدانەوەی جەوهەری مرۆڤ و سیفەتە ئەزەلیەکانی . واتە ئەو پانتاییەی کە مێژووی ووتن تیایدا لەناو ووتنی ئێستادا دەمرێت و " گووتراوەکان " دەبنە پارچەیەک لەجەستەی " گووتراوی باڵادەستی ئەو ساتە وەختانە ، وە ئەوانەی دەگووترێت دەبنە درێژکراوەی هەمان گووتراوی باڵادەست .

(دیار) لەبنەڕەتدا جەلادی دەقە ، چونکە ئەگەر " دەق " پرۆژەی چەندەها ووتن بێت ، یان "ئفتراض"ێک بێت ، یاخود بەلۆژیکی بونیادگەرە فۆرمالیستەکان ، بۆشاییەک بێت پێویستی بەپڕکرنەوە هەبێت ، ئەوا " دیار "یەک . . . . " شێمانەی گووتراودا .

بەو جۆرە لەبری ئەوەی دەقەکان مانا دیاری بکەن ، ماناکان دەق دیاری‌دەکەن . لەدونیای (دیار) دا فیکرەکان پێش نووسین دەکەون ، دەرەنجامەکان پێش ئەزموون دەکەون . لەم حاڵەتەدا ئێمە لەبەردەم ماتماتیکێکی هەڵگەڕاوەداین ، بەڵام پێش شیکار و پێش پرسیاریش دەکەوێت ، سەلماندن دەکەوێتە پێش بیردۆز . کۆمیدیای (سەلەفیەت) ئەوەیە خوێندنەوەی دەق پێش نووسین دەکەوێت . بۆیە هەر دەقێک کە لەناو پانتایی (دیار)دا بژی ، لە هاوولاتیەک دەچێت کە بەپێی مەرجەکانی یاسا و دەستوورەکانی ئەخلاق هەڵسوکەوت بکات . کۆمیدیای (سەلەفیەت) لەوەدایە کە سەلەفی هەرچۆنێک بجووڵێت شتی زانراو دەڵێت ، هەرچیەک بکا لە پێوەندی " گووتراوەکان "ی خۆی دەرباز نابێت . دەقی سەلەفی لکاوە بە پانتاییە دیارەکانەوە ، دەقی سەلەفی باڵندەیەک نیە خرابێتە قەفەزێکەوە ، تەنانەت باڵندەیەکیش نیە لەناو قەفەزەکەیدا لەدایکبووبێت ، بەڵکو باڵندەیەکە لەگەڵ قەفەزەکەیدا هاتۆتەدنیاوە ، فەلەزی جەستەی لەهەمان فەلەزی قەفەزەکەیەتی . . . باڵندەیەک نیە لەناو قەفەزەکەیدا بەجۆرێک بخوێنێ و لەدەرەوەی بە جۆرێکی دی ، بەڵکو لەبەر ئەوەی تامابێت لەناو (دیار)ا دەسووڕێتەوە ، تا هەتاهەتایە یەک تۆن دەخوێنێت .

---

* لێرەدا چوار ووشە لەدەستنووسەکەدا کە کۆپیە بەباشی دەرنەچوون و هیوادارین لەداهاتوودا بڵاویان بکەینەوە .

( سەیرنیە کە لەئێستادا زۆربەی خوێنەرانی کورد لەدەست ئەوە دەناڵێنن کە بەرهەمی نوێ ناخوێننەوە ) ، سەلەفیەت و دیار دوو پانتایی هەمیشە تەبان . لێرەوەیە کە(دیار) لەخۆدووپاتکردنەوە هەمیشەیی و بەردەوامەکەیدا تێکستی دووبارە بەرهەم دەهێنێت و هەر کاتێك کۆی ئەو تێکستە هاوشێوانە بونیادێکی یەکگرتوویان دروستکرد و توێژاڵێکی ئایدیۆلۆژیکیان بەدەوری خۆیاندا کێشا و گەڕان بەدوای بەهانەی خۆپاراستن و ژیاندنەوەی بەردەوامی خۆیاندا ، ئا لەو ساتەوە بەرەو (سەلەفیەت) هەنگاو دەنێن. لێرەدا هەستدەکەم مەترسی گەورەی (سەلەفیەت) تەنیا لەو بونیاد و شێواز و بەرپانانەدا نیە کە ڕابووردوە ، بەڵکو گەورەترین هەڵە ئەوەیە کەوا بزانین (سەلەفیەت) لە پشتمانەوەیە ، یاخود وا تێبگەین (سەلەفیە) هێزی خۆی تەنیا لەڕابووردووەوە وەردەگرێت ، بەڵکو یەکێکی تر لە گاڵتەجارییەکانی (سەلەفیەت) ئەوەیە کە هەمیشە پێشمان لێدەگرێت . سەلەفییە بەسەرچووەکان دەمرن ، چەند دەسەلاتیان بەسەر ئەم ساتەوەختەدا توندبێت ، هەر دەمرن ، بەلام مەترسی لە هەڵگەڕانەوەی تازەگەری ئەم ساتەوەختەدایە بۆ (سەلەفیەت) ، گەورەترین کارەساتی ئەدەبی لەژیانی ئێمەدا وەکو میللەتێك لەو ساتەدایە کە " ڕوانگە " لەپرۆژەیەکی تازەگەرییەوە بەتووندترین شێوە هەڵگەڕایەوە و بووە سیستمێکی سەلەفیانە ، وە ساڵانی ئەو کودیتایەش (هەشتاکان بەگشتی ) بەدترین و تاریکترین ساڵانی تەمەنی ئەدەبیمانە . . . کودیتایەك کە دەشێت چارەنووسی هەموو تازەگەریەك بێت و لە هەناوی ئەو تراژیدیایەوە تازەگەری ڕووبەڕووی قەیرانی ( وەستان ) و (بەردەوامی ) خۆی دەبێت .

ئەگەر هەندێك لە سیما سەرەکیەکانی (سەلەفیەت ) ئەوەبێت کە:أ) (سەلەفیەت) لەناو سنوورێکی دەستنیشانکراودا دەسوورێتەوە ، کە سنووری شتە زانراوەکانە . ب) نەدەستکاریکردنێکی ڕادیکاڵی بونیادەکانی لەخۆی گرتوە، نە هیچ نەفییەکی مێژوویی ئەنجام دەدات . ج ) سنووری هەموو کایە ئەبستیمی و ئەدەبیەکان بەتووندی شورابەند دەکات و دیواری نێوان بوارەکانی داهێنان ئەستوور دەکات و لەپشت تیۆری توخمە ئەدەبیە ئەبەدی و نەگۆڕەکانەوە سەنگەردەکات ، ئەم حاڵەتەش لەبواری ڕۆشنبیریی کوردیدا یەکێکە لە چەکە نهێنی و کوشندەکانی عەقلیەتی سەلەفی کوردی کە ناهێڵێ پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی ناو کایەیەك تەشەنەبکات بۆ کایەکانی دیکە . د ) هاوشانی ڕایگشتی و ئەو چەشنە ئەدەبیە دەڕوات کە دەستگا کۆمەلایەتیەکان بەرقەراریانکردوە- لێرەوە لەپشت ( ئەخلاق - ئایین - سیاسەت) ەوە پەلاماری (زانست و داهێنان ) دەدات . ڕەنگە سەلەفیەتی عەرەبی یاخود هەموو بۆچوونە ئەنتی مودرێنزمەکانی ڕۆژئاوا لەقولایی خۆیاندا ، کە لە ڕووی ئەخلاق و ئایین و سیاسەتەوە هێرشیان بردووە ، فەلسەفەیەکی ئەخلاقی و فەلسەفەیەکی ئایینی و تیۆرییەکی سیاسی ( فەلسەفی ، سۆسیۆلۆژی، ئابوری )یان لەپشت بووبێت کە هەیبەتێکی زانستی بەخشیبێتە دوژمنانی تازەگەری ، بەلام لەپشت ئەخلاقی سەلەفیانەی ئێمەوە فەلسەفەیەکی ئەخلاقی نیە ، هێندەی کە ئەخلاقی تیرۆریستی و پەتریاری دەبینین - (ئایین ) لەساتەوەختی (مەحوی )یەوە هەموو ڕۆحانیەتێکی خۆی دۆڕاندوە و بۆتە پاشکۆی (ئەخلاق ) و پێداویستیەکانی سیاسەت و ژیانی ماددی و سروشتێکی ناڕۆحانی وەرگرتووە، (سیاسەتیش ) لەباشترین حاڵەتیا (ڕۆمانتیکیەتێکی نەتەوەیی ) یاخود ( ڕۆمانتیکیەتێکی زادانۆقی ) بەرهەمهێناوە ، کە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئایدیۆلۆژیایە . هـ)سەلەفیەت بەتووندی بەرهەمهێنان و پێکەوەژیانی چەند بەریان و ڕێبازی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی جیاواز و دژ بەیەکتری ڕەتدەکاتەوە و ڕوو لە خولقاندنی بەریان و ڕێبازی بالادەست دەکات کە دواجار بۆچوونی ئەو بەریانانەش نزیك و تەبابێت لەگەڵ بۆچوونە کۆمەلایەتیە بالادەستەکانا ، بۆیە لەمێژووی ڕابووردوماندا جەنگ و جەدەلی ڕۆشنبیریی گەورە نابینین کە نیشاندەرەوەی دوو جیهانبینی جیاوازبن و) ڕوو لە کۆتکردنی زمان و شورابەندکردنێکی تەواوی ووشە دەکات ، بەدیلکردنی ووشە لەناو یەك مانا و واتای هەتاهەتاییدا .

بێگومان (سەلەفیەت) گەلێ سیمای دیکەی هەیە ، بەلام لێرەدا تەنیا ئەو حاڵەتانەی دەخەینەڕوو کە یارمەتیمان دەدا لەبینینی تراژیدیای تازەگەریدا. ئەگەر (سەلەفیەت) شتە بینراوەکان ببینێ ، ئەوا (تازەگەری ) دەبێت شتە نەبینراوەکان ببینێ . ئەگەر دونیا و سنوور و ڕووبەری شتە دیار و بینراوەکان ئاشکرابێت ، ئەوا دراماى تازەگەر لەوەدایە کە ڕووبەڕووی ئەو دنیایەی کە پێدەخاتە ناوی بێ‌سنوورە . بەرینی ئەو پانتاییەی لەبەردەمیدا دەوەستێت سامناکە ، چونکە تازەگەر بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی نوێ و هەڵوێستێکی نوێ بێت لەجیهان ،

لەگورینی هۆکار و کەرەستەکانی تێگەیشتنەوە دەست پێدەکا ، لەزمانەوە دەیگۆڕێت ، لە میتۆدەکانەوە دەیگۆڕێت، لە سەرەتا زانستییەکانەوە دەیگۆڕێت ، تا دواجار سەیردنێکی نوێ بۆ هەموو شتەکان بەرهەمدێنێ. بۆیە پێم وایە ، (تازەگەری ) سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیە بەژیان ، واتە بە کورتی دووبارە دزینی هەمان ئاگری پرۆمیسیۆسیە. لێرەوە قەدەری تازەگەر ئەوەیە کە نەگاتە جێگا ، نەگاتە هیچ کۆتاییەك . بێگومان ئەوەی مەحکومبێت هەمیشە لەسەرەتادا بێت ، مەحکومە بەوەی لەکۆتاییدا نەبێت ، ئەوەی مەحکوم بێت نۆو بێت ناتوانێت لە فۆڕمی درەختێکی پیردا بمرێ. تازەگەر دووبارە هەموو شتەکان دەدۆزێتەوە ، لێرەوە ناچار بەرۆح وجیدەی مرۆڤی سەرەتایی سانەوەختی شارستانی خۆی بژی ، ناچارە هەمیشە بۆ دەرەوەی بونیادەکان بڕوات . بەدڵنیاییەوە دەڵێین‌کە گۆڕین و ئاوەژووکردنەوەی بونیادەکان لە کێشی ئەو ڕۆحە فەردانیەدا نیە کە تازەگەر پێویستێتی بۆ دارشتنی جیهانبینی نوێی خۆی. لێرەوە نەفیکردنی بونیادەکان تەنیا ڕووبەری پراکتیکی تازەگەرە ، هەر ئەوەش قەیرانی گەورە و تراژیدیای گەورەیەتی. دەبێت تازەگەر لە هەموو بونیادەکان بچێتەدەرەوە کە پیلانی مێژوویەکی تیرۆریست و نائایرۆسی و تۆقێنەر دروستیکردوە. دروشمی تازەگەر ئەوەیە کە ( بۆ دوور لە هەموو بونیادەکان ) بڕوات ، بەلاّم مەحکومە کە خۆیشی هیچ بونیادێك دروست نەکات ، مەحکومە چاوی خۆی لەناو هیچ دیمەنێکدا بۆ هەتاهەتایە نەدۆڕێنێ ، لەناو هیچ نموونەیەکدا نەمرێت ، لەهیچ بەندەرێکدا نەوەستێت .

تازەگەر مرۆڤێکە دونیایەك بەجێدەهێڵێت ، مالآوایی لە جیهانێك دەکات بێ ئەوەی هیچ جیهانێکی دیکەی مسۆگەرکردبێت، بۆ ئەوەی هەموو جیهانەکان ببینێ ، دەبێ هەموو جیهانەکان نەفی بکات و پەیوەندییەکی داینەمیکیش لەناو هەموو ئەو دۆخەدا هەیە کە تازەگەر پیا ڕەتدەبێت. (تازەگەری ) کە سەرەتا بێت ، هەموو ڕادیکالّیەتی بوونی لەوەدا کۆدەبێتەوە کە بەرەو دەرەوەی بونیادەکان بڕوات ، ڕۆیشتنە دەرەوە لە بونیادێکیشەوە لایەنی کەم نەفیکردنی ئەو بونیادە لەخۆیدەگرێت . هەروەها لەبەر ئەوەی (تازەگەری ) نابێت ببێتە (سەلەفیەت) و دەبێت پرۆسێسی کۆدیتایەکی هەمیشەیی و بەردەوام بێت ، ناچارە لەهیچ ساتەوەختێکدا نەوەستێت ، چونکە وەستان و مردنی یەکێکە و "ڕوانگەش" گەورەترین وانەیە لە دوامانەوە . " ڕوانگە" تراژیدیایە کە بە کۆمیدیا دوایی‌هات ، بەلاّم (تازەگەری ) ڕاستەقینە تراژیدیایەکە بە تراژیدیایی دەمێنێتەوە . واتە بەکورتی جیاوازی هەرە گەورەی نێوان ( سەلەفیەت ) و (تازەگەری ) لەوەدایە سەلەف هەمیشە بەرەو ناو بونیادەکان هەنگاو دەنێت و تازەگەر بۆ دەرەوەی هەمان ئەو بونیادانە ، سەلەف پاسەوانی ڕاستەوخۆ و دلسۆزی بونیادەکانە ، تازەگەر ڕەفتارێکی ئانارشستی و نەهلستی هەیە دەرهەق بەو بونیادانە ، سەلەف هەمیشە فاکتەرێکی بونیادنەرە ، تازەگەر فاکتەرێکی دژەبونیاد . کۆمیدیای سەلەف لەوەدایە کە زۆر دڵنیا و خاترجەم و ئاسوودە هەوای ئەو دنیایە هەڵدەمژێت کە لەناو وێرانەو خەراباتیا دەژی ، بەلاّم تراژیدیای تازەگەر ئەوەیە کە هێزی تێئاوارەکەری بونیادەکان و هەموو مرۆڤ و ڕێگای ئاوارەبووەکانیش دەبینێ .

جیاوازی نێوان مرۆڤی تازەگەر و مرۆڤی شەقام ئەوەیە، مرۆڤی شەقام تێئاوارەبوونی خۆی هەست پێناکات ،یاخود کە هەستی پێکرد لەناو بونیادە ئاوارەکەرەکان ناچێتە دەرەوە و هەوڵدەدات شوێنی خۆی لە بونیادەکاندا چاکتربکات ، یان دەستکاری هەندێك بەشی بونیادەکان و هەندێك میکانیزمی ئیشکردنیان بکرێت ، بەلاّم مرۆڤی تازەگەر تێئاوارەبوونی خۆی لەناو بونیادەکاندا جێدەهێڵێ بۆ تێئاوارەبوون لە بونیادەکان . . . ئەوە خالّێکی گرنگ و سەرەکیە کە دەبێت هیچ کات لەیادی‌نەکەین ، پێویستە جیاوازی دەلالەتە قووڵەکانی ئەو دوو شێوە تێئاوارەبوونەمان لەیادبێت : " تێئاوارەبوون لە ناو بونیادەکان " و " تێئاوارەبوون لە بونیادەکان ". لەناو بونیادەکاندا تێئاوارەبیت جیاوازە لەوەی لە بونیادەکان تێئاوارەبیت . لەیەکەم جۆردا بەشێکی لە سیستەمێك ، لەوی دیکەدا کەم تا زۆر لەئازادیەکی تراژیدیا دەژیت . تراژیدیا هەرگیز لە تازەگەری نابێتەوە ، چونکە ئازادیی تازەگەر ئازادییەکی سەرتاسەر و کۆ نیە ، لەبەر ئەوە ئازادییەکی باوەڕپێکراو و دان پیانراو نیە ، لێرەوە ئازادییەکەی ئازادییەکی نەفرەت لێکراوە . ئازادی دنیایەك نیە کە بۆ ئازادی هەنگاو دەنێت ، بەلّکو ئازادی مرۆڤێکە لەناو سیستەمێکدا دەژی کە گەلێك سست بیر لە ئازادی دەکاتەوە ، تەنیا بوارێکی پراکتیککردنی ئەو ئازادییەش ، (زانست ـ داهێنان ـ زیندەگی تاکەکەسی خۆیەتی ) . تراژیدیای تازەگەر ئەوەیە ئازادییەکەی نابێتە پرۆژەیەکی کۆمەلاّیەتی ، بەلاّم دەشێت ببێتە یارمەتیدەری پرۆژە کۆمەلاّیەتیەکان ، ناکرێتە بەرنامە، بەلاّم

دەشێت بکرێتە ئایدیال . بێگومان ئەو گیانە سەرشارەی (ڕامبۆ) لەیەک یەک هاووڵاتیانی فەڕەنسادا بەرجەستە ناکرێت ، بەڵام بلندی ئەو پایە گەورەیەی ڕۆحی (ڕامبۆ) لە ئازادیدا وەدەستی هێناوە ، نموونەی ئازادییەکی بەدەستهێنراوی ئەوتۆمان نیشان دەدات ، نموونەی جۆرە عەقڵ و هەستیارییەکمان نیشان دەدات کە کردنی بە بەرنامە بۆ مرۆڤانی دی ئەستەمە ، بەڵام وەکو جۆرێک لە نموونەی ئازادی و ڕاچەنین بەرووی تێئاوارەبوونی ناو بونیادەکان ، وەکو هێزێکی گەورە و خەونێکی گەورە وون نابێت . هیچ پڕۆژەیەک ناشێت داوابکات ژنانی ئێران ببنە (فەروخی فەروخزاد) ، بەڵام نموونەی (فەروخ) وەکو ئایدیالێکی ئەستەمی ئازادی لەدەرەوەی بونیادەکاندا دەچەقێت و هەرەشە لە هەموو جۆرە ئازادییە درۆزنەکان دەکات ، ئەو حاڵەتەش لە یەک کاتدا کارەساتی شاعیر لەلایەک و کارەساتی کۆمەڵگا لەلایەکی دی نیشان‌دەداتەوە، لەوەدا کە ئازادیی شاعیر دەبێتە تراژیدیا و ئازادیی کۆمەڵ دەبێتە خەون .

ئەگەر قووڵتر و ووردتر بڕوانین ، دەبینین ئازادیی تازەگەر تەنیا زیندەگی خۆی لە زیندەگیەکانی دیکە جیاناکاتەوە ، بەڵکو زیندەگی دەقەکانیش لە زیندەگی هەموو نووسینەکانی تر جیادەکاتەوە . . . لێرەدا ئازادیی نووسەر دەبێتە جۆرێک پراکتیکی تێکدەر لەناو دونیای دەق و فۆرم و ماناکان و جیهانبینیەکان‌دا ،تازەگەر ڕزگاریی‌خۆی لەناو ڕزگارکردنی شێوازەکانی تەعبیردا پراکتیک دەکات ، بەلادانی یاسا دێرینەکانی نووسین ، بەڕووخاندنی شورای نێوان توخمە ئەدەبی و هونەرییەکان ، بەتێکەڵکردنی‌شیعر بەدونیا و دونیا بەشیعر . . تێکەڵاوییەک کە دواجار دەستی شیعر ئازادبکات ، دەستی ووشە ئازاد بکات و زمان ببێتە پنتی خولقاندنەوە . بۆیە ئەگەر لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ ئەوە کردبێت کە (سەلەفیەت) دیکتاتۆریەتی مانا بێت ، لێرەدا پێویستە بڵێین (تازەگەری) دیکتاتۆریەتی زمانە ، ئازادی ڕەهای زمانە بەسەر مانا مردووەکاندا و بەبێ ڕاتەکاندنی زمان بەرەو دەرەوەی ئەم بونیادەی ئێستا ، خەیاڵ ئازاد نابێت . . . ئازادیی تازەگەر بەئازادیی خەیاڵەوەیە، ئازادیی خەیاڵیش بە ئازادبوونی زمانەوە ، بەگوتە ئەزەلیەکانیەوە بەندە .

هەر عەقڵێک کە ڕوو لەو جەنگە بکات ، بەر لە هەموو شتێک دەبێت پڕچەک بێت بەتیۆریزەکردنی ئەو تخوبە فیکرییانەی لەناویدا دەکەوێتە شەڕ لەگەڵ سەنگەرە هەمیشەییەکانی سەلەفدا ، کە هەمیشە (ڕای گشتی و ڕای دەستگا کۆمەڵایەتیەکانە ) . . . ئەگەر هیوای تازەگەر زیندووڕاگرتنی هەمیشەیی دەق بێت بەدەربازکردنی لە یاسا و ڕێنمای سەرتاسەری و ئەبەدی، هاتنەدی ئەو هیوایە پابەندە بەتوانای تازەگەرەوە لەسەر بەگژداچوونی هورووژمە تیرۆریست و خنکێنەرەکانی سەلەف بەو مانایانەی ناومان‌برد . ئازادیی تازەگەر لەوەدایە کە پێوانەکانی ئەخلاقی ئەو ساتەوەختە ناتوانن پێوەر بۆ ئەخلاقی‌دابنین، چونکە(تازەگەری ) تێکدانی ئەو ئەخلاقەیە ، ڕۆحانیەتی تازەگەریش ، ج ڕۆحانیەتێکی میتافیزیکی بێت ( وەکو لای سوفیەکان ) یاخود ڕۆحانیەتێکی حسی بێت (وەکو لای ئەخماتۆف و فەروخ ) ، پێچەوانەی ڕۆحانیەتی دونیایی حوجرەنشینەکان و ئەکلیرۆسەکانە. . . لێرەدا بەگشتی تازەگەر لەچاوەڕوانی خاچدا (صلیب) دەژی ، چونکە پێ‌خستنە ناو دونیای نادیارەوە لە هەمان کاتدا پرۆسێسێکە بەرەو خاچ دەڕوات . . .

کەواتە جیاوازی نێوان تخووبە مەزن و بێ‌سنوورەکان لەگەڵ تخووبەکانی دیکەدا چیە؟ دۆزینەوەی (نادیار) و ئەفیوناویبوون بەتاریکیەکانی ، ج پرۆسێسێکی ئەبستیمی دەوێت ؟ جیاوازی نێوان ( نادیار/نەدۆزراوە ـ نادیار/ نائامادە) چیە ؟ ئەمانە و گەلێک پرسیاری دیکە( کە بەناچاری هەڵیان‌دەگرین بۆ بەشێکی دی ئەم نووسینە ) کۆمەڵێک پرسیارن چارەنووسی تازەگەرییان لەسەر بەندە ، کە دەشێت بەرەو خاچ بڕوات و بیگاتێ. . . یان دەشێت لەساتێکدا خاچەکان لێی هەڵبێن ، یاخود ئەو بمرێت و لە خاچەکان هەڵبێت . . . ؟!

ئازاد حەمە

# ئاراستەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ

## • لە مەڕ تێکستی شیعری و ئەدەبی •

**لەبری پێشەکی :**

ئەوەی شایانی ، ئەم سەرووتارە بریتی نیە لەپوختەی ڕەخنەی ئەدەبی ی سترۆکتورالیستی و ڕەخنەی سیمیۆلۆژی و . . .هتد ، بەڵکو ئامازەکردنە بۆ بوونی ئەو جۆرە ئاراستە ڕەخنەییانە لەناو هەردوو ووتاری ڕەخنەیی و ئەدەبی دا ، ئەگەرچی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی ڕەخنەی سترۆکتورالیستی * لەسەرێکی دییەوە خۆی بووە بە پانۆرامی تێکڕای ڕەخنەی هاوچەرخ و خاڵی یەکگرتنەوەی ئەم ئێستای ووتاری ڕەخنەی ڕۆژئاوایی ، بەتایبەت کە مۆدێلی زمانەوانی توانیوەتی ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا ببینێ . بێگومان ئەوەش پابەندە بەو بارودۆخەی کە تیۆری زمانەوان و سیمیۆلۆژەکان هاتووەتەکایەوە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی جیاجیا و تەقاندنەوەی کۆمەڵێ بیروبۆچوونی تیۆری و میتۆدیی جۆراوجۆر ،(وەك " تیۆری دەنگناسی "و" تیۆری شێوازناسی- الاسلوبیة- " و " تیۆری داڕشتنناسی- علم الصیغة - " و " مۆرفۆلۆژیا - علم الصرف - " . . .هتد )لە مەڕ " تێکست "ی ئەدەبی و شیعری بەتایبەتی لەلایەك و ئەوجار لەمەڕ خودی " تێکست " و " نووسین " و زمانی نووسین بەگشتی لەلایەکی دییەوە . ئەگەرچی ئێمە هەرگیز خۆمان لەوە غافڵ ناکەین کە هەموو ووتارێك کە دەیەوێ تازەگەری لەو چرکە زەمەنی و شارستانیەدا بنیادبنێ کە ئەو " ووتارە " یاخود " ووتارانە " دێنە دنیاوە ، وابەستە و پابەند دەبێ بەو سیستەمە ئەپستمی (معرفي ) و سیمیائیەی ( دلالي ) کە هاوردویانەتە کایەوە. واتە ئەو ووتارە ئەپستیمۆلۆژی (" نظام الانظمة" ، " نظریة المعرفة" ، " فلسفة العلوم" ) و فەلسەفیەی ئەمئێستای ووتاری ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی جڵەودەکات ، ناشێ لەو بنەما ئایدیۆلۆژی و سیاسی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و ئابوورییە جودابکرێتەوە کە بەرهەمی هێناون .

پێدەچێ غافڵکردنی ئەو تازەگەرییە ( تازەگەری نەوەکو چەواشەیی ) لەنێوەندە ڕۆشنبیریی و ئەدەبیەکاندا ، چ لە ئاوارەیی و چ لە ئامێزی شاخدا ، شتێکی تازە و سەرێی نەبێ لەژیانی ڕۆشنبیریماندا . ئەوی پێوەندی بە باری ڕۆشنبیریمانەوە هەیە لە ئاوارەیی‌دا ، تاکو ئێستا هەمان دەزگا و دامەزراوی سانسۆریی و سەلەفی‌دەیباتە ڕێوە و هەر " ئەو " جارێکی دی و لەشوێنێکی دییدا دووبارە جڵەوی کردووە و جێگۆڕکێ‌ی بەسانسۆرخوازی و سەلەفیەت و ئایدیۆلۆژیستیەت کردووە. پێمان وانیە ئەمەش شتێکی نوێ و شاراوە بێ لەلای ڕوناکبیر و ئەدەب دۆستانی گەلەکەمان . چونکە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ڕۆڵی ئەوان لەکاروانی ڕۆشنبیریماندا چیە و چۆن هەر ئەوان جارێکی دی لەو ئاستە تراژیدییە بەرپرسیارن کە باس و شیکردنەوەکانمان تێیدا دەژین ، هەروەها چۆن ئەو شێواز و تێڕوانینە باو و میتۆدە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە تابۆیانەیان (محرمات - ممنوعات) متمانەیان لەنووسەر و خوێنەری کوردی داماو و کەساس دزیوە. ئەگەر لەئامێزی شاخدا و لەژێر سایەی ئۆپۆزیسیونە بەناو کوردستانی و

دیموکراسی و پێشکەوتنخوازییەکان‌دا هەموو توانا و داهێنانێکی ڕووناکبیری و بەتەنگخوازی کەلتووری کوردیمان پەراوێزکرابێ ، ئەوا جارێکی دی و بەهەمان عەقڵیەت و توانای نازانستی و نالۆژیکییەوە دووبارە و سێ‌بارە ئەو نێوەندە بەناو ڕۆشنبیری و بەتەنگخوازەی کەلتووری کوردی، کە لە ئەوروپا خۆیانیان حەشارداوە ، دەیانەوێ هەمان کالاّ بەرهەم بهێننەوە و بەهەمان نرخیش ساغی‌بکەنەوە . بۆ نموونە ، ئەگەر باس و بابەتی وەکو سۆفیزم و سوریالیزم و بنەماناسی و بودایزم و یۆگا و هیپنۆتیزم ( التنويم المغناطيسي ) و یگرە سیکسۆلۆژیا (علم الجنس) و هوماسکسۆلیزم ( کەدیاردەیەکی شارستانیەتە ) لەژێر پەردەی بەناو چی‌دا؟! یاساغ و تابۆبوبێتن - بێگومان ئەوان هەمیشە وەلاّمی ئامادە و ڕاستەوخۆیان بۆ هەموو ڕەفتارێکی خۆیان هەبووە . ئەڵبەتە ئەویش بەناوی ئەوەوە کە گوایە کێشەی ئەوان کێشەی چارەسەرکردنی ناسنامەی کوردی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە و لەو پڕۆژەیەدا جێگای ئەم بابەتە زەندیق و چەواشەییانە نابێتەوە و چاکتریش وایە هەڵبگیردرێن بۆ دوای دروستکردنی دەوڵەتەکە . چونکە ئەوان مەسەلە هومانیستیەکانیان (الانسانوية) پێش شتە زەندیق و نامرۆڤایەتیەکان خستووە ! - ئەوا دیسانەوە و هەمان ئەو باس وبابەتانە لەدەرەوەی کوردستانیش بەتونێلی چەواشەیی‌و دوورکەوتنەوە لەرێگای پێشکەوتنخوازی و مرۆڤایەتیانە دەبرێ، ئەمەیش لەژێر بنمیچی ئەو دیدە تازەکۆنخوازەی پێشووەوە کە خۆیان باسی لێوە دەکەن .

کەوابی لەکاتی گەڕان بەدووی " من "(الانا) لە ووتاری ڕەخنەیی و ڕۆشنبیریماندا و ئەوجا گرێدانی ئەو ووتارە بە ووتاری" ئەوی‌دی"یەوە (الآخر) یاخود خوێندنەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەوی دیدا، بۆمان دەردەکەوێ کە مەسافەیەکی زەمەنی‌و شارستانی لێکیان جودا دەکاتەوە ، هەروەها ئەو ناسنامەیەش دیاری‌دەکات کە پاڵپشتی نەك هەر ووتاری "من"ە ، بەڵکو ووتاری ئەوی دیشە . چونکە بەبێ ئەو دیاریکردنە هەرگیز ناتوانین سایکۆلۆژیای ڕەخنەییمان بە نەستی (اللاوعي) خۆمانەوە ببەستینەوە و پاشان ئەو هۆکارە ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و مێژوویی و ڕۆشنبیریانە دیاری‌بکەین کە کاردەکەنە سەر ئەو سایکۆلۆژییانە !

کەوابێ چۆن تازەگەری ڕوو لە ڕەخنەی عەقڵی ڕۆشنبیریمان بنێ ؟! چۆن ڕەخنەی ئەو عەقڵە سەبارەت بەو تازەگەرییە دیاری‌بکەین کە لە مەڵبەندێکی دیدا ڕوودەدات ؟! واتە چۆن بکەوینە موحاسەبەی عەقڵی عەقلانیەتمان و پاشان چۆن عەقڵی عەقلانیەت و ئەم ئێستای نەهلەستیەتی ئەو عەقڵە ڕۆژئاوابیە دیاری‌بکەین ؟! بە جۆرێکی دی ، چۆن عەقڵی خۆمان لە بەرامبەر هێرشی ئەوی دی بپارێزین ؟!

ئەگەر بەشێوەیەکی ئەبستراکت (مجرد) بڕوانینە ئەم سەرووتارە ، ئەوا پێمان وایە ئەم سەرووتارە بانگداشتی ( ادعاء ) ئەوە ناکات کەوا سەرەتای وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانە بێت ، بەڵکو زێتر بانگداشتی ئەوە دەکات کە پێویستیمان بەوالاّکردنەوەی ڕێڕەوی و گۆڕینی پێنووسی‌و ڕێنووسی - نووسین - هەیە . ئەگەرچی ئێمە تاڕادەیەك ئاماژەی ئەوەمان کرد کە دیدی ئەوی‌دی (الآخر ) هەمیشە لەلای ئێمە بالاّدەست و سەربەرزبووە و بنەمای گومان و دیدی گومانایمانی ( ئەگەرچی ئەم دیدە کەمتر لەلای ئێمە سەردەست بووە ) دیاریکردووە، چ ڕووەو خۆمان و چ ڕووەو ئەوی دیش ، بەلاّم ئاوا بە پەلە و سەرپێی ئەو فیکر و لۆژیك و دیدە ، کە چەندین ساڵە ئەوی دی لەنێوماندا بونیادی ناوە ، ناتوانرێ بشکێنرێ ئەگەر لەخودی دیدی ئەوی‌دی نەگەین و هەڵکۆڵین لەو بنەمایانەدا نەکەین کە بەرهەمی‌هاوردون . هەڵبژاردنی ئەو سەرباسەش ، واتە ئاراستەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ ، هەر لەو ڕوانگەیەوە بووەتە جێگای بایەخی ئێمە و هیوای ئەوەش دەخوازین کە بتوانرێ ئەو ئاقار و ڕێڕەوە ڕەخنەییە جیاجیانە بخوێنرێنەوە و پشکنینیان لەنێودا بکرێ، تاکو بشێن بۆ خوێندنەوە و پیاچوونەوەی تێکستی ئەدەبی و شیعریمان بەتایبەتی و نووسینە تێکستیەکانمان بەگشتی . ئەمەش بەرەچاوکردنی ناسنامەی کەلەپووری ئەدەبی کوردیمان ، چونکە بێ ئەو ڕەچاوکردنە بێگومان دەکەوینە کۆپیکردنی ئەو دید و ئاکامە ڕەخنەیی و ڕێڕەوییانەی دیاردەی شارستانیەت و کۆمەڵگایەکی دین .

### دیاریکردنی مانا لە تێکستدا :

مەبەست لە دیاریکردنی مانا ، ئاشکراکردن و ناسینەوەی مانایە لە ووتاری ئەدەبی‌دا بەگشتی و لە ووتاری شیعری‌دا بە تایبەتی ، ئەگەرچی بواری ئەو ناسینەوەیە و هەوڵدانی جوداکردنەوەی " مانا " لێکدی لەتێکستی شیعری‌دا ، بە بەراورد لەگەڵ تێکستە سەردییەکانی دی ووتاری ئەدەبی‌دا، گومڕای و سەختی

زمانەوانی دێتە بەردەم ، کە ئەویش ئاڵۆزی بۆ کـــاری ڕەخنەگری دروست دەکەن . بێگومان ئەو ئاڵۆزیـــەش پێوەندی بە دوولایەنەوە هەیە کە لێرەدا ئاماژەکردنیـان پێویستە : لەلایەکەوە بەهۆی ئەو ئاڵۆزیەی هاتۆتە سـەر خودی ووتاری ڕەخنەیی، واتە زانستی زمانەوانـــی و ئاراستەکانی دی لێکدانەوەی زمانەوانی وەکو سیمیۆلۆژیا و هێماناسی و نیشانەناسی ، کە توانیویانە ئاسۆی ووتاری ڕەخنەیی فرانتربکەن و مانا و هێما لەتێکستی شیعـری‌دا بخەنەروو و ئەو نهێنیانەشی ئاشکرابکەن کە پاڵپشتـــی دەلالە و مانان لە تێکستی شیعری‌دا . لەلایەکی دییەوە بەهۆی ئەوەی خودی ووتاری شیعری بریتی‌یـــە لـــە مومارەسەیەکی زمانەوانی و ئیستاتیکی ، کە ئەمەیان زێتر ڕێگای خۆشکردوە بۆ بوونی ئەو جیاوازی و ناکۆکیەی لـــە نێو ئەو باس و لێکدانەوە ڕەخنەییانەی لەمەر تێکستـــی شیعری دەکرێن . کەوابێ پشکنین و لێکۆڵینەوە لـــە ( مانا و هێما )ی بەکارهاتووی دووتوێی هەموو تێکستێکی شیعری یاخود ئەدەبی ، پێویستی بە شارەزابوونە لـــە یاسای خوێندنەوە و پێوەندی ویش بە ئاسۆ و ئاراستـەی ڕێڕەوە ڕەخنەییە جیاجیاکانەوە . ئەگەرچی هەموو ووتارێك جۆرێ لە مەبەست و خوێندنەوە بەدوی خۆیدا ڕادەکێشێ بەلام کاری ڕەخنەگری ، کە لەو بەینەدا بەهـــۆی خوێندنەوەوە پێکدێ ، ناشێ ئەو پێوەندییەی نێـــوان خوێندنەوە و نووسین ، کە بەردی بناغەی ڕەخنـــەی ئەدەبیی ستروکتورالیستیە ، بشێوێنێ .

جا بەو پێیە هەموو تێکستێك خاوەنی‌تێکستی‌ڕەخنەیی خۆیەتی ، بەلام نەکو لەسەر هەمان ئاست و نەشونما . چونکە زۆر تێکستی ڕەخنەیی ئەوتۆ هەن کە نەك ناتوانـن ئاستی ئەو تێکستە تێپەڕێنن کە ڕەخنەی لێدەگرێ، بەڵکو هەندێ کێشەی دی دێنەئاراوە کە بێگومان دەبنە هـۆی کوشتن و سەرنگومکردنی ئەو ( دەلالە و مانا )یانـــەی ئەو تێکستە لەخودی خۆیدا بونیادی‌نـــاون و حەشاری‌داون . بۆ نموونە ، یەکێك لەو کێشانە مەسەلەی نەبوونی توانای زانستی ئەو تێکستە ڕەخنەییە، واتـــە پشت نەبەستن بە هەندێ تێبینی و سەرنجی ڕێڕەوی کـە دەشێ سوودیان لێ وەربگیرێ بۆ دۆزینەوەی ئەو مانـــا جۆربەجۆرانەی پاڵپشتن لەو تێکستەدا ، یاخود بـــە پێچەوانەی ئەوەوە . واتە کەوتنە کوپێکردنی هەنـــدێ تیرامانی تیۆری و ڕێڕەوی و سەپاندنیان بەسەر بەرهەمـە ئەدەبیەکاندا بەنێوی کاری ڕەخنەگری و میتـــۆدی لێکۆڵینەوەییەوە ، کە بێ هیچ یەك و دوویەك پاشـــان دەبنە هۆی لەدەستدانی زۆرلایەنی جوانکاری‌وفەلسەفـی لە بونیادی ئەو تێکستانەدا .بێگومان جێگای داخە کـە کاری ڕەخنەگری لەلای ئێمە تاکو ئێستا تەنانـــــەت نەگەیشتۆتە ئەم ئاستەش ، کە خۆی لەخۆیدا ئەورۆ لەنێـو زۆربەی ڕووناکبیر و ئەدەب دۆستانی میللەتانی‌دیدا بـە یەکێ لە کێشە سەرەکیەکانی کاری ڕەخنەگری و تیـــۆری ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێ .بەڵکو ئەوەی لە نووسینـــە ڕەخنەییە ئەدەبیەکانمان‌دا بەدی دەکرێ ( بێگومـــان نووسینی ڕەخنەی سیاسیمان ئەوا با لەولاوە بووەستێ کـە چەند بەستەزمانە ) بریتی‌یە لە کۆمەڵێ هەوڵدانی سەرپێی و دوور لە هەموو شارەزاییەکی میتۆدی و زانستی، ئەمە لەکاتێکدا ئەورۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوقمی ئاراستـــەی قوتابخانەیی و تیۆری بووە ، ئەمە بەرچاوکردنی هەمـوو لایەنێکی نێگەتیڤانەی ئەم ئاراستە ڕەخنەییانەش . بـە بەراورد لەگەڵ ئەو ئەتمۆسفیرەی ڕەخنەی ئەدەبی ئـەورۆ تێیدا دەژی ، دەبینین ڕەخنەی ئەدەبی‌ی کلاسیکی ، کە تەنیا سنووری نووسینەکانیان تاکو پەنجا و شەستەکانی ئەم چەرخە بووە . . .بەلام لەلای ئێمە هەر لەگەشەکردن‌و پێرەوکردنایە لەخوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبــــی و شیعرییەکانماندا . ئەمە و لەکاتێکدا ئێمە لەژێر کاریگەری ڕۆشنبیریی عەرەبی و ڕۆشنبیرانی عەرەبدا سوودمان لـەو ڕێڕەوە ڕەخنەییە ئەدەبیانە وەرگرتووە ( با کاریگەری ئەوان بەسەر ڕەخنەی سیاسی و داهێنانی بەرنامەی‌سیاسیمانەوە لەولاوە بوەستێ ) ، کەچی ئەوان دەمێکە سنووری ئـــەم بابەتانەیان تێپەڕاندووە ، ئەویش بەهۆی هەوڵی‌یەکسـەری مامەڵەکردنی ئەو ڕوشنبیرە عەرەبانە لەگەڵ سەرجاوەی ئـەو ئاراستە ڕەخنەییانە. سەرووی ویش هەوڵدانی وەرگێڕانـــی کۆمەڵێ " نووسین " کە ڕۆڵێکی زۆریان دیوە لـــــە تێروتەسەلکردنی کاری ڕەخنەگری و ڕۆشنبیریماندا .

داوای لێبوردن لەخوینەری هێزا دەکەین کە یەیتـا یەیتا لە ناواخنی باسەکەمان دووردەکەوینـەوە .

ئەو شکستییەش ، پاش ئەو تێبینیانەی ووتاری‌ڕەخنەیی توانی لەسەر ئاستی تیۆری و میتۆدی لەمەر تێکسـت و تێکستەزانی تۆماری بکات ، لەباس و لێکدانـــــەوەوە ڕەخنەییەکانماندا هەستی پێدەکرێ .هەروەها بـــــۆ لێکدانەوەی مانا Meaning و دەلالە Significance نابێ بەتەنێ لەڕوانگەی مۆدێلە زمانەوانییەکانەوە ،کە "تێکست" و تێکستی شیعری و ئەدەبی لە ستروکتورێکی زمانەوانـــی

داخراودا بەند دەکەن ، بڕوانینە تێکستی شیعری . چونکە خۆبەستنەوە بەتەنێ بەم دیدەوە یارمەتی ئەوەمان نادات لەو ستڕۆکتورە شیعرییە بگەین کە ئەو تێکستە شیعری و ئەدەبیە هەڵگرین . ئەگەرچی ئەوەیان بایەخی سەرەکی ئاراستە ڕەخنەییەکانی پێش ئاراستەی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەیی و ئەوانی ئەودیوی ستڕۆکتورالیستیبوونە ، لەکاتێکدا ئەوی هەندێ لە بۆچوونە سەرەتاییەکانی ستڕۆکتورالیستەکان لەمەڕ " تێکست " و گیرکردنی بەتەنێ لەلایەنە زمانەوانییەکەی بونیادیان ناوە کێشەیەکی زۆری لەبەردەم مەدلولاتەکانی " تێکست "دا خستەوە و ئەو جیهانە جەنجاڵ و گومڕایە لە خودی تێکستدا هەیە و ناشێ بە سیستەمی زمانەوانی ڕوونبکرێتەوە و بخوێنرێتەوە ، هەوڵ بدرێ بەهەندێ بیرۆکەی ئامادەکراوەوە گرێبدرێ .

هەروەها فەرامۆشکردنی ناواخنی هەموو تێکستێك ، کە پێشینە و پێوەندی خۆی لەگەڵ جیهانیدەرەوەیتێکستدا هەیە ، کەپاشان ئەم خاڵە خۆی بۆتە بایەخی سەرەکی زۆربەی ئاراستە ڕەخنەییەکان لەهەوڵدان بۆ ئاوردانەوە لە جیهانی دەرەوەی تێکست ، لەڕووی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری ومێژوویی و . . . هتدەوە ، ئەمانە و سەرەڕای پشکنین و باس لەڕووی زمانەوانی و فەرهەنگییەوە تا دەگاتە ئەوەی ئێستا دەمانەوێ سەبارەت بە تێکستی شیعری و ئەدەبی ئاماژەی بۆ بکەین ، ئەویش بابەتی دیاریکردنوناسینەوەی ئەو مانا و هێمایانەیە کە تێکست هەڵگریەتی .

هەروەها ئەوەی ئەوڕۆ زۆربەی ئاراستە جیاوازەکانی ڕەخنەی زمانەوانی و ئەدەبی لەسەری دەڕۆن لەهەندێ ڕووەوە لەلایەن هەندێ ئاراستەی تەقلیدییەوە بونیادنراوە ، بەتایبەت ئەوەی لەمەڕ " شاعیر " دەووترێت کە گوایە ڕۆڵێکی گەورە لەدروستکردنی ووشە و دانی مانای جۆراوجۆر پێیاندا دەبینێ . ئەگەرچی ئەمەیان شتێکی ئاشکرایە سەبارەت بەداهێنانی شیعری ، بەڵام هەوڵدانی دیاریکردنی مانا بەتۆپز یاخود بەشێوەیەکی سەرپێیی و بێ ئاوردانەوە لەو لایەنە دەروونی و ویژدانی و جوانکاریانەی ئەو تێکستەیان بەرهەمهێناوە ، دەبێتە هۆی شێواندنی ئەو مانا و هێمایانەی "نێرەری شیعری " مەبەستیەتی یاخود ئەوی ئەو " نامە "یە هەڵگرێتی " .

جگە لەوانە ، بۆ زێتر بوختەکردنی ناسینەوەو ئاشکراکردنی مانا و دەلالەی بەکارهاتووی دووتوێی هەموو تێکستێکی شیعری ،دەبینین زۆربەی ئاراستە ڕەخنەییە ڕێڕەوییەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە دەبێ پێڕەوی ئەم ئاستانە بکرێ : یەکەم/ئاستی فۆنۆلۆژی ، دووەم/ئاستی مۆرفۆلۆژی ، سێیەم/ ئاستی ڕێزمانیو تەرکیبی ، چوارەم/ ئاستی فەرهەنگی (١) .

کەوابێ لێکۆڵینەوە لەو ئاستانە بریتیيە لە پشتگیریکردنی ئەو ڕایەی جەخد لە بوونی چەند مانایەك لەخودی تێکستی شیعری یاخود ئەدەبیدا دەکات . هەرچەندە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە و باسانە تاکو ئێستا ناتوانرێ بەتەنێ بە مەسەلەی " خوێندنەوە "وە ببەسترێت ، ئەگەر بێت و شان بەشانی وی " نووسین "یش بایەخی خۆی نەدرێتێ . چونکە هەردوو بەجووتە ڕۆڵیسەرەکی لە بەرهەمهێنانی مانا و هێمای ڕاستەقینەی نێو هەموو تێکستێکدا دەبینن . بەواتایەکی دی پێوەندیسەربەخۆی نێوان خوێنەر و تێکست ، یارمەتیدەری ناسینەوەی" کۆ " و مانا و دەلالەی بەکارهاتوون لەو نێرەرە شیعری یاخود ئەدەبیەوە ، ئەگەرچی گەیشتن لە ستڕۆکتوری نێردراو - یاخود نامە - پێویستی بە هەڵژماردنی زۆربەی ئاراستە ڕەخنەییە زمانەوانیەکانە بۆ یەکلاکردنەوەی پێوەندی نێوان وەرگر و نێرەر ، هەر ئەو پێوەندییەشە پاشان دەبێ بە لەشی ئەو تێکستەی بە " ڕەخنە " ناودەبرێ . واتە هەر شێواوی و سەرپێیەك لە گەیشتن لەو پێوەندییە ، ئاراستەی سەرتاپای ئەو داهێنانە شیعری یاخود ئەدەبیە دەگۆڕێ ، چونکە ئەو دەلالە و مانایانەی تێکستی شیعری یاخود هەر تێکستێکی سەردی بەخۆیەوە دەیگرێ ، ئەگەر بە ڕووکەشی تێیان بڕوانرێ ، ئەوا دەبێ بەتەنێ بەدیار مانای دیاریکراو و ئاشکرای ئەو تێکستانەوە بخولێینەوە .

بێگومان ئەمەشیان باشترین ڕێگرە لەبەردەم زانستی مانادا ، هەرچەندە ئەوەی تاکو ئێستا لەباس و لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و شێوازەناسییەکان ( الاسلوبیة ) چاوەڕوانی دەکرێ جارێ بەگشتی نەهاتۆتەدی و جێگای ڕەزامەندی زۆربەی پسپۆڕانی ئەم بۆلانە نیە ، چونکە زۆرلایەن لەمەڕ تێکست هەن کە جارێ باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە بۆ یەکلاکردنەوە ، ئەویشی لەم بارەیەوە سەبارەت بەمانا و دەلالە و پێکهاتووی ڕێزمانی و فیلۆلۆژی ، هەروەها پێوەندینێوان زناکە زمانەوانیەکانی تێکست و پێشینەی هەموو چەمك و

---

* مەبەست لە " نامە " لێرەدا ئەو داهێنانەیە کە لەنێرەری شیعری یاخود ئەدەبیەوە ئاراستەی " ڕەوانەی " ئەوی دی دەکرێ کە دەبێ بە " وەرگر " و هەردووش بەجووتە لەبەرامبەر کۆی ئەو نامەیە بەرپرسیارن کە لەنێوایاندا ڕادێت و دەچێت .

زاراوەیەك لەخودی هەموو تێکستێکدا و پێوەندی ئەوانیش بەجیهانی دەرەوەی تێکست لەڕووی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەوە، لەئارادایە تاڕادەیەکی زۆر جێگای گومڕایی و مشتومڕە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە هەموو توانایەك بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی مانا و دەلالە لە تێکستدا بەتەنێ بۆ لایەنە سۆسیۆ - ئایدیۆلۆژییەکان یان لایەنە زمانەوانی و ڕەوانبێژییەکانی تێکست تەرخان بکرێ و لایەنە دەروونی و جوانکاری و فەلسەفییەکان فەرامۆش بکرێت کە هەموو تێکستێك بەپێی توانای خۆی هەڵگریەتی. بەڵام لەو بەینەدا ئاساییە سەرنجێکی زێتر بخرێتە سەر "خود" لەسەرهەڵدانی مانا لەتێکستدا، هەرچەندە ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەمەریکی (جۆناسان کلەر) دژی ئەوەیە کە "خود" سەرچاوەی دیاریکردنی مانابێ لە تێکستدا (٢). ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە (کلەر) ڕەخنە ئاراستەی ڕەخنەی ئەدەبیی ستروکتوورالیستی بکات، کە تا ماوەیەکی زۆر بایەخیان بە "خود" دەدا و وای بۆ دەچوون کە دروستکەر و دانەری مانابێ لە تێکستدا. سەرباری ئەوەی دیدی (کلەر) دیسانەوە جۆرە موحاسەبەکردنێکی ڕەخنەییانەی ئەمەریکییە بۆ ڕەخنەی ستروکتوورالیستی، بەڵام پێدەچێ لێکدانەوەکانی پاش ئەوان توانیبێتی لەو بۆچوونانە کەمبکەنەوە.

بەوجۆرە هەوڵدانی جوداکردنەوەی مانا لەیەکدی و دیاریکردنی ئەو جێگۆڕکێیەی مانا لەتێکستی شیعری و ئەدەبیدا بەخۆیەوە دەگرێ، جێگای بایەخپێدانی ئەم ئێستای ئاراستە ڕەخنەییەکانە و بۆتە هۆی سەرهەڵدان و تەقاندنەوەی کۆمەڵێ بیروبۆچوونی ڕەخنەیی جیاجیا لەلایەن ڕێڕەوی ڕەخنەی ئەدەبی ستروکتوورالیستی و ڕەخنەی سیمیۆلۆژییەوە، کە لەمەوبەر لەلایەن ئەو ئاراستە ڕەخنەییانەوە فەرامۆشکرابوون کە لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا زاڵبوون. لەوبارەیەوە (تۆدۆرۆف) لەیەکێ لەنووسینەکانیا جارێکی دی دێتەوە سەر ئەو کێشەیە و دوولایەنی نێگەتیڤی تایبەت بە ئاراستەی زمانەوانی دیاری دەکات کە کێشە بۆ لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژییەکان دروست دەکەن: یەکێکیان ئەوەیە کە بەتەنێ بایەخێکی ڕووت (مجرد) دەداتە دەلالە و مەسەلەیەکی گرنگ فەرامۆش دەکات، ئەویش مەسەلەی یاریکردنە بە زمان، کە تایبەتێتی خۆی لەباس و لێکۆڵینەوەکاندا هەیە. دووەمیان هەوڵدانە بۆ وەستان بەتەنێ لە سنووری "ڕستە"دا، چونکە "ڕستە" لەلای زمانەوانەکان بریتییە لەیەکەیەکی سەرەکی زمانەوانی... (٣). کەوابێ گەڕان بەدووی چۆنیەتی دروستبوونی ستروکتوری زمانا و ستروکتورە سیمیۆلۆژەکەی بۆتە هۆی ئەوەی دەسەڵات لە لێکۆڵینەوەکانی (تشۆمسکی) و (سۆسێر) وەرگرێ، لەبەر ئەوەی تێزەکانی ئەوان زێتر دەچێتە ژێر خانەی زانستی زمانەوە بەتەنێ و کەمتریش ڕەخنەی ئەدەبی توانیویەتی سوودیان لێوەربگرێ. چونکە بایەخدان بە ستروکتوری ناوەوەی تێکست بەتەنێ لە ڕووی زمانەوانییەوە کێشەیەکی زۆری لەبەردەم مانادا دروستکردوە، بەڵام ئەم کێشەیە توانراوە تاڕادەیەك لەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەدا چارەسەربکرێ کە لەو بارەیەوە دەکرێن، ئەویش بەهۆی بایەخدان بە مەسەلەی فاکتەری دەرەکییەوە کە بایەخی خۆی لە پێکهێنانی (مانا و نیشانە)دا هەیە و شانبەشانی ئەوی بە بەرهەمهێنەری تێکست "خود" دادەنرێ، ئەویش جێگای ئاوڕدانەوەیە لەو کارە ئەدەبیەدا. واتە ناشێ بەجێگیری تەماشای مانا بکرێ و تا ئەو تێکستە بدرێتە بەر کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی جیاجیا و کۆمەڵێ سەرچاوەی زانستی جۆراوجۆر، ئەو کاتە مانا زێتر لەو تێکستەدا ئاشکرادەبێ.

## زمانی تێکست:

پشکنین و لێکۆڵینەوە لەزمانی تێکست بایەخی سەرەکی ووتاری ڕەخنەییە و مشتومڕی بەردەوامی ئەم ئێستای زۆربەی ئاراستەکانی ڕەخنەی ئەدەبیە. کەوابێ مێژووی ئەو مشتومڕە شتێکی زۆر کۆن نیە و بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە باس و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەمەڕ ئەدەب هاتۆتە ئاراوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە "زمان" بابەتی سەرەکی و بناغەیی نەبووە لەلای ئەدەب دۆستان. بێگومان ئەوەشیان زیانێکی زۆری لەو کارە ئەدەبیانە داوە کە باس و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییان بۆکراوە، چونکە زمان لە هەموو تێکستێکدا جۆرە شێواز و دۆخێك دەگرێتەبەر، ئەو شێواز و دۆخەش لەو تێکستەدا تا کۆتایی لەسەر هەمان ئاست و ڕیتمی فۆنۆلۆژی و سیمیۆلۆژی و تەنانەت دەروونی و ئایدیۆلۆژیش ناڕوات کە جێگای سەرنجی زۆربەی ئەو توێژینەوە ڕەخنەیی و ئەدەبیانە نەبووە. هۆکاری ئەو جێگۆڕییەش کە دێتە سەر "زمان"، پێدەچێ ڕەنگدانەوەی ئەوەبێ کە تێکست خۆی لەخۆیدا بەرهەمێکی زمانەوانی و زهنییە لەلایەك و لەلایەکی دیشەوە خودی "زمان" لەخودی هەموو تێکستێکدا هەمیشە و بەردەوام لەگەشەکردن و گۆڕانێکی بێکۆنترۆڵدایە، کە ئەورۆ

شایانی ئەوەیە باس و توێژینەوەی زۆر لەوە فراوانتری بۆ بکرێ . ئەگەرچی زمان بە تەنێ بەرپرسیار نیە لەو شێوازەکارییەی دێتە سەر " تێکست " یاخود پرۆسەی پەرەسەندنی " تێکست " ، چونکە خودی " تێکست "یش چێژی خۆی لەو شێوازەکارییە وەردەگرێ .

دەشێ زۆربەی ئەو کێشانەی لەبەردەم کاری ڕەخنەییمان‌دا قووت دەبنەوە بە فەرامۆشکردنی پۆلی زانستی زمانەوە (علم اللغة) ببەستینەوە . واتە پەراوێزکراوترین پۆلی زانستی ، چ بە نووسین و چ بە خوێندنەوە ، لەنێوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکەدا بریتی‌یە لە زمانەوانی ( الالسنية ) . لەکاتێکدا ئەم بەشە لە زانست توانیویەتی کۆمەڵێ بابەتی فیکری و فەلسەفی جیاجیا بخاتەڕوو کە ئاستی ڕۆشنبیریی ئێمە پێی ئاشنا نیە ، چونکە ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی لەمەڕ کارە ئەدەبی و شیعرییەکانمان لەئارادان زۆر لەو باس و لێکۆڵینەوە زمانەوانییانەوە (الالسنية) دوورن کە بواری ڕەخنەییان تەنیوەتەوە *. ئەو بایەخەش کە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان بەخۆوەیان گرتووە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٦، واتە ساڵی چاپکردنی کتێبی " هەندێ لێکتسیە- محاضرة- دەربارەی زمانەوانی - الالسنية -" کە بریتی‌یە لەسەرجەمی ئەو لێکتسیانەی زمانەوانی بەناوبانگ ( فردیناند سۆسێر ) لە زانکۆی ژنێف ووتویەتیەوە . بێگومان ئاراستەکانی زمانەوانی بەتەنێ بەو لێکۆڵینەوانەی (سۆسێر) ەوە نابەسترێنەوە ، بەپێی ئەوەی زمانەوانی (الالسنية ) توانیویەتی بچێتە نێو کۆمەڵێ پۆلی زانستی دی وەکو ئەنترۆپۆلۆژیا ، سۆسیۆلۆژیا ، شیکردنەوەی دەروونی‌یەوە . ئەگەرچی زمانەوانی هاوچەرخی بەناوبانگ ( ئەندرێ مارتینیە ) نارەزایی خۆی بەرامبەر بەهەندێ لە کۆششی سترۆکتورالیستەکان سەبارەت بە نزیکردنەوەی زمانەوانی لە شیکردنەوەی دەروونی دەردەبڕێ ، بۆ نموونە کۆششەکانی (جاك لاكان ) ، چونکە بەڕای ( ئەو ) هیچ جۆرە پێوەندییەك لەنێوان زمانەوانی‌و شیکردنەوەی دەروونی‌دا نیە . هەروەها (ئەو) زۆر لەسەرتاوە لە نووسینەکانی‌دا ئەوەی دەربڕیوە کە سترۆکتورالیستەکان پێش ئەوەی سترۆکتورالیست بن زمانەوان نەبوون . ئەمە سەرباری ئەوەی (ئەوان ) هەمیشە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا مێژوویان ڕەتکردۆتەوە ، کە ئەمەش بەڕای ( ئەندرێ مارتینیە ) لەکۆتاییدا بەرەو دۆگمای بردوون .

لێرەدا نامانەوێ لەمشتومڕی نێوان سترۆکتورالیزم و زمانەوانی بدوێین ، چونکە ئەو کاتە دەبێ لە کێشەی نێوان ئاراستە جیاوازەکانی تێزی زمانەوانەکان بدوێین کە تارادەیەك ئەوەیان زیاد لەپێویست لە باسەکەمان دوورمان دەخاتەوە . بەڵکو بەزۆری دەمانەوێ بەدوی ئەو وەزیفەیەدا بگەڕێین کە " زمان " لەخودی " تێکست "دا دەیگرێتە خۆی . هەروەها دوورنە کەوتنەوەش لەو سترۆکتورە کۆمەڵایەتیەی " زمان " (هەروەکو سۆسێر لە زۆربەی باسەکانی‌دا جەغدی لێدەکات) ، چونکە هەر زمانە تێکست بەرهەم‌دێنێ و سەرپەرشتیشی دەکات . ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی دیشەوە ئەوی بەردەوامی نەشونمای زمان زامن‌دەکات ، لەخودی خۆیدا دەکەوێتە سەر ئەستۆی تێکست .

کەوابێ ئەو شێوازەکاری و جێگۆڕکییەی زمان دەیگرێتە خۆ ، دەشێ ئەنجامێکی لۆژیکی بێت لە پرۆسەی داهێنانی هەموو تێکست و ووتارێکی ئەدەبی‌و شیعریدا . هەروەها پێدەچێ فەرامۆشکردنی ئەم خاڵە- شان بە شانی ئەو دوولایەنەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە - بابەتی ئەم ئێستای زۆربەی باس و لێکدانەوە ڕەخنەییەکان بن . ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە ، خودی "زمان"یش لەدووتوێ هەموو تێکست و ووتارێکی ئەدەبی‌دا بەبێ

---

* ئەوەی ڕاستی بێت ، لەزۆربەی وولاتانی تەوەر(محيط ) سیستەمێکی زانستی ئەوتۆ لەمەڕ خوێندنی چ زمانی نیشتمانی و چ زمانی بێگانە بەڕێوەناکرێ . بۆ نموونە ، لە قوتابخانە و لە قۆناغی سەرەتاییدا ، لەخوێندنی چ زمانی دایکی و چ زمانی بێگانەدا ، سیستەمێکی نازانستی و دواکەوتوو و شۆفێنیستانە بەڕێوە دەکرێ و قوتابی تاکو تەواوکردنی خوێندنی باڵاش نە لەبارەی گراماتیکی زمانی دایکەوە و نە لەبارەی گراماتیکی زمانی بێگانەوە ناتوانێ شتێکی ئەوتۆ گەڵاڵەبکات . جا قوتابی کوردی کەساسیش لەو وولاتانەدا کە تارادەیەك دان بەبوونی زمانی کوردیدا دەنرێ ، دیسانەوە زۆر بە شێوازێکی سانسۆری و شۆفێنیستانە ئەو زمانە کوردییە دەخوێنن کە تا کاتی خوێندنەوەش کاریگەری بەسەریانەوە دەبێ . هەروەها ئەو شێواندنە بەتەنێ بواری زمان ناگرێتەوە ، بەڵکو بواری " ئەدەب " یش . جا ئەوەشمان بەباشی بۆ دەردەکەوێ کاتی بڕوانینە پەرتوکەکانی دەستووری زمانی کوردی و بەشی ئەدەبی لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی عیراقدا . ئەمە سەرباری ئەوەی زمانی بێگانەش هەمیشە بۆجوونێکی ئەوتۆی دەخرێتەپاڵ کە زمانی کۆلۆنیالیە .

یەك و دوو بنج بەست دەبێ بە مەسەلەی دەوڵەمەندی زمانەوە . کەواتە توانا و ئاستی فەرهەنگی و فۆنۆلۆژی و زمانەوانی هەموو زمانێك بایەخ و گرنگی خۆی هەیە ، ئەمەش نەکو بەتەنێ لە نووسین و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی‌دا ، بەڵکو لە خودی میکانیزمی " دەربڕین "یشدا . لەو بارەیەوە ڕەخنەگر و نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسی ( ڕۆلان بارت ) دەڵێ : " ئەوە زمانە کە لەجیاتی نووسەر قسەدەکات "( ٤ ) . واتە نووسەر وەدووی زمان دەکەوێ و زمانیش نووسەر وەرێوەدەبات ، هەر کێشە و کەموکوڕیەکیش لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا ، واتە زمان و نووسەر ، ڕوودەدات ، بێگومان تەگەرە بۆ تێکست دروست دەکات. بۆ نموونە ، کاتێ دێینە سەر ئەزموونی زمانی فەڕەنسی لە بۆلی ئەدەبیدا ، دەبینین ئەوەی ئەو زمانە ، بەتایبەت لەو پۆلە زانستیەدا ، بەرهەمی هێناوە ، بە بەراورد لەگەڵ پۆلە زانستیەکانی دی ، ئەگەربێت و بەراورد بکرێ لەگەڵ زمانە هاوشانەکانی خۆیدا ( واتە ئەو گروپەی زمانی فەڕەنسی لەژێریدا پۆل دەکرێ ) و ئەو زمانەی لەژێر خانەی گروپێکی دیدان ، ئەوا هەست بەجیاوازیەکی زۆر دەکرێ * . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە تێکستی ئەدەبی یاخود ووتارێکی شیعری ناتوانرێ لەڕووی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژی و پێکهاتنی ڕێزمانیەوە لەلایەن زمانی ئەڵمانیەوە (ئیستیعاب) بکرێ. چونکە ئەوەیان بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ئەوەی زمانی ئەڵمانی لەبواری زانستە جیاجیاکان‌دا بەگشتی و بواری ئەدەبی و شیعری و فەلسەفی‌دا بەتایبەتی هاوردوبەتیەکایەوە کەمتر نیە لەوەی لە زمانەکانی‌دیدا یاخود لەزمانی فەڕەنسی‌دا بەتایبەتی هێنراوەتەکایەوە ، بەڵام تایبەتمەندیەکە لەوەدایە کە هەموو زمانێك توانا و دەسەڵاتی خۆی هەیە و خاوەنی‌داهێنانی خۆیەتی لەپۆلێ لە پۆلە زانستیەکاندا ، هەروەها سەرهەڵدانی هەموو ووتارێك دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ چەمك و زاراوەی ئەوتۆ ، کە ماوەیەکی زۆری دەوێ تاکو ئەو چەمك و زاراوانە چ بتوانن خۆ بگەیەننە نێو پۆلە زانستیەکان و چ بتوانن جێگا لەنێو زمانە جیاجیاکاندا خۆش بکەنەوە . هەر لەبەر ئەوەیشە تا ماوەیەکی زۆر ئاڕاستەی ڕەخنەی سترۆکتورالیستی‌و تێزەکانی سیمیۆلۆژە فەرەنسییەکان نەیدەتوانی لەلای نووسەر و ڕووناکبیرانی ئەڵمان و ئەنگلۆسکسۆنی جێگای خۆی بکاتەوە و کێشەیەکی زۆری لەڕووی ڕێڕەوی یاخود فیکرییەوە دەهاتە بەردەم ، ئەمەش بەهۆی ئەو تازەگەرییەی لە شێوازی دەربڕین و لێکۆڵینەوە لەگەڵ خۆیان هاوردبوویان.

بەرای ئێمە هەر ئەوەیشە بەزۆری چڕکراوەی جەنگی بەردەوامی زاراوە و فەرهەنگی نێو زۆربەی ئاستە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژئاوا . ئەگەرچی نامانەوێ لە چەقی باسەکە دەربەڕین و بکەوینە باسکردنی کۆمەڵێ کێشەی لاوەکی (لاوەکی لەچاو ئەم باسەدا ) ، هەر بۆ ئەو مەبەستە جارێکی دی دەگەڕێینەوە سەر ناواخنی تێکست و پەیوەندی بەخودی زمانەوە کە دەشێ بەم شێوەیە زێتر لەو ووتارە ئەدەبی و شیعرییە و زمانەکەی نزیك بینەوە ..

ئەوەی سەبارەت بە تێکستی شیعری و زمانی ئەو تێکستەش لای " وەرگر " یاخود " خوێنەر " ئاشکرایە ، ئەوەیە کە " زمان " ڕۆڵێکی سەرەکی لەدامەزراندنی فەزای گشتی‌ی ئەو تێکستەدا دەبینێ ، جگە لەوە شاعیر خۆیشی ڕۆڵی تایبەتی دەبینێ لەیاریکردن بەزمان بۆ زێتر ڕازاندنەوە و گۆڕانی پەرەگرافەکانی ئەو تێکستە لەزۆر ڕووی ئیستاتیکی و فەلسەفیەوە. . . ، بەڵام ئەگەر بە ناو هەموو کون و قوژبنێکی تێکستی شیعریدا بگەڕێین ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە تێکستی شیعری و تەنانەت زمانە شیعرییەکەشی زۆر نهێنی تیدایە کە ڕەنگە بەئاسانی نەتوانرێ بەزۆر ڕێڕەوی تیۆری ئەو ئاخنراو و شاراوانەی زمان توانیویەتی بونیادیان‌بنێ و نیشتەجێیان بکات لەدووتوێی ئەو تێکستەدا ، بدۆزرێنەوە و دیاری‌بکرێن .

---

* بۆ ئاگاداری زمانی فەڕەنسی ، کە بەیەکێ لە زمانە هیندۆئەورووپیەکان دەژمێردرێ ، دەچێتە ژێر گرووپی " زمانە ڕۆمانیەکان "ەوە ، کە بێجگە لە فەڕەنسی زمانی ئیسپانی و ئیتالی و پۆرتوگالی . . . هتد دەگرێتەوە . ئەگەرچی زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و سوێدی و دانمارکی‌و . . . هتد هەن کە دەچنە ژێر خانەی گرووپی زمانە جێرمانیەکانەوە (گێرمانی) ، بەڵام زمانی کوردی دیسانەوە بە زمانی هیندۆ ئەورووپی دادەنرێ و دەچێتە ژێر خانەی گرووپی زمانە ئێرانیەکانەوە .

* ئەوەی ئاشکرایە ، زۆربەی نووسەر و ڕووناکبیرانی ئەنگلۆسکسۆنی تاماوەیەکی زۆر توانای خۆیان ئاڕاستەی ڕەخنەی سترۆکتورالیستی دەکرد و زۆربەی باس و لێکۆڵینەوەکانیان ڕەتدەکردەوە ، ئەمەش بەزۆری لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژی‌و سیاسییەوە بوو تا ڕوانگەی فەلسەفی و ئەدەبی . ئەگەرچی لە هەمان کاتدا هەمان ئەو تێزانە توانیان زۆر بەئاسانی جێگای خۆیان لەلای ڕووناکبیرانی ئەڵمان و ئیتالیا و ئیسپانیا بکەنەوە ، کە ئەوەیان جێی تێڕامان و لێخوردبوونەوەیە ! .

لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە لەو بارەیەوە لەو پرسیارە ئەپستمۆلۆژییەوە وەسەرەتابێین کە لەلایەک فەرامۆشکراوە و لەلایەکی دیشەوە کاتێ جارنەجاری باسیشی لێوەدەکرێ بەشێوەیەکی زۆر نازانستی و بێ تواناyانەوە ئاوڕیلێدەدرێتەوە ، ئەویش بریتییە لە : شیعر چییە ؟ تێکستی شیعری چییە ؟.

بۆ ئەو مەبەستە بەپێویستی دەزانین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم بگەڕێینەوە لای ( ڕۆمان جاکۆبسۆن ) کە بە یەکێ لە زمانەوانە بەناوبانگەکانی بازنەی براگ دادەنرێ و لەنێو پسپۆڕانی تیۆری ڕەخنەیی و بەشە جیاوازەکانی زانستی زمانەوانیدا وا لەقەڵەم دەدرێ کە توانیویەتی دیراسەی ستروکتوری ڕێزمانی (نحوي) زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بکات . جا ئەو دەڵێ ئەم چەمکە (واتە شیعر) ئەگەر بمانەوێ دیاری بکەین ، دەبێ لەگەڵ ئەوەی شیعر نییە یاخود بە شیعر نازمێردرێ "دانانرێ" بەراوردبکرێ !. کەوابێ لێرەدا (جاکۆبسۆن) جیاوازی دەخاتە نێو بوونی دووجۆر "شیعر"ەوە : ئەوی بە شیعر دادەنرێ و ئەوی بە شیعر دانانرێ. بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێ ئەگەر بڕوانینە لیستەی بابەتی شیعریی سەردەمی کلاسیك یاخود ڕۆمانتیکیەت ، دەبینین هەمیشە پێکهاتوون لە چەند واژەیەکی شیعری دیاریکراو و ناسراو، وەکو مانگ ، بولبول ، دەریا ، کۆشك . . . هتد (٥) .بێگومان ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی شیعری لەو سەردەمەدا سەبارەت بە بەکارهێنانی ووشە و دامەزراندنی فەزای شیعری دیاریکراو و سنووردار بووە .بەلآم ئەمە بەو مانایە نییە کە فەزای شیعری ئەو سەردەمە بێنین و بەو تەکنیکەی شیعری هاوچەرخ پێی گەیشتووە ،بەراوردیکەین . چونکە ئاشکرایە کە گەیشتنی شیعری هاوچەرخ بەو ئاستە جوانکاری و زمانەوانییە ، ئەنجامێکی لۆژیکی ئەو شارستانیەتەیە کە ئەوڕۆکە ئەزموونی شیعری تێیدا دەژی . ئەگەرچی (جاکۆبسۆن) لەشوێنێکی دی هەمان سەرچاوەدا ئەوە دیاریدەکات کە ناوەڕۆکی چەمکی " شیعر " جێگیر نییە و بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن دەگۆڕێتەوە ، بەلآم وەزیفەی شیعر - Poetieite - وەکو ئەوەی کە فۆرمالیستەکانی ڕووس دیارییان کردووە ، ڕەگەزێکی جیا و تایبەتە ، ڕەگەزێك کە ناتوانرێ بەشێوەیەکی میکانیزمانە بۆ ڕەگەزی دی جودابکرێتەوە (٦) .


تا ماوەیەکی زۆر ئەم لێکدانەوەیەی (جاکۆبسۆن) سەبارەت بە تایبەتێتی ڕەگەزی شیعری ببووە خاڵی مشتومڕ لەنێوان ڕەخنەگر و ئەدەب دۆستاندا ، هەر لەبەر ئەوەشە ڕەخنەگری ئینگلیزی (ڕۆبرت شۆڵز) لەکتێبی (ستروکتورالیزم لە ئەدەبدا) جارێکی دی دەگەڕێتەوە سەر ئەو جەدەلە ـ واتە جەدەلی زمانی شیعری لە تێکستی ئەدەبی و شیعریدا ـ . ئەو هەر لەسەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی ئەوە دەکات کە ئەو زمانەی لەشیعردا بەکاردەهێنرێ لەزمانی ئاسایی (اعتیادی) جیاوازە و بەلادان لەزمانی ئاسایشی ناودەنێ . کەواتە (شۆڵز) دەیەوێ زمانی دەربڕین لە زمانی ڕۆژانە یاخود زمانی ئاسایی جیابکاتەوە ، سەرباری ئەوەش ئەو زمانەی لەتێکستی شیعریدا بەکاردەهێنرێ لە سەرجەمی ئەو زمانانە جودادەکاتەوە کە لەپۆلی ئەدەبیدا هەن . هەروەها ڕای خۆی سەبارەت بەپێوەندی نێوان وەزیفەی شیعری زمان و وەزیفەکانی دی زمان جووتدەکا لەگەڵ ڕای (جاکۆبسۆن)دا لەوبارەیەوە . کەواتە بەو پەسەندکردنە جەغد لەو تێزە دەکات کە (جاکۆبسۆن) لە یەکێ لەپەرتووکەکانیدا بەنێوی " شێوازە لەزمانەدا" خستوویەتەڕوو کە گوایە شیعر زمانی تایبەتی خۆی هەیە و ئەگەر بێت و هەندێ لەڕەخنەگران گومان لەوە بکەن زمانەوانی ناتوانێ پۆلی شیعری بگرێتەوە ، ئەوا " من لەو بڕوایەدام کە توانای شیعری هەندێ لەزمانەوانان تووشی شێواندن بووە (٢) .

کەوابێ (جاکۆبسۆن) بایەخی سەرەکی دەداتە مەسەلەی وەزیفەی شیعری زمان و ڕەخنەش لەو زمانەوانە دەگرێ کە تاکو ئێستا نەیانتوانیوە بەپێی پێویست ئاوڕ لەو وەزیفەیە بدەنەوە کە زمان لەتێکستی شیعریدا دەیگرێتە خۆی . بێگومان بشتگوێخستنی مەسەلەی وەزیفەی زمان و بایەخنەدان بەو ڕۆڵ و دۆخەی زمان لەتێکستی ئەدەبی یاخود شیعریدا دەیگرێتە خۆی کێشەی ئەم ئێستای زۆربەی ڕێڕەوە ڕەخنەییە ئەدەبییەکانە و نەنانەت بایەخی بەردەوامی خودی دیراساتیزمانەوانیشە . چونکە کاری ڕەخنەگریش جارێکی دی هەر زمان دەکاتە ئامرازی زاڵبوون بەسەر داهێنانەکاندا و لەکاتی بێتوانایی زاڵبوون و دەسەلآت نەشکاندنەوە بەسەر بابەتێکی ڕەخنەییدا ، زۆربەی ئەو کێشانەی لەبەردەم ئەو تێکستە ڕەخنەییەدا قووت دەبنەوە ، جارێکی دی هەوڵدەدرێ بەڕێگای زمان چارەسەر بکرێ ، ئەگەرچی ئەمەیان شتێکی ئاشکرایە سەبارەت بە بابەتە ڕەخنەییەکان.

لێرەدا بۆ دوورنەکەوتنەوە لە کرۆکی باسەکەمان و بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو بارودۆخەی زمان لەبابەتی

شیعری و ئەدەبیدا بەخۆوەی دەگرێ. دەگەڕێینەوە ئامێزی ئەوەی شێوازناسی فەرەنسی بەناوبانگ (بێر جیرۆ) لەم بوارەدا ڕوونی‌کردۆتەوە، بەتایبەت لەمەڕ وەزیفەی شیعریی زمان و ئەوەی لەمەڕ ناواخنی تێکستی شیعری لە ڕووی شێوازەکاری و ڕەوانبێژییەوە (البلاغة) ووروژاندویەتی.

لەو ئاوردانەوەیەمان لە بۆچوونەکانی (بێر جیرۆ)دا دەبینین کە "ئەو" جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوەی وەزیفەی شیعری زمان جیادەکاتەوە بریتی‌یە لەئامانج و بوونی ئەوەی ئەو "نامە" یە هەڵگریەتی. هەروەها "وەزیفەی زمان" یش لەلای (بێر جیرۆ) بریتی‌یە لە "گەیاندن"، ئەو "گەیاندن" ەش هەردوو لایەنی نووسەر "نێرەر" و خوێنەر "وەرگر" لەنێو خۆیاندا بونیادی دەنێن. بۆ زێتر ڕوونکردنەوە بەپێویستی دەزانین ئەو پێوەندیە بەم هێڵکارییەی خوارەوە نیشان بدەین: (٨)




هەرچەندە ئەوەی لەم هێڵکارییەی (بێر جیرۆ)دا بەدی‌دەکرێ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوەدا نیە کە (گریماس) بۆ هەمان مەبەست دایهێناوە، بەلام (بێر جیرۆ) زێتر هەوڵی ئەوەی داوە "نامە" یاخود تێکست لەڕووی شێوازناسییەوە (الاسلوبیة) لێکبدرێتەوەوەرختەنەشی ئاراستەی (جاکۆبسۆن) کردووە کە ووشەی شێوازناسی (الاسلوبیة) بەکارنەهاوردووە (٩).

ئەوەی لێرەدا جێگای باس و یادکردنەوەیە، زۆربەی بۆچوونەکانی (جاکۆبسۆن)، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە سالانی بیستەکاندا نووسراوە، لەسالانی شەستەکاندا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە. هەروەها تێزەکانی (جاکۆبسۆن) شان بەشانی تێزەکانی زمانەوانەکانی فوتابخانەی براگ- شکۆلۆفسکی و توماشفسکی - لە پۆلی ئەدەبیدا، بابەتی سەرەکیان هەبووە، ئەمە لەکاتێکدا کە هێشتا بابەتی زمانەوانی لەمەڕ شیعر و بابەتە ئەدەبیە سەردییەکانی دی لەلاوازیدا بوونە. بەلام ئەوەبوو پاشان ڕوونکردنەوەکانی وان بووە بەردی بناغە بۆ ئەوانی پاش خۆیان، وەک (جان کۆهن) و (ساموێل لۆڤان) و (نورثرۆپ) و (ئەمبیرتۆ ئیکۆ) و (ڕولان بارت) و (جیرار جینیت) و... هتد.

جارێکی دی دەگەڕێینەوە نێو باسەکەمان و دەچینە سەر ئەو پرسیارەی خستمانە ڕوو، واتە تێکستی شیعری چی‌یە؟ بەمەرجی تێبینیکردنی ئەوەی هەموو تێکستێک توانا و بنەمای زمانەوانی و لۆژیکی خۆی هەیە. بۆ زێتر ناسینەوەی تێکست، بەتایبەتی تێکستی شیعری (لێرەدا بەپێویستی نازانین لە مەسەلەی شیعرییەت و شیعربیەتی تێکست بدوێین)، دەبێ لە فەزای ئەو داهێنانە شیعرییە بگەین و لەو "زمان" ەش بگەین کە توانراوە لەو تێکستە شیعرییەدا نیشتەجێ‌بکرێ. چونکە زمان کەرەستەیەکی سەرەکی ووتاری شیعرییە و ئەگەرچی ئەو ستروکتورە زمانەوانییەی ناواخنی ئەو تێکستە شیعرییە جلەو دەکات هەمیشە لە گەشەکردن و بوژاندنەوەدایە، بەلام دەبینین ئەو گۆڕان و گەشەکردنە لەخودی تێکستی شیعری دا لەلای کەسێکی وەکو (م. ریڤاتێر) بەوە لە قەلەم دەدری کە هەمیشە فاکتەرێکی جێگیر هەیە ناشێ بگۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە شیعر شتێ دەڵێ و شتێکی دی مەبەستە (١٠). ئاشکرایە ئەم بۆچوونانە (واتە گومڕایی ناواخنی تێکست و جێگۆڕکێی زمان لە تێکستدا) لەزۆر ڕووەوە دەمان بەنەوە ئامێزی تێزەکانی (میخائیل باختین) کە هەموو تێکستێک خاوەنی چەند دەنگێ یاخود چەند دەنگێکی ناواخنی ڕاگرتووە کە پاشان هەمان تێز توانراوە لەلایەن ستروکتورالیستەکانەوە (سەربارەی ئەوەی فۆرمالیستەکانی ڕووس لەم بارەیەوە هاوردویانەتەکایەوە) سوودی لێ‌وەربگیردرێ بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ شیعرییەتی تێکست. هەروەها توانراوە لەڕوانگەی تێکستەزانییەوە چاکتر و فراوانتر پەرەی پێبدری و ناوی چوونە نێو یەکدی تێکستی (التناصية Intertextualite) لێ‌بنرێ، بەو واتایەی کە هەموو تێکستێک تێکستێکی دی لە ئامێزی خۆیدا حەشاردەدات، یاخود هەموو تێکستێک لەبەر ڕۆشنایی تێکستێکی دیدا دەنووسرێتەوە. ئەوەبوو ئەو لێکدانەوە و باسانە لەو ئاستەدا و بەو جۆرە توانیان بەبارمەتی ئاراستەی ڕەخنەی زمانەوانی و تێکستەزانی، بابەتی زمانەوانی لە ئەدەب نزیک بکەنەوە، یاخود خودی زانستی زمان بلکێنن بە ئەدەبەوە. ئەمە

هەواڵنامەی کتێب

لەکاتێکدا کە زۆربەی زمانەوانان لەوەوبەر - بۆ نموونە ، ( بلۆمفیلد ) و (تشۆمسکی ) و (دی سۆسێر)و. .هتد- خۆیان لە جەدەلی ئەدەب و زمان دوورخستبووەوە و لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانیان دوورەپەرێزکردبوو لەو پەرەسەندنەی لەپۆلی ئەدەبیدا رووی‌دەدا .

بەشێوەیەکی گشتی ، مەسەلەی پەرەسەندنی نزیکبوونەوەی دیراساتی زمانەوانی لەئەدەب پابەندە بە دوورکەوتنەوەی خودی زانستی زمانەوانی لەو میکانیزمەی بۆ ماوەیەکی زۆر داگیری‌کردبوو، هەروەها ئەوەی لە ساڵانی دوای بیستەکاندا تووشی زانستی دەروونناسی هاتبوو ، واتە لەو کاتەدا کە شیکردنەوەی دەروونی بەتەنێ لە هەندێ کاری ئەکلینکی (عیادی) رووتـدا بەندکرابوو، بەڵام ئەوەبوو پاشان توانرا لەسەر دەستی (جاك لاکان ) لەدیراساتی زمانەوانی نزیك بکرێتەوە و کۆمەڵێ چەمك و زاراوەی سایکۆلۆژی نوێ لەو پۆلەدا بهێنرێتەکایەوە .

کەوابێ دیاردەی سەرهەڵدانی رەخنەی سیمیۆلۆژی و شێوازەناسی توانیوەتی زۆر کێشەی لەیادچووی هەریەك لەپۆلی ئەدەبی و زمانەوانی چارەسەربکات. بێگومان چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش رەنگدانەوەی خۆی لەبواری رەخنەی ئەدەبی و شیعری‌دا هەیە . سەرەرای ئەوەی کە ئەمرۆ رەخنەی سیمیۆلۆژی و هێماناسی سنووری دیاریکراوی خۆیان دەربازکردووەو بەرەو هەندێ لە پۆلە زانستییەکانی دی وەکو ئەنترۆپۆلۆژیا و فەلسەفە و مێژوو و ئایینناسی و. . .هتد هەنگاویان‌ناوە. بێگومان ئەمەش جەغد لەسەر توانای زانستی تێزە زمانەوانی و سیمیۆلۆژییەکان دەکات بۆ جێگای خۆکردنەوە لەنێو ئەو پۆلە زانستیانەدا .

### لەسترۆکتورەوە بۆ زناکی تێکست :

ئاوڕدانەوە لەلایەنی رێزمانی و سیمانتیکی تێکست، بەهەندێ ئاوڕدانەوەی دەرەنگی سترۆکتورالیستەکان ، لە رووی زمانەوانیەوە ، دەژمێردرێ. هەروەها سیستەمی هێما (رمز) و زناك (علامة) کە پابەندە بە سیستەمی رێزمانی و مۆرفۆلۆژییەوە ، پێوەندییەکی راستەوخۆی بە هەندێ لایەنی ویژدانی و دەروونی و ئیستاتیکی شاعیرەوە (یاخود ئەو نێرەرە شیعرییە) هەیە کە ناشێ بە تەنیا بەو ستروکتۆرە زمانەوانیەوە ببەسترێتەوە کە ئەو تێکستە شیعرییەی راگرتووە. چونکە زۆرلایەنی دی هەن کە پەنهانن لەو تێکستە شیعرییەدا و ناتوانرێ بەتەنێ بەلایەنە زمانەوانیەکەی ئاشکرابکرێ . بەتایبەت کە هەموو شاعیرێك ( یاخود نێرەرێکی شیعری ) شێوازی زمانەوانی جیاوازی خۆی هەیە لەرۆچوونە نێو شتەکان و هەوڵدانی بەخشینی مانا و زناکی جیاجیا پێیان، کە بەرای ئێمە هەر ئەویشە تایبەتمەندی و جیاوازی نێو ئەو نێرەرە شیعرییانە .

هەروەها ئەگەر بێت و لەسەر هەندێ ئاستی دی تێبینی سەرنجەکانی رەخنەی سیمیۆلۆژی و ئەو گۆرانکاریانە بکەین کە هاتوونەتە سەر خودی کاری لێکدانەوەی ووتاری رەخنەی ئەدەبی و رەخنەی‌زمانەوانی ئەدەب، دەبینین کاریگەرێکی زۆری کردۆتە سەر تێرامان و گەیشتن لە مەسەلەی شیعرییەتی تێکست و بەجۆرێکی دی بایەخ و گرنگی بۆ هەندی لایەنی‌دی تێکستی شیعری گەراندۆتەوە کە لەسەر دەستی رێبازە رەخنەییەکانی دی بەو جۆرە نەخرابێتنەروو . لەوانە مەسەلەی رەگەزەکانی تێکستی شیعری ( سترۆکتوری هونەری و جوانکاری و رتم و مۆسیقا و وێنەی شیعری و. . .هتد ) کە زۆربەی ئەو رەگەزانەش پێدەچێ مێژوویەکی زۆر کۆنیان لەپۆلی رەخنەی ئەدەبیدا نەبێ . بەڵام ئەو گۆرانکاریانەی هاتوونەتەسەر ووتاری رەخنەیی و فەلسەفی توانیویانە ئاسۆی لێکدانەوە لەو رەگەزانە و لەزۆر رووەوە فراوانتربکەن .لێرەدا بۆ نموونە دەچینە سەر سترۆکتوری ئیستاتیکی لەتێکستی شیعریدا ، کە زۆربەی لێکدانەوە تێکستیەکان (النصیة ) وای بۆ دەچن کە بەشێکی زۆری شیعرییەتی تێکستی شیعری دەگەرێتەوە بۆ لایەنە ئیستاتیکیەکەی. ئەوەتا دەبینین شێوازەناسی فەرەنسی (پێر جیرۆ) سەبارەت بە وەزیفەی ئیستاتیکی هەر نامەیەك جیاوازی لە نێو دوو جۆرە نیشانە (اشارة) و نامەی ئیستاتیکی‌دا دەکات : یەکەمیان رەوانبێژی و ئەوی‌دیان شیعری . رەوانبێژی بریتی‌یە لە کۆی زاراوەیی ، بەڵام نیشانە شیعرییەکان، ئەورۆ هەندێ گریمان و رێرەوی شیکردنەوەیی نوێ بایەخیان بۆ گەراندووەتەوە (11) . ئەگەرچی ئەوەی پێوەندی بە وەزیفەی ئیستاتیکیەوە هەبێ لەووتاری‌رەخنەیدا ناتوانرێ لە رەگەزەکانی دی تێکستی شیعری جودابکرێتەوە ، چونکە هەر هەموو پێکەوە لەشی تێکستی ( یاخود ئەو نێرەرە شیعرییە ) شیعری دروست دەکەن. هەرچەندە ئەزموونی شیعری و قۆناغەکانی پەرەسەندنی شیعرییەت لەلای نێرەر(یاخود شاعیر) ناکۆك وجیاوازە،

بەڵام دوان لە مەسەلەی شیعرییەت و کاریگەری ویش بەسەر پرۆسەی تێکستی شیعری و ئەدەبییەوە هەڵدەگرین بۆ باسێکی سەربەخۆتر .

ئەوەی پەیوەندی بە سترۆکتوری تێکستەوە هەبێ ، ئەوا لە لاپەڕەکانی پێشوودا توانیمان شتێك رۆشنایی بخەینە سەر ناواخنەکانی ئەو سترۆکتورە ، هەروەها جەختیشمان لەسەر ئەوە دەکرد کە یاساغە ئەو سترۆکتورە بەتەنێ لە ناوەوە تەماشابکرێ و ببێتە جێگای تێرامان و لێی خوردبوونەوە لە سیستەمی (هێما و زناك)ی ئەو نێرەرە شیعری و ئەدەبیە . چونکە ئەو سیستەمە لەخۆڕا و خۆ بەخۆ بەرهەم نەهێنراوە ، بەڵکو بونیادی ئەو سیستەمە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیدا هەیە .

ئەگەر بکەوینە ژێر کاریگەری لۆژیکی ئەو ئاراستە رەخنەییانەوە ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە سیستەمی رەخنەییمان پێویستی بە گۆڕین و پێداچوونەوە هەیە ، بە تایبەت تەکنیکی تاکو ئێستای بەرهەمە ئەدەبی و بگرە کارە فیکرییەکانیشمان ، کە زمانی نووسین تێیاندا تەپژاوە و شایانی دەڵەمەندکردن و گەشەپێدانە لە زۆر رووی زمانەوانی و فەلسەفی و ئیستاتیکیەوە . بەڵام پێدەچێ بەتەنێ لاکردنەوە لەمجۆرە باس و لێکدانەوانە بەس نەبێ بۆ دابینکردنی ئەوەی مەبەستە ، بەڵکو سەرباری ئەوەیش دەبێ هەوڵی قەلاچۆکردنی ئەو شێوازە رەخنەییەش بدرێ کە تۆری هەموو ئاست و جۆرێك لەکارە ئەدەبی و فیکرییەکانماندا دەکات . کەوابێ دەبێ هەوڵی بونیادنانی جۆرە چێژێ بدرێ لە خودی ئەو کارانەدا ، جا چ بە نووسین و چ بە خوێندنەوە ، تاکو بتوانن مانا و بەهای راستەقینەی زمانەوانی و ئەپستمۆلۆژی خۆیان بدۆزنەوە . بەڵام چێژێك نەکو ئێمە " نێرەر " لەخودی ئەو تێکستەدا بونیادنەری بین ، بەڵکو ئەو چێژە بەخۆی لەدووتوێیدا بونیادنراوبێ . چونکە هەر چێژە پاشان زێتر متمانە چ بەو نێرەرە و چ بە وەرگری ئەو نێرەرە دەدات ، کە ئێمە لەپرۆسەی نووسیندا کەمتر بایەخ بە کەسی دووەم " وەرگر " دەدەین . لەبەر ئەوەی بە چاوێکی ئەوتۆ دەڕوانینە وەرگر " خوێنەر " وەك بڵێی مەجبوربێ پێشوازی ئەو کارە یاخود تێکستە نێردراوەی ئێمە بکات " یاخود بخوێنێتەوە " . پێمان وایە هەر ئەو چێژەش پاشان بەرەو ئەو رایەمان دەبات کە بڵێین فلانە تێکست بەچێژە و ئەوی دی چێژێکی ئەوتۆی نیە !

کەوابێ " چێژ " یش لەوێڕا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ مەسەلەی ئیستاتیکای جوانی " جوانکاری جوانی"دا نابێ ، واتە پرسیارکردن لەوەی ئایا ئەو شتە خۆی جوانە یاخود جوانیمان داوەتە پاڵی ؟! ئەگەرچی (رۆلان بارت) بەکورتی ئەوەمان دەبڕێنێتەوە ، لەمەر ئەوەی بەچێژەوە نووسرابێ یاخود ئەوەی بەچێژەوە نەنووسرابێ و لەو بارەیەوە دەڵێ " بۆیە سەرنجم راناکێشێ لەخوێندنەوەدا ، چونکە بەچێژەوە نەنووسراوە "(١٢) . بەڵام بێگومان ئەوی (بارت) مەبەستییەتی بەتەنێ تێکستی شیعری یاخود ئەدەبی نیە ، بەڵکو سنووری تێکست تێدەپەڕێنێ بەرەو خودی " نووسین " ، کە دەبێ ئەوەیان ببێتە دیدی ئێمە لەمەر ئەنتۆلۆژیای چێژ .

## پەیوەندی نێوان زاراوە و تێکست :

شیاوی باسە ، کۆمەڵێ ئاراستەی رەخنەی زمانەوانی و سیمیۆلۆژی هەن کە لە ووتاری ئەدەبی و شیعری دەکۆڵنەوە . لێرەدا ئێمە هەوڵی ئەوە نادەین دەرگا لەسەر ئەو ئاراستە رەخنەییانە بکەینەوە ، تاکو لە کێشەی رێڕەوی و تیۆری نێوان ئەو ئاراستە رەخنەییە جیاجیانەدا قووڵ نەبینەوە کە زۆرجار نەك هەر مۆدێلی زمانەوانی بەتەنیا دەکەنە دینگەی باس و لێکۆڵینەوە زمانەوانی و رەوانبێژییەکانیان ،بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ووتاری ئەدەبی یاخود ووتاری شیعریدا ، بەڵکو سەرباری ئەوانەش پەنادەبەنە بەر کۆمەڵێ تێرامانی فەلسەفی و ئەپستمۆلۆژی و دەروونی و . . .هتد ، چونکە بەوە بێگومان تا رادەیەکی زۆر لەمەبەستی سەرەکیمان دووردەکەوینەوە و دەکەوینە ئامێزی کێشەی تیۆری نێوان ئەو ئاقارە رەخنەییانەی بابەتی ئەم ئێستای ئەم سەرووتارەمان نیە * .

ئێمە لێرەدا بۆ دوان لەگیروگرفتی میتۆدی لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانمان و رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵێ تەنگوچەڵەمەی بنەرەتی و سەرەکی کە پەیوەندی بەبارودۆخی رۆشنبیریمان و بنەمای فیکریمانەوە هەیە ، بەپێویستی دەزانین خۆ فرێدەینە نێو باسی پەیوەندی زاراوە بە تێکستەوە ، کە کاریگەرییەکی زۆر بەجێدێڵێ نەك بەتەنیا

---

* لەراستیدا ئێمە لێرەدا کە ئەم دێرە بەکاردێنین ، واتە " بابەتی ئەم ئێستای ئەم سەرووتارەمان نیە " ، بۆ دەربازبوون لە کرۆکی باسەکە یاخود خۆدزینەوە لە لێدوانی نیە ، کە زۆرجار بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەبرێ لەئامێزی نووسیندا .

بەسەر کارە ڕەخنەییەکانمانەوە ، بەڵکو بەسەر سەرتاپای پرۆسەی نووسین و داڕشتنی زمانەوانی و شێوازەی دەربڕینمانەوە .

گومانیە کە ووتاری ڕەخنەیی پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ زانستی زاراوە و ڕێگاکانی شیکردنەوەی ووتاردا هەیە . بێگومان ئەو پێوەندییەش دەکەوێتە بەر ئیستراتیژیەتی ڕاستەوخۆی هەموو ئەو ئامرازە تیۆری و ڕێڕەوییەی ئەو چەمك و زاراوانە بەرهەمدێنن و پاشان لەدووتوێی تێکستدا بەکاریان دێنن . ئەگەرچی ئاوێتەی زاراوە و تێکست ، بە بەراورد لەگەڵ تێکستە سەردییە ئەدەبیەکانی تری وەك ڕۆمان و چیرۆك ،شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێ لەتێکستی شیعریدا .

کرتنە بەرحاوی هەموو مەرجەکانی لەدایکبوونی تیکست، بو کەیشتن لەو بیوەندییە دیالوکییەی لە نیوان زاراوە و تیکستدا دروست دەبی ، کاریکی بیویستە . حونکە لە کوشەنیکای رەخنەی زمانەوانی رووتەوە ناشی بروانریتە ئەو بیوەندییە و ناشی زاراوە بە تەنیا بەبونیادنەری ئەو بنەما تیکستییە دابنری کە هەموو تیکستی لەخودی خویدا هەلکریەتی . کەوابی هەلتەکاندنی بیری رەخنەیی و زاراوەی رەخنەییمان تا ح ئەندازەیەك بتوانی ئاسوی یەرەسەندنی میزوویی و دەلالی (سیمیائی) و بارودوخی خولقاندن و مردنی هەموو زاراوە و دەلالەیەك لەبەرحاو بکری ، ئەوا ئەوەندە زیتر دەتوانی سەرحاوە و بیشینەی ئەو حەمك و زاراوانە لەرووی رەخنەییەوە دیاری بکات .

بەلام لیکولینەوە لە ووشە و زاراوەی دووتویی هەموو تیکستیکدا نابی نەتیا لەرووی لایەنی دەنکیو سیستەمی ریزمانی و سیمیائیەکەیەوە بی ، بەلکو دەبی ئەو دەزکایەش ئاشکرابکری کە ئەو زاراوە و حەمکانە هاوردوویانەتکایەوە ، هەروەها ئەو مانا و دەلالە جوربەجورەی کە داویشیەتی بییان . حونکە بەرەوازانینی خولقاندنی حەمك و زاراوە بریتی‌یە لە رەوازانینی خولقاندنی تیکست . ئەویش بیکومان ئەو نیکەتیقیە لە بروسەی رەخنەییماندا دروست دەکات کە لەمەوبە باسمان لیوە کرد و یەیتایەیتا دەحینەوە سەری .

پێویستە ئاماژەی ئەوەبکرێ کە بوونی هەرجۆرە پەیوەندییەك لەنێوان زاراوە و تێکستدا تەنیا لە بوارە زمانەوانیەکەیدا بەندنابێ ، بەڵکو کاریگەری خۆی بەسەر وەزیفەی هونەری و ئیستاتیکی و مۆسیقا شیعرییەکەشیەوە بەجێ دێڵێ ، کە هەموو ئەوانەش پێکەوە پێوەندییەکی هاوتا لە لەشی تێکستی شیعریدا دروست دەکەن . مەبەستیش لەو هاوتاییە بوونی پارسەنگیەکە لەنێو تێکست و ڕەگەزەکانی‌دا ، بەڵکو زێتر مەبەست لە دەرککردنی ئەو ڕێسایەیە کە تایبەتمەندە بە هەموو تێکستێکی بەرهەمهێنراو لەڕەوتی ئەو پێوەندییەی باسی لێوەکرا ، کە دووبارە ناهاوتایی لەهەناوی خۆیدا حەشاردەدات، ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ تێکستێك هاوتا نیە (١٢).

ئەگەرچی لێکدانەوەی هەندێ لە سیمۆلۆژ و شێوازەناسەکان (الاسلوبین) لەمەڕ تێکستی ئەدەبی و شیعری لەڕووی ڕێڕەوییەوە دووچاری پۆلکردن و دابەشبوونێکی تر بووە ، ئەویشیان جارێکی‌دی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانایەی لەو بنەما تێکستیەدا هەیە لە ڕووی زمانەوانی و ئەپستمۆلۆژی و ئیستاتیکی و هونەرییەوە و ڕێگا لەبەردەم ئەو جۆرە پۆلکردن و لێکدانەوە جۆراوجۆرانە ئاسایی دەکات . بەڵام سەرباری ئەوەش ڕێڕەوی سیمۆلۆژی و ڕێڕەوی سترۆکتورالیستی توانیویانە چەمکی " ڕەخنە " دیاری بکەن و ئاستە جیاوازەکانی‌شیکردنەوەی تێکستی ئەدەبی و شیعری ڕوون بکەنەوە و ڕەگەزە یەکگرتووەکانی هەموو تێکستێك پەرش و بڵاوبکەنەوە،هەروەها ئەو گۆڕانکارییە سەرانسەرییە ڕوونبکەنەوە کە هاتۆتەسەر چەمکی ڕێڕەو لەپۆلی ڕەخنەیی و پۆلی زانستەمرۆڤایەتیەکانا کە ئەویش دەرئەنجامی خۆی ئەو گۆڕانکارییە کە هاتوتە سەر خودی زانستی لێکدانەوە ( Hermeneutique )و زمانناسی و ڕەخنەی ئەدەبی و شیعرناسی (Poetics) . بەواتایەکی‌دی، ئەو زاراوە و چەمکانەی لەپۆلی ڕەخنەییدا بەکاردەهێنرێت ـ کە دەرئەنجامی ئەو ووتارە ئەپستمۆ ـ سیمۆلۆژی و زمانەوانیەیە کە ووتاری ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی هاوردوویەتەکایەوە ـ توانیویانە کۆدەتا لەپرۆسەی بەکارهێنانیان و لەشێوازی داڕشتن و دەربڕینە زمانەوانی و ئیستاتیکیەکەشیاندا بکەن . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە بۆ تێروتەسەلکردنی تێکستی ئەدەبی و شیعری و تەنانەت شێوازی داڕشتنی تێکستە سۆسیۆ ـ مێژوویی و سیاسی و ئابوورییەکانمان پەنابەرینە ئەو ڕێڕەوانە، بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی لەدایکبوون و پرۆسەی‌پەرەسەندنی ئەو دەزگا چەمکی و زاراوەییانەی هاوردوویانەتە بەرهەم. مەبەست ئەوەیە ، دووبارە بەرهەمهێنانی بیری‌ڕەخنەیی و ڕۆشنبیریمان نابێ بریتی‌بێت لە فۆتۆکۆپیکردنی ئەو ئاکامە ڕێڕەوی و تیۆرییەی ووتاری ئەدەبی و شیعری و ووتارەکانی‌تری بوارە زانستیەکانی‌دی تەنیوەتەوە. ئاشکراشە

ئێمەی کورد لەگەڵ کۆمەڵێ ڕێڕەوی ڕەخنەیی و پۆلی زانستیدا مامەڵەدەکەین کە واقیعی لەدایکبوون و پەروەردەبوونیان کوردیانە نیە و پۆلێکی زانستی ئەوتۆ یاخود ڕێبازێکی ڕەخنەیی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نابینینەوە کە کوردی بێ . بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ناتوانین سوود لە ئاکام و دەرئەنجامی ئەو ئاقار و ڕێبازە ڕەخنەییانە وەربگرین و بۆ پێداچوونەوەی لێکدانەوە ڕەخنەییەکانمان و تەنانەت دیدی نووسین و دارشتنیشمان بەکاریان بێنین .

بۆ ئەوەی میکانیزمی ئەو دەسەڵاتە دیاری بکەین کە پاڵپشتی ووشە و زاراوەن لە بنەما و تێکستی شیعری و ئەدەبیدا ، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە فەزای زمانەوانی هەموو تێکستێکی شیعری و ئەدەبی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی گۆڕانی بەسەردا دێ . ئەویش نەوەکو بەتەنیا لەژێر کاریگەری مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژیدا ، بەڵکو سەرەڕای ئەوانیش کۆمەڵێ کاریگەری دی وەکو ڕۆڵی ئیستاتیکی و دەروونی و ڕۆحی و فەلسەفی ڕۆڵی خۆیان دەبینن کە زۆرجار لەژێر سایەی کاریگەرییەکانی دیدا فەرامۆش دەکرێن . کەوابێ هەموو سەردەمێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی چەمك و زاراوەی زمانەوانی و فەرهەنگی خۆیەتی و دەوڵەمەندی و شکستی ئەو دامێنانە " تێکستە " پێوەندییەکی بەتین و ڕاستەوخۆی بەو چرکە زەمەنیەوە هەیە کە ئەو تێکستەی بەرهەمهێناوە . لەبەر ئەوەیشە (جان کۆهین) لەو بارەیەوە دەڵێ هەموو زمانێك لە چرکەیەکی زەمەنیدا هەیە و کاتێ بۆ نموونە باسی شیعری فەرەنسی دەکەین دەبێ ئاگاداری زمانی فەرەنسی بین لەو چەرخەدا *(١٤) .

ئێمە لەو بڕوایەداین ئەوەی پێوەندی بە لۆژیکی ووتاری ڕەخنەییەوە هەیە (بەشێوەیەکی گشتی) لەهەر بەشێك لە بەشەکانی ئەدەبدا ، بەندە بەوەی دەبێ بزانرێت ج جۆرە زاراوە و چەمکێکی تێدا بەکاردەهێنرێ و زۆربە ئاگاییەوە بدرێتە بەر پرۆسەی پشکنین و لێکۆڵینەوەی هەڵوەشاندنەوەیی ، بۆ ئاگابوون و دڵنیابوون لەلایەنی ڕێڕەوی و زانستی ئەو چەمك و زاراوانەی بەکاردەهێنرێت. چونکە زانستی زاراوە (زاراوەناسی) و زانستی نیشانە (نیشانەناسی) و زانستی سیمانتیك * ئەوەمان فێردەکەن کە هەموو چەمك و زاراوەیەکی نێو ووتاری ڕەخنەیی ،بنەمای زمانەوانی و فەلسەفی و ئەپستمۆلۆژی و دەروونی و ئیستاتیکی خۆی هەیە ـ سەرووی ڕووی ئایدیۆلۆژیش کە نابێ فەرامۆش بکرێ ـ کە ڕەنگە ئەوەیان سەبارەت بەڕێڕەوە ڕەخنەییەکانی پێشوو شتێکی ئاشکرا و ناسراو نەبووبێت . ئەمە سەرەڕای دەستکورتی ڕێڕەوی ئەو ئاراستە ڕەخنەییانە لەڕووی بەرهەمهێنانی مانا و دیاریکردنی ئیستراتیژیەتی ماناوە . بێگومان ئەویش سەرجەم بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانرێ ئاستێك بۆ میکانیزمی " نووسین " و " خوێندنەوە " لەلایەن ئەو قوتابخانە ڕەخنەیی و فیکرییانەی پێشووەوە دابنرێ . هەر ئەو ئاستەشە ـ وەکو لەمەوبەر باسمانکرد ـ لەلایەن ڕێڕەوەکانی دییەوە باشتر خراوەتەڕوو و زێتر توانراوە پێوەندی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و کاری نووسین ئاشکرابکات . کەوابێ گرنگی بەتەنێ لەشیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی مەدلولاتی ئەو تێکستە نووسراوەدا نیە ، لەڕووی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە ، بەڵکو لەوانە گرنگتر هەوڵدانی لێکۆڵینەوەیە لە خودی " نوسین " دا وەکو پرۆژەیەکی ڕەخنەیی ، کە ئەمەیان سەختی زێتر لەبەردەم خوێندنەوە " گەیشتن" دا دروست دەکات ، ئەمەش لەبەر ئەو بەرپرسیارییە ئەپستمۆلۆژییەی دەیگرێتەخۆی .

لەلای ئێمە دەمێکە پرۆژەی " نووسین " لەو سەختی و بەرپرسیارییە هەڵهاتووە . بێگومان ئەو هەڵهاتنەشە کە بۆ ناخی زێدەڕۆیی و شەڕەزاراوەیی و سانسۆری بردووە . جێگای ئامازەکردن و بەتێبینی وەرگرتنە ، ئەو بۆچوونە ناکۆك و ناتەبایانەی هەردوو ڕەخنەی سیمیۆلۆژی و ڕەخنەی ئەپستمۆلۆژی لەسەر خودی کاری نووسین و کاری ڕەخنەگری هاوردوویانەتەکایەوە ، دەبوایە بۆ ئاستی بیری ڕۆشنبیری و فیکریی زۆربەی ڕۆشنبیرە ڕەخنەچییەکانمان جێگای ئاوڕدانەوەبێ ، لەبەر ئەو نوێخوازییەی لێوەی بەدیدەکرێ ، کەچی تاکو ئێستا لەلای زۆربەی " ڕەخنەچییەکانمان" هێماو نیشانەن بۆ چەواشەبوون و سەرەڕۆیی . هەرچەندە هەندێ تەنگوچەڵەمەی مەسەلەی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری یاخود پێوەندی نێوان نووسین و ڕەخنە و ئەمجار مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕێباز و ئاقارە ڕەخنەییانەی پێمان دەگەن ، پێوەندی بە کۆمەڵێ کێشەی بنەمایی و بنەڕەتییەوە هەیە کە بۆ بارودۆخی سیاسی و کەلتووری و ئایدیۆلۆژیی نەتەوەی کورد دەگەڕێنەوە، بەڵام بەشێکی زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و تیۆریی نووسەر

* بەپێویستی دەزانین جیاوازی لەنێوان ئەو دوو زانستەدا بکەین کە هەریەکمیان ئەرکی جیاوازیان لەئەستۆیە : زانستی نیشانە (نیشانەناسی ـ علم الاشارة ـ Lasemioloig )و زانستی سیمانتیك ( علم الدلالة ـ La semantique ) .

و شاعیر و ڕەخنەگرانمان کەوا هەر ئەوان جارێکی دی بەرامبەر ئەو ئاستە تراژیدییە بەرپرسیارن کە ڕەخنەی ئەدەبی و شیعریمانی تەنیوەتەوە ( ئەگەر نەڵێین سەرتاپای پرۆسەی " نووسین " ) *.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بمانەوێ ڕەخنەی ئەدەبی یاخود سەرتاپای مومارەسەی ڕەخنەییمان بکەینە دەروێشی ڕێڕەوە ڕۆژئاواییەکان و کۆمەڵێ تایبەتمەندی و خەسڵەتی کوردەواریمان لەیاد بکەین . لەبەر ئەوەی هەموو ووتارێك چ ئەدەبی و چ ڕۆشنبیری و چ مێژوویی- ئەگەرچی هەموو ووتارێك دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژی بەخۆیەوە دەگرێ- یاخود هەر ووتارێکی دی دیاردەی کۆمەڵگا و شارستانیەتی خۆیەتی . کەوابێ بۆ گەیشتن لە بنەما و دیاردەی هەر ووتارێك ، دەبێ پێوەندی بونیادنراو و پێکهاتەی دووتوویی ئەو ووتارە بناسین و ئەو گۆڕانکاریانەش دیاری بکەین کە دێنە سەر پرۆسەی ئەو چەمك و زاراوە بەکارهاتوانەی نێو ئەو ووتار یاخود ووتارانە .

لێرەدا نامانەوێ ئاوا بە پەلە ڕۆچینە نێو باسی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ووتار و جلەوکردنی لەلایەك و پێوەندی ئەو ووتارە (یاخود ووتارانە) بە بونیادیووتاری هەریەك لەو ووتارانە و ئەرکیان لەسەردەمە جیاجیاکاندا لەلایەکی دییەوە، کە بەبڕوای ئێمە فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی ( میشال فۆکۆ) لەم بوارەدا توانیویەتی سەرکەوتنێکی چاك لەسەر شیکردنەوەی ووتار وئاشکراکردنی ئەو بنەما ئەپستمی و ئایدیۆلۆژییە بەدەست بێنێ کە پرۆژە و ووتاری ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی بەخۆیەگرتووەتی .

* ئەوەی دەمانەوێ لەم پەراوێزەدا سەرنجی خوێنەری بەڕێزی بۆ ڕابکێشین ئەوەیە ئاماژە بۆ ئەو قەیرانە بکەین کە لە میتۆدی نەوەك بەتەنیا شیکردنەوە ئەدەبی و شیعرییەکانماندا هەیە ، بەڵکو میتۆدی تاکو ئێستای لێکۆڵینەوە سۆسیۆ - سیاسیەکانیشمان ، چ لە ئەورووپا (لەبەردەم هەموو ئەو بوار و سەرچاوە جۆربەجۆر و دیموکراتیەتەی لەئارادان ) چ لەنامیزی شاخ ( لە گەرمەی ئەو بوارە ناوبراوە بە ئازادی بیر و فیکر و لەژێر سایەی ئۆپۆزیسیۆنی کورددا ) لە قەیرانێکی بێووچان و بەردەوامدا دەژین ، وە تراژیدیای ئەو میتۆدەی لە لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای کۆمەڵگەی کورد و بزووتنەوە نیشتمانیە ڕزگاریخوازییەکەیدا زاڵن ، ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو قەیرانە ئایدیۆلۆژی و نەزۆکیەیە کە عەقڵیەتی سیاسی کوردیمان جلەودەکات .

مەبەستمان بەکورتی و بێ دەرچوون لەکرۆکی باسەکەمان ئەوەیەکە (فۆکۆ) لەو پشکنین و گەرانانەیدا بەدووی نهێنییەکانی عەقڵی ڕۆژئاواییدا ، زۆر لایەنی گومڕا و سەرسووڕهێنەری لەسەر ئەو میکانیزمە خستۆتەڕوو کە عەقڵی ڕۆژئاوایی دەباتەڕێوە ، هەروەها ناواخنی ئەو عەقلانیەتەشی دیاریکردووە کە ئەم ئێستای ڕۆژئاوای لەلای کەنار ( محیط) بێ سەروەر و باڵادەستە .

جارێکی دی دەگەڕێینەوە نێو باسەکەمان ، دوای ئەوەی بۆ چەند چرکەیەك لەنێو باس و سەرگوزەشتەکانی (فۆکۆ)دا وونبووین . ئەوەی لەم بەشەدا شیاوی باسە، سەرەتا و پێشینەی هەریەك لەو زاراوە و چەمکانەی بەرهەمهێنەری بونیادی ئەو ووتارانەن کە لەمەوبەر دەستنیشانمانکردن ، نابێ لەڕووی فەرهەنگی و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە پشتگوێ بخرێن . هەروەها پێمان وایە لایەنێکیدی کە شایانی ئاماژەکردن و لەیادنەچوونە بۆ جەغدکردن لەو لاوازییەی لەبواری لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی و زمانەوانیەکاندا هەیە ئەوەیە کە تاکو ئێستا بایەخێکی ئەوتۆ بە مەسەلەی فەرهەنگناسی ( لکسیۆلۆژیا ـ علم المعجم) نەدراوە . فەرهەنگناسی ئەو زانستەیە کە جارێکی دی فێرمان دەکات چۆن ئەو ووشانە لەیەکدی جودابکەینەوە کە لەکاتی نووسین و خوێندنەوەدا دێنەڕێمان . ئەمەش نەوەکو بەتەنێ لەڕووی مانا و دەلالەکانیانەوە ، بەڵکو لەڕووی ئەسڵ و سەرچاوەی ئەو ووشانەشەوە. هەروەها بتوانرێ لەگەڵ زمانانی دیدا وەکو یۆنانی ، لاتینی، فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی ، ڕووسی ، سریانی ، عەرەبی ، فارسی، توورکی..هتدا بەراوردبکرێ بۆ دڵنیابوون و ئاگابوون لە پرۆسەی بەکارهێنانیان و ئەوجار جێگیربوونیان لەنێو فەرهەنگی کوردیدا و بەزمانانیدی.

لێکۆڵینەوەی سترۆکتورالیستەکان و تێزەکانی پاش وانیش توانیویانە لەڕووی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و دەنگناسیەوە ببێتە دەروازە بۆ میتۆدی ئەم ئێستای لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی زمانەوانی ، هەروەها توانیویانە بەشێوەیەکی زنجیرەیی ئەو لایەنانە ڕوونبکەنەوە و بەرەنگاری ئەو جۆرە ڕەخنە زانکۆیی و ئەکادیمیە ببنەوە کە لەپۆلی تیۆری ڕەخنەییدا باوبووە .

پشکنین لەدووتوێی تێکستدا و ئاشکراکردنی پێوەندییەکانی تێکست ، چ لەخودی خۆیدا و چ لە دەرەوەی خۆی ، بەردەوامی وەرگرتووە و گۆڕانکارییەکی

زۆریش هاتۆتە سەر کۆمەڵێ پرنسیپی سەرەتایی‌و لاوەکی کە ویستراوە بسەپێنرێتە سەر هەر یەك لە ڕەخنە و تێکست . هەرچەندە هەر ئارکیۆلۆژیایەك* کە دەشێ لە میانەی ڕەخنەدا سەبارەت بەبونیادی ناوەوەی تێکست بکرێ ، دەبێ بتوانێ ئاسۆی ئەو بەرهەمە ئەدەبیە یاخود کارە فیکرییە بخاتەڕوو و بەدی‌نەکراوەکانی دووتوێی ئەو تێکستەدا ئاشکرابکات و لەبەردەم ئەوی‌تردا والآیکا . بەلآم بەبڕوای ئێمە ئارکیۆلۆژیای چەمك و زاراوە لەووتاری ڕەخنەییدا کارێکی ئاسان نیە و جێ‌ی مشتومڕی ئەم ئێستای زۆربەی ئاراستە ڕەخنەییەکانە ، بێگومان ئەویش بەهۆی ئەو شێوازەکارییەی (الاشکالیة) تووشی چەمك و زاراوە هاتووە ، لەپرۆسەی نووسینەوە بگرە تا دەگاتە " تێگەیشتن "(فهم) و بواری " خوێندنەوە ". پێدەچێ ئەو ئالۆزییەش بەزۆری لەخودی ئەو لێکۆڵینەوانەدا بەدی‌بکرێ کە لەمەڕ دیراساتە مرۆڤایەتیەکان دەکرێن ، بە بەراورد لەگەڵ زانستە ئەمبیرقیەکان . ئەویش بێگومان بەهۆی ئەو پێوەندییەی قووڵەی ئەو جۆرە ووتارو زانستانە لەگەڵ دیراساتی وەك زمانەوانی و هێماناسی‌و سیمیۆلۆژی هەیانە .

کەوابێ بۆ ناسینەوەی ناسنامەی هەر تێکستێکی‌ئەدەبی یاخود شیعری ، دەبێ بزانین ئێمە لەژێر کاریگەری چ جۆرە ووتارێکی ڕێڕەوی‌داین ، پاشان دەبێ جوداکردنەوە بکرێ ،نەك بەتەنیا ڕێڕەوانـە ، بەڵکو تیۆری‌وئەپستمۆلۆژیانەش، بۆ دیاریکری هەموو ئاستەکانی ئەو تێکستە لەلایەك و دیاریکردنی ئاستە لێکدانەوەییەکەی لەلایەکی دیەوە. بە واتایەکی دی ، بۆ گەیشتن لە هەموو ڕێڕەوێك ، دەبێ لە هەموو دیاردەیەکی ئەو تیورە بگەین کە ئەو ڕێڕەوەیان خوڵقاندووە . چونکە ئەو کاتە ئێمە لەسەرجەمی ئەو ووتارەش دەگەین کە پێوەندی بە ڕێڕەوە تیۆرییەکەوە دەکا . ئەم کارەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە نەکەوینە داوی بەتەنێ دەلالەی سایکۆلۆژی بەکارهێنانی ئەو ڕێڕەوانەوە و ئەو فیکرە سیاسیە هاوچەرخە و مێژووی فیکری ئەو فەلسەفانە بناسینەوە کە بەرهەمی‌هێناون . چونکە ئەمیان تاکە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو شێوازەکارییە (الاشکالیة) بین کە دێتە سەر ڕێڕەوناسی (میتۆدۆلۆژیا) . هەر ئەو شێوازەکارییەشە لەپاشدا بەرپرسیاردەبێ بەرامبەر ئەو ناتەبایی و ناکۆکیەی دێتە سەر لێکدانەوە ڕەخنەییەکانمان. کاتێ باسیشمان دێتە سەر ئەو شێوازەکارییە ، نابێ لە سنووری (زاراوە)یی دوورخەینەوە. ئەگەرچی زاراوە لە تێکستدا بۆ مەبەستێك دەبینرێ و دیوی ئەودیوی هەرگیز پێنووسی بۆ تەرخان ناکرێ . هەر ئەمەشە پێوەندی‌نێوان زاراوە و تێکست دەشێوێنێ و ئەو چێژە وون دەکات کە زاراوە بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێ لەدووتوێی ئەو تێکستەدا ، ئەمە لەکاتێکدا کە لەدیدی نووسەرەکەیەوە هەر بۆ ئەو چێژ و مەبەستە نووسراوە . هەرچەندە زۆر جار ناتوانرێ زێتر لەوەی نووسراوە داوابکرێ، چونکە هەموو نووسینێك توانا و بنەمایەکی " تێکست "ی (دەقانەی) خۆی هەیە ، کە ئەویش ئەو بنەما زمانەوانی و ئیستاتیکی و ئەپستمۆلۆژی و فەلسەفیەیە کە لەمەوبەر باسمان لێوەکرد . جا هەر شێواندنێك لەو بنەمایە و پێوەندی نێوانیاندا کاریگەری خۆی بەسەر نەوەکو تەنیا زاراوە و چەمکی ئەو تێکستەوە بەجێ‌دێڵێ ، بەڵکو هەموو مانا و جیهانبینی ئەو تێکستەش وەردەچەرخێنێ .

لەبەر ئەوەی گەورەترین کێشەی تاکو ئێستای ئێمە نەبوونی ڕێڕەوبووە لەکاری ڕەخنەگریماندا ، ئەوا ئەو لایەنانە بەبێ‌خاوەن ماونەتەوە و لەڕووی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییەوە فەرامۆشکراون . چونکە بێگومان بەبوونی ڕێڕەو ئەو کارە ڕەخنەییە لە چوارچێوەیەکی زانستی‌و هونەری و ئیستاتیکی دیدا دەبێ. ئەگەرچی زۆرجار دەبینین ئەو ڕێڕەوە ڕەخنەییانە ناتوانن لەگەڵ ئەو تێکستەدا بگونجێن کە ڕەخنەی لێدەگیرێ ، ئەویش نەوەکو تەنیا لەبەر نازانستی و نائەپستمۆلۆژی ئەو ڕێڕەوە ڕەخنەییە، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش زۆرجار هەوڵی ئەوە دەدرێ هەندێ‌بیرۆکە و تێڕامانی ڕەخنەیی سەربێ‌ی بەسەر ئەو کارە ئەدەبیەدا بسەپێنرێ ، کە ئەمەیان بێگومان دەبێتە هوی ئەوەی پچرپچری بکەوێتە ئەو لێکدانەوە ڕەخنەییەوە .

کەوابی خوێنەری هەموو تێکستێکی ئەدەبی یاخود شیعری پێویستی بەتێبینیکردنی کۆمەڵێ تێبینی ڕێڕەوی‌یە تاکو نەکەوێتە هەندێ هەڵەی تیۆری و ڕەخنەییەوە . بێگومان ئەو تێبینیانەش لەگەڵ گۆڕانی شوێنی خوێنەردا ، واتە گۆڕانی خوێنەر لە خوێنەرێکی ئاساییەوە بۆ خوێنەرێکی ڕەخنەگر و ڕەخنەگرێکی خوێنەر، زیاددەکەن. بەواتایەکی‌تر، ئەگەرچی خوێندنەوەی هەموو تێکستێکی ئەدەبی پابەندە بەو ڕێڕەوە ڕەخنەییەی لەخوێندنەوەدا بەکاری‌دێنی ، بەلآم

---

* ئارکیۆلۆژیا واتە هەڵکۆڵین (حفریات) . ئەم چەمکەشم بێگومان لە (میشال فۆکۆ) وەرگرتووە کە بەناوبانگترین چەمکی فەلسەفی بووە لەلای و بەکاری‌هاوردووە بۆ هەڵکۆڵین و پشکنین لە زانین (معرفة) و پەیوەندی ویش بەدەسەلآتەوە (سلطة) .

ئەوە دەمێنێتەوە کە توانای کەسی خوێنەر ( واتە ئەو کەسەی تێکستەکە دەکاتەوە ) ڕۆڵێکی سەرەکی لە کردنەوەی ئەو تێکستەدا دەبینێ . هەرچەندە لەگۆشەنیگای بیری ڕەخنەییمانەوە ئەو جۆرە خوێنەرانە جێگایان نابێتەوە ، بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە پەراوێزییەی کاری ڕەخنەیی لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا دەیبینێ .

بۆ نموونە ئەگەر گۆڕانێکی بنەمایی هاتبێتە سەر شێوە و ڕتم و زمان و مۆسیقا و وێنەی شیعری ئەزموونی شیعری یاخود ئەدەبیمان ، ئەوا دەبایە بەلای کەمەوە کاروانی ڕەخنەییمان بیتوانییایە لەئاست و ڕادەیەکی‌تردابایە. کەچی بیروهۆشی ڕەخنەییمان تەنانەت نەیتوانیوە ئەو ئاستەش گەماڕۆبدات کە ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە تێیدا دەژین . ئەگەرچی بەتەنێ لە لاپەڕەکانی پێشوودا تارادەیەك بەوەوە نەوەستاوین و گومانیشمان لە خودی ئەو ئەزموونەو ئەمجار بوارەکانی دی بەناو ئاراستەکانی ڕەخنەی هاوچەر کردووە. کەباسیشمان دێتە سەر بەمیتۆدۆلۆژکردنی کاری ڕەخنەییمان لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ بنەمای ئەو تێکستانەدا ، ئەمە ئەوە ناگەیەنی بکەوینە فۆتۆکۆپیکردنی تیۆری یاخود بڕۆکۆستانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو داهێنانەدا بکەین و بێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕۆڵە مێژوویی و ڕۆشنبیرییەی ئەو بەرهەمانە هێناویانەتەکایەوە ، ڕەفتار لەگەڵ ئەو داهێنانەدا بکەین. هەر ئەمە ئەو لایەنە تایبەتمەندەشە کە بەردەوام سەبارەت بە هەموو داهێنانێك باسی لێوەدەکرێ . جا بۆ هاوردنە قسەی بیری ڕەخنەییمان و دەست هەڵگرتن لە تیرۆرکردنی عەقلیەتی ڕەخنەیی و ڕوشنبیریمان ، دەبێ بکەوینە تێکشکاندنی ئەو بنەمایەی بەرهەمی‌هێناوە و بەردەوامیشە لە جلەوکردنیدا .

## دەرئەنجام :

شیاوی باسە ، لاکردنەوە لەمجۆرە باس و بابەتانە لە کێشە و کەموکوڕی ڕێڕەوی بەدەرنیە . هەروەها پێدەچێ هەوڵدانی کۆنترۆڵ و چڕکردنەوەی ئاکامی ئەو ووتارە ڕەخنەییەی لەئارادایە شتێکی ئاسان نەبێ. لەکاتێکدا ئەو ئاراستە و ئاقارە ڕەخنەییە جیاجیانە توانیویانە تێڕامان و میتۆدی ڕەخنەیی جیاجیا لەمەڕ " تێکست " بەگشتی و تێکستی ئەدەبی و شیعری بە تایبەتی دروست بکەن .

لەسەرێکەوە پێمان وایە چ بۆ ناسینەوەی ناسنامەی ڕەخنەیی و ڕۆشنبیریی ئەو ووتارە تازەگەرییەی لەئارادایە، چ بۆ ناسینەوەی ئاستی نازانستی و نالۆژیکیی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانمان ، پێویستە بگەڕێینەوە دواوە و هەڵژماری سەرتاپای ئەو ڕێباز و ئاقارە ڕەخنەییانە بکەین کەپاڵپشتی ووتاری ڕۆشنبیریی هاوچەرخن . چونکە بەرەوازانینی بەکارهێنانی زمان لەنووسیندا دەبێتەهۆی بەرەوازانینی بەرهەمهێنان و خولقاندنی مانا و زاراوە و چەمکی‌باو، کە ئەویش بێگومان هەمدیس خوێنەر (خوێندنەوە)و ڕەخنەگر (ڕەخنە)ی باو بەدووی خۆدا ڕادەکێشێ . لەسەرێکی دیشەوە پێمان وایە خوولانەوە بەدەوری تاکە ڕێڕەوێکی ڕەخنەییدا بەس نەبێ بۆ گەیشتن لە هەموو زناك و مەدلول و مانای ئەو تێکستەی دەخرێتە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەوە . بێگومان ڕەخنەی کوردیمان لەم بارەیەوە باجی خۆی داوە . ئەویش بەهۆی ئەو سەلەفیەت و دۆگمایەتەی کە نەکو بەتەنێ کاری فیکریمانی چەواشەکردووە ، بەڵکو شان‌بەشانی ویش ڕێنووسی ڕەخنەی ئەدەبی‌و شیعریشمانی دووچاری لێکدانەوەی هەرزان و سەرپێی کردووە. ئەگەرچی ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە بیری ڕەخنەیی و ڕۆشنبیریمان بکەینە دەروێشی بیری ڕەخنەیی ڕۆژئاوایی و ئەوەی لە هەگبەی ووتاری ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی بەردەبێتەوە بە چاك‌و باش بزانین ! .مەبەستم ئەوەیە کە نابێ ئێمە بەچاوێکی بەرائەتەوە بڕوانینە ئەو ئاراستە ڕەخنەییانەی لە ئامێزی ووتاری ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییدا لەدایك و پەروەردەبوونە . چونکە ئەو کاتە ئێمە نەکو بەتەنێ دەکەوینە کۆپیکردنی ئاکامی ئەو ووتارە ڕەخنەییە هاوچەرخانە ، بەڵکو پڕۆسەی ئەو بنەمایانەش لەیاددەکەین کە ئەو ووتارانەیان بەرهەمهێناوە .

کەوابێ دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی ژینالۆژیانە* هەبێ بۆ ئەو بنەما ئایدیۆلۆژی و سۆسیۆ - مێژوویی و فەلسەفی و ئەپستمۆلۆژییەی ئەو ووتارانەیان بەرهەمهێناوە، تاکو ئەوەی باسمان‌لێکرد و ناومان لێنا " پڕۆژەی ڕۆشنبیریی کوردی" نەبێ بە پڕۆژەیەکی یۆتۆپی .

کۆتایی ۱۹۹۰ و
سەرەتای ۱۹۹۱

---

* ژینالۆژیا : Genealogie بەعەرەبی واتە ( نسب ، اصل ، تکوین ) بەڵام بەکوردی وای بەچاك دەزانین کە بنەچە ( بنج و بنەوان )ی بۆ دابنرێ . ئەمەش ئەو زانستەیە کە دەگەڕێ بەدووی بنەچەی شتەکاندا . بۆ نموونە ، لەلای

(نیێتشه) بریتی بووه لەگەڕان بەدووی ئاکار (الاخلاق) دا و پاشان نیێتشە بەفراوانتر لەگەڕان بەدووی ژینالۆژیای بەها و ڕاستیدا بەکاریبردووە . بەڵام لەلای کەسێکی وەکو (ئەنتوان ئارتۆ) بەکارهێنراوە بۆ گەڕان بەدووی ژینالۆژیای تراژیدیـــا لە شانۆدا . کەچی لەسەردەستی (میشال فۆکۆ) بەکارهاتنـی گەیشتۆتە پۆپە و (فۆکۆ) بەکاریبردووە بۆ گەڕان بەدووی زانین ( المعرفة) و دەسەڵات (السلطة) دا .

## پەراوێزەکان

١ - بڕوانە : احمد مختار عمر " علم الدلالة " . سالــی ١٩٨٢ / کویت ، ل ١٢ - ١٤ .

٢ - بڕوانە : ولیَم رانی " المعنی الادبي " ، وەرگێرانــی د . یوئیل یوسف . دار المأمون / بغداد .سالــی ١٩٨٧ ،ل ١٢٦ - ١٢٧ .

٣ - بڕوانە : تزفیتان تۆدۆرۆف " الشعرية " ، وەرگێرانـی : شكری المبخوت و رجاء بن سلام . دار توبقال ١٩٨٧، ل ٣٣ .

٤ - بڕوانە : ڕۆلان بارت " درس السيميولوجيا " ، وەرگێرانی عبدالسلام بنعبدالعالي . دار توبقال ، چاپی یەکـەم ١٩٨٦ ، ل ٨٢ .

٥ - بڕوانە : گۆڤاری " العرب و الفكر العالمي . ژمارە(١) ساڵی ١٩٨٨ / بیروت ، ل ٤ .

٦ - بڕوانە : تزفیتان تۆدۆرۆف " نقد النقد " ، وەرگێرانــی د . سامی سوێدان ، مركز الانماء القومي /بيروت ١٩٨٦ ل ٣٨ .

٧ - بڕوانە : روبرت شولز " البنيوية في الادب " ،وەرگێرانــی حنا عبود ، منشورات الكتاب بدمشق ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٤ ، ل ٨٧ .

٨ - بڕوانە : بێر جیرۆ " الاسلوب و الاسلوبية " ، وەرگێرانــی منذر عياشي ، مركز الانماء القومي /بيروت ١٩٨٨ ، چاپی یەکەم ، ل ٦٣ .

٩ - هەمان سەرچاوە ، ل ٧٩ .

١٠- بڕوانە : م. ریڤاتیر " مدخل الي السيميوطيقا " ، وەرگێرانی مریال جبوری غزول ، منشورات عيون - الــدار البيضاء / المغرب ، ل ٥١ .

١١- بڕوانە : گۆڤاری " المعرفة " ی سوری ، ژمارەی ٣١٠-٣١١ ، ساڵی ١٩٨٨ ، ل ٨٢ .

١٢- بڕوانە : ڕۆلان بارت " لذة النص " ، وەرگێرانی فــؤاد صفاء والحسين سبحاز ، منشورات دار توبقال المغربية ، چاپی یەکەم ١٩٨٨ ، ل ١٤ .

١٣- بڕوانە : جاك دریدا " الكتابة و الاختلاف " ، وەرگێرانی كاظم جهاد ، دار توبقال ، چاپی‌یەکەم١٩٨٨ ، ل٤٩ .

١٤- بڕوانە : جان کوهن " بنية اللغة الشعرية" ، وەرگێرانــی محمد الولي و محمد العمری . دار توبقال ، سلسلــة المعرفة الادبية ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٦ ، ل ٢٠ .

بورهان ا. یاسین

# چەند سەرنجێك دەربارەی خەباتی چەكداریی جوڵانەوەی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی باشوور

**سەرەتا :**

ئەمە ماوەی چەند ساڵێكە بابەتی خەباتی چەكداری، وەكو میتۆد و ئامرازی جوڵانەوەی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی باشوور (كوردستانی عیراق) لەبیرما دێت و دەچێت . لەدەرفەتی جیاجیادا دەرگای ئەم بابەتەم كوتاوە ، بەڵام ئەمە یەكەمین جارە بەشێوەی ووتارێكی نووسراو هەوڵی ئەوە دەدەم ئەم بابەتە بخەمە بەرچاو .

بۆ ئەوەی بتوانین مەسەلەی خەباتی چەكداری بە شێوەیەكی هەر نەبێ نزیك لەباسكردنی بابەتیانە بخەینەڕوو ئەوا مەرجێك هەیە دەبێت ڕەچاوبكرێت ، ئەویش ڕوونكردنەوەی بابەتی باسەكەیە لە چوارچێوە و شێوازە پیرۆزەكەیدا . لەلایەكی ترەوە ، كاتێك بەچاوێكی زیاتر واقیعیانە دەڕوانینە خەباتی چەكداری جوڵانەوەی نەتەوەیی، وەكو دیاردە و میكانیزمێكی فرەلایەن ، ئەمە ئەوە ناگەینێ كە بەچاوێكی ڕێزەوە ناڕوانرێتە دوو دیاردەی گرنگ لەم میكانیزمەدا ، واتە پێشمەرگە و شەهید .

جێگای خۆشحاڵی بوو ووتارەكانی برایان (فازیل كەریم ئەحمەد) و ( ڕەشاد میران) دەربارەی خەباتی چەكداری لە ژمارەكانی (٩، ١١، ١٢، ١٤)ی گۆڤاری " یەكگرتن"دا بخوێنمەوە . بەباوەڕی من هەردوو نووسەری ناوبراو دەرگای باسكردن و لێكۆڵینەوەی مەسەلەیەكی گرنگیان كردۆتەوە كە پێویستی بە دەمەتەقێ و لێدوانی زۆرترهەیە. ووتارەكانی برایان ( فازیل كەریم ئەحمەد )و ( ڕەشاد میران ) لەدەوروبەری هەندێ لایەنی جوڵانەوە چەكداریەكە خۆیان دەنوێنن ، منیش هەمان مەسەلەی خەباتیچەكداری دەكەمە بابەتی ئەم ووتارە ، بەڵام بێ ئەوەی بكەومە ناو دەمەتەقێی برایانی ناوبراوەوە .

ئەگەرچی من خۆم خەریكی لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمی لەسەر مێژووی كورد لە قۆناغی چلەكاندا كردووە، بەڵام ئەم ووتارەم زێتر شێوەی ووتارێكی سەرپێی دەگرێتە خۆی، واتە كەمتر ئەكادیمی یە( كە پێویستە مەرجی بوونی تیۆری و میتۆدەی لێكۆڵینەوەی تێدا بەدیبكرێ ) . دەڵێم ئەكادیمی، جونكە بەشێوەی ئەكادیمی بینینی دیاردەكانی خەباتی نەتەوەیی كورد و كۆمەڵگای كورد و میكانیزمە سیاسی و كۆمەلایەتیەكانی پێویستیەكە لەم سەردەمەدا خۆی دەسەپێنێ . شایانی باسە ، لەكاتی باسكردنی بابەتێكی وەكو خەباتی چەكداریدا ، وا باشە خۆمان لە هەندێ قالبی سیاسی لەوەوبەر ئامادەكراو بەدووربگرین .

لەم ووتارەمدا ناوی هەندێ دەبرێت ، مەبەستمان لەم ناوبردنە لایەنگیریكردن یاخود دژایەتیكردن نیە. ئەوەی لێرەدا گرنگیشە ، كاتێك كوردێك ووتارێ دەنووسێ یاخود شتێك دەردەبڕێ ، پێویستە هەست بەهیچ ترسێك نەكات، چونكە بابەتێك كە ئەمڕۆ خەڵك ترسی هەبێ بەشێوەیەكی كراوە باسی بكات (جالەبەر هەر هۆیەك بێ ) ئەوا بێگومان لەدوا ڕۆژێكی دوور یان نزیكدا هەر باسیدەكرێ. دڵنیام لەوەی ئەم ووتارە دەبێتە هۆی " تورە " بوونی كەسانێك ، بەڵام با ئەم هۆی تورەبوونە ، كە هەندێ لایەنی ئەم ووتارەیە ، هەوڵدانێكی ئیجابی بێت و

مەبەستیش " تورە" کردن نەبێت ، بەڵکو وورووژاندن بێت بۆ نووسین و دەنگکردنی زێدەتر بێت .

**چوارچێوەی ووتار :**

لەگەڵ هەرەسهێنانی جولاًنەوەی چەکداری کورد لە کوردستانی باشوور لە ئاداری ساڵی ۱۹۷٥دا هەندێ گۆڕان بەسەر جولاًنەوەی نەتەوەیی کورددا هات ، بەلاًم ئەم گۆڕانکارییانە فرەلایەن و هەمەلایەن نەبوون بۆ ئەوەی ببنە مایەی وەلاًمدانەوەی هەندێ پرسیاری تایبەتی و بنچینەیی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بوون و بەردەوامی جولاًنەوەکەوە هەبوو . ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکارییانەی هاتنەکایەوە ، دەبوایە ببوونایە هۆیدابڕان لە جولاًنەوەی چەکداری ساڵانی (۱۹٦۱-۱۹۷٥) دا و جولاًنەوەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا بهاتایە کە لە ڕووی میتۆد و شێوە و ئامڕازی خەباتەوە شێوەی تری جیا لەوانەی ساڵانی بەر لە ۱۹۷٥ یان وەربگرتایە . بەبڕوای من ، بەردەوامی هەمان میتۆد و شێوە و ئامڕازی خەباتی ساڵانی (۱۹٦۱-۱۹۷٥) بەردەوامیی هۆیەکانی هەرەسهێنانی ئاداری ۱۹۷٥ بوو ، لەوەش گرنگتر بەردەوامی ئەو هۆیانە و مانەوەیان ڕێگایان بۆ هەرەسهێنانێکی تر (هەرەسهێنانی ۱۹۸۸) خۆشکرد .

ئێمە پێمان وایە ، یەکێك لەو پرسیارە هەرە گرنگ و بنەڕەتیانەی دەبوایە لەگەڵ هەڵسەنگاندن و دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی ساڵانی (۱۹٦۱-۱۹۷٥) و لە بنیاتنانی خەباتێکی **شێوەتازەدا** بخرابایەتە ڕوو،سەبارەت بە خەباتی چەکداری بوایە ، کە شێوەی سەرەکی بوو لە خەباتی جولاًنەوەی نەتەوەییدا . بەشی یەکەمی پرسیارەکە دەبوایە بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغیساڵانی (۱۹٦۱-۱۹۷٥) و لەڕووی بینینی خەباتی چەکدارییەوە تەرخان بکرابایە و پرسیارەکەش دەبوایە هەر نەبەسترێتەوە بەلێکدانەوەی میکانیزمی سەربازی و پرنسیپی تەرازووی هێزەوە لە نێوان هێزی چەکداری کورد و هێزی ڕژێم. وابزانم ئەم پرسیارە وەکو ڕێگاخۆشکردن بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغی بەر لەساڵی ۱۹۷٥ دەیتوانی ببێتە یاریدەدەر بۆ دۆزینەوەی هۆیەکی زۆر گرنگ و سەرەکی بۆ هەرەسهێنانی جولاًنەوەی چەکداری کورد لەئاداری ۱۹۷٥دا . بەشێکی گرنگی ئەم هەڵسەنگاندنەش دەبوایە دەربارەی کاریگەریی کارپێکردنی خەباتی چەکداری و بارودۆخی شەڕ لەسەر ژیانی هەرنەبێ بەشێك لە خەڵکی بووایە ( ئەو بەشەی کە بەمجۆرە خەباتەوە کەوتبووە ناوچەی شەڕ و نەبەردی سەربازییەوە ) ، دیسان ئەم کاریگەرییە لەسەر لایەنی **شارستانیەتی** ژیانی خەڵکەکە . هەروەها دەبوایە ئەم پرسیار وهەڵسەنگاندنە چارەسەری بابەتی سوودمەندێتی خەباتی چەکداری لە ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە بکردبایە .

وابزانم لایەنێکی گرنگی ئەو پرسیارە ئەوەبوو : ئایا کارپێکردنی خەباتی چەکداری چ کاریگەرییەکی لەسەر کەسێتی و بڕیار و پراکتیکی سیاسیی جولاًنەوەی نەتەوەیی کورد لەکوردستانیباشوور هەبوو؟ئایا کاریگەریکارییکردنی خەباتیحەکداریو ئەو هاوپەیمانیتیە ناوحەییو هەریمایەتی و نێونەتەوەییانەی ئەم شێوە خەباتە سەپاندبووی بەسەر تەواویجولاًنەوەی نەتەوەییکوردا چیبوو؟ئەمجۆرە هاوپەیمانیە ئەگەرچی هۆکار و مەرجی پێویست بوون بۆ ژیان و بەردەوامی جولاًنەوە چەکدارییەکە لەکاتی دیاریکراودا و بەپێی هەندێ بارودۆخی دیاریکراو، بەلاًم هۆکاری هەرە گرنگیش بوو بۆ هەرەسهێنانی جولاًنەوەکە. کەواتە دەبوایە پرسیارێك بەم شێوەیە بخرابایەتەڕوو: ئایا کورد بەردەوام بێت لەسەر خەباتی چەکداری یان وازی لێ بێنێت ؟ ئەگەر وازیشی لێبێنێت ، ئایا ئەلتەرناتیڤی (بەدیلی) ئەو شێوە خەباتە چی بێت ؟.

**چەند خاڵێکی گشتی :**

۱) جولاًنەوەی چەکداری کورد لەکوردستانی باشوور لە ئەیلولی (سپتامبری) ۱۹٦۱دا دەستیپێکرد ، وانەبێ ئەم دەست پێکردنە لەلایەن خەڵکی خاوەن بیر و ناسراو بە هێڵی سیاسیی ناو جولاًنەوەی نەتەوەیی کوردەوەبووبێ ، بەڵکو لەلایەن هێڵی خێڵەکی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ك) بەتایبەتی و ناو کۆمەڵگای کوردەوە بوو بەگشتی . لەکاتێکدا بارزانی دەستیکرد بە نەبەردی سەربازی دژی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم ، مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) هێشتا لەبەغدابوو هەوڵی ئەوەی دەدا کە خەباتی سیاسی بەردەوام بێت و دەست نەدرێتە چەك . ئەگەرچی زۆری پێنەچوو (دوای چەند مانگێك) مەکتەبی سیاسیش بڕیاری ئەوەی دا پاڵبداتە شاخ و مەسەلەی خەباتی چەکداری وەکو ئامڕازی خەبات قبوڵبکات .

۲) ئەو هێزانەی لەبنەڕەتدا " چەکخوازبوون" زیاتر سروشتێکی خێڵەکی و تەقلیدیان هەبوو، بەلاًم کەخەڵکانی ڕۆشنبیر مەسەلەی بەکارهێنانی چەکیان وەکو شێوازیسەرەکی خەباتی نەتەوایەتی پەسەندکرد ، ئەوا لە ئەنجامدا

پەسەندکردنەکە سەرکەوتنی هێزە خێڵەکی و تەقلیدییەکانی ناو کۆمەڵگای کورد بوو . بەشێوەیەکی گشتی دەرفەتی سەرکەوتنی ئەلتەناتیڤی سیاسی وەکو شێوازی خەبات ئەو کاتە کەلێك کەم بوو . هۆی ئەمەش جگە لەوەی هێزە تەقلیدییەکان ، وابەستە بە پەیوەندییە خێڵەکیەکان ، ئەم شێوە خەباتە سیاسیەیان قبوڵ نەبوو ، ئەوانەی لایەنگری خەباتیش بوون بە ئامرازی سیاسی ، کەمایەتی بوون و نەیان دەتوانی حیساب بۆ هێزە تەقلیدییەکان نەکەن . ئەوەی ڕاستی بێت ، " ڕاپەرینە "کەی ئەیلولی ١٩٦١ دەربڕین و شێوە هاوپەیمانیەکی نابەرابەری نێوان توخمێك ( ڕۆشنبیر و دانیشتوانی شار کە باوەڕیان بە خەباتی سیاسی هەبوو ) و توخمێك ( بەستراو بە پەیوەندییە خێڵەکیەکان کە زیاتر لەدەرەوەی شاربوون ) بوو. لەناو ئەم هاوپەیمانیەدا هێزە خێڵەکیو تەقلیدییەکان قورسایی و ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو. ئەنجامی ئەوەش تەواوی جوڵانەوەکە سروشتی ویست و خواست و پراکتیکی عەشایەری و بە سەربازیکردنی تەواوی پرۆسەی خەباتەکەی گرتە خۆی .

٣ ) بێگومان هۆیەکی گرنگەکەوا هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی یان نەتەوەیی هێز بەکاردێنێت زیاتر ئەوەیە کە بەرامبەر (دوژمن) خۆی کار بە هێزدەکات ، یاخود بەرامبەر هیچ زمانێکی تر جگە زمانی زەبر تێناگات . لە باری جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی باشووردا ، زۆرجار بەرامبەر ڕژێمێك وەستاوە و داوای مافە ڕەواکانی میللەتی کوردی لێکردووە کە بەهێز هاتۆتە سەر حوکم و بەهێزیش دەیەوێ بمێنێتەوە ، هەروەها بە زەبری هێز بە هەموو شێوەکانیەوە ڕووبەڕووی گیروگرفتە نیشتمانیەکان بۆتەوە ، بەتایبەتی مەسەلەی کورد .

ئەوەی لەسەرەوە گووتمان هەمیشە بەهێزترین بەهانە و لێکدانەوە بووە بەدەست " لایەنگرانی زەبر " ەوە لە ناو جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورددا . " لایەنگرانی زەبر " دەڵێن : ئەگەر بێت و دوژمن بەچەك لێمان بدات و بەهێز بەرەو ڕووی داواکارییە نەتەوەییە ڕەواکانمان بیێتەوە ، ئەوا " چارە نیە " دەبێ کوردیش بەچەك بەرپەرچی ئەم هەڵسوکەوتەی دوژمن بداتەوە . هەرچەندە لە مشتومڕی سیاسیدا دەکرێ زۆرکەس بەشێوەیەکی گشتی ئەو لۆژیکی لێکدانەوە و تێڕوانینە بۆ جەدەلیەتی بەکارهێنانی چەك بسەلمێنێ ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی لەوەدایە کە ئەم لۆژیکە زۆر سادە و یەك لایەنیە و زۆرجار ڕێگا لە بەهانە و لێکدانەوەی فراوان و هەمەلایەن و قووڵتر بۆ مەسەلەی بەکارهێنانی چەك دەگرێ . " لایەنگرانی زەبر " یاخود لایەنگرانی خەباتی چەکداری ئەوە دەخەنە ڕوو : ئەگەر دوژمن بەچەك لێمان بدات ، بۆ کوردیش بە چەك وەڵامی نەداتەوە؟ وابزانم ئەم بینینە تەنها هەر یەكلایەنیە ، بەڵکو مەسەلەی خەباتی چەکداریشی کردۆتە شتێکی " پیرۆز " ، کە گومان پێکردن و پرسیار خستنە سەری ، بەشێوە گوناهێك یان تاوانێك بەرامبەر تەواوی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم دەدرێ. بێگومان ئەم پەرستنی خەباتی چەکدارییە زیانی گەیاندووە بەتوانستی بینینی مەسەلەکە ، لەوەش گرنگتر زۆرجار ڕێگای لە گفتوگۆی کراوە دەربارەی خەباتی چەکداری و بە " واقیعی " کردنی ئەم خەباتە وەکو مەسەلەیەکی سیاسیو نەتەوەیی زۆر " ئاڵۆز " گرتووە. وا بزانم مەسەلەی بەکارهێنانی هێز لەبەرامبەر هێز (وەکو لەشێوەی سەرەوە خرایە بەرچاو ) لەدەمەتەقێی سیاسیدا وا دەکات کە دەمەتەقێکە تەنیا شێوەی مشتومڕی بیزەنتی ( مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە ) وەربگرێ ،بەواتایەکی تر ئایا کورد بەر لە دوژمن دەستیکردوە بە بەکارهێنانی چەك یان دوژمن خۆی دەستیپێکردوە . هەرچۆنێك بێ دەبێ ئەوەش لەیادنەکەین کە بەرامبەر( دوژمن )یش هۆ و بەهانەی خۆی هەیە بۆ بەکارهێنانی هێز ، بەڵکو هەر وەك کورد هەوڵی ئەوە دەدات ڕەوایی بداتە میکانیزمی بەکارهێنانی هێز . بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە خەباتی چەکداری تەنیا لەهەندێ واژەی ڕەوابوون و نارەوابوون ، حەقانیەت و ناحەقانیەتدا نەبینین ، واتە لە گۆشەنیگای بەمۆراڵکردنی سیاسەتەوە ، بەتایبەتی لە نێوان هەموو لایەنەکانی تەرازووی هێزی نێوان هەردوو لایەندا ، تەماشا نەکەین .

بۆ باسکردنی خەباتی چەکداری پرسیاری زۆر گرنگ هەن ، یەکێك لەو پرسیارانە (بۆ نموونە) : ئایا لە پرۆسەی بەکارهێنانی چەکدا چ ئەنجامێك وەدەست هاتووە ؟ بەواتایەکی دی ، ئایا سەرەنجامەکانی بەکارهێنانی چەك لە خەباتدا چی بووە؟ ئەم پرسیارە کاتێك گرنگی زێتر دەبێت کە سەرەنجامەکانی پرۆسەی خەباتی چەکداری لەڕووی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردەوە هەڵسەنگێنین .

ئەگەرچی ناتوانین بڵێین خەباتی چەکداری ڕێگا خۆشکەر نەبووە و کاریگەری لە سەر ڕێرەوی ڕووداوە

سیاسیەکان نەبووە یان ئەم شێوە خەباتە نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی لە وەدەستهاتنی هەندێ دەستکەوتی مێژوویی لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورددا ببینێ ، بەڵام لەهەمان کاتدا مەترسیەکەو هەڵەکە ئەوەیە وا بزانین هەر دەسکەوتێکی سیاسی کورد وەدەستی هێنابێ ئەوا بەخێری چەك و هێز بووە. لەراستیدا ئەم دیاردەیە زۆر باوە لەلای ئەو خەڵکەی لە چاویلکەی هێز و لولەی تفەنگەوە دەڕواننە دەرویشتیان و دیاردە سیاسیەکان دەبینن . زۆرجاری وا هەبووە (بۆنموونە) کە باسی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کراوە ، وەکو وەدەستهاتنێکی سیاسی ، ئەوا ڕاستەوخۆ گووتراوە میللەتی کورد لە عیراق بەزەبری چەك و هێز بەم دەستکەوتە گەیشتووە . بۆ ئەمە هەندێك بەڵگە بەدەستەوەیە ، لەوانە : مەسعود بارزانی ساڵی ١٩٨٩ لە ستۆکهۆڵم/سوێد لەووتارێکدا ئەوەی دووپاتکردەوە کە بەیاننامەی ١١ی ئادار بەهێزی چەك وەدەستهات . لە بۆنەیەکی تردا : لە کۆنفراسێکی کورددا لەپاریس ( ١٦ و ١٧ - ٣ - ١٩٩١ ) ، سامی عەبدولرەحمان ئەوەی دووپاتکردەوە کە بەیاننامەی ١١ی ئادار بەهێز وەرگیراوە. هەروەها دەتوانین ئەوەش بخەینە بەرچاو کە لەسالانی ١٩٧٠-١٩٧٤ دا لەکوردستانی باشوور - ماوەی هاوپەیمانێتی نێوان پ.د.ك و ڕژێمی بەعس - لەکاتی خۆپیشاندانەکانی پ.د.ك دا هاواردەکرا "بەلولەی برنەوی پارتی وەرمانگرت حوکمی زاتی ". لێرەدا چەند پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ بەسەرماندا: ئایا پارتی و ئەو خەڵکانەی لەلولەی برنەوەوە واقیعێکی ئاڵۆزیان دەبینی نەیان دەزانی میللەتی کورد ئەگەرچی هەندێ هێزیشی هەبێ کە بتوانێ کاریگەری بەسەر هەندێ بارودۆخی تەرازووی هێزەوە لەگەڵ دوژمندا بەجێبهێڵێ ، بەڵام هێز هەموو شتێك نیە و ناکرێ بە لۆژیکی هێز ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی وەکو ئادار لێکبدرێتەوە ؟

ڕاستە ڕژێمی بەعس لە باوەڕێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە بە مافە ڕەواکانی کورد بەیانی ئاداری مۆرنەکرد ، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ ئەم ڕووداوە تەنیا لە چاویلکەی هێزەوە تەماشابکرێ ، چونکە مۆرکردنی ئەو بەیاننامەیە دەرهاویشتەی قۆناغێك بوو لە مێژووی سیاسی عیراق و مێژووی سیاسی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی باشوور و پێویستە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی مۆرکردنی بەیاننامەکە لەلایەن ڕژێمەوە ، گۆڕانکارییەکی هەمەلایەن ببینین کە پەیوەندی هەبوو بە : ١) ستروکتوری ناوەوەی ڕژێم و پەیوەندی نێوان توخم و کەسانی ناو بازنەکانی ناوەوەی ڕژێم لەڕووی :ا- ململانێی نێوان هێڵی سەربازی و هێڵی مەدەنی لەناو ریزەکانی ڕژێمدا ، ب - تەرازووی هێز لەنێوان ئەوانەی خاوەنی باوەڕی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بوون بەهێزی سەربازی و ئەوانەی چارەسەری سیاسیان بەباشتر دەزانی . ٢) پەیوەندییەکانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئێران کە سروشتی دوژمنکارانەی هەبوو. ڕژێم وەستاندنی شەڕ لەکوردستان ، وەك چارەیەکی هیچ نەبێ کاتی ، بەباش دەزانی ، چونکە بەو جۆرە کارتی کوردی لەدەست ئێران دەردەهێنا و هەڵوێستی خۆی پێ بەهێز دەکرد و وەك هەرەشە بەرامبەر ئێران سوودی لێ وەردەگرت . ٣) دیسانەوە ڕووە جیهانیەکەی مۆرکردنی بەیاننامەی ئادار بۆ ڕژێم گرنگ بوو ، چونکە ئەم هەنگاوە ڕێز و ڕەوابوونی جیهانی دەبەخشیە ڕژێمی بەعس .

مەترسی لۆژیکی بەهێز لێکدانەوەی ڕووداوەکان و مامەڵەکردنی دیاردەکانی دەرویشت و ژیانی سیاسی - وەك لەنموونەکەی سەرەوە بینرا - لەوەدایە کە گریمان بەدوژمنیش بسەلمێنرێ لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە و لە کات و هەلومەرجێکی تایبەتیدا مل بۆ داواکارییەکانمان دانەوێنێ ، ئەوا دەبێ ئەوەش لەبیرنەکرێ کە دوژمن بۆی هەیە جارێکی تر خۆی بەهێزبکاتەوە و ئەوەی بەهێز لێ سەندراوە بەهێز وەریگرێتەوە . بەمانایەکی تر ، بەپێی ئەم لۆژیکی هێز بەکارهێنانە جولانەوەی چەکداری کورد دەکەوێتە ناو بازنەیەکی داخراوەوە ، ئەویش بازنەی هێزە. دەرچوونیش لەم بازنەیە ، بینینی تەواوی مەسەلەکانە بە شێوەیەکی دی .

بابێینە سەر پرسیارە سەرەکیەکەمان : ئایا سەرەنجامی هەمەلایەنی بەکارهێنانی چەك لەکوردستانی باشوور بە درێژایی زیاتر لە ( ٣٠ )ساڵ خەباتی چەکداری چی بووە ؟ بێگومان وەلامی ئەم پرسیارە چەند لایەنێکی هەیە :

**١- لەڕووی ناوخۆییەوە ( واتە لایەنی ناوەوەی جولانەوەی نەتەوەیی کورد و خەڵکی کورد بەگشتی لە کوردستانی باشوور ) :**

ا ) بەهێزبوونی شوێنەوار و قورسایی کۆمەلایەتی و سیاسی هەندێ توێژ لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا کە لە چەمکی هێز زیاتر نەباوەڕی بەهیچ ئامرازێکی تری خەبات دەهێنا و نەتوانای ئەوەشیان هەبوو بە ئامرازی بیری / سیاسی جولانەوەی نەتەوەیی کورد بەرەوپێشەوە بەرن . ئەم

تویژانە چ بە پێوانەی ماددی و چ بەپێوانەی زهنیەت خێڵەکی و تەقلیدی بوون . ئەم تویژانە لەکاتێکدا خەباتیان بۆ ئەوە دەکرد ستروکتوری تەقلیدی و بەسەرچوو بپارێزن و بهێڵنەوە ، بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەباشترین شێوە دەپاراست . دەبێ ئەوە لەیادنەکەین کە مەرج نیە ئەوانەی بۆ هەڵگرتنی چەك و نواندنی لاوچاکی و مەیدانی جەنگ و کۆکردنەوەی ژمارەی زۆر خەڵك بۆ هەڵگرتنی چەك شیاوبن ، بتوانن بەپێی پێویست لە هەلومەرجی قۆناغی ئاشتی‌دا ( کە تیایدا پرۆسەی سیاسی و بەمەدەنیکردنی تەواوی جولانەوەکە پێویستە ) سەرکردەی سەرکەوتوو و لێهاتووبن . ووتەیەکی بارزانی هەیە کە لە گووتارێکیدا بۆ یەکێ لەژمارەکانی گۆڤاری " The economist " - سالی ١٩٧١ - داویەتی ، دەڵێ : " زۆر ئاسانترە بۆ سەرکردەیەك بتوانێ سەرکردایەتی میللەتێك بکات لە کاتی شەردا تاوەکو لەکاتی ئاشتیدا . هەروەها زۆر ئاسانترە سەرکەوتن لە شەرێکدا بەدەست بێ تاوەکو لە پەرسەندنێکدا " .

وەك چۆن ململانێی نێوان خەڵکانێك کە تەنیا باوەڕیان بەبەکارهێنانی چەك هەبوو لەخەباتی نەتەوەییداو ئەوانەی دەیانویست زیاتر بەڕێگای بیری/سیاسی ئەم خەباتە بکەن ، شتێکی دیاربوو ، ئاواش ئەو ململانێیە لە قۆناغێکدا خۆی دەکێشێتە ناو چارەسەرە سیاسیەکانی مەسەلەکە و مۆرکردنی هەر پەیمانێکی سیاسی لەنێوان کورد و رژێمدا و هاتنەکایەوەی دەرفەتی‌کارکردن بەشێوەی ئاشتی و سیاسیانەش. (جێمس کینسەم) ،کەرۆژهەلاتناسێکە ، لەکاتی مۆرکردنی پەیمانی ئاداردا زۆر گەشبین بوو،چونکە ئەو لەو بڕوایەدابوو کە تەنانەت مۆرکردنی پەیمانەکە ، سەرکەوتنێکی مێژووییە بۆ هێزە بیری/سیاسیەکانی ناو جولانەوەی نەتەوەیی کورد . (کینسەم) ناوی د.مەحمود عوسمان وەکو ڕەمزێك بۆ سەرکەوتنی هێزە بیری / سیاسیەکانی ناو جولانەوەکە ، لەململانێی مۆرکردن یان مۆرنەکردن ی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ دادەنا . وەکو سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ جولانەوەی کورد ، مۆرکردنی بەیاننامەی ئادار تای تەرازووی بەلای هێزە بیری / سیاسیەکانی ناو جولانەوەکەدا شکاندەوە. بەمانایەکی تر ، ئەم ڕووداوە دەشیا سەرەتای قۆناغێك بێت کە تیایدا لایەنگرانی بەکارهێنانی چەك لەخەباتدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پاشەکشەبکەن (١) .بەلام بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنە سیاسیە نەبێتە هۆی بەهێزبوونی توخمی بیری/سیاسی ، واتە نەبێ بەهۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستپێشکەری وەدەستەوەبگرێ ، توخمی عەشایەری و بازرگانەکانی جەنگ کەوتنە خۆیان . بەپێی نووسراوێك سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی " راپەڕینە" کەی ئەیلولی ١٩٦١و هەرەسهێنانی سالی ١٩٧٥،هەوڵدان لەلایەن ئەم توخمانەوە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆلی پارتی لەکاتی ئاشتیدا زۆر شێوەی هەبووە : ١) نەبوونی ویستێکی ڕاستەقینە بۆ قبولکردنی ئەندامانی " پارتی شۆڕشگێری کوردستان " (ئەندام و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی‌ی‌کۆن ) ، چونکە قبولکردنی ئەمانە و کارکردنیان لەپارتی‌دا دەبووە هۆی بەهێزبوونی پارتی و هێلی سیاسی ناو جولانەوەکە . ٢) ڕێگاگرتن لە هەموو ریفۆرمێك یان جێ‌بەجێکردنی‌هەموو یاسایەك لەکوردستاندا . ٣) گرنگی‌نەدان بە بەیاننامەی ١١ی ئادار و خولقاندنی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەمی جێ‌بەجێکردنی‌دا . ٤) زیدەکردنی ڕۆلی بارەگای‌بارزانی لەسەر حیسابی پارتی . ٥) دەست بەسەراگرتنی کار و باری پارتی لەلایەن توخمە عەشیرەتیەکانی ناو جولانەوەکەوە، بۆ نموونە : بەشداریکردن لەکۆنگرەی هەشتەمی پارتی‌دا ( ناوبردان - ١٩٧٠ ) . وەك دەردەکەوێ ٣٪ ی‌ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوون و تەنانەت ڕۆلی گرنگیشیان‌هەبوو لە بنچینەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان پارتی نەبوون . ٦) کەمکردنەوەی ڕۆلی پارتی و بەهێزکردنی ڕۆلی‌دەزگای پاراستن لەسەر حیسابی ئەو (٢) .

ب) لەڕووی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلایەتیەوە ، دەبوایە خەلکی ئەو ناوچانەی بەناو " ئازادکراو" بوون هەمیشە گرانترین باج بدەن بۆ بەردەوامی خەباتی چەکداری ، واتە وەکو ئەنجامێك بۆ بەردەوامی شەر لەم ناوچانەدا . ئەوانەی ئەم باجەشیان داوە زیاتر خەلکێکی هەژاری ئەم ناوچانەبوون و باجەکەشیان بەم شێوانەبووە : ١) ئەم ناوچانە بێ‌بەش بوون لە ڕێگاوبان و قوتابخانە و نەخۆشخانەو. . . شتێك کە ڕۆلی گرنگی بینی لە نەبوونی ئەم خزمەتگوزاریانەدا ، بەردەوامی‌ی بارودۆخی شەڕ بوو کە دوژمن پێ‌ی دەڵێ " بارودۆخی ریزپەڕ- استثنائي " . ٢) لەم ناوچانەدا هەمیشە لەململانێی نێوان جوتیار و ئاغا و دەرەبەگدا ، "شۆڕش" بە دەگمەن لایەنی جوتیاری گرتووە . . . جوتیار دەبوایە سێ‌یەك و دەیەك بدات . سەرباری ئەوە دەبوایە بە خواردن و جێ‌ی‌خەوتن خزمەتی پێشمەرگەشی بکردایە . . . ئەمەش تولەسەندنەوەی دوژمنی دەهێنایە گۆڕێ‌وە . ٣) بلاوبوونەوەی نەخوێندەواری

بەهۆی نەبوونی قوتابخانەوە . هەروەها دابڕانی ئەم ناوچانە لە دەسەڵاتی یاسا و سیستەمی دەوڵەت کە بەپرۆسەی دەیان ساڵ وای لەمرۆڤی ئەم ناوچانەکرد ببنە توخمێك کە گونجاندنی لەگەڵ سیستەم و یاسادا کارێکی زەحمەت بێ ، ئەمەش زیانێکی مرۆڤایەتی بە ژیانی مەدەنی و شارستانیەکەی گەیاند . بۆ مرۆڤی ئەم ناوچەیە ، هەروەك زۆربەی خەڵکانی چەك هەڵگر ، سەردانەواندن بۆ یاساو دامەزراوەکانی دەوڵەت مانای سەردانەواندنە بۆ دوژمن ، لەکاتێکدا تێکەڵاوکردنی ئەم دوو شتە چەوتیەکی گەورەیە . ئەم شێوە ڕەفتارکردنە هەتا ئێستاش شتێکی گرنگ و بەرچاوە لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی باشوور . ئەگەرنا ، فرۆشتنی سەدان لەباشترین ئامێرەکان ( شۆفڵ ،بلدۆزەر و شتی تر) بەئێران و بەئاگاداری پارتە کوردستانیەکان ، بەڵکو (بەپێی هەندێ سەرچاوە) تێکەڵاوبوونی ئەم پارتە سیاسیانە لە پرۆسەی ئەم بازرگانیەدا مانای چی دەگەێنێ؟ ئەوەی ئێمە ئاگادارین ، ئەم پرۆسەی فرۆشتنە ، کە من پێی دەڵێم " تالانکردنی ڕێکخراو " ، ماوەی چەند مانگێکی هاوین و پایزی ١٩٩١ بەردەوام بوو . وابزانم " نەخۆشی " کردنی هەر ئامێرێك ، دامەزراوێك ، دەزگای کارپێکردنێك بە سومبلی ڕژێم و دوژمن ، دەربڕی ئەو زەهنیەتەیە کە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە جوڵانەوەیەکی مەدەنی و بنیاتنەر دوورخستۆتەوە .

ج ) لە کاتێکدا کە سیاسەتی ڕاگواستنی لادێکان لە سیاسەتی شۆڤێنیستی و بەعەرەبکردنی کوردستان ، بەتایبەتی لەسایەی ڕژێمی بەعس و سەدامدا ، جیاناکرێتەوە ، دەبێ ئەوە لەیادنەکەین کە یەکێك لە بەهێزترین بەهانەکانی ڕژێم بۆ ڕاگواستن ، مەسەلەی ئاسایش بوو . واتە لە لایەکەوە لەسەر پرنسیپی جیاکردنەوەی ماسی لە ئاو ،واتە پێشمەرگە لە خەڵك ، لەلایەکی تریشەوە بۆ چۆڵکردنی ئەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنووری وولاتە دراوسێکان کەبەهۆی هۆی بارودۆخی شەر لەکوردستان تێکەڵ دەبن بە ڕووداوەکانی بەم شەڕەوە بەستراون . بێگومان ڕاگوستنی لادێیەکانی کوردستان و هەندێ شاریش لەساڵانی دوای ١٩٧٥ تەنیا تاقیکردنەوەیەکی عیراقی نیە ، بەڵکو بەر لەوەی ڕژێمی بەعسی عیراق ئەم کارەبکات ، چەند تاقیکردنەوە و نموونەیەکی تر لەووڵاتانی تر هەبوون کە ماوەیەکی زووتر پیادەکرابوون ، بۆ نموونە: جەزائیر ، ڤێتنام ، چین ...هتد . ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئەم تاقیکردنەوانە بوو ، مەسەلەی ئاسایش بوو ، واتە ڕاگواستنی لادێیەکان وەك ڕێگایەك بۆ لەناوبردنی هێزی چەکداری ئۆپۆزیسیۆن ( بەپێی پرنسیپی جیاکردنەوەی ماسی لە ئاو ) . تەنانەت تاقیکردنەوەی ولاتێکی عەرەبی لەئارادایە کە لەوەی عیراق کۆنترە و بەمەبەستی بەعەرەبکردن بووە ، واتە تاقیکردنەوەی سوریای ساڵی ١٩٧٢ کە ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردەکانی بەمەبەستی (بەواتەی ڕژێم) دروستکردنی " پشتێنی سەوز " ئەنجامدا . ئەوەی جێگای باسە ، ئەم تاقیکردنەوەیەی ڕژێمی سوریا بە دەگمەن لە ئەدەبیاتی پارتە سیاسیە کوردستانیەکانی عیراقدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشرێ . چونکە ڕژێمی سوری نەك هەر بە دوژمنێکی کورد لەقەڵەم نادرێ ، بەڵکو لەو ئەدەبیاتانەدا سومبلی سیستەمێکی سیاسی پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە . ئەم ناتەبایی و بگرە ناکۆکیەش لە ڕەفتاری ڕژێمی سوریا و لەدەربڕینی پارتە سیاسیە کوردستانیەکاندا تەنیا یەك هۆ ولێکدانەوەی هەیە ، ئەویش پێویستی ئەم پارتانەیە بە یارمەتی سوریا بۆ بەردەوامبوونی خەباتی چەکداری لەکوردستانی باشوور . واتە سوریا پێویستە بۆ بەردەوامی ئەم شێوە خەباتە وەکو: یارمەتیدەری ماددی ، کەناڵی گواستنەوەی یارمەتی بۆ کوردستان ، قووڵاییەکی ستراتیژی .

لێرەدا دەبێ پرسیارێك بێتە پێشەوە، ئەویش : ئایا بوونی( ٢٠٠٠ ) پێشمەرگە لەساڵی ١٩٧٧دا، وەکو دەربڕێکی واقیعی بۆ تەواوی خەباتی چەکداری ئەو کاتە، ئەوەی دەهێنا ( ٢٨٠٠٠ ) خێزانی کورد لەپێناویدا بگواسترێتەوە ، ئەویش بە مەبەستی دەرکردنی ماسی لەئاو، واتە جیاکردنەوەی پێشمەرگە لە بنکەی سەرەکی بوون و ژیانی کە جەماوەری ئەو لادێیانەبوو؟ ئەوەی ڕاستی بێت لەکاتی ئەو ڕاگواستنەدا هێزەکانی پێشمەرگە نەك هەر لەتوانیاندا نەبوو (لێرەولەوێ) کۆسپ بخەنە بەردەمی ئەم ڕاگواستنە ، بەڵکو بەر لەڕاگواستنەکە لەشەڕێکی براکوژی ببوونەوە(لە ناوچەی حەکاری) ، کە ڕووداوەکەش دوایی بە" کارەساتی حەکاری " ناسرا . لێرەدا نامانەوێ گومان بخەینە سەر پێشینەکانی ئەم کارەساتە ، کە لەراستیدا بمانەوێ و نەمانەوێ خزمەتی پیلانەکانی دوژمنی‌کرد ، بەڵام دەپرسین ئایا هەندێ لایەنی گومانلێکراو لەپشتی ئەم کارەساتەوە نەبوون و ڕۆڵیان تیانەبینی ؟ ئەم مەسەلەیە بۆ دەرفەتێکی دی هەڵدەگرین ، بەڵام بە باوەڕبەخۆبوونەوە دەپرسین : ئایا ئەوەندەی هێزە چەکدارەکانی ئەو کاتە بوونە هۆ ، هەر نەبێ لەڕوانگەی ڕژێمەوە ، بۆ ڕاگواستن ، بەهەمان

ڕێژە ئەو هێزە چەکدارانە توانیان ڕێگا لەو ڕاگواستنە بگرن ؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر نەك بەهەمان ڕێژە نەیانتوانی بەرەنگاری ڕاگواستنەکە ببنەوە، بەڵکو هیچ بەرنگارییەکیش لەئارادا نەبوو . بەمانایەکی تر، بوونی هێزی چەکدار توانی ببێتە هۆکارێکی هاندەر بۆ ڕاگواستن ، بەڵام نەیتوانی ببێتە ڕێگری ئەم پیلان و کاری ڕاگواستنە . کەواتە جوڵانەوەی چەکداری ئەو کاتە نەك هەر هێرشبەر نەبوو ، بەڵکو نەیتوانی بەرگریکەریش بێت . لەوەش زیاتر ، جوڵانەوەکە ئەو کاتە تەنیا ناوی هەبوو، بەڵام بەکردەوە نەبوو . وا بزانم ئەمە ڕوخساری جوڵانەوەکە بوو بەگشتی لەقۆناغی دوای هەرەسهێنانی ١٩٧٥دا .

شایانی باسە ، ئەوەی جوڵانەوەی چەکداری کورد پاش بەرپابوونەوەی لەساڵی ١٩٧٦دا توانیویەتی ئەنجامی بدات ئەوەیە کە زیاتر دام و دەزگا سەرکوتکەرە سەربازییەکانی دوژمنی هانداوە بۆ ئەنجامدانی تاوانی زیاتر ، بێ ئەوەی توانیبێتی ڕێگا لەو تاوانانە بگرێ ، بەهانەی زیاتری داوەتە دەستیان بۆ خراپکاری و وێرانکردنی زیاتر لە کوردستاندا . . . واتە جوڵانەوەکە توانیویەتی تەنیا مارەکە بریندار بکات نەك بیکوژێ . بەجۆرێکی دی، زێدەکردنی تورەیی دوژمن و پێ بەخشینی ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێزی زیاترو زیاتر .

د ) ئەنجامێکی تری خەباتی چەکداری کە ناوەکیە ئەوەیە کە بەدرێژایی چەندین ساڵ خەباتی چەکداری نەك هەربووە لۆژیکی ڕەهای جوڵانەوەی نەتەوەیی لەکوردستانی باشوور ، بەڵکو ئەم خەباتە بووە شێوە ئینجیلێك و بەرزترین پیرۆزی پێبەخشرا ، ئەمە نەك هەر لەبواری ململانێی دوو هێز و تەرازووی هێز و مشتومڕی سیاسیدا ، بەڵکو پەرستنی چەك و هێزی خۆیخزانۆتە ناو ئەدەبیشەوە، تەنانەت ئەدەبی منداڵانیش . . . بۆچی کورد منداڵی خۆی وەها پەروەردەبکات ، ئەگەر پارچە قوڕێکی درایە دەست یەکسەر تفەنگێکی پێ دروست بکات ؟ وابزانم ئەمە ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و سایکۆلۆژیا و زهنیەتی هێزە. ئەنجامێکی ئەم پەرستنی خەباتی چەکدارییە ئەوەیە کە زۆر تێڕامان و چەمکی ئاراد ەیەك نەگۆڕاوی دروستکردوە، ئەویش ئەوەیە کە چەك تەنیا ئامرازە و هیچی تر. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لەدوائەنجامدا ڕێگای لە لەدایکبوونی ئەڵتەناتیڤی تر لەئاستی بیرکردنەوە و بەرنامەی سیاسی و مشتومڕی سیاسی گرتووە . لەو بڕوایەدایین ماوەیەکی زۆرە کاتی ئەوە هاتووە بیر لە ئەڵتەرناتیڤی خەباتی چەکداری بکرێتەوە و دەبێ ئەڵتەناتیڤی نوێ سەرهەڵبدات و لەلایەن هێزی نوێخوازەوە خۆی بنوێنێ . نوێخواز نەك بەمانای ئایدیۆلۆژی چەپ و ڕاست یان ڕادیکاڵ و کۆنپارێز، بەڵکو بەمانای ئەو شێواز و میتۆدەی کە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد وەکو ئامرازی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەسەندی دەکات . ئەم هێزە نوێخوازانە لەکاتێکدا کاردەکەن بۆ گەڵاڵەکردن و پیادەکردنی شێوازێکی نوێی خەبات ، دەبێ ئەوە بزانن کە لەلایەن ئەو توێژانەوە ڕێگایان لێدەگیرێ کە پایەی سیاسی- کۆمەڵایەتیان بە چەکەوە بەستراوەتەوە .

هـ) دروستبوونی دیاردەی جاشایەتی لەگەڵ بوونی دیاردەی چەکداریدایە :دیاردەی جاشایەتی هاوشانی بوونی خەباتی چەکدارییە و تا خەباتی چەکداری بمێنێ ئەویش لەئارادا دەبێ . کاتێ کوردێك دەبێ بەجاش ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بزانین بۆ دەبێ بەجاش؟ وەك زانراوە زۆرجار بەحوکمی دوژمنایەتی دوو عەشیرەت یا دوو کۆمەڵ یەکێك پاڵی داوەتە دوژمن و ئەوی تریان بەپێویست پاڵی داوەتە هێزی پێشمەرگە . ئەمجۆرە لایەنهەڵبژاردنە ، لەڕاستیدا جۆرێکە لە هاوپەیمانێتی سیاسی کە لەشێوازی هاوپەیمانێتی عەشیرەت و عەشیرەت دەردەچێ و شێوازی نوێ وەردەگرێ : ئەمجارەیان هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕژێم یاخود دژەکەیدا ، واتە جوڵانەوەی چەکداری کورد ، دەبێ. لەڕاستیدا دیاردەی جاشایەتی لایەنێکی تریشی هەیە ، ئەویش مەسەلەی ڕاکردنە لەسیستەمو ڕێگایەکە بۆ پاراستنی نفوزی سەرەك عەشیرەت و ئەوانەی لەناو عەشیرەتدا خاوەنی پایەیەکی سیاسی- کۆمەڵایەتی جیاکارەن . سەرەك عەشیرەت لەم بارەدا سومبلی دەسەڵاتە و ئەو کەسەیە کە ڕۆڵی گوێزانەوە و دەربڕینی لایەنگیری دڵسۆزانەی عەشیرەتەکەی بۆ ڕژێم دەبینێ . شایانیباسە، ئەو هۆکارەی وایکردوە عەشیرەتی فڵانی ڕێگای هاوکاری لەگەڵ ڕژێمدا بگرێتەبەر و ئەویتریان هاوکاری لەگەڵ جوڵانەوەی چەکداری کورددا هەڵبژێرێ لە واژەناسیی سیاسیدا دوو عەشیرەت یان سەرەك عەشیرەتی هێناوەتە کایەوە : یەکێکیان جاشە ( خۆفرۆش) ، ئەوی تریان پێشمەرگەیە (نیشتمانپەروەر ) . هاتنەکایەوەی ئەم دوو واژەیە بەپێویست دەرئەنجامی پرۆسەیەکی سیاسی نیە کە جەوهەرەکەی نیشتمانپەروەری و دژەکەی بێت ، بەڵکو بەری ململانێ و دوژمنایەتی عەشیرەتیە ، ئەم دوژمنایەتیەش لەخزمەتی مانەوە و بەهێزبوونی سەرەك عەشیرەت و ستروکتوری

عەشیرەتیدایە . دەتوانم بلێم ، سنورێکی تەماوی‌و هەمیشە گۆڕاو هەیە لەنێوان ئەو عەشیرەتەی لایەنی ڕژێمی گرتووە ( واتە جاشە ) و ئەوەی لایەنی " شۆڕش"ی گرتووە ( واتە پێشمەرگەیە ) . خاڵی هاوبەشی هەردوو عەشیرەت یەکە ، ئەویش لە ئەنجامی هاوپەیمانێتی سیاسیدا لەگەڵ ئەم دیوە یان ئەودیوە، سەرەك عەشیرەت بەرژەوەندی و نفوزی خۆی لەناو عەشیرەتدا، بەڵکو لەناو تەواوی کۆمەڵگادا ، دەپارێزێ . بەم شێوەیەش لەهەردوو باردا هێزە تەقلیدییە عەشیرەتیەکان مەبەستیان مانەوەی‌ستروکتوری عەشیرەتیە، سەردانەنەواندنە بۆ حوکمی‌یاسا و پێڕەوی نەکردنی شێوازی دەوڵەتی نوێ و دەزگا مەدەنیەکانیەتی .

٢ )لەڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵ ڕژێم( دوژمن )دا :

ا- ڕاستیەکی گرنگ ئەوەیە کە ڕژێمێکی دکتاتوری و سەربازخوازی وەك ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی بەغدا ، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس ، بەپێی سروشتی خۆی ناتوانێت لەگەڵ ئاشتیدا بژێت .باشتر وایە بلێین ئەمجۆرە ڕژێمە زیاتر لەگەڵ باری شەڕومیکانیزمی بەکارهێنانی هێزدا دەگونجێ . لەوەیش زیاتر ، ئەمجۆرە ڕژێمە بەرژەوەندی لەگەڵ شەڕێکی سنووردار و بارودۆخی گرژبوونی سیاسیدا هەیە ، چونکە ئەم بارودۆخە بەهانە دەداتە دەستی ئەم ڕژێمە بۆ ڕژاندنی تورەیی خۆی بەسەر خەڵکدا و لە ڕێگای بەکارهێنانی دەزگا داپلۆسێنەرەکانەوە. لەڕاستیدا، شەڕێکی سنووردار لە دیدی پرنسیپی تەرازووی هێزەوە ناهاوتا ئاقاری فاشی و سەربازخوازی بەهێزدەکات و وەرەقەی زیاتری دەداتەدەست بۆ ئەوەی ئەم شەڕە سنوورداره بکاتە قوتابخانەی مەشق پێکردنی هێزەکانی و کارپێکردنی ویستە فاشیستیەکانی . واتە ئەم پرۆسەیە لەدوائەنجامدا لەخزمەتی خودی ڕژێمدایە . . . ئەوەی دیسان خزمەتی ئەم ڕژێمە دەکات ، سوودوەرگرتنە لە ئەتمۆسفێری شەڕ و بەکارهێنانی بەشێوەی پڕوپاگەندەیی بۆ دروستکردنی باری سایکۆلۆژی دوژمنکارانە لەنێوان‌کەمایەتی (کورد ) و زۆرایەتی (عەرەب)دا . دروستبوونی ئەم بارودۆخە سایکۆلۆژیەش بازنەی دوژمن فراوانترو بەهێزتر دەکات .

ب - لەو بڕوایەدام ، خەباتی چەکداری لەکوردستانی باشوور لەساڵی ١٩٦١ ەوە تاکو ئێستا لەسەر ستراتیژێك پیادەکراوە کە لە ئەنجامدا خەباتە چەکدارییەکە کەمتر کاریگەربێ . لەبەرامبەر ئەمە ، هەر ئەم ستراتیژی خەباتی چەکدارییە بۆتە هۆی ئەوەی ناوچە " ئازادیکراوەکان" ببنە نیشانێکی ئاسان بۆ هێزی دوژمن . مەبەست لەو ستراتیژیەتە شەڕکردنە لەگەڵ ڕژێم لە دەرەوەی بازنەکانی ناوەوەی ڕژێم . ئەمەش دیاردەیەکی نامۆی هێناوەتەکایەوە کە ئەویش شەڕکردنە لە (ڕۆخ )ێکی لاواز و کەم هێز لە بەرامبەر (چەق )ێکی خاوەن هێزی سەربازی و ئابووری و دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنی زۆر زێدەتر لەهی ڕۆخ . بۆ باشتر تێگەیشتنی ئەم پەیوەندی و ململانێ‌یەی نێوان ڕۆخ و چەق دەتوانین سوود لەتیۆری پرۆفیسۆری نەرویجی ( Johan Galtong ) وەربگرین کە بە تیۆری ستروکتورالیزم ناسراوە.

لەڕاستیدا ، ئەگەر خەباتی چەکداری یا بەمانایەکی‌تر نەبەردی سەربازی لە خودی چەقدا نەکرێ، ئەوا خەباتە چەکدارییەکە دووردەمێنێتەوە لە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەبرەو لەسەر بڕیار و هەڵوێستی ڕژێمی چەق بەرامبەر جولانەوە نەتەوەییە چەکدارییەکە. لەبەر ئەوە مەسەلەی گواستنەوەی خەباتی چەکداری لەڕۆخی بێ‌هێز و کەم کاریگەرییەوە بۆ چەق بۆ هەڕەشەکردن لە ڕژێمی چەق لە چەقەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، واتە لەنزیکەوە، یەکێکە لەو ئەلتەرناتیڤانەی کە پێویست بوو بکەوێتە سەر مێزی مشتومڕی سیاسی‌ی جولانەوەی نەتەوەیی‌کورد پاش هەرەسهێنانی ئاداری ١٩٧٥ ، یان هەر نەبێ دوای ڕاگواستنی بەکۆمەڵی خەڵکی کورد پاش ئەم مێژووە. چونکە ئەم ڕاگواستنە زۆرەملیە بارودۆخی پیادەکردنی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە دەیان‌جار گرانکرد و کاریگەرییەکەشی لەگەڵ ئەم ڕاگواستنەدا دەیان‌جار کەمتر بوویەوە . ئێمە لەو باوەڕەداین کە بارودۆخی قۆناغی دوای هەرەسهێنانی ١٩٧٥ وای پێویست دەکرد خەباتی چەکداری شێوەی تر وەربگری ، واتە بگوێزرێتەوە بۆ چەق (٣) .ئەگەرنا باشتر وابوو لەقۆناغی دوای هەرەسهێنانی ١٩٧٥دا جارێکی‌دی دەست بەخەباتی چەکداری نەکرێتەوە ، بەڵکو بەشێوەی جیدی بیر لە ئەلتەرناتیڤی تر بۆ شێوەی خەبات بکرایەتەوە کە تەواو و بنەڕەتیانە لەڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە لەگەڵ خەباتی چەکداریدا جیاوازبوایە .ئەوەی ڕاستی بێت، تەنیا دوای هەرەسهێنانی دووەم (لەماوەی ١٧ ساڵدا )، واتە هەرەسهێنانی ١٩٨٨ ، هەندێ لەسەرکردەکانی‌کورد پەنجەیان بۆ ڕاستی‌ی بێ‌سوودی چەك یان شێوە و ستراتیژی بەکارهێنانی ڕاکێشا . بۆ نموونە، مەسعود بارزانی لەووتارێکدا (ساڵی ١٩٨٩ ) لەستۆکهۆڵم

دەربیبڕیوە کە مەسەلەی کورد ئیتر بەچەك چارەسەرناکرێ . هەروەها لەسەر شێوەی بەکارهێنانی ئەم چەکە نەوشیروان مستەفا لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری " بەربانگ " دا پەنجەی بۆ لاوازی ستراتیژی شێوە تەقلیدییەکەی خەباتی چەکداری ڕاکێشاوە . جێگای گرنگییە کە دەست نیشانکردنەکەی ناوبراو زیاتر دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەکەی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە بەرامبەر چەق . ناوبراو دەڵێ : دەبێ کورد لەمەودوا خەباتی چەکداری لە "ماڵی خۆیدا " (لەڕۆخدا) نەکات ، بەڵکو ئەم خەباتە بگوازێتەوە " ناو ماڵی دوژمن "(ناو چەق) .

لەوانەیە لایەنگرێکی خەباتی چەکداری پرسیار بکات و بڵێت : ئەی ئەگەر جوڵانەوەی چەکداری کورد نەیدەتوانی بەهێز و لە ڕۆخەوە کاربکاتە سەر بڕیاری سیاسیی ڕژێم لە چەق ، جوڵانەوەی چەکداری کورد چۆن توانی بارودۆخێ بەسەر ڕژێمدا بسەپێنێ (ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥) و وای لێبکات ڕژێم لە ئاداری ١٩٧٥ دا دەستبەرداری تەنگاوی عەرەب بێت بۆ شای ئێران ؟ دەشێ خاوەن/خاوەنەکانی پرسیارەکە بانگداشە بۆ ئەوەبکەن کە هێزی چەك ( لە ڕۆخەوە ) سەپاندی بەسەر عیراقدا پەیمانی ( جەزائیر) لەگەڵ ئێران مۆربکات و دەستبەرداری گەلێك شت و جێگا بێت . بەپێویست مەسەلەکە وا نیە ، بەڵکو جارێکی دیش هەڵەیەکی گەورە دەکرێت ئەگەر وا بیربکرێتەوە کە ناچاربوونی ڕژێمی عیراق بۆ مۆرکردنی پەیمانی دەسبەرداری لەبەر کاریگەریی هێزی چەکی جوڵانەوەی کورد بوو. ئێمە هەوڵدەدەین لێرەدا ڕووداوەکە تەنیا لەدیدی هێزی ڕووتەوە نەبینین و بیخەینە سەر ئاستێکی فراوان و چەندلایەنی تر :

١) ئەوەی جوڵانەوەی کورد لەشەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥دا تیایدا سەرکەوتوو بوو ئەوەبوو کە توانی ئێران تێکەڵاو بە شەڕەکەی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا بکات . ئەمەش نەك تەنیا بەشێوەی پشتگیریکردنی ئێران بۆ کورد ، بەڵکو تێکەڵاوبوونی لەشەڕەکەدا بەشێوەی ناردنی هەندێ هێز (بە جلوبەرگی کوردییەوە) . ئەم تێکەڵاوبوونەی ئێران هێمایەك بوو بۆ عیراق سەبارەت بەجددییەتی هەڵوێست و ترسی عیراق لە هەڵگیرسانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عیراق و ئێراندا . لەڕاستیدا نەك هەر عیراق ، بەڵکو ئێرانیش - بەپێی زۆر لێکۆڵینەوە- نەی دەویست بکەوێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆوە لەبەر " خاتری کورد " (٤) .

٢) ئەوەی لەبەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی ( هێنری کیسنگەر)دا " The White House, Years 1979 " - لاپەڕە ١٢٦٥ - دەرکەوتووە ئەوەیە کە جوڵانەوەی کورد نەك هەر لەکۆتایی ١٩٧٤ و سەرەتای ١٩٧٥دا لەڕووی هێزی بەکردەوەوە لەبارودۆخێکی ئاوادا نەبووە بارودۆخێك بەسەر حکومەتی عیراقدا بسەپێنێ ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کیسنگەر گوتەنی ، مەترسی ئەوە هەبوو بەرەی پێشمەرگە بە تەواوی تێك بشکێ . بۆ ئەوەی جوڵانەوەی کورد بیتوانیایە بەردەوام بێت (هەرنەبێ بەرگری لەو ناوچانە بکات کە بەدەستیەوە بوو) ئەوا کیسنگەر گوتەنی پێویستی بە(٣٠٠)ملیۆن دۆلار یارمەتی ئەمەریکی هەبوو ، کە ئەویش دەبوایە کۆنگرێسی ئەمەریکی بڕیاری لەسەر دانی بدابایە . هەروەها دەبوایە ئێران ڕاستەوخۆ بەشداریی لە شەڕەکەدا بکردایە بۆ لایەنگیریکردنی کورد ، ئەویش لە ڕێگەی دوو فەیلەقی هێزی نیزامییەوە . ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی ئەم تێکەڵاوبوونەی ئێران ، شەڕێکی دوو دەوڵەتی بوو لەنێوان عیراق و ئێراندا ، بەڵام ئەم دوو وڵاتە (عیراق و ئێران) ئامادەنەبوون بکەونە شەڕێکی ڕاستەوخۆی بەرفراوانەوە .نابێ ئەوە لەیادبکەین کە کیسنگەر لەوانەیە لەو گووتارەیدا بیەوێ بەهانە بۆ بڕیاری ئەمەریکا سەبارەت بەڕاگرتنی یارمەتی بۆ جوڵانەوەی کورد لە عیراق بهێنێتەوە و بەم شێوەیەش ڕەوایەتی بداتە ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا . هەرچۆنێك بێت ، لەڕاستیدا هێزەکانی پێشمەرگە ناچارکران لەماوەیەکی کەمتر لەساڵێکدا (لە ئاداری ١٩٧٤ەوە تاکو هاوینی هەمان ساڵ ) خاکێکی زۆر بۆ هێزەکانی دوژمن بەجێبهێڵن . تەنانەت لە قوڵی هەولێرەوە ، هێزەکانی پێشمەرگە هەر لە کۆڕەوە تا ڕەواندوز و دەشتی دیانە و شاخەکانی زۆزك و. . .هتد لەپاشەکشەدابوون . ئەمە تەنیا لەقوڵێکەوە کە قوڵی سەرەکی هێرشی دوژمن بوو و ئامانجەکەشی ناوچەی سەرکردایەتی بوو لە (چۆمان) ، هەروەها بڕینی پەیوەندی هاتوچۆ بوو لەنێوان ناوچەی سەرکردایەتی و ناوچەی بادینان دا .

٣) پەیمانی جەزائیر (١٩٧٥) لەگەڵ عیراقدا پەیوەندی بەڕۆڵی تازەی ئێرانەوە هەبوو لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان ، بەهۆی کشانەوەی یەکجارەکی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی سوێس (ناوچەی کەنداو) ، ئێران هەوڵی ئەوەی دا شوێنی بەریتانیا لەناوچەکەدا بڕکاتەوە. بەباوەڕی دوو ئێراناس ( Farid-Saidi & Chubin)

ئێران دەیتوانی ئەم رۆڵە تازەیە لەرۆژهەلآتی ناوەراستدا، بەتایبەتی لەناوچەی کەنداو، ببینێ. بۆ ئەم مەبەستەش ئێران دوو رێگای لەبەردەمدابوو، یاخود بەدوو شێوە دەیتوانی ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێ : ١) بەرێگای خۆسەپاندن بەسەر ناوچەکەدا بەهۆی هێزی سەربازییەوە، ئەویش لەرێگای شەرێکی راستەوخۆوە لەگەلٚ عیراقدا، چونکە عیراق بە هێزی بەکردەوەناوچەکە دەدەنرا و دەیتوانی رۆڵی ئێران لەناوچەکەدا سنووردار بکات. ٢) بەرێگای دیبلۆماسی، ئەمەشیان بەشێوەی پەیمانی دوولایەنی یان چەند لایەنی لەگەلٚ وولآتەکانی ناوچەکەدا، یاخود دروستکردنی رێکخراوێکی ئاسایشی لەناوچەکەدا کەتیایدا ئێران رۆڵی سەرەکی هەبێ (٥). بەلآم بەرای من رێگای سێیەمیش هەبوو ئێران بۆ گەیشتنە ئامانجی بینینی رۆڵی جیاکارە لەناوچەکەدا بیگرێتەبەر، ئەویش رێگای پێکەوەگرێدانی شەرێکی سنووردار و ناراستەوخۆ بوو کە شەری بەوەکالەتی کورد بوو لەگەلٚ رژێمی عیراقدا. واتە ئێران یارمەتی کوردی دەدا بۆ ئەوەی خۆی بەری ئەم شەرە بچنێتەوە، ئەمەش لەرێگەی دەستبەرداری عیراق بۆ تەنگاوی عەرەب و داننانی بە رۆڵی ئێران لەکەنداودا. شان بەشانی ئەم شەرەش ئێران بەردەوامبوو لەسەر باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەلٚ وولآتە عەرەبییەکانی کەنداو و وولآتە عەرەبییەکانی دی. لەهەمان کاتدا ئێران بەردەوام بوو لەسەر گفتوگۆی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەگەلٚ رژێمی عیراق بۆ وەدەستهێنانی پەیمانێك لەگەلێدا بە مەرجێك پەیمانەکە لەبەرژەوەندی ئێراندا بێت. سەرەنجامی بێکەوە بەستنی زیرەکانەی هەولٚو تەقەلای دیبلۆماسیانە و شەری سنوورداری کورد لەگەلٚ رژێمی عیراقدا، ئێران سەرکەوتنی سیاسی لە پەیمانی جەزائیردا (٦ی ئاداری ١٩٧٥) بەدەستهێنا.

٤) لەراستیدا، بۆ لێکتر نزیکبوونەوەی عیراق و ئێران و مۆرکردنی پەیمانەکە، زۆر لەوولآتانی ناوچەکەو وولآتە یەکگرتووەکان رۆڵی خۆیان بینی، هەندێکیان بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی و هەندێکیشیان بەئامانجی هاوبەش: تورکیا، جەزائیر، سعودیە، مەغریب، ئۆردون، میسر، هەروەها وولآتە یەکگرتووەکان (٦).

**٢) لایەنە هەرێمایەتی و نێونەتەوەییەکان، واتە ئەو پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێونەتەوەییانەی کە لەگەلٚ و بەهۆی جولآنەوە چەکدارییەکە دروستبوون :**

بێگومان کارێکی زۆر قورسە، بەلٚکو مەحالە، کورد بۆی بکرێ بە توانای خۆیی خۆی بەردەوامی بدات بە خەباتە چەکدارییەکەی، بەتایبەتی ئەگەر شێوازی ململانێ چەکدارییەکە شەری بەرەیی و پارێزگاری بێت لە ناوچەی " ئازادکراو "، بەبێ یارمەتی دەرەوە. کەچی زۆرجار پارتە سیاسیەکانی ئەم خەباتە دەکەن لەپرۆگرامی سیاسی و دروشمەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ جولآنەوەی چەکداری کورد پشت بە تواناکانی میللەتی کورد خۆی ببەستێت و جەماوەر سەرچاوەی هێزی جولآنەوەکە بێت. خەلٚکانێکیش لەدەرەوەی ئەم پارتە سیاسیانە دەنگی رەخنەگرانە بەرزدەکەنەوە و دەلٚێن دەبێ جولآنەوەی کورد پشت بە تواناکانی میللەتی کورد ببەستێت. لەراستیدا، چ ئەم پارتە سیاسیانە کە بەکردەوە پشتیان بەیارمەتی دەرەوە بەستووە، چ رەخنەگرانی ئەم شێوە پشت بەستنە بە یارمەتی دەرەوە (لیبیا، سوریا، ئێران...) چاو لەو راستیە دەپۆشن کە پێرەویکردنی شێوەی خەباتی چەکداری ئەو پێویستیانەی ئەم شێوە خەباتە لەرووی سەربازی، لۆجیستیکی، دارایی و پێویستی بەقولآیییەوە دەیسەپێنێ، خۆی بەرپرسیارە لەوەی کەوا پشت بەستن بەهێزە بیانیەکان راستێکی واقیعی و بابەتیە. ئەم هەلومەرجە بابەتیە وەك رەفیق سابیر دەلٚێ رۆلێکی سەرەکی هەیە لە سەپاندنی " پاشکۆیەتی " بەسەر جولآنەوەی چەکداری کورددا (٧).

## "ئەلٚتەرناتیف" چیە ؟

ئێمە لەو بروایەداین کە دەتوانرا بەر لەم قۆناغەی ئێستا جولآنەوەی نەتەوەیی کوردی تیایە باس لە ئەلٚتەرناتیڤێك بۆ خەباتە چەکدارییە تەقلیدییەکەی کورد لە کوردستانی باشوور بکرابایە. لەو بوارەشدا دەتوانرا دوو ئەلٚتەناتیڤ وەکو شێوەی تازە بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد بخرێتە سەر مێزی مشتومر و هەلٚسەنگاندن :

١- گواستنەوەی شەر (نەبەردی پارتیزانی) لە رۆخەوە بۆ ناو خودی چەق (٨).

٢- وازهێنان لەخەباتی چەکداری و بیری بەکارهێنانی هێز وەکو شێوەی سەرەکی خەباتی نەتەوەیی کورد، ئەمەش هەرنەبێ دوای هەرەسهێنانی جولآنەوەی کورد لەکوردستانی باشوور لەئاداری ١٩٧٥دا.

بۆ پیادەکردنی ئەلٚتەرناتیڤی یەکەم وا دیارە دەبێ هەندێ کۆسپ و تەگەرە بخرێتە بەرچاو. تەگەرەیەکی گرنگ لەرێگەی گواستنەوەی ئەم خەباتە چەکدارییە بۆ چەق ئەو هێز و گروپە تەقلیدیانەن کە شێوەی خەباتی چەکداری

لە ڕۆخ دەبەنەڕێوە . بۆ ئەم هێز و گروپە تەقلیدیانە نەك هەر ئاسان نیە ئەم شێوە خەباتە بگۆڕن ، بەڵكو تەنانەت بەمجۆرە گواستنەوە و گۆڕانە شوێنەوار وبەرژەوەندی ئەوان لەناو جولانەوەی کورددا زیانی پێدەگات . بە گواستنەوەی خەباتی چەکداری بۆ چەق ڕەوابەتی (شرعیة) سەرکردە و هێزە تەقلیدییەکانی ناو جولانەوەکە دەکەوێتە مەترسییەوە ، چونکە ئەم گواستنەوەی خەباتە شێوەیەکی نوێی بیرکردنەوە و پلان و میکانیزمی نەبەردی سەربازی و کاری ڕێکخستن و شێوەی پێکهاتنی هێزی چەکداری دەخوازێ (٩). لەلایێکی ترەوە گواستنەوەی شێوەی خەبات لە ڕۆخەوە بۆ چەق ئەو کاتە ئەنجام دەدرێ کە هێزە تەقلیدییەکان (لایەنگرانی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە) پاشەکشە بکەن و لەجێی ئەوان ئەو هێز و توخمانە گەشەبکەن کە خاوەنی دەستپێشکەری گۆڕینی ئەم ستراتیژە بن و بتوانن گۆڕانکارییەکە زامنبکەن .

بەبڕوای من ئەم ئەڵتەناتیڤە ، واتە گواستنەوەی خەباتی چەکداری لە ڕۆخەوە بۆ چەق ، پێویست بوو نرخی پراکتیکی خۆی هەبوو کە دەبوایە باسیلێبکرابایەو بکرایە ستراتیژی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی باشوور ، بەتایبەتی پاش هەرەسهێنانی ساڵی ١٩٧٥ . بەکورتی دەبوایە ئەم هەرەسهێنانە پێویستی بیرکردنەوە لەمجۆرە ئەڵتەرناتیڤە بکات بە حەقیقەت . هەرەسهێنانی سیاسی - سەربازی لەژیانی زۆربەی میللەتانی تر و جولانەوە ئازادیخوازەکانی جیهان بۆتە هۆی دەستپێکردن و دەبڕینی ئەڵتەناتیڤی نوێی خەبات . پێم وایە نموونەیەك کە دەشێ بۆ کورد گرنگ بێت لێی بکۆڵێتەوە ،تاقیکردنەوەی فەلەستینیەکانە لەگەڵ هەرەسهێنانی سەربازی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی (ساڵی ١٩٨٢) لە ئەنجامی هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان . ئەم هەرەسهێنانە ، هەروەك یاسر عەرەفات لەچاوپێکەوتنێکدا باسیکردوە ، سەرەتای ڕاپەڕین بوو ، ئەگەرچی ڕاپەڕین لە کۆتایی ١٩٨٧ دا بەکردەوە دەستیپێکرد . مەبەستی یاسر عەرەفات لەم ئاخافتنەیدا ئەوەبوو کە لەگەڵ هەرەسهێنانی ستراتیژی خەباتی چەکداری فەلەستینیەکان لەساڵی ١٩٨٢دا ، بیری سیاسیی فەلەستینی کەوتە کارکردن بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەناتیڤ . دیارە ئەم عەقڵی فەلەستینیە پێویستی بە پێنج ساڵ (١٩٨٢ - ١٩٨٧) هەبوو تا بتوانێ شێوەیەکی تری خەبات گەڵاڵە بکات. ئەوە لەکاتێکدا ناکرێ دەستپێکردنی ڕاپەڕین لەبارودۆخی خەمڵینی هەلومەرجی ڕاپەڕینی فەلەستینیەکان لە ناوەوە جیابکرێتەوە . وابزانم ئەگەر ڕاپەڕین چەند سەرکەوتنێکی بەدەستهێنابێ ، ئەوا ئەنجامی گواستنەوەی خەباتی چەکداری و گۆڕینی بەشێوەی تری خەبات بوو ، واتە گواستنەوەی لە ڕۆخەوە بۆ چەق . ئەوەی ڕاستی بێت ، خەباتی چەکداری فەلەستینیەکان لەوەدابوو کە ئەمان دووجار لە ڕۆخەوە خەباتیان دەکرد : یەکێکیان لەڕۆخی ئیسرائیلەوە ، ئەوی تریان لەڕۆخی هەندێ ڕژێمی عەرەبیەوە . خەباتی چەکداری لەم دوو ڕۆخەوە بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆر زیانی بە خەباتی فەلەستینیەکان گەیاند (١٠).

کەباس دێتە سەر ئەڵتەرناتیڤی دووەم ، واتە وازهێنان بە تەواوەتی لە شێوەی خەباتی چەکداری ، لەو بڕوایەدایین کە دەبوایە ئەم هۆیانەی خوارەوە بەهانەیان بۆ وازهێنان لەم شێوە خەباتە بدابایە بەدەستەوە :

ا- لەپێشەوە باسمانکرد کەوا خەباتی چەکداری لە ڕۆخێکی کەم هێزەوە تەنیا خەباتێکی خۆکوژەیە و هیچ کاتێ نابێتە مایەی ئەوەی بەبێ هۆکاری تر (بەتایبەتی هۆکاری دەرەوە) بتوانێ شتی بەسەر ڕژێمی چەقدا بسەپێنێت . دەڵێین خەباتی خۆکوژەیە ، چونکە ماڵوێرانی بۆ هەرنەبێ خەڵکێك هێناوە کە لەناوچە " ئازادکراوەکان " دەژین . دیسان خۆکوژەیە ، چونکە ئەم شێوە خەباتە زیاتر توانیویەتی دوژمن تووڕەبکات و ڕقی زیدەتر بکات .. لە سەرجەمی ئەم پرۆسەیەدا دوژمن چونکە خاوەنی هێزی زیدەترە لەهی کورد ، هەردەم دەتوانێ بەشێوەی جۆرا و جۆر زیانی زیدەتر بەمیللەتی کورد بگەێنێ .

ب - بەبڕوای من ئەو شێوە خەباتی چەکدارییەی هەر نەبێ ٣٠ ساڵە ستراتیژی جولانەوەی نەتەوەیی کورد بووە لە کوردستانی باشوور ، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ هاتنەکایەی ناکۆکی و ناتەباییەك لە جولانەوەی نەتەوەیی کورددا : لەکاتێکدا کورد خەباتی دژی ڕژێمی چەق دەکرد ، لەهەمان کاتدا خۆی دەبەستەوە بە چەقی وولاتێکی دراوسێوە ، بەڵکو زۆرجار " شاگردیش"ی بۆ ئەم چەقەی دووەم دەکرد . تاقیکردنەوەی پشتبەستنی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لەعیراق بە ڕژێمی ئێران (چ لەکاتی ڕژێمی شا و چ لەکاتی ڕژێمی مەلاکاندا) ، بگرە پاشکۆیەتی بۆ ئەم ڕژێمانە خۆی لەخۆیدا ، حەزبکەین یان حەزنەکەین ، جولانەوەی نەتەوەیی " ئازادیخوازی " کوردی لە جولانەوەیەکی ڕزگاریخوازەوە گۆڕیوە بۆ جولانەوەیەکی

"لەپراکتیکدا" وابەستە و گرێدراو بە بڕیار و ویستی دوژمنانەوە لە چەقی دووەم ( ڕژێمەکانی تاران ) . وابزانم تەنیا مەرجێك بۆ ئەوەی جولانەوەی کورد جولانەوەیەکی وابەستەنەبێ‌بەهێزی بیانیەوە ، بەرژێمێکی دوژمنەوە لەچەقی دووەمدا ، ئەوەیە کە کورد پێویستە دەست لە خەباتی چەکداری هەلگرێ . لەڕاستیدا دەست هەلگرتن لە خەباتی چەکداری ، ڕزگارکردنی جولانەوەی کوردە لە پەیوەندی وابەستەیی بۆ چەقی دووەم. ئەوانەی دەلێن : دەکرێ خەباتی چەکداری لەڕۆخەوە بکەین بەبێ ئەوەی بکەوینە باری وابەستەیی چەقی دووەمەوە ، بانگداشەکەیان لەسەر بنچینەی ڕاستیە ئابووری و جیۆپۆلیتیکی و جیۆ ستراتیژییەکانی کوردستان - واتە لەکوردستانێکی گەمارودراو بە دوژمنانی کورد لە هەموو لایێکەوە و نەبوونی توانست بەهیچ شێوەیەك بۆ گەیشتن بەئاوێکی ئازاد یان گەیشتن بە جیهانی دەرەوە - بنیات نەنراوە . بەپێی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە دەبێ پەیوەندییەکان و یارمەتیەکان (واتە مەرجە هەرە گرنگەکانی بوون و بەردەوامی میکانیزمی جولانەوەی چەکداری ) بە ناو خاکی چەقی دووەمدا تێپەڕێ . . لەڕووی ئابوورییەوە ئەوە دەرکەوتووە کە کورد ناتوانێ تێچووی یەکجار زۆری خەباتی چەکدار بەتوانا ئابوورییە خۆییەکان بباتەڕێوە . لەباشترین باردا ، لە کاتێکدا ( ۱۹۷۰-۱۹۷۵ ) جولانەوەی چەکداری کورد لە ڕووی ئابوورییەوە باشترین توانای هەبوو ، ۹۵٪ دارایی جولانەوەکە لە سەرچاوەی دەرەوە دەهات. لەو کاتەدا بوودجەی جولانەوەکە ٤٨ ملیۆن دینار بوو، تەنیا ٥٪ ی ئەم بوودجەیە لە ئابوونە و چالاکیەکانی (پ.د.ك)ەوە دەهات (۱۱) . کەواتە دەبێ ئەوە بزانین کە جولانەوەکە جارێ خۆی سەربەخۆ نیە ، چونکە یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگەکانی سەربەخۆیی ئەم جولانەوەیە ئابوورییێکی سەربەخۆیە کە تا ۹۵٪ ی وابەستەبوو بۆ یارمەتی دەرەوە . شوێن و کات و ڕێکەوت و دابەشبوونی کوردستان وا خۆ دەنوێنن کە هەرکاتێ جولانەوەی چەکدار ئەوە نیشان بدات خەریکە دەبێتە هێزێکی کاریگەر ، ئەوا زۆر شێوازی لەناوبردن و دامرکاندنەوە یاهەرنەبێ سنووردارکردنی ئەم جولانەوەیە هەیە : ۱) بەهێزی‌سەربازی و ئەگەر هەر نەبوو ئەوا بەپێکەوەگرێدانی هێزی سەربازی و مناوەرەی(گەمەی) سیاسی‌و دیبلۆماسی لەلایەن چەقەوە ؛

۲ ) بە پەیمانی هاوبەش، چ لەڕووی ئاسایشیەوە یاخود سیاسی و سەربازییەوە، لەنێوان دوو چەق یان زیاتری دوژمن بە کورددا .

ج- بەپێی بەستنەوەی جولانەوەی چەکداری کورد بە چەقی دووەم و هەندێ هێزی هەرێمایەتی وزلهێزەوە، ئەوا بەناچاری ململانێی کورد لەگەل چەقێکدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت بە بەشێك لە دوژمنایەتی و ململانێی هەردوو چەقەکە لەگەل یەکتردا . پێویست بەهیچ بەلگەیەك ناکات ئەگەر بلێین دوژمنایەتی ئەم دوو چەقە لەگەل یەکتر هەرچۆنێك بێت ڕەنگدانەوەی ویست و خواست و بەرژەوەندی میللەتانی سەر بەم چەقانە نیە، بەلکو ئەم میللەتانە خۆیان بەدەست سیاسەتی سەربازخوازی و دیکتاتۆری ڕژێمەکانی ئەم چەقانەوە دەنالێنن . لەبەر ئەوە تێوەگلانی جولانەوەی کورد لەگەل دوژمنایەتی ئەم دوو چەقە و بەستنەوەی تراتیژیەت و چارەنووسەکەی بەپرۆسەو میکانیزمی ئەم دوژمنایەتیەوە دووجار بەزیانی کورد و جولانەوە نەتەوەییەکەی تەواو دەبێت : ۱) تێکەلاوبوونی کورد بەشەڕی دوو چەق لەگەل یەکتر مانای زیانی مرۆیی‌و ماددی و سیاسی دەبەخشێت . ۲) لەدوژمنایەتی ڕژێمەکانی دوو چەقدا کورد لایەنگری هەرلایەك بێ مانای ئەوەیە خۆی دەخاتە بەرەی بەرگریکردن لەڕژێمێك، کە لە ڕاستیدا بۆگەن و دژ بە گەل و ئامانجەکانیەتی. وابزانم لای هەمووەمان ئاشکرایە کە جولانەوەی چەکداری کورد لە عیراق بەشێوەیەك خۆی بەشەڕی عیراق - ئێرانەوە بەستەوە کە لەڕاستیدا وایکرد جولانەوەکە ستراتیژیەتی خۆی بەپێی درێژەپێدانی پرۆسەی جەنگەکە و ئەنجامەکانی دابرێژێ . بەواتایەکی تر ، بوو بەهۆی ئەوەی چارەنووسی جولانەوەی گەلی کورد گرێبدرێ بەچارەنووسی جەنگەکەوە و کوردستان بکرێتە مەیدانی گەرمی جەنگێك کە نەگەلی کورد ئاگای لە هەلگیرسان و درێژەپێدانیەتی و نە لەڕاگرتنیدا پرسی پێدەکرێ و نە کەوتنیشی بەهەر لایەکدابێ قازانجێکی ڕاستەقینەی ئەوی تێدایە (۱۲) . ڕاتی ئەوەم هەیە بلێم : "چەپلەلێدانی" جولانەوەی کورد بەشێوەی پارتە سیاسیەکانی ڕێبەری ئەم جولانەوەیە نەك هەر چەوتیێکی سیاسی و ستراتیژی بوو ، بەلکو گوناهێکی یەکجار گەورە بوو دەرهەق بە جەماوەری عیراق‌و ئێران : لاوان ، مندالان، دایکان ، باوکان ، کە شەو و ڕۆژ بۆ ماوەی هەشت سال بەئاگری ئەم شەڕە دەسووتان . شایانی‌باسە، تاسالی ۱۹۸۷ تەنانەت بەیانێکی سیاسی پارتە کوردی و کوردستانیەکان بەشێوەی ئاشکرا داوای ڕاوەستاندنی‌شەڕی

دوو ڕژێمی " فاشی"ی بەغدا و تارانی نەکردووە. تەنیا حیزبی شیوعی عیراقی بە هەرێمی کوردستانیەوە ئاشکرا داوای ڕاوەستانی شەڕی دەکرد . . . هەندێ لەسەرانی کورد ئەو کەس و گروپانەیان بە" خائین" ناودەبرد کە داوای ڕاوەستانی شەڕی عیراق و ئێرانیان دەکرد . لە گووتاریکی جەلال تاڵەبانی‌دا کە لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ ( وا بزانم لەنەمسا ) لەمانگی شوباتی ١٩٨٨دا تۆمار کراوە ، سێ‌جار لەکۆتایی کاسێتەکەدا ئەوە دەربڕ‌اوە کە ئەوانەی داوای وەستانی شەردەکەن لەریزی سەدام‌حوسەین دەوەستن ". هەرچۆنێك بێت هەڵوێستی پارتە سیاسیە کوردستانیەکان لەشەڕی عیراق و ئێران‌دا لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە ، بەڵام لەم دەرفەتەدا کە هەرچەندە " زووە !" دەتوانم بڵێم مێژوونوسان ئەگەر ئەم لاپەڕەیەی مێژووی جولانەوەی کورد لەدواڕۆژدا بەرەش نەبینن ئەوا بەرازاوەشی نابینن و نەوەکانی داهاتووش شانازی پێوە ناکەن !. جولانەوەی کورد لەعیراق ، بەهۆی پەیوەندییە وابەستەییەکەیەوە ،تووشی ناکۆکی و ناتەبایی یان باشتر وایە بڵێین ئیزدواجیەتێکی گەورە بووە: لەکاتێکدا جولانەوەکە خەباتی " دیموکراسی و ئازادیخوازی "ی کردووە دژبە چەقی یەکەم ، لەهەمان کاتدا دەستی خستۆتە ناو دەستی ڕژێمی چەقی دووەمەوە کە کەمترین مافی‌دیموکراسی و ئازادی لەوولاتەکەی خۆیدا پێشێل‌کردووە. نەك هەر ئەمە ، بەڵکو جاری وا هەبووە یارمەتی ڕژێمی چەقی دووەم دراوە بۆ نەك هەر دەمکوتکردنی دەنگی دیموکراسی و ئازادی چەقی دووەم ، بەڵکو بۆ دەمکوتکردنی میللەتی کوردیش لەو وولاتەدا ( . . . ).

د- هۆیەکی‌تر کە ئیمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر وامان لێدەکات لایەنگری وازهێنان بین لەخەباتی چەکداری ئەوەیە کە لەسالی ١٩٨٨و١٩٨٩ و دوای ئەو مێژووەش گۆرانکارییەکی بنەڕەتی و بەرفراوان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و ئەتمۆسفیری سیاسی‌ی جیهاندا هاتۆتەکایەوە :

١) تەواوبوونی جەنگی سارد ، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێکدادانە ناوچەیی و هەرێمایەتیەکان هەبوو . ئەم کاریگەرییەش ئەوەیە کە خەڵکانێك کە بەشێکن لە پێکدادانی ناوچەیی و هەرێمایەتیدا بەباشتری‌دەزانن ئاشتیانە پێکدادانەکان چارەسەربکەن . ئەگەرچی ئەم گشتێتیکردنە (تعمیم) هەندێ ریزبەریشی (استثنا)تێدایە، وەکو شەڕی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیا و هەندێ شوێنی‌تر . ئەنجامێکی تری تەواوبوونی شەڕی سارد ئەوەیە کە ئیتر ویست و بایەخپێدانی زلهێزەکان بە لایەنگرتنی ئەم لایەن دژی ئەوی دی ئیتر وەکو خۆی نەماوەتەوە . زلهێزەکان - بەتایبەتی پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت - ئیتر بەم یان ئەو شێوەیە خۆیان دەکێشنەوە بۆ ئەوەی خۆیان خەریکی لایەنەکانی ڕێکخستنی سیاسەتی نێونەتەوەیی قۆناغی ئێستا و داهاتوو بکەن . پێم وایە ، شەڕی ساردی نێوان دوو ئۆردوگای " سۆسیالیستی" و ئیمپریالیستی یارمەتیدەربوو بۆ هاتنەکایەوەی زۆر شەڕ و پێکدادانی ناوچەیی و هەرێمایەتی. زلهێزەکان لەبری ئەوەی خۆیان شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر بکەن ، قۆچەقانێکانیان دەگواستەوە بۆ جیهانی سێیەم. بە تەواوبوونی شەڕی سارد هۆیەکی زۆر گرنگی لەدەرەوە هاتوو بۆ ناو ئەم پێکدادانانە ڕۆڵی خۆی لەدەستداوە. لەو بڕوایەدام شەڕی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەغدا (١٩٧٤-١٩٧٥) بەشێوەیەکی ئاشکرا بەشەڕی ساردەوە لکا. یارمەتیەکەی نیکسۆن و کیسنگەر لە حوزەیرانی ١٩٧٢دا، کە ١٦ ملیۆن دۆلاربوو ، درایە جولانەوەی چەکداری کورد تەنیا لەدیدی کیسنگەر و نیکسۆنەوە بووبۆ بێ‌هێزکردنی ڕژێمی عیراق ، کە تازە (مانگی نیسانی ١٩٧٢) پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت مۆرکردبوو و بە بنکەیەکی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا دەژمێردرا ( ١٣ ).

٢) سەرجەمی گۆرانکارییەکانی لەکوتایی هەشتاکاندا هاتبوونە کایەوە، بەتایبەتی پاش تەواوبوونی شەڕی سارد ، هەر نەبێ ئەوە دەگەیێنن کە لایەنەکانی هەر پێکدادانێکی ناوچەیی و هەرێمایەتی یارمەتی دەرەوەیان لەدەست دەدەن . بەمانایێکی تر ، شێوەی خەباتی چەکداری‌هەر میللەتێك نەوەك لەمەودوا زەمینەی پشتگیری زلهێزەکان لەدەست دەدات ، بەڵکو خەباتی چەکداری ئیتر زەمینەی پشتگیری سیاسی و مۆراڵیش لەدەست دەدات .

سوێد ١٩٩٢

## پەراوێزەکان

١ - بڕوانە : James Kinsan : The changing face of Kudish Nationalism, " The New Middle East ", Nr. 20 , May 1970, Pp. 19 .

٢ - الحزب الديمقراطي الكردستاني - اللجنة التحضيرية:

تقييم مسيرة الثورة و انهيارها و الدروس المستخلصة منها .؟ ١٩٧٧ ، لاپەرە ١٥-١٨ .

٣ - تا ئێستا تەنیا هەوڵێکی جیدی دراوە سەبارەت بە مەسەلەی گواستنەوەی خەباتی چەکداری لەڕۆخەوە بۆ چەق. بڕوانە : عصمت شريف وانلي : حول الاستراتيجية السياسية و العسكرية للحركة الوطنية الكردية، کۆڤاری " الدراسات الكردية " ، ژمارە ١-٢ ، ساڵی دووەم ، کانونی دووەم ١٩٨٥ ، ل ٧-٤١ ، بەتایبەتی ل ٢٧-٣٨ .

٤ - بڕوانە : Amin Saikal : The Rise & Fall of the Shah , Princiton , 1980 , Pp. 170; Majid Khadduri : The Gulf war , New York, 1988, Pp. 61; & The Observer , May 4 , 1975 .

٥ - بڕوانە : Shahram Chubin & M. Farid - Saidi , : Recent Trends in the Middle East politics & Iran's Foreign policy options .?? 1975, Pp. 78 .

٦ - بڕوانە : Sa'ad Jawad : RECENT Developments in the Kurdish Issue . لە Tim Niblock, ed. Irak : The contemporary state, London , Ithaca press, 1982 , Pp. 57 .

التجمع الوطني العراقي : المعاهدة العراقية الايرانية الاخيره خيانه وطنيةو قوميةكبرى ،من منشورات التجمع الوطني العراقي ، اواسط ١٩٧٥ ، ص ٦ .

٧ - بڕوانە : ڕەفیق سابیر : کارەساتەکە و فیکری پەیڕەو ، کۆڤاری " ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم " ، ژمارە ٢٢/٢٣ ، ساڵی پێنجەم ، حوزەیرانی ١٩٩٠ ، ل ٤٨-٥٩ بە تایبەتی ل ٥٢-٥٤ .

٨ - عصمت شريف وانلي : هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (٣) ل ٢٧ .

٩ - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧-٣٨ .

١٠- لەو بڕوایەدایین کە مەسەلەی ڕاپەڕینی فەلەستینیەکان لەناو خاکی ئیسرائیلدا ، واتە لەچەقدا ، وەکو ڕێگایەک بۆ گواستنەوەی خەبات لە ڕۆخەوە بۆ چەق ، لە ڕوانگەی بەراوردکردنی ئەو مەسەلەیەوە لەگەڵ واقیعی جولانەوەی چەکداری کوردەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

١١- هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (٢) ، ل ٦٣ .

١٢- ڕەفیق سابیر : هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (٧) ل ٥٠ .

١٣- بڕوانە : Pike Report : The CIA Report the President Doesn't Want to Read . لە "The Village Voice". Feb.1976 , Pp 71 .

ڕێبوار سیوەیلی

# ترۆری جەستە و نیگای حەرام*

قەسیدەی مەستورە بەهۆی گەلێك بەڵگەوە خۆی لە سەراپای ئەو دەقانە جوێدەکاتەوە کەشاعیرانی قەڵەمڕەوی ئیسلام لەبارەی ئەندامەکانی لەشی ئافرەتەوە بەرهەمیان هێناون . زۆربەی ئەو شاعیرانەی مەلی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان چەندێ ئازاد و بەرزەفڕبوبێت ، لەباسکردن و وەسفی ئەندامە (قەدەغە)کراوەکانی لەشی ئافرەتدا بوێرنەبوون (١) ، خۆ ئەگەر چەند کەسێکیشیان ئەسپی سەرکەشی خۆیان بەرەو ڕووبەری جەستەی ئافرەت تاودابێ ، ئەوا زیاتر بە سەر و سیما و شان و مل و گەردن و سینەوە گیرساونەتەوە یاخود لەژێرڕاوە ئەوپەڕی ناوی ساق و پێیان بەزاردا هاتووە و لەنەرمەی ڕاندا وەستاون (٢) .

نابێ ئەو ڕاستیە لەیادبکەین کە ئەو شاعیرانە وەسفی ئەو ئەندامانەیان بە چ ئاستێکی جوانکاری و داهێنان گەیاندووە ، جا ئیدی ئەوان لە سیمای دڵدارە مەجازیەکانیاندا ، سیمای دڵداری ڕاستەقینەی خۆیان دیبێتەوە یان هەر بەڕاستی مەبەستیان ئافرەت بوبێ و وەسفی ئەو ، ئەمەیان باسێکی ترە و ئێرە شوێنی نیە . ئەوەی ئێمە دەمانەوێت قسانی لەبارەوە بکەین ، دەقی مەستورەیە کە شاعیری گەورەمان نالی ، تیایدا پێی ناوەتە شوێنێك و قەڵەمڕەوێك ، کەمتر کەسانێ وێراویانە لێی نزیك ببنەوە .

ئایینی ئیسلام بەشێوەیەکی ڕەها دیمەنی ئێرۆتیکای ئەندامەکانی لەشی ئافرەتی یاساخکردووە . **قورئان** بە ئاشکرا و چەند جارێ حوکمی ترۆری جەستەی ئافرەتانی داوە . ئەوجا بۆ ئەوەی لەگرنگی ئەو هەنگاوە بگەین کە مەلا خدر لە کۆمەڵگایەکی موتڵەقی ئیسلامیدا سەبارەت بە باس و تاریفی ئەندامی جنسی ئافرەت هەڵیهێناوەتەوە ، پێویستە لەو خاڵەوە دەستپێکرێت کە قورئان ئەو دیمەنانەی یاساخکردوون کە دەبنە هۆی بێدارکردنەوەی هەستی شەهوەترانی .. لۆژیکی قورئان و ئامۆژگاریەکانی بۆ موسوڵمانان بەردەوام ئەوە دووپات دەکاتەوە کە نابێت موسوڵمان دیدەی بچێتە سەر قەڵەمڕەوی حەرام . قورئان فەرمان بۆ پێغەمبەر دەنێرێ تا ئافرەتانی موسوڵمان ئامۆژگاری بکات و پێیان بڵێ کە چاوی خۆیان ببەستن و دامەن و ناموسی خۆیان بپارێزن .. سەرپۆشەکانیشیان بئاڵێنن لە گەردن و ملیانەوە (سورەتی نور ئایەتی ٣١) .

ژنانی پێغەمبەریش نمونەی ئافرەتانی تەقواکار و لەخواترسن ، هەر بۆیەشە کاتێك قورئان ڕوویان تێدەکات قورسایی ئامۆژگارییەکانی چەندین جار زیاد ئەبێ چونکە : **ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر ئێوە وەکو هەر ئافرەتێکیتر نین- ئەگەر تەقواکارن - ئاگاداربن لەقسەکردندا نەرمی ژنایەتی و پەیڤی شەهوەت ئاڵوود دەکار مەهێنن ، نەبا ببنە هۆی تەماحی چاوچنۆکان** (سورەی احزاب ئایەتی ٣١) پاشان داوایان لێدەکات لەنێوماڵەکانیاندا ئۆقرەبگرن و وەکی سەردەمی جاهیلی بۆ خۆنواندن و ئارایشکردن نەچنە دەرەوە ( احزاب ، ٣٢ ) .

---

* ئەم بابەتەی لێرەدا پێشکەش دەکرێ ، بریتییە لە"بەشی یەکەمی " لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی تر لەبارەی دەقی " مەستورە "ی مەلا خدری نالی- یەوە ، بەو هومێدەی سەرجەمی باسەکە بواری بڵاوبوونەوەی لەدەرفەتێکیتردا بۆ بڕەخسێ ..

بێداربوونەوەی هەستی جنسانی بەهۆی باسکردنی ئەندامە قەدەغەکراوەکانی لەشی ئافرەتەوە، مەسەلەیەکە لە حەدیس ، فەرمایش و فتوای زۆربەی رێبەرانی ئایینی ئیسلامدا باسی لێوە کراوە و بیرکارە موسوڵمانەکانی هاوچەرخیش لەسەر هەمان بنەماوە ، هەر جۆرە بەرکەوتنێکی جەستەیی نێوان ئافرەت و پیاو بە حەرام ناودەبەن ، چونکە پێدەچێت ئەو بەرکەوتنە هەستی شەهوەترانی بەدووی خۆیدا بهێنێ . . تەنانەت تەوقەکردنیش بەدەسکێشەوە ، ئەگەر نییەتی چێژ و رەیبە لەئارادا بێت هەر حەرامە (٣).

ئەم بونیادە ئایینیە لەسەر ئاستی گوتاری شیعریشدا رەنگی داوەتەوە ، شاعیرانی قەڵەمڕەوی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی پەیرەویان لە (قاعدة) یەك کردووە، کە بەپێی ئەو قاعیدەیە باسکردنی ئەندامی جنسی ئافرەت پشتگوێ خراوە (٤) . بەم پێیەش ئیدی دەرەوەی یاسا نەبۆتە جاییز و بە گومڕاکەر و (خیلافی شرع) حسێبی بۆ کراوەو دەرچوونێکی یاخیگەرانە بووە لە خیتابی قورئانی . جا لەبەر ئەوەی کەباس و تاریفکردنی ئەندامی نێوبراو پێویستی بە بەکارهێنانی ووشە و پەیڤە و، پەیڤیش لەروانگەی ئیسلامەوە دەچێتە خانەی دوالیزمی (چاك و خراپ)ەوە؛ ئەوا نەك هەر خودی باس و تاریفکردنەکە کە گومڕاکارییە، بەڵکو ئەو زمانەیش کە تاریفەکەی پێدەکرێ ، زمانێکی بەد و خراپە . . زمانێك کە دووچاری گەورەترین عەزاب دەکرێت، چونکە " خوای گەورە بەشێوەیەك زمان سزادەدات کەهیچ ئەندامێکی تری لەش وەها سزا و ئەشکەنجەیەکی بەخۆیەوە نەبینیبێت ، جا ئەو زمانە رووبەکاتە خوای گەورەوەدەڵێت: ئەی خوای گەورە بەسزایەك ئەشکەنجەت داوم کە هیچ شتێکی ترت وەها ئەشکەنجە نەکردووە. لەوەڵامدا پێی دەوترێت : ووشەیەك لەتۆ دەرچووە کە رۆژهەڵات وڕۆژئاوای زەوی گرتۆتەوە ، بەهۆیەوە خوێنی حەرام رژێنرا ، ماڵی حەرام تالانکرا ، وە نامووسی حەرام بێشێلکراو قەترەی تکێنرا و دەستدرێژی کرایە سەری ، بە گەورەیی و شکۆی خۆم سوێند دەخۆم کە بەشێوەیەك سزا و ئەشکەنجەت بدەم کە هیچ ئەندامێکی تری لەش وەها سزایەکی نەدرابێت"(٥).

ئیدی بەپێی ئەم روانگەیە ، نەك هەر تەنیا نالی لەباسی جوگرافیای ئازادبووی لەشی ئافرەت لایداوە و فەرمانی خودای پشتگوێ خستووە، بەڵکو بەهۆی گومڕاکردنی ووشە و زمانیشەوە سزایەکی سەختی بەخۆی رەوا دیتووە . . ئەمە جگە لە خۆجیاکردنەوەی شاعیرەکەمان لەبەشێکی زۆری هاوەڵە شاعیرەکانی .

هەنگاوی نالی لەو ئاستەدا هەنگاوێکی یاخیانەیە ، کە کوردستانی سەردەمی نالی و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بیری لەو جۆرە یاخیبوونە نەکردبووە کە مەلا خدر رچەکەی شکاند . نالی بەم کارەی نرخ و بەهای ئەندامێکی لەشی ئافرەتی هێنایەوە گۆڕێ کە دەبوو ئەو ئەندامە لەسەر سوننەتی موحەممەدی **خەتەنە** کرابا و لەسەرجەمی وجوودی ئینسانیانەی ئافرەت جودابکرێتەوە. یاخیگەری **ناخودئاگایانەی** نالی (٦) کاتێك بەپلەی هەرە بەرزی خۆی دەگات کە دەبینین تێڕوانین و بینینی شاعیر بۆ ئەندامی جنسی ئافرەت سەرجەم و بەشێوەیەکی ئاشکرا ، **شیرنایەتی** ئەو ئەندامە دەردەخەن ، نەك ژاراوی بوونی و گومڕایی (٧) . . .

گومان لەوەدا نیە کە دەروونی شاعیر دەیەوێ لەرێگەی زمانیەوە خۆی ئاشکرابکات ( کە پاشان بەدوور و درێژی دێینەوە سەری ) ، بەڵام پێویستە لەئێستاوە ئاگاداری ئەوە بین کە (دەروون)ی نالی دەروونێکی پاك و بێگەردە ، هەر بۆیەشە لەسەر ئاستی زمانیشدا شیرین خۆی بەیاندەکات ، کە دواجار ئەم زمان شیرینە دەبێتە بەڵگەیەك بەرووی ئەو تاوانانەدا کە دەشێ بۆ گوناهبارکردنی شاعیر خۆیان قوت بکەنەوە. هەرچۆنێك بێت ئەم دەقە بەر لەوەی گوزارشت لەناخی هەراسانبووی مرۆڤێك بدات و رووی پەردە لەسەر کەلێنی جنسانی ئەو مرۆڤە هەڵداتەوە ، دەقێکە راپۆرت لەسەردەم و ژینگەیەکی ئایینی ئەوتۆ دەدات کە تڕۆرکردنی جەستەی ئافرەت و بەها ئینسانیەکانی ، یەکێك بووە لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی ئەو ژینگەیە . . . ئەم دەقە بەپلەی یەکەم گوزارشتێکە لە رەنگدانەوەی خیتابی قورئانی لەئاست لەشی ئافرەتدا . بەر لەوەی نالی پەردە لەسەر وجوودی فەردی خۆی هەڵماڵێ ، پەردە لەسەر ئەو ژینگە شارستانیە هەڵماڵیوە کەسزای ئافرەتی بە شەلاق و زەربەت لێدان بڕیوەتەوە و بە کێڵگەی پیاوانی ناوبردوون (و نسائکم حرث لکم ) .

بەبۆچوونی من گرنگی ئەم دەقە لێرەدا دەردەکەوێ ، چونکە تا ئێستا نەك یاسا ئایینی و دەزگاکانی فیکری دینی لەناوچەی ئێمەدا نەیانتوانیوە یاساخی بکەن، بەڵکو خۆشیان لێحاڵینەکردووە و نەیان ویستووە لەبەر یاسا

ئایینی‌یەکاندا ئەم دەقە لێك بدەنەوە ، ئەگەرچی لەناوەڕۆکدا دەقێکە تەجاوەزی هەموو حەرامێکی ئایینی‌کردووە .

ئەگەر ڕۆژگاری بزووتنەوەیەکی فیمینیستانە لە ناوچەی ئێمەدا لەپێناوی گێڕانەوەی بەها لەدەست چووەکانی وجوودی بایۆلۆجی ئافرەتان ، لەدەست ترۆریزمی دینی و باوك سالاریەکەیدا سەرهەڵدات ، گومانی تێدا نیە ئەم قەسیدەیەی نالی بەشێوەیەکی شێلگیرانە ئاوڕی لێ دەدرێتەوە .

• • • •

## ڕیوایەت :

**مەستورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بەچ نازێکو عیتابێ !**

ڕیوایەت و گێڕانەوەیەکی سادەی خەونێکە ، کە تیایدا **مەستورە** هاتۆتە پێش چاوی شاعیر(٨) . سەرەتایەکە بەهۆیەوە مەستورەمان پێ‌دەناسێنێ ، مەستورەی حەسناوو ئەدیب کە بەناز و ڕازی (عیتاب)ەوە خۆی پیشانی شاعیر داوە . ئالێرەدا هەروەکو لەزمان شاعیرەکەمانەوە ئاشنابییەکی کەم لەگەڵ مەستورەدا دەبەستین، بەهەمان شێوەیش پاشتر لەزمان مەستورەوە (نالی)مان پێ ئاشنا دەبێ . بەم پێیە (شاعیر) ، بەنیسبەت مەستورە و نالی‌یەوە دەوری (ڕاوی) دەبینێ و لەهەمان کاتیشدا نووسەری شیعرەکەیە .

هاتنی مەستورە ، ڕووداوێکە لە شیعرەکەدا کەدەبێتە هۆی ونبوونی شاعیر ، یاخود ونبوونی ڕاوی و بوونی بە کەسی یەکەمی گوێگر :

**هی تۆم ئەگەرم مەسئەلە حەل‌کەی بە جەوابێ**

شاعیر خەونێکی دیتوە ، پاشان قەسیدەیەکی نووسیوە، دێڕی یەکەمی قەسیدەکەی تەرخانکردووە بۆ گێڕانەوەی خەونەکە ( واتە بۆ ڕیوایەتکردنی ) لەدێڕی دووەمەوە ئیدی خەونەکە ڕیوایەت ناکرێ ، بەڵکو خۆی خۆی ڕیوایەت دەکا. بەزمانێکی تر : بەهاتنی مەستورە (شاعیری ڕاوی) وون دەبێت و (نالی) لەدایك دەبێت ، نالیش ئەو کەسەیە کە مەستورە عوقدەی خۆی هێناوەتە لا . کەواتە شاعیری قەسیدەکە خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی کەسایەتیەکانی نێو خەونەکەی خۆیان بێنە گۆ . بەڵام ئەم نالیە کێیە لەلایەکەوە ڕاوی نایەوێت بەزمان ئەوەوە بدوێ و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر (عوقدە)ی مەستورە حەل بکات، ئەوا مەستورە دەبێتە هی ئەو ؟؟

**هاتوم ، وتی ، عوقدەم هەیە ، قەط مومکینە وابێ ؟**
**هی تۆم ئەگەرم مەسئەلە حەل‌کەی بە جەوابێ !**

بۆچی مەستورە ئاوا دەستەمۆی بەردەمی نالی‌یە، ئایا جەوهەری کەسێتی نالی چ نهێنیەکی‌لەخۆیدا شاردۆتەوە؟

**هەر مەسئەلە بیکرێ کە بەتۆ شەرحی کرابێ**
**مومکین نیە کەس دەخلی‌بکا (چین)و(خەتا) بێ**

مەسەلەی مەستورە ، مەسئەلەی بیکرە . ( بابەتێکە کەس ڕێی بەلێکدانەوەی نەبردووە) . بەڵام یەکەمین مەسئەلە نیە ، چونکە مەستورە بەئاشکرا هێما بۆ ڕابردووش دەکات : ( بەتۆ شەرحی **کرابێ** ) ، واتە لەمەوبەریش هەر شتێ نالی شەرحی‌کردبێ ، مومکین نەبووە لە پاشانیشدا کەس دەخلی بکات و خۆی تێوە هەڵقورتێنێ ، تەنانەت ئەگەر **(چین و خەتا)**ش بێت . .

لێرەدا ئێمە دەکەوینە ناکۆکیەکەوە لەگەڵ تەفسیر و لێکدانەوەی چەمکی **چین و خەطا** ی لاپەڕە( ٦٠٦ ) ی دیوانی نالی ، کە سیفەتی شەرانگێزی بەچین و خەتا دراوە - بەبێ ئەوەی ئەم سیفەت دانە پاڵە لەگەڵ مەبەستی مەستورەدا یەك بگرێتەوە کە پیاهەڵگوتنی‌نالی‌یە . . واتە من دەمەوێ بەهێنانەوەی بەڵگە لەخودی ئەو شیعرەدا ئەو قەناعەتە دروست بکەم کە چەمکی **چین و خەطا** هێندەی ئەوەی یادهێنەرەوەی (حیکمەت و زانایی)چین و خەتا و خوتەنە ، یادهێنەرەوەی (هەستان و هێرش‌هێنانی ولاتی چین و خەتا و خوتەن نیە . .

جارێ بەر لەهەموو شتێك ئەگەر تەماشای یەکەم دێڕی قەسیدەکە بکەین دەبینین کە شاعیر کەسێتی مەستورەمان زۆر بەڕێزەوە پێ‌دەناسێنێ و دەڵێت : مەستورە کە بە ئافرەتێکی جوان و ئەدیبی دادەنێ ئەمشەو بە نازەوە ( کە نازیش سیفەتێکی تری جوانی‌ی ئافرەتە ) **هاتە خەوم.** بەمجۆرە شاعیر بە پاڵەوانی خەونەکەی خۆی هەڵدەڵێ . وە کاتێکیش مەستورە دێتەگۆ ، ئەویش دەستەواوی ئەو ڕێزگرتنەی نالی دەداتەوە و بەشاریحی **مەسئەلەی بیکری** ناو دەبات ، واتە حەسساسترین مەسەلە ! . وا دیارە لەزەینی مەستورەدا پێوانەی زانست و حیکمەت ، زانست و حیکمەتی زانایانی چین و خەتا و خوتەن بووە، بەڵام هەر کە نالی هاتۆتە مەیدانی شەرحکردنی مەسئەلە بیکرەکانەوە،

ئیدی ئیمکانی دەخلی حەکیم و زانایانی چین و خەتا گۆڕەبان چۆڵ دەکات . بەم پێیە، لەلای مەستورە حیکمەتی نالی پلەیەك بەرەو ژوور ترە لە حیکمەتی چینیان.. . واتە مەستورە گەرەکیەتی بڵێت :" من بۆیە پەنام بۆ تۆ - نالی- هێناوە و نەچومەتە لای زانایانی چین و خەتا و خوتەن، چونکە دڵنیام هەر مەسئەلەیەکی وەکو ئەوەی من بیکر بێ و بەتۆ شەرحی کرابێ ، ئیدی قسە بۆ زانایانی چین نەماوەتەوە . . کەواتە عوقدەکەم حەل بکە و بمکەرە هی خۆت "(٩) .

بەمجۆرە تەفسیر و لێکدانەوەی (چین و خەطا) وەك ئەوەی لەدیوانی نالیدا هاتووە لەگەڵ نییەتی مەستورەدا ناگونجێ . ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، مەستورە کە هاتۆتە خەونی نالی عوقدەیەکی هەیە و داوای (شەرح) ی عوقدەکەی لە نالی دەکات . شەرحی عوقدەش پەی بردنە بەنهێنی و نەزانراو ئەویش لەرێگەی بەکارهێنانی دیققەت و زانابییەوە ، نەك بەکارهێنانی زۆر و زەبروزەنگ. .

ئێستا پێویستە لەبارەی ووشەی (عیتابێ)وە کە لە کۆتایی بەیتی یەکەمدا هاتووە، قسان بکەین :

**مەستورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بەچ نازێکەو (عیتابێ) .**

من بەردەوام ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم، ئایا لێکدانەوەی ووشەی عیتابێ بەمانای گلەیی و لۆمەکردنی نالی ، تا چ ئەندازەیەك ڕاستە و ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ ئەو تاریفە جوانەی نالی بۆ مەستورەی هەڵبژاردووە، تا چ ئاستێك گونجاوە ؟ مەستورەی حەسناوو ئەدیب بۆچی لە نالی بەلۆمە و گازندەیە ؟. . . ئایا ئەگەر مانای ووشەکە لەگەڵ ووشەکانی دوای خۆیدا لێك بدەینەوە، کار هەر بەو جۆرە دەبێت ؟.

ئەگەرچی پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە لێکدانەوەی بەیتێك بەتەنیا لەگەڵ ووشەکانی یەك لای خۆیدا- پێشەوە یان دواوە - لەوانەیە ببێتە هۆی کوشتنی دینامیەتی ئەو بەیتە و دواجار تێکدانی هارمۆنیای دەق بەشێوەیەکی گشتی (١٠) . بەلام بەبێ ئەوەی بمەوێ دینامیەتی ئەم دەقە هەڵبوەشێنمەوە ، حەزدەکەم بە نیسبەت مانای وشەی عیتابێ‌وە سەرنجی خوێنەر بۆ چەند شتێك ڕابکێشم :

مەستورە پەنای بۆ نالی بردووە و نالیش ئیعتراف بەمە دەکات : مەستورە دەڵێ :هاتووم ، نالی دەڵێ : گوتی هاتوم . بەلام هاتنی مەستورە ، هاتنێکی ئاسایی‌نییە ، بەڵکو هاتنەکە لەبەر ئەوەیە کە مەستورە (عوقدە)یەکی هەیەو عوقدەکەش (نهێنی)یەکی تیایە کە مەستورە بۆ خۆی لە کردنەوەی عاجزە ، وە حەلکردنی عوقدەکەشی هێندە بەلاوە گرنگە ، کە ئامادەیی تێدایە خۆی لەبەیعادابنێ !.

شکستی مەستورە لەبەرامبەر لێکدانەوەی عوقدەکەیدا ، بێ توانایی ئەو پیشان نادات ، بەڵکو نیشانەی بەرپرسیارکردنی نالی‌یە لەئاست هەڵهێنانی سرڕێکدا کە سیرری عوقدەکەیە . مەستورە هاتووە بڵێت : من بۆیە هاتوم چونکە عوقدەم هەیە . تۆش خاوەنی حیکمەت و زانستی، حیکمەت و زانستیکیش ئەگەر عوقدەیەکی وەك‌ئەوەی منی پێ نەکرێتەوە، ئەوا بۆ نەمان باشە . جا یاخود ئینکاری زانایی خۆت بکە ، یان ئەومتا عوقدەکەم لێك بدەرەوە و لەو ڕێگەیەشەوە بمکەرە هی خۆت . . . بەمجۆرە ئێمە دەکەوینە بەردەم حەمکی شیکردنەوەی دەروونی - التحليل النفسي - زاتی نالی ، بەلام لێرەدا داوا لە خوێنەر دەکەم چاوەڕێی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە بێت و ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئەو مانایەی کە دەشێ ووشەی (عیتابێ) لەخۆیدا شاردبێتیەوە . هەروەکو گوتم هاتنی مەستورە ، هاتنێکی ئاسایی نیە . چونکە عوقدەیەك لە ئارادایە کە خودی عوقدەکە حاڵەتی عیتابی بۆ مەستورە پێش هێناوە . . ئەو پەنای هێناوە بۆ نالی ، هەر بۆیەشە لێرەدا جێگەی ئەوە نابێتەوە عیتاب و گلەیی‌مەستورە بەلای نالیدا بشکێنینەوە یان ساغی‌بکەینەوە، چونکە لە حاڵەتی پەنابۆبردندا هیچ بەڵگەیەك بەدەست پەناهێنەرەوە نیە بە لۆمەکردن و گازندەکردنی پەنابۆهێنراو دەست پێ بکات . .

بەکورتیەکەی ئەگەر بمانەوێت مانای ووشەی عیتابێ ،تەنیا بە پەیوەندی لەگەڵ ووشەکانی پێش خۆیدا :( حەسنا ، ئەدیب ، ناز. . ) لێك بدەینەوە ، ئەوا ئەو فەزایەی ئەو ووشانە دروستیان‌کردووە دەسەلات بەسەر ووشەی (عیتابێ)شدا دەگرێ و ئەو دەمە لێکدانەوەی بەیتەکە بەو جۆرەی لێدێت کە لەدیوانی نالیدا لێکدراوەتەوە : " مەستورە کە بەئافرەتێکی جوان و ئەدیبی دائەنێن ، ئەمشەو هاتە خەوم ، بەلام چۆن نازێکی بەسەردا ئەکرد‌ و چۆن بەگلەیی و لۆمەبوو لێم ؟". کە ئەم ماناکردنەش‌یاری ووشەی ناز بەسەر ووشەی عیتابێ‌شدا فەرزدەکات ودەیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە . . .

بەلام ئەگەر بێت و مانای عیتابێ بەپەیوەندی لەگەڵ ووشەکانی دوای خۆیدا لێك‌بدەینەوە (ئەوەی ئێمە

پێشنیاری دەکەین ) ، ئەوا مانای وشەکە نابێتە گلەیی و لۆمەکردن لەشاعیر .. چونکە مەستورە کەسێکی پەنابەری عوقدەدارە و پرسیاری (**قط مومکینە وابێ**)ی لەسەر زارە. ئەم عوقدەیەش لەدەرەوەی مەستورەدا نییە، بەڵکو لەمەستورە خۆیدایە ، بۆیە ڕێی تێ دەچێت عیتابی مەستورەش عیتاب بێت لەخۆی و لەعوقدەکەی یان عیتاب و لۆمەکردنی خۆی لەئاست دەستەوەستانی و بێچارەیی لەبۆنەکرانەوەی عوقدەکەیدا بێت ، بەتایبەتی کاتێك پرسیارەکەش تەئکید لەسەر سەنگ و قورسایی عوقدەکە دەکاتەوە.

لێرەدا نابێت بازهەڵدەین بەسەر (و)ی نێوان (نازێك - و - عیتابێ) ،و ڕۆڵی ئەم واوە بەنیسبەت هەردوو وشەکانەوە لەیادبکەین . چونکە ئەگەر دوای لێکۆڵینەوەیەکی پێویستی زانستیانە لە (و)ی نێوان هەردوو وشەکان بەو ئەنجامە نەگەین کە ڕێگەمان پێبدات شوێنی (و)کە بەنیشانەیەکی دی پڕبکەینەوە، ئەمەش بەبێ ئەوەی کێشی بەیتەکە زیانی پێبگات و بەرچاوکردنی ماوەی زەمەنی ئەو نیشانەیە لەگەڵ ئەو ماوە زەمەنیەی کە(و)کەی تێدا دەخوێندرێتەوە .. بۆ نموونە بەمجۆرە :

**مەستورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بەچ نازێك(-)عیتابێ**

دەڵێم ئەگەر دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد نەگەینە ئەنجامی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك بۆ شوێنی (**واو**) کە ، ئەوا پێویستە بلێین چ خوێندنەوەی بەیتەکەی نێو دیوانی نالی و چ ئەوەی ئێمە سەرنجمان بۆی ڕاکێشا ،خوێندنەوەی پڕاوپڕ نین .. لەبەر ئەوەی خوێندنەوەکەی مامۆستایان مانای وشەی عیتابێ تەنیا لەگەڵ وشەکانی پێش عیتابێدا لێك دەداتەوە کە بەڵگەیش بۆ ئەو پەیوەندیە (واو)کەیە و بەو جۆرەش عیتاب دەبێتە عیتاب لەشاعیر. لەکاتێکدا ئێمە دەمانەوێت مانای وشەکە بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە لێکبدەینەوە کە لەگەڵ وشەکانی دوای خۆیدا هەیەتی وئەو وشانەش بریتین لە (**عوقدە، مەسئەلەی بیکر..**) دیارە لێرەشدا ڕۆڵی واوی نێوان نازێك و عیتابێ ئەو گرنگیەی نامێنێت و دینامیەتی دەقەکەش زوڵمی لێناکرێت .. ئەوەی لێرەدا بەلای منەوە گرنگە ، وەستانێکە، زەینی لەکاتی خوێندنەوەی ئەو دوو بەیتەی یەکەمدا بەو مەبەستەی مانایەکی دی لەفەزای وشەکانی دواترەوە بۆ وشەی عیتابێ بهێنینە دەست .

. . . .

**مەسخ بوون :**

ئێستا بۆ زیاتر ئاشنابوون و گفتوگۆکردنی پتر لەسەر مۆتیفەکانی سەرنج بۆ هەندێ مەسەلەی دی ڕادەکێشم :

پاش ئەوەی شاعیر لەدێڕی یەکەمدا کلیلی قەسیدەکەیمان دەداتێ و مەستورەمان پێدەناسێنێ ، ئیدی ڕەوتی قەسیدەکە بەرەو ناوەوەی خەونەکە ئاراستەدەبێت و دەوری ڕاوی شاعیر نامێنێت .. واتە نالی و مەستورەهەردووکیان بەرەو زەمەنی (**خەون**)ەکە شۆڕدەبنەوە ( لەپاشاندا دێمەوە سەر باسکردنی سروشتی ئەم خەونە) ، بۆیە کاتێك شاعیرەکەمان وشەی **خەون** بەکاردەهێنێت لەراستیدا ڕەوابوونێك دەداتە قسەکانی و خۆی لەو تابۆوقەدەغەکراوانە (ممنوعات) دەپارێزێ کە لەجیهانی ئاگادا هەن و ناکرێ لەکاتی ئاسایی و بێداریدا بەشێوەیەکی سرووشتی وئاسایی قسانیان لەبارەوە بکەین (١١) . لێرەدا **خەون**ئازادییەك بۆ دوان و قسەکردن لەسەر تابۆکان دەهێنێتەئاراوە و چەکێکە بەدەستی قسەکەرەوە تا بەبێ شەرم وحسێب بۆکردنی مەسەلە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا ، بەیانی حاڵی خۆی بکات. چونکە لەزەینی کۆمەڵدا خەون بینین لەئیرادەی فەردی مرۆڤ بەدەرە ، هەر بۆیەشە فەرد لەسەر نێوەڕۆکی خەونەکانی دووچاری ئەشکەنجەنابێت .

**نالیش** ، ئەو ئازادیە دەخاتە ئیختیاری مەستورەوە تا سەربەستانە باسی عەورەتی خۆی بکات و وەکو ئافرەتێك سەرنج بۆ هەندێ لایەنی ئیرۆتیکی ئەندامی لەشی خۆی ڕابکێشێت . هەڵبەتە ئەمەیش لەنالی یاخی چاوەڕوان کراوە و "... **نیشانەی چاونەترسان و بزێوی و جەسارەتێکی بێ سنورە لەنالییەوە و بەڵگەی ئەو ئاگری یاخیگەرییە لە سینەیدا کڵپەی سەندبوو** "(١٢) .

بەدرێژی بەشی یەکەمی ئەم خەونە کە مەستورە تیایدا تاقە سوارە و سەربەستانە عەورەتی خۆی بەهەموو دیمەنێکی جوان و ناسك دەچوێنێ ، بەڵگەی ئەو یاخیبوونە پتەوتردەبێت کە ڕووبەڕووی هەموو ترادشیۆن و ئایینێك دەوەستێتەوە ، کە ئافرەت لەژێر سایەیاندا کائینێکی بێ ناسنامەی گومڕاکراوە.. نالی بەهۆی شۆڕکردنەوەی ڕووداوی قەسیدەکەیەوە بۆ جیهانی خەون ، ئیحتیمالی هەر دیدارێکی هێناوەتە ئاراوە، جا ئەو دیدارە دیدار و (ڕوئیەت)ی پیر بێت یاخود عەورەتی مەستورە! ئایا ئەگەر شاعیر ئەم تەکنیکەی بەکارنەهێنابا ، دەیتوانی دەقێکی شیعری هێندە بەرز بخوڵقێنێ کە یاخیبوون تێیدا مەزنترین ڕووداوی شیعرییە ؟

ئائێرە باس هەر باسی بەشی یەکەمی خەونەکەبوو ، بەلاّم ئەی لەبەشی دووەمدا چی ڕوودەدات کە نالـــی بەهەمان شێوەی مەستورە دەکەوێتە وەسفکردنی زەکــەر ی خۆی ؟ ( دواتر بەدوورودرێژی باسی ئەوە دەکەم کــە بۆچی نالی و مەستورە تەنیا باسی ئەندامی جنسی‌خۆیان دەکەن ، نەك سەرجەمی لەشی خۆیان ؟! ) .

ئامانجی مەستورە و نالی لەوەدا کە ، سەرنج بـــۆ ئەندامی جنسی‌خۆیان ڕادەکێشن و دیمەنی ئیرۆتیکی زەق دەکەنەوە ، هەر یەك ئامانجە . بەلاّم وەسفی مەستورە بۆ عەورەتی خۆی لەئاست وەسفی نالیدا بۆ زەکەری خــۆی ، زەوی و ئاسمانیان لەنێواندایە . .ئێمە دەزانین کـــە مەستورە عەورەتی خۆی بەو دیمەن و شتانە دەچوێنێ کـــە لەدەرەوی خۆنی :

**ئەم سیرڕە چییە میثلی (سوها )بێ ، نەسوابێ ؟!**
**دووریی کەوەکو (دووری سەما )بێ ، نەسمابـــێ ؟!**

یـان :


**وەك (خەیمە) بە پەردێکی . . .**
**وەك (هیممەتی صۆفی ) کە لەنێو . . .**
**یا قورصی (نمەك) هەروەکو (مەرمەر) بەضیابێ**
**(خرچێکی مودەووەر) ، بە (عەسەل ) ئاوی‌درابێ . .**


واتە لەوەسفەکانی مەستورەدا دەلالـــــەت بــــەرەو سەرچاوەیەکی مەدلولی دوورترمان دەبات وەك لە عەورەتـــی خۆی ، کە ئەمەیش بەلّگەیەکە دەیسەلمێنێ مەستورە عەورەتـــی خۆی وەکو دیمەنێك لەدەرەوەی خۆی دەبینێ و مامەلّـــەی لەگەلّ دەکات ، نەك وەکو بەشێکی جوێ‌نەکراوە لەسەرجەمی بەدەنی خۆی . بە زمانێکی دی : لەوەسفەکانی مەستورەدا ئەندامی جنسی لەو دیاردە و دیمەنانە دەچێت کە لـــە دەرەوەی ڕووبەری جەستەی مرۆڤدان . . کەچی لـــە لای نالی وەسفی زەکەر ، وەسفکردنێتی بە سیفاتی مرۆڤ . زەکەر (دێوانە)یەکی پێزانی قسەکەرە ! وە نالی لیـــرەدا بەنێوی خۆیەوە نائاخڤێ ، بەلّکو هێما بۆ زەکەری خـــۆی دەکات و دەلێت :

**(دێوانە) کە زانی کەدمێ عوقدە گوشا بــێ**
**هەستا و(گوتی) : ئەشکی ڕەوانم بەفیدابێ . .**

بەم پێیە ئاشکرایە وەسفەکانی نالی مەسخ بوونێـــــك پیشان‌دەدەن کە تیایدا مامەلّەکردن لەگەلّ (زەکەر)وەکـــو مامەلّەکردنی لێدێت لەگەلّ (ئەویتر)دا . واتە زەکــــەر سەربەخۆیی‌یەکی هەیە و لەژێر کۆنترۆلّی نالیدا نەماوە . . هەربۆیەشە شاعیر بە (دێوانە) ناوی دەبات . بۆ زیاتـــر تێگەیشتن لەم پەیوەندیە پەنا دەبەین بۆ ئەم هێلّکارییـــەی خوارێ :

( هێلّکاری یەکەم )




(١٢)

جیاوازی‌یەکی دی لەنێوان وەسفی مەستورە بۆ عەورەتی خۆیی و نالی بۆ زەکەری خۆی ، بریتیە لە سروشت نەرمی و بوونی کەشێکی ماضاوەندی لەلای مەستورە و شەڕانگێزی‌و توورەیی لەلای نالی . مەستورە ، عەورەتی خۆی بـــەو دیمەن و شتانە دەچوێنێ کە جۆرێك موعتەدیلی لــــە سروشتیاندا هەیە ، واتە چیر و ڕقاوی نین و بەناوهێنان و بەکارهێنانیان ئاسایش و خۆشی و لەززەت دێتەدەست.. لەکاتێکدا ئەو دیمەن و شتانەی نالی زەکەری خۆی پێ‌یان دەچوێنێ ، سروشتێکی ڕەووزن ، توورەو دیسپلین‌کراویان هەیە . لەم نەخشەیەدا هەندێ نموونە بۆ مەبەستەکەمـان پیشان‌دراون :



هەوالنامەی کتێب

| | خانەی مەستورە | تەشبیهپێکراو | سیفەتی دیاری تەشبیهپێکراو |
|---|---|---|---|
| 1 | عەورەتی مەستورە | ئاوێنـە | یادهێنەرەوەی ئاوی سازگار و زوولاڵ ڕووناکی ، کراوەیی و سەفا . |
| | | نوکتـە | قسەوباسی خۆش و پێکەنیناوی . . |
| | | دوور | پرشنگ و بریسکەدانەوە . . |
| | | کانی | سازگاری ، شیرینی ، حەسانەوەو پشوو . |
| | | خیمە | شوێنی ئاسایش و پشوودان و خۆپاراستن و . . . |
| | | مەرمەر | بەنرخی ، جوانی و تیشك . . |
| | | نمەکیـن | خۆش و بەتام و خوێ . |
| | | دورج | (قوتویەکە ژنان زێڕ و خشڵ و شتیگرانبەهای خۆیانی تیاهەڵدەگرن ) واتە جێگەی پارێزگاریکردن و ئاسایش . . |
| | | خرج (کاڵەك) | شیرینی ، هەڵگری تۆ و ، کەنیشانەی بەردەوام بەرهەمهاتنەوەیەتی . |

| | خانەی نالی | تەشبیهپێکراو | سیفەتی دیاری تەشبیهپێکراو |
|---|---|---|---|
| 2 | زەنگـەری نالـی | دێوانە | حاڵلێهاتوو ، جەزبە و هەیت و هاوار . |
| | | جاریح | بریندارکەر ، زام و دەست وەشاندن . |
| | | مەتنی مەتینی | |
| | | حوکەما | پتەوی و قورسیی ، گرانی و نامەفهوم . |
| | | عەصا | لێدان و دەست نەپاراستن ، کوێری و تاریك بین ( عەسایکوێران : دیوانـی نالی ل/٦٢٤ ) . |
| | | مورتەعیش | موچرکە پیاهاتوو (لەئەنجامی ترس یان حاڵەتێکی نائاسایی تایبەت ، بۆ نموونە کۆڕانی هەوا لەگەرمەوە بۆ سارد . . |

هەواڵنامەی کتێب

دوای چاوگێڕان بەدوو نەخشەکەی پێشوودا ، بەئاشکرا دیارە سیفەتە بەرجەستەکانی تەشبیهپێکراو لەخانـــەی مەستورەدا ، سەرجەم ڕووناکن و ڕەنگی ڕۆشن بەسەریاندا زاڵە، ئەمە لەکاتێکدا سێبەشی تەشبیهپێکراوەکانی خانـەی نالی ، واتە ( وشەی : دێوانە ، مەتنیمەتینیحوکەما و عەصا ) لەڕووناکی بێبەرین .

ئەگەر بێت و لەهەمان نەخشەدا ، یاخود بـــە گەڕانەوەمان بۆ خودی دەقەکە ، دەلالەتی دەنگیـــش وەربگرین ئەوا بەهەمان شێوەی دەلالەتی ڕەنگ و سیفەتـــە بەرجەستەکانی هەردوو گروپی تەشبیهپێکراو جیـــاوازی دەردەکەوێ . . بۆ نموونە لەکاتی خوێندنەوەی ئەو بەشەدا کە مەستورە لەبارەی عەورەتی خۆیەوە دەدوێ ، هیـــچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نیە " دەنگ " بەرزبکەینەوە :

**ئەم سیرڕە چییە میثلی سوها بێ، نەسوابێ ؟!**
**دوڕڕی کەوکو دوڕڕێ سەمابێ، نەسمابێ ؟!**

یان :

**وەك هیممەتی صۆفی کە لەنێو خەلوەخزابێ**
**مەستورە و عەزیزی شەریف و ڕیفعەت و جابێ**

یاخود :

**یاخو، مەثەلا ، میثلی نەوابێت و نە وابێ**
**مەشهور و خەفی هەروەکو عەنقاو ووەفابێ**

واتە موناسەبە نییە لەکاتی خوێندنەوەدا بەدەنگی بەرز بڵێین : **ئەم سیرڕە. . ، وەك هیممەتی صۆفی وهتد . .** بەڵام بۆ خویندنەوەی ئەو بەشەی نالی تیایدا وەسفی زەکەری خۆی دەکات ، بەناچاری دەبێت تۆنێکی بەرزتر بدرێتە دەنگ. . بۆ نموونە ، بۆ خاتری ئەوەی مانای نیوەی دووەمی بەیتی یەکەم ، کە کردار(فیعل)ی (**هەستان**)ی تێدایە بگەیەنرێ ، پێویستە لەنیوەی‌یەکەمی هەمان بەیتەوە زەمینەسازیمان ئامادەبێت . واتە دەنگمان هەڵبڕی‌بێ . یاخود کاتێ نالی دەڵێت :

**مەجذوبی طوروق ،**
**مورتەعیشی**
**لەرزش و تابێ**

ئەوا وشەکانی وەك ( مەجذوب ، مورتەعیش و لەرزش ) خۆیان دەلالەتی **جم و جولّیان تێدایە و نائاسایین**،بۆیە گەر بەدەنگێکی ئاسایی و تۆنی لاواز بخوێندرێنەوە ئەوە وێنە و سروشتی وشەکانی وەکی **مەجذوبی و مورتەعیشی و لەرزشی** حاڵەتە شیعرییەکە ون‌دەبێت . .

لەئەنجامی ئەم بەراوردە کورتەوە دەگەینە چەند ئاکامێك ، بێ‌سوود نابێ گەر کەمێ زیاتر لەبارەیانەوە بئاخفین .

هەروەکو لەسەرەتاوە گوتم ، نالی شاعیر دەروازەی قەسیدەکەیمان بەهۆی گێڕانەوەی خەونێکەوە بۆ دەخاتە سەرپشت و ڕشتەی قسانیش دەداتە دەست مەستورە. بەم پێیە ، نالی لەدێڕی یەکەمدا **ڕاوی‌یە** و کەسایەتی نالی هەمان کەسایەتی شاعیرە کە شیعرەکەی نووسیوە. بەڵام لەبەیتی دووەمەوە ، ئیدی شاعیری ڕاوی ون‌دەبێت و پرۆسەکەیش لەوە دوا (**نووسین**)ی شیعر نییە ، بەڵکو دەبێتە پرۆسەی (**ڕوودا و**)ی نێو قەسیدەکە .

بەزمانێکی دی : ئیدی نالی شاعیر و ڕاوی نییە کە بەزمان مەستورەوە دەدوێ و شیعر بەرهەم دەهێنێ ، بەڵکو مەستورە و نالی دوو کەسایەتین بەکردەوە(**فعل**) لە حاڵەتی ڕووداودان . . بۆیە ئەرکی ئێمە لەوەدوا۔ دوای بەیتی یەکەم ـ ، (**خوێندنەوە**) نییە ، بەڵکو(**بینین**)ـە ، بینینی ئەو ڕووداوانەی لەدوای وشەکانەوە ڕوودەدەن . چونکە ، چ مەستورە و چ نالی زیاتر لەوەی بئاخفن ، سەرگەرمی نواندن و پێشان‌دانن ، نەك گێڕانەوە و ڕیوایەتکردن . . لەبەر ئەم هۆیەشە ، پێویستە خوێنەر **خەیاڵ و ڕوئیای** بخاتەکار بۆ بینینی دیمەن‌و ڕووداوەکان نەك **لێکدانەوەی ئەقڵی** بۆ گەیشتن بەمانای وشە و ڕستەکان .ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە لەم قەسیدەیەدا (**لەززەتی بینین و تەماشاکردن**) زاڵە بەسەر چێژوەرگرتنی **لۆژیکی** لە ڕەهەندی زمان و مانای زمانەوانی‌وشەکان(١٤). بەڵام سەیر لەوەدایە ، کامێرای هەڵگرەوەی فیلمی ڕووداوەکان یاخود دیمەنە شیعرییەکان لە هەردوو حاڵەتەکیا ( چ ئەو کاتەی لەدیدی مەستورەوە دەبینێ‌و، چ ئەو دەمەش لەهی نالی‌یەوە) ، تەنیا بەشێکی بچووك دەبینێ کە ئەویش **ئەندامی جنسی مەستورە و نالی‌یە** ، نەك **سەرجەمی لەشی مەستورە** ، یاخود ئەندامە ئارەزووبەخشەکانی دیکەی ، یان **سەرجەمی جەستەی‌نالی**. با وای دانێین مەستورە خۆی ڕووت کردۆتەوە، بەڵام ئایا ئێمە سنگ‌و مەمکی وی بەدی‌دەکەین؟ یان داخو دەتوانین وردەکاری لەشی نالی بهێنینە پێش چاوی‌خۆمان ، ئایا توکن بووە ، یان کۆسە ؟ لەربووە یان گۆشتن. . ؟. یاخود با واز لەجەستەی کەسایەتیەکان بهێنین و پرسیار ئاراستەی (دەرەوەی نزیکی) نالی و مەستورە بکەین : ئایا ئەو شوێنەی مەستورە هاتۆتە خەونی نالی کوێ‌یە ؟ ئایا ژوورەکەی نالی خۆیەتی یان شوێنێکی تر؟ دیمەنی ئەو شوێنە چۆنە ؟ هەوا ساردە یان گەرم ؟و دەیان پرسیاری دی. . . ئەمانە هیچیان لەبونیادی‌قەسیدەکەدا ڕەنگیان نەداوەتەوە ، چونکە هەروەکو پێشتر گوتم کامێرای هەڵگرەوەی ڕووداوەکان بەسەر یەك ڕووبەرەوە نیشتۆتەوە. . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خوێنەرێك بۆی هەیە بەپێی سەلیقە و خستەکاری خەیاڵی خۆی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزێتەوە ، ئەگەرچی ئەوە کارێکی هونەرمەندانە نییە . چونکە خەیاڵ لەدەقەکەدا ، **تەنیا خەیاڵکردنەوەیە لە دوو ئەندامی جنسی** ، جا ئەگەر بێت و خوێنەر خەیاڵی خۆی لەدەرەوەی ئەو دوو ئەندامە بخاتە کار ،

لەخەیاڵلێکردنەوەی دیمەنە سەرەکیەکە دەپچڕێ و ئـــەو چێژەی نایەتە دەست کە دەشێت لەم دەقە وەربگیرێ . . هەروەکو لەبەشی دواییدا دێمەوە سەری ، لەکاتی پرۆسەی جووتبووندا ، بیرکردنەوە (خەیاڵکردنەوە) لەهەر دیمەنێك خاڵی بێ لەئیحای جنسی ، ئەوە دەبێتە هــــۆی خاوبوونەوەی پرۆسەی جوتبوونەکە و مرۆڤ لەجیهانی خەون و خەیاڵ و خۆشی ڕۆیاوە دێتەوە حاڵەتی بێداری . . . یان لە (حاڵ و جەزبەوفەنای شەهوانیەوە) دەگەڕێتەوە بۆ ملکەچی و فرمان بەرداری بونیادی واقع. لەگفتوگـــۆی شکاندنی تابۆکانەوە دێتەوە ئاستی بێدەنگی لەبەرابـــەر تابۆکانـدا . .

ئەوەتا نالیش لەبەشی سێهەمی قەسیدەکەیدا، لــە دیمەنی حاڵەتە ئێرۆتیکیەکان دەپچڕێ و دەبێتـــەوە شاعیری ڕاوی ، جیهانی خەون دائەخات و مەستـــورەش مەحوودەبێتەوە . . لەم بەشەدا ، نالی دەبێتەوە هەمــان کەسێتی بەیتی یەکەم و" **داوا لەخۆی ئەکا واز لەم جۆرە قسە بێجێیانە بێنێ و، بەخۆی ئەڵێ بنیادەم بەخەو خەیاڵ نابێ بەهیچ و ، چاتریش ئەوەیە لەجیاتـــی قسەی هیچ و پووچ شتێ بڵێ و بنووسی کە بۆ دواڕۆژی پاش مردنی چاك بێ**"(١٥) ، وە لەمەیش زیاتر دەڕوات و دەڵێ : **وا چاکە ڕازی پەیبردن بەڕاستی و ڕێگــە دۆزینەوە بۆ لای خودا بگرێ نەك بەحسی سرور وئالایی شەکانەوە بەبای " ئارەزوو " بازی .**

* * * *


ئا بەمجۆرە نالی جارێکی دی هەمان پێشنیـــاری کۆتایی قەسیدەی قوربانی تۆزی ڕێگەتم . . دووبـــارە دەکاتەوە و ، مرۆڤ دەبێتەوە ئەو کائینە گوناهکــــارەی بەردەمی دەروازەی بەزەیی و شکۆی یەزدان . وە لێرەدا بە گەڕانەوەمان بۆ هێڵکاری لاپەڕە(٥٧)ی " چەمکــی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی " (١٦) ، وە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەنجامی قەسیدەی **مەستورە** چەنــد ئاکامی گرنگمان دەسگیر دەبێت . دیارە بەر لە هــەر شتێ ئەو ئاکامانە دەلالەت لە یەك سەرچاوەی دەروونی و فیکریی هاوبەش دەکەن بە نیسبەت بونیادی هــەر دوو قەسیدەکەوە . .

نالی نەك هەر لەپرۆسەی تەماهی لەگەڵ نیشتمان و خولەکردنەوەی ڕۆژگار و شوێنی پیرۆزدا بەشکست دەگات ، بەڵکو لەتەماهیکردن و دۆزینەوەی (ئەویتر)یشدا تێـك دەشکێ و دواجاریش یەك ڕێگای لەبەردەمدا دەمێنێ . . ڕێگای گەڕانەوە بۆ لای خوا ، یان ملکەچکردن بـــۆ ڕووبەڕێکی یەزدانی و میتافیزیکی ، کە قورئان مـــژدەی هاتنی بە ئوممەتی ئیسلام ڕاگەیاندووە . . وە بـــۆ گەیشتنمان بە ئەو ڕۆژە ( **واچاکە خەیاڵ و خەو**)مـــان بەلاوە نابێت و کەوتبینە بیرکردنەوە لە **ئەسراری هودایا** . .

بەلای ئێمەوە ئەم شکستە ، شکستی فەرد نیـــە لەبەردەم ئایین دا ، بەڵکو تێکشکانی بونیادی ژیانە لــە ئاست بونیادی مەرگ دا ، وە تێکشکانی **ئێستایواقیعییە** لەبەردەم **ئایندەی وەهمی** دا . . شکستی شارستانیەتـە لەبەردەم بەهەشتی ئاسمانیدا . . شکستی مێژووی خوێناوی میللەتێکە لەبەردەم یۆتۆپیادا ، شکستی چارەنووسە لەبــەر دەم وجودی بێ چارەنووسماندا . .

ئێمەش لەنالیەوە ، لەساتەوەختی تێکشکانی نالییەکانەوە ، تێکشکانەکان دووبارەدەکەینەوە ، دەیان لێینەوە ، بــە حەماسەوە یادیان دەکەینەوە و شانازیان پێوەدەکەیـن و شکۆی ڕەنج و خوێنی ڕژاومانی تێدا بەدی دەکەین . . بەلام بەداخەوە نایان خوێنینەوە ، دەترسین نەبا لـــە شکۆمان بێتەخوارەوە و ئەو پەیکەرانەی خۆمان لەوجـــودی خۆمان دامان تاشیون ڕووبەڕووی شکان ببنەوە . .

**(هێڵکاری دووەم)**



**تێبینی :**

لەم هێڵکاریەدا بازنەی - جیهانی واقیع - بریتیە لە (خودئاگا)ی شاعیر و بازنەی - جیهانی شیعری - بریتیە لە (ناخودئاگا)ی شاعیر ، دیارە دەکرێ سێگۆشەی (یۆتۆپیا) ش بە(سوپەرئاگا)ی نالی لێك بدرێتەوە ..

## پەراوێزەکان

١ - ئەمە هێماکردنێکی راگوزارییە و مەبەستیشم لەمە تەنها هێماکردنە بۆ بەرهەمی شیعری شاعیرانی بەنێوبانگ ، نەك ئەدەبیاتی میللی میللەتانی جیاواز.. بەلاّم ئەگەر بمانەوێت هێماکردنەکە لەبۆتەی شیعر بکەینە دەری و لە بواری بەرهەمی بەپەخشان نووسراوی ئەو گەلانەدا بۆ باسی ئێرۆتیکای لەشی ئافرەت بگەڕێین ، ئەوا تووشی چەندین بەرهەمی گرنگ دەبین ، بەتایبەتی لای گەلی هیند و چین کە سوونەتێکی دێرینەیان لەبواری وێنەکێشانی ئێرۆتیکیانەدا هەیە .. لەلای عەرەبیش هێندە بەسە ناوی کتێبە نایابەکەی ( **الشیخ النفزاوي، الروض العاطر في نزهة الخاطر** ) ، بهێنین کە سەرجەم تەرخانکراوە بۆ باسی ئێرۆتیکای ئیسلامی ..

٢ - نصرالله پور جوادی : شیرین در چشمە ( نشر دانش، ش ٤ - سال ١٣٧٠/١١ ، بەتایبەتی بڕوانە پەراوێزی ١٣ لاپەڕە ٢ و ٩ ).

٣ - مرتضى مطهري : نظام حقوق زن در اسلام(مسئلە حجاب) ، قم ١٣٥٧ ، صص : ٢٤٣-٢٤٤ .

٤ - پەراوێزی (٢) ، ستونی دووەم - لاپەڕە (٩).

٥ - **الكليني** : الاصول الكافي ، بەرگی دوو ط ٣ ،ص١١٥ کە ئێمە لە ( تێگەیشتنە ئیسلامیەکان " گرنگی ووشە لە ئیسلامدا " : ص ١٩ ) وەرمانگرتووە - بەرهەمی کوردی دامەزراوی البلاغ . چاپی یەکەم ١٤٠٨کۆچی .

٦- بۆیە ئەم کارەی نالی بەکارێکی **ناخودئاگایانە** ناودەبەم ، چونکە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نیە کە کارێك بوبێت و شاعیر پێشتر نەخشەی ئاگایانەی بۆ دارشتبێ .. وە ناخودئاگایی لێرەدا بەپێی بەکارهێنانی (یۆنگ)ی بەکارهاتووە کە بریتیە لە مەخزەنی ئەسرار و زوو زوو پەیامەکانی بۆ بەشی ئاگاییمان دەنێرێ و ئاگاییمان کۆنترۆڵ دەکات ..

٧ - " پێدەچێت هەنگوین بێدەرد و ساخ بێت و لەوەیشە ژاراوی بێت ، بەهەمان شێوەش ئافرەت لەحاڵەتی ئاساییدا هەنگوینە بەلاّم لەکاتی بیماریدا ، ژاری لێدەتکێ " : **لوی شتراوس** : منطق اساطير ، ص ٣٤٠ لە ( لوی استروس ، نویشتە ادمون لیچ ص ١١١و١١٢ وەرگێراوە/ ت : دکتر حمید عنایت ح ٢ ، ١٣٥٨ تهران ).

٨ - لێرەدا بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (شاعیر)وە دەمەوێ ئەو جوداییە پیشان بدەم کە من بۆ (نالی‌شاعیر) و ( نالی نێوخەونەکە )م لەبەرچاوگرتووە . بۆیە هەر کات لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا وشەی (شاعیر) بەکاردێنم، مەبەستم لە (نووسەرە)کە ئەویش دیارە مەلاخدرە و دەکەوێتە دەرەوەی رووداوە شیعریەکانەوە و دەوری ڕیوایەتکردنیان دەبینێ . پاشان ئەم مەبەستە زیاتر روونکراوەتەوە .

٩ - دەکرێ ئەم دێرە بەجۆرێکی تریش بخوێندرێتەوەو بگوترێ مەبەستی مەستورە ڕەنگە ئەوەبێت کە نالی زانایەکی خۆمانەیە و بێگانە نییە ، جا ئەگەر ئەم عوقدەیە حەلبکا چ پێویستە پەنا بەرم بۆ زانایانی چین و خەتاوخوتەن کە بێگانەن ..

١٠- د . محمد مفتاح : دينامية النص (تنظير و انجاز) ، ط ١ ، ١٩٨٧ ، ص ٢٢ - مركز الثقافي العربي / بيروت .

١١- بڕوانە پێشەکی ئەم کتێبە: Drømme gennem tusinde år : Af: Anniki KaviolA- Bregen Høj-1986 København . Sid. 11-16

١٢- **دیوانی نالی** : لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالكريم - محمدی مەلاکەریم پیاچۆتەوە - بغدا ١٩٧٦ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد (انتشارات ص.ایوبی ١٣٦٤ ) لەمەودوا تەنیا دەنووسری (دیوانی نالی ).

١٣- بێگومان ئێمە چەند نموونەیەکمان پیشان‌داوە، خوێنەر خۆی دەتوانێ لەقەسیدەکەدا نموونەی دی بدۆزێتەوە .

١٤- ئەم باسە بۆ خۆی هەڵدەگرێ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەسەر بنووسرێ ، بەلاّم لێرەدا هەوڵ دەدەین بە نموونەیەکی خێرا و بەبێ قووڵبونەوە لە هەموو لایەنەکانی ، مەبەستی خۆمان روون بکەینەوە .

کاتێك مەحوی دەفەرموێ :

**فەلەك هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتیە**
**کە سەر بۆ گەینە پەت بێ ، پێ‌لەکورسیو ئەسکەمل چبکا ؟**

ئێمە ناتوانین بەهۆی بەرجەستەکردنی وێنە شیعریەکانی ئەم بەیتەوە لەنێوەرۆکەکەی حاڵی ببین . واتە ناتوانین بەو هۆیەوە کە بێین لەخەیاڵی خۆماندا ئینسانێك دروست بکەین و ئەم ئینسانەش ، یان ئەم کەسەش لە ساتەوەختی هەڵبڕینیدا بەدەستی فەلەك وێنە بگرین و پاشانیش ئەم دیمەنە بەدیمەنی (**هەلاکەت**)ی ئەو کەسە لێك بدەینەوە .. یان بێین بیر لەسەر و پەت

و بێ و کورسی وهتد . . بکەینەوە و کۆتایی بەپرۆسەکە بهێنین . بەو مانایەی کە تەماشاکردنی دیمەنی شتەکان بۆ تێگەیشتن لەم بەیتە بەس نین ئەگەر مانای کارکردی و ڕەهەندی عەقلانی ئەو وشانە نەهێنینە زمینی خۆمانەوە . یان کاتێک شاعیری هاوچەرخ مامۆستا حەسیب قەرەداخی دەلێت :

دەلێن : حەق وا بەسەر نووکی شمشێرەوە
دەلێن : ئەگەر شمشێر نەبێ
ئەوا حەق وا لەژێرەوە

(فەرهەنگی خەم : ٣ل ١٠)

خوێنەر بەوەی بێت و ووشەی حەق لەوێنەی شتێکدا بکات بەسەر نووکی شمشێرەوە بەجۆرێ بەلابردنی شمشێرەکە حەقیش بکەوێتە ژێرەوە ، کە وێنە شیعرییەکە فەرزی دەکات، ڕاستە خەتای نەکردووە . . بەڵام هیچ هەنگاوێکی بۆ تێگەیشتن لەناوەڕۆکی شیعرەکە نەناوە . چونکە وشەکانی وەک حەق ، شمشێر ،سەروژێری لەپەیوەندیەکی میکانیکانەدا دیتووە ، نەک ئەو کارکردەی شمشێر لەم کۆپلەیەدا هەیەتی . . بۆ ئەوەی لەو پەیوەندی و لێکدانەوە میکانیکیەش دەربازبین پێویستە وێنەی شتەکان تەفسیر بکەین بۆ کارکردی شتەکان بەو پێیەش ، بۆ نموونە شمشێر دەبێتە هێز و ئیدی دیوەکانی تریش ڕەوتی عەقلانی خۆیان وەردەگرن . بەکورتیەکەی، لەکۆپلە شیعرێکی وەک ئەوەی سەرەوەدا خوێنەر ناتوانێت چێژ لەبەرجەستەکردنی وێنەکان و پاشان تەماشاکردنیان وەربگرێت ، ئەگەر دواجار نەیەت ئەو وێنانە تەفسیر بکاتەوە بۆمانا .

١٥- دیوانی نالی : لاپەڕە (٦٢٩) .
١٦- چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی: ڕێبوار س . ١٩٩١ - دانمارك : ل(٥٢) .

## تێبینی :

دەقی ئەو ئایەتانەی لەم باسەدا هێمایان بۆ کراوە :

١- سورة النور آيه ٣١ : " وقُل لِلمُؤمِنٰتِ يَغضُضنَ ابصٰرِهِنّ و يَحفظنَ فروجَهُنّ و لا يُبدِينَ زينَتَهُنّ إلّاما ظَهر مِنها و ليضْرِبنَ بخمرهِنّ علىٰ جُيُوبِهِن . . . " .
٢- سورة الأحزاب آيه ٣١ : " ينِسَاء النبيّ لستُنّ كأحدٍ من النساءِ ان اتقيتُنّ فلا تخضَعنَ با القولِ فيَطمعَ الذي في قلبِهِ مَرَضٌ و قُلنَ قولاً معروفاً " .
٣- سورة الأحزاب آيه ٣٢: " وقرن في بيُوتِكُنّ و لا تَبَرّجنَ تبرّجَ الجٰهلِيّةِ الاولىٰ . . . " .

فەرهاد پیرباڵ

زنجیرەی بووژاندنەوەی نووسراوە عوسمانییەکان ،٩،

# هەستی کوردایەتیی ڕووناکبیری کورد
# ( عەبدوڵڵا جەودەت )
# لەو شیعرانەیدا کە بە زمانی عوسمانی نووسیونی

ڕووناکبیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا جەودەت( ١٨٦٩-١٩٣٢) کە تورکەکان بە بابەگەورەی /دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی تورك لەقەڵەمی دەدەن، لەساڵی ١٩٠٨ بەولاوە ، واتە دوای هاتنەسەرحوکمی " تورکە لاوەکان" لەبیری پان - عوسمانیزم هەڵگەڕایەوە و ڕووی کردە کوردایەتی. لەم شیعرانەیدا ، کە بێگومان پێش ساڵی ١٩٠٨ یش نووسراون ، بەئاشکرا باس لە کوردبوونی خۆی و چەوسانەوەی نەژادی کورد دەکات لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا .

ئەم شیعرانە لەدیوانێکی شاعیر خۆیەوە وەرگیراون بە ناونیشانی (قهریات) ، چاپی دووەم ، میسر ، چاپخانەی اجتهاد ، ساڵی ١٩٠٨ . ئەم دیوانە شیعرە بە قەڵەمی خۆی پێشکەش کراوە بەکوردناسی فەرەنسی ، دۆستی کورد ( ڤلادیمیر مینۆرسکی ) ، ئەویش پێشکەشی کردووە بە کتێبخانەی (لانگزۆ) لەپاریس .

مارشمز

١

کوردك وطنی اسیرآفات،
ظالملره ایمەدك تماشات،
هیچدك نیجه ناروا مجازات:
اولەدی بزه مقصد ومكافات
حریت ، اخوت ومساوات.

٢

بر قاتل کورمەدنسه ساطان
اهون كوردونور مزار نسیان
آلچاقلره جیکنه نیلەدی و جدان
اولەدی بزه مقصد و مكافات:
حریت ، اخوت و مساوات.

٣

حتی سون اتحاده باقسین ،
آتی بی عدالته براقسین ،
كوزیاشلری آل ویرر ، قان آقسین ؛
اولەدی بزه مقصد و مكافات:
حریت، اخوت و مساوات.

١٨٩٨

وطن قزیله

خاك ندمله طوله وراجاق سیلی زمان
منحوس كوزلرك دم ودیناره قائمادی:
كوردكده پارچه پارچه ایدركن عدو بنی

بى دين و مرحمت يوركك پارچالاتعادى .

٦ كانون ثانى ١٩٠٢ ويانه

## تصوير همايون آلتنه

صورتى سيرتنى محو ايديور ،
دينيلرمي بونا هيچ ظل خدا، ؟
بيرله‌شوب ظلم ايله جنت اولمش
كورديكك « قاتل اكبر » پيدا .

## پاريسه مواصلت

قارداشم حسين طوسونه

تعريض ايدنجه حقه بيداد شهريارى ،
اولدي بزه فرانسه منفاى اختيارى .

دوشدك جدا وطندن، لاكن وطن يولنده
پرجوش در كوكلده سوداى جانسپارى .

مجبوريمزدر ايتمك احكام شرعى انفاذ ،
مقصودمزدر احيا بر عصر افتخارى ،

عرفانمزله چكمك راه نجاته مشعل ،
وجدانمزدن آلدق فرمان كردكارى ،

ايتدك فداى آرام غدر زمانه قارشى
احضار قيلماق اوزره برشانلى كيرودارى،

هرلحظه باشمزده اولمش ايكن بلاريز
جانى تاجدرك ساطورخون نثارى ،

كوردك حياتى ناچيز ميل حياته رغماً
تعقيب ايله‌مكده بر فكرحق مدارى .

ايلر بزه دمادم تلقين رزم و شدت
بيك قهرايله وطنده خلقك أنين وزارى.


منفالرنده جوشان شبان عزمى قومك ،
مقبرلرنده لرزان اجداد ذى وقارى .

خسرانكه امين اول، اى سن كه ايسته‌يورسين
زنجيرلرله قيلماق اجراى حكمدارى !

يوش در بوجبر، حق دست قدرده يوق در
جوش وخروش فكرى توقيف اقتدارى .

انديشه‌مزده اولماز حزن وسروره مقرون
افسرده روزكارك احكام بى قرارى .

كوش ايتمه‌يه جهانده آوازهٔ تحكم
عدايله‌رز مرجح خاموشى مزارى .



## محبس دن

محترم اسماعيل حق بكه :

هرشي جهانده يازدهٔ انقلاب اولور،
بركون كلير بوكونكى شرر آفتاب اولور ،

بولماز خلاص صاعقهٔ انتقامدن :
تخريب ايدن حقوق عبادي خراب اولور،

آرتديقجه ظلم ، آرتيور اميد وعزمز :
ظلمك چوغى مهيج شيخ وشباب اولور .

پرذوق ، حق يولنده كى محبر ومشاقمز :
انديشه‌مز لياليمزه ماهتاب اولور .

برصبح فيض در بوقاره كونلرك صوكى،
برعمرتام صانمه كتاب العذاب اولور .
طاشدن يوركليلر ياشامازلر الى الابد :
سيلاب روزكارك آلتده تراب اولور .
حق فكرى حكمران جهان در مؤبداً
هرشي اكرچه يازدهٔ انقلاب اولور

٣ كانون ثانى ١٨٩٧ بريستان تمه‌سى



هەواڵنامەی کتێب

قسم ثانی

## رعدیات

### سبب عبدالحمید اولدی

کل نامۍسمز صولدی ،
سبب عبدالحمید اولدی ،
دوچشم جانه قان طولدی ،
سبب عبدالحمید اولدی .

۲

عدو وجدانی آغلاتدی ،
هلالی پرلره آتدی ،
« کرید » آل قانلره باتدی ،
سبب عبدالحمید اولدی .

۳

اهالی قالدی نابیدار ،
اهالی مضطرب ، ناچار ،
ولی دولت اولدی بیچار ،
سبب عبدالحمید اولدی .

٤

خلافت شوکتی بیتدی ،
بوظلم اللهی اینجیتدی
« باطوم » روسه کلین کیتدی .
سبب عبدالحمید اولدی .

٥

اجانب قالمایور دکدن ،
بزی فرق ایتمه‌یور سکدن ،
ایدینلک « بوسنه » ، « هرسک » دن ،
سبب عبدالحمید اولدی ،

٦

« طونه » ، « ترخانه » ، شان کیتدی ،
« تونس » « مصر » ، « اردهان » کیتدی ،
نیجه جان ، قهرمان کیتدی ،
سبب عبدالحمید اولدی .

۷


نه قانون طبیعت‌در ،
نه الجای سیاست‌در ،
خیانت‌در ، خیانت‌در ،
سبب عبدالحمید اولدی .

۸

امل میل مزار ایتدی ،
یئوس و غم قرار ایتدی ،
ذکالر انتحار ایتدی ،
سبب عبدالحمید اولدی .

۹

باقلك بی باك تاریخه ( ۱ )
جیقوب افلاکه تاریخه ،
سربلدی خاکه تاریخه ،
سبب عبدالحمید اولدی .


کتبخانهٔ اجتهاد عدد ۷
دوقتور عبدالله جودت
قهریات
قسم اول : قهریات . قسم ثانی : رعدیات .
طبعهٔ ثانی
فی ۲ غراش
ECOL... NATION... DES LANGU... ORIENTALES VIVANTES

هەواڵنامەی کتێب

# وەرگێڕان

## گۆڤارێکی رۆشنبیریی تیۆرییە تایبەتە بە دەقی وەرگێڕدراو

لەم ماوەیەدا یەکەمین ژمارەی گۆڤاری " وەرگێڕان " لەلایەن بنکەی رۆشنبیریی یەکگرتنەوە بڵاودەبێتە . ئەم گۆڤارە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی دەقی وەرگێڕدراو لەزمانی بێگانەوە، بەتایبەتی زمانی یەکەم و، تێدەکۆشێ ببێتە سەکۆیێکی ئازاد بۆ هەموو دەقێکی وەرگێڕدراو ، جا فیکری و رۆشنبیریی بێ یاخود ئەدەبی و هونەری . شایانی باسە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری " وەرگێڕان" دووسەد لاپەڕەی قەبارەی ئێستای یەکگرتنە و کۆمەڵێك بابەتی جۆربەجۆری لەخۆیگرتووە کە لەزمانی ئینگلیزی ، فەرەنسی ، ئەڵمانی ، سویدی ، رووسی ، عەرەبی ، فارسی و تورکییەوە وەرگێڕدراون ، ئەمە وێڕای بەشێکی تایبەت بە هونەری شێوەکاریی جیهانی .

هەر کەسێك دەخوازێ ژمارەیەك لەم گۆڤارەی دەسکەوێت ، دەتوانێ پەیوەندی بە ناونیشانی " یەکگرتن "ەوە بکات ، بەمەرجێك نرخی گۆڤارەکە پێش وەخت بنێرێ کە ( ٥٠ )کرۆنی دانمارکیە .

بنکەی رۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

# ڕاپەڕین و ڕاپەڕینی بەردەوام



هەوڵدانیدا بۆ بەشداریکردن لەراپەڕیندا دووچاری کوێرە ڕێگە و تەنگوچەڵەمە نەهاتبوو ؟

لەوەلاّمی ئەو پرسیارانەدا ، کە ئاراستەی کەسێك یان کەسانێکی دیاریکراو ناکرێن و بۆ هەلومەرجێك دەخرێنەڕوو کە ڕاپەڕینی کردە دوورگەیەکی نێو دەریایەکی بۆگەنەوە ، دەڵێین : لەتوانای ڕۆشنبیری کوردا نەبوو بەشێوەیەکی جیاواز و جیاکارە مامەلە لەگەڵ ڕاپەڕینەکەدا بکات ، بۆیە مامەڵەکردنەکەی تەنگوچەڵەماوی بوو . هۆی ئەوەش ئەوە بوو کە ڕاپەڕینەکە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی شێوەنوێ بوو ، بەلاّم ڕۆشنبیری کورد لەپراکتیکدا نوێی دوراندبوو ، واتە ئەو بوارە ڕۆشنبیری۔ سیاسییە گشتییەی لەدەست دابوو کە وایدەکرد پراکتیکەکەی پراکتیکێکی نوێ بێت .

ئەو شتە جەوهەرییەی ڕاپەڕینە مەزنەکە خستیە پێش دەمی ڕۆشنبیری کورد زۆر لەوە گرنگتر و مەترسیدارتربوو کە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی و لای نووسەری ستون و گۆشەی ڕۆشنبیریی خێرا و بەپەلە باوبوو و لەبەر بێمیتۆدیی لەبازنەی ناتەبا و دژبەیەکدا دەخولایەوە . چاوخشاندنێکی خێرا بەزۆربەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بلاّوکراوانەی لە سەردەمی ڕاپەڕیندا هەبوون و بەردەستمان کەوتوون ئەوە دەسەلمێنێ کە نیشانە خراپەکانی دەربڕینی ڕۆشنبیر و سەکۆکانی بریتین لە : ڕواڵەتکاری ، نەبوونی ووردبینی ، زاڵی بەگشتیکردن و پیاهەڵدانی پۆزەتیڤانە و نێگەتیڤانە لەشوێن و کاتی ناجۆردا ، نەبوون یان لاوازی ڕەخنەی زانستی ، زۆرنووسین و کەم ووتن ، ئاژاوەی بلاّوکردنەوە و بێسەروبەریی ڕاگەیاندن . لێرەشدا گلەیی لەوە دەکرێت کە زۆربەی ئەو کەسانەی لەسەکۆ ڕۆشنبیرییەکاندا بالاّدەستن زیاتر لەڕۆحی فەرمانبەری ڕۆشنبیرییەوە نزیکن هەتا ڕۆحی کەسێکی خاوەن بیر و پەیامی ڕۆشنبیری .

مامەڵەکردنی ڕۆشنبیری کورد لەگەڵ ڕاپەڕینەکەدا وەك مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ شاییدا کە سەما و هەڵپەڕکێ و گۆرانی جێگای تایبەتیان هەیە و هەر کەسێکیش باش شایی دەچێتەوە ماڵی خۆی . ڕاستە شایی شتێکی جوان و دڵگیرە و ڕاپەڕینیش لایەنێکی شایی لەخۆدەگرێت ، بەلاّم خۆ پێویست بوو ڕۆشنبیرەکان شان بەشانی بایەخدان بە لایەنی شایی ڕاپەڕینەکە کاتێکیش بۆ مشتومڕکردن لەسەر مەسەلە گرنگەکان و وەلاّمدانەوەی پرسیارە زیندووەکان و ڕەخنەگرتن لەچەوتیەکان تەرخان بکەن ۔ چونکە ڕاپەڕین تەنیا گۆڕەپانی شایی نیە ، بەڵکو سەکۆی ململانێی نێوان هێز و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانیشە .

هەروەها دەبوایە ڕۆشنبیرەکان خاوەنی هەڵوێستی هەڵبەز و دابەز نەبوونایە لەکاتی ڕەفتارکردن لەگەڵ هەست و نەستی جەماوەردا ، واتە بەرزکردنەوەی خرۆشاندنی جەماوەر لە چرکەساتی مێژووییدا و هێنانەخوارەوەی بۆ بنی ڕەشبینی لەساتەوەختێکی دیدا . وە دەبوایە خاوەنی تێڕوانینێکی ڕەقهەلاّتوو و ئیستاتیکی نەبوونایە سەبارەت بە مێژووی میلەتێك کە هەموو جۆرەکانی گۆڕانکاری و هەڵچوون لەهەناویدا لەبزووتندابوو . بەڵکو ڕۆشنبیری کورد ، بەو پێیەی سەرکردەیەکی ویژدانیە ، دەبوایە دیالەکتیکی چرکەساتی بدیبایە و بیزانیایە چۆن مێژوو دەخوێنێتەوە و توخمە جۆربەجۆرە تێهەڵکێشەکانی دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕووی بابەتیەوە بتوانێ هوشیاری ڕاستەقینە بلاّوبکاتەوە و تاریکی شەوەزەنگی ڕێگای سەختی چوون بەرەو زانیاری ڕووناك بکاتەوە ، بەو جۆرەش یارمەتیدەر و هاوکاری جەماوەر بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی چرکەساتی مێژوویی ئاڵۆز و سەخت ، بێ ئەوەی دەستبەرداری مافی کارپێکردنی ڕەخنە و پاراستنی ئەو سنوورە پێویستەی نێوان خۆی و دەسەلاّت بێت ، چونکە ئەم هەڵوێستە پێنووسی نووسەرو مێژوویی بوونی دەقەکانی دەپارێزێ .

لەبەر ئەوەی ڕاپەڕین کارێکی شۆڕشگێڕانەی شێوەنوێ بوو ، بۆیە پێویست بوو نووسین ( بەرهەمی ڕۆشنبیر ) ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی هەبوایە و لەدەوری شتێکی گشتی نەخولێتەوە کە پێی دەڵێین ڕاپەڕین ، بەڵکو ڕووشی بکردایەتە ئەو هێزە مرۆیی و جەماوەریی و سیاسیانەی کە دروستکەری ڕاپەڕین بوون . هەروەها ئەگەر ڕاپەڕین کارێکی ڕەتکەری بارودۆخی تێکشکانی سیاسی بوو ، واتە قۆناغێکی نوێی خەباتی گشتی بوو ، دەبوایە بیر لەکارێکی ڕۆشنبیریی شێوە نوێ بکرابایەتەوە و ڕۆشنبیری لە بەیاننامە و ووتاردا گیرنەکرابایە . واتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکان لەپێناو کارێکی بەچۆنایەتی نوێدا دروستکرابایە ، چونکە کارێکی وەها دەرفەتی دەڕەخساند بۆ چالاکی و مشتومڕی بەکۆمەڵ . بێگومان هۆی ئەوەش بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بالاّدەستیی هێزە سیاسییەکانی دەیانەوێ چوارچێوەی گونجاو لەگەڵ ڕێبازی خۆیاندا دروست بکەن و ڕێگە لەڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە بگرن لە پڕۆژەی شێلگیر و کاریگەردا جێگیربن ، بەڵکو دەشگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیرەکان خۆیان کە لەبەر ترسی گۆشەگیری و گەمارودان و تاوانبارکردن و شەڕپێفرۆشتن یا بەرژەوەندی تایبەتی ئامادەدەبن بچنە نێو پڕۆژەکانی

ئەو هێزانە پشتگیری لێدەکەن یان خۆیان کەنارگیرکەن .

یەکێك لە خەوشیە بڕ مەترسییەکانی ژیانی ڕۆشنبیریمان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا بریتی‌بوو لە ئامادەیی ڕۆشنبیر بۆ ڕەدوکەوتنی سیاسی و بوون بەپاشکۆی ڕێژەیی یان ڕەهای لۆژیکی دەسەڵات ، واتە چەپڵەلێدانی ڕۆشنبیر بۆ تێڕوانینی باڵادەست و ویستەکانی دەسەڵاتداران. بەو جۆرە ئەو ڕۆشنبیرانە لایەنێکی دیار و جەوهەریان پشتگوێ خست کە ڕاپەڕینەکە دەریبڕیبوو ، ئەویش ئەوەبوو کە ڕاپەڕینەکە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە ڕەتکەرەوەی پاشکۆیەتی دەسەڵات و دژی ڕۆشنبیریی بەهانەهێنانەوە و خۆبەدەستەوەدان و چەپڵەلێدان بوو. چونکە خەباتی‌جەماوەر، مانگرتن و خۆپیشاندانی ، چۆنیەتی ژیان و برینداربوون‌و شەهیدبوونی ، سووربوونی لەسەر تێکۆشان بۆ چەسپاندنی ڕۆشنبیریی بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیریی‌ملکەچی بوو .

بەو جۆرە ئێمە دوو جۆر ڕۆشنبیریی لەنێو کوردستانی سەردەمی ڕاپەڕیندا بەدیدەکەین : ڕۆشنبیریی ملکەچی و ڕۆشنبیریی بەرەنگاربوونەوە . ڕۆشنبیریی ملکەچی ئەو ڕۆشنبیرییەیە بوو کە زەمینەی بۆ سەردانەواندن بۆ دەسەڵات و باری باو و تەرازووی هێزە تەقلیدییەکان و لۆژیکی سەرکوتکەر و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆشدەکرد ،بەڵام ڕۆشنبیریی بەرەنگاربوونەوە دژی هەموو ئەوانە بوو بەگشتی. هەروەها دوو جۆر ڕۆشنبیریش بەرچاو دەکەون : ڕۆشنبیری ملکەچ و ڕۆشنبیری بەرەنگاربووەوە . ڕۆشنبیری ملکەچ بەپێی شوێنەواری ، وەك جێ‌بەجێکەری ویستی دەسەڵات، هەمیشە ڕوویدەکردە دووپاتکردنەوەی ڕۆتینی ڕۆژانە و بەهانەهێنانەوە بۆ بڕیارەکانی دەسەڵات و بەگژاچوونی هەموو نوێکردنەوە و گۆڕانکارییەك ، هەروەها ئامادەبوو بۆ ساختەکردنی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر بە هەموو شێوەیەك و لەخزمەتی دەسەڵاتداران و لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا . کەچی ڕۆشنبیری بەرنگاربووەوە تەنیا بیریار نەبوو ، بەڵکو ڕێزی بیریشی دەگرت ، ئامادەنەبوو بیروڕا و تێڕوانینی دەسەڵات بێ لێکۆڵینەوە قبوڵ بکات و چاوەڕێی هیچ دەسەڵاتێك نەبوو ئامۆژگاری بکات ، لە لێکۆڵینەوەیدا سەبارەت بە واقیع پەنای دەبردە بەر شێوازی شیکردنەوەی زانستی و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە و بە شێوەیەك کە جەماوەر بە کێشە و گیروگرفتەکانی ئاشنابکات و هوشیاریکاتەوە لەئاست ڕۆڵی لەکۆمەڵگا و جیهانداو توانای ڕەخنەگرتنی خۆیی و بابەتی تێدا بچێنێ . چونکە بەلای ئەوەوە ئەم کارە یارمەتیدەربوو بۆ خوڵقاندنی نەوەیەکی هوشیار و ڕەخنەگر کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا جێدەهێڵن . بەکورتی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی ملکەچی، دەسەڵاتی دەسەڵاتداریان دەچەسپاند ، بەڵام ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیریی بەرەنگاربوونەوە دەسەڵاتی جەماوەریان جێگیردەکرد .

شایانی باسە ، سەرەڕای نالەباری باری کوردستان و گیروگرفتە هەمەجۆرەکان ، ڕۆشنبیریی ملکەچی هەتا ئێستا نەیتوانیوە دیواری گەلەکەمان ببڕێ و بۆی نەلواوە کاریگەریی بڕیاردەری لەسەر جێبهێڵێ . چونکە جەماوەر لەکاتی ڕاپەڕینەکەوە وریابۆتەوە و دەبینێ و دەبیستێ و لە توانایدایە ڕۆشنبیرە جۆربەجۆرەکان لێك جیابکاتەوە و لایەنگری ئەو ڕۆشنبیرییەیە کە باوەڕی بەداهاتوو و دەستکردنە ملی ئازادی بتەودەکەن .

پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەسەردەمی ڕاپەڕینەکەدا ( وەك پیشەی هەمیشەییان ) بەچاوێکی کەم بایەخ دەیانڕوانیە مەسەلەی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرەکان ، بەتایبەتی ئەوانەی لەخزمەتی هێڵی سیاسی‌ی ئەوان‌و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئەواندا نەبوون . هەروەها هیچ دەربڕینێکی شێلگیرانە و یەکگرتوویان نەبوو بۆ کاری ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیرەکان و لەتوانایاندا نەبوو جیاوازی لەنێوان‌زانیاری و سیاسەتدا بکەن و ڕۆشنبیریی بەواتا فراوانەکەی لە سیاسەت بە واتا تەسکەکەی جیابکەنەوە. لەئەنجامی ئەوەش ڕۆڵی مێژوویی ڕۆشنبیر لەکۆمەڵگادا کەوتە مەترسییەوەو زیاتر ڕۆڵی " ڕۆشنبیر"ی حیزبی/سیاسی قەبەکرا. هەروەها پڕۆژەی ڕۆشنبیریی لەبری ئەوەی بنچینەی دەستپێکردنی کاری سیاسی بێت و ئەم لەو سەرچاوە هەڵگرێ، بووە پاشکۆی هێڵی سیاسی و بەرنامەی حیزبی ، بەو جۆرەیش سروشتی ڕۆشنبیری خۆی لەدەست دا. سەرەنجامی هەموو ئەوانەش پیاوی سیاسی بووە ڕۆشنبیر و سەرکردەو سکرتێری گشتی هێزەکانیش بوونە نموونەی ڕۆشنبیری زانا کە دەبێ شوێن پێیان هەڵگیردرێ .

بەدوورکەوتنەوەی سیاسەت لە جیهانی جەماوەر و کەنارگیرکردنی ڕۆشنبیری لەسەر دەستی پڕۆژەی سیاسی ، کاری سیاسی کورد لەدوو خاڵدا چڕبووە: هەوڵدان بۆ باڵادەستی لەدەسەڵاتدا ، پێشبڕکێ لەسەر هەندێ‌مەسەلەی بچووك و ڕۆژانە .بێگومان هەوڵدان بۆ باڵادەستی لەدەسەڵاتدا بێ ڕەچاوکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی جەماوەر و لەئەتمۆسفیری بەکەمکرتنی زانیاری و

ڕۆشنبیریدا ناتوانێ گۆڕانکاری لەدەسەڵاتدا بهێنێتەدی و تەنیا پەیوەندییەکی دەسەڵاتدارانە دەگۆڕێ بەیەکێکی‌تر . چونکە سیاسەت بەبێ بزووتنەوەی جەماوەری و ژینگەیەکی ڕۆشنبیری و زانیاریی گونجاو ناتوانێ ببێتە هۆکاری بەرەوپێشەوەچوون و تەنیا دەکارێ جیهانی باو بەپێی پێداویستی و بەرژەوەندی تر بنیات بنێتەوە .

پێویستە قسەکانی سەرەوەمان بەو جۆرە لێك نەدرێتەوە کە ئێمە دەمانەوێ ڕۆشنبیری و سیاسەت لێك دابڕین یان بانگداشە بۆ ڕۆشنبیریی ڕووت بکەین . چونکە ئێمە پێمان وایە دیالەکتیکی ڕۆشنبیری ـ سیاسی لەسایەی ڕەخسانی هەلومەرجی مشتومڕ و ڕەخنەدا دەرگا بەرووی زۆر بواری کارلێکردندا دەخاتە سەر گازی پشت کە وا لەپراکتیکی کۆمەڵایەتی دەکات سوودبەخش بێت بۆ کۆمەڵگای‌کوردستان ، بەڵام لەبارێکدا هەر یەکێك لە سیاسەت و ڕۆشنبیری سەر بەبازنەیەکی تێڕوانینی جیاواز و دژبەیەك بن ، ئەوا پرۆسەی بوونی ڕۆشنبیری بەبەشێکی ئۆرگانیکی ژیانی کۆمەڵایەتی تەگەرەی تێدەکەوێت .

ئێمە باوەڕمان وایە کە کاری ڕۆشنبیرەکان گرێدراوە بە کۆمەڵێك هەلومەرجەوە کە هەندێکیان بابەتین و ئەوانی‌تریش خۆیی . بابەتیەکان بریتین‌لە : بنەمای‌کۆمەڵگای کوردستان ، سروشتی قۆناغەکەی تیایدا دەژین ، شوێنەواری چینایەتیان ، سەرچاوەی بیریان ، باری ژیان و گوزەرانیان و باری دەروونیان . خۆییەکانیش بریتین لە : ئاستی زانیارییان ، هوشیارییان کە سروشتی ڕۆڵیان دیاریدەکات . بەڵام پێمان وایە کە ڕۆشنبیری کورد بۆ ئەوەی ڕۆڵی‌کاریگەری‌هەبێ و ڕۆشنبیری بەئاقاری سروشتی خۆیدا بەرێتە ڕێوە ، پێویستە خۆی لەکۆمەڵێك کێشە قوتاربکات کە لەکاتی ڕاپەڕینەکە و پێش ڕاپەڕینەکە بەرۆکیان گرتبوو ، لەوانە : خۆرزگارکردن لە دەستەبژێری (نخبوية) ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کە بۆتە هۆی دابڕانی ڕۆشنبیر لەسەرجەمی جەماوەر . دەست نیشانکردنی خاڵە بنچینەییەکانی کاری ڕۆشنبیریی کەبەبێ ئەو هیچ کارێکی بەکۆمەڵ و کاریگەر ئەنجام نادارێ . چارەسەرکردنی کێشەی سیاسەت/ڕۆشنبیری ، دەسەڵات / ڕۆشنبیر . زەمینە خۆشکردن بۆ جێگیربوونی ڕۆڵی‌ڕۆشنبیری ئۆرگانیکی بەواتا گرامشیەکەی .

بەواتایەکی تر ، ئەو ڕێگایەی ئەمڕۆ ئەنجامەکانی مسۆگەرە ئەوەیە کە ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکان لەخۆیانەوە دەس پێ‌بکەن ، کۆتایی بەلاموبالات و تەماشاکردنی نێگەتیڤانە بهێنن ، خۆیان کۆبکەنەوە ، قسەیان یەکخەن بۆ ئەوەی بتوانن هێزێکی جیاکارە پێك بهێنن . چونکە ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان بە ئەو ڕۆشنبیرە مەبدەئیە هەیە کە ڕاستگۆیە و هەموو جۆرە بالادەستیەك ڕەتدەکاتەوە و ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگاکەی لەکوڵ دەگرێ و لە تێڕوانینی دەستەبژێرانە دووردەکەوێتەوە و وتاری داهێنەرانەی ڕۆشنبیریی خۆی بەرهەم دەهێنێ لەکاتێکدا کە وتاری سیاسی‌ی کوردی مایەپووچ بووە و دیماگۆگیەتی دروشمە ساختەکانی بەدەرکەوتووە و بۆرجوازیەتی کورد تەنانەت گەڵاهەنجیریشی بەدەستەوە نەماوە عەورەتی خۆی پێ‌داپۆشێ .

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

شیروان

# سیاسەتی تیرۆریستانەی هێزە دەسەڵاتخوازەکان و ڕاپەڕینە گەلییەکەی کوردستان

سیاسەتی تیرۆریستانە ئامرازێکی بنچینەیی فیکری دەسەڵاتخوازانەی هێزە دەسەڵاتدارەکانە کە لەپرۆسەی کارپێکردنی دەسەڵاتیاندا، بەگوێرەی پێویستییەکانی کریزەی دەسەڵاتیان، لەئاستی جیاوازدا و بەشێوەی جۆراوجۆر کاری پێدەکەن .ئەم توخمە (سیاتی تیرۆریست) انە یەکەیەکی گرنگە لە توخمە پێکهێنەرەکانی فیکر و کارپێکردنی سیاسی هێزە دەسەڵاتدارەکان .

لەبەر ئەوەی هێزی دەسەڵاتدار بەرجەستەکراوی پێویستیی بەرژەوەندی چینایەتی و (نەتەوە)یەتی واقیعێکی ماددی کۆمەڵایەتیە، بۆیە تەنیا بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەتوانرێت توخم و ئامرازە تیرۆریستیەکان لەفیکر و کارپێکردنی هێزی دەسەڵاتدار دەسەڵاتخوازدا دەستنیشان بکرێن . ئەگەرچی ئەو توخم و ئامرازانە بەگوێرەی قۆناغی مێژوویی گەشەکردنی ئەو دەسەڵاتە، ئەمڕۆ وەکو ئامرازی سیاسیباوی هێزی دەسەڵاتداریش بەرچاونەکەون . بە واتایەکی تر، دینامیکێتی هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخواز بە بەردەوام لەبەرهەمهێنانایە، چونکە ئەو هۆ و هۆکارە ماددییە کۆمەڵایەتیانەی بوونەتە هۆی خوڵقاندنی هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخواز، وەکو هەموو دیاردە زیندوە کۆمەڵایەتیەکانی تر لەرێگای نوێکردنەوەی کریزەکانی هێزی دەسەڵاتداری‌دەسەڵاتخوازەوە بەردەوامبوون و گەشەکردنەکەی مسۆگەر دەکات . ئەمەش بەبێ کارپێکردنی تیرۆریستانەی دەسەڵات لە ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا بوونی نابێت . بەگوێرەی گەشەکردنی پێویستیەکانی هۆ و هۆکارە ماددییە کۆمەڵایەتیە خوڵقێنەرەکانی هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخواز، لەژێر کاریگەریی هەمان دەسەڵاتدا، ئامرازی فیکری‌و کارپێکردنی دەسەڵاتخوازانەی سیاسی هێزی دەسەڵاتداریش ئەم مۆرکە بەخۆیەوە دەگرێت، بەبێ ئەوەی ماهیەتی مێژوویی و دەسەڵاتخوازانەی لەدەست بدات . چونکە گەشەکردنی پێویستی هۆ و هۆکارە ماددییە کۆمەڵایەتیە خوڵقێنەرەکانی هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخواز واتای چڕبوونەوەی دەسەڵاتە لەهێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازدا نەك بەپێچەوانەوە . چڕبوونەوەی دەسەڵاتیش لەدەستی هەرچ هێزێکی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازدا واتای ئەتککردن و زەوتکردنی ئازادی و سەربەخۆیی لایەنەکانی ترە. ئەگەر ئەمڕۆ دەسەڵاتی چەق دەسەڵاتخوازانە بەگوێرەی کریزەی دەسەڵاتی سیاسی، کارپێکردنی سیاسی سنووری نەتەوەیی بڕیبێت، ئەوا بێگومان دەسەڵاتێکی ئەتککەر و زەوتکەرە، چونکە لۆگیکی ئازادی لای، لە سنووری بەرژەوەندی دەسەڵاتیدایە .

لۆگیکی فیکری بەچەقایەتیکردنی دەسەڵات لەجیهاندا، لەلایەن هێزی دەسەڵاتخوازی دەسەڵاتداری چەوە، لە پرۆسەی کارپێکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا، بەبێ ئۆرگانە تیرۆریستیەکانی ئەم دەسەڵاتە سەرکەوتوو نەدەبوو لەپرۆسەی قۆناغە مێژووییەکانی کارپێکردنی نوێکردنەوەی کریزە سیاسیەکانیدا . بۆیە سیاسەتی تیرۆریستانەی دەسەڵاتخوازانەی هێزی دەسەڵاتداری چەق بەباشترین

شێوە لەمێژووی کارپێکردنی سیاسەتی سەربازانەیدا بەرامبەر کۆلۆنیەکانی خۆی بەرجەستەکردووە. ئەم سیاسەتە سەربازییە تیرۆریستییەی چەق، ئەگەرچی دەرئەنجامی فیکر و لۆگیکی نوێکردنەوەی کریزەی سیاسەتی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی هێزی دەسەڵاتخوازی دەسەڵاتداری چەقە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێش مەرجی مێژوویی و فەلسەفی و فیکری خۆیشی هەیە. بۆ نموونە، هیگڵ باس لە سەردەستێتی ڕەگەز و ڕۆشنبیریی ئەورویی دەکات و لە جیهانبینییەکی فەلسەفی واوە ئەورویا و ئەورووپییەکان وەك چەقێکی جیهانی پێشکەوتووی چواردەورەدراو بە فەرهەنگی گەلانی دواکەوتوو و سەرەتایی دەبینێت. مارکس و ئەنگڵزیش لەژێر کاریگەری هەمان جیهانبینی فەلسەفیدا (بەلەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی فەلسەفەی مارکسی بەرامبەر فەلسەفەی هیگڵی) باس لەشارستانێتی پەیامی بۆرژوای ئەڵمانی و ئینگلیزی بۆ گەلانی کۆلۆنیەکانیان دەکەن، بۆ نموونە: داگیرکردنی هیندستان لەلایەن ئینگلیزەوە. هەر لە هەمان جیهانبینییەوە مارکس بەرەزامەندییەوە دەربارەی ئەمەریکیە "شارستانی)یەکان دەدوێت کە توانیویانە (تەکساس) لە مەکسیکیە "دڕندە"کان زەوتکەن. هەرچەندە بەتاڵکردنەوەی یاسای (کۆیلەیەتی) لە مەکسیك (ساڵی ١٨٢٣) هۆیەکی گرنگی داگیرکردنی تەکساس بوو لەلایەن ئەمەریکاییە باشوورییەکانەوە. بیانووی فەلسەفی ئەم هەڵوێستانەی مارکس و ئەنگڵز، شارستانێتی بۆرژوای چەق لەئاستی شێوەی بەرهەمهێناندایە، بۆیە لایان گونجاو بووە کە شارستانێتی گەلانی"داوکەوتوو" لە لایەن هێزی دەسەڵاتداری شارستانی چەقەوە تێك بشکێنرێت. ئەم جیهانبینییە فەلسەفیەی مارکس وئەنگڵز ئەگەرچی هێما بۆ پەیوەندییەکی دیالێکتیکی چۆنێتی گەشەکردنی هێزی ماددی کۆمەڵایەتی بەسوودی گەلانی کۆلۆنیکراو دەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕەوایەتیدانە بە چەقایەتی فیکر و دەسەڵات، چونکە مەبەستی داگیرکردنی وولاتانی تر لەلایەن چەقەوە، گونجاندنی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو گەلانە بووە، لەگەڵ پێویستییەکانی نوێکردنەوەی کریزەی سیاسەتی چڕکردنەوەی دەسەڵاتی هێزی چەق. لێرەدا بێجگە لەوەی لەژێر بیانووی داواکەوتندا پرۆسەی گەشەکردنی مێژوویی گەلانی کۆلۆنیکراو زەوتدەکرێت، ئەو ئامرازەیش کە بەکارهێنراوە بۆ تێکشکاندنی شارستانیە"داواکەوتووەکەیان"، ئامرازێکی تیرۆریستانەی سەربازییانە بووە، نەك ئامرازێکی شارستانیانە. ئەگەر ئەم پەیوەندییە بگەیەنینە ئاستی پەیوەندییەکی هاوکێشەیی، دەتوانین هاوکێشەکە بەمجۆرە بخوێنینەوە:

مەبەست ⟵ زەوت
ئامراز ⟵ ئامرازی سەربازییانە
زەوت + ئامرازی سەربازییانە = سیاسەتی‌تیرۆریستانە

هەروەها (داروین)یش هەر لەهەمان بواری‌جیهانبینی فەلسەفیەوە بڕوای وایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە توخم و ڕەگەزی جیاواز پێکهاتووە کە هەر یەکەیان تایبەتێتی دیاریکراو و هەمیشەیی خۆیی هەیە. بەگوێرەی ئەم جیاوازییە، جیاوازیشن لەهێز و توانای پلەی‌پێشکەوتندا. لەبەر ئەوەی ئەم توخم و ڕەگەزانە لەملمانێیەکی‌هەمیشەیدان لەنێوان خۆیاندا، بۆیە بەهێز لاواز لادەبات و پێشکەوتوو بەسەر دواکەوتوودا زاڵ دەبێت. بەسەرکەوتنی گەلانی بەهێز و پێشکەوتوو، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشدەکەوێت و گەلانی تێکشکاو لەمێژوو وەدەردەنرێن. بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی مارکس، کە بەگشتی ناکۆکە لەگەڵ هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازدا، لەژێر کاریگەریی مەرجی مێژوویی سەردەمی خۆیدا دەرئەنجامی پرۆسەی گەشەکردنی واقیعی ماددی کۆمەڵگاکانی چەق، کەوتوەتە ژێر کاریگەری. بۆیە دەبینین، لەئاستی پراکتیزەکردنی فیکردا، هەمیشە هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازی چەق، پشتی بەو بیردۆز و تیۆرییانە بەستووە و لەم ڕێگایەشەوە خۆی لە تاوانبارێتی و ڕەخنە ڕزگارکردووە و هەمیشە دووژمنەکانی "گەلانی داوکەوتوو"ی بە تیرۆریست و دواکەوتوو ناساندوە. لێرەدا سیاسەتی تیرۆریستانەی هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازی چەق بەئاشکرا دووفاقەییەکەی بەرامبەر ئەو گەلانە دەردەکەوێت:

* سیاسەتێکی تیرۆریستانەی دەروونی، کە ئەو گەلانە گەلانێکی دواکەوتوو بەربەرین و تەنیا لەژێر کاریگەریی کارپێکردنی دەسەڵاتی هێزی دەسەڵاتداری‌دەسەڵاتخوازی چەقدا دەتوانرێت شارستانی‌بکرێن.
* سیاسەتێکی تیرۆریستانەی فیزیکی، واتە بەکارهێنانی زەبری سەربازییانە و کوشتنی بەکۆمەڵ لەپێناو ملکەچکردنیان بۆ داخوازییەکانی چەق.

لێرەدا دەپرسین: دەبێت ئەنجامە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی تیرۆریستانە و فیکری پاساودارانەی هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازی چەق

بەرامبەر بەگەلانی تری جیهان و زەبری کاتی (زمن) ئەم دەسەلاتە لەپرۆسەی گەشەکردنی چەند سەد سالەی چڕبوونەوەی دەسەلاتخوازییەکەیدا، تا چ ئاستێك کاریگەری هەبووە و بووە لەسەر پێکهاتنی کەسایەتی مرۆڤی گەلانی "دواکەوتوو" و، تاچ ئاستێك بووەتە هۆی خولقاندنی هەستی خۆ بەکەم زانین و بێتوانایی و لەخۆ بەگومانبوون بەرامبەر بەچەق؟

لەدووتوێی کاریگەریی هێزی دەسەلاتخوازانەی چەقەوە، دیموکراسیەت، مافی مرۆڤ، ئاشتی جیهانی ئەمرۆ سیمایەکی جیهانیان پێدراوە، ئەمەش دەرئەنجامی چڕبوونەوەی دەسەلاتە کاتیەکەی (زمني) هێزیدەسەلاتداری چەقە. ئەم دروشمانە ئەمڕۆ لەلایەن ئەو هێزەدەسەلاتدارە دەسەلاتخوازانەوە، وەك توخمێکی ئایدیۆلۆژی، ململانێی سیاسیان پێدەکرێن و وەك ئامرازێکی بەرهەمهێنراوی شارستانێتی چەق لەپێناوی زیاتر چڕکردنەوەی دەسەلاتیدا بەکاریاندەهێنێت. بۆیە سیاسی و نووسەری ئەمریکی (فۆکۆیاما) لە پەرتووکە نوێکەیدا: "کۆتایی مێژوو"، دەربارەی دیموکراسی ڕۆژئاوا دەدوێت و بەلای ئەوەوە ئەم دیموکراسیەتە ترۆپکی پێشکەوتنی ئایدیۆلۆژی مرۆڤایەتیەو خاڵی هاوجووتبوونە لە نێوان (معقول و واقیع)دا بەڕای نووسەر پاش ئەوەی یابان و وولاتانی ئاسیا نموونەی سیستەمی ئەمەریکی وەردەگرن، یاخود دەگۆڕدرێن بۆ نموونەی سیستەمی ئەمەریکی. ئیتر شێوەی دیموکراسی لیبراڵی دەبێت بەدوا شێوەیدەسەلاتدارێتی ئادەمیزاد. لەم تێڕوانینەی (فۆکۆیاما)وە، دیموکراسی ئەمەریکی دواشێوەی گونجاوی دەسەلاتدارێتییە کە دەبێت وولاتانی تریش بیگرنەبەر، بۆیە ئەمەریکا دەبێت دژی هەر تێکۆشانێك بوەستێتەوە کە لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە مێژوویيەدا ناتەبابێت. ئەم تێڕوانینەی نووسەر بانگاشە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات:

- ناڕاستەوخۆ داوای سەرکوتکردنی ئەو گەلانە دەکا کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت لە دەسەلاتی ئەمەریکی یاخی بن.
- سەپاندنی شێوەیەکی ژیانی تایبەتی واقیعێکی دیاریکراو (ئەمەریکا) بەسەر باقی کۆمەڵگاکانی تری جیهاندا، بەتایبەتی "جیهانیسێ".
- تێکۆشانێکە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چەقایەتی دەسەلاتی خودی.
- لەپێشچاونەگرتنی تایبەتێتی کۆمەڵگاکانی ئەمرۆی جیهان و بەرژەوەندیان لەم پرۆسەیەدا.

جا بابزانین لەئاستی پراکتیکدا هێزی دەسەلاتداری دەسەلاتخوازی چەق چۆن کاردەکات:

لای هەمووومان ئاشکرایە کە جەنگی نێوان ڕژێمی فاشی عیراق و هاوپەیمانەکان سیناریۆیەکی دەسەلاتخوازانەبوو کە لەژێر دروشمی "مافی مرۆڤ و دیموکراسی.. هتد" دا ئامادەکرابوو. دەرئەنجامی جەنگەکەیش ئەم خالانەی خوارەوەی سەلماند:

- مەبەست لە جەنگەکە بەرجەستەکردنی ئەو دروشمانە نەبوو لەناوچەکەدا، بەڵکو بەپلەی یەکەم سەلماندنی سەردەستێتی دەسەلاتیان بوو و پاشانیش تیرۆرکردنی گەلانی عیراق چ ڕاستەوخۆ لەڕێگای جەنگەکەوە، چ ناڕاستەوخۆ لەڕێگای شلکردنی جڵەوی ڕژێم بۆ لێدانی ڕاپەڕینەکانی کوردستان و خوارووی عیراق.
- تیرۆرکردنی دەروونی بوو بەرامبەر گەلانی ناوچەکە و کەلانی عیراق کرا، بەو مەبەستەی بیسەلمێنن کە کاتی (زمن) هێزی دەسەلاتداری دەسەلاتخوازی چەق لە هەموو شوێنێکدا دەسەلاتدار بێت.

پاش ئەم جەنگە لەپراکتیکدا هەڵوێستی ئەم هێزە دەسەلاتخوازە بەرامبەر بەپرۆسەی دیموکراسی لەوولاتانی "جیهانی سێ"دا خۆی بەرجەستەکرد. نموونەی ئەم هەڵوێستەش لەپرۆسەی جوولانەوەی دیموکراتیزەکردنی جەزائیردا دەبینین. ئەگەرچی ئەو هێزە ئیسلامیەی ئەمڕۆ لە جەزائیردا وەك هێزی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی ڕۆڵ دەبینێ، ناتوانرێت گومانلێکراو نەبێت بەرامبەر بەدیموکراتی لیبراڵی. بەلام ئەگەر دیموکراسیەت وەك میکانیزمی دەسەلاتدارێتی ببینرێت، دەبوایە وەلامدانەوەی بە مۆبێلیزەکردنی جەماوەر بوایە نەك لەڕێگای دەسەلاتی سەربازییەوە. ئەم بارەی جەزائیر کە لەژێر زەبری کاتی (زمني) هێزی دەسەلاتداری دەسەلاتخوازی چەقدا ڕوودەدات و ئەم هێزەیش هەڵگری دروشمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئاشتیی جیهانییە، ئەم خالانەی خوارەوەمان بۆ دەسەلمێنێت:

- دینامیکێتی هێزی دەسەلاتداری دەسەلاتخوازی چەق، دینامیکێتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەسەلاتێتی و بەگوێرەی کریزەکانی دەسەلاتی هەنگاو دەنێت نەك لەئاستی دروشمدا.
- کاتی (زمني) دەسەلاتی چەق، کاتێکی زەوتکەرە، لەو

ئاستەدا کە دەیەوێت لۆگیکی چۆنێتی گەشەکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وولاتانی "جیهانی سێ" بخاتە ژێر رکێفی لۆگیکی تێڕوانینی مێژووییانەی خۆیەوە .

بۆیە هەڵگرتنی ئەم دروشمانە : " دیموکراسی ، مافی مرۆڤ . . . هتد " ، لەلایەن هەندێ هێزەوە لەلای ئێمە تێکۆشانێکی خۆلێکچواندنی بێبەرهەم دەبێت وبەربەستێکی فیکری و دەروونی بۆ لێکۆڵینەوە لەسروشت و کارپێکردنی هێزی دەسەڵاتخوازی چەق دروست دەکات ، ئەگەر بێت و کرێ نەدرێتەوە بەکریزەی دەسەڵات لەچەقدا . هەر وەك چۆن لە قۆناغی پێشوودا دروشمی دژایەتیکردنی ئیمپریالیست و پشتگیریکردنی وولاتانی بەناو سۆسیالیستی ببوونە بەربەستێکی ئایدیۆلۆژی و دەروونی بۆ لێکۆڵینەوە و رەخنەگرتن لەکارەکتەری وولاتانی بەناو سۆسیالیستی . لەم ڕوانگەیەوە بەبێ دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییەو شوێنەواری لە ململانێکەدا . هەستانە بە ئەرکێکی ئایدیۆلۆژیانە کە لە بنەرەتدا لەبەرژەوەندی هێزی دەسەڵاتداری‌دەسەڵاتخوازی چەقدایە و دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەلانی "جیهانی سێ " یە .

دیموکراسیەت ، وەك میکانیزمی دەسەڵاتدارێتی ، لە رووی مێژووییەکەیەوە لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانییەوە (ئەرستۆتالیس) دەربڕدراوە ، هیچ واتایەکی چالاکانە و زیندووانە نادات بەدەستەوە ، ئەگەر هێزی دەسەڵاتدار بەدرێژایی مامەڵەکردنی مێژووییانەی لەگەڵ ئەم توخمە ( دیموکراسی ) ، مامەڵەیەکی دەسەڵاتدارانە نەبووبێت . بە واتایەکی تر ، گونجاندنی لەگەڵ پێویستیەکانی نوێکردنەوەی کریزەی دەسەڵاتیدا . بۆیە دەبینین ئەمرۆ هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازی چەق نەك بەم توخمە (دیموکراسی ) تەنیا شێواز و چۆنێتی پەیوەندی نێوان دەزگا دەوڵەتیەکانی وەك یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگا دەسەڵاتیان دیاری دەکات ، بەڵکو لەتێکۆشانی بەردەوامدایە کە دیموکراسی لەسنووری دەسەڵاتیدا بکات بەتوخمێك لەتوخمەکانی زەبری کاتی (زمني ) دەسەڵاتی و بۆ زیاتر چڕکردنەوەی دەسەڵاتی . بەم شێوەیە ئەم توخمە (دیموکراسی ) لەژێر کاریگەری مامەڵەکردنی‌دەسەڵاتدارانەی هێزی چەقدا لەئەرکی مێژوویی خۆی ترازاوە و ئەرکێکی ئایدیۆلۆژییانەی سیاسی لەخۆگرتووە .

مامەڵەکردنی مێژووییانەی ئەم هێزە دەسەڵاتخوازە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتیدا لەوولاتانی "جیهانی سێ " ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت . بۆ نموونە ، لێدانی (مصدق ) لەئێران لەساڵی ١٩٥٢دا و لێدانی (سلڤادۆر ئالیێندی ) لەئەمەریکای باشوور و کودەتا سەربازییە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا هەر لەساڵەکانی شەستەوە . . هتد ، ئەمانە هەموویان لەژێر کاریگەری کات (زمن )و دەسەڵاتی چەقدا ڕوویان‌داوە . بۆیە هەتا ئەم کارەکتەری هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازی چەق بێت ، بانگاشەکردن بۆ ئازادی و نوێکردنەوە لەچوارچێوەی کاتی دەسەڵاتی چەقدا ، هیچ واتایەکی نابێ ، جگە لەخۆبەدەستەوەدان و ملکەچکردن بۆ ئەمری واقیع و (بەکاربردن و زەوتکردن و چەوساندنەوە ) لەلایەن کاتی دەسەڵاتی هێزی چەقەوە .

بەگوێرەی جیهانبینی فەلسەفی فیکری دەسەڵاتخوازیی ،چەق هەستا بە پراکتیزەکردنی پەیوەندی لەنێوان کات و شوێن و دەسەڵاتدا و دەیان ئۆرگان و دەزگای بۆ ئەم مەبەستە بنیاتنا ، پنتاگۆن باشترین تافیگەی ئەم پرۆسەیەیە .

دەسەڵاتی هێزی دەسەڵاتخوازی چەق تائێستا بەرامبەر بە "جیهانی سێ" سێ فۆرمی مێژوویی جیاوازی بەخۆیەوە گرتووە :

- قۆناغی یەکەم: لەرێگای زەبری هێرشی سەربازییانەوە هەستا بە کۆلۆنیکردنی وولاتانی "جیهانی سێ" و لەباربردنی پرۆسەی سروشتی گەشەکردنی و گونجاندنی دینامیکێتی لەگەڵ مەرجەکانی نوێکردنەوەی کریزەی‌دەسەڵاتی هێزی دەسەڵاتخوازی چەقدا .

- قۆناغی دووەم: لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی رەنجدەرانی گەلانی بەکۆلۆنیکراو دژ بە دەسەڵاتی راستەوخۆی کۆلۆنیالیستەکان دەست پێدەکات . هێزی دەسەڵاتخوازی چەق پاش ستۆگەرکردنی دینامیکێتی بازاڕی وابەستەی بەرخۆر لەو وولاتانەدا ، هەستا بەدەستبەردار بوونی دەسەڵاتی سیاسیی راستەوخۆ . تایبەتێتی دینامیکێتی بازاڕی وابەستە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەدایە کە بەرژەوەندییان لەگەڵ شێوەی بەرهەمهێنانی بازاڕی وابەستەی بەرخۆردا دەگونجێت . مەرجی سەرەکیش بۆ بەردەوامبوونی ئەم شێوەیە لەبازاڕ لە وولاتانی "جیهانی سێ"دا دەسەڵاتی کاتی (زمني )هێزی دەسەڵاتخوازی چەقە . واتە بەبێ بوونی کاتی ناوبراو ئەم دینامیکێتە نامۆیە بە بەرژەوەندی "جیهانی سێ" شیاوی بەردەوامبوون و نوێکردنەوە نەدەبوو .

- قۆناغی سێیەم: لەگەڵ دەستپێکردنی بارودۆخی نوێی جیهانیدا سەرهەڵدەدات و گەیشتوەتە ترۆپکی تیرۆریزم . لەرێگای هێرشێکی فیکری کولتوورییەوە ( بە

لەبەرچاوگردنی ئامرازە تیرۆریستییەکانی تر) بۆ سەر خەباتی ڕەنجدەرانی "جیهانی سێ" و ئەتککردنیان لەڕێگای زەقکردنەوەی کولتوور و شارستانێتی چەقەوە و لێدان و ریسواکردنی کولتووری وولاتانی "جیهانی سێ". ئەم هێرشەش ڕەنگدانەوەی جیهانبینی سەردەستێتی کولتوور و شارستانێتی چەقە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە ،ڕەنگدانەوەی چربوونەوەی کاتی (زمنی) دەسەلاتی هێزی دەسەلاتخوازێتیە. ئامانجی ئەم هێرشە مالێکردنی خەباتی ڕەنجدەرانی وولاتانی "جیهانی سێ"یە لە چوارچێوەی پەیوەندی سیستەمی بەجیهانیکراوی ئەمرۆی جیهاندا. بەگەیشتنیان بەم ئامانجە ، ئەو کاتە لەوولاتانی "جیهانی سێ"دا (س) یاخود (ع) لەدەسەلاتدابێت ، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆسەر دەسەلاتی چەق نابێت .

بوونی ئەم چەمکانە: "دیموکراسیەت، مافی مرۆڤ ، ئاشتیی جیهان. . . هتد"، لەکۆمەلگای ئێمەدا بەبێ ئەوەی باس لە پەیوەندی ئایدیۆلۆژی هێزی دەسەلاتخوازی چەق لەگەل ئەم چەمکانەدا بکرێت ، کەئایدیۆلۆژی ناوبراو ڕۆلێکی سەرەکی هەیە لە زەقکردنەوە و دەربڕینیاندا، بە شێوەیەکی وا کە لەخزمەتی نوێکردنەوەی کریزەی دەسەلاتیا بێت ، هێما بۆ ئەو ڕاستییە دەکات کە کۆمەلگای ئێمە لەدووتوێی دینامیکێتی بازاری وابەستەوە و لەژێر کاریگەریی کاتی (زمنی) هێزی دەسەلاتخوازی چەقدا هەلدەستێت بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو هێزە کۆمەلایەتیانەی کە دەرئەنجامی نامۆکردن و تێکشکاندنی پرۆسەی گەشەکردنی سروشتیی ئەو ئەو کۆمەلگایەن. بۆیە بەرژەوەندییەکانیشیان بە کۆمەلگا نامۆن و لەئاستی سیاسیشدا (دەسەلاتیان) لەسەر چەمکە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی هێزی دەسەلاتخوازی چەق خۆیان نوێدەکەنەوە .نامۆبوونی ئەو هێزە کۆمەلایەتیانە لەم خالانەدایە :

* لەئاستی ناوخۆدا تێدەکۆشن لاسایی (کۆمەلگای چەق) بکەنەوە ، بەبێ ئەوەی ئەم لاساییکردنەوەیە لەخزمەتی گۆڕانکارییە بنەماییە کۆمەلایەتیەکاندابێت .
* لەئاستی دەرەوەدا خۆگونجاندن لەگەل بەرژەوەندییەکانی هێزی دەسەلاتخوازی چەق .
* لەئاستی مێژوویشدا ، هێزێکی مێژوویی نین ،بەلکو بەرەبری کاتی (زمن) هێزی دەسەلاتخوازی چەق دەبێ پێی هەستن .

گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی جیهان و کارلێکردنی نێوانیان و کاریگەرییان شتێکە کە هێزە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی لای ئێمە ڕوخسارەکانیانیان بۆ دیاری ناکرێت ، بەبێ بەستنەوەی بە جوولانەوەی فیکرەوە ، لەدووتوێی دیاریکردنی پەیوەندی مێژوویی ئەم گۆڕانکاریانەوە. ئەم چەمکانە: "دیموکراسیەت، مافی مرۆڤ ، ئاشتیی جیهانی"، بەو شێوەیەی ئیمرۆ بوونەتە بابەتی ڕۆژ و درووشمی هێزە سیاسی و کۆمەلایەتیکان مەحالبوو بەبێ بوونی کاتی (زەمنی) هێزی دەسەلاتخوازی چەق ، کە مۆنۆپۆلی شێوەی دەسەلاتی سیاسی لە چوارچێوە مێژوویە شارستانیەکەیدا کردووە، ئەو چەمکانەش لەلایەك وەك کەرەسەی شارستانی چەق و لەلایەکی تریشەوە وەك کەرەسەی ئایدیۆلۆژی هێزی دەسەلاتخوازی چەق بەکاردەبات . بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئەمڕۆ بەرەی "کوردستانی" لەژێر سایەی ئەم چەمکانە درێژە بە خەباتی سیاسی دەدات ، بەو ئامانجەی لەژێر سایەی دەسەلاتی کاتی (زمني) دەسەلاتخوازی چەقدا ، بگاتە شوێنەواری دەسەلاتی چینایەتی خۆی ، واتە دەولەت و دەسەلاتی سیاسی .

لەکاتێکدا ئەو چەمکانە: "دیموکراسیەت ، مافی مرۆڤ، ئاشتیی جیهانی"، لەلایەن هێزی دەسەلاتخوازی چەقەوە، چ لەکوردستاندا و چ لە ناوچەکانی تری عیراقدا ، لەئاستی مێژوویدا ئەتککراون ، دەبێ چ هۆیەك هەبێ ئەمرۆ بەرەی "کوردستانی" لەژێر سایەی ئەو چەمکە ئەتککراوانەدا لەشوێنی ئەمدا (بەرە) لەلایەن دەسەلاتی کاتی (زمني) هێزی دەسەلاتخوازی چەقەوە خەبات دەکا ؟ ئایا ئەمە هێما بۆ ئەوە ناکات کە ئەو هێزە (بەرە) هێزێکی مێژووکرد نییە و لەبارە کۆمەلایەتیکەیشیەوە وابەستەیە و بەو شێوەیە مامەلە لەگەل ئەو چەمکانە دەکات کە لەخزمەتی نوێکردنەوەی کریزەی دەسەلاتیدان؟ ئەم هێزە (بەرە) ، چ وەکو لایەنی کۆمەلایەتی و چ وەکو لایەنی سیاسی ، لەقۆناغێکی مێژوویی کریزاوی هێزی دەسەلاتخوازی چەقدا و لەژێر زەبری پێداویستییەکانی نوێکردنەوەی دەسەلاتی ئەم هێزە (چەق) بەزەوتکراوی لەهەناوی کۆمەلگایەکی کۆلۆنیدا خولقاوە، هەر بەهەمان شێوە هیوایەکی مەزنی بەپێداویستییەکانی نوێکردنەوەی کریزەی هێزی دەسەلاتخوازی چەقە ، بۆ ئەوەی لە سنوورێکی دیاریکراودا ، قەوارەیەکی سیاسی بۆ دروستکات ، ئەگەرچی ئەم قەوارە سیاسیە لە ڕووی مێژووییەوە ئەتککردنی نەتەوەیش بێت .

**چۆنێتی بردنەپێشەوەی پلانی جەنگەکە و خودی جەنگەکە**

جەنگی کەنداو جەنگێك بوو ، بەهۆی دەرئەنجامەکانی و

کاریگەرییان بۆ سەر یەکتر ، لەچوار بەشدا تائێستا خۆی بەرجەستەکردووە .

١- جەنگی ئێران- عیراق .
٢- جەنگی عیراق دژی کوێت و داگیرکردنی .
٣- جەنگی هاوپەیمانەکان و ڕژێمی عیراق‌و ڕزگارکردنی کوێت .
٤- جەنگی جەماوەری ڕاپەڕیوی عیراق دژی ڕژێم لە کوردستان و خوارووی عیراق و هێرشی سەربازیی ڕژێم و تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکە بە ڕەزامەندی هاوپەیمانەکان .

ئەوەی مەبەستمانە بیکەینە بابەتی باسەکەمان ، بەشی سێیەم و چوارەمی ئەم جەنگەیە .

جەنگی عیراق- ئێران و دەرئەنجامەکەی کریزەیەکی دارایی و سیاسی خستەوە کە لەعیراقدا زۆر بەقووڵی ڕۆخی دادابوو . چونکە ڕژێمی فاشی بەشێوەیەکی ناژیرانە (لاعقلانی) بیری لەدەسەلات دەکردەوە. بۆیە لەساڵی ١٩٩٠دا عیراق (١٠٠)ملیارد دۆلار قەرزاربوو، کە (٣٥) ملیاردی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جەنگی عیراق - ئێرانەوە هەبوو. لەو (٣٥) ملیاردە (١٠) قەرزی کوێت بوو . لەکاتی جەنگی عیراق - ئێراندا ڕژێمی فاشی بەغدا ،چ لەلایەن زلهێزەکانەوە و چ لەلایەن میرنشینەکانی کەنداو و سعودیەوە ، زۆر بەدڵفراوانییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و پاڵپشتی سیاسەتی جەنگخوازانەی سەددامیان لەدژی ئێران دەکرد.

پاش قوڵبوونەوەی کریزەی دارایی و سیاسی ڕژێم لە بەغدا لەساڵی ١٩٩٠دا ، ڕژێمی فاشی زۆری بۆ وولاتانی کەنداو هێنابوو بۆ ئەوەی قەرزی تری بدەنێ. لەلایەکی تریشەوە داوای دەکرد بەرهەمی نەوت بهێننە خوارەوە، تا نرخی نەوت لە بازاڕی جیهاندا بەرزبێتەوە. چونکە لەکاتی جەنگی یەکەمی کەنداودا ، بەبۆنەی نەمانی دیسپلین لە ئۆپیکدا ، کوێت و میرنشینەکان و سعودییە بەتایبەتی و ئەندامانی تری ئۆپیك بەگشتی بەرهەمهێنان‌و ناردنە دەرەوەی نەوتیان زیاتربوو لەوەی کە لەلایەن ئۆپیکەوە بۆیان دیاریکرابوو. بەمجۆرە نرخی بەرمیلی نەوت زۆر لە خوار نرخی ڕەسمی ئۆپیك لە بازاڕی جیهاندا دەفرۆشرا، لەکاتێکدا ئۆپیك نرخی بەرمیلی نەوتی بە(١٨) دۆلار ڕاگەیاندبوو . بۆیە لەساڵی ١٩٨١ەوە تا ساڵی ١٩٩٠ وولاتانی عەرەب (٥٠٠) ملیارد دۆلاریان زەرەرکرد ، کە (٨٩) ملیارد دۆلاری بەر عیراق دەکەوت .

عیراق کوێت و ئەمەریکای بەوە تاوانبارکرد کە گوایە دەیانەوێت لەڕێگای قووڵکردنەوەی کریزەی دارایی عیراقەوە چۆکی پێدابدەن . پاشان عیراق کوێتی بەوە تاوانبارکرد کە بایی (٢٫٤) ملیارد دۆلار نەوتی لە کێڵگەی ڕومێلە دزیوە . هەرچەندە عیراق و کوێتیش لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەریتانیادا وەك دەوڵەت خوڵقێنراون ، بەڵام عیراق دووجار: جارێ ساڵی ١٩٣٢ و جارێکی تر ساڵی١٩٦٣، کوێتی بە ڕەسمی ناساندووە .

پاش قووڵبوونەوەی کریزەی ئابووری و سیاسیی ڕژێم ، ڕژێمی فاشی عیراق ویستی سوود لە دوژمنایەتی عەرەب و ئیسرائیل لەلایەك و ئیسلام و ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەکی تاکتیکیانە وەربگرێت ، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە جەماوەری عەرەب مۆبێلیزەبکات و بیانخاتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی پلانە جەنگخوازەکەیەوە. پاشانیش سۆزی ئێران‌و جووڵانەوە ئیسلامییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشیت . بۆیە لە ١٩٩٠/٤/٢ دا هەڕەشەی لەناوبردنی نیوەی ئیسرائیلی بە بۆمبی کیمیاوی کرد ، بەبێ ئەوەی ئەمەریکا بەرامبەر بەم هەڕەشەیە هەڵوێستێکی جیدی وەربگرێت . ئاشکرایە وولاتانی پیشەسازی لەبەرژەوەندیانایە نرخی نەوت بێتە خوارەوە، لەلایەکی تریشەوە سیستەمی ئابووری ئەمەریکی پشتی بە بەشێ لەپیشەسازی چەك و ناردنەدەرەوەی بەستووە، بۆیە لەڕێگای پشت بەستن بە پەیوەندی لەگەڵ وولاتە پیترۆ - ئۆلیگاریەکانی کەنداوەوە ، دەتوانێت کریزەی بەشی پیشەسازی چەك نوێکاتەوە. بۆ نموونە لەساڵی ١٩٨٠ەوە تا ١٩٨٨ خەرجی کڕینی چەك لە سعودیە (١٨١٫٥٥) ملیارد دۆلار بووە.

لەکاتێکدا (بووش) لەژێر دروشمی " بەرگریکردن لە ڕەوایەتی بوونی کوێت " داپیلانی جەنگەکەی دەبردە پێشەوە ، ( Lee Hamilton ) ستراتیژییەتی‌ئەمەریکای ئاشکراکرد و ووتی : مەبەستی بەشداریکردنی ئەمەریکا لە جەنگەکەدا پارە و نەوتە و پاشانیش کۆنترۆڵکردنیانە .

بێگومان دەیشمانەوێ شەڕخواز لەپێستی خۆیدا ڕاگرین . لەکاتێکدا پیلانی جەنگەکە بەو شێوەیە و لەو ئاستەدا لەلایەن دەسەڵاتخوازانی جیهانی و ناوچەکەوە دەچووە پێشەوە ، بەشەکانی پروپاگەندەی جیهان بەگشتی‌و وولاتە ئەوروپیەکان و ئەمەریکا بەتایبەتی ، هەستان بە زەقکردنەوەی ئەو ترسەی لە ئەنجامی بارودۆخی خوڵقێنراودا کەوتبووە دڵی هاوولاتیەکانیانەوە، گوایە ئەم بارودۆخە

ئەگەر چارەسەرنەکرێت دەبێتە هۆی برینی ناردنی نەوت بۆ وولاتانی ناوبراو و ئەمەش کریزەیەکی ئابووری و گرانبوونی بەهای نەوت و بەرهەمەکانی نەوت بەدوای خۆیدا دێنێ.

ئەم هاتوهوتەی بەشی پروپاگەندەی وولاتانی ناوبراو لە پێناو سازدانی (زهنیەتی) هاوولاتیەکانیاندا بوو، بۆ ئەوەی دژایەتی جەنگەکە نەکەن . بەلام ئەم پروپاگەندەیە دوورە لە هەموو راستییەکەوە ، چونکە :

١- لەساڵی ١٩٨٩دا بەرهەمی نەوتی سەرجەم وولاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەکەنداودا (٠٨١ر١) ملیۆن تەن بووە، کە دەکاتە(٦٧ر٠)ی سەرجەم بەرهەمی گشتیی وولاتانی ئۆپێك ، هەروەها ئەم ڕێژەیە دەکاتە(٣٥ر٠) ی بەرهەمی نەوتی جیهانی .

٢- عیراق و کوێت پێکەوە تەنیا (١٨ر٠)ی ئێکسپۆرتی نەوتی ئۆپێك پێکدەهێنن .

٣- ڕێژەی ئێکسپۆرتی نەوت لە وولاتانی کەنداودا بۆ سەرجەمی ڕێژەی ئێکسپۆرتی شمەك لەوولاتانی ناوبراودا بەمجۆرەیە : میرنشینەکان (٨٦ر٠) ، سعودیە(٩٠ر٠) ، ئێران (٩٢ر٠) ، عیراق (٩٨ر٠) .

بەم شێوەیە برینی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە لەپێشدا بە زیانی خۆیان دەکەوێتەوە . هەروەها سەرجەمی کریزەی کوێت و برینی نەوتی کوێت و عیراق بۆ دەرەوە بەکردەوە سەلماندنی کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بازاڕی جیهان نەبوو. بەپێچەوانەی ئەم ڕەفتارانەیانەوە، لەپێش کەوتنەوەی کریزەی کوێتدا ، ئەمەریکا بەڕێگای دیبلۆماسیانە هەستا بە خولقاندنی کەشێکی وا کە ڕژێمی عیراق زیاتر شێلگیربێت لەسەر داگیرکردنی کوێت .

لە ١٩٩٠/٧/٢٥ دا سەفیری ئەمەریکی لە بەغدا ( April Glaspie ) لەگفتوگۆیەکی تایبەتیدا لەگەڵ سەددامدا دەڵێت : ئەمەریکا هیچ بۆچوونێکی بۆ کێشە ناوخۆییەکانی عەرەب نییە. هەروەها ڕۆژی ١٩٩٠/٧/٣٠ ( John Kelly ) لەوەڵامی ئەو پرسیارەی لێیدەکەن کە ئەمەریکا هیچ پەیمانێکی لەگەڵ کوێتدا نییە، تاناچار بێت هێزی سەربازی بەکاربهێنێت ، دەڵێت : ئەمە ڕاستە . پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عیراقەوە لە ١٩٩٠/٨/٢دا و دەستپێکردنی جەنگ ، بابزانین هێزی دەسەلاتخوازی چەق لەچ ئاستێکدا جەنگەکەی دەبردەپێشەوە .

ئاشکرایە جەنگی هاوپەیمانەکان لەژێر ناوی لێدانی دەسەلاتی سەربازی سەددامدا مەبەستیان چۆکدادان بوو بەگەلانی عیراق لەبەردەم بەرژەوەندییەکانیاندا . چونکە بێجگە لە بنکە سەربازییەکانی ڕژێم ، هێرشە ئاسمانییەکان دوو ئامانجی ستراتیژییان مەبەست بوو :

* لێدانی پرۆژەی کارەبا و ئاو و تەلەفون و پرد و ڕێگای ئاسن و پالاوگا نەوتیەکان، کە ئەمانە بنچینەی ئابووری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی پێوەبەندن .

لێدانی ئەم پرۆژانە بەو مەبەستە نەبوو کە لەکارخستنیان کاتی بێ و پاش کۆتایی جەنگەکە عیراق بتوانێت چاکیان بکاتەوە ، بەڵکو بەمەبەستی لەناوبردنی پرۆژە بنچینەییەکانی گەلان عیراق بوو .

* لەڕێگای لەناوبردنی ئەم پرۆژە بنچینەییانەوە ، لێدانی ئایندەی گەلانی عیراق و زیاتر چۆکدادان لەبەردەمی بەرژەوەندییەکانی هێزی دەسەلاتخوازی چەقدا ، کە لەڕێگای بەناو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەردەبردرێن .

لەکاتی جەنگەکەدا (١١٠٠٠٠) هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر عیراق و (٨٨٠٠٠) تەن بۆمبا ڕێژراوە بەسەر عیراقدا. تەنیا ئەم ڕێژەیە بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە جەنگەکە جەنگێکی ڕەوا و لەپێناو مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئاشتی لەناوچەکەدا نەبووە، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی دەسەلاتخوازانەی بەرژەوەندپەرستانەوە بووە.

## ڕاپەڕین و تێکشکاندنەکەی

هیچ گومانمان لەوەدانییە کە جەماوەری ڕەنجدەری کوردستان هێزی بزوێنەری ڕاپەڕینەکە بوو و هیچ پارەمەتیەکی ڕاستەوخۆیان نەدراوە، بەلام پێمان وایە دوو خاڵی گرنگەهەن کە بەبێ لەبەرچاوگرتنیان ، جەماوەری ڕاپەڕیو لەڕووی چەندایەتیەوە هەرچەند زۆربن ، دەشێت تێکشکێنرێن . ئەو دووخاڵەش ئەمانەن : ١) کاتی (زەمنی) ڕاپەڕینەکە ، ٢) بەرنامەی سیاسی بۆ ڕاپەڕینەکە .

### ١) کاتی ڕاپەڕینەکە :

مەبەست لەکاتی ڕاپەڕینەکە ئەوەیە، ئایا چ هێزێك لەو کاتەدا لەشوێنی ڕاپەڕینەکەدا دەسەلاتداربوو ؟ دەسەلاتی هێزی جەماوەری ڕاپەڕیو یاخود دەسەلاتی هێزێکی دەسەلاتخوازی دەرەکی؟ هۆی بوونی ئەو هێزە دەسەلاتخوازە دەرەکیە لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا و دەسەلاتداریتی ڕاستەوخۆی بەسەر شوێنی ڕاپەڕینەکەدا چیبووە؟ ئایا ئەم دەسەلاتدارێتییە کاتیو شوێنییە ڕاستەوخۆیەی هێزی دەسەلاتخوازی دەرەکی دابڕاوبوو

لەدەسەلاتی کاتی (زمنی) ناڕاستەخۆی هێزی دەسەلاتخوازە دەرەکییەکە لەشوێنی ڕاپەڕینەکەدا ، کە لەپێش جەنگەکە لە سایەی ئەو دەسەلاتە کاتیە (زمنی) ناڕاستەوخۆیەی ئەو هێزەدا بەدڕندانەترین شێوە هەڕەشە لەبوونی گەلی کورد دەکرا ؟ .

چۆنێتی مامەڵەکردنی جەماوەری ڕاپەڕیو لەگەڵ ئەم خاڵەدا بەو شێوەیەی کە کارەساتەکەی بەدوای خۆیدا هێنا ، دەشێ بیگێڕینەوە بۆ ئەم هۆیانە :

* لەپێش گرتنی پلانی تواندنەوەی گەلی کورد لە کوردستاندا لەلایەن ڕژێمی بەغداوە .
* گۆڕانکاری لەئاستی جیهانیدا و تێکشکاندنی بلۆکی ڕۆژهەلات .
* سەلماندنی سەردەستێتی تەرازووی هێز لە بەرژەوەندی هێزی دەسەلاتخوازی دەرەکیەوە لەرووە کاتیەکەیەوە (زمنی) .
* بێدەسەلاتی و لاوازی بەرەی " کوردستانی " . لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە دەبوایە بەرە ڕاستەوخۆ دژی هێزی دەسەلاتخواز بوەستایەتەوە ، بەڵکو مەبەستم چۆنێتی مامەڵەکردنی بەرەیە لەگەڵ ئەو هێزە و بارودۆخی خولقێنراوی پاش جەنگ . چونکە یەکێك لەسەرکردەکانی بەرە پاش تێکشکانی ڕاپەڕینەکە لەگفتوگۆیەکدا دەڵێت : ئەمەریکا ساختەچێتی لەگەڵدا کردین . وابزانم تەنیا ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە بەرە هێزێکی چالاك نەبووە و لەئاستی بەرژەوەندیەکانی هێزی دەسەلاتخوازی دەرەکیدا هەڵوێستی وەرگرتووە .

٢) بەرنامەی سیاسی بۆ ڕاپەڕینەکە :

ئەم خاڵە ئامانجی ڕاپەڕینەکە لەئاستە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییەکەیدا دیاری دەکات و دەبێتە هۆی دیاریکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی جەماوەری خەباتگێڕی ڕاپەڕیوو . بەرای من ڕاپەڕینەکە خاوەنی بەرنامەیەکی دیاریکراو نەبوو و تەنیا خاڵێك کە جەماوەری کۆکرد بووەوە ، لێدانی دەسەلاتی ڕژێمی فاشی عیراق بوو .

لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا دوو هێڵی سیاسی جیاواز لەناو جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستاندا بەدی دەکران :

* ئەو گرووپ و تاکانەی خۆیان بەچەپ دەزانی : ئەم هێزە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزێکی سیاسی شێلگیر نەبوو ، بەشێوەیەکی کتوپڕ بەرەنگاری کاتی (زمنی) ڕاپەڕینەکە بووەوە و خۆی لەبەردەمی هەمان پرسیاردا بینییەوە : دەبێ چی بکرێ ؟ بۆیە چەپ بەشێوەیەکی ئیرادەگەرییانە کەوتە مامەڵەکردن لەگەڵ خودی ڕاپەڕینەکە و کاتی ڕاپەڕینەکەدا ـ بەلەبەرچاوگرتنی نەبوونی ترادیتسیۆنی خەباتی چەپانە لەزەینیەتی جەماوەردا ، بەهۆی لاوازی ڕۆڵی چەپ لە جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا و پەرش وبلاوبیان ـ وە کەوتنە ئەم هەڵانەوە :

ا ) مامەڵەیەکی ئایدیۆلۆژییانەی ئیرادەگەرانە لەگەڵ بارودۆخی ڕاپەڕینەکە و خودی ڕاپەڕینەکەدا .

ب ) دانەنانی جیاوازی کاتی (زمنی) لەنێوان داواکارییە نزیکەکان و پەیامی سیاسیوکۆمەلایەتیو مێژوویی ئەو چینەی ئەوان لافی نوێنەرایەتیکەی لێدەدەن .

ج ) لەلایەن چەپیشەوە هیچ مامەڵەیەکی زانستیانە لەگەڵ بوونی هێزی دەسەلاتخوازی دەرەکیدا لە کات و شوێنی ڕاپەڕینەکەدا نەکرا . بۆیە لەسایەی ئەو هێزە سەرکوتکەرەدا بەشێك لەو "چەپ"ـە دەیویست ئەوەی لەخەیاڵیدایە بەرجەستەیبکات .

بەبێ ئەوەی ڕاپەڕینەکە وەك سەرەتای پرۆسەیەکی سیاسی ـ کۆمەلایەتی ببینن و مامەڵەکردن و چۆنێتی پلان دارشتن بۆ گەیاندنی ڕاپەڕینەکە بەو ئامانجەی ئەوان "چەپ" لەپێشچاویان گرتبوو ، لە دووتوێی پرۆسەیەکی کاتی (زمنی) و کۆمەلایەتیو سیاسی درێژتر و گونجاوترەوە .

* دووەم هێڵی سیاسی هێڵی بەرەی " کوردستانی" بوو. بەرەی " کوردستانی" هەر لەسەرەتای کریزەی کوێتەوە تا تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکە و پاش ئەویش مامەڵەیەکی هەلپەرستانە و پاسیڤانەی لەبەرگرتبوو ، لەپێناو گەڕانەوەی دەسەلاتیدا ، پاش لەدەستدانی لەسالی ١٩٨٨دا . تەنیا بەرنامەیەکی سیاسی بەرە کە گەڕایەوە بۆ ناو باوەشی گەرمی جەماوەر ، بەرنامەکەی بەرەی " کوردستانی" خۆی بوو کە لەژێر زەبری ڕۆژگاردا بەهەموو کەموکورییەکیەوە پێکەوەیان نابوو.

بەرای من جەنگەکە باشترین بەرنامە بوو بۆ بەرە و جەماوەری فەرامۆشکردبوو ، چونکە نەبڕوای بەهێزی جەماوەر مابوو و نەبەرنامەشی بۆ جەماوەر هەبوو. بۆیە بەرە هەلپەرستانە چاوەڕوانی ئەنجامی جەنگەکە بوو.

* ئەگەر دەرئەنجامی جەنگەکە کەوتنی سەددامی لەگەڵدا بوایە ، ئەوا بەرە وەکو هێزێکی سیاسیچەکدار ،

بەگوێرەی بارودۆخی تازەی عیراق حیسابێکی بۆ دەکرا و دەزگا دەوڵەتیە بەجێماوەکانی پاش ڕژێمی سەددامی دەگرتە دەست ، بەلایەنی کەمەوە لەبەشێکی کوردستاندا.

* ئەگەر دەرئەنجامی جەنگەکەیش کەوتنی سەددامی لەگەڵدا نەبێت ، ئەوا سەددام ئەوەندە لاوازدەبێت کە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و خۆیان ووتەنی لەسەر لایەنی کەمی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمیەکەیان لەگەڵیدا ڕێك بکەون. لەوەها بارێکیشدا هەندێ لەدەزگا دەوڵەتیەکان دەکەونەدەستیان.

بەبڕوای من ، لەم دوو تێڕوانینە هەلپەرستانەیەوە ، پڕۆسەکەیان دەبینی و گۆڕانکاریەکانیان لەدەرەوەی توانای جەماوەرەوە هەڵدەسەنگاند . هەتا لەسەرەتای ڕاپەڕینەکەشدا دوورەپەرێز مامەڵەیان لەگەڵ ڕاپەڕینەکەدا دەکرد . بۆ نموونە ، پاش سێ ڕۆژ ڕزگارکردنی شاری ڕانیەی قارەمان هێزی بەرە چوونەتە ناو شارەوە و لەسلێمانی پاش ٢٤ کاژێر لەدەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە و لەهەولێر ڕاپەڕین کاژێری (٦)ی سەر لەبەیانی دەستی پێکردووە ، نزیکەی کاژێری (١٠) سەرلەبەیانی هێزی بەرە چوونەتە ناوشار. ئەمە لەکاتێکدا کەهێزی بەرە لەنزیکی ئەو شارانە بووە کە ڕاپەڕین تیایاندا دەستی پێکردووە.

نەبوونی بەرنامە لەلایەن هەردوو هێڵی سیاسی ناوبراوەوە ، پاش سەرکەوتنی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکە ، ئەم دوو لایەنەی تووشی گێژاوی سیاسی کرد . چونکە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە دوو هێڵی سیاسی ناوبراو پەیام و بەرنامەی خۆیان بەجەماوەری خەباتگێڕ ڕابگەیەنن . ئەوەبوو لەلایەن چەپەوە بەرنامەی شورایی دەربڕدرارا ، وەك وەلامدانەوەیەك بۆ پێداویستییەکانی قۆناغی دووەمی ڕاپەڕینەکە . چەپ توانی زەمینە بۆ چەندین شورا لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوکدا خۆشکات و دەسەلاتی شورایی وەك تاقیکردنەوەیەکی نوێ لەخەباتی جەماوەرانەدا بێتەئاراوە.

شوراکان بەهەموو کەموکوریەکیشیانەوە ئەنجامی خودی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەبوون ، بۆیە جەماوەر لەسەرەتادا پێشوازی لەشێوەی دەسەلاتی شورایی کرد . پیادەکردنی دەسەلاتی شورایی ڕاستیەك دەسەلمێنێت ، ئەویش لاوازی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی بەرەیە لەقۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا . نەمانی دەسەلاتی شورایی و سەقامگیرنەبوونی نابێت بکرێتە مەدالیای سەرکەوتن و لە یەخەی بەرەی " کوردستانی " بدرێت . نەمانی ئەم دەسەلاتە شوراییانە هیچ کات ڕا و بەرنامە و ڕەوایەتی دەسەلاتی بەرە ناسەلمێنێت . چونکە هۆی نەمانی شوراکان ئەم خالانەی خوارەوە بوو نەك ڕاستێتی بەرنامە و ڕای بەرە :

* شوراکان کۆڕیەی خەباتی جەماوەربوون و سەر بە هیچ پارتێکی دیاریکراو و هێزێکی دەرەکی نەبوون ، بۆیە هیچ لایەنێك کۆمەکیان نەکردن .

* دەسەلاتی شورایی ڕەتکردنەوەیەکی جەماوەرانەی شێوەی دەسەلاتدارێتی بەرەی " کوردستانی " بوو ، بۆیە بەرە لەجیاتی ڕەخنەگرتن و کۆمەککردن ، بەئاژاوەچی و سەرلێشێواو لەقەلەمی دەدان .

* ڕەنگدانەوەی ململانێی ئایدیۆلۆژی و سیاسی گرووپ و تاکە چەپەکان بۆ ناو دەسەلاتە شوراییەکان و لێرەیشەوە بۆ ناو خودی جەماوەر و لاوازبوونی بڕوای جەماوەر بە کارامەیی دەسەلاتی شورایی بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی ڕۆژانەیان و ئامانجی جەماوەرییانەی ڕاپەڕینەکە.

* دەربڕینی هەندێ درووشم و شێوەی دەسەلاتی شورایی لەلایەن هەندێ گرووپی چەپی ڕادیکالەوە ، وەك دەسەلاتی شورای کرێکاری و (٣٥)کاژێر کار لەهەفتەیەکاو بەربەرەکانی هێزی بەرەی " کوردستانی " ، بەبێ ئەوەی هێشتا ڕژێم لەبەغدا کۆتایی بەدەسەلاتی هێنرابێت . ئەمانەش درووشم و بەرنامەی سیاسی واقیعبینانەی قۆناغی مێژوویی ڕاپەڕینەکە نەبوون . بۆیە جەماوەر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەلوێستیان دەگۆڕدرا و لەلایەکی تریشەوە بەرە هەلپەرستانە ئەم ناکۆکیانەی دەقۆستەوە بۆ لێدانی دەسەلاتی شورایی .

* شوراکان وەك ئەلتەرناتیڤێکی مێژوویی لەدەسەلات بۆ وەلامدانەوەی پێویستییەکانی ئاستی گەشەکردنی ئابووری و تیژبوونەوەی ململانێی چینایەتی نەهاتەئاراوە ، بەلکو خواستی چەپ و دژەکاری جەماوەربوو دژ بە دەسەلاتخوازی و چەوساندنەوە ، بێجگە لەلاوازیی شوێنەواری بەرە لەڕاپەڕینەکەدا . واتە هاوکێشەکە ناشێ لەو ئاستەدا ببینرێتەوە : لەبەر ئەوەی شوراکان خاوەنی هەلە بوون و بووکانەوە ، کەواتە بەرە ڕاستە . چونکە هەر ئەم بەرەی " کوردستانی " یە و پارتە پێکهێنەرەکانی خاوەنی هەلە و ڕەفتاری سیاسی وان کە لەسەر گیانی هەزارەها کەس و ئایندەی گەلی کورد لەکوردستاندا کەوتووە و دەکەون . ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە بێجگە لە بەرنامەی هەلبژاردن ، بەرە لەپاش نەمانی دەسەلاتی شوراییەوە هیچ پەیامێکی پێ نییە بۆ جەماوەر ، جگە لە چاوەڕوانکردنێکی بێهودە لەهێزە دەرەکیەکان و سازشکردن

لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی پارچەکانی تری کوردستان ، لەسەر حیسابی بەرژەوەندی خەباتی ڕەش و ڕووتی نەتەوەکەمان لەو پارچانەدا .

## پەیامی مێژوویی ڕاپەڕینەکە

پەیامی ڕاپەڕینەکە ، داواکارییەکی مێژوویی بوو بۆ دابڕینێکی کاتی (زمني) و فیکری لەنێوان دوێنێ‌وئەمڕۆدا ، بەڵام پاش ئەوەی لەدووتوێی ڕاپەڕینەکەوە بەرەی"کوردستانی" وەك هێزێکی سیاسی دەسەڵاتی لەکوردستاندا بۆ گێڕدرایەوە و دەسەڵاتخوازانە ڕەفتار لەگەڵ جەماوەردادەکا و لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا هەندێ سەرەك عەشیرەتی گومانلێکراو لەقاڵبی کوردایەتی‌دراون . چونکە ئەم گومانلێکراوانە بەهۆی واقیعی کۆڵۆنی کوردستان و کۆمەڵگاکەی هێشتا بنەمای ماددی کۆمەڵایەتی خۆیان ماوەو خاوەنی دەسەڵاتن ، هەروەها لەئاستی زهنیشدا هێشتا بنەمای ماددی کۆمەڵایەتی کوردستان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەو کولتوورەی دەبێتە هۆی چالاك ڕاگرتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی عەشایەریانە تێکی بشکێنێ .هەرچەندە پەیوەندی کۆمەڵایەتی عەشایەریانە ناکرێ بەهیچ شێوەیەك بەپەیوەندی زاڵ لەکوردستاندا بژمێردرێت .

لێرەدا من لەبەرە ڕانابینم کە مامەڵەیەکی زانستیانەی ڕەخنەگرانە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستاندا بکات . بۆیە لەم بارەیەوە هیچ ڕەخنەیەکم لەبەرە نییە ، بەڵام دژ وەستانەوەی جوولانەوە جەماوەرییەکان و زیندووکردنەوەو پاڵپشتکردنی هێزی گومانلێکراوە خۆفرۆشە عەشایەرەکان و گێڕانەوەی دەسەڵات بۆیان لەفۆرمێکی نوێدا ، ئەم پەیامە پیرۆزە مەگەر تەنیا لەبیری "نوێکار"ی بەرەدا بوونی هەبێ . بۆیە پەیامی بەرە دژ بە پەیامی ڕاپەڕینەکە دەبینم‌و بەرە نەیتوانیوە لەڕابردووی دابڕێت ، هەرچەندە دەیەوێت فۆرمی تازە بۆ کردار و ڕەفتارەکانی بدۆزێتەوە .

جگە لەبەرچاوگرتنی پەیامی ڕاپەڕینەکە ، بەرە دەبێ بە پانتاییەك بۆ گۆشەگیرکردنی جوولانەوەکە و ئەتککردنی چ لەئاستی سیاسیدا و چ لەئاستی نەتەوەییدا . ڕەفتاری بەرە لەگەڵ ڕژێمی تورکیا هەر هەمان ڕەفتارە کە لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا کردی ، بەڵام لەڕۆژگارێکی تردا . بۆ نموونە ، یەکێ لەسەرکردەکانی بەرە لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (Die Tagszeitung ئەڵمانیدا لەڕۆژی ١٤/٣/١٩٩٢ دا و لەلاپەرە(١٢)دا بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

پرسیار : ئایا هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەنێوان ( PKK )* و بەرەی کوردستانیدا هەیە؟

وەڵام : نەخێر ! ( PKK ) تیرۆریست و تیژڕەو و سەرۆکەکەیشی وەکو (عیدی ئەمین ) وایە . پارتی‌دیموکراتی عێراق شێوەی خەباتی ( PKK ) ڕەتدەکاتەوە. پارتی دیموکرات هەمیشە تیرۆریزمی تاوانبارکردووە. ناتوانین لە ڕێگای زەبرخوازییەوە بە ئامانجەکانمان بگەین .

ئەمە لەکاتێکدا کە بەشی هەرەزۆری جەماوەری ڕەش و ڕووت و چەوساوەی نەتەوەکەمان لەباکوری کوردستاندا ، لە سایەی ئەم پارتەدا خەبات دەکەن . ئایا ئەم هەڵوێستە ئەتککردنی نەتەوە ناگەیەنێت ؟ ئایا ئەم ئەتککردنە بەچ مەبەستێکە ؟ ئەمەیە دابڕین لەنێوان دوێنێ‌و ئەمڕۆدا ؟ ئەمەبوو پەیامی ڕاپەڕینەکە ؟! .

## کۆتایی و چەند سەرنجێك

یەکێ لە هۆ گرنکەکانی مانەوەی ڕژێم و تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکانی کوردستان و خوارووی عیراق ، ناکۆکیە تایەفەگەری (طائفي) و نەتەوەیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای "عیراق"ی دروستکراوە . ئەم سێ توخمە لەهەمان کاتدا هۆ و هۆکاری نەچەسپینی باری سیاسیشن لە "عیراق" دا.

بۆ ڕاگرتنی قەوارەی سیاسی‌ی عیراق لەسنووری‌ئەمڕۆیدا ، ڕژێم لەعیراق بەگوێرەی ئەو ناوێتەیەی کۆمەڵگاکەی پێویستی بە دەوڵەتی زەبری ناشەرعیانە دەبێت ، هەروەکو مێژووی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق تا ئەمڕۆ سەلماندویانە . لە لایەکی تریشەوە هەموو ئەو ڕژێمانە تێکۆشاون‌بۆ سوود وەرگرتن لەم ناکۆکیانە لەپێناو دەسەڵاتی ناوەندی لەبەغداو پاراستنی قەوارەی سیاسی‌ی عیراق . لەدووتوێی ئەم بارە خولقێنراوەوە ، جولانەوە سیاسییەکانی کۆمەڵگای "عیراق" مۆرکی ناوچەگەرێتیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خۆی‌دەردەخات و ڕەنگدەداتەوە سەر تێڕوانین و بۆچوونی سیاسیشیان . بەڵام لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییەی جولانەوە سیاسییەکانی عیراق ، دەیانەوێت قەوارەی سیاسی‌ی عیراقیش بپارێزن . بۆیە عیراق وەك (دەوڵەت) لەگەڵ ئەم شێوە تێڕوانینە سیاسییە ناکۆك دەبێت و هەرچ ڕژێمێك لەسەر حوکم بێت ، پێویستی بەزەبری ناشەرعی دەبێت .

ئەم بارە بە بەرجەستەترین شێوەی مێژوویی لە کاتی ڕاپەڕینەکانی کوردستان و خوارووی عیراق ڕەنگی دایەوە

---

* PKK : پارتی کرێکارانی کوردستان .

سەر خەباتی جەماوەری و ڕەوتی ڕاپەڕینەکان . ئەوەبوو لە خوارووی عیراق و کوردستاندا بەدابڕاوی لەیەکتر ڕاپەڕین دەستیپێکرد و زۆربەی شارەکان لەستەمی ڕژێم ئازادکران و پاشانیش بەدابڕاوی لەیەکتر لەلایەن ڕژێمەوە تێکشکێنران ،ئەمە لەکاتێکدا کە زۆربەی شارەکانی ناوەڕاستی عیراق ئارامبوون. ئەم پرۆسەیە دەبوایە تێکشکاندنی قەوارەی سیاسی ی ئەمڕۆی عیراقی لەگەڵ خۆیدا بهێنایە ، ئەگەر هێزی دەرەکی لە شوێنی ڕاپەڕینەکەدا بوونی نەبوایە . چونکە ناکۆکیەکان لە ئاستە مێژووییەکەیدا خۆیان لەو کاتەدا خەملاند .لێرەدا ڕاپەڕینەکان دوو خاڵی گرنگیان بۆ سەلماندین :

١- ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لەباری نەتەوەیی و تایەفەگەری و سیاسییەوە لەو ئاستەدا نیە بتوانێ خەباتێکی سەرتاسەری ڕێبەرایەتی بکات و ڕژێمێکی دیموکراتی بۆ دوارۆژی عیراق زامن بکات .

٢- دەسەلاتخوازانە. هێزی دەسەلاتی چەق تێکۆشاوە و تێدەکۆشێ ئەم ناکۆکیانە لەبەرژەوەندی ستراتیجی خۆی لەناوچەکەدا بەکاربێنێت .

دەوڵەتی عیراق بەدرێژایی تەمەنی لە قەیرانی ئەو سێ خاڵەدا ژیاوە . ئایا دەوڵەتێك بوونی بوونێکی قەیراناوی بێ چۆنە تا ئێستا ماوە ؟ لەوەلامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین چینی ناوەڕاست ، واتە ( توخمی سەرەتا و بنەمایی چینی بۆرژوا ) ، لەڕوانگە مێژووییەکەیەوە تەماشای بکرێت ، لای ئێمە لەچوارچێوەی پەیوەندی شێوەی بەرهەمهێنانی پێش خۆی ، بەشێوەیەکی ئازاد نەهاتۆتە ئاراوە. بەواتایەکی تر، دەرئەنجامی گەشەکردن و پاشان پۆلگیری سروشتیانەی پێشکەوتنی بنەمای کۆمەلایەتی نەبووە ، وەك لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا ڕوویداوە ، بەڵکو ئەم چینە لای ئێمە لە چوارچێوەی پەیوەندی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالیانەوە خولقاوە . لەئاستێکی تردا وە بەشێوەیەکی تر دەرئەنجامی دەزگا دەوڵەتیەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیالییە کە لە ڕووی مێژووییەوە وەك قەوارەیەکی سیاسی ی ئەتککراو لەلایەن هێزی دەسەلاتداری دەسەلاتخوازی چەقەوە لەپێناو زەوتکردنی ئازادی کۆمەڵگای بە کۆلۆنیالکراودا خولقێنراوە، بەمەبەستی بەرجەستەکردنی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالانە لە ڕووی مێژووییەوە . بۆیە دەوڵەتی کۆلۆنی لەڕووی مێژووییەکەیەوە بەرجەستەکراوی کۆمەڵی دەزگای هێنراون لەلایەن هێزی دەسەلاتداری دەسەلاتخوازی چەقەوە . بەهۆی لاوازی هێزی ماددی بنەماییانەی ئەم شێوەیە لە دەوڵەت ( دەوڵەتی کۆلۆنی ) ، توخمە پێکهێنەرە دەزگاییەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی پێکدێت لە :

* دەزگا خزمەتگوزاری و کۆمەلایەتیەکان ؛
* دەزگا سەربازی و پۆلیسی و سەرکوتکەرەکان .

بەلەپێشچاوگرتنی خاڵی یەکەم کە هەمیشە یەکێ لە چەکە مەبەستدارەکانی دەستی ڕژێمی دەوڵەتی کۆلۆنیالی دژ بە نەیارەکانی بووە ، واتە خستنەوەی ئاستی جیاواز لەو بوارەدا لەناو کۆمەڵگای دیاریکراودا و هێنانە ئاراوەی دابڕینی زەینی (ذهنی) بەشەکانی کۆمەڵگا لەیەکتر. واتە وەك دەوڵەت ئەرکی پارێزگاری ئەو قەوارە سیاسییە ئەتککراوە خولقێنراوەی پێ سپێردراوە ، نەك وەلامدانەوەیەکی مێژوویی بۆ ئاستی گەشەکردن و مەرجەکانی پێشکەوتنی هێزی ماددی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگا بێت . بۆیە دەوڵەتی کۆلۆنیالی چەواشەکردنێکی مێژووییانەی پەیوەندی نێوان سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای بەکۆلۆنیکراوە. لێرەیشەوە ناعەقلانی دەوڵەتانی لای ئێمە دەردەخسێت ، چونکە میکانیزمی ئەم شێوە دەوڵەتە ( دەوڵەتی کۆلۆنیال )ی ، کە خۆی لە پانتایی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جیهانیدا دەبینێتەوە ، لەژێر زەبری دەسەلاتی هێزی دەسەلاتداری دەسەلاتخوازی چەقی سیستەمی بەجیهانیکراوی ئەمڕۆی جیهانیدا کاردەکات . لەلایەکی تریشەوە، وەکو لەسەرەوە هێمامان بۆ کرد ، خولقێنراوی هێزێکی دەرەکییە نەك میکانیزمێتی خودی کۆمەڵگاکە . بۆیە وەك توخمێکی نارێزە (شاذ) لەگەڵ هێزە ماددی و کۆمەلایەتیەکاندا کاردەکات. لێرەیشدا ناکۆکی ئەم شێوەیە لەدەوڵەت لەگەڵ بنەما کۆمەلایەتیەکەیدا دەردەکەوێت و بەبێ بوونی دەسەلاتی دەسەلاتخوازانەی چەق مەحاڵبوو بتوانێت درێژە بەبوونی بدات .

بەم شێوەیە لەدووتوێی دەزگای دەوڵەتی کۆلۆنیالیەوە ، چینی ناوەڕاست وەك چینێکی چالاکانە هاتە ئاراوە، چونکە ئەم چینە لەپێشکەوتنی سروشتی ی خۆی دابڕاوە ، بۆیە لە قەوارەی سیاسی خولقێنراودا (دەوڵەتی کۆلۆنیالی) کۆشش دەکات بەرەو ڕەوتی مێژوویی خۆی ملبنێت ، واتە ببێتە بۆرجوازی . هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەوڵەت لەبیریاندا وەك بەرهەمی ئاستی گەشەکردن و وەلامدانەوەیەکی ژیرانەی مێژوویی بۆ مەرجەکانی پێشکەوتنی هێزە ماددی وکۆمەلایەتیکان نییە ، بەڵکو خودی دەوڵەت بە خولقێنەری ئەو هۆوهۆکارانە دەبینن . بۆیە دەوڵەت لە بیر و پراکتیکیاندا :

١- وەك مەرجی سەرەکی پێشکەوتن و ٢- لەسەرووی ناکۆکیە کۆمەلایەتییەکانەوە دەیبینن . ٣- لەئەنجامی خاڵی

یەکەم و دووەم ، دەوڵەت هێزێکی تەلیسماویە و بەهەشتیان بۆ دەخولقێنێت .

جا لەبەر ئەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆڵۆنیالیی و ئەو قەوارە سیاسییەی کە ئەم شێوە بەرهەمهێنانە لەخۆی گرتووە ، تا ئێستا لەئاستی نەتەوەییدا جگە لە ئەتککردنی نەتەوە هیچی تری بۆ نەتەوە نەهێناوە ، بەپێویست فیکری چینی ناوەڕاستیش لای ئێمە نەیتوانیوە هیچ بەرهەمێکی فیکری وا بهێنێتە ئاراوە کە هەبوونی دەوڵەتی خولقێنراو بخەنە ژێر پرسیارەوە و ڕەتیبکەنەوە ، بەڵکو ئەم چینە بەدوایچارەسەری ئەم قەوارە سیاسیە کەوتوە . هۆی ڕەتکردنەوەی ئەم قەوارە سیاسییە (دەوڵەتی کۆڵۆنی) لەفیکری چینی ناوەڕاستدا ئەوەیە کە ئەم چینە هیچ ئامرازێکی تری نیە خۆی پێ پێناسەبکات جگە لەم دەوڵەتە . ڕەتکردنەوەی ئەم دەوڵەتە واتە ڕەتکردنەوەی خودی خۆی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە .

بۆرژوای ئەورووپی کێشە نەتەوەییەکانیان لەدووتوێی بەباوکردن و زیاتر بەرجەستەکردنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە قەوارەی دەوڵەتدا چارەسەرکرد و ئێستا ئەم قەوارەیە قەوارەیەکی لەخۆی گرتووە و ناوەڕۆکەکەشی نەتەوەیە ، بەڵام لای ئێمە دەوڵەتی نەتەوەیی لەئەنجامی هێزی دەسەڵاتداری دەسەڵاتخوازی چەق و کریزەی چینی بۆرژواوە ئەتککرا ، ئێستاش ئەو هەوڵ و تێکۆشانە فیکرییانەی کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی چینی ناوەڕاستی ئێمەوە دەدرێن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هێزی دەسەڵاتخوازی چەقدا ، بەرجەستەکردنی ئەو ئەتککردنەیە لەفیکری مرۆڤی لای ئێمەدا. ئەمەش یەك ڕاستی دەسەلمێنێت : ڕۆشنبیر و فکرەکەیشی بەشێکی دانەبڕاوی دینامیکێتی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆڵونیالی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆن .

ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

نیسانی ١٩٩٢

## سەرچاوەکان


١ - في التناقض ، مهدی عامل .

٢ - البنية البطركية، د. هشام شرابي .

٣ - ڕۆژنامەی "الحياة" ، ژمارە (١٠٦٥٩) ڕۆژی چوار شەمە (١٩٩٢/٤/١٥) .

٤ - IRAK (1) Jahr nach dem Golfkrieg Dokumentation .

یادی یەکەمین ساڵەی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

هاشم کۆچانی

# ڕاپەڕینەکە :
# هاوکێشە باوەکەی گۆڕی و
# قۆناغێکی تازەی دەستپێکرد !

ڕاپەڕینی ئەمجارەی گەلەکەمان هێندە مەزن و هەراوبوو، پیاو کە بیەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکات ، نازانێ لەکام گۆشەیەوە تێبڕوانێ و لەکام چمکییەوە دەستپێبکات .

پێشان شار چاوەڕوانی شاخ بوو !! لەشاخیشدا شایلوغانی بۆسە بۆ یەکتردانانەوە و، خۆ لە یەکتر لەسەنگەرنان بوو . شار شاخی بە مەڵبەندی شۆڕش دەزانی . لەشاخیشدا فتوای هەقانیەتی شەڕی نێوان " شۆڕش " و " دژەشۆڕش " تێوەردەکرا .

بەڵێ شار هەر چاوەڕوانی شاخ بوو . شاخیش ماوەیەکی باش چاوەڕوانی ئێران بوو. کاتێکیش شاخ بێدار بووەوە و ، وازی لە بۆسەدانانەوەهێنا و، دەستی لەیەکتر کوشتن هەڵگرت ، کات درەنگە بوو .سەگسارییەکانی (ئەنفال ) دەستپێکردبوو ، لایەکی کوردستان ئەنفالکرابوو، لایەکی تری ژەهراویی. گوندێك بەپێوە نەمابوو . ( کنا لەیل )ی هەورامان و هۆرەی جافی و قەتار و ئەللاوەیسی گەرمیان و، حەیرانی دەشتی هەولێر و لاوکی بادینان (لەشاخ )دا نەدەبیسترا .بەڵام هەر باشبوو بێداربووینەوە و پاش ئەو غەریبایەتیە کە چووینەوە ناو شار، شۆزەفرینیای بۆسەدانانەوە و " شەڕی شۆڕش و دژەشۆڕش" مان بۆ گەرەکەکانی ناو شار نەگواستەوە .

کەواتە با لێرەوە دەستپێبکەین:

شار ڕاپەڕی و خۆی ڕزگارکرد . شاخیشی بە ئازادی شادکردەوە و، قافڵەی " بووك و زاوای" لێکدا . بەمەش هاوکێشە باوبووەکە " شار چاوەڕوانی شاخ بوو " گۆڕا و خەباتی گەلەکەمان پەڕییەوە قۆناغێکی نوێ .

بەڵام ئایا دەزگا سیاسیەکانی بزووتنەوەکەمان (بە تایبەتی دەسترۆیشتووەکانیان ) لەم نوختە وەرچەرخانە گەیشتوون ، ددان بەوەدا دەنێن کە ڕاپەڕینی ئەمجارەی کومەلانی خەلك ، هەموو پروگرام و بەرنامە سیاسیە باوبووەکانی تێپەڕاند ؟ ئەی گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە لە هەر بڕیار و بۆچوونێکی چارەنووسسازدا بگەڕێنەوە سەر کۆمەڵانی خەڵك و گوێ لەوان بگرن ؟

ئەگەر ئاورێك لەڕۆژمێری بەشی یەکەمی پرۆسەکە بدەینەوە ، (ڕاپەڕین ، کارەسات ، مفاوەزات . . . )بێ دوودڵی دەکرێ بگوترێ ، لەقۆناغی یەکەمدا دەزگا سیاسیەکان لەئاستی ڕاپەڕینەکەدا نەبوون . بەڵام گەر بمانەوێ وەڵامی کۆنکرێتیانەی هەمان پرسیار سەبارەت بە قۆناغی دووەمی ڕاپەڕینەکە بدەینەوە کە ئێستایە (ئێستای ) کوردستانێکی نیمچەگسکدراو لە دەزگاکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی عیراق ، دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتووی نزیك بین :

داخۆ پەرلەمانمان بۆ چییە ؟

بۆ ئەوەی حکومەت پێکبێنێ و دەستوری کوردستان و پرۆژەی چاری کێشەکەمان بڕیاربدات ؟ یان پەرلەمانێکی ئۆتۆنۆمیچییێ ؟

ئەگەر لانی کەمی دیموکراسی و مەرجەکانی هەڵبژاردنی ئازاد برەخسێنرێ ، بەدڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین: لەگەڵ ئەو کەموکوڕییانەش کە چاوەڕوان دەکرێ لەگەڵ ئەم

نەو (زادە)دا سەرهەلّبدات ، پەرلەمانێکی ئەوتۆ دێتە مەیدان کە لە هەموو دەزگا سیاسیەکانی کۆن شەرعیتر و بەتواناتر بێت و ، خەلّکێکی باش و بەتوانا لەکەسانی دیموکراتخواز و سەربەخۆ و سەر بەحیزبەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە و ، بۆ گرتنەبەری هەر رێوشوێنێکیش تەنیا بەرژەوەندی نیشتمانی کوردستان بکاتە پێوەر .

ئایا لەم بارودۆخە تازەیەی دنیادا ، کە چەندان لە گەلانی بندەست و بێدەولّەت و نیمچەسەربەخۆ، لە رێگەی پرۆسەی دیموکراسی و پەرلەمان و ریفراندۆمەوە بە سەرخابوون گەیشتن ، ئێمەش لە هەرێمێکی نیشتمانەکەماندا ، دوای ئەوەی بەدەیان سالّی خەباتی پڕ جوامێرانەی چەکدارانە نەمانتوانی بە ئاواتەکانمان بگەین ، لەرێگەی پەرلەمان و ریفراندۆم و وەگەڕخستنی سیاسەتێکی دیپلۆماسیانەی هاوچەرخ و بەئاگا لەگۆرانکارییەکانی ئەمرۆی دنیا ، ناتوانین هەر هیچ نەبێ بەلانی کەمی مافە نیشتمانییەکانمان بگەین ؟

من لە سیاسەتی " تازەی " جیهانی هێندە گەشبین نیم بلّێم لە ١٠٠٪ بە قازانجی گەلی ئێمە گۆڕاوە، بەلّام گومان لەوە ناکرێ کە سەردەمێکی تری ئازادی و سەرخابونخوازیی گەلان دەستیپێکردووە و، ئەگەر لە کاکلەی سەردەمەکە و هۆکارە کاریگەرییەکانی بگەین، نە چوار دەولّەتە داگیرکەرەکە دەتوانن لەرەوتی رزگاریخوازیی گەلان (ئاق)مان کەنەوە. نە زلهێز و دەستڕۆیشتووەکانی جیهان دەتوانن وەك قۆناغی " شەڕی سارد" لەخواری خوارەوەی پەراوێزی ناوچەکەماندا دابنێن .

پەرلەمانی چاوەڕوانکراو سەرەرای پێکهێنانی حکومەتی مەدەنی و بایەخدان بەژیان و گوزەرانی خەلّك و مەحکەمکردنی گیانی خۆراگری و داکۆکیکردن لە بەشە رزگارکراوەکەی کوردستان و بیرکردنەوە لە ئازادکردنی ناوچەکانی تر . پێویستە لەبڕیاردانی دەستوریکوردستان و بەرنامەی چاری کێشەی گەلەکەمان دەستوبرد بکات و ، یەکسەر ئەمکارانەشی بخاتە بەردەم رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و رای گشتی ناوچەکە و عیراق بە رژێمی رەگەزپەرستیئێستای عیراقیشەوە، یان ئالّترناتیڤەکەی لەکاتی رووخانیدا . لەوێدا پەرلەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە داوابکات بەرنامە ئامادەکراوەکەی بخرێتە دەنگدانی گشتییەوە و، پێ لەسەر ئەوەش دابگرێ کە سەرپەرشتیکردنی ئەم پرۆسەیە بخرێتە ئەستۆی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .

بەرنامەیەکی واش ، بۆ ئەوەی لەگەلّ واقیعی ئەمرۆی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و جیهاندا یەکبگرێتەوە ، پێویستە پشت بەم بۆچوونانە ببەستێت :

یەکەم : لەرۆژگاری ئەمرۆدا پێوەندی خۆمان بەدەولّەتی عیراقەوە ناپچڕین .

دووەم: دەولّەتی عیراق کە لەسەر بنچینەی رەگەزپەرستی و داگیرکردنی خوارووی کوردستان دامەزراوە، بە دەولّەتێکی فیدرالی عەرەبی- کوردستانیبگۆڕدرێ .

سێیەم: گەلی عەرەب و گەلی کوردستان هەر یەکەیان لەسەر خاك و نیشتمانی خۆیان قەوارە و کۆماری خۆیان هەبێ و، لەم دوو کۆمارەش قەوارەی دەولّەتی تازەی عیراق پێکبێ .

چوارەم: لەدەستوری هەردوو کۆمارەکە و دەولّەتە فیدرالیەکەشدا بەراشکاویی ددان بەوەدا بنرێ، کە ئەم دوو هەرێمەی ئەمرۆ دەولّەتی فیدرالی عیراق پێکدێنن هەر یەکەیان بەشێکە لە نیشتمانێکی گەورەتر و ، لەهەر زەمانێکدا ئەم دوو هەرێمە ئازادن لەوەی تێکەلّ بە نیشتمانە گەورەکەیان ببنەوە .

پێنجەم: ئۆتۆنۆمی گەلی ئاشوری و گەلی تورکمان لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا بڕیاربدرێ .


ئێمە کە بەرەو پێکهێنانی هەولّێن پەرلەمانیکوردستانی دەرۆین ، دەبێ لەو راستیە غافلّ نەبین کە هەموو دوژمنانی گەلەکەمان و دوژمنانی دیموکراسیو ئازادیی گەلان لە چوار دەولّەتەکەوە تا شۆڤێنیستانی ناو هێزە (چەپ)ە بەرهەلّستکارییەکانی ئەو دەولّەتانە ،لەهەلّبژاردنی ئەم پەرلەمانە زندەقیان چووە و، پێویستە لەپیلان و جموجولّە هاوبەشەکانیان بەئاگابین .

هەرچ پەلامار و هێرشکێش بکرێتە سەر ئەم خواست و ویستە نیشتمانی و دیموکراتییەی گەلەکەمان ، رەنگە جیهان نەتوانێ بەئاسانی لەئاستیدا بێدەنگ بێ. چونکە مەحەکێك دەبێ بۆ تاقیکردنەوەی زلهێزەکان و سیاسەتی " تازە"ی جیهانی سەبارەت بەدیموکراسیو ژیانی پەرلەمانتارێتی و دەنگدانی گشتی لەناوچەکەدا . گەلی کوردستانیش بە یەکسەنگەرییەکی پتەوترەوە داکۆکی لە خەباتی رزگاریخوازیی دیموکراتی پەرلەمانەکەیان و کۆماری کوردستانی فیدرال و ئۆتۆنۆمی ئاشوریو تورکمان دەکەن .

دەبێ وەك گەل و بزووتنەوە ، خۆمان لەو چوارچێوە دەستکردە دەربازکەین ، کە چاوەڕوانی ئەوەین لە

دەوڵەتە داگیرکەرەکەوە مافمان بۆ دیاریبکرێ. پێویستە وەک گەلێکی بندەست و نیشتمانێکی داگیرکراو بەرنامەی خۆمان بۆ گفتوگۆ و ئەنجامدان بخەینەڕوو. مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووسیش بە هەردوو ماناکەیەوە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ ، یان کۆماری کوردستانی فیدرال و گۆڕینی دەوڵەتە (سەنتەرەکان) بەدەوڵەتی فیدرالی ، ئەو خەتە سوورەیێ کەهیچ هێز و پەرلەمان و دەزگایەکی نیشتمانی کوردستان بۆی نەبێ بیبەزێنێ و بازی بەسەردا بدات .

سوێد /بەهاری١٩٢٢



حیکمەت هیندی

یادی یەکەمینساڵەی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

کەمال میراودەلی

# ساڵێک دوای ڕاپەڕینەکە :
# لە کوێوە بۆ کوێ ؟!

## (بەرەی کوردستانی و باری ئێستای کوردستان)

### ١- قۆناغێکی نوێ . . وەزعێکی نوێ :

دوابەدوای شەڕی کەنداو مەزنترین گۆڕانی مێژوویی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا ڕوویدا . . دەکرێ سێ هۆکاری سەرەکی بۆ خوڵقاندنی ئەم وەزعە نوێیە دەستنیشان بکەین :

١ ) تێکشکانی سووپای عیراق لە کوێتدا ، ڕیسوابوون و لاوازبوونی ڕژێمی بەعس و دەرکەوتنی تاوانەکانی کوشت و بڕ و قەلاچۆکردنی ڕژێم دژی گەلی کوردستان .

٢ ) تەقینەوەی ڕاپەڕینی مێژوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سووربوونیان لەسەر کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتە مێژووییە بۆ ڕاماڵینی بنکە و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی داگیرکەران و ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی و دیلێتی و مەرگ و قەلاچۆکردن و سەندنەوەی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤانەیان و ڕزگارکردنی زۆربەی خاکی کوردستان .

٣ ) پشتیوانی جیهانی و میللی و دەوڵەتی بۆ پاراستنی گەلی کورد و بەشداری دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەفریاکەوتنی ئاوارەکانداو ئاشکرابوونی مەسەلەی کورد لەئاستێکی جیهانی بەربلاودا لە ئەنجامی ڕاپەڕینەکە و تۆفانە کۆچەکەدا .

لەئەنجامی ئەم سێ هۆکارە گرنگانەدا گەلەکەمان پێی نایە قۆناغێکی تازەوە : قۆناغی ئازادی نەتەوەیی بە ڕەچاوکردنی شێوەیەکی نوێی خەبات: شێوەی ڕاپەڕینی شار ، ڕاپەڕینی جەماوەریی بۆ دەرپەڕاندنی دوژمن لە خاکی نیشتمان و وردوخاشکردنی دام و دەزگا و بنکە و بارەگا سەرکوتکەرەکانی و تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی گەل .

### ٢- بەرەی کوردستانی :

لەبەر زۆر هۆی مێژوویی و سیاسی " بەرەی‌کوردستانی " وەك ڕێکخراوێکی سیاسی هەشت حیزبی کوردستانی ،ئەو ئەرکە مێژووییەی کەوتە سەرشان کە ئەو بۆشاییە سیاسی و دەسەڵاتییە پڕبکاتەوە کە لەئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەر و دەرپەڕاندنی دوژمنی داگیرکەردا دروست بوو . دەتوانین سێ هۆکاری سەرەکی بۆ ئاسانکردنی دەوری بەرە لە دەسەڵات وەرگرتن لەکوردستاندا دیاری بکەین :

١ ) حیزبەکانی بەرە خاوەنی مێژووی خەباتی چەکداری شۆڕشی گەلەکەمانن و مێژووی خەباتی پێشمەرگەو قوربانی و کارەساتەکانمان بەناوی ئەوانەوە بەستراوە و گەلی کورد وەك ڕەمز و نیشانە و ئامرازی خەبات دژی داگیرکەران و بۆ ئازادی سەیری‌کردوون .

٢ ) بەرەی کوردستانی چوارچێوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی گرنگە بۆ یەکێتی ڕیزەکانی پێشمەرگە و زامنکردنی یەکێتی ڕیزەکانی گەل . . ئەم ڕاستییە گرنگییەکی یەکجار گەورەی هەیە ، بەتایبەتی ئەگەر کارەسات و ئازار و ترازیدیای شەڕی براکوژی بەر لەدروست بوونی بەرە بێنینەوە بیرخۆمان .

٣ ) بەرە خاوەن سەرکردەی ناسراو و دەزگای

راگەیاندن و ئەوارەی ڕێکخراوەیی و پێوەندی دەرەوەیی بە کە بۆی لواند بەخێرایی خۆی بسەلمێنێ، لەکاتێکدا هیچ بەدیلێکی یان هاوتایەکی یان مونافیسێکی سیاسی خاوەن مێژوو و ڕێکخستن و ناسراوی جەماوەری تر دروست نەبووە یان پێنەگەیشتووە.

لەبەر ئەم هۆیانە بەرە هەر زوو بوو بەجێگەی متمانە و باوەر و هیوای خەڵکی کوردستان. سەرۆکەکانی بەرە ، سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، لەشارەکانی کوردستاندا پێشوازیی جەماوەریی گەرمیان لێکرا. بەقبووڵکردنی ئەرکی ئیدارەی سیاسی و عەسکەری کوردستان و خۆدانان و هەڵس و کەوت کردن وەك نوێنەر و ڕێبەری گەلی کورد لە خوارووی کوردستاندا ، چ بە وتووێژکردن لەگەڵ ڕژێمی بەعس و چ بە پێوەندی بەستن لەگەڵ وڵاتان و دەوڵەت و ڕێکخراوانی جیهانیدا، بەرە بەکردەوە ئەوەی سەلماند کە ئەو لێپرسراوییە مێژوویی یە مەزنە قبووڵدەکا کە باری نوێی کوردستان هێناویتیە پێش و خۆی لەئاستی ئەو ئەرکەدا دەزانی .

لەلایەکی دیکەشەوە جەماوەری کوردستان بەهیوا و ئاواتێکی مەزنەوە، بە بیروباوەڕێکی پتەو و شێلگیریی لەسەر خەبات و پاراستنی دەسکەوتی ئازادی بەهەر نرخێك چاوەڕێی کاری گەورە و کاریگەر و داهێنەرانەبوون لە بەرە .. بۆ کەڵك وەرگرتن لەدەرفەتە چاکەکان... بۆ دوورخستنەوەی هەرەشە و مەترسییەکان... بۆ دامەزراندنی ئاشتی و ئاسایشی ناوخۆیی... بۆ ڕێبەرایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی ... بۆ بنیاتنانەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی و باشکردنی باری ئابووری ... بەکورتی : بۆ زامنکردنی ئازادی و بنیاتنانی بناغە و پایە و ئیدارەی دەوڵەتی داهاتووی کوردستان .

## ٣- دەوری ئیجابی بەرە :

گومانی نییە بوون و ئامادەیی بەرەی کوردستانی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی یە عەسکەری و ئیداریو سیاسییەی دوای کشانەوەی سووپای داگیرکەر دروست بوو، دەورێکی ئیجابی گرنگی هەبوو ...بەتایبەتی بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی خەڵك و دروست کردنی جۆرە متمانە و دابین بوونێك (استقرارێك) لەکاتێکی یەکجار ناسکدا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان ئاوارە و دەربەدەر و بێ لانە و ماڵ و خواردن و هیوا و هومێدبوون. بوونی بەرە ڕێگای لەوە گرت کە ئاژاوە و تاقم تاقمگەری دروست بێ و هیچ لایەنێکی وا سەرهەڵدا کە دووبەرەکی و ناکۆکی ناوخۆیی بنێتەوە .. بەتایبەتی ڕێگاشی خۆشکرد بۆ ئەوەی بەزوویی و بەئاسانی ئەو هێزە کوردانەی پێشتر سەر بە دەوڵەت یان لەگەڵ دەوڵەت بوون و لەڕاپەڕینەکەدا پەڕینەوە بۆ بەرەی میللەت ، بەشێوەیەکی سروشتی بگەڕێنەوە ناو ڕیزەکانی خەڵك .. بەبڕیاردانی سیاسەتی ئاشت بوونەوە، لاپەڕەیەکی تازە کرایەوە .. بەنەمانی فشار و پیلان و تاوانی داگیرکەر، جەماوەری کورد عادەتی ڕەسەنی خۆی، عادەتی پشتیوانی یەکتر و تەبایی ناوخۆیی سەلماندەوە.. لەبیربردنەوەی رقی ڕابردوو و هەستی تۆڵە و تۆڵەکاری و توورهەڵدانی مێژووی ناکۆکی و بڕبڕین و ژانی ڕابردوو ، لاپەڕەیەکی تازەی لە ژیانی تەبایی ناوخۆیی گەلی کوردستاندا کردەوە... هەروەها لەرووی پێوەندی جیهانیشەوە ، بوونی بەرەی کوردستانی وەك کۆکەرەوەی هەشت حیزب ، جۆرە ڕێز و شەرعییەتێکی تایبەتی بە بەرە وەك نوێنەری ئەمڕۆی کورد دا و بۆیلواند پێوەندییە سیاسی و دیبلۆماسیەکانی دەرەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

## ٤- هەڵە و ناتەواوییەکانی بەرە :

بەڵام بەداخەوە ئێستا لای هەموو کەس ئاشکرایە دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ڕاپەڕینی مێژوویی خەڵکی کوردستاندا و دوای هەشت مانگ حوکمکردنی ڕاستەوخۆی کوردستان لەلایەن بەرەوە ، بەرەی کوردستانی نەیتوانیوە لەئاستی ئەو لێپرسراوییە مێژوویی یە مەزنەدابێ... هەروەها ئەو ئەرکە سەختانەی بەرەوڕووی بەرە،وەك تاقە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ،بوونەتە زۆر لەوە گەورەتر و بەگرێ و گۆڵتر کە بەرە لەماوەیەکی کەمدا و بەو شێوەیەی ئێستا هەیەو بەودام و دەزگا و ڕێکخستنەی کە هەیەتیو بەو هەڵوێست و بۆچوون و ڕەفتارەی ڕەچاویکردووە، بتوانێ وەڵامی ئەرکە مێژوویی یەکان بداتەوە و لەئاستی بەتەمابوون و تێڕوانین و تێڕابینینی خەڵکی کوردستاندا بێ.

ئەوەی هەموو گەلی کورد مەترسی لێدەکا ئەوەیە بەرە فەشەل بێنێ و بەفەشەل بوونی خۆی جارێکی دیکەش گەلەکەمان تووشی هەرەس و کارەساتێکی نەتەوەیی یەکجار گەورە بکا. بۆیە گەلەکەمان ، لەم کاتە ناسکەی ئێستادا ، بەهێزبوون و چاك بوون و سەرکەوتنی بەرە، بە بەهێزبوون و سەرکەوتنی خۆی دەزانێ لەپێناوی پاراستنی دەسکەوتی

ئازادی و دیموکراسیدا . بۆیە جەماوەری کورد و هەموو کەسانی سەربەخۆ و خێرخواز و پشتیوانانی بەرەی میللەت، بڕیاری بەرە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسیانەی پەرلەمانی کوردستان بە هەنگاوێکی باش و پیرۆز و گرنگ دەزانن و پشتیوانی لێدەکەن .

لەپێناوی سەرخستنی ئەو هەنگاوە مێژوویی‌یەدا ، پێویستیەکی بنچینەیی‌یە کە پەنجە بۆ هەندێ ناتەواوی و هەڵەی کارەکانی بەرە تائێستا ڕابکێشین و، بۆ ئەوەی بە ئینساف و زانستانە و بابەتیانەش حوکم بدەین و سەرنجێ لەو هەل و مەرج و گیروگرفتە بابەتی و سەختانە بدەین کە ئەمڕۆ کوردستان تووشیان بووە .

• • • •

ئەگەرچی تائێستا هێمامان بۆ هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی لەژێر ناوی بەرەدا کرد ، بەداخەوە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تا ئێستا بەرە هەر ناو و هەیکەلە و مەرجی بنچینەیی و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بەرەیی بەخۆوەنەگرتووە .. ئەم ڕاستییە لەچەند دیاردەیەکی ترسناکدا خۆی دەرخستووە کە لە خوارەوە باسیان دەکەین :

### ا- یەك نەخستنەوەی هێزی پێشمەرگە :

ناوەڕۆك و ئامانجێکی پیرۆزی دروست بوونی بەرە و کاری بەرەیی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و دارایی و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی بەرە بوو ... دوای ڕاپەڕینە مێژوویی‌یەکەی خەڵك ، کارێکی یەکجار پێویست و بەپەلە بوو کە هەموو هێزی چەکداری کوردستان لەیەك سووپای نەتەوەیی سەربەخۆ و بێ‌لایەندا ڕێك بخرێن ، بەتایبەتی دوای هاتنەوەی هێزەکانی جاش و سەر بەدەولەت بۆ ناو ریزەکانی گەل .

گەلی کورد چاوەڕێی ئەوەی دەکرد - چاوەڕێی ئەوە دەکا - کە بەرە لەم مەیدانەدا دەوری دەسپێشخەری و ڕێبەری ببینێ و دەسبەجێ خۆی بکا بەنموونە و هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر سەرکردایەتی مەکتەبێکی عەسکەری هاوبەشدا یەکخا و بەمە ڕیگا لەوە بگرێ :

١- هەر تاقمێکی تازە دروست بێ ئەویش هێزی چەکداری خۆی هەبێ .

٢- هەندێ سەرەك جاش و موستەشاری کۆن هێز و دەسەلاتی کۆنیان بپارێزن و تاقمی تایبەتی خۆیان هەبێ .

٣- حیزبەکان خۆیان ناچاربن بکەونە موونافەسەی یەکتر بۆ قبووڵکردن و ڕاکێشانی جاش و موستەشارەکان بۆ لای خۆیان بێ گوێدانە تۆماری کارو تاوانەکانی ڕابردووی هەندێکیان و نیازی داهاتوویان .

٤- هەموو ئەمانەی سەرەوە زەمینەی موونافەسەو خۆخۆیی و بەلپەرستی درووستەکەن و لەمەودای دووردا - خوانەخواستە - هەلومەرجێکی خەتەرناك بۆ شەری ناوخۆیی و (بەلوبتانکردنی) کوردستان بخولقێنن.

تاوانی درووست بوونی ئەم وەزعە و یەك نەگرتنی هێزی پێشمەرگە و درووست نەکردنی ( سووپای ئازادی کوردستان ) دەکەوێتە ئەستۆی سەرانی بەرە. هەروەها یەك نەخستنی دارایی و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان زەمینەی موونافەسە و ناکۆکی سازاندووە و پێویستە سنووری بۆ دابنرێ .

### ب - موونافەسەی شەخسی و حیزبی :

ئاشکرایە کە بەر لەشەڕی کوێت و تەقینەوەی مێژوویی خەڵکی کوردستان ، هەر لە ئەنفالە کیمیاویەکانی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٨٨دا، بەرەی کوردستانی تەواو لاواز و بێ‌توانابوو،چ وەك چالاکی پێشمەرگایەتی و چ وەك چالاکی سیاسی و ڕێکخستنی جەماوەری.. هەل‌ومەرجی شەڕی کوێت و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ڕێی بۆ بەرە خۆشکرد بگەڕێتەوە کوردستان و ببێتە هێزێکی سیاسی و سەربازی گەورە.

بەم جۆرە بەرە دوای سێ‌ساڵ شەڕی قەلاچۆکردنی سیستماتیکی گەڕایەوە بۆ کوردستان: بۆ کوردستانێك کاول و وێران و پڕ مەرگ و کارەسات ، تەنیا قوربانییەکانی ئەنفال پتر لە چارەکە ملیۆنێك مرۆڤی کوردن....هەژاری و ئاوارەیی و ماڵکاولی و برسێتی و گرانی... مەترسی گەڕانەوەی دوژمن .. زیانێکی کۆمەلایەتی هەلوەشاوە و لە گرێژەنە بردراو...هتد.

لەم هەل‌ومەرجەدا میللەت چاوەڕێی ئەوەی لە سەرکردەکانی بەرە دەکرد کە نەك تەنیا وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی لێپرسراو بەرامبەر ئەو کارەساتانە و دڵسۆز و خەمخوار بۆ دایکانی جگەرسووتاو، بۆ هەزاران ژن ومناڵی پاك و بێ‌تاوانی زیندەچاڵکراو ، نەك تەنیا وەك ڕێبەرێکی خاوەن هەست و هۆش و بەتەنگەوەهاتوو بۆ چارەنووسی ئەو سێ ملیۆنەی بەزیندوویی ماونەتەوە و بۆ پاشەڕۆژی کوڕپە و نەوەکانی داهاتوومان ، بەڵکو تەنیا وەك مرۆڤ ، وەك مرۆڤێك کە بەرامبەر ئەنجامی ئەو هەموو

ئاوان و کوشتن و برین و قەلاچۆکردن و زیندەچاڵکردن و ریسواکردن و کەرامەت شکاندنی نەتەوەکەیان وەستاون : میللەت چاوەرێی ئەوەی لێدەکردن وەك مرۆڤی ئاسایی ، وەك خاوەنی هەست و خواستی مرۆیی ، پێداویستییە مێژوویی یەکانی بەرەورووبوونەوەی ئەو تراژیدیایە بخەنە سەروو و بێش هەموو شتێکەوە و هەموو جۆرە رقەبەرایەتی و تەمایەکی شەخسی و هەڵپەی سەرکردایەتی و خۆسەپاندن بخەنە ژێر پێوە و بە هەست و خواستێکی پاك و رۆحی تەبایی و بەرەیی یەوە پێکەوە بۆ دارشتنی ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی و بەرنامەیەکی کاری پەلە و درێژخایەن کاربکەن و ببنە نموونە و شانازی بۆ کۆمەلانی خەڵك و ببنە جێگەی سەرنج و ستایشی دۆست و دوژمن و گەلانی دنیا .

بەلام بەداخێکی زۆرەوە ، بینیمان سەرکردەکانی بەرە ، وەك نە بایان دیبێ نەباران ، بوونە سەرقاڵی خۆ بەهێزکردن و نفووس پەیداکردن . . . خرکردنەوەی زۆر و بۆر ، ژیاندنەوەی عەشیرەتگەری و ناوچەگەرێتی ، گوێنەدان بە رێکخستن و دیسپلین ، پەك خستنی دام و دەزگا ئیدارییەکان ، ئەوسا فرانفرانی و شرەخۆری و نەمانی یاسا و نیزام و هەوڵدان بۆ زۆرکردنی ئەندام و دەستخستنە ئیش و کاری قوتابخانە و لیژنە سەربەخۆکانەوە . . هتد هاتەئاراوە . دیارە راست نییە تەنیا هەڵوێستی سەرانی بەرە بەهۆی ئەم وەزعە بزانین . . بەلام مادام ئەوان دەوری سەرکردایەتی قبووڵدەکەن و بۆی تێدەکۆشن ، بیانەوێ و نەیانەوێ ، بەرپرسیاری مەعنەوی و سیاسی ئەم بارە شانی ئەوان دەگرێتەوە .

هوشیارانی گەلەکەمان دەپرسن ، مێژووش درەنگ یان زوو دەپرسێ : بۆچی سەرانی بەرە ئەوەندە ئامادەیی خێرا و بە پەلەیان تێدایە باوەش بە جەلادی وەك سەددام و عەلی کیمیاوی و حسین کامل و . . هتد دا بکەن و ئامادەن بە سرپەوچریە و هێمایەك بۆ لای هەر بێگانەیەك بچن ، بۆچی ناتوانن بەرزببنەوە بۆ سەرووی تەما و خواست و هەستی خۆپەرستی و بۆ ناتوانن یاوەش بە یەکتردا بکەن و ببنە نموونە بۆ تەبایی و یەکێتی میللەت ؟ !

ئەمرۆ زۆر رۆڵەی هوشیاری گەلەکەمان گەیشتوونەتە ئەو بروایەی کە ئەگەر لایەنانی بەرە هەستیان بە بەهێزی تەواوی خۆیان بکردایە و بۆیان بلوایە و لە کۆمەلانی خەڵکی سەربەخۆی کوردستان نەترسابانە ، رێگایان نەدەدا کار لەکار بترازێ و ئاگری شەرێکی براکوژی تازە خۆشبکرێ .

بەلام ئەوەی ئەمرۆ جێگەی باوەر و دڵخۆشییە ، ئەو راستییەیە کە لەکوردستاندا بەرەیەکی بەهێز و بەرفراوان هەیە کە ئەویش بەرەی میللەت خۆیەتی . . بەرەی جەماوەری هوشیار و قوربانیدەر و راپەریوی کوردستان ، بەرەی کرێکاران و مامۆستایان و نووسەران و فەرمانبەران ، بەرەی دایکان و خوشکان و مندالانی خۆشی نەدیو . . . بەرەی ئاوارە و دەربەدەر و دوورەولاتەکانی هەندەران . . بەرەی باوەر و بیر و هیوای پاشە رۆژ . . ئەم بەرە فراوانەیە کە سوورە لەسەر ئەوەی وەزعەکە بەهێمنی رابگیرێ و شەری براکوژی نەگەرێتەوە .

## ج- وتوویژ لەگەڵ بەعس :

بەلای ئێمەوە وتوویژ لەگەڵ بەعس هیچ پاکانە و هۆ و پێداویستیەکی عەقلی و ویژدانی و مەعنەوی نەبوو و نییە . تاقە بەڵگەیەك کە تۆزێك عەقڵ بیگرێ ئەوەیە کە لەسەرەتاوەو بۆ ماوەیەکی یەکجار کورت وتوویژ یان ئامادەیی بۆ وتوویژ ، وەك کارێکی تەکتیکی بۆ سوود وەرگرتن لەلاوازی رژێم لەلایەکەوە و بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی ئاوارەکان لە لایەکی ترەوە ، سوودێکی هەبوو ، یان دەشیا هەبیایە ، ئەگەر بەراستی وەك وتوویژی نێوان دوو دژ یان دوژمن بکرایە نەك بەو شێوەیەی کرا و بەپێویستی نازانین باسی بکەین .

لەرووی شێوەی وتوویژەوە ، بەڵگە و ئەزموونی دەیان کێشەی کۆن و تازەی میللەتان ئەوەی دەرخستووە کە وتوویژ بۆ ئەوەی یاسایی بێ و ئەنجامێکی هەبێ و هەڵخەڵەتاندن و ریسواکردنی لایەنی لاواز لەلایەن لایەنی بەهێزەوە نەبێ ، پێویستە :

١- بەرنامەو ئەجندایەکی لەوەپێش و دیاریکراوی هەبێ .
٢- لەولاتێکی بێگانە بکرێ تا لایەنەکان لەیەکتری نزیك دەبنەوە .
٣- لایەنێکی سێیەم بەئاگاداری نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداربێ یان لەژێر سەربەرشتی راستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێ .
٤- زامنێکی دەرەوە ( خارجی ) بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتنەکان هەبێ .
٥- هەردوو لا وەکو یەك حەماسەتیان بۆ وتوویژەکە هەبێ و رایگەیەنن و ئیلتیزامیان پێوە هەبێ .

بەراستی دوای مەهزەلەی وتوویژی یەکێتی نیشتمانی و بەعس ( ١٩٨٣-١٩٨٤ ) گەلی کورد چاوەرێی ئەوەی

نەدەکرد کە هەمان مەهزەلە بۆ ماوەی (١٠) مانگ بە شێوەیەکی خراپتر و کۆمیدی/ تراژیدی تر دووپات بکرێتەوە .. ئەنجامە دیارەکانی وتوویژ لەگەڵ بەعس تا ئێستا ئەمانەی خوارەوەن :

١- پەک خستن و بەتاڵکردنەوەی گەورەترین حەملەی ڕاگەیاندن و پاڵپشتی جیهانی کە بەو فراوانی و چڕی و بەردەوامیە بۆ گەلی کورد کرا و بۆ هیچ گەلێکی جیهان بەشێوەیەکی ئەوا بەردەوام و بەرفراوان و سیستماتیکی نەکراوە . وتوویژ لەگەڵ بەعسدا هەموو ئەمەی هێنایەوە سەر سفر و کوردی لەبەرچاوی گەلانی دنیا ، بەتایبەتی ڕۆژئاوایی ، خست و وەك نەتەوەیەکی (بێ کەرامەتی نەتەوەیی) ناساند .

٢- وتوویژ کۆتایی بەو یارمەتیە ماددییە فراوانە هێنا کە لەلایەن خەڵکی دنیاوە دەدرا بەکورد .

٣- وتوویژ کۆتایی بەو حەملە جیهانییە گەورەیە هێنا بۆ مەحکەمەکردنی سەددام و عەلی کیمیاوی و جەللادەکانی تری بەعس بەتاوانی جینۆساید دژی گەلی کورد .

٤- وتوویژ ئەو ئیحتماڵە گەورەیەی بڕی کە مەسەلەی کورد و ئاوارەکانی کوردستان ببێتە بابەتێکی گرنگی حەملەی هەڵبژاردن لە ئەمەریکا و بەریتانیادا .

٥- سومعە و ئیعتبارێکی بۆ ڕژێمی سەددام گێڕایەوە و بەدزی و بەئاشکرا شەریکە بێگانەکان کەوتنەوە شت فرۆشتن پێی ، تەنانەت چەکیش ، لەرێگای ئەردونەوە .

٦- دەرخستنی بێمانایی بەشداری بەرە لە ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدا و هەڵپەرستیی بەرە و لەدەستدانی هەلێکی گەورە بۆ بتەوکردنی پێوەندی ستراتیژی لەگەڵ شیعەی عیراقدا .

٧- لەدەستدانی دۆستایەتی ئێران دوای پشت بەستن پێی بۆ ماوەی (١١) ساڵ .

٨- نەبوونی هیچ دەستکەوتێك بۆ کورد لەلایەن ڕژێمەوە ، جگە لە سووك کردنی بەرە و سەرکردەکانی ، پەشیمان نەبوونەوەی ڕژێم لە تاوانی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کورد ، کۆکردنەوەی دەسەلات لەدەست ئەو کەسانەی جینۆسایدیان ئەنجامداوە ، ئەوسا بەردەوامکردنی جینۆساید بەشێوەی ئابووری لەرێگای سەپاندنی گەمارۆدانی ئابووری بەسەر کوردستاندا جگە لە بەردەوامی پیلانانەوە و هەوڵدان بۆ پەیداکردنەوەی دەست و پێوەند و بەکرێگیراو و چاوەڕێکردن بۆ خۆبەهێزکردنەوەو دەست وەشاندن لە هەلی لەباردا .

٩- خۆبەستنەوە بەدروشم و داواکاری ریسوابووی " حوکمی زاتی "یەوە ، کە ئەمە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و حکومەتی داهاتووی جێگری سەددامو وڵاتانی دنیا ، مەسەلەی کورد نزم دەکاتەوە و نرخ بۆ قوربانی و خواست و تێکۆشانی مێژوویی جەماوەری کورد دانانێ و دژ بەو ڕەوتە جیهانی و بەربڵاوەی ئەم سەردەمەش دەوەستێ کە گەلان بەگشتی داوای ئازادی و دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ دەکەن و بەئاسانی ئەم ئامانجە بەدی دێنن .

### د- فەشەلی بەرە لە ئیدارەی کوردستاندا :

بەرە تاقیکردنەوەی لەکاری پێشمەرگایەتیو ڕێکخستنێکی تەسکی حیزبیدا هەیە ، بەڵام هیچ تاقیکردنەوەیەکی لە بەڕێوەبردنی دام و دەزگای ئیداری و دەوڵەتیدا نییە .. ئەمە خۆی لەخۆیدا هۆکارێکی سەلبی نییە ، چونکە دەکرا بەرە خۆی بۆ ڕێبەرایەتی سیاسی و کاری سەرکردایەتی و دیبلۆماسی و پێوەندی دەرەوە تەرخانکا ، بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و دەزگا ئیداری و کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەو شارەزا و کارزانانە بەجێبێڵێ کە لەو مەیدانانەدا کاردەکەن یان کاریان کردووە ؛ هەڵەی بەرە لە تێکەڵکردنی چوار شتی خاوەن سروشتی جیاواز و تایبەتیدایە :

١- کاری سیاسی/ حیزبی .
٢- بەڕێوەبردنی ئیداری .
٣- بەڕێوەبردنی ئابووری .
٤- دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش .

دیارە تەنیا کاری یەکەم لەرێگای کاری حیزبیو سیاسی ڕاستەوخۆ و دروستکردنی لیژنەی سەر بەحیزبێك یان بە بەرە ئەنجام دەدرێ . بەڵام دروست بوونی لیژنەیەکی بەرە لە هەر شار و شوێنێك بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەمانە ، بێگومان تەنیا دەبێتە هۆی ئاژاوە و بێسەروبەری و تێکچوونی شیرازەی ئیدارە و ڕێکخستن ، چونکە بەڕێوەبردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نیزام وئاسایش ، کەسانی شارەزا و کارزان و خاوەن شارەزایی و ئەزموونی تایبەتی دەوێ ، گەلەکەشمان سەدەها کادری شارەزای تێدایە کە پێویستە بێگوێدانە لایەنگیری حیزبی یان سەربەخۆیی و بێلایەن بوونیان ، وەك شارەزا کاریان پێ بسپێردرێ نەك وەك نوێنەری حیزبی و کادری بەرە .. بەڵام بەداخەوە لەو بارانەشدا کە کۆمەڵانی خەڵك لەمەر کەرتێکی ئابووری یا بوارێکی کۆمەڵایەتی و خەیریدا بێ ،

خۆیان لیژنەی سەربەخۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری خۆیان یان خەڵك دروست کردبێ ، حیزبەکانی بەرە لە جیاتی پشتگیری ئەو کارانە و هەوڵدانی زۆربوونی نموونە و بەهێزبوونی کاریگەرییان ، هەوڵیان‌داوە خۆیان بخەنە ناو ئەو لیژنانە یان کاریان لێ‌بکەن‌و بەلای خۆیاندا رایانبکێشن .. تەنانەت دەزگا بێگانە یاریدەدەرەکانیش لە هەوڵی راکێشان بەلایەکدا دوورنەبوون ..

بەڕێوەبردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بنیاتنانەوەی کوردستان و نەخشەکێشان بۆ پێشکەوتن و پاشەڕۆژ کارێکی زانستیە و هەوڵی سەدان کارزان‌و پیشەزان و شارەزای بوارەکانی زانستی و تەکنیکی و کاری پراکتیکی هەیە... بەرە وەك رێبەر و خەمخۆری گەل پێویست بوو ئەو بەهرە و ئیمکانیات و توانست و زانستانە بخاتە گەر کە رۆڵەکانی گەل هەیانە و حەملەیەکی گەورەشی بکردایە بۆ راکێشانەوەی خاوەن قابیلیەتەکان لە ولاتانی ئەوروپی و ولاتانی تری دەرەوە بۆ کوردستان بۆ بەشداری لە ئەرکی پیرۆزی بنیات نان و دامەزراندن‌و پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستاندا .

## هـ - دزی و تالان و شڕەخۆری :

بڵاوبوونەوەی دیاردەی دزی و شڕەخۆری‌و فرۆشتنی مەکینە و ماشێنی دەوڵەت ، بەتایبەتی ئامێری گرنگی وەك شۆفڵ و بلدۆزەر و گرێدەر و ماشێنی جۆراوجۆر وئیسعاف و کەلوپەل و ئالاتی خەستەخانە... هتد ، کە ئەمانە تەنیا بە( دراوی فورس - دۆلار ) دەکردرێن و پێویستی سەرەکی و جەوهەرین بۆ بنیات نانی ژێرخانی هەر کۆمەڵگایەك ..

ئەم دیاردەیە لەکەیەکە بە ناوچەوانی بەرەی کوردستانییەوە و هەروەك لە خوارەوە باسی دەکەین : گومانی نییە وەزعێکی ئابووری زۆر سەخت و ناخۆش لە کوردستاندا هەبووە و هەیە. لەئاست برسێتی و گرانی و بێ ماڵیدا ، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ زۆر کەس بەشێوەی عەربزی هەرچی دەکەوێتە بەردەستیان بیبەن بۆ دابینکردنی سەرچاوەیەکی ژیان بۆ منداڵ و کەس وکاریان . واتە: لەسەر ئاستی تاکەکەس، یان کۆمەڵە خەڵکێکیش - بۆ ماوەیەك - بوونی ئەم دیاردەیە شایانی تێگەیشتنە و سەیر نییە . بەڵام لەکاتێکدا دیاردەی تالان‌کردنی ملکێتی نیشتمانی دەبێتە سیاسەتێك و بەرە دەیکات، ئەمە جێگەی داخ و بێ‌هومێدی و شەرمەزارییە . لەکاتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵانی خێرخوای بێگانە لە ناو کوردستان بوون بۆ یارمەتی ئاوارە و لێقەوماوان . هەروەها ئەو پارەیەی لەفرۆشتنی ئەو بابەتانەی ملکی هەموو میللەتن دەست دەکەوت بۆ دالدەدان و بەفریاکەوتنی دەربەدەر و ماڵوێرانەکان بەکارنەدەهێنرا و بەکارناهێنرێ ، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندکردنی هەندێ کەس و تاقم لەسەر حیسابی دزینی ماڵی هەموو میللەت .

بەرەیەك کە وەك حکوومەت رەفتار دەکا و تێدەکۆشێ ببێتە حکوومەت و دەسەلات وەرگرێ لە کوردستان ، چۆن دەبێ ئاوا رەفتار بکا ؟ چۆن دەبێ ئەو تێگەیشتنەی نەبێ کە گیروگرفتی سەختی کوردستان گیروگرفتی ئابوورییە و ئەوەش بە فرۆشتنی بلدۆزەر و تراکتۆر و مەکائینی دەوڵەت نەك هەر چارەسەر نابێ ، بەڵکو رێگای چارەسەری لێ دەگیرێ و لەمەودای دوورا کۆمەڵگای کوردستان زیاتر بەقووڕدا دەچێ و شپرزە و لێقەوماو دەبێ ؟! ئایا سەرانی بەرە نەیان دەتوانی هەست بەمە بکەن و یەکەم کاری گرنگ‌و داهێنەرانەیان ئەوەبێ بڕیارێکی توند دەرکەن و فرۆشتنی ئەو مەکینە و بابەتە ستراتیژییانە قەدەغە بکەن ؟!

لەلایەکی‌تریشەوە ، دیاردەی گومرگ‌و بەردەوامی ئەم تالانکارییەی ملکی میللەت وای‌کردووە (پێشمەرگە) بەها و بایەخی پێشمەرگایەتی لەدەست بدا و لەجیاتی ئەوەی نازەترین مەشق بکا و رێکوپێکترین و جەربەزەترین سووپای جەنگاوەر پێك بێنێ و بەپەتوترین بیروباوەڕەوە خۆی بۆ تەحەددای پاراستنی ئازادی کوردستان ئامادە بکا ، لەجیاتی ئەمە پێشمەرگەی دڵسۆز وای لێکراوە خۆی لەبەرچاو بکەوێ و ئەوانەش کە هەلپەرستن خواخوایان بێ ببنە لێپرسراوی گومرگ یان چاودێر لە سەیتەرەکان و دەستیان لەشتێك لەو تالانییە گیربێ ؟! ئەمە بۆ ؟ تا کەی ؟ لەخزمەتی کێدا ؟! ئێستا نەك تەنیا کۆمەڵگای کورد خۆی، بەڵکو دەزگای راگەیاندنی بەعس و رۆژنامەنووسانی جیهانیش باسی ئەم دیاردەیە دەکەن .

## و- سیاسەتی دەرەوە و چالاکی‌و راگەیاندن :

ناکۆکی شەخسی و حیزبی هەر زوو لەسیاسەتی بەرە دەربارەی شێوەی چارەسەرکردنی وەزعەکە رەنگی‌دایەوە . رۆژنامەنووسانی بێگانە - بۆ نموونە رۆژنامەی Observer - هەر زوو ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی ، بەتایبەتی سەرکردەکانیان ، راگەیاند . جگە لەمەش بەهۆی مفاوەزات

لەگەڵ بەعسەوە هەرچی چالاکی بەرە هەیە لە دەرەوە ڕاوەستا .. هەر وەك بەعس بووبێتە یەکەم دۆست و پشتیوانی کورد .. مەسەلەی کورد کە دووری و مەودا و گرنگییەکی جیهانی گەورە لەدوای شەڕی کەنداوو تەقینەوەی مێژوویی جەماوەری کوردا بەدەست هێنا ، دیسانەوە لە ڕێگای لێدوان و تەسریحاتی لایەنەکانی بەرە خۆی بە ( مەسەلەیەکی ناوخۆیی ) ناویردرایەوە کە تەنیا بەوتوویێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەغدا و بەدەست هێنانی باوەڕی سەددام و عەلی حسین مەجید - پاڵەوانانی جینۆساید لە کوردستاندا - چارەسەردەکرێ و با دەرەوە زۆر خۆیانی تێ هەڵنەقورتێنن ؟! ئایا ئەمە سیاسەتە، تەکتیکە ، ساویلکەییە یان گومڕایی ؟!

ئایا سەیرنییە دوای چوار مانگ ئابلۆوقەدانی ئابووری لەسەر کوردستان ، کە بریتییە لەبەردەوام بوونی جینۆساید بەشێوەی ئابووری ، هیچ چالاکییەکی بەرە لە ئەوروپا و دەرەوەدا دژی ئەم تاوانە نەکرێو سەرنجی دنیای بۆ ڕانەکێشرێ ؟ یا ئەمە نەکرێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی سیاسی و ئیداری و ئابووریی کوردستان و بەرپاکردنی کەمپەنێکی فراوان بۆ ناسینی ئیدارەی سیاسی سەربەخۆی کوردستان لەلایەن جیهانەوەو پێوەندی ئابووری سەربەخۆ بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و بوژاندنەوەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ڕێك بخرێ ؟!

بۆ بەرە تائێستاش پشت بە یەك دوو کەسی سەر بەو حیزب و ئەو حیزب ببەستێ بۆ ڕاگەیاندن و پێوەندییە دەرەوەیی‌یەکان کە ڕەنگە توانایەکی زۆر کەمو بەسنووریان هەبێ ، لەکاتێکدا دەیان پسپۆڕ و ڕووناکبیر و لێزان و کارزان ،کە لەئەوروپادا خوێندنیان تەواوکردووەو شارەزای شێوەی کار و سیاسەت و دیبلۆماسیەتی جیهانین و هەر یەکە لەشوێنی خۆیەوە کەم یان زۆر کاریان بۆ خزمەتی کوردستان و یاریدەی ئاوارەکان کردووە ،پشت گوی بخرێن و بەگومان و ترسەوە سەیری هەوڵو تێکۆشانیان بکرێ ؟!

بۆچی تێکۆشانی کۆمەڵە خوێندکارییەکان هاتۆتە سەر سفر ؟! بۆ بەشێوەیەکی سەلبی دەست خراوەتە ( دەست دەخرێتە ) ناو کاری ئەو مەڵبەند و ڕێکخراوە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگاییانەی لە ئەوروپادا دامەزراون و لەڕێبازی کاری ڕاست و کاریگەر و سەربەخۆ لادەدرێن ؟!

بەکورتی ، بۆچی حیزبەکانی بەرە لەم سەر ئاسۆیەی سەدەی بیست و یەکدا وەك حیزب و خێڵ و تاقم و بنەماڵە ڕەفتار دەکەن ، نەك وەك ڕێبەر و نوێنەری گەلێکی قوربەسەر و چەوساوە و ژێرپێدراو کە تازە سەری لە تووتێلی قەلاچۆکردنی نەژادیی هێناوەتەدەر ؟!

### ه- هۆی بابەتی باری ئێستای کوردستان :

ئەو ڕەخنانەی سەرەوەمان لە بەرە بەنیازی شکاندن و سووککردنی بەرە یان هەر حیزبێکی بەرە یان هەر سەرکردەیەکی بەرە نییە ، بەڵکو لەپرنسیپی ئاشکراگۆیی و ئازاگۆیی و ڕاستگۆیی لەلایەکەوە و دۆستایەتیو دڵسۆزی بۆ بەرژەوەندی گشتی میللەت بەپێویستی دەزانین چیتر لەم هەڵە و ناتەواوییانە بێدەنگ نەبین .. بێدەنگ بوون و سازش و ماستاوکردن دڵسۆزی نییە بۆ کورد .. دڵسۆزی نییە بۆ بەرەش ، بەڵکو گاڵتەکردنە پێی .. هەروەك بە ڕاستی بۆ بارێکی ئاوا وتراوە : " دۆست ئەوەیە دەتگرێنێ ، دوژمن ئەوەیە پێت پێدەکەنێ ". هەروەها مەبەست لەو ڕەخنانەی سەرەوە ئەوەش نییە کە بڵێین هەموو تاوانێك لە ئەستۆی بەرەیە و گەر ئەوان چاك بوونایە هەموو شتێ بۆ خۆی چاك دەبوو .. باری ئەوەندە ناخۆش و نالەبار و ئەرکی ئەوەندە سەخت بەرەو ڕووی کورد و بەرە بوونەتەوە : کە چارەسەرکردن و لێدەرچوونیان بەرەو بارێکی تازەو کار و بنیات نان کارێکی ئاسان نییە .. بەڵکو تەحەددایەکی مێژوویی گەورەیە کە دەبێ وەك نەتەوە قبووڵی بکەین و وەك نەتەوەش وەڵامی بدەینەوە ...

ئەو هۆکارانەی وەزعەکەیان تارادەیەکی زۆر لەشیرازە بردووە ، بەکورتی ئەمانەن :

### یەکەم/ باری ئابووری :

هیچ دەوڵەتێك ، پێشکەوتووترین دام و دەزگا و دامەزراویشی هەبێ ، بەبێ ئابوورییەکی بەهێز، یان نیمچە بەهێز، بەڕێوە ناچێ .

لە ئەنجامی (٧٠) ساڵ داگیرکردنی بێگانە و سی ساڵ شۆڕش و ١٥ ساڵ شەڕی قەلاچۆکردن دژی گەلی کوردستان ، ئەوەی ئەمڕۆ لەخوارووی کوردستان ماوەتەوە کوردستانێکی کاول ، بێ ئابووری ، بێ بازاڕی سەربەخۆ، بێ سنعەت و سەرمایەی میللی، بێ ژێرخان - جگە لە ڕێگە و بان - . گوندەکانی کوردستان کە سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆ و کولتووری ڕەسەنی کورد بوون ، تەخت کران .. ڕژێمی شۆڤێنی عەرەب سیاسەتی ئیبادەی

لەکوردستاندا پیادەکرد .. ئاژەڵ و مەڕوماڵات و ڕەز و باخ و کێڵگە و ئاو و کانی .. هەمووی قڕانکران و کوێرکرانەوە : هەموو جۆرە دەرکەوتنێکی ژیانی سروشتی و ئادەمیزادی لەکوردستاندا قەدەغەکرا .. کۆمەڵانی کورد وەک ئاژەڵ لە ئۆردوگای کۆیلەگەریدا خرکرانەوە ... بەکورتی کوردستان ئابووری ڕەسەن و ژیانی ئاسایی لەدەست داو بووە کورستانێکی گەورە کە بۆنی مەرگی لێدەهات ، کە هەموو دەمارێکی ژیانی تێدا بردرا یا سڕکرا ، کە کوشتن و بڕین تێیدا بووە تاقە هۆیەکی ژیان و دەرامەت و دەوڵەمەندبوون .

لەپاڵ ئەمەشدا ، لە ئەنجامی پەرمەندنی دارایی عیراق لە حەفتاکاندا و لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی پارەی بەعس لەکوردستاندا بۆ مەبەستی کۆلۆنیالکردن و بە جاش کردن و تەعریب و تەبعیسکردن ، پارەیەکی زۆریش لە کوردستاندا لەدەستی کۆمەڵێ خەڵکدا خربووە ، کە ئەو پارەیە تا ئێستاش ماوە و لەتەک دزی و تالانی دوای ڕاپەڕینەکەشدا بۆتە هۆی دابەش بوونی کۆمەڵگای کورد بە دەستەیەکی دەوڵەمەند و پارەدار و زۆربەیەکی بێ سەرچاوەی ژیان و دەرامەت، بەتایبەتی کرێکاران و مووچەخۆرانی دەوڵەت .

### دووەم/ باری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی :

هەر لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە، لەبەر خرکردنەوەی خەڵکی کورد لەئۆردوگانی دوژمندا و بڕینی هەموو هەلومەرجێکی ئاسایی دابینکردنی ژیان و دەرامەت ، بڵاوبوونەوەی بێکاری و برسێتی ، سەرباری ترس وتۆقاندن و ڕیسواکردن ، هەموو ئەمانە شیرازەی کۆمەڵایەتی کوردەوارییان تێکدا و بنچینە و هەلومەرجی ماددی مان و بەردەوامیان نەما . بوون بەجاش و جاسووس و بەعسی ، بەتایبەتی دوای ١٩٨٨ بۆ زۆر کەس بوو بەکارێکی ناچاری یا ئاسایی .. دوژمنی داگیرکەر بەپێی نەخشەی کۆلۆنیالیانەی گڵاوی خۆی خەڵکی فێری فەساد و دزی و بەرتیل خۆریکرد .. تەنانەت ئەو کوردانەی ئاوارەبوون و لە ئۆردوگاکانی ئێراندا بوون ، ئەوانیش لەفێرکردن و سەپاندنی دزی و ناپاکی و بەرتیلخۆری و فەساد دەربازنەبوون .. چونکە هێزە سیاسیەکانی کورد هیچ کاتێ ئەو هێزە یان ئەو ئازایەتییەیان نەبووە بەرگری لە مرۆڤی دەربەدەری کورد بکەن یان لەبێناوی خەڵکی ئاوارەی کوردا دڵی کاربەدەستان برەنجێنن !!

لەهەردوو سەرەوە ، فەسادی کۆمەڵایەتی بووە شتێکی ناچاری ژیانی کۆمەڵگای ژێردەستە و لێقەوماوی کورد .. مرۆڤی کورد لەمرۆڤێکی ڕەنجدەر و تێکۆشەر و بنیات نەری سەربەرز و خاوەن کەرامەتەوە کرا بە مرۆڤێکی بێکار و بێهەست و بێمەبەست و پاشەڕۆژ کە هەموو ئاسۆی ژیانی پڕبوو لە ڕەشایی ئەدەر و هەوری ترس و ناهومێدی ..

داگیرکەران لەڕێگای ئەم سیاسەتەوە، ویستیان شەخسیەت و نەفسییەتی کورد بشکێنن ، ڕەزیل و ڕیسوای بکەن ، وای لێبکەن دیلێتی و کۆیلایەتی قبووڵ بکا و خۆی بیبێتە داردەست و ئامرازی لەناوبردن و ڕووخاندنی خۆی و هەرگیزاوهەرگیز بیر و هەستی ئازادی و ئازادبوونی نەتەوەیی بەمێشکیدا نەیەتەوە.

گەرچی ڕاپەڕینی ئازار بەشالاوێکی شۆڕشگێڕانە هەموو ئەم هەلومەرجانەی ڕامالی ، هێشتا ترسی ژیان و پاشەڕۆژو نەبوونی هیچ دەسکەوتێکی بنیات نەرانە لەلایەن بەرەوە ، وای لە زۆر کەس کردووە لەم جوغزی ترس و هەلپەرستییەدا بمێننەوە و بۆ خاتری خۆژیاندن و خۆپاراستن خۆیان بەم بەو هەڵواسن نەک بەشێوەیەکی مەبدەئی ڕێکخراوەیی ڕێک و بەرنامەکراو بۆ درووست کردنی کۆمەڵگای نوێی ئازاد پێکەوە تێبکۆشن .

### سێیەم/ بۆشایی و هەژاریی فیکری :

لە ئەنجامی داگیرکردن و سەپاندنی پەروەردە و خوێندنی داگیرکەران و ئایدیۆلۆژیەتی تەعریب وتەبعیس ، بۆشایییەکی ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری گەورە پەیدابوو .. کوردستان لەدنیا داخرا و بوو بەمۆڵگەی تاوان و کوشتن و بڕین .. بیر و کولتووری ڕەسەنی کوردی پاشەکشەیان کرد و دەورێکی کاریگەریان نەما .. نەوەی تازە لەمیراتی خۆی دابڕدرا .. ئەو بۆشایییە فیکرییە لەلایەکەوە بە ئایدیۆلۆژیەتی عیراقچێتی و بەعسیزم و لەلایەکەوە بەهەندێ بیری شێوا و هووچەڵی مارکسیزم یان مارکسیزم - لینینیزم " لەلایەن هەندێ گەنجەوە " هەوڵی پڕکردنەوەی دەدرا . دابڕان لەدنیا و گۆڕانە خێراکانی [ وەک لەبناغەوە ڕاتەکاندنی شیرازەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی جیهانی دوای شەڕی جیهانی دووەم ( دیواری بەرلین ،ئەورووپای ڕۆژهەڵات، یۆگوسلاڤیا )ئەوی بناغەکانی دوای شەڕی جیهانی یەکەم (پارچەپارچەبوونی یەکێتی سۆڤیەت ) و گۆڕانە ئابووری و سیاسیەکانی ئەورووپا و ئەمریکا .. هتد ] بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای کورد لە جوغزێکی تەسکی

هەواڵنامەی کتێب

دواکەوتنی فیکریدا بمێنێتەوە و هیچ ڕوانگە و بیرێکی نوێ نەیەتە ئاراوە کە بەرژەوەندی و ڕێباز و پاشەڕۆژی کۆمەڵگای کورد لەبەر تیشکی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە بەشێوەیەکی دنیابینانە و دووربینانە لێک بداتەوە . دواکەوتنی بیری سیاسی ڕێکخراوی سیاسی کورد لەوەدایە لەکاتێکدا ئەم هەلە زۆر ناسک و دژوارانە پێویستیان بە یەکگرتنێکی خێرا و داڕشتنی ئیستراتیژیەتێکی سیاسی یەکگرتووی کورد و نوێنەرایەتی یەکگرتوو هەبوو و هەیە ، لەم کاتەدا هێشتا دوای ئەو هەموو قوربانی و ئیبادەبوونە، ڕقەبەرایەتی شەخسی و هەوڵدان بۆ سەپاندنی زەعامەتی بۆش و خێڵچێتی ڕێگای لە بەرقەرابوونی هیچ هەوڵ و بیر و ڕوانگەیەکی نوێ گرتووە . .

لەلایەکی کەشەوە، بەدیلی فیکری و سیاسی بۆ بەرە و سەرکردە تەقلیدییەکان نەبووە و بەم زووانەش نابێ . . ئەمە چ لەبەر دواکەوتوویی کۆمەڵگای کورد خۆی، چ لەبەر ئەو بۆشاییە فیکری و کولتوورییەی لەسەرەوە باسمان کرد . بۆ نموونە ، شوراکان کە لەسەرەتاوە دەورێکی باشیان بینی و دەکرا نموونەیەکی سەرکەوتووی خەبات و تێکۆشانی جەماوەری و هەرەوەزی پێشکەش بکەن ، لەبەر نەبوونی ڕوانگەی فیکری واقیعی و بەرنامەی ڕاست ، هەر زوو شکستیان هێنا . . دەرکەوتنی " ڕەوتی کۆمۆنیست " و " هەستەی سۆسیالیست" بەو بۆچوونە ئایدیۆلۆژییە ساوا و دواکەوتوو و بەلاکەوتووە، نیشانەیەکی ئاشکرای بۆشایی و پووچەڵی فیکری باوی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردە . . لەکاتێکدا دوو ملیۆن کورد لە ژێر هەڕەشەی لەناوچووندا بوون - ئێستاش - و تەنیا خۆتێکەڵاندنی هێزەکانی خۆرئاوا بووە هۆی وەستاندنی جینۆسایدی عیراقی و نەهێشتنی گەڕانەوەی سوپا و دام و دەزگای کوشندەی بەعس، لەو کاتەدا ئەو گرووپانە درووشمی " دژی ئیمپریالیزم "یان بەرز دەکردەوە . . لە کاتێکدا خەڵک بێکار و بێ نان و ژیان کەوتبوونە گۆڕێ ، ئەوان داوای "٣٧ سەعات " کاریان دەکرد . . لەکاتێکدا بیروئایدیۆلۆژی و سیستمی کۆمۆنیزم لەهەموو دنیادا هەرەسی هێناوە و هەموو حیزبە کۆمۆنیستییەکانی دنیا ، تەنانەت هی وڵاتانی ئەوروپیش وەک ئیتالیا و بەریتانیا ، ناوی خۆشیان گۆڕی و دەمێکە درووشمی وەک "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا " چۆتە ناو مۆزەخانەی- شێتخانەی مێژووەوە ، کەچی ئەوان تازە بەتازە داوای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەکەن ؟! لەکوێ؟ لەکوردستاندا . . کە هەڵبەتا لە ئەوپەڕی دواکەوتنی پێشکەوتنی سەرمایەداریدایە !! بە ڕاستی میللەتێکی گوناحین !!! . . . لەکاتێکدا میللەتی ئێمە حەفتا ساڵە بەزۆر بەعیراقەوە بەستراوەتەوەوشۆڤێنیزمی عەرەب ساڵ لەدوای ساڵ دڕندانەتربووە - تا گەیشتە باری ئیبادەکردنی نەتەوەیی و ٢٠٠,٠٠٠ مرۆڤی کوردی لە ئەنفالدا زیندەبەچاڵکرد ، کەچی تازە بەتازە ( پاڵەوانی فیکری ) بانگاشەی عیراقچێتی دەکەن !!

بۆ بەرهەڵستی ئەم بۆشاییە فیکرییە، ئەرکی یەکەمی سەرشانی هەر ڕووناکبیر و خوێندەوارێکی کوردە لەپرۆژەی زیندووکردنەوە و داڕشتنی بیری نەتەوەیی ڕەسەن و پێشکەوتنخواز و مرۆڤپەروەرانەی کوردیدا چالاکانە بەشداری بکەن و باوەڕبوون بەئازادی بێ قەید و شەرتی مرۆڤی کورد و مافی ژیانی بەئاشتیانە و ئاسایش و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی لەخاکی خۆیدا بکەنە بنەمای سەرەکی ئەو بیرە و داڕشتنی شێوەی پێوەندی لەگەڵ دۆست و دوژمندا . . .

## ٦- چار چییە ؟!

ئەمرۆ نەتەوەکەمان لەسەر دوو ڕێیانی هات ونەهاتدا وەستاوە . بۆ یەکەم جار لەمێژووی دوور و نزیکدا ، دیلێتی و کۆیلایەتی خستۆتە ژێر پێ و کەرامەتی نەتەوەیی خۆی سەندۆتەوە . . .

ئێمە بە لەشێکی پڕ زام و برینەوە، بەمێژوویەکی پڕ خوێن و شەهیدەوە ، لەسەرمانە گەورە و بچووک ، پڕ بە مەزنیی ئەرکی مێژوویی ڕاچەنین . . ڕاچەنین و بیر و ویژدانمان لەهەموو بەڵە و گەردێکی خۆپەرستی و تەسک بینی و هەلپەرستی پاک بکەینەوە . . . دنیا هەموو ڕۆژ ئەو هەلەی ئەمرۆمان نادات ، لەهەموو هەورێک باران نابارێ ، بەو خاتری ئێمەش مێژوو چەق نابەستێ و ناوەستێ . .

ئەمرو دنیا و مێژووی تازەمان چاوەڕێی ئەوەیە داخۆ کورد چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە مێژووییانە دەداتەوە :

- ئایا کورد شایستەی ئەوەیە ئازاد بێ ؟
- ئایا دەتوانێ ئەو ئازادییە بپارێزێ کە هەیەتی ؟
- ئایا دەتوانێ بێ زیندان و ئەشکەنجە و ئازار و قامچی و قەلاچۆکردنی داگیرکەرانی بژیا ؟؟
- ئایا دەتوانێ بەبازێکی مێژوویی- پاڵنراو بەهێزی هۆش و وزەی ویژدان و هەستی لێپرسینەوە بەرامبەر نەوەکانی داهاتوو-لە جوغزی دواکەوتنی خێڵچێتی و ناوچەگەری و خۆپەرستی بێتەدەر و، کۆمەڵگایەکی شارستانی مۆدێرن و دیموکراتی دروست بکا ؟!

- ئایا دەتوانێ خۆی خۆی رێك بخا و ئیدارەی خۆی دامەزرێنێ و خۆی حوكمی خۆی بكات ؟!

وەلامی ئەم پرسیارە ئەركی تەنیا سەركردەكان و حیزبەكان نییە، ئەركی هەموو كوردێكی خاوەن ویژدان و شەرەفە، ئەركی سەرشانی گەورە و بچووك، ژن و پیاو، پیر و مندالە. ئەركێكی نەتەوەیی یە.. هەموو كوردێك لە هەموو بەشێكی كوردستاندا لێپرسراوە لێی.

**هەنگاونان - بیر، كار، رەنجی بێوچان :**

**ڕوانگەی كار:**

مرۆڤ بیردەكاتەوە.. بیرەكانی رێگەی كاری بۆ دادەنێن.. هیچ خانوویەك بنیات نانرێ كە پێشەكی لە مێشكا نەخشەی بۆ دانەندرێ و رێژە و قەوارەی نەخرێتە سەر كاغەز.. هیچ پرۆژەیەك بە ئەنجام ناگەیەندرێ گەر لەپێشدا شێوە و بەرنامەكەی ئاشكرا نەبێ.

دیارە ئەمڕۆ پرۆژەیەكی نەتەوەیی گەورەمان لەپێشە. دیارە كارێكی ئەستەمە - گەرچی موستەحیل نییە. گەرهەموو كەسێك و هەر كەسێك بیرورا و بۆچوونی وەكوو یەكی دەربارەی چۆنێتی و چییەتی ئەو پرۆژەیە هەبێ.

بۆیە بەر لەوەی پرۆژەكە دەستتیشان بكەین، دەبێ رێگای درووست بوونی هاوبیری و تەبایی و هەنگاوی راست بەرەو نەخشاندن و دارشتنی كارنامەی پرۆژەكە دیاریبكەین.

**١- تەبایی.. ئاخاوتن.. دیموكراسی :**

لەسەرەتاوە گرنكە ئەم خالە سەرەتایە بسەلمێنین. هەرگیزاوهەرگیز ناگەرێینەوە بۆ شەری براكوژی. دوژمنان ئەوەندەیان كوشتووین.. ئەوەندەیان بەیەكتر بەكوشت داوین كە بەرگەی خۆكوشتن و براكوژی دیكە ناگرین...

دەبێ ئاشكرای‌كەین بۆ هەموو لایەك، بۆ ئەوانەی ختووكەی شەری خۆكوژییان هەیە: رێگایان نادەین دەم بخەنە ناو خوێنی مندالەكانمانەوە.

چەكی كورد - حەرامە - دژی كورد بەكاربێ.. تاوانە، بێ شەرەفییەكی لەئەندازە بەدەرە، برابرا بكوژێ.

دەبێ نەهێلین دوژمن ئەو تۆرە دانێتەوە كە جارێكی دی كۆرپەی كورد بەقولایی شەری براكوژییەوە بنێ.

تاقە رێگاش بۆ زامنكردنی ئەم ئامانجە: رەچاوكردنی دیموكراسییە.. لەرێگای دیموكراسییەوە كە گەلانی خۆراوا، كۆمەلگای شارستانییان دامەزراندووە و ئازادی‌بێ‌سنووریان بۆ هەموو تاكێك زامنكردووە و هەموو كەسێك یەكسانە بەرامبەر یاسا و نیزام.

سەرەتای دیموكراسی قبوولكردنی ئاخاوتنە، وتوویژ، حیوار:

قسە جێگەی گوللە بگرێتەوە. قەلەم جێگەی تفەنگ بگرێتەوە. كۆبوونەوە و كۆنفرانس و خۆپیشاندان جێگای شەر و مەیدانی جەنگ و كوشتار بگرێتەوە. دەنگدان جێگای دیكتاتۆریەت بگرێتەوە. شەرعییەت جێگای هێزی ستەمكەر بگرێتەوە.

قبوولكردنی دیموكراسی و ئاخاوتنی دیموكراتی خۆی گۆرانە: گۆرانێكی كۆمەلایەتی شارستانی مەزن بۆ پێشەوە.. كۆمەلگاكەمان بۆ ئەم گۆرانە ئامادەیە. كۆمەلگاكەمان پێویستی بەم گۆرانە هەیە. هیچ بەدیلێكی تر نییە.. جگە لەوەی وەك درندە دەم بنێینە ناو جەرگ و سیپەلاكی یەكترەوە. بۆیە هەنگاوی یەكەم: هاواری بێوچانە بۆ دیموكراسی. هوشیاركردنەوەی جەماوەرە بۆ قبوولكردن و پیادەكردن و پەتەوكردنی دیموكراسی. گۆرینی دیموكراسییە بۆ حەقیقەتێكی كۆمەلایەتی، سیاسی، ئایدیۆلۆژی. بەبێ دیموكراسی: ناتوانین خۆمان ببینین، دەردەكانمان تێبگەین، چارەسەرییەكان بدۆزینەوە، بەرامبەر مەترسی دەرەوە بوەستین.. ناتوانین بیسەلمێنین كە مافی ئازادی و ژیانی ئازادانەمان هەیە.

نووسەران، رووناكبیران، مامۆستایان، خوێندەواران ببنە پێشرەو، مەبنە سەیركارێكی سەلبی رووداوەكان. كات بەخێرایی دەروا.. گۆرانەكانی دنیا بەخێرایی‌یەكی بێ‌ئەندازە روودەدەن. دەرفەت لە دەست مەدەن.

پاككردنەوەی مێشك و دەروونی رۆلەكانمان لەكولتووری بەعسیزم و بیروبۆچوونی شۆڤێنیزمی داگیركەر، جەنگان بەرامبەر هەلبەی خۆپەرستی و خۆویستی وخۆدەولەمەند كردن لەسەر حسیابی بەرژەوەندی و باشەرۆژی نەتەوە، زامنكردنی پەرەسەندنی سیاسی ساغ و درووستی‌كۆمەلگای كورد دوور لەبۆچوونی عەشیرەتگەری و ناوچەگەرییانە، گێرانەوەی خەسلەتی كوردانەی رەسەن - خەسلەتی كاری هەرەوەزی و هاودەنگی و هاوخەباتی و زیاندنەوەی دەنگی ویژدان و خەمخۆری بۆ خێزانی شەهیدان و هەژاران و پەشیمان‌بوونەوە لەكاری خۆپەرستانە و خزمەتكردنی دوژمن... ئەمانە و زۆر ئامانجی تری لەم چەشنە، پێویستی بە بەرپاكردنی حەملەیەكی رۆشنبیری فراوانە - كەنووسەران و هونەرمەندان و مامۆستایان و قوتابیان بەشداری تێدا

بکەن لەژێر چەند دروشمێکی نەتەوەیی پێشکەوتوودا.. بۆ پاراستنی ئازادی گەل، پاراستنی ئاسایش و تەبایی نیشتمانی، رێزگرتنی یاسا و نیزام، بیرەوکردنی دیموکراسی و ئازادی بیروڕا، بەدیهێنانی ئازادی نەتەوەیی - دروست کردنەوە و بنیات نانەوەی کوردستان، گۆڕینی کوردستانی ئازاد بە بەهەشتی سەرزەمینی.. هتد. با بەبیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك، ئایدیال و خەونی مەزن مەعنەویاتی خەڵك بەرزبکەنەوە و حەماس و هەستێکی گەرم بگێڕنەوە بۆ خەونە شپرزەکان، هیوا ماتەکان، ئاواتە نووستووەکان.

پێویستە خاوەن قەڵەم و خاوەن بیرەکان ببنە هێزێکی سیاسی گەورە و حیزبەکان و سەرکردەکان حیسابی بۆ بکەن و رێگە نەدەن هیچ کاتێ ئەوانە لەئیرادەی میللەت لابدەن و لەپێناوی - خوانەخواستە - هیچ مەبەستێکی خۆپەرستانەدا گەلەکەمان لە مەودایەکی نزیك یان دووردا تووشی هەرەسێکی نەتەوەیی تر بکەن.

پێشرەویتی لە خەبات کردن بۆ سەلماندنی دیموکراسی و تەبایی و ئاخاوتن و ئایدیالی نەتەوەیی نوێ: ئەرکی سەرشانی هەموو رۆشنبیرێکە.

## ٢- لەئاستی سیاسی‌دا:

دیموکراسی هیچ دەورێکی عەمەلی نابێ گەر نەگۆڕدرێ بە راستییەکی سیاسی: بە سیستمێك بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی شەرعی. بۆیە هەموو خەمخۆرێکی گەل داوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکا. بەڵام بەر لەمەش زۆر هەنگاوی پێویست هەبوون کە دەبوو بنرێن.

بەرەی کوردستانی دەسکەوتێکی مێژوویی گەورە بوو. جێگەی داخە کە تائێستا تەنیا چوارچێوەیەکی رێکخراوەییە و هەر بەناو یەکە. دەبوو بەرە بکرێ بە چوارچێوەیەك بۆ دیموکراتی‌کردنی سەرکردایەتی سیاسی، بۆ یەکخستنی پێشمەرگە لەیەك سووپای ئازادی کوردستاندا و زامن‌کردنی باشترین مەشقی نوێ و بەدەست هێنانی باشترین چەکی نوێی کاریگەر بۆی؛ کەم‌کردنەوەی ژمارەی چەکدار و درووستکردنی هێزێکی (پرۆفیشنەڵ)، کە ئەمجار بتوانێ چەکی دژ بە دەبابە بەکاربێنێ و تەنانەت دەبابە و تەیارەش، گەر کەوتە دەستی!! - بێ‌دەسەڵاتانە سەیری نەکا -.

بەرە دەیتوانی و دەتوانێ ئەمە بکا. دەتوانێ "حکومەتێکی کاتی" لەشێوەی "هاوپەیمانی" - تحالف - دروست بکا و نوێنەری یەکگرتوو هەڵبژێرێ و هەر کەسە دیسانەوە بەناوی حیزبەکەی خۆیەوە کار نەکا، ئەمە سومعەو شەرعیەتی بەرە بەگشتی و هەر حیزبە بەتایبەتی زیادەکا.

پێویست بوو ئەمە یەکەم هەنگاو بێ. تەنانەت یەکەم جار بەبێ هەڵبژاردنیش ئەنجومەنێکی نیشتمانی فراوان - بە شێوەیەکی کاتی - پێك هاتبا لەنوێنەرانی حیزبەکانی بەرەو، کەسانی ناسراو و بەتوانا و، زانایان و کادرانی پیشەیی و پیاوانی ئایینی و هەموو کەرتێکی کۆمەڵ، بۆ هەڵبژاردنی (هەیئەتێکی تەنفیزی) لەو ئەنجومەنە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسی و ئیداری کوردستان.

نیشانەی لاموبالاتی و خۆپەرستی و خیلچێتی فیکرییە کە ئەم کارە گوێی پێنەدراوە و نەکراوە.. بۆ دەبێ کاری سیاسی تەسکی حیزبی تەنانەت رێگە لەدرووست بوونی "مۆسساتی" پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ئابووری و مەدەنی بگرێ و بۆ چەك بەشان!! دەبێ هەموو شتێك بێ؟ ئایا نابێ لەبیرمان بێ "سەددامیزم" یانی‌چی؟! ئایا نابێ لاسایی‌کردنەوەی سەددام و دەربڕینی رەوشتی سەددامیانە جێگای شەرمەزاری و سەرشۆڕی بێ؟!

## پەرلەمان و دەسەڵاتی شەرعی:

ئێستا هەموو لایەك گەیشتوونە ئەم ئەنجامە کە زۆر بڕیاری گرنگ بۆ دابین‌کردنی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان پێویستە بدرێن.

ئەنجوومەنێك و دەسەڵاتی سیاسی شەرعی و یەکگرتووش نییە کە ئەو بڕیارانە بدا.

بەرە دەیتوانی خۆی بکاتە ئەو دەسەڵاتە، بەڵام نەیتوانی و نەیکرد!! بۆیە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆتە تاقە رێگای راست و چارەسەری درووست. بۆیە سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان مانای ئینتحارێکی نەتەوەیی‌یە. مانای گەڕانەوەیە بۆ ژێر قوندەرەی سەددام.

بۆیە ئەرکی هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان و بە شەرەف و جوامێر ئەوەیە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرخستنی هەڵبژاردن و قبووڵ‌کردنی ئەنجامەکەی و بەدیهێنانی هەل‌ومەرجی بەکارکەوتن و سەرکەوتنی کارەکانی تێ‌بکۆشێ و سووربێ لەسەری.

هەڵبژاردنی پەرلەمان پێویستە بۆ:

١- سەلماندنی تەبیعەتی دیموکراتی‌و شارستانخوازیی

گەلەکەمان بۆ هەموو دنیا بەبوون بەنموونە و پێشڕەوی دیموکراسیەتی پەرلەمانی لە خۆرهەلاتی ناوەندا.

٢- هەلبژاردن و چەسپاندنی نوێنەرایەتی دیموکراتی و شەرعی کورد و بەدەست هێنانی رێزی جیهانی بۆ ئەو نوێنەرایەتییە.

٣- دامەزراندنی دەسەلاتی بڕیاردەر بۆ کاروباری نەتەوەیی چارەنووس دیاریکەر و دابینکردنی وەزعی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری ... دامەزراندنی دەسەلاتی تەنفیزی و دامەزراوە دەولەتییەکان بۆ ئاساییکردنی باری ژیانی جەماوەر و بەدەست هێنانی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی.

٤- سەلماندنی سەربەخۆیی ناوچەیی کوردستان و تەبیعەتی نەتەوەیی کورد و نزیکبوونەوە لە ئامانجی سەربەخۆیی بەبڕیاردانی پێکەوەبوونی فیدرالی لەگەل عیراقدا.

٥- نەهێشتنی هیچ جۆرە ناکۆکیی و ناتەباییەك بە قبوولکردنی ئەنجامی دیموکراتیانەی هەلبژاردن و بەهێزکردنی پەرلەمان کە رێگا بەهەموو چالاکییەکی سیاسی دەدا و ئازادییەکان مسۆگەر دەکا و یاسا و نیزام دەچەسپێنێ.

### پەرلەمان چییە ؟

پەرلەمان نوێنەری شەرعی هەلبژێردراوی میللەتە کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەسەلاتی شەرعی، واتە: حکوومەتی شەرعی.

هەلبژاردن: وەلامە بۆ پرسیاری: کێ حوکم دەکا؟! هۆ و رێگایەکە بۆ دانی شەرعییەت بەوانەی دەسەلاتی سیاسی دەگرنە دەست لەلایەکەوە و دانانی ئەو دەسەلاتە لەژێر رەقابە و خواستی میللەت لەرێگای نوێنەرەکانی لە پەرلەماندا لەلایەکی دیکەوە..

هەلبژاردن: هەروەها رێگایەکە بۆ گۆڕینی یان وەرگرتنی دەسەلات بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دوور لە هەرا و خوێن رێژی.

هیچ دەولەتێك ئیدیعای ئەوە ناکات کە هەلبژاردنی حیزبێك بۆ حوکمگرتنەدەست مانای ئەوەیە رێككەوتنێکی گشتی دەربارەی ئامانجەکانی یان بەرنامەی ئەو حیزبە هەیە. بەلام دەسەلاتی ئەو حیزبە هەلبژێردراوە، یان هەلبژێردراوانە ـ گەر زیاتر لە یەك حیزب بن ـ قبوول دەکرێ، چونکە هەلبژاردن تاقە رێگایەکە حوکمی شەرعی بەشێوەیەکی هێمن و ئاشتیخوازانە و شارستانیانە

زامن دەکا. لەلایەکی دیکەشەوە پەرلەمان لەرێگای پرۆسەی کاری پەرلەمانی و کۆمیتە هاوبەشەکانی و ئازادییە سیاسیەکان و دەوری کۆمەلانی پارسەنگ ( Pressure groups ) رێگە لەوە دەگرێ حوکمی حیزبی هەلبژێرراو ببێتە شێوەیەکی دیکتاتۆری. بۆیە پێویستییەکی گرنگە کە پەرلەمان خۆی لەخۆیدا وەك ئامانج، وەك هەموو دیموکراسیەت سەیری نەکرێ، بەلکو وەك سەرەتایەك، رێگایەك، ئەداتێك بۆ دیموکراسی و دیموکراسیکردنی دەسەلات و کۆمەل.

دەوری پەرلەمان سەیتەرەکردنە بەسەر حکوومەتدا لە لایەکەوە و پاراستنی ئەو حکوومەتەیە لە دژایەتی و توندوتیژی و هێشتنەوەی لەدەسەلاتدا تا هەلبژاردنێکی تر..

هیچ بڕیارێك، گرنگ یان ئاسایی، بەشێوەیەکی رەمەکی لەلایەن سەرۆکی دەولەتەوە نادرێ، بەلکو هەموو بڕیارێك وەك پێشنیاز یا پێش یاسا ( Bill ) دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، رەخنەی لێدەگیرێ، گۆڕانی تێدا دەکرێ، دەدری بەلیژنەی هاوبەش ( کە نوێنەری هەموو حیزبەکانی تێدا هەیە )، لێی دەکۆلرێتەوە، ئەوسا دێتەوە پەرلەمان و لەئەنجامدا دەنگی لەسەر دەدرێ. واتە پەرلەمان زامنی ئەوە دەکا:

١- هیچ شتێك بەنهێنی و لەپشت پەردەوە نەکرێ و نوێنەرانی گەل و گەل خۆی ئاگاداری ئەو مەسەلە و بڕیارانە بن کە پێوەندییان بە ژیان و چارەنووس و پاشەڕۆژی ئەوەوە هەیە.

٢- رێگای رەخنە و ئاخاوتن و وتووێژ و لێکۆلینەوەی هەر مەسەلەیەك بدرێ و رێگا خۆش بکرێ بۆ ئەوەی لیژنە و کەسانی شارەزا و خاوەن کارزانی تایبەتی (اختصاص) لەو مەسەلانە بکۆلنەوە و بە بیر و زانستی خۆیان دەولەمەندیان بکەن بەر لەوەی ببنە بڕیار.

٣- ئازادی سیاسی و دیموکراسی ببێتە مومارەسەی رۆژانە و رێگا لەناکۆکی و هەرا و ناتەبایی بگرێ.

هەرچۆنێ بێ لەهەموو دەولەت و ولاتێکدا کۆمەلە ئامانج و مەبەستێك هەن کە تەنیا تاکە حیزبێك، گەرچی حوکمیشی بەدەست بێ، ناتوانێ بڕیاریان بدا یان بیانگۆڕێ، چونکە پێوەندییان بە چارەنووسی تەواوی گەل یان نەتەوەوە هەیە.. بۆیە گەرچی بەشێوەیەکی تیئۆری هەر حکوومەتێك ئازادە پرۆژەی هەر بڕیارێك بخاتە بەردەم پەرلەمان، زۆر مەسەلەی وەك ئاسایشی

نەتەوەیی و نیزامی تەندرووستی گشتی و پەروەردە و شێوەی بەرهەمهێنان ..هتد هەموو لایەك لەسەری ڕێکن، ئەمەش کۆخوازیی یان ( Consensus )ی پێدەوترێ. مەبەستم ئەوەیە کە بەنیسبەت کورد و کوردستانیشەوە هەندێ مەسەلەی جەوهەری و چارەنووس دیاریکەر هەن کە پێویستە کۆخوازی دەربارەیان هەبێ و بۆ تاقە حیزبێك بەجێنەهێلرێ، ئەگەرچی زۆربەش لە پەرلەمانی هەڵبژێراودا هەبێ بڕیاریان لەسەر بدات. خۆ ئەگەر هەر ویستی بڕیاریش بدات، ئەوا پێویستە بخرێتە بەردەم خەڵکەوە بۆ ڕاوەرگرتنی گشتی ( Referndum)، ئەو مەسەلانەش ئەمانەن :

١- بەردەوامبوونی موفاوەزە لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا.
٢- دروشمی حوکمی زاتی و سووربوون لەسەری .
٣- سەربەخۆیی قەزا و دادگاکان .
٤- یەکێتی و بێلایەنی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنی لەیەك سوپای ئازادی کوردستاندا .
٥- پاراستنی خێزانی شەهیدان و هەژاران و یارمەتیدانیان بەشێوەیەکی بەرنامەکراو و بێلایەن.
٦- پێوەندی دەرەوە و نوێنەرایەتی لەولاتانی دەرەوەدا.

لە بەرژەوەندی میللەتەکەمانە کە بیروڕا و بۆچوونی وەك یەك دەربارەی ئەم مەسەلانە هەبێ و بەیەکەوە بێ بەربەرەکانی و کات بەفیڕۆدان مەسەلە جەوهەرییەکان جێبەجێبکرێن و بڕیاربدرێن .

بەهەر حاڵ مەسەلەی پەرلەمان باسێکی سەربەخۆی گەرەکە . مەبەستی ئێمە تەنیا دەرخستنی پێداویستی و گرنگی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە بۆ ئەوەی بتوانێ گەلەکەمان لەم قۆناغە دژوار و ناسکە دەربازکا و ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەین کە باری ئەمڕۆی عیراق و خۆرهەلاتی ناوەند و دنیا بۆی ڕەخساندووین .

ناوەڕاستی ئازاری١٩٩٢
لەندەن

هەواڵنامەی کتێب

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

ڕەشاد میران

# هەندێ توخم و دیاردەی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ، وەکو هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی تر، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسییە و مێژووی خۆی هەیە کە، لەڕەوتێکی بە ڕاژە درێژدا ، زەمینەی واقیعیی پێ بەخشیوە و گەیاندوویەتە پلە و ئاستی ئیمڕۆکەی. ئاشکراشە کە ئەم زەمینە واقیعییە بەرهەم و ئەنجامی هاوپەیوەندارێتی و کارتێکردنی دوو جۆرە هۆکارە : هۆکاری بابەتی (ئۆبێکتیڤ) و هۆکاری خۆیی (ذاتی- سوبێکتیڤ) . لێرەدا ، ئەگەرچی دەبێ دان بەڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریەتی هۆکاری بابەتیدا بنێین ، بەڵام ناشبێ دەوری گرنگ و سەربەخۆیی ڕاژەیی هۆکاری خۆیی پشتگوێ بخەین .

لەم گۆشەنیگایەوە ، سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کورد و دوایش بزووتنەوە سیاسییە چەکدارەکەی، زادە و بەرهەمی ئەو واقیعە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەبوو کە کۆمەڵگای کوردی ، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا ، پێی گەیشتبوو. جا ئەگەر خودی کۆمەڵگای کوردی، پلە و ئاستی بیری نەتەوەیی و هەروەها بزووتنەوەکە ، بەجەماوەر و سەرکردە و ڕێکخراوەکانیەوە، بەهۆکاری خۆیی بەرەوپێشچوونی نەتەوەی کورد بزانین ، کەدەبێ هەرواش بێ، ئەوا بزووتنەوەکە ، تەنانەت کۆمەڵگاکە خۆیشی ، لەشێوە و ناوەڕکییاندا ، پابەندی هۆکارە بابەتییەکان بوون کە لەباروдۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، جیۆگرافی، سیاسی و کولنووریی ناوچەکەدا بەگشتی ڕەنگیان دابووەوە. بۆیەش بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گەلێ سیما و خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵ بزووتنەوەی میللەتانی تری ناوچەکەدا هەبوو ، پێش هەمووشیان دەورو بایەخی سەرکردەی خێڵ و دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی لە سەرکردایەتیدا و ئینجا ، هەر بەپێی ڕەوتی مێژوویی بەرەوپێشچوون ، پەیدابوونی کۆمەڵێ ڕۆشنبیران و دامەزرانی پارتی سیاسی و دەوری کەم تا زۆریان لە بزووتنەوەکاندا . بەڵام دواتر ، بەگۆڕانی هەلومەرجی مێژوویی میللەتان و سەرهەڵدانی هۆکاری بابەتیی نوێ بۆ هەر میللەتە و بەجیاواز، بووە هۆی ئەوەی هۆکارەکانی خۆیی هەر میللەتێك ، بەپێی ڕادەی پێشکەوتوویی خۆی، بەجۆرێکی تایبەتی ڕەفتاربکەن و بەمەشەوە چارەنووسی نەتەوەیی و سیاسی میللەتانی ناوچەکە لێك جیابوونەوە.

لەدواقۆناغی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا ، مەبەست ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١ی کوردستانی خوارووە ، هەمان ئەم دوو هۆکارە ، وەکو زاکۆنێکی هەمیشەیی ، کاریانکردە سەر تەقینەوە و ڕەوت وچارەنووسی ئێستای ڕاپەڕینەکە بەم شێوەیەی کە دەیبینین و تیایدا دەژین . کەچی هەم هۆکارە بابەتییەکان و هەم خۆییەکانیش بەجۆرێکی تازە و جیاواز خۆیان لێرەدا نواند کە پێشتر نەدەکرا پێشبینی بۆ بکرێ ؛ بەگوتەیەکی تر ، ئەم دوو هۆکارە توخمی نوێیان گرتەخۆ کە جاران لە بەرامبەر بزووتنەوەی کورددا دەوریان نەبووە، یان ئەگەر هەشبووبی کەم و زیاتریش نێگەتیڤانە بووە. ئەمەش بەدەوری خۆی دیاردە و ڕووداوی تازە و نائاسایی، وەکو چۆن بۆ کورد ، ئاواش بۆ ناوچەکە بەگشتی ، لەگەڵ خۆدا هێنا.

عیراق ، لەسۆنگەی جەنگە درێژخایەنەکەیەوە دژی ئێران و بەکۆمەکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ، بووبوو بەهێزێکی عەسکەریی گەورەی خاوەن چەك و تفاقی کاریگەر و قرکەر کە لەبەکارهێنانیاندا سڵێ لەهیچ نەدەکردەوە . بەم بۆنەیەوە عیراق بوو بە توخم و هێزێکی تازەی نێو دەوڵەتی و خۆی بۆ دەور و بایەخی زێتر و گەورەتر هەڵدەهاویشت. هەروەهاش بۆ کورد بوو بەهوکارێکی بابەتی ، وەکو هەمیشە هەروابووە ، بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەیەکی تازە و گەلێ کاریگەرتر - پێشمەرگایەتی خەریکبوو دەبوو بەدیاردەیەکی دەگمەن ! بۆ ئێرانیش بوو بەهەمان هۆکار و ملی پێکەچکرد بۆ تەقەبەسکردن ! کوێت یشی بۆ ماوەیەك قووتدا و بوو بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ هەموو ناوچەکە .

کێشەی کوێت هۆکارێکی بابەتیی تری بۆ ناوچەکە داهێنا کە نەك هەر بەسوودی بزووتنەوەی کوردی گەڕایەوە ، بەڵکو بووە هۆی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ، یان وردتر ئاشکرابوونی هەندێ توخمی تازە لەکۆمەڵگای کوردیدا کە ، وەکو بەشێکی هۆکاری خۆیی ، دەوری سەرەکییان بینی لە ڕاپەڕینی جەماوەردا دژی ڕژێمی بەغدا . ئەم هۆکارە بابەتییەش ، وەکو ئاشکرایە ، بریتی بوو لەو ڕەوشەی کە بەهۆی گەمارودانی عیراق لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە دروستبوو. بایەخی ئەم ڕەوشە تازەیە ، بەتایبەتی ، لەوەدابوو کە وڵاتانی زلهێز لە مەیدانەکەدابوون و لەڕووبەر و سنوورەکانی کێشەی کورد نزیکببوونەوە و، هەروەکو دەریشکەوت ، ڕاستەوخۆ دەستیان خستە ناو ڕووداوەکانی کوردستان ، بەپێچەوانەی جاران کە بەڕێگەی دەستی دووەم و سێیەمەوە ئەم کارەیان دەکرد .

هەروەها دوو توخمی تری تازە و بەهێز، لەئەنجامی کێشەی کوێتدا ، وەکو بەشێکی هۆکاری بابەتیی بۆ بزووتنەوەی کورد سەریان هەڵدا و لەوەدەچێ بیانەوێ ، لەمەودوا ، بزووتنەوەکە زێتر و زێتر بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە ! ئەم دوو توخمەش - تورکیا و سعودیەیە -.

سەبارەت بەهۆکاری خۆییش ، پێش هەمووشیان بزووتنەوەی کوردی و ئەو هێزانەی نوێنەرایەتییان دەکرد و دەیکەن ، بەهۆی ئەو بارودۆخە تازەیەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا ، تاو و گوژمێکی وەرگرت و کەوتەوە جموجۆڵ - دوای ئەوەی هێزەکانی ڕژێم گەلێ جێگەی پێچۆڵکردبوو ؛ بێ ئەوەش ، ئەم هێزانە ، لە ئەنجامی چەندین ساڵ چالاکی چەوت و زیانبەخشیاندا* ، ناوبانگ و دەور و قورساییان بەرادەیەکی زۆر دابەزیبوو. هەرچی سەبارەت بەلایەنی فیکری و ئایدیۆلۆگی و تەکنیك و شێوازی خەباتی ئەو هێز و پارتە سیاسیانەش ئەوا ، لەبنەڕەتدا ، بێ بنچینە و گەلێ لاوازبوون و بۆیەش لەزۆر دەرفەتدا کە بۆ کێشەی کورد ڕەخساوە ، ئەمانە، لەئاستی پێویستدا نەبووین - لەکاتێکدا جەماوەری سەرلەبەری کوردستان رادەپەڕێ و کێشەکەی خۆی بەقەد چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەرزدەکاتەوە و بەجیهانی دەناسێنێ ، ئەمانە، واتە سەرانی بزووتنەوەی کوردی ، یان ئاشبەتاڵی پێدەکەن ، یان ئەوەتا بەشەڕی ناوخۆیی خەریکی دەکەن ، یان هەر نەبێ مفاوەزات لەگەڵ ڕژێمێکی فاشی دەکەن ، ئەویش لەسەر بەڵگەنامەیەك کە بیست ساڵ لەمەوبەر دەرچووە ، واتە بەڵگەنامەی ١١/٣/١٩٧٠. ئەم هەڵوێستەی دواییشیان ، ئەگەر هیچ نەبێ، ئەوا بەڵگەی ئەوەیە کە سەرانی بزووتنەوەی کوردی بایەخ بەکات و ڕەوتی مێژوویی و گۆڕان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا نادەن، یان هەر سەری لێ دەرناکەن . جا بۆیە لەو هەلومەرجە لە بارەی بۆ کورد ، لەئەنجامی شەڕی کەنداودا ، ڕەخسابوو هەموو ئامانج و مەرامی هێزە کوردییەکان گەڕانەوە و گرتنەوەی جێگەی جارانیان بوو ، بێ ئەوەی پلان و پرۆگرامێکی لەئاستی ڕەوشی تازەیان پێبێ. کەچی لەوەشدا ، واتە لە گەڕانەوەیاندا ، ئارمایی ئەزموونی تاڵ و چەك و تفاقی پێشکەوتووی ڕژێم باڵی بەسەر جموجۆڵیاندا کێشابوو** ، بۆیە دەور و کاریگەرێتیان لە ڕووداوەکاندا گەلێ سنووردار بوو .

بەڵام لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئیتر توخمی نوێ سەریان هەڵدابوو و چالاکانە ، لە هەلومەرجی تازەدا ، دەوری پێشڕەوانەی خۆیان نواند . ئەوەش هەر بەپێی زاکۆنێکی مێژوویی ، چونکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر هێزەکانی بزووتنەوە و سەرکردەکانیان ، وەکو بەشێکی گرنگی سەرخانی کۆمەڵگا ، جیا لەوەی تا چەند نوێنەری ڕاستەقینەی هیوا و

---

* مەبەست لێرە، پێش هەموو شتێك ، شەڕی براکوژییە کە تاوانێکە بە تەوێڵی نیشتمانپەروەریی هەموو ئەو حیزب و کەسانەوەیە کە بەشدارییان تێداکردووە .

** ڕاستییەکەی هەر ئەمەش بوو ، لەپاڵ ئێرانەدیتن لە سەرانی بزووتنەوەدا ، وای لە چەند سیاسی و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد کرد بانگەواز بۆ خۆتێهەڵنەقورتاندن لەکێشەی کوێت بەرزبکەنەوە ، بڕوانە : یەکگرتن ، ژمارە ١٢/١٩٩٠ : " داواکارییەك لە کەسایەتیە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات" ل ١٥-٢٠

ئامانجەکانی نەتەوەکە بن ، بۆ ماوەیەکی درێژ هەر لە شاخدا بووبن و لەجەماوەری خەڵک دابڕابن ، بە تایبەتیش لەبەشە ڕۆشنبیر و شارستانییەکەی ئەم جەماوەرە ، ئەوا کۆمەڵگا بەبێ ئەوان پەرەدەستێنێ و تەکامولی خۆی دەکا و توخم و هێزی تازە بەرهەمدێنێ .

کارامەیی و لێهاتوویی ئەم توخمانە ، شان بەشانی ئازایی و بەجەرگییان ، بەرادەیەك بوو کە توانییان جۆرە سیستمێك بۆ بەڕێوەبردنی شارەکان ، دوای ئازادکردنیان ، دامەزرێنن . لەکاتێکدا توخم و هێزە تەقلیدی و هەلپەرستەکان خەریکی دزی و ڕێگری و تالانکردن و بازرگانی و گومرگ کۆکردنەوە بوون .

گرنگ نییە ، وەکو چۆن جێگەی سەرسوڕمانیش نییە ، کە ئەمانەی دوایی بنکەی خۆیان داکوتایەوە و خۆیان خزاندەوە ناو جەماوەر . چونکە جەماوەرەکە ، بەداخەوە ، هەر ئەو جەماوەرەیە کە ، لەبەر گەلێ هۆی کۆمەلایەتی و ئابووری ، ساڵەهای ساڵ بەدوای ئەمانەوە کەوتووە و ئیمڕۆکەش بەردەوامیی هەر هەمان قۆناغی مێژوویە کە زەمینەی مانەوە و دەسەلاتی ئەم توخم و هێزانەی ڕەخساندووە . گرنگ ئەوەیە کە توخمی نوێی کوردی سەرکەوتووانە خۆی نواند و جەختی بوونی خۆی کرد و ڕێکخراوەکانیشی لە داهاتوودا دەوری گرنگ و بەرچاو دەبینن . بەلام بەمەرجێك کادیرانی ئەم توخمانە ، ئەگەرچی بەشی زۆری دەرچووی قوتابخانە سیاسییە باوەکانی کوردستانن ، لە ترادیسیا و ستریۆتیپ و داب و نەریتی خەباتی جاران ڕزگاریان بووبێ .

هەروەها ، یەکێك لەدیاردە سەرنج ڕاکێشەکانی ئیمڕۆی کوردستان ، هەلوێست و ڕۆلی تازەی ئەو هێزە چەکدارانەیە کە جاران سەر بەرژێم بوون - واتە جاشەکان . ئەمانە ، دوای تێکشکانی هێزەکانی عیراق لە شەری کوێت دا ، یان ڕاستەوخۆ بەشداریانکرد لەئازادکردنی شارەکان یان بە چەك و تفاق کۆمەکی جەماوەریانکردووە . لەم هەلوێستەشیاندا بێگومان ، وەکو هەمیشە پیشەیانە ، ڕەچاوی بەرژەوەندیی خۆیانکردووە چونکە ، یان وەکو هەموو خەلکەکە لەتیاچوونی ڕژێم دلنیابوون و لەو بارەشدا دەبوایە بەرەو ڕووی ڕق و کینی جەماوەرە ڕاپەڕیوەکە ببنەوە ، یان ئەوەتا ، ئەوەش زێتر ڕێی تێدەچێ ، لەلایەنێکەوە هاندراون کە پاراستنی بەرژەوەندیی ئەمانی مسۆگەرکردووە . دەنا چی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ، دواتر ، کۆشکی هەندێ لەسەرۆك جاشان بوون بە بارەگای ئەفسەرانی هاوپەیمان و هەلیکۆپتەرەکانیان لەخزمەتیاندا هەر بەئاسمانەوەبوون .

ئاشکراشە کە فیکرەی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی کۆنسرڤاتیف (کۆنبارێز) بۆ ئەمانە ، لە بنچینەدا ، پرۆژەیەکی ڕۆژئاواییە و ئێستاش نوێنەرانیان بەپایتەختەکانی سعودیە و تورکیا و ولاتانی ڕۆژئاوادا دەسووڕێنەوە ، بێگومان ، نەك بۆ ڕوونکردنەوەی پلان و پرۆگرامی خۆیان چونکە هیچیان پێنییە - دە ئەمە لە توانای حیزبەکانی تریشدا نییە چ جای سەرۆك خێل و دەرەبەگەکان ، بەلکو بۆ وەرگرتنی پارە و فەرمان و ئامۆژگاری کەچی بکەن و دەوریان چۆن بێت * . هەر بەم بۆنەیەشەوە ، دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە هاوکاری دوورودرێژی ئەم " کۆنسرڤاتەرانە " ، لەژێر پەردەوە ، لەگەل هێزەکانی بزووتنەوەی کوردیدا هەرگیز پاکانەیان بۆ ناکات ، چونکە ئەمە کتومت یاریکردنە لەسەر دوو پەت ، هەروەکو ئەمە ناشبێ بە شانازی بۆ بزووتنەوەکە ، هەر نەبێ ، لەبەر ئەوەی ئەم هاوکارییەیان بەرادەیەکی زۆر بووە هۆی فراوانبوون و پەرەسەندنی دیاردەی جاشایەتی .

هەروەها ، جێگەی خۆیەتی ئاورێك لە پرۆژەی هەلبژاردنی کۆمیتە یان ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بدەینەوە ، کە هەموو هێزە سیاسییەکان ئەوا بە گیانێکی " دیموکراتیانە " خۆیان بۆ ئامادە دەکەن .

ئەرك و ئامانجی ئەم پرۆژەیە گەلێ ڕوون نییە ، بەلام لەوە دەچێ دەوری سەرەکی ئەم ئەنجومەنە ، هەلمژینی گلەیی و ناڕەزایی خەلکەکە بێت بەرامبەر بەسیاسەت و هەلسوکەوتی هێزەکانی بەرە . ئەگەر بۆ ئەوە نەبێت ، دەنا پرسیارێکی ڕەوا قووت دەبێتەوە : دەبێ دەور و بایەخی ئەنجومەنێکی نیشتمانی چی بێت ئەگەر کار لە یازدەی ئازار و ئۆتۆنۆمی تێپەڕنەکات ؟ خۆ ئەوا چەندەها ساڵە دامودەزگای ئۆتۆنۆمی دامەزراون و بۆ ئەوەی ببن بە دامودەزگای " ڕاستەقینە " و کاروباری ئۆتۆنۆمی " ڕاستەقینە " بەڕێوەببەن تەنیا تۆزە فراوانکردنێکیان گەرەکە . نەك هەر ئەوە ، بەلکو دامودەزگای دەولەتی فیدرالیش جیاوازییەکی قوولی لەگەل هی ئۆتۆنۆمینییە .

* ئەگەر مرۆڤ ، بەپێی یاسا و ئێتیکێتی کۆمەلگایەکی سەر بە پەیوەندیی خێلەتی و دەرەبەگایەتی ، بەبۆنەی زیافەتێکەوە تا حەوت پشتان خۆی بەقەرزاری خاوەن زیافەتەکە بزانێ ، دەبێ ئەمانە لە بەرامبەر میوانپەروەری و سەخاوەت و دەست بلاوی مەلیك فەهددا تا چ ئەندازەیەك دابەزن و کرنۆش ببەن ؟ !

مەسەلەی ئازادی تەواوی کوردستان و جیابوونەوەی لە عیراقیش پێویستی بە ئەنجومەن و شەرعییەت نییە، چونکە هەر ساڵێك لەمەوبەر ٢-٤ ملیون کەس بەراپەڕینەکەی و دواییش بە کۆچکردنە دونیاهەژێنەکەی ڕای خۆی لەسەر ئەمە داوە و شەرعییەتی پێداوە. لەڕاستیشدا، ئەوساکە هەردوو پارچەکەی عیراق ، زۆر سروشتییانە، لێك جیابوونەوە ، ئەگەر هەڵپەی سەرانی بزووتنەوە نەبوایە بۆ چوونە بەغدا - بۆ نموونە ، هەر کۆچکردنێکی جەماوەریی وا بوو کە ساڵی ١٩٧١ بەنگلادیشی لەپاکستان جیاکردەوە . بێگومان ، کوردستان بەنگلادیش نییە و کۆچکردنەکەی کوردیش ، وەکو هی بەنگالەکان، ١٠ ملیون کەس نەدەبوو ، هەروەها عیراق و تورکیا و ئێرانیش - پاکستان و هیندوستان نین و جیاوازی لەنێوان هەردوو بارەکەدا هەیە . بەڵام ، کۆچکردنی سێ ملیۆن کەسیش کەم نییە و ، بە هەمان شێوە، شایانی گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە بوو و هەر بۆیەش تورکیا و ئێران هاواریان لێ هەڵسابوو - ئەگەر سەرانی بزووتنەوە مەسەلەکەیان پووچەڵ نەکردبایەوە . ئەم هەڵوێستەشیان ، واتە چوونە بەغدایان ، هیچ بیانوویەك هەڵناگرێ ، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کاتێ ئەمان لەسەر مێزی مفاوەزات دانیشتن ئیتر کۆمەکی ولاتانی جیهان بەخەڵکەکە دەگەیشت و قورسایی کارەساتەکە وردە وردە دەستی پیکردبوو کەم ببێتەوە و لەسەر ئەم بارەشدا خەڵکەکە تێکرا ئامادەی گەڕانەوە نەبوو . کوردستان و عەرەبستان وا لێك دابڕابوون کە نەك هەر شاری موسڵ پشتگیری ڕاپەڕینەکەی کوردستانی نەکرد ، بەڵکو لەکاتی کۆچکردنەکەدا دانیشتوانی موسڵ ، هەولێر و دهۆکی بەتاڵان برد . واز لەوە بێنە کە میللەتە هەژار و ڕووتەکە بەمانەوەی لە شاخدا ، یان لەودیو ، هیچی نەدەدۆڕاند ، بەڵکو بۆرژوای کوردیش ، کاتێك "حەرەس جمهوری" ، کە بێگومان نوێنەری بۆرژوای عەرەبییە، بەملیونان پوڵ و کەلوپەلی بە زەقەرەقی چاوان لێ دەسەند، ئیتر دەستی لە بۆرژوای عەرەبی شتووە و لێی گەلێ داغدارە*. ئەگەر سەرانی بزووتنەوە بۆ دیدەنی سەددام وا بە تالووکە نەبان ، بەلای کەمەوە خەتی ٣٦ ، کە وولاتانی هاوپەیمان کردیانە سنوور بۆ هێزەکانی عیراق ، دەبوو بە ٣٥ بۆ ئەوەی هەر نەبێ سلێمانیشی گرتبایەوە . دە کەی ڕۆژگارێکی تری وا دێتەوە کە کەناڵی تەلەفزیونی ( BBC ) لەدەنگوباسەکانیا شان بەشانی ئالاکانی عیراق و ئێران و تورکیا هی کوردستانیش لەسەر نەخشەکە دانێتەوە . بەڵام سەرانی بزووتنەوەی کورد بە چوونیان بۆ بەغدا ، زۆر عاجباتانە ، وەکو ناوبژیکەری نێوان کورد و ڕژێمی بەغدا دەهاتنە بەرچاو . ئەرکی سەرەکیشیان هەر ئەوە بوو ، چونکە هەموو ئەو نوێنەرانەی بزووتنەوە کە بە پایتەختی ئەورووپاوئەمەریکادا دەگەڕان ، هەمیشە داوای چارەسەر و ڕزگارکردنی بە پەلەی " هەڵوێست " یان لێ دەکرا - ئەوەش هەر بەچوونە بەغدا دەبوو . لەکاتێکدا ، تەنیا بەپێداگرتنێك و هەڵوێستێکی مەبدەئییانە ، دەکرا ولاتانی هاوپەیمان بەرەو ڕووی واقیعێکی لەدەست دەرچوو بکەنەوە. ئەوساکە قوربانییەکان بەخەسارنەدەچوون و ئەگەر زێتریشی بویستایە شایانی دەبوو ، نەك میللەتەکە " بپارێزن " بۆ هێرشێکی تری ڕژێم .

بەڵام ، وەکو لەپێشەوەدا گوترا ، سەرانی بزووتنەوەی کوردی نەخۆیان لەئاستی زلبوونی کێشەکەدان و نە دەستیشیان لە دەسەڵاتەکە بەردەبێ و بۆیەش هەموو تەقەلایەکیان بۆ ئەوەیە کێشەکە نەبێتە کێشەیەکی نەتەوەیی گەورە کە ولاتانی دەوروبەر بتۆقێنێ . ئەنجومەنی نیشتمانیش ، پێش هەموو شتێك ، ئەم دەورە دەبینێ و ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش پێشەکی دیارە - چونکە ، بەداخەوە ، ئەگەر بێئاگایی و بێدەسەڵاتی جەماوەری سەرەکیی کوردستان بەو رادەیە بێت کە لستەوەی فاشی و زەلامکوژێکی وەکو سەدامیشی بەسەردا تێپەڕێ، ئەوا حیزبە گەورەکانی کوردستان " شەرعییەتە" کەیان هەر لە ئێستاوە سۆگەرە .

بەهاری ١٩٩٢

سوێد

---

* جێگەی سەرنجە کە یەکێك لە هەرە دەوڵەمەندەکانی کوردستان کە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ بازرگانەکانی بەغدا و موسڵدا هەیە باسی شۆڤینیەتی دۆستە عەرەبەکانی دەکرد کە دان بەوەدا نانێن کێشەی کورد و فەلەستینیەکان وەکو یەکە . ئەمە بەرای من ، بەتایبەتیش هەڵوێستی ئەم کەسە، نیشانەیەکی ڕوونی قەتانی پەتی بەرژەوەندیی نێوان بۆرژوای هەردوو میللەتەکەیە، هەر نەبێ لەکاتی ئێستادا .

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

کاکەڕەش

# لەدەوڵەتی بۆ پێکهێنراوەوە بۆ
# کۆمەڵی بەوێناکراو

مرۆڤ دروستکەری " خانوی مێژوو " ە، تاوەکو ئەم قۆناغەش تیایدا لە خەباتی بنیاتنانی بەختیاریی " ڕاستەقینە " دا بووە ، ئەویش لە ململانێی لەگەڵ ئەو یاسا جۆربەجۆرانەی لە قۆناغی جیادا بەڕێوەی بردووە و فەرمانڕەواییکردووە . ئەم یاسایانە لەنێوان ئاسمان ( شێوەکانی هۆشمەندی ، واتە : ئایین ، ئەخلاق فەلسەفە ، زانست ) ـ ئایدیۆلۆژیا ( پەیوەندییە قضائیەکان ، واتە : دەستووری سیاسی ، یاسا ) و زەوی ( پەیوەندیی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ) ـ بنەمای مادیی (١) ( قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشەسەندنی هێزی بەرهەمهێنان ) ئەو مێژووە خودی ململانێ بووە و پرۆسەی پێشکەوتنیشی دیاریکردووە " .

مردن " دوژمنی سەرەتا " بوو ، تاوەکو ئەمڕۆش " دوژمنی سەرەکی " مرۆڤە ، بەڵام لەژیانی مێژوویی و کەسایەتی‌دا پێکەوە ، دوژمن بەخۆی وێنەی سەرەکی مردن (٢) وەردەگرێت . گۆڕانی شوێنەواری مردن ، وەکو دوژمنی سەرەکی ، بەخودی خۆ بۆ دوژمن ، وەکو وێنەی مردن ، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ مێژووییە ، کە لەنێوان ئاسمان و زەوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هۆ وهۆکار ، ڕەوایەتی و نارەوایەتی ، کەرەسە و ئامانج و . . .هتد بۆی دەدۆزرێتەوە . ئەمەش جەنجاڵترین و خوێناویترین و ئەفسووناویترین پرۆسەیە لەپانتایی مێژووی مرۆڤایەتیدا ، کە بەردەوامێتییەکەی لە ئایدیۆلۆژیا و بنەمای مادیدا بە شێوەی زەبروزەنگاوی چووەتە پێشەوە .

جەنگ و کەرەسەکانی بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە ، ترسناکتر و کوشندەتر و قرکەرتربوون . ئاسمانی ئایدیۆلۆژیا پێشی‌خستوون و پاساودانی بۆ کردوون و ڕەوایەتی بۆ دۆزیونەتەوە .

مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەکوژێ ؟ جەنگ بۆ دروست دەبێت ؟ گروپێك بۆ دەکێشێ بەسەر گروپێکی دیدا ؟ نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی دی دەچەوسێنێتەوە ؟ . . . ئەمانە و چەندان پرسیاری دی شایانی لێکۆڵینەوەن و دەشێ وەڵامەکانیشیان لە جیاوازی و ناکۆکی خۆیاندا بینە دوژمنی یەکدی . ئەمە لە فەلسەفە و زانستە مرۆییەکاندا جێگای مشتومڕبووە ، قوتابخانە و ڕێچکەی جیا دروستبوون و ( دوبیرێ ) ووتەنی هەندێکیشیان لە پراکسیسبوونیاندا دەگۆڕێن بۆ کارگەی‌جەنگ.

---

*

| | | |
|---|---|---|
| سەرخان | ئاسمان<br>یا<br>ئایدیۆلۆژیا | شێوەکانی هۆشمەندی<br>( ئایین ، ئەخلاق ـ خلق ـ ، فەلسەفە ، زانست )<br>پەیوەندییە قەزائییەکان ( العلاقات القضائية )<br>( دەوڵەت ، دەستووری سیاسی ، یاسا ـ قانون ـ ) |
| ژێرخان | زەوی<br>یا<br>بنەمای مادی<br>(القاعدة المادية) | پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی<br>( چینە کۆمەڵایەتییەکان )<br>قۆناغێکی دیاریکراو لەپێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنان<br>( مرحلة معينة لنمو القوى المنتجة ) |

زانای کۆمەڵناس (ماکس ڤیبەر) لەدەرئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی ، مشتومڕی ڕەوشتی لێپرسراوێتی ( Eranwortungsethik )خستەوە ، بە مەبەستی " لێپرسراوێتی بەرامبەر بەدوارۆژ" کە مرۆڤ خۆی دەبێت نرخی کارەکانی خۆی بداتەوە، ئەمەش گیروگرفتی ڕەوشتی سیاسی لە هەڵبژاردنی ئەو کەرەسەیەدا دروستکرد کە زەبروزەنگی خۆی بێ‌ڕەواد ەبەخشێ (٣) .

جەنگی عیراق و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ، کە وێنەی لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی لەو ئاستەدا بوونی نەبوو، ڕێکخستنی نوێی جیهانی ، ئەمەش هاوشان لەگەڵ داکەوتنی سۆڤیەت و دەوڵەتانی بەناو سۆسیالیزمی ڕاستەقینە و ماڵئاوییکردن لە جەنگی سارد و کەوتنەوەی بۆشایی دەسەلاتی سیاسی - سەربازی کە دابەشکردنی نوێی کاری جیهانی لەدووی خۆی ڕاکێشا و تای تەرازووی هێزەکان جێگۆڕکێیان پێکرا و ناکۆکییەکان پتر لەنێو دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا قووڵبوونەوە و هەردوو دەوڵەتی دۆڕاوی جەنگی دووەمی جیهانی (یابان و ئەڵمانیا) دووبارە وەکو دوو پێشبڕکێکەری ئەمەریکا لەئاستی دەستبەسەراگرتنی بازار لەجیهاندا هاتنە سەر شانۆی ململانێکان و گۆڕانکارییەکانی ئەورووپا و...هتد ، کۆی ئەم گۆڕانکاریيانە هەندێ نرخی تێکشکان و هەندێکی دی پیرۆزکرد .

کاتێك (بوش) بانگەوازی یەکسانی و دادپەروەرێتی دەکرد و مژدەی نەهێشتنی دیکتاتۆرێتیەکانی بەدیاری بۆ گەلان دەهێنا ، لە هەمان کاتدا جەنگی لەسەر نەوت و دەسەلاتداریتی ، وەکو جەنگ لەپێناو دادپەروەریتی و ئاسایشی جیهانی ، بە مرۆڤایەتی دەفرۆشت . بەو جۆرە هۆشمەندی هەڵە لە عەقلیەتی سیاسیی سەردەمدا جێگای هۆشمەندی ڕەخنەیی گرتەوە، سەرمایەداری وەکو سیستەم خۆی دووبارە بەرهەمهێنایەوە و نرخەکانی ، کە لە دەرئەنجامی سیاسەتی ساڵەهای ساڵی کۆلۆنیالیزم بەرەو لاوازبوون دەچوون ، جارێکی دی کرییەوە. کۆی ئەمانەش بە نۆبەتی خۆیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەجیهانی تەوەرداهەبوو و دۆخێکی سیاسی وا خوڵقا کە لۆژیکی سەرمایەداری بوو بە عەقلیەتی سیاسی باو و مێژووی درێژی سەرمایەداری جارێکی دی هاوتا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێستایدا نووسییەوە و نرخە شۆڕشگێڕییە تەقلیدییەکانیش لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریيانەدا کەوتنە قەیرانەوە و کۆی ستراتیژی خۆیان بە ڕێژە بەرامبەر بەرژەوەندییە زیاریيەکانیان پاش وپێشخست و خۆگونجاندن لەبری گۆڕان بوو بە عەقلیەتی سیاسی سەردەم ...

لێرەدا مەبەستم نییە بچمە نێو کۆی ئەم گۆڕانە بناغەییەی نرخەکانەوە و عەقلانییەتی نرخەکانی سیستەمی سەرمایەداری ئێستابراوە (سەرکەوتوو) لە یەکەی لۆژیکی ناوەکی خودی ئەم زیارە بخەمە ژێر ڕەخنە و تاوتوێکردنەوە، بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە ، لەبەر ڕۆشنایی جەنگی هیولایی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژ بەدەوڵەتی عیراق و دەرئەنجامەکانی ، کە گەلی کورد بەپلەی سەرەکی ڕووبەڕوویان بووەوە ، هەندێ ڕاستیی مێژوویی بخەمە بەردەست ، کە ڕەشترین دیوی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دەردەخات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە سیاسەتی ئیمپریالیزم هیچ کاتێك مەبەستی گۆڕانی نرخەکان و سنوورەکان و سیستەمەکانی لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا نەبووە، بەڵکو ئەوەی ئەم جەنگە جارێکی دی بۆ گەلانی ناوچەکە بەتایبەت و جیهانی تەوەر بەگشتی سەلماندی ئەوەبوو کە وڵاتانی سەرمایەداری بنچبەستکردن و سەقامگیرکردن وقوڵکردنەوەی بنەما چەوسێنەرەکان و سنوورەکان و ئازارەکانی گەلانی ناوچەکەیان بەپلەی یەکەم مەبەستە ، نەك دادپەروەرێتی و مافی مرۆڤ و ئاشتی ...!

ئێمەی ڕۆژهەلاتی پێویستە مێژووی خۆمان لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بخوێنینەوە و پرسیاری ڕەوشتی لێپرسراوێتی (ماکس ڤیبەر) ڕووبەڕووی سیاسەتی ئەمڕۆی دەوڵە سەرمایەدارییەکان و دەوڵەتە تۆتالیتیرەکانی ناوچەکە بکەینەوە و کوردیش بەتایبەتی بزانێ چی لێوە فێربوو یاخود هەر فێرنەبوو ...

ملیۆنێك مرۆڤ لە جەنگی عیراق- ئێراندا کوژران یان بێ‌بەری‌بوون لە هەموو ناونیشانێ ... سەدان هەزار کوردی بێ‌سەروشوێن لەهێرشی ئەنفالەکاندا و دەیان هەزاری دیش پاش بەکارهێنانی بەو جۆرە خەستییەی چەکی کیمیاوی،لەپاش جەنگی جیهانی دووەمەوە،لەلایەن ڕژێمی بەعسیزمەوە ، تاوەکو ئەمڕۆ بێ‌بەرین لەهەموو ناسنامەیەك ... جەنگی لەسەر " کوێت " لەنێو دوو بەرەی ( جەنگی ڕەوا )و (جەنگی پیرۆز)دا کە ڕەهەندی تێکشکانەکەی لە مێژووی دوای جەنگی جیهانی دووەم کەم وێنەیە، هەزاران سەربازی دەوڵەتی عیراقی بەعسیزم لەخۆڵی جەنگی‌زەمینیدا زیندەبەچاڵ‌کران و لەبیرکران ... هەزاران مرۆڤی دی پاشان ، لەئەنجامی ڕاپەڕینی عەرەبە شیعەکانی دانیشتووی باشووری عیراق ، لەلایەن ڕژێمەوە کوژران و سەرگەردان

کران ، لەکوردستانی باشووریش لاپەرەی یەکێك لە گەورەترین تراژیدیاکانی مرۆڤایەتی هەڵدرایەوە . . . جارێکی دی مرۆڤی کورد بوو بەقوربانی پێوانەی هەڵەی نەزۆکی سیاسەت و عەقڵییەتی سیاسی ئێستای کورد . . .

ئەو پرسیارانەی مرۆڤ لەپاش ئەم کارەساتە تاك وێنانەی ئەم کۆتاییەی سەدەی بیستەم ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ،دووبارە ڕەوشتی لێپرسراوێتی سیاسەتە . . . چی گۆڕاوە ؟ یاخود چاکتر وایە بڵێین چی نەگۆڕاوە . . . ؟!

بەتەنێ جەنگ ، ئەو جەنگە ، وەکو پەراوەی هێز ، وەکو بازاڕ ، وەکو ووردکردنی عەقڵییەتی سیاسی و کولتووری ، وەکو پیرۆزکەری سنوورە وەهمیە حەقیقیەکان ، وەکو بازرگانی و . . . هتد بوو بە بابەتێکی جیهانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سیستەمی نێوەندی سەرمایەداری گوێی جیهانیان پێ کەڕکرد ، دوان لەوەی مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لەمریشکە : عیراق لەسەر هەقە یان ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی ، بوو بە بابەتی سیاسەت و ئەدەب و زانست و بازاڕی نوێ لەجیهانی بیردا .

کێ لێپرسراوە ؟ کێ دەبوایە پاداشتی باتەوە ؟! دووبارە گەلانی ناوچەکە . . . نەك سیستەمەکان و سەرۆکە میتۆلۆژییەکانیان . . . !! ئەمەش لەکاتێکدا کە سیستەمی نێوەندی سەرمایەداری لەڕووی مێژووییەوە لێپرسراوی سەرەکی دروستکەری ئەو گیروگرفتانەیە کە تاکو ئەمڕۆ چارەسەرەکانیان بە هەڵواسراوی لەناوچەکەدا ماونەتەوە و گەلانی جیهانی دەرەوەی ڕەوشتی جیهانی سەرمایەداری پێوەیان دەناڵێنن . . . جەنگیش دەرئەنجامەکانێتی و مرۆڤیش دەبێت لە کۆتایی دووریاندا نرخەکەی بدات .

شایانی باسە ، " دەوڵەتانی خاوەن هەق " ، دروستکەری ڕەوشتی لێپرسراوێتی لەرێکخستنی ئاسایشی ئەمڕۆی جیهاندا ، کە لێپرسراوی سەرەکی مێژووی پێش " جەنگە ڕەواکەیان " بوون ، چیدی بابەتی عەقڵیِ ڕەخنەگر نەبوو . . . بازاڕی گەرمی چەك و قەرزی قەڵەو وبازرگانیی قەبە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی جەنگدا (عیراق و ئێران) و لە دووتوێیشییەوە دابەزینی نرخی نەوت و ڕاگرتنی تای تەرازووی هێز و . . . هتد ڕەوشتی لێپرسراوێتی ئەو کاتەی " بەرەی هەق "ەکان بوو . . دەیان ملیارد دۆلار قازانجی خوێنی گەلانی ناوچەکە بوو ، بەتایبەتی گەلی کورد . چەکی کیمیاوی و بیۆلۆگی و تەنانەت ئەتۆمیش لە شاکارەکانی ئابووری ئازادی سەرمایەداری کە کورد وەکو گەل قوربانی ئەو ڕەوشتی لێپرسراوێتییەی عەقڵانییەتی

ژیاری ڕۆژئاوایی سەرمایەداری بوو ؛ هەڵەبجە بەرجەستەکەری مردنی کۆتایی خوای ڕەوشتی جیهانی بازاڕی ئازاد و بیری ئازاد و کوژەری سەرمایەداری بوو . داگیرکردن و جەنگی کوێتیش بە هەمان شێوە یەکێك بوو لە دەرئەنجامەکانی کوێ ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە . . .

هۆشمەندی هەڵە بوو بە عەقڵی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی و کوردی . . . بەرامبەر بە مەبەستەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەعیراق و ناوچەکەدا ، بەهەمان شێوەش بۆ فەلەستینی و گەلانی عەرەبی . . . بەرامبەر بە جەوهەری سیستەمی عیراق و پراکتیسەکانی . . .

" جەنگی هەڵە لەگەڵ هەڵە "* تاکە پێناسەیەکە کە کوت وەت دەشێ بۆ جەنگی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ عیراقدا بەکاربهێنرێت . . . دروستکردنەوەی دەوڵەتی کوێت و تەمێکردنی ڕێژەیی سیاسەت و تێکشکاندنی ڕێژەیی دەزگای سەربازی دەوڵەتی عیراق و پەکخستنی ئابوورییەکەی و بێ ناونیشانکردنی سەدان هەزار مرۆڤ و کوشتارێکی زۆر و بازاڕێکی گەورە بۆ کۆمپانیاکانی ئابووری ئازادی سەرمایەداری و . . . هتد لە دەرئەنجامەکانی جەنگەکە بوو ، بێجگە لەپاشماوەی ئیکۆلۆژی جەنگەکە . . . دووبارە ڕەوشتی لێپرسراوێتی جیهانی نێوەند دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوە مێژووییە بخرێتە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە . . . مارکس گووتەنی " هەرچی کەڵەکچێتی شارستانیی سەرمایەداری هەیە لەگەڵ ئەو بەربەرێتییەش کە ناتوانرێت لێی داببرێت ، کاتێ بە زەقی دەکەونە بەرچاومان ، کە سەرنجمان لەووڵاتەکانی خۆیانەوە ، کە بە بەرێزترین شێوە خۆیان تیا دەنوێنن ، بۆ کۆلۆنیەکان بگوێزرێتەوە کە بەتەنێ لەوێدا وێنەی ڕووتی خۆیان نیشان دەدەن "(٤) .

من لەم نووسینەدا ، وەکو هەنگاوی سەرەتایی ، لە دەرئەنجامی جەنگە هیولاییەکەی جیهانی نێوەندی سەرمایەدارییەوە دژ بە " دەوڵەتی عیراق " هەوڵ دەدەم لە دووتوێی چەند سەرنجێکەوە هۆکارە مێژووییەکانی گیروگرفتەکە دیاری بکەم . . . هەرچی پەیوەندی بەکوردو کوردستانیشەوە هەیە ، دەخوازم لەکاری داهاتوودا جێگای دیار و پێویستی خۆی پێ ببەخشم .

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی تاوەکو ئەمڕۆ لە پابووکێتی (بوٴس) تیۆریدا دەناڵێنین ، هەرچی پەیوەندی بە دەوڵەت و کۆمەڵگەوە هەیە ، پاش نووەچدانی مۆدێلەکانی پێشکەوتن لە

* پێناسەی (یۆهان گاڵتونگ) بوو بۆ جەنگی ئەمەریکاوعیراق .

جیهانی تەوەر ، مشتومڕی نوێی دەربارەی ئەو کۆمەڵگایانە خستەوە . " دەوڵەت "ی نوێ ، وەکو فۆرمێکی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی تەوەر، لەدیدی هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکانەوە ، بەپێویست دەوڵەتێکی "ئەوتۆریتێر" دەبێت ، چونکە هیچ ڕیشەیەکی مێژوویی نییە. یاخود هەندێکی دی لەو بڕوایەدان ، کاتێك بابەت لەسەر وابەستەیی دەوڵەتانی تەوەر بێت ، ئەوا بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی پابەندی پێکهاتەی ـ ترکیب ـ دەسەڵاتی کۆنکرێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەیە کە وابەستەیە (٥)... هەمان مشتومڕ لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگا لەنێو ڕۆشنبیرەکانی عەرەبدا لەسەر ئاستی جیاجیا بەمیتۆدی جۆربەجۆر دەبینرێت . هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە ڕیتی کاری لێکۆڵینەوە لەمەڕ دەوڵەت و کۆمەڵگا لەجیهانی عەرەبدا بەدیدەکرێت .

(محمد عابد الجابري) ، کە یەکێکە لەبەرجەستەترین نووسەرەکانی پڕۆژەی نوێی یەکێتی عەرەبی ، ڕای وایە کە دەوڵەتی هەرێمی (ئەمڕۆ) خۆبەخۆ بارێکە بەسەر خۆیەوە و هەموو نیشانەکانیش (مؤشرات) جەغد لەوە دەکەن، ئەم بارەشی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە گەورەبوونی قەیرانەکانی دایە(٦). ئەو وای دەبینێت کە " یەکێتی عەرەبی " نەك بە تەنێ مەرجێکە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتن ، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا تاکە دەروازەی گونجاو و بەجێیە بۆ دەوڵەتی لەبن‌بەستا چەقیوی هەرێمیی‌عەرەبی. ناوبراو لەشیکردنەوەو ڕەخنەکانیدا بۆ دووفاقەیی " دابەشبوون" (التجزئة) و " یەکێتی "(الوحدة) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەم ئەم دارشتنە لەووتاری (خطاب) عەرەبیدا چەمکێکی تەمومژاوی پێدراوە ، ئەمەش مەسەلەی یەکێتی چۆن بەنۆبەی خۆی ڕۆدەچێنێتە نێو وێنەیەکی ئەبستراکتەوە، کە شاردنەوەی یەك وێنەی تیا مەبەستە ئەویش : سوودی سنوورە کە یەکێکە لەدیاردە ئاڵۆزەکانی واقیعی ئاڵۆزی عەرەبی‌و ڕاکردنی بیری عەرەبیشە لە خۆبەرامبەرکردنەوەی ڕاشکاوانە بەرامبەر بە واقیعی بابەتی خۆی (٧)... ئالێرەشەوە چەمکی ڕەخنەیی پڕۆژەکەی لەسەر زەمینەی واقیعی عەرەبی بنیات دەنێ ، کە "دابەشبوون" لەوتاری عەرەبیدا بەتەنێ لەڕووی زمانەوانییەوە " یەکێتی " ڕەتدەکاتەوە ، هەرچی ئاستی واقیعیشە ، واقیعی ئەمڕۆی عەرەبی، ئەوەی کە ڕەتکردنەوەی ڕاستەقینەی واقیعی و بابەتی " یەکێتی عەرەبی " دروست دەکات ، دەوڵەتی هەرێمی نییە، نەك لەبەر ئەوەی پارچەیەکی جوگرافی سنووردارە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەلایەك داهودەزگایەکی "یاسایی"یە کە لەسەر (جۆرێ) لەبناغە پابەندە (قائم) ، لەلایەکی دییەوە کیانێکی ئابووری و سیاسی وابەستەیە بە یەکێك لە نێوەندەکانی دەسەڵاتداریێتی ئەوروپییەوە ، لە لای سێیەمیشەوە واقیعێکی کۆمەڵایەتییە کە تایبەتمەندێتی جیاکاری خۆی هەیە (٨).

پێشنیارکردنی " دەوڵەت "ی "نوێ" لەجیهانیعەرەبدا لەسەر بناغەی خوێندنەوەی دروستبوونی دەوڵەت لە نیشتمانی عەرەبیدا ، چ کۆن و چ تازە : چۆنێتی دروستبوونی و چۆنێتی دروستکردنەوەی خۆی و دیاریکردنی مقوماتی بوونی و چۆنێتی پاراستنی بوونی خۆی و جۆری ڕەوایەتییەکەی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سروشتی پەیوەندییەکانی بەهاونیشتمانییەکانی... هتد دروست دەبێت (٩). ئەم پڕۆژەیەش کە (جابري) نەخشەی بۆ کێشاوە بەبێ بوونی تیۆرییەك بۆ دەوڵەتی عەرەبی واقیعی بەکردەوە ، دەوڵەتی هەرێمیی عەرەبی بەجیاوازی شێوەکانییەوە ، ناتوانرێت تیۆرییەکی زانستی بۆ یەکێتی عەرەبی دابنرێت (١٠).

بێگومان لێرەدا نامانەوێ ئەو هەستە لای خوێنەر دروست بکەین کە خوێندنەوەی بیری (جابري) مەبەست بێت ، چونکە من لێرەدا بەجێی ئەم بابەتەی نازانم لە کێشەی بیری (جابري) بکۆڵمەوە ، کە یەکێتی عەرەبی لە چەند قۆناغێکی مێژوویدا ڕیزدەکات ، لەسەروو و سەرەتای هەموویەوە مەسەلەی " بەدیموکراسیکردنی دەوڵەتی هەرێمی(١١) دەبینێت ... کە بەدیدی ئەو ، ئەگەر ئەم پڕۆسەیە ڕووناکی پراکتیسی بینی ، ئەو کات مەسەلەی یەکێتی بەتەنێ دەبێتە مەسەلەی ئیجرائات و بڕیاردان (١٢)... بە پێچەوانەوە ، ڕاستە ڕووداوەکانی ئەم دواییەیڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستیی قەیرانی ڕەوایەتیی مێژوویی‌ودیموکراسیی دەوڵەتی هەرێمی بۆ بەرجەستەکردین ، هەروەکو(جابري)ش پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە ، بەڵام هەر هەمان ڕاستیش ، پڕۆسەی یەکێتی عەرەبی کە ئەو هیوای لەبەدیموکراسیکردنی لەشی دەوڵەتی هەرێمیی‌دا دەبینێتەوە، بەپێچەوانەوە کەوتەوە و دەوڵەتی هەرێمی لەپەیوەندی وابەستەییی بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانییەوە دووبارە خۆی بەرهەمهێنایەوە . جەنگە لەسەر کوێت و ڕەوایەتی‌مێژوویی ؟! و هەرێمی و یاسایی ( لەڕووی جیهانییەوە) دووبارەی دەوڵەتێکی وەکو کوێتی دروستکردەوە . ئەم سیاسەتەی جیهانی نێوەندی سەرمایەداری پتر سنوورەکانی پیرۆزکردو

دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی هەرێمیی عەرەبیش دووبارە خۆیان لەسەر ئاستی قەیرانەکانیان بەرهەمهێنایەوە، با بۆ پانتاییەکی زەمەنی تریش بێت . ئەمەش ڕۆڵی لە پتر قووڵکردنەوەی ململانێ و ناکۆکییەکانی دەوڵەتانی هەرێمی عەرەبی خێراترکرد و دەرئەنجامەکانیشی پتەوکردنی بنەما چەوسێنەرەکان و بەهەرێمێتیکردنیمەسەلەی فەلەستینی و . . . هتد بوو . هەرچی ئەتموسفیری " یەکێتی عەرەبی "یشە ئاڵۆزتر و جەنجاڵتر بوو .

ڕاستە پەلاماردانی عیراق بۆ سەر کوێت بەپلەیجیاواز ختوکەی هەستی نەتەوایەتی ـ عەرەبێتی ـ ئیسلامێتی زۆر لە جەماوەری عەرەبی و ڕۆشنبیرانی عەرەبی وڵاتانی عەرەبی دا ، بەڵام ڕاستیی ئەوەبوو کە دەوڵەتێك بەو کارە هەڵسا کە خۆی وەکو سیستەم نموونەی تۆتالیترێتی و وەکو واقیع لەئاستی پێکهاتەی مێژووییدا نموونەی قەیرانە و وەکو پراکسێسیش نموونەی دەرئەنجامی تەنگوچەڵەمەیئابووری ـ سیاسییەکانی فشاری " داگیرکردنی " بەهەمان شێوەی دەوڵەتی لە قەیرانی ڕەوایەتی ژیاوی کوێتی بۆ هێنا ، نەك ڕەتکردنەوەی خۆی وەکو دەوڵەتی باربوو بەسەرخۆیەوە، تا دەگاتە مەسەلەی پراکسێسکردنی ئایدیۆلۆژیای یانعەرەبێتی، ئەمە لەئاستی پەیوەندی دەرەکیدا . . . هەرچی پەیوەندی بە قەیرانی ڕەوایەتییەوە هەیە ئەوەیە کە دەوڵەتانیناوچەکەو جیهانی تەوەر بەگشتی تیایدا دەژین .

من لێرەدا دەخوازم چەند سەرنجێك دەربارەیدەوڵەت و کۆمەڵگا و قەیرانی ڕەوایەتی بخەمە ناو کۆی مشتومڕەکانەوە و لەدووتوێشییەوە کۆڵۆنیالیزم و ژیاری سەرمایەداری بە بەرپرسیاری سەرەکی نەبوونی ڕەوشتی لێپرسراوێتی لەمێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و گیروگرفتەکانی ئەم سەردەمە بەتایبەتی دابنێم .

بێجگە لە هەندێ باری ڕیزپەڕ ( استثناء ) ، دەسەڵاتدارێتی کۆڵۆنیالیزم ڕۆڵی بنەڕەتی دروستبوونی دەوڵەتانی ئێستاکەی "جیهانیسێ " بوو (١٣) دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش یەکێکە لە نموونە بەرجەستەکانی ڕەشەکێشانی سنوور ، کە لەژێر زەبری ڕاستەوخۆی دابەشکردنی دەسەڵاتدارێتی نێوان دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکاندا ، پاش جەنگی یەکی جیهانی دروست بوون .

بنەما و فۆرم و ئەرکی (وظيفة) ئەم دەوڵەتە نوێیانەش بەڕاشکاوی خۆیان لەنێو " دەوڵەتی کۆڵۆنیال"دا بینییەوە، کە ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکاندا بوون . ئەم ڕاستییە مێژووییەش ناڕاستێتی مێژوویی چرکەساتی دروستبوونی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیمان بۆ دەردەخات کە ( دەوڵەتی کۆڵۆنیال ) دەرئەنجامی دینامیکیی ناوەکی نەبوو ، بەڵکو سەرەنجامیبەرفراوانخوازی ئیمپریالیزمانە بوو (١٤) . واتە پرۆسەی پێشکەوتنی ئەو گەلانە لەپاش کۆڵۆنیالکردنی خاك و مێژوویان، پێش ئەوەی مێژووی دینامیکی خۆیی ناوەوەی کۆمەڵگەی خۆی بێت ، مێژووی ململانێی هێزێکی دەرەکی بوو ؛ کە خۆی لە فۆڕمی دەوڵەتی کۆڵۆنیالی دروستکراوی پەیدانەبووی بزووتنەوەی ناوەکی مێژوویی خودی ئەو کۆمەڵگانەدا دەبینێتەوە .

لەچوارچێوەی دەوڵەتی کۆڵۆنیالدا " کۆمەڵگا "ی ناشێلگیر دروستکراو ، کۆمەڵگایەك کە پتر ئەرکی دەوڵەت و زەبری سەربازیانە بوو فۆڕمیبداتێ و ڕەوایەتی مێژوویی پێببەخشێت . لەم ڕووەوە دەشێت باس لە پانتایی کۆمەڵگایەکی سەربازی بکرێت تاوەکو لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی ( المجتمع المدني ) ـ هەروەکو گرامشی لەسەر بناغەی خوێندنەوەی بیری هیگڵ چەمکی بۆ دانا . بەمانایەکی دی ، دەتوانین بڵێین : نێوەندێتی دەسەڵاتی ناوکۆی پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنانی خۆیی نەبوو، کە " گەل"، " نەتەوە " یا کۆمەڵگا یاخود دەوڵەت وەك دیاردەیەکی مێژوویی پێشکەوتنی خۆیی لەچوارچێوەی سنووری وەهمی یاخود حەقیقیدا دروست بکات ، بەڵکو دەقاودەق دروستکردنی چەقگەلێکی دەسەڵاتدارێتی بوو لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە و لەدووتوێشییەوە کردنی بەکەنار یاخود تەوەری خۆی و بەندکردنی بەبازاڕی نێوەندەوە (واتە دەوڵەتە میترۆپۆڵەکانی ئەوروپاوە ) و پاراستنی ئەم پێکهاتەش لەسەرەتادا ڕاستەوخۆ لەڕێگای لەشکرەوە بوو ، پاشان بەهۆی بەندکردنی بەبنەما چەوسێنەرە خۆییەکانی ناو کۆمەڵگای پێکهێنراوی دەوڵەتی کۆلۆنیالەوە مەیسەکرا . " بۆ نموونە : لەعیراق ئینگلیزەکان ٩٠٪ ی زەویوزاریان لەنێوان هەزارویەك شێخ و سەرۆك هۆزەکانی نیوچادرنشیندا دابەشکرد "(١٥) .

لەدایکبوونی قەیراناوی ئەم دەوڵەتانە، لە دەرئەنجامی ململانێ و قەیرانی دابەشکردنی جیهانی کار، بەشێوەیەك لەشێوەکان ، دیاریکردنی پێشکەوتن و چارەنووسیشیانە لەداهاتوودا .

دروستکردنی زەبروزەنگاوییانەی دەسەڵاتێکی نێوەند بۆ هەمیشە بنجبەستکردن و پیادەکردنی بەرژەوەندییەکانی

کۆلۆنیالیزم ، خۆی لەخۆیدا چەوساندنەوە و نامۆکردنی بنەما کۆمەڵایەتییە خۆییە جیاجیاکانی ناوچەکە بوو. ئەم ئەتکردنە (اغتصاب) مێژووییەش بێگومان لەسەرووی لەبەرچاوگرتنی سروشتی نەتەوایەتی و کەمایەتی‌و ئایینی و مەزهەبییەوە پلانی بۆ کێشرا . ئەم ڕاستییەش یەکێک بوو لە گیروگرفتە سەرەکییەکانی دەوڵەتانی کۆلۆنیال و تاوەکو ئەمڕۆش بە شێوەی جیا یەکێک لەکێشە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیالی ( Postkolonial ) ناوچەکە پێکدەهێنێت . مەبەست و جێگای سەرنج ڕاکێشانە لێرەدا بگووترێت ، کە هۆکارەکانی ئەم گیروگرفتانە ڕیشەی مێژوویی خۆیان لەنێو پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەپێش سەردەمی کۆلۆنیالیزەکردن دایە .واتە دەبێت لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئیتنی و ئایینی- مەزهەبی‌و سنووری هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا بڕێکی زۆری بۆماوەی ئەو گیروگرفتانە ببینرێتەوە ، چ جای دەگاتە مێژووی پێش دروستبوونیان . بۆ نموونە، کێشەی سنوور ، کێشەی دەسەڵاتدارێتی سیاسی- نەتەوەیی- ئایینی - مەزهەبی . . .هتد لەنێوان سەفەوییەکان‌و عوسمانییەکاندا*.

دەوڵەتی کۆلۆنیال بەحوکمی دروست نەبوونی مێژوویی دینامیکی ناوەکی ، هەمیشە لەقەیرانی بەخشینی‌ڕەوایەتی (شرعیة) بەخۆدا دەژی . ئەم قەیرانە لەدایکبوو و زادەی چرکەساتی ئەو پێکهاتەیە کە - دەوڵەتی‌کۆلۆنیال- مان نێولێنا ، کە لەلایەک وەکو بنەمایەک بۆ تێرکردن و ڕێکخستن و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری- سیاسی‌یەکانی کۆلۆنیالیزم دروستکرا ، لەلایەکی دییەوە بۆ کێشانی سنووری دابەشکردنی بەرژەوەندی - ململانێ لەنێو خودی دەوڵەتانی میترۆپۆلی ئەورووپیدا ، دامەزرێنرا . لەم خاڵبەندییەوە ناتوانرێت باس لە دەوڵەتانی ناسیۆنال بکرێ، بەڵکو پتر دەوڵەتی تێرتیۆریال - هەرێمی بۆ زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەرئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکران، جەوهەری دەوڵەتی کۆلۆنیال لەخۆی‌دەگرێت.

هەروەکو چۆن پەلاماردانی بنەمای ئەو کۆمەڵگایانە بەشێوەیەکی زەبروزەنگاوییانە واتای تێکشکاندن و گۆڕینی ئەو بنەمایانە نەبوو بۆ بەخشینی هەمان بنەمای کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەورووپی ، بەڵکو لە بناغەدا هێشتنەوەی ئەو بنەما جیاوازنە لەئاستی کۆمەڵایەتی یان ئیتنی یاخود ئایینی - مەزهەبی‌دا لەستراتیژیەتی دەوڵەتانی‌میترۆپۆلی ئەورووپی‌دا بوو ؛ واتە گرنگ‌بەندکردنی ئەو بنەمایانە بوو بە بازنەی هێز و بازاڕی خۆیەوە ، ئەمە لەسەر ئاستە کولتوورییەکەی لە زەوتکردنی (استلاب) عەقڵدا بەرجەستەبوو، کە زەبروزەنگاوترین شێوەی پەلاماردان بوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا . ئەڵبەتە ئەمەش لە دەوڵەتێکەوە بۆ ئەوی دی جیاوازی ڕێژەیی خۆی هەبوو و " وولاتی دایک " ئیدی بوو بە فەڕەنسا و بەریتانیا و ئیتاڵیاو. . .هتد ، ئاوایش دەوڵەتی کۆلۆنیال ، ئەگەرچی لەڕووی فۆرمەوە گواستنەوەیکی هەیکەلی دەوڵەت بوو وەکو بەڕێوەبەری ناوچەی ئیداری ، بەڵام لەڕووی ئەرك و بنەماوە و بەحوکمی پرۆسەی دروستبوونی مێژوویی و پێکهاتە بنەماییەکەی، پێکهاتەیەکی تر بوو لە دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەورووپیدا .

یەکێک لە تایبەتکارەکانی دەوڵەتی کۆلۆنیال چەپاندنی ناشێلگیرێتی کۆمەڵایەتی ئیتنی و ئایینی و مەزهەبییە لەڕێگای زەبروزەنگەوە ، پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نوێیە کە کۆمەڵگەی کۆلۆنیال تیایدا وەکو خودێکی مێژوویی نوێ لە سنوورێکی سەربازی - ئابووری - ئیداری - سیاسی‌ی چوارچێوەی دەوڵەتی کۆلۆنیالدا بەرجەستەبوو، ئەمەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ناهاوتا و لەیەکنەچووەکانی سروشتی نەتەوەیی و ئایینی - مەزهەبی گەلان و گرووپ و مەزهەبە جیاوازەکانی ناوچەکە و هەوڵدانی بۆ بەکەرەسەکردنیان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتدارێتی لە دەوڵەتی کۆلۆنیالدا . بۆ نموونە ، (بێرسی کۆکس) بیری دروستکردنی (پارت)ی لەعیراقدا ڕەتدەکردەوە و پێی وابوو (پارت) خەڵکی عیراق لەت و پەت دەکات(١٧) . کرۆکی ئەم بیرەش هەر لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ واتای قەیرانی خودی " عیراق "ە وەکو پێکهاتە و ، بەحوکمی پێکهاتە بنەماییەکەی، کۆمەڵگایەکی ناهاوتای ناشێلگیرە و ساکار نییە لەپرۆسەی بە کۆمەڵگاکردندا یەکەیەکی بنەمایی تیادا دروستبکرێت . " ئەم قسەیەی (بێرسی کۆکس) هەر لەو کاتەوە تاوەکو ئەمڕۆ وێردی سەر زمانی هەموو فەرمانڕەوایەکی فەرمانڕەوایەتی عیراقە "(١٧) .

* عبدالله العروی لە لێکۆڵینەوە بەنرخەکەیدا بۆ دەوڵەتی عەرەبی وای دەبینێت کە دەوڵەتی ئێستای عەرەبی لە نێوان دوو شێواز(نمط)دا دەجولێتەوە: سولتانێتی مەلوکی‌و تەنزیمێتی عەقڵی (السلطانية المملوكية و التنظيمية العقلية) .واتە لۆژیکی ڕێکخستن ئێستاش چ لە حوکمی تاکێ یا پارتێ بێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی عەقڵانیکراو ، بنج بەستە و کۆلۆنیالیزمیش ئەم کۆڵەکانەی پتر پتەوترکرد . . . (١٦) .

کاتێك لەپرۆسەی زەبروزەنگ دەدوێین، مەبەستمان زەبرو زەنگی بنەماییە(١٨)، واتە کۆی بنەمای کۆمەڵگا چ لەسەر ئاستی سەرخان و چ لەسەر ئاستی ژێرخان، کە لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە بووە هۆی خستنەوەی پێشکەوتنێکی نائازادانە لەپرۆسەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایانەدا. هەربۆیەش پرۆسەی کۆمەڵگا لەو وولاتانە بەپێی سیستەمی ئابووری - پەیوەندی کۆمەلایەتی باو و هەمیشە هەڵکێشراو بەسیاسەت، لەلایەن دەولەتەوە پیادەدەکرێت.

بۆ پتر روونکردنەوەی کۆششی شیکردنەوەکەمان، بە مەبەستی دەزانین بەکورتی پانتایی ئەم پرۆسەیە لە دوو قۆناغی مێژووییدا دیاریبکەین:

یەکەم: قۆناغی دروستکردنی دەولەتی تێرتیۆریال - هەرێمیی و کۆمەڵگای بەزەبر(اکراە) لەنێو سنوورخزێنراوی ناشێلگیر لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە.

ئەو کاتەی کە چەکدارەکانی ئینگلیز پەلاماری باشووری میسۆپۆتامیایان دا و فاوی تاکە بەندەریان گرت و دوا بە دوای ئەوەش بە چەند رۆژێك توانیان بەسرەش بگرن(١٩)... و لەپاشاندا (ساڵی١٩١٧) شاری بەغدا بگرن و لەکۆتاییدا بچنە ناو شاری موسڵەوە و تورکیا لەو ناوەش دووربخەنەوە، ئینجا هەر ناوچەیەکی کوردستانی باشوور مابوو داگیریانکرد(٢٠)، ئا لەو کاتەدا پێکهاتەیەك نەبوو ناوی "عیراق" بێت، بەڵکو ئینگلیزەکان مەبەستیان لە داگیرکردنی ئەم سێ ویلایەتە ئەوەبوو "کە لەداوارۆژێکی نزیکدا بیانکاتە بەشێك لەو دەولەتەی دەیانویست بەناوی ئینتیدابەوە لەعیراقدا دایبمەزرێنن(٢١).

٦ی نۆڤەمبەری ١٩١٤ سەرەتای مێژوویەکی نوێی نامۆ بوو بۆ گەلانی ناوچەکە، دەرئەنجامەکەیشی گۆڕانکارییەکی سیاسی - ئابووری نەك بەتەنێ لەئاستی ناوچەییدا، بەڵکو لەئاستی جیهانیشدا خستەوە و سەرەتای مێژوویەکی سیاسی نوێشی بە دامەزراندنی دەولەتانێکی نوێ لە نەخشەی جیۆ - سیاسی ناوچەکەدا هێنایەکایەوە. دەرئەنجامی ئەم دیدەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە دەولەتی عیراق بەرهەمی پێشکەوتنی مێژوویی "کۆمەڵگای عیراق" نییە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە رۆشنایی بخرێتەسەر بریتییە لەوەی کە چ لە نەخشەی سەربازی ئینگلیزەکان و چ لەعەقلییەتی سیاسی - ئیداری ئەو کاتەی دەولەتی عوسمانیدا "عیراق" وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی بوونی نەبوو، بەڵکو پێکهاتەی سێ ویلایەتی نایەك: بەسرە، بەغدا، موسڵ (کە ئەو کاتە خوارووی کوردستانی دەگرتەوە)، کە سنووری ئیداری جوێبوون لەخودی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا. ئەم راستییەش بە بەرجەستەکراوی لەوەدا دەبینینەوە " کە لەلایەك لەشکرێکی هیندی بەناو (د) نێوی جەنگی میسۆپۆتامیایان بە هێرشەکەیان بەخشی و لەلایەکی دییەوە ئەو لەشکرە بچووکە مەبەستی سەربازی سنوورداری هەبوو، کە مانای ئەوەی دەبەخشی سیاسەتی ئینگلیز "گرتنی" میسۆپۆتامیا بوو"(٢٢).

بەگرتنی سێ ویلایەتی بەسرە و بەغدا و موسڵ بەردی بناغەی حکومەتی پاشایەتی دانرا(٢٣) و دەولەتێك قوونکرایەوە، سنوورێك کێشرا، گەلێك دۆزرایەوە، کە لە داهاتووشدا هەموو کەرەسەیەکی بەکارهێنا بۆ رەوایەتی بەخشین بەخۆی، بەو جۆرەش سەرەتای بناغەی دروستبوونی **کێشەی سنوور و دەسەلاتدارێتی لەگەڵ دەولەتانی کۆلۆنیالی دی خستەوە**... پرۆسەی دروستکردنی کۆمەڵگا لە دەولەتی کۆلۆنیالدا بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەسەر ئاستی شێلگیرکردنی چەند بنەمایەکی ئیتنی و ئایینی - مەزهەبی ناشێلگیر، بە خزاندنی زەبروزەنگاوییانەی بۆ نێو سنووری دەولەتی تێرتیۆریال، بەرجەستەدەکات. بۆ نموونە، لەعیراقدا دەکرێت ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەی بە "کۆمەڵگاکردنی عیراق" ناوببرێت.

پرۆسەی دروستکردنی کۆمەڵگای عیراق تاوەکو ئەمڕۆیش پرۆسەیەکی ناتەواوە. "کۆمەڵگای عیراق" کۆمەڵگایەکە لە ئەنجامی دەولەتی کۆلۆنیالی عیراق لەشێکی کۆمەلایەتی پێبەخشرا. ئەم پێکهاتەش پرۆسەیەکی ناوەکی مێژوویی نەبوو کە لە دووتوێیشییەوە دەولەتی ناسیۆنالی خۆی، وەکو لەدایکبووی دینامیکی کۆمەڵگایەك دروستکرد بێت، بەڵکو وەکو پێکهاتەی دەولەتی کۆلۆنیال خۆی کۆمەڵگەیەکی دروستکراوە، ئەمەش بەتەنێ لەرێگای زەبروزەنگەوە. خستنەوەی ئەم پرۆسەیەش مانای بەستنەوەی چەوساندنەوەی بنەما جوێکانی کۆمەڵگەی دروستکراوە بەرێگای هێز.

مێژووی سەرقاڵێتی رەوایەتیبەخشین بە دەولەت و کۆمەڵگای کۆلۆنیالی عیراقی و کپکردنی هەموو راپەرینێك لە چوارچێوەی سنووری پێشنیارکراو(یاخود دەستکەوتوو)ی* عیراقدا، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەولەتی کۆلۆنیالی ئەو سەردەمەی عیراق. دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لەژێر فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحمود و پاشان راپەرینە پچرپچڕ و بەردەوامەکانی کوردستانی باشوور دژ بە پرۆژەی

---

* بۆ نموونە کێشەی موسڵ لەنێوان ئینگلیز و فەرەنسا و تورکیادا.

ئەنكلۆ عیراقی ، بەرجەستەترین نموونەی بەندکردنی کوردستان بوو بە دەوڵەتی کۆلۆنیالی عیراقەوە، ڕۆخستنی کۆمەڵگای کوردستان بوو بۆ نێو پرۆسەی بەکۆمەڵگاکردنی عیراق و پاشان بەعیراقیکردنی لەڕێگای زەبروزەنگەوە . تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکانی کوردستان ئەم پرۆسەیەی لەسەر ئاستێکی سەربازییانە مەیسەرکرد . بەهەمان شێوەیش تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکانی خوارووی عیراق ، کە ئەڵبەتە ڕەهەندێکی دی هەبوو ، دەتوانرێت لێرەدا وەکو نموونە بهێنرێتەوە .

* گردبوونی دەسەڵاتداریێتی (تمحور السلطة) لە دەستی کەمایەتییەکدا : هۆزێك - کەمایەتیەکی مەزهەبی - پارتێك - کەمایەتیەکی ڕەگەزی - خێزانێك ، بەپێویست و بەبێ چەندوچوون ئیستیبداد پەنابەری سەرەکییان دەبێت و ئەمەش شتێکی بابەتییە "(٢٤) .هەڵبژاردنی سوونەش بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کۆلۆنیالی عیراق لەلایەن ئینگلیزەوە تاوەکو ئەمڕۆ کێشەیەکی دەسەڵاتداریێتی لە دەوڵەتی کۆلۆنیالی و پۆست کۆلۆنیالی عیراقدا دروستکردووە . .

بێبەریکردنی شیعە که زۆربەی دانیشتوانیعەرەبی عیراق پێکدەهێنێت ، کورد کە هەر لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ چارەسەری مەسەلەکەی لە سێکوچکەی کوردییانە و ئینگلیزییانە و عیراقیانەدا درێژەی هەیە ( ئەگەرچی چارەسەری شێوەی یەکەم لەژێر زەبری سیاسەتی ئەنگلۆ عیراقی و بەرێککەوتن لەگەڵ فەرەنسا و تورکیا زیندەبەچاڵ کرا ) ، تاوەکو ئەم ساتە قەیرانی دەوڵەت و کۆمەڵگا و ڕەوایەتی دەسەڵاتداریێتی عیراق پێکدەهێنێت .ڕووداوەکانی دوای جەنگی عیراق و هاوپەیمانەکانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت .

دەوڵەتی کۆلۆنیال سەرقاڵی بەخشینی ڕەوایەتییە بە پلەی سەرەکی ،نەك بەسنووری دەرەوەی ، بەڵکو پتر بە سنووری (بە کۆمەڵگاکردن ) ناوەوەی ئەو پێکهاتە نوێیە . کێشەی سنوور لەگەڵ کوێت تاوەکو ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی بەهیچ شێوەیەك جێگای مشتومڕی حکومەتەکانی عیراق نەبوو ، ئەگەرچی کوێت لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی عوسمانیدا بەشێکی ویلایەتی بەسرابوو !؟* هەر بەهەمان شێوەش بەدرێژایی دەورانی پاشایەتی لەعیراقدا (١٩٢٢-١٩٥٨) باسی (عەرەبستان ) بەهیچ جۆرێك نەکرا "(٢٥) .

قەیرانی ناسنامە، تەنگوچەڵەماویترین کێشەی هەناویی کۆمەڵگا و دەوڵەتی کۆلۆنیالە و ئەو دەوڵەتە پاش وەدەستهێنانی " سەربەخۆیی"ش هەمان قەیران بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت . هەرچی چارەسەری پێشنیارکراو و بەپراکتیککراویشە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دی شێوەی پیادەکردنی کەم تازۆر لێکتر جیان ، بەڵام مۆرکی گشتی بریتییە لە دۆزینەوەی "گەل" ، "نەتەوە" و لەدووتوێیشییەوە سازێژکردنیقەیرانی ڕەوایەتی دەوڵەت . بۆ نموونە ، دەوڵەتی کۆلۆنیالی عەرەبی عیراق " لە کۆششیبروپاگەندەکردندابوو بۆ وەلائەت و شانازیکردن بە وولاتی نوێ وە، عیراقیەکانی سەدەی بیستەم - گوایە- بریتین لە میراتگرێکی ڕاستەوخوی میسۆپۆتامیەکان و بابلیەکان "(٢٦) .

قەیرانی ساغکردنەوەی ناسنامە لە دەوڵەت و کۆمەڵگای کۆلۆنیالی عیراقدا خۆی لەنێوان دوو پرسیاردا دەبینیەوە: ئایا عیراق بەبەشێکی دانەبڕاوی ئایدیۆلۆژیای "ناسیۆنی عەرەب " ببینن یاخود خۆیان بەدرێژبووەوەی میسۆپۆتامیەکان و بابلیەکان پێناسەبکەن ؟(٢٧) . دوو پرسیاری ئەو سەردەم کە ئایدیۆلۆژیای پانعەرەبێتی ، بەتایبەت لای بەعسیەکان ، وەڵامی نە شیش بسووتێ نە کەبابی بۆ دۆزینەوە ، کەپاشان دێینە سەر کێشەی ناسنامە لەپاش ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی .

لەنێوان ئەو دوو دارشتنەدا : دارشتنیناسیۆنالیزمی عەرەبی و نیشتمانپەروەرێتی عیراقی ، هۆشمەندییەکی نوێی نیشتمانپەروەرانە هاتەکایەوە کە بازنەیەکی فراوانی کۆمەلانی خەڵکی گرتەوە و بوو بە خاڵیهاوبەشیئایدیۆلۆژی هاوبەش ، کە دەبایە هەموو کارێکی سیاسی بۆ بکەرایەتەوە، کاتێك کە ڕێکخراوە سیاسییە " ڕەسەنەکان " هاتنەکایەوە ، تەنیا لەکاتێکدا دەیانتوانی پشتیوانی جەماوەر بۆ خۆیان دابین بکەن کە پرۆگرامە سیاسییەکانیان بەپێی ناوەڕۆك لەگەڵ کوێ ئامانجی سەربەخۆیی عەرەبی و عیراقیدا پێکەوە ببەستایە (٢٨) . ئەمەش نەك بەتەنێ ئەرکی پارتە لیبراڵ و نیمچەلیبراڵ و ناسیۆنالیستەکان و ئەوانەی دی ئەو کاتەی عیراق بوو ، بەڵکو تەنانەت پارتی کۆمۆنیستی عیراقیش ، هەر وەکو ناوەکەی خۆی پێناسەدەکات، دەبایە باس لەنیشتمانپەروەرێتی عیراق بکات بۆ ئەوەی وەلائەت بۆ خوی پەیدابکات . ئەمەش بوو بەسیاسەتی قەرەقۆشی عیراقی کە هەموو هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی یاخود

* دەوڵەتی کوێت بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٩٦٢دا لە لایەن بەعسییەکانەوە بڕوای پێکرا ، ئەویش بەوەرگرتنیبارمتی دارایی . . .

پیناسەی ناسنامەیەکی دی لەدەرەوەی سنووری نیشتمانی عیراق بەدەستکردی ئیمپریالیزم و کێرەشێوێن یاخود شعوبیەت لەقەڵەم دەدرا. دەقاودەق درێژبوونەوەی سیاسەتی ئینگلیز لە هەڵوێستی بەرامبەر کورد کەتاوەکو ئەمڕۆ بە منالێکی یاخیبووی عیراقی لەقەڵەم دەدات و تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکانی مانای گەڕانەوەی بوو بۆ کۆشی دایك.

عەقلانییەتی کۆلۆنیالیزم لە پراکسیسدا جەوهەرێکی ناعەقلانی لەخۆ دەگرێت لەکاتێکدا بەتەنێ خۆی بەنێوەندی جیهان دەبینێ و دەخوازێ جیهانیش بخاتە ناو هەناوی سیستەمەکەی خۆیەوە و بەکەناری بکات و نایەوێت بێجگە لەخۆی هیچ شتێك لەدەرەوەی خۆی سەربەخۆیی خودی خۆی هەبێت. ئەم بەربەرییەتەی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان لە پراکسیسیان بەرامبەر بەگەلانی جیهانی دەرەوەی خۆیان (بەتایبەت) بەرجەستەبوو. جێگای سەرنج ڕاکێشانە کە هەر هەمان عەقلانییەت ببێتە سیاسەتی ناعەقلانی ناوخۆی ئەو پێکهاتە نوێیانە. لەلۆژیکی ئەم هاوکێشەیەشدا بە پێویست هەموو ڕێبازێکی عەقلانییەتی سەردەم (بەتایبەت تەکنۆلۆژیا) بەکاردەهێنرێت بۆ پیادەکردنی سیاسەتی ناعەقلانییەتی خۆیان بەرامبەر بە بنەما جیا وناشێلگیرەکانی گەلانی دۆزراوە و ڕەوایەتی بەخشین بەخۆ وەکو خودی مێژوویی.

" ڕزگاربوون " لەدەسەلاتی کۆلۆنیالیزم قۆناغێکی نوێی خستەوە، کە خۆی لەدەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالدا بەرجەستە دەکات.

دووەم، قۆناغی سەربەخۆیی نیشتمانی یان "ڕزگاربوون" لە دەسەلاتدارێتی کۆلۆنیالیزم Entkolonilisierung:

بەشێوەیەکی گشتی " ئەم قۆناغە واتای ئەوەیە، لەو ناوچانەی کاتی خۆی ناوچەی بەڕێوەبردنی کۆلۆنیالی (الادارة الکولونیالیة) بوون، دەوڵەتانێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی سنووورە کۆلۆنیالییە کۆنەکان دروستبوون"۲۹. ئێمە ئەم دەوڵەتانە بە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال لەقەڵەم دەدەین. " مەبەست لە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال، خۆدابڕینە بەشێوەیەکی ناوەکی لە دەوڵەتانی دی"(۳۰) و هەوڵدانە بۆ بەخشینی ڕەوایەتی بەدەوڵەتی نوێی نیشتمانی.

لە کۆمەڵگاکانی پۆست کۆلۆنیالدا دەبینین دەوڵەت ڕووبەڕووی گیروگرفتگەلێك دەبێتەوە کە خۆی لەپرۆسەی پێکهێنانی نوێی پێکهاتی دەوڵەت و کۆمەڵگادا دەبینێتەوە. ئابووری نەتەوەیی-نیشتمانی، لەشکری نەتەوەیی- نیشتمانی، سیاسەتی نەتەوەیی - نیشتمانی، پەروەردەکردنی نەتەوەیی- نیشتمانی ...هتد، بەکورتی مۆبێلکردنی کۆمەڵگا لەپێناو گەشەپێدان و دروستکردنی مێژووی نەتەوایەتی - نیشتمانی و دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی- نیشتمانیدا... هتد، لەئەرکە بنەڕەتیەکانی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالە. بەمانایەکی دی ململانێ بۆ دروستکردنی ڕەوایەتی مێژوویی بەخۆ وەکو خود (ذات). بۆ بەخشینی ڕەوایەتیش بەخۆ، دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال پێویستی بەدروستکردنی ئایدیۆلۆژیای " نەتەوە "، " گەل " هەیە. گەڕان بە دووی خودی مێژوویی " نەتەوە "دا، ئەرکی جەوهەری فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی نەتەوەیی - نیشتمانی نوێیە. بۆ نموونە، ئەم پرۆژەیە لە دەوڵەتێکی وەکی عیراق لەئاستی دەوڵەتیدا پاش دروستکردنی کۆماری عیراق بەڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی، واتە لە (۱۹۵۸)ەوە، دەست پێدەکات و ئێمە پرۆسەی بە "عیراقیکردنی کۆمەڵگا " ی نێو لێدەنێین. ئەم پرۆسەیەش واتای " تەواوکردنی خۆدابڕانی تێرتیۆریالییە لە دەوڵەتانی دی و ئەم پەیوەندییە دەرەکییەش هۆکاری بتجبەسبوونی بۆ ناوەوە پێکدەهێنێت"(۳۱).

خزاندنی بنەما جیاکانی نێو سنووری دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عیراقی بۆ نێو میکانیزمی بەعیراقیکردن شیاوە و مەرج نییە بەتەنیا لەڕێگای زەبروزەنگاوی - سەربازییەوە بێت، بەڵکو لەقۆناغی جیاجیادا ئاستی تریش بەخۆیەوە دەگرێت. بۆ نموونە، بەندکردنی ئەو بنەما جیایانە لەڕێگای چارەسەرکردنی هەندێ تەنگوچەڵەمەی ئابووری - کۆمەڵایەتی - کولتووری (خۆماڵیکردنی نەوت، ریفۆرمی کشتوکاڵ، بەعەرەبکردنی خوێندن ...هتد) یان دامەزراندن و پتەوکردنی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی - نیشتمانی، لق و بۆیە داپلۆسێنەرەکانی و پیادەکردنی سیاسەتی زەبر و خستنەوەی دیسپلین و ترس وپێکهێنانی " کۆمەڵگای یەکڕەنگ" و...هتد، یاخود گەڕان بەدووی ئاشتی سیاسی تەکتیکی قۆناغیی لەڕێگای مەیدانییەوە لەسەردەمێکی دیاریکراودا، کە زۆربەی کات سەردەمی قەیرانی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال لەخۆدەگرێت.

هەر لەبەر ئەوەیشە قەیران وەکو دیاردەیەك پشتوێنی تەنگەی دەوڵەتی کۆلۆنیالە، چونکە خۆی لەسەردەمی قەیراندا دروستبووە و تاکە چرکەساتێکیشە کە ڕاستێتی بودەڵەیی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال لەمێژووی پرۆسەی ڕەوایەتییە بۆ خۆ دۆزەرەوەکەی دەردەخات و هەموو

نرخەکانی " کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیالیش ، کەپشتی پێی ئەستووره ، دەشلەژێنێ و ڕەوایەتیشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە . دەرئەنجامەکانی دوای جەنگی کویت - رایەڕینی خوارووی عیراق و کوردستانی باشوور - گەواهی ئەم دیدەن .

" دەزگای دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال دەکەوێتە بەرامبەر ئەرکێکی قورسەوە : ئەو دەبێت لەلایەك خۆی وەکو پارێزەری بەرژەوەندی تایبەتمەندی (المصلحة المختصة ) بێلایەن پیشان بدات ، بەلاّم لەدەرئەنجامی بناغەی بنەمای کۆمەلاّیەتی باو ناچار دەبێت بەئەرکی ئابووری جۆر بەجۆر هەڵبستێت "(٣٢) . هەر بۆیەش دەوڵەت ئەو ئەرکە قەبە پێ خواردووە لەخۆی دەگرێت کە لەڕێگایەوە دەبێتە دەزگایەکی ئۆتۆریتر .

نەبوونی کۆمەڵگای خۆیی مەدەنی لەڕووی پرۆسەی پێشکەوتنی مێژوویی کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیالەوە وا لە دەوڵەت دەکات کە هەڵستێ بە دۆزینەوەی پێناسەی نوێ بۆ کۆمەڵگای نوێ . ئەم پرۆسەیەش دەکرێت بە پرۆسەی دروستکردن (یان دۆزینەوە)ی " نەتەوە "، " گەل" ناوی لێبنرێت . پرۆسەی دروستکردنی ئەم پێکهاتە نوێیەش یەکێکە لە پێداویستییە ژیارییەکانی لەسەردەمی سەربەخۆییدا ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت دەبێت .

بە میتۆلۆژیکردنی مێژووی پێش دروستبوونی دەوڵەتی کۆلۆنیال یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئایدیۆلۆژیای " گەل " ، " نەتەوە "ی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال . ئەم ئایدیۆلۆژیایەش پتر لە چەمکی " ترادیسیۆنی دۆزراوە"(٣٣) دا - پێناسەی (ئەندرسۆن بیندیکت)ە بۆ ناسیۆن - لۆژیکی یەکەی بنەمایی ئەم کۆمەڵگا پێشنیارکراوە لەخۆ دەگرێت (لەپاشدا جارێکیدی دێینەوە سەر ئەم خاڵە) .

ئالێرەدا دەوڵەت دەبێتە بەڵێندەری (مقاول ) ئابووری - کۆمەلاّیەتی - کولتووری کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیال ، کەپتر " ڕۆڵێکی پەروەردەیی لەخۆ دەگرێت "(٣٤) بۆ سازێژکردنی قەیرانی پێناسەیبوونی (ازمة تعريف الوجود ) کۆمەڵگای ناشێلگیر .

کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیالی مەحکوم بەپێناسەی بوون ، زۆربەی کات ڕەوایەتیەکەی بەهێزی ئابووری یاخود دەزگای داپلۆسێنەر یاخود لەشکرەوە بەندە . . .ئەمەش لەزۆربەی کاتەکاندا لەڕژێمی تاك پارتیتی یاخود ڕژێمی سەربازیدا خۆی دەبینێتەوە . بۆ نموونە ، ئەم جۆرە ڕژێمانەش لە جیهانی تەوەردا کەم ژمارە نین .-

دروستکردنی " هەستی ئیمەیی " : ئیمەی عیراقی - ئیمەی عەرەب - ئیمەی ئێرانی - ئیمەی تورك . . .هتد ، پرۆژەیەکە دەبێت دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال پێی‌هەڵسێت . با سنوورەکانیش لەنێوان خودی نەتەوەیەکیشدا ( وەکو عەرەب) بەرەشەکێشان دروستکرابن ، بەلاّم دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال باس لە ڕەوایەتی نیشتمانی- نەتەوەیی خۆی دەکات و نارەوایی دابەشکردنی جیهانی عەرەب لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە . بۆ نموونە ، هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هیچ ناکۆکییەك لەنێوان عیراقی‌بوون و عەرەب بوون یاخود میسری بوون و عەرەب بووندا بوونی‌نییە ، یەکێك بوو لە ئایدیۆلۆژیای دەستەبژێرانەی (نخبوي) پان عەرەبێتی ناسریزم . ئەمەش لەیەك ئەنجام پتر نادات بەدەستەوە ، ئەویش ئەوەیە کە سەرباری دەستکردێتی کۆلۆنیالیستانەی ئەو سنوورانە ، نابێت لە پیرۆزێتی مەسەلەی ڕەوایەتی بەخودانی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال کەم بکرێتەوە. ئەم ئایدیۆلۆژیایەش میکانیزمی پرۆسەی سیاسەت و پێشکەوتن لە زۆربەی‌زۆری‌جیهانی تەوەردا پێکدەهێنێت و بۆتە هۆی خستنەوەی جەنگ؛ و شەڕی دیپلۆماسی لەنێوان دەوڵەتانێکدا ، یان بۆتە هۆی جیابوونەوەی بەشێك یاخود خستنە سەر سنووری بەشێك لە دەوڵەتێك بۆ سەر دەوڵەتێکی تر و لە زۆربەی کاتەکانیشدا بەڕێگای هێز . ململانێی دەسەلاّتدارێتی ناوچەیی و بەرژەوەندی قەیرانی ئابووری - سیاسی لەمجۆرە بارانەدا کلیلی خستنەوەی کێشەی سنوور و ڕەوایەتییە چ بۆ ناوەوە و چ بۆ دەرەوە . ئەم پرۆسەیەش دەقەکەی خۆی لە خۆبەجێهێنانی (تحقيق الذات)ی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالدا بەرجەستەدەکات کە بۆتە واقیعێکی بابەتی - مێژوویی ئەم سەردەمە .

بە مەبەستی دەزانین لێرەدا خۆمان نەخەینە نێو مشتومڕی ناسیۆنالیزم ، بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی جیهانی تەوەرەوە . . بەلاّم ئەوەی لێرەدا گرنگە و پابەندە بە بابەتەکەمانەوە ئەوەیە کە چۆن ناسیۆنالیزم ڕۆڵی میتافیزیکی کۆمەلاّیەتی لەخۆ دەگرێت و " هەندێ جار کولتووری باو دەکات بە نەتەوە و جاری واش هەیە کولتوورت بۆ دەدۆزێتەوە و زۆر جاریش لەڕاستیدا کولتووری باو تێکدەشکێنێ "(٣٥) .ئەمەش یەکێکە لە تایبەتکارەکانی دۆزینەوەی کولتووری نوێ یاخود " ترادیسیۆنی دۆزراوە" و تێکشکاندنی کولتووری باوی خۆیی لە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال دا بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگەی نوێ . بۆ نموونە ،لەعیراقی پۆست کۆلۆنیالدا پرۆژەی کولتووری بابلی و

ئاشوری و سۆمەری و ئەکەدی و ... هتد ، کە لەسەردەمی عیراقی کۆلۆنیالیدا بەوە خۆی پێشنیارکرد کە عیراقیەکان درێژبووەوەی میسۆپۆتامی و بابلیەکانن ، وەکو کولتووری دۆزراوە خرایە پرۆسەی عەقلانییەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە و لەئاستی پەروەردەکردندا ئەو کولتوورانە بەعیراقیەکی رووت لەقەڵەم دران ، وەك ئەوەی عیراق وەکو عیراقی نوێ مێژووی کۆنی خۆی هەبێت . ئەم پرۆژەیە لە عیراقی پۆست کۆلۆنیالدا لکێنرا بە ئایدیۆلۆژیای پان‌عەرەبیزمەوە و لەو دوو دارشتنەوە تێزی کۆمەڵگای عیراقی پۆست کۆلۆنیال پوختکرا ، ئەمەش بەتایبەتی لەژێر دەسەلاتداریتی بەعسیزمدا گەیشتە پۆپە و کولتووری عیراق ووتارێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی نوێی لەخۆگرت . هەرچی کولتووری باوی خۆیی نەتەوە و کەمە نەتەوایەتی و گرووپە ئایینی و مەزهەبیەکانیشە لەناو پرۆسەی زەبراوی بەعیراقیکردندا لەتێکشکاندنێکی سستەماتیکدا بوو .

ئایا تاچ رادەیەك دەوڵەت و کۆمەڵگای عیراق لە هۆشمەندی تاکەکانی کۆمەڵگای فرە ئیتنی ـ ئایینی و پۆست کۆلۆنیالی عیراقدا بوونی هەیە؟ ئایا لەناو کۆمەڵگا ولەنێو دەوڵەتی عیراقی پۆست کۆلۆنیالدا ج هەستێك بە وەلائەت دەکرێ ؟

من مەبەستە بانتایی ئەم پرسیارانە تەنیا لەسەرنجێکا بەرجەستە بکەم ، ئەویش ئەوەیە کە چۆن شتە نادیارەکان ئامادەدەکرێن و لەوێشەوە پێناسەی ئەزەلی خۆیان لە ناو دەزگاکاندا دەبیننەوە. واتە بوونی دەزگاکان ئەو هەستە بەجۆرێك فۆرم دەکات کە لە هۆشمەندی یاخود هۆشمەندی پشتەوە یاخود نەستی تاك یان کۆمەڵدا بوونی خۆیان بێگوماناوی بکەن .

" هەستی ئێمەیی " نموونەی وەڵامە سەرنجیەکەمان دەبێت . " هەستی ئێمەیی " ئامادەدەکرێت ، ئەم ئامادەکردنەش (استحضار) گۆڕینی بوونێکی نادیارە بۆ بوونێکی پێناسەکراو . هەستی کۆیی لەم پەیوەندییە ئەفسونییەدا بەشێوەیەکی نەستیی سیمبۆلی دروستدەکرێت. ئەو سیمبۆلانەش ئێمەی ئێستا ناتوانێت پێی هەڵسێت ، بەڵکو دەبێت پەنابرێتە بەر میتۆلۆژیاکردنی رابردوو ... بەمانایەکی دی دۆزینەوەی ترادیسیۆن دەبێتە کەرەسەی کوشتنی نادیاری و سەقامگیردنی بروا بەخۆبوون وەکو بوونێکی پێناسەکراو لە بەئامادەکردنی لە هۆشمەندی تاك و کۆدا ... لە بەردەوامێتی بەئامادەکردنی"ئێمە" لە نەستی جەماوەردا ، هەستی ئێمەیی گرۆی پێدەکرێت و ئایدیۆلۆژیا دەبێتە واقیع و واقیعیش جێی ئایدیۆلۆژیا دەگرێتەوە . " من " هیچ نییە بەبێ بوونی ئەوانەی‌دی ، کۆی ئەمەش دەبێت وێنەی " ئێمە "ی پێ‌بەبەخشرێت .

ئەم پرۆسەیە لەئاستی ئاخاوتنی (مخاطبة) عەقڵی تاك لە کۆمەڵگای کۆلۆنیال و پۆست کۆلۆنیالدا دروست ناکرێت ، بەڵکو پرۆسەیەکی زەبروزەنگاوییە و هەموو جیهانی دەرەوەی ئەو"ئێمە"یە دەکۆزرێنرێتەوە ، هەموو سیمایەکی پێناسەیی بوونێکی دی " گەلێکی‌دی ، ئاینێکی‌دی .... هتد" دەسرێتەوە و هەموو هەوڵدانێکی دروستکردنی عەقڵی ئۆتۆنۆم لەناودەبرێت ، بۆ بەئامادەکردنی ئێمە و پێکهێنانی هەستی ئێمەیی لەچوارچێوەی تێریتۆریالی ـ نیشتمانی ـ نەتەوەییدا .

ئەم پرۆسەیە زەبروزەنگاویترین (کەتن)ـەـ لەدەوڵەتی کۆلۆنیال و پۆست کۆلۆنیالدا ـ بەرامبەر بەبوونی دەرەوەی بوونە نادیارە پێناسەکراوەکەی لەرێگای ئامادەکردنەوە. ئەوسا ئەو بوونە دەرەوەییە گەلێك بێ کە لەچوارچێوەی "دەوڵەتی نوێ‌دا" داخوازی پێناسەی بوونی خۆیەتی ، یان لە فۆرمی جیابوونە و داواکردنی فەرمانڕەوایەتی خۆ لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتی تێرتیۆریالیدا ، یاخود گرووپێکی ئایینی ـ مەزهەبی یا ...هتددا بێت . نموونەی ئەم پرۆسە زەبروزەنگاوییە لە تورکیا بەرامبەر ئەرمەن و پاشان کورد ، لەعیراق بەرامبەر بە کورد و شیعە ، لەئێران بەرامبەر بە کورد و ئازەر و بەلووچ و گەلانی‌دی پیرەو دەکرێ .

وێنەی کۆمەڵگای کۆلۆنیال ، بەتایبەت پۆست کۆلۆنیال ، وێنەی تاك یا جین یا پیاو یا ژن یا ... نییە، بەڵکو وێنەیەکی لەچوارچێوەگیراوە کەوەلائەتیایدا لەرێگەی‌تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤەوە پێك نایەت ، بەڵکو لەرێگای هێز و زەبروزەنگەوە دەبێت ، وێنەی دەستەیەکە کە وێنەی پێشنیارکراوی خۆی بەجیهانی دەرەوە دەبەخشێ و لەرێگای دەزگاکانەوە ململانێ و رەوایەتی و دەروەستی و وەلائەت لەچوارچێوەی وێنە دزێوەکەی خۆیدا دروستدەکات. سوونە تکریتییەکان لە عیراق نموونەیەکی زەقی ئەم تێزەمانە کە ج رۆڵێکی ستراتیژییان گێڕاوە (دەگێڕن) .ئامادەکردن یا بانگکردنی تاکەکان بەواتای ئەوەی رەعایا بن ، ئالتوسێر گوتەنی ، وا پێویست دەکات کە کەسی بانگکراو (الشخص المنادیٰ) تاك نەبێت . واتە مەسەلە لێرەدا بانگکردنی " نەتەوە ، پارت ، گەلی خوا ..."یە(٣٦) . ئەم بانگکردنەش بەخودی خۆی لە بەئامادەکردنی کۆدایە ،

ئامادەكردنێك كە تاك دەبێت ئاسایيشی خۆی لە خۆخستنە نێو زەبری كۆ "ئێمە"دا ببینێتەوە، ئەگینا بوونی دەكەوێتە ترسناكییەوە، ئەوسا ئەو تاكە چ تاكێك بێت سەر بە ئیتنی‌یەكی دی یان مەزهەبێكی دی یاخود پارتێكی دی ...یان تەنانەت ئەنارشیستێكیش بێت. پرۆسەی بە بەعسیكردن، دەبێت بەنموونەیەكی بەرجەستە لەئاستی پراكتیكی بە بەعسیكردنی كۆمەڵ لە كۆمەڵگای پۆست كۆلۆنیالی عیراقیدا بهێنرێتەوە. ئێمەی بانگكراویش دەبێت لە دەزگا ئایدیۆلۆژییەكاندا، كە بەپێویست زەبروزەنگاوییە، ئامادەبین...

دەوڵەت لەم پرۆسەیەدا دروستكەری لاشەی كۆمەڵگای پۆست كۆلۆنیالی ئامادەكراوە. ئاخاوتنی (مخاطبة) كۆیش هەمیشە لەلایەن یەكێكەوە دەكرێت، ئینجا ئەو یەكە خوا بێت یا پێغەمبەر، سەرۆك بێت یا بەڕێوەبەر، مامۆستا بێت یاخود باوك ...هتد. پیرۆزێتی خۆی لەشێوەی هێزێكی میتافیزیكی یاخود میتۆلۆژی یا میتافیزیكی كۆمەلایەتی یا ...هتد وەردەگرێت. ئەم بوونە ڕاستییە یاخود وەهمییە دەبێتە هێز، عەقڵ، پارە، ڕۆح، سۆز ...هتد.

بەمیتۆلۆژیكردنی ئەو بوونە ڕاستی- وەهمیە، قەیرانی پرۆسەی بەكۆمەڵكردنی تاكە. پرۆسەی بەكۆمەڵگەكردنی تاك لەمێژوودا خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەكی زەبروزەنگاوییە و سەرەتای كۆتكردنی سەربەستی بوو...

كاتێك تاك بەنێوی كۆوە قسەدەكات یا ڕێگە دەدات قسەی بۆ بكرێت، ئالەم چركەساتەدا ئایدیۆلۆژیا و كۆمەڵ دەكەونە پێكهاتەیەكی بەفۆڕمكراوەوە ... سەردێڕی "بە ئەندام وەرگرتنی تاك لەكۆدا"، كە پرۆسەیەكی زەبروزەنگاویانەی ئایدیۆلۆژییە، لەئاستی جیاجیادا دەروەستی پەیدادەكات و وەلائەت بۆ ئەو كۆیە دروست دەبێ.

ئامادەبوون بۆ قوربانی بەگیان و ماڵدان بۆ ئەو كۆیە، بڕوایە، تاكە، وەهمە ...هتد خۆپێناسەكردن و لە هەناویشییەوە خۆناساندنە، یاخود دەشێ بە پێچەوانەیشەوە بێت. خۆپێناسەكردنیش لەسەر حیسابی لەش، كە هیچ نرخێكی بۆ دانانرێت، لەدەزگا زەبروزەنگاوییەكانی ئایدیۆلۆژیادا دەبێت بەئایدیۆلۆژیایەكی زەبروزەنگاوی: واتە دۆزینەوەی ناسنامەی خۆ ڕیشەی ئەم پرنسیپەیە، لەسەرەتادا دەكرێت لەمیتۆلۆژییەكاندا مقوماتەكانی بدۆزرێتەوە، پاشان لەئایینەكانی ناوچەكەدا (كە مەسیحیەتیش یەكێكە لەوان)... (دۆركهایم) ووتەنی: "كۆمەڵگا وێنەی شاراوەی خودی خۆی لەئایین‌دا بەپیرۆز دەكات" (٣٧). ئەم وێنە شاراوەیەش هەمیشە لەڕێگای ئایینەوە گوزمێكی ئایدیۆلۆژی بووە بۆ ڕەوایەتی‌پێدانی كۆمەڵگا و دەوڵەتی ترادیسیۆن بۆ دۆزراوە و دروستكراو، تا دەگاتە ئایدیۆلۆژیاكانی‌دی كە لەئەنجامی پرۆسەی ناكۆكی نێو هەناوی كۆمەڵگا دروستدەبێت كە ناسیۆنالیزم قەبەترینیانە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بگووترێت ئەوەیە: "ناسیۆنالیزم ئەوە نییە كە دەردەكەوێت و لەسەرووی هەموویشیەوە ئەوە نییە كەخودی خۆی دەردەخات. ئەو كولتوورانەی ئەو بۆ بەرگریلێكردن و زیندووكردنەوەیان بانگداشتی‌دەكات و بە ئەركی خۆی دەزانێ، لەزۆربەی كاتەكاندا لەلایەن خویەوە دۆزراونەتەوە یاخود تاوەكو بڕدەكات ڕاستكراوەیە (یاخود بیرازكراوە)" (٣٨). ئەم فۆڕمەی ووتاری ناسیۆنالیزم كەلە دەوڵەت و كۆمەڵگای پۆست كۆلۆنیالدا بەدەردەكەوێت، دەرئەنجامێكی لۆژیكیانەی تەنگوچەڵەمەی خۆناساندنی كولتووری و ڕەوایەتی مێژوویی ئەو پێكهاتە نوێیەیە لەبنەمای كۆمەلایەتی فرە بنەمای كۆمەڵگا و دەوڵەتی پۆست كۆلۆنیالدا بەتایبەت...

بەعیراقیكردنی كۆمەڵگا ،لەپرۆسەی دروستكردنەوەی دەوڵەتدا پاش" ڕزگاربوون" لە كۆلۆنیالیزم، هەرگیز ناتوانێ لەئاستی پرۆژەی ئایدیۆلۆژیادا بێ‌تاوان بێت بەرامبەر بە بنەما جیاوازەكانی نێو دەوڵەتی پۆست كۆلۆنیالی عیراقی. لەخۆڕاش نییە كە ڕاپەڕین و بزۆتنەوە كۆمەلایەتییەكان، ڕاستە دژ بەنێوەندیێتی دەسەلاتدارێتی دەبێت، لە یەكەیەكی بەرژەوەندیدا خۆیان نابیننەوە. عەرەبێكی‌باشوور ڕاستە خۆی بەعەرەب و عیراقی دەزانێت، بەلام پتر پێناسەی خۆی لەئاستی ئایینی- مەزهەبییەكەیدا دەبینێتەوە كە شیعەیە. كوردێك بەهەمان شێوە، ڕاستە لەژێر زەبری بوونی دەوڵەتی پۆست كۆلۆنیالی عیراقیدا خزێنراوەتە نێو كۆمەڵگای عیراقییەوە، بەلام لەئاستی داواكارییەكاندا داواكاری نەتەوایەتی‌یە نەك عیراقی.

من درێژبوونەوەیەكی بنەمای سێ ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرا ئێستاش لە هۆشمەندی و نەستی بنەمای ئێستای فرەئیتنی - ئایینی - مەزهەبی كۆمەڵگای پۆست كۆلۆنیالی عیراقدا دەبینمەوە. ئەم بێ‌بەریكردنەی بەشداری لەدەسەلاتدارێتی دەسەلاتی نێوەندی دەوڵەتی پۆست كۆلۆنیالی عیراقیدا لەلایەك كاری ڕێكخستن و

دەست بەسەراگرتنی بنەما جیاوازەکان ئاسانتر دەکات ، چونکە دوو بەرژەوەندی ، دوو شێوە خەبات، دوو ووتاری سیاسی . . .هتد جیاوازن کە ساتی تەقینەوەکان هاوتا ناکات . لەلایەکی دییەوە بەغدای سووتەی نێوەند کەوتۆتە نێوان کورد و شیعەی باشوورەوە، کە هیچ نەبێت لەخاڵی بەرژەوەندی پێکەوەییدا گرێدانێك دروست بکەن ، بەڵام رێگرە .

ئەوەی لێرەدا مەبەستە هەڵوەستەیەك لەئاستیدا بکەین ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیالدا گرنگ بەئەندام وەرگرتن نییە ، بەڵکو مەبەست بەئەندامکردنی تاکە، لە دووتوێیشییەوە دروستکردنی یەکرەنگکردنی کۆمەڵگایە. ترس لەم پرۆسەیەدا ئەگەر نەڵێین رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێ ئەوا هۆکارێکی بێبایەخیش نییە . ئەم رۆڵە ترسناکەی ترسیش بەحوکمی ناشێلگیرێتی کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیال لە رووی ئیتنی ، ئایینی ـ مەزهەبی و . . .هتدەوە بەراشکاوی لەدروستبوونی مێژوویی کۆمەڵگا و پێکهاتە بنەمایی و ئایدیۆلۆژییەکانیدا دەبینرێتەوە . ئەم پرۆسەیەش راستە لە ئاستی فەرمان و دیسپلین و زەبردا بەترسناکترین شێوە لە سیستەمێکی وەکو بەعسیزمدا پیادەدەکرا و دەکرێت ، بەڵام ئامادەکردنی کۆمەڵ بەجۆرێ ووتاری ( خطاب ) عەقڵی سیاسیی بەعسیانە، بەشلەژانێك هەموو ئەو نرخە کۆمەڵایەتیانەی سیستەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هەروەکو لەنێو شیعەکانی باشووری عیراق و کوردەکانی باشووری کوردستان لەپاش جەنگی کوێت لە ئاستی جیاواز و بە شێوەیەکی رێژەیی لە زەمەنێکدا بینرا . جێگای سەرنج راکێشانە ، ئەو شڵۆقینە بەحوکمی پتەوی دەزگاکانی زەبروزەنگاوییانەی دەوڵەت دەشێ بەتەنێ دەرەوە هۆکاری دروستکەری بێت ـ (جەنگی عیراق و ئێران، جەنگی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و عیراق ) و وا بکات بە شێوەیەکی رێژەیی هەردووك لە زەمەنێکدا راپەرن . . .

ئەگەر " ناسیۆنالیزم بەتیۆرییەکی رەوایەتی سیاسی "(٣٩) ببینین ، ئەوا سنوور یەکێکە لە کۆڵەکە بیرۆزەکانی ئەو پرنسیپە سیاسیـیە . سنوور لەم پرنسیپە سیاسییەدا لە ئاستی ئایدیۆلۆژیای هەرێمی ـ نەتەوایەتیدا بەپیرۆزدەکرێ، ئەگەرچی خودی گەل ـ جین ـ دەستەبژێری دەسەلاتداری سەردەستیش بەرهەمی کەلەپووری کۆلۆنیالیزمە. ئەم ناکۆکییە هەمیشەییە لاوازیی هەناوی نیشتمانپەروەرێتیو ناسیۆنالیزمی کۆمەڵگا و دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالە .

قەیرانی سنوور دەبێتە یەکێك لە تەنگوچەڵەمە هەمیشەییەکانی دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیال . ئەمەش دەکرێت لە ئاستی دوو رەهەندا دیاریبکرێت : لەلایەك نەك هەر بەحوکمی چارەسەرنەکردنی دۆزی ناسیۆنال و تەنگوچەڵەمەکانی‌دی ناو گەلانی ناوچەکە لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە ، بەڵکو پتر ئاڵوزکردنی بەدروستکردنی دەوڵەتانی تیرتیۆریالی ـ هەرێمی ، دەبینین کەدەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال زۆربەی کاتەکان بەکێشەی چارەسەر یاخود شەری سنووری نێوان خۆیانەوە سەرقاڵن . لەم قۆناغەیانا بەدوای وێنەیەکی دی کۆمەڵگای بۆ " وێناکراو"یاندا(٤٠) دەگەرێن و رەوایەتی بۆ ئەو جەنگانە (چی سەربازی بێت یاخود دیپلۆماسی ) هەمیشە لەدۆزی ترادیسیۆنیدۆزراوە یاخود کۆندا دەدۆزنەوە ـ کوێت و عەرەبستان بۆ عیراق، ئەسکەندەرۆنە بۆ سوریا ، موسڵ بۆ تورکیا ـ ئەمە لە کاتێکدا کە هەندێ جار هیچ پەیوەندییەکی بەپێکهاتەی ئیتنییەوە نییە، بەڵکو پتر زەمینیـیە ـ وەکو کوردستان لە نێوان تورکیا و عیراقدا ـ یاخود لەئاستی ئایینی ـ مەزهەبیدا رەوایەتی بۆ دەدۆزرێتەوە ـ کەربەلا و نەجەف بۆ ئێران . . .هتد .

لاشەی دەوڵەت و کۆمەڵگای پۆست کۆلۆنیال بەپێی ناکۆکییەکانی ناو هەناوی ئەو پێکهاتە هەمیشە لە بەردەوامێتی ناشێلگیرێتی و نەبوونی پرنسیپی مەدەنییدا دەژی ، دەرئەنجامی قەیرانی (کۆمەڵە بەوێناکراو)ەکەیەتی و کۆلۆنیالیزم (لەرووی مێژووییەوە) پێکهێنەرێتی و قەیرانەکانی ناوەوەی یاخود باڵادەستێتیناوچەییە (لە رووی سەردەمیەوە) کە هەمیشە بەدووی وێنەی حەقیقی خۆیدا دەگەرێت کە لەراستیدا وەهمە. جەنگ لەسەر کوێت نموونەی بەرجەستەی ئەم دیدەیە کە وێنەیەکیکۆمیدی- تراژیدی مێژووی بەشێوەیەکی تەهەککومی پیشاندا. لە کاتێکدا کە بەعسیزم لە ترادیسیۆنە بۆ دۆزراوەکەی خۆیەوە رەوایەتی بۆ جەنگەکەی دۆزییەوە و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیش بەرگریان لە ترادیسیۆنی کۆلۆنیالی خۆیان کرد . لەلایەکیدییەوە، هەروەکو پەنجەمان بۆ راکێشا، زۆربەی ئەم کێشانە (کێشەی سنوور) پابەندە بە سەردەمی قەیرانەکانەوە و هۆکاری دروستکردنیململانێی نێوان دەوڵەتەکانی پۆست کۆلۆنیالە .

هەر لەو کاتەوەی کە عیراق بوو بەهێزێکی ناوچەیی ، گرفتی ئەوەی هەیە چۆن باڵادەستێتی بۆ سەر کەنداو سەقامگیربکات . تاکە بەندەری تەسکی (فاو) بۆ ئەو ئابوورییە مەزنەی عیراق بەس نەبوو (نییە) . لوولەی نەوت

له توركیا و سوریا و سەعودی عەرەبییەوە بۆ هەمیشە جێگای متمانە نین . . . بەهەمان شێوەش کێشەی تەنگاوی عەرەب (شط العرب) کە درێژبووەوەی مێژوویی خۆی لە دوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و سەفەویدا دەبینێتەوە، هەروەکو چۆن ئەوسا تەرازووی هێز لۆژیکی بالادەستێتی تێرتیۆریالی هەر یەك لەهەردوو ئیمپراتۆرییەتەکە بوو، ئەمڕۆش لۆژیکی دەسەلات و هێز ، ڕەوایەتی بۆ هەنگاوە شەڕانییەکان دەدۆزرێتەوە ، لەئاستی ئایدیۆلۆژیشدا پەنادەبرێتە بەر کولتوور و مێژوو و ترادیسیۆن . . موسڵ بۆ تورکیا جارێکی دی بووەوە بەبابەتی مشتومڕ لەبلاوکراوە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی تورکیدا . ئاواش فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا و ئەڵمانیا بەفۆڕمی جیا لە مەسەلەی کورد و دەوڵەتی ئێستای " نوێ"ی عیراق دەدوان و دەدوێن . . . چ جای دەگاتە سوریا و ئێران و تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو. هەرچی لێرەدا جێگای بەتووندی قامك لەسەر دانانە ئەوەیە کە ئابووری ، بەتایبەت نەوت (لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست) بزوێنەری ئابووری جیهان ئەمڕۆ و مۆتۆری سەرەکی سیاسەت و ئاسایشی - ترسناکیی ناوچەکە و هۆکاری بنەڕەتی کێشەی سنوور (وەکو بۆ ماوەیەکی کۆلۆنیالی) و ڕەوایەتی دەسەلاتدارێتی لەناوچەکەدا و دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیال ئەمڕۆ کوتەڵ و جەنگ و شەڕی دیپلۆماسی لەسەر دەگێڕن و ئیمپریالیزمیش قەیرانەکانی خۆی تیا بەتاڵ دەکاتەوە و خۆی دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە .

## لەبری سەرئەنجام :

ڕەتکردنەوەی مرۆێتیی ئەوانی دی لەلایەن کۆلۆنیالیزم واتای قەلاچۆکردنی فیزیکی و شێواندنی مێژوویی و تێکشکاندنی پێکهاتە بنەماییە خۆیی‌یەکانی کۆمەلایەتی میللەتانی دەرەوەی جیهانی خۆی بەخشی . . . ئەم ڕاستی‌یەش دێزترین وێنەی مێژووی کۆلۆنیالیزم و دەرئەنجامی سیاسەتی تاوەکو ئەمڕۆ پیادەکراویانی ، بەتایبەت لە جیهانی تەوەردا ، لەخۆگرتووە .

مێژوو لەم چرکەساتەوە هێلی نوێی لەعەقلانی‌یەتی کۆلۆنیالیزمەوە بۆ کێشرا . . . ئەمەش بۆ گەلان و ئیتنی و گرووپی ئایینی - مەزهەبی ئەو جیهانە کە دابەشکران ، مێژووی چارەبۆنووس بوو نەك مێژووی خۆچارەنووس . . .

دەوڵەتی " نوێ " هۆکاری جەوهەری بە فۆڕمکردنی بنەما و ڕێکخستنی جیاوازی‌یەکانی و دیاریکردنی ئەرکەکان و دەستنیشانکردنی چارەنووسی تاك و کۆیە لە ڕەهەندێکی زەبروزەنگی‌یانەی سەربازی‌یەوە . . . هەرچی پرنسیپی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە تیایدا خاشکرا .

لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیەوە " مێژووی‌نوێ" دەبێتە مێژووی " دەوڵەتی نوێ " .

جەباری‌یەتی ئەم پێکهاتە لەلاوازی‌یەکەیدایەو بەهێزیشی لە توانای‌دایە لە بەرامبەربوونەوەی پێکهاتە لاوازەکانی فرەبنەمای کۆمەلایەتی و ئیتنی و ئایینی- مەزهەبی یە ناشێلگیرەکاندایە و کوتانیانە لە پرۆسەی کردنیان بەکۆمەڵگا لەرێگەی بەندکردنی زەبروزەنگاوی‌یان بە "دەوڵەتی‌نوێ"وە .

سنووری زمانی - ئیتنی و دەوڵەتی لەپێکهاتەی دەوڵەتی تێریتۆریال - کۆلۆنیال‌دا کەم جار " گەر نەلێین ناکەوێتە بەرچاو " هاوتای یەکترن . ئەم بۆماوە کۆلۆنییەش بەنۆبەی خۆی زیانی چەندان ملیۆن مرۆڤی قوربانی ئەو مێژووە کۆلۆنی‌یە کردووە . چ لەپرۆسەی شێلگیرکردنی نەتەوایەتی و چەپاندنی پێشکەوتنی ئازاد ( ئەوسا چ لە پەیوەندی ئابووری - کۆمەلایەتی . . . تا دەگاتە عەقڵ ) چ لەشەڕی میللەتانی نێو سنوربۆکێشراوەکان لەگەڵ‌دەوڵەتە نێوەندەکانیان ، چ لە جەنگی نێوان دەوڵەتە سنوور بۆ دۆزراوەکان .

ئەگەر ناسنامەی نەتەوایەتی لەفۆڕمی سنووردانانی ( خۆجیاکردنەوە ) تێریتۆریالی و عەقلی بەرامبەر بە نەتەوەکانی دی دروستبکرێت و لە هاوکێشەی " ئێمە " و " ئەوانی دی " دا گرۆ ببێت ، ئەوا لەوولاتانی‌کۆلۆنیالدا هێندەی دینامیکی دەرەکی‌بوو دینامیکی ناوەکی نەبوو . . . هەرچی مەسەلەی یەکخستنی ئیتنی‌یەکی یەك زمان و کولتوور و خاکیشە ئەوا درا بەدەست دواڕۆژەوە . . .

کێشەی نێوان دەوڵەتانی پۆست کۆلۆنیال کەم جار لەسەر یەکخستنی خاك و کولتوور و زمانی ئیتنی‌یەکی شێلگیر بووە ، ( ئەمەش چ جای دەگاتە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کولتووری کۆلۆنیالی ئینگلیزی لەهی فەرەنسی و هەردووك لەهی ئیتالی و ئەمانیش لەوانی‌دی کەم تا زۆر بۆ ماوەی دیاری‌جودا لەیەکتریان لەدووی خۆیان لەوولاتە کۆلۆنی‌یەکانیان بەجێهێشتووە - زمان ، کولتووری ئیداری ، سیستەمی فێرکردن و پەروەردەکردن ، بنەمای سەربازی . . هتد - ) ، بەڵکو پتر لەخۆجیاکردنەوەی ( یاخود خۆدابڕینی ) نیشتمانی - تێریتۆریالی و بالادەستێتی ئابووری - سەربازی‌یانەی سنوورێکی دۆزراوەیە کە یەکەی زمان و کولتوورەکەی تاوەکو سەردەمی " ڕزگاربوون" لەدەست خۆیان نەبوو . .

ئەم پرۆسەیەش ڕاستە شەقاوە ، لەسەر ئاستی بابەتێتی پێشکەوتن ، لەپەراوێزێتی‌یەوە بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆی- واتە بەفۆرمکردنی کۆمەڵگەی خۆ لەپەیوەندی بەعەقڵی‌سیاسی چین - توێژ ، کەمایەتی - ڕەگەز ، خێزان - تـــاك ی دەسەڵاتدارەوە ، بەڵام هیچ کاتێك مانای (بڕین) - قطع - ی لەمێژوی ئەو بنەمایانە لەخۆنەگرتووە و"ڕزگاربوون" پتر مەفهومێکی بێزراوی (مبتذل) لەخۆگرتووە و تیایـــدا میکانیزمی چەوسانەوە لە چەوسانەوەی دەرەکی‌یەوە بـــۆ چەوسانەوەی ناوەکی دڕێژبووەتەوە و گوێزراوەتەوە . . .

پرۆسەی شێلگیرکردنی کۆمەڵگا و دۆزینەوەی ناسنامەی " گەل "یی ، " نەتەوە "یی لەدووتوێی چەمکـــــی " تراد یسیۆنی دۆزراوە "ی بە ئایدیۆلۆژیابووی دەوڵـــەت بەرجەستەدەبێت . . . ئەم پرۆسە میتافیزیکی‌یە- کۆمەڵایەتیە جومگە ئایدیۆلۆژی‌یەکانی لە دەزگاکانی دەوڵەت دا کـــۆك دەکرێت و تاك تیایدا کوت دەکرێت و بیر دەچەپێنرێت و عەقڵ لەخزمەتی دەلالەتە میتۆلۆژی‌یەکاندا دەخرێتەگەڕ . . . لە کولتوورەوە تا دەگاتە سەرۆك . ئەمەش بەخودی خـــۆی قەیرانی ناسنامەیە لە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالدا.

چەمکی مێژووی نامۆی کۆلۆنی ، کە تیایدا عەقڵ لـــە مێژووی خۆی نامۆیە و پێکهاتە بنەمایی‌یەکان لەسروشتـــی دینامیکی پێشکەوتنی خۆیان . . . ، لەقۆناغی پۆســـت کۆلۆنیال بەخۆیی دەکرێت . پرۆسەی بەخۆیی‌کردن ، کـــە لەخۆماڵی‌کردنی دەزگاکان و نیشتمانی‌کردنی بنەماکان و نەتەوەیی‌کردنی کۆی بیر - عەقڵ بەرجەستەدەبێت، دەکرێت لە پرۆسەی بەوێناکردنی کۆمەڵگا لەقەڵەم بدرێت. کۆمەڵگای بەوێناکراو لەسەر لاشەی بۆماوەکانی کۆلۆنیالیزم دروســـت دەکرێت و ڕەوایەتی بۆ دەدۆزرێتەوە و سنوورەکانـــــی سەقامگیردەکرێت و دەوڵەتیش دەبێتە وکالەی "ئەگێنتـــور" ئابووری - ئایدیۆلۆژی ئەم پرۆژەیە . . .

دەوڵەت و " گەل " ی عیراق ،کە نموونەی بابەتەکەمان بوو ، هەر لەسەردەمی پێکهێنانی‌یەوە لەقەیرانی پێناسەی بوونی خۆ و شێلگیرکردنی بنەما فرە ئیتنی و ئایینی - مەزهەبی‌یەکانی خۆیەتی و لەدووتوێیشی‌یەوە لەکۆششـــــی بەوێناکردنی ئەو پێکهاتە نوێیە بووە و لەهەوڵی ڕەوایەتـــی بەخشین بەخۆ بووە . . . ئەم پرۆسەیەش پتر مێژوویەکـــی خوێناوی لەخۆگرتووە وەك لەپرۆسەیەکی ئاشتی دینامیکی .

پەلاماردانی ئێران بەنێوی نوێنەرایەتی‌کردنی عەرەبەوە دژ بە دەوڵەتێکی ناعەرەب و پەلاماردانی کوێت بەنێـــوی یان عەرەبێتی‌یەوە (کەپتر لەپان عیراقی‌دا ڕەوایەتی بـــۆ دەدۆزرایەوە) بەنێوی یەکخستنی خاکی عەرەبی‌و . هتد ەوە دەرئەنجامی قەیرانی ئابووری - کۆمەلایەتی - سیاســـی پێکهاتەی عیراق خۆی دەگەیەنێت لەناوەوە ، کـــــە وا دەردەکەوێت ئەمڕۆ پتر لەجاران بارێك بێت بەسەر خۆیەوە . . . ئەمەش بەتایبەت لەپاش گۆڕانی نـــــەخشـــەی دەسەڵاتداریێتی (السیطرة) و بالادەستێتی (هیمنـــة) لەسەر ئاستی جیهانی‌دا . . .

جەنگی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ دەوڵەتـــی عیراق لەسەر بالادەستێتی و نەوت (کەبزوێنەری ئابووری جیهانی‌یە ، بەتایبەت بۆ وولاتە سەرمایەداری‌یـــــە میترۆپۆلەکان کە پیشەسازی‌یەکانیان تاوەکو ئەمڕۆش وابەستەی ئەو کەرەسە خاوەیە) و کوێت دەبێت لەچەند ڕەهەندێکەوە تێبڕوانرێت ، ئەگینا کەوتنە هەڵەی شیکردنەوەی لاواز و تەسك بینانە دەبێتە شتێکی حەتمی و دەرئەنجامەکانیشـــی لەسەر ئاستی پراکسیسی سیاسی بەزەقترین و تراژیدیترین شێوە خۆی دەنوێنێ . . . ( دەرئەنجامەکانی ڕاپەڕینـــی شیعە لەخواروی عیراق و کورد لەباشووری کوردستـــــان نموونەی بەرجەستەی ئەم ڕاستی‌یەن . . . ) .

بەرگری‌کردن لەسنوورە کۆلۆنی‌یە بۆماوەکان بەخـــۆدی خۆی یەکێك بوو لە وەلامەکانی جەنگە هیولایی‌یەکەی‌ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژ بەدەوڵەتی عیراق . . .تەماشاکردنی نائەخلاقی‌یانەی نالێپرسراوێتی وولاتە ئیمپریالیستەکـــان لە چۆنێتی تێکشکانی هەردوو ڕاپەڕینەکە و قڕکردنی عەرەبی شیعەی خوارووی عیراق و گەلی کوردی باشووری‌کوردستان وەلامی عەقلانی‌یانەی سیاسەتی ئەمریکی و (ئەوروپیی بـــوو بەپلەی جیاواز) لەترسیان لە هەڵوەشاندنەوەی ســـنـــوورە کۆلۆنی‌یەکانیان و گۆڕینی تای تەرازوو ، لەدووتوێیشی‌یەوە پشتیوانی‌کردنی هەنگاوە سەربازی‌یە تێکشکێنەرەکانـــــی بەعسیزمی عیراقی . یارمەتی " مرۆڤانە " و پێشاندانـــی سۆز و ڕشتنی فرمێسکی تیمساح قۆناغی دووەمـــــی تەحقیرکردنی گەلانی ناوچەکەبوو پاش جەنگەکەیان . . .

سیاسەتی ئیمپریالیزم ، سیاسەتی " تیلگرتن" ـە و عەقلانی‌یەتی سیستەمەکەشی بزوێنەرەکەیەتی‌و بالاترین زانست و تەکنۆلۆژیاش لەخزمەتی پیادەکردنیایەتی . . .ناکۆکی‌یەکانی نێو دەوڵەتە سەرمایەداری‌یەکان لەسەر بالادەستێتی‌جیهـان بەرەو قەیرانێکی دی دەبات ، کە ڕێکخستنی نوێ‌ی‌جیهان سەرەتاکەیەتی . . .

لەکۆتایشدا جێگای مەبەستە لە بابەتی شوێنەواری‌عەقلی سیاسی کورد لەم پێکهاتە نوێ‌یەدا بکۆڵینەوە . . .

# پەراوێزەکان


١ - ڕێجیس دۆبریە : نقد العقل السياسي ، ترجمة.د.عفيف دمشقيه ، الطبعة الاولى ، منشورات دار الآداب ١٩٨٦ ص (١٤٩) .

٢ - هەمان سەرچاوەی پێشوو .

3 - Reinhait Köẞler , Verantwortungsethik: Klarstellungen aus Anlaẞ des zweiten Golfkrieges, peripherie , Nr. 42, 11. Jahrgang. 1991.

4 - Hrsg. BUKO: Aktionshandbuch Dritte welt , Peter Hamer Verlag, 1986,Pp.7.

5 - Ferhad Ibrahim: Staat und Gesellschaft im Irak unter der Herrschaft der Bath-Partei , Perpherie , Nr. 42, 11.Jahrgang 1991 .

٦ - الدكتور محمدعابد الجابري: اشكاليات الفكر العربي المعاصر ، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدةالعربية بيروت ، ١٩٩٠ ، ص(٨٠) .

٧ - بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو: الفصل الرابع/ من اجل اعادة تأسيس فكرة " الوحدة" في الوعي العربي ، ص(٨٧) .

٨ - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٩٤) .

٩ - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٩٧) .

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٩٧) .

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٩٧) .

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٩٧) .

13- Reinhart Koẞler/Henning Melber : Das Ende der Ein-Parteien-Herrschaft?Dritte Welt Nr.6 1991, Juni 22. Jahrgang, Pp.5.

١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٥) .

١٥- سمير امين: ملت عرب ناسيوناليسم و مبارزه' طبقاتی ، ترجمه، غ. وثيق . م. قرچەداغی ، چاپ اول ، زمستان ٥٩ ، ص(٤٩٠)- انتشارات يزواك - تهران .

١٦- عبدالله العروي: مفهوم الدولة ، الطبعة الثالثة ، المركز الثقافي العربي ، دار البيضاء - المغرب ص١٦٨ .

١٧- حسن العلوي: التأثيرات التركية في المشروع القومي العربي في العراق ، دار الزوراء- لندن١٩٨٨، ص٧٩ .

١٨- زاراوەیەکی (یۆهان گالتونگ)ی زانای سویدییە لەلێکۆڵینەوەی بۆ ئیمپریالیزم . . .کۆلۆنیالیزمدا .

١٩- د.کەمال ئەحمەد مەزهەر : کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا، ١٩٧٥ ، ل(٦٥) .

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٧٢) .

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٧٢) .

22-Marion Farouk-Sluglett und Peter Sluglett: Der Irak seit 1958 Von der Revolution zur Diktatur, Suhrkamp verlag Ffm 1991, Pp.18 .

٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(١٩) .

٢٤- حسن العلوي: هەمان سەرچاوەی ژمارە(١٧) ، ل١٠٩ .

٢٥- جەمال نەبەز : ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر ئاگری جەنگی عیراق و ئێراندا . لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر - ستۆکهۆڵم١٩٨٩، ل(١١) .

٢٦- هەمان سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە(٢٢) ، ل(٢٧) .

٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٢٧) .

٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل(٢٧) .

29- Eric J.Hobsbawn: Nationen und Nationalismus Mythos und Realität seit 1780, Campus Verlag Frankfurt/NewYork,1991, Pp. 205 .

٣٠- هەمان سەرچاوەی پەراوێزی(١٢) .

٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٦) .

٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٦) .

33- Anderson Bendiet : Die Erfindung der Nation , Zur karriere eines erfolgreichen Konzept ; Frankfurt- M, Newyork 1988.

٣٤- هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (١٢) .

35- Ernest Gellner: Nationalismus und Moderne , Rothuch verlag Berlin 1991, Pp. 76.

٣٦- ڕێجیس دۆبریە: هەمان سەرچاوەی پەراوێزی(١)ل٢١١ .

٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٣٨- هەمان سەرچاوەی پەراوێزی(٣٥) .

٣٩- هەمان سەرچاوەی پەراوێزی(٣٥) ، ل(١٠) .

٤٠- " کۆمەڵی بەوێناکراو" : " المجتمع المتصور / پێناسەی ئەندرسۆن بەندیتە بۆ ناسیۆن ، هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (٢٩) .


سەرەتای ١٩٩٢
ئەڵمانیا

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

ئاڵای شۆڕش

# شکستی ڕاپەڕین و ڕاپەڕینی بەردەوام

ڕاپەڕین ، هەمیشە شارێبازی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەلان بووە. ئەگەرچی ناوبەناو شێوەی دیکەی خەباتیش لەناو میللەتاندا بەپێویست کەوتونەتە خزمەتی ڕاپەڕین ، تەنانەت شۆڕشی چەکداری درێژخایانیش،کە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە بەباسای ڕزگاری گەلانی ژێردەستە دەژمێردرا ، گۆڕانکارییەکان دەریانخست کەوا ئەم شێوە خەباتە نەیتوانی هەتا سەر ببێتە شارێباز و ئاکام خەباتیچەکداریش لەجیهاندا، لە زۆربەیوولاتاندا ، لەژێر فشاری گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و عەسکەرییەکاندا، بەتەواوەتی ئاوابوو، لەباقی وولاتانی تردا ، کەهێشتا پاشماوەی خەباتی چەکدار مابێ، وایان لێهاتووە مەگەر بخرێتە خزمەتی ڕاپەڕین سەرکەوتن وەدەست بهێنن ، دەنا لە دۆڵ و دەربەندی شاخەکاندا قەتیس دەمێنێتەوە و دوور نییە ئاشبەتاڵیش بکەن .

## ئەزموونەکانی ڕابردوو

ڕاپەڕین لە عیراقدا، شەقڵی سەرەکیی سەرکەوتنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵك بووە دژی ڕژێمە دوژمنەکانی دیموکراسی لەسەردەمی پاشایەتیەوە هەتا ئێستا ، تاقە جارێ کە خەباتی چەکداری بووبێتە شێوەی خەباتی سەرەکی دژی ئینگلیز و ڕژێمی پاشایەتی ، سەردەمی سەرەتای داگیرکردنی عیراق بوو ، ناویانگێشە بەشۆڕشی بیست ، ئەمیش هێندە خەباتی چەکداری بوو کە لەگوندەکانەوە بەرپابوو ، زۆری نەخایاند شارنشینەکان بەهانایەوە چوون و پەلاماری ڕژێمیان دا .

ئەم ڕاستیانە لەمەر ڕاپەڕین لەجیهان و عیراق و کوردستاندا، یاخود بلێین : دەستکەوتە سیاسی و کۆمەلایەتیە مادییەکانی ڕاپەڕین ، وایانکردووە ئەگەر ناو بەناو لەقۆناغێکدا بەهۆی باری جیهانی و تایبەتیەوە خەباتی چەکداری یان شێوەی سیاسی دیکەش گیرابێتەبەر، هەر کە بەکردەوە دەرکەوتبێ ئەو شێوە خەباتانە ناگەنەئاکام،

بەلام لەکوردستانی عیراقدا، دۆخی سیاسی سەرەڕای بەزۆر خەباتی چەکداری زاڵبووە و ئەمەش هۆی خۆیی هەبووە کە ئەگەر ئێستا ، دوای زانینی تەواوی ڕووداوەکان و ڕاستیەکان، ڕاپەڕینە چەکدارییەکان هەڵسەنگێنرێن ، زۆربەیان ناچنە قالبی شۆڕش و شۆڕشگێڕیتیەوە. هەر لەو کاتەدا کە لەسییەکاندا خەباتی چەکداری لەکوردستاندا شێوەی سەرەکی خەبات بوو ، دەبینین ئەو چەند ڕاپەرینە چەکدارییەی لەو زەمان و زەمینەدا بەرپاکران، بەئەندازەی ڕاپەڕینی ڕۆژی ڕەشی ئەیلول (٦/٩/١٩٣٠)ی بەر دەرکی سەرا زۆربەی خەڵکیان نەهێنایە کۆڕی خەبات و دەستکەوتە سیاسیە شۆڕشگێڕییەکەشیان دیسان بەقەد ڕاپەرینەکە نەبوو. ئەمە جگە لەوەی هەر کاتێ خەڵکی کوردستان تێکەڵاوی ڕاپەڕینی سەرانسەری عیراق بووبێ، دەستکەوتی سیاسی و کۆمەلایەتی بەرچاوی هێناوەتە دی، لەکاتێکدا لەسەردەمی ڕاپەڕینە چەکدارەکانی شێخ مەحمودەوە هەتا ڕاپەڕینی چەکدارانەی بارزانیەکان پێش شۆڕشی (١٩٥٨) ، بەرپاکردنی هەموو ڕاپەڕینێك زیانەکانی زۆرتربوون لە قازانجەکانیان ، بەتایبەت زیانی عەسکەری و گیانی و کاولکاری .

پەنابراوەتەوە بەر ڕاپەڕین ، وەك ڕاسترین پەنای سەرکەوتن.

هەر ئەمڕۆ ئەو ڕاستیانە لەجیهاندا بەزەقی هەست پێدەکەین . لەجیهانێکدا ، تایبەت لەوولاّتانیژێردەستەی ئیمپریالیزم کەدەیان ساڵ خەباتی درێژخایەنی چەکداری زاڵبوو ، **دوای بە بنبەست گەیشتنی خەباتە چەکدارێکە ، خەباتی ڕاپەڕین بوژێندراوەتەوە ، پەنا براوەتەوە بەر بەرپاکردنی ڕاپەڕین لەولاّتانی ئەمریکای لاتینو ڕۆژهەلاّتا ، ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و فەلەستین و عیراق و کوردستان نموونە زەقەکانیانن .**

## چۆنیەتی بەرپابوون لەعیراقدا

لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە ، بەحوکمی زاڵی سیاسەتیڕاسترەوانەوە ، خەباتی شۆڕشگێرانە هەتا رادەیەکی زۆر لەناو کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکانی ئازادیخواز دامرکایەوە. کەچی لەکوردستاندا ، بەحوکمی سیاسەتە شۆڤێنیستەکە و بەهێزی هەستی ناسیۆنالیستی و زاڵبوونی سیاسەتی ووردە بۆرژوازیەوە ، خەباتی چەکداریو شۆڕشی درێژخایەن لە سی ساڵی ڕابردوودا ( ١٩٦١ - ١٩٩١ ) بەردەوام بووە ، سەرەڕاش ئەم بەردەوام بوونەی خەباتی چەکدارییە نەیتوانیوە ستراتیژەکەی لە ڕزگاری کوردستان یان دەردی دەردە وردە بۆرژوای کورد تەنانەت ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەشی نەهێنایەدی ( ئۆتۆنۆمی بازنەیەکی داخراوی ناکۆکییەکانی بۆرژوای سەردەست و ژێر دەستەیە ) نەشیتوانی زەمینە بۆ بەرپابوونی ڕاپەڕین لەسەر ئاستی عیراق خۆش بکا ، چونکە ئەزموونە مێژووییەکانی خەباتی چەکداری لەناخی خەڵکدا چاندبوو. بۆیە دەبینین دوای تێکشکانی ستراتیژی خەباتیچەکداری لەکوردستاندا و ، دوای نسکۆی عەسکەری گەورە لە دوای ئەنفالەکانەوە ، ئیدی کە قینی خەڵك گەیشتە دواسنوور ، سەرەڕای نەخەملینی وەك پێویستی باری بابەتی و هەڵەی هێزەکان و سەرەڕای تێکشکانی خەباتی چەکداریش ، نەك لەعیراقی عەرەب نشیندا ، بگرە لەکوردستانیشدا کەشایەتی نزیکترین نسکۆی خەباتی چەکداریش بوو ، ڕاپەڕین تەقییەوە و لە کەمترین ماوەی ڕایەڕینەکەشدا ، وێڕای ڕێکنەخستن و ئاڕاستەنەکردنی و هەڵەی ناهەموار ، توانی چارەنووسی فاشییەکانیش بخاتە خەتەری نەمانەوە ، ئەگەر هەڵەی هێزەکان و پیلانی ئیمپریالیزم ڕێیان لەسەرکەوتن نەگرتبا ، نزیکبوو ،سەرباری نەبوونی پارتی پێشرەویش ، ڕاپەڕینەکە بەعس بڕوخێنێ .

بێگومان ڕاپەڕین لەکاتێکدا بەرپاکرا ، دەوڵەتی فاشی عیراق لە جەنگی داگیرکردنی کوێتدا بەزی ، ئیدی کە خەڵکی عیراق ، بەتایبەتی زۆربەی لاوانیان خۆیان لە بەرەکانی جەنگدابوون ، بینیان لەشکری فاشییەکان ، کە هەمیشە کرابوونە تەلسمی لەشکان نەهاتووی بەعسییەکان ، بەو شێوەیە دەبەزێ ، هەلێکی گەورەیە ئەو قینە پەنگخواردوویان بەرامبەر ڕژێم بتەقێتەوە . واتە قینەکە هەبووە ، بەلاّم بەحوکمی نەبوونی پارتی پێشرەو ، هەر وا لەبەر باش نەخەملینی باری بابەتی ، قینەکە جۆش نەدرا و زەبوونکرا ، ئیتر خەڵك وێڕای نەبوونی پێشرەویش گەیشتە ئەو باوەڕە خۆرسکییەی کە تازە ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەست لە بەعس هەڵناگرن و بگرە پشتیوانی هەتا سەری خەڵکیش دەبن بۆ ڕوخاندنیڕژێم ، ئاژانسی سەرمایەداری و بڕوپاگەندەی بۆرژوازی کوردایەتیش بەگەرمی ئەو قەناعەتەیان بلاّودەکردەوە ، بەتایبەت لەپێش جەنگە و لەگەرمەی جەنگیشدا . ئەمریکاییەکان و باقی لێپرسراوانی هاوپەیمانی ئەمریکا لەپەلاماردانی عیراقدا دووپاتیان دەکردەوە کە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام کاری خەڵکی عیراقە و ئەوانیش پشتیوانیانن !! ئەو بۆچوونە سیاسیانە زاڵبوون بەسەر خەڵکدا و خەڵکیش کە پشووی قینی جوشی خواردبوو ، بۆیە بینیمان ، وێڕای نەبوونیو نسکۆی خەباتی چەکداریش لەکوردستاندا ، دەرپەڕی و ڕاپەڕی و هەڵیکوتایە سەر ڕژێم .

واتە ، ئاکامی نەبوونی دیموکراسی ، نەبوونی ئازادیو سەربەستی ، بەردەوامی ئەشکەنجە و کوشتن ، شۆڤێنیەت و تەهجیر و تەعریب و تەبعیس ، کورتییەکەی ئاکامی بیست و سێ ساڵ حوکمی دڕندەیی و چەوساندنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سیاسەتی لەناوبردنی گەلیکورد ، خەڵك نەفرەتی لەم ڕژێمە دەکرد ، بۆیە بێبڕوایی بەرامبەر ڕژێم بەهێزبوو ، هەر بەهۆی چەسپینی ئەم باوەڕەوە لەهەلکەوتی لەجەنگدا بەزینی ڕژێمی بەعسی عیراق ، ڕاپەڕین تەقییەوە و خەڵك ئازایانە ئامبازی ڕژێم بوونەوە . ئەمەش چۆنیەتی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینەکەیە ، نەك تەنیا بەستنەوەی ڕاپەڕین بە جەنگ و جەنگەکەوە ، چونکە ئەگەر قینی خەڵك بەرامبەر ڕژێم نەگەیشتبایە ئەو رادەی تەقینەوەیە ، هەرگیز جەنگ ، سەرەڕای بەزینی لەشکری عیراق ، خەڵکی ڕانەدەپەڕاند . **هەڵگیرسانی دەیان جەنگ لەناو دەیان وولاّت ومیللەتدا کە درێژەشیان کێشاوە و ڕژێمی دیکتاتۆری بەزیویشان تیا بووە ، نەبۆتە مایەی ڕاپەڕینی ئەو میللەتانەی کە**

رژێمەکانیان دیموکراسی نەبوون و لەجەنگدا بەزیویشن .
ئەوەتەی ئیمپریالیزم دەوڵەتی ئیسرائیلی سەپاندۆتە سەر فەلەستین ، لەنێو دەوڵەتانی عەرەب و ئیسرائیلدا چەندین جەنگ هەڵگیرساوە و لەسەرجەمی جەنگەکانیشا دەوڵەتانی عەرەبی ، چ دەوڵەتانی پاشایەتی وچ کۆماری ، بەزیون ، هەمووشیان دیموکراسی و هەڵبژێرراوی خەڵکیش نەبوون ، کەچی راپەڕینیان بەرامبەر نەتەقییەوە ، بۆ؟ چونکە باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی عەرەب نەگەیشتبووە رادەی رقی پیرۆزی راپەڕین . لەهەشت ساڵەی جەنگی عیراق ـ ئێرانیشدا ، سەرەرای وێرانی و نارەوایی جەنگەکش ، گەلانیان رانەپەڕین .

کەواتە راپەڕینی بەهاری عیراق ، هۆیە ئابووری و سیاسی و سایکۆلۆژیەکانی ، وەك ژیلەمۆی نەبینراو ، رەشەبای جەنگ گەشاندنییەوە و بەزینی لەشکری عیراقیش ، گڕی تێبەردان و کڵپەی راپەڕینیشی بێ ستاندن .

## سەرکەوتنەکانی راپەڕین

دیارە راپەڕین رژێمی عیراقی نەرووخاند ، هۆی ئەمەش لەدوای گەشەکردن و سەرکەوتنەکانی راپەڕین دەخەینەروو.

وەکو رژێمی نەرووخاند ، بەڵام راپەڕین دەسکەوتی گەلێ پیرۆزی لەعیراقدا هێناوەتەدی کە ئەگەربێت و ئەو دەسکەوتانە بەسیاسەتی راستی شۆرشگێرانە ، دوور لە لادان و بادانی راست و چەپ بپارێزرێ و پەرەی پێبدرێ ، بێگومان دەشێن ببنە مایەی پەرەسەندنی خەبات و خورتکردنەوەی بێزاری خەڵك بۆ سەرلەنوێ راپەڕینەوە و سەرکەوتنی ئێجگارەکی ، لەو سەرکەوتنە پیرۆزانە ئەمانەن :

***سەرکەوتنەکانی راپەڕین .. کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەعنەوین ، نەك دەسکەوتی مادی . گرنگترینی ئەو سەرکەوتنانەش ، تێکشکاندنی هەیبەتی فاشیانەی رژێمی سەرمایەداری فاشی عیراقە کە وەك دێوەزمە بیست وسێ ساڵی رەبەق زاتی خەڵکی دەبرد بە قووتی ترس و خۆپەرستی و خۆپارێزیا .**

هاتنەوەئارای شۆرشگێرانەی ئەو زاتە بەقووتا براوە و فرێدانی کازی خۆپەرستی و خۆپارێزی لەسەرەتاو گەرمەی راپەڕیندا ، هەیبەتی بەعسی بەچەشنی داڕووخاندووە بە هیچ جۆرە ئارایشتێکی بروپاگەندەیی رژێم داناپۆشرێ ، هەر ئەم داڕووخاندنەش هاندەری بەردەوامی خەباتی خەڵك دەبێ و جارێکی دیکە مەحاڵە بەعس بیبێتەوە بەعسی جاران .

*دوای ئەم سەرکەوتنە ، سەرکەوتنی گرنگی دیکە تێکەڵاوبوونی گرنگی دیکە ، تێکەڵاوبوونی سەدان هەزار خەڵکی شۆرشگێر و ئازادیخوازە بە کۆڕی سیاسەت وخەبات دژی رژێم . پێش راپەڕین ، بەتایبەت دوای تەواوبوونی جەنگی عیراق ـ ئێران و ئەنفالەکان ، نائومێدییەکی سەیر لەناو خەڵکدا تەشەنەی عەبەسییانەی سەند . گوایە ستەمە بتوانرێ رژێمی بەعس بروخێندرێ . ئەگەر لەو نائومێدییەوە بروانینە راپەڕین و راپەڕیوان ، ساغ دەبێتەوە کە بەشداربوونی سەدان هەزار تێکۆشەر لەراپەڕیندا دژی فاشییەکان بایەخێکی سیاسی شۆرشگێرانەی کاریگەریهەیە.

بەشداربوونی ئەو سەدان هەزار خەڵکە وایکردووە بزاڤێکی سیاسی بەرینی ئۆپۆزسیۆن دژی رژێم جۆش بخوا و محاڵیشە بەبێ رووخاندنی فاشییەکان و دەستەبەرکردنی دیموکراسی دامرکێتەوە . ئەو بزاڤە سیاسییە وایکردووە سونەتی سیاسەتی باوی هێزە تەقلیدییەکان تێکبشکێ و جۆرەها رێکخراوی سیاسی و رۆشنبیری و پیشەیی ، دوور لە دەسەڵات و هەژموونی (هیمنة) ئەو هێزە سیاسییە زاڵانە بێنەئارا و بکەونە کۆڕی خەبات و ململانێ بۆ درێژەپێدانی خەباتی شۆرشگێرانە و پاراستنی دەسکەوتە دیموکراسیەکانی راپەڕین و پاش راپەڕین .

*تێکشکانی زۆربەی داوودەزگاکانی رژێم وبەسزاگەیاندنی هەزاران ئاوانباریان . هەروەها دەسکەوتنی سەدان هەزار بەڵگە و بەڵگەنامەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی فاشییەکان و ناسینی خۆفرۆش و جاسوسەکان ، بەتایبەت ئەوانەی نهێنی بوون و زۆربەشیان لەناو حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا خۆیان مەڵاس دابوو. ئەم جاسوسانە لەسەرکردایەتی ، سەرتیپ و ئامربەتالیۆن و کادیر و ئەنداموپێشمەرگەدا هەبوون ، کە هەق وایە لەوە زیاتر ئاوان و خیانەتییان دانەپۆشرێ و رووت و ریسوای ئێستا و مێژوو بکرێن .

*ناوزڕانی رژێمی فاشی عیراق و ریسوابوونی لەسەر ئاستی جیهان و پەیدابوونی پشتیوانییەکی گەورەی جیهان بۆ خەباتی شۆرشگێرانە و دیموکراسییانەی خەڵکی عیراق بەگشتی و هی کوردستان بەتایبەتی ..

ئەوانە کورتەی لایەنە گەش و سەرکەوتنەکانی راپەڕینن کە حەتمەن ئەم سەرکەوتنانە بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەرییان لەناو خەڵکدا دەمێنێتەوە و دەشبنە هەوێنی هەڵوێستی بەرەوپێشەوەبردنی خەبات و فیداکاری ، بەڵام سەرکەوتن ، تەنانەت سەرکەوتنی لەوە گەورەتریش ، ئەگەر بێت و بە سیاسەتی شۆرشگێرانەی واقیعبینانە کاریان پێنەکرێ و

پێویستییەکانی ڕێکنەخرێن و پلەپلە پێشنەخرێن و تێکەڵاوی خواستەکانی دیموکراسییانە و ئایندەی شۆڕشی سۆشیالیستی کرێکاران نەکرێن لەهەلومەرج و کاتی خۆیدا ، بێگومان هیچ سەرکەوتنێ ئاوازی مانی ئەزەلییەتی بۆلێنادرێ . ڕەنگە بە هەڵە و هەڵبازی چەپ و ڕاست ئەم سەرکەوتنانەش لە مێژووی عیراق و کوردستاندا ، وەکو سەرکەوتنی ڕاپەرینەکانی چلەکان و پەنجاکانی مێژووی نوێی عیراق ، هێزە دژە دیموکراسییەکان ساڵەهای ساڵ بیقۆزنەوە و بشکەوێنە ویژەی سووتەمەنییە ڕاستەقینەکەی ڕاپەرین ، کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی شۆڕشگێڕن . مێژووش شایەتی سەرکەوتنی گەلێ گەورەترە لەو سەرکەوتنانەی ڕاپەرینی بەهاری ئەمساڵ ، بەڵام چونکە نەتوانرە کەناڵەکانی پاراستن و پەرەسەندنیان دەستنیشان بکرێ و دابهێنرێ ، بۆیە چەشنی بەفری بەهاری سروشت ڕازێنەر و زۆری نەخایاندووە و تواوەتەوە . نموونەی ڕاپەرینەکانی ئەڵمانیا ، ئیتاڵیا ، ئینگلتەرا ، نەمسا ، هەنگاریا ، پۆڵۆنیا ، فنلەندا ،ئەمەریکای لاتینی لە جیهانی پێشکەوتوودا و هی وولاتانی ئاسیا بەرۆژهەلاتی خۆشمانەوە ، لەعیراق ، سودان ، میسر ، سوریا ، ئێران ، جەزائیر ، چین ، هیند و کوردستان ..تاد سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن .

### هۆیەکانی شکست

بەداخێکی زۆرەوە کە ڕاپەرین دوای بێداریسیاسی و کۆمەلایەتی کەموێنە لە میژووی عیراقدا ، سەرەنجامی گەلێ هۆی بابەتی و سیاسی ، دامرکێندرا ، دامرکاندنەکەی هەرچەندە تراژیدیایەکی سیاسی گەورەبوو لەم سەروبەندەی مێژوودا و، باجەکەشی گیانی دەیان هەزار دڵسۆز و شۆڕشگێڕی خەڵکی عیراق بوو ، جگە لەزیانی ماڵی و مادییەکانی تریش ، بەلام دەشبێ بزانین شکستەکە چەند ڕیانبەخشی خویان هەیە و زیری و حاك و خراب بزیری کارەساتەکە لەوەدایە ئەو بابەتی و تایبەتییانە دەستنیشان بکرێن و هەر لایەك لەلای خۆیەوە هەڵیبسەنگێنێ و بەرپرسیاریی خۆیشی لە شکستەکەدا دڵسۆزانە دیاربیکا .

### ا ـ هۆی بابەتیان

هەموو ڕووداوێ ، تایبەت ڕووداوە چارەنووسسازەکان ، هۆی بابەتی دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدان و ڕادەی سەنگیان . لەتەواوی جیهاندا ، لەناو تەواوی میللەت و دەولەتاندا ، ئەگەر باری بابەتی گۆڕانکاری قوول نەخولقابێ ، گەورەترین و بەهێزترین حیزبایەتی و ڕێبازی سیاسی تایبەتی ناتوانێ ڕێخان وەرگێڕێ و ڕژێم بگۆڕێ . حیزب بۆی هەیە وەك هێزی خۆیی ڕۆڵی کاریگەر لەباشتر ڕەخساندنی باری بابەتیدا بگێڕی ، بەلام ناتوانێ بەتەنیا باری بابەتی بەرەخسێنێ . مێژووی عیراق و کوردستانەکەی خۆشمان هەمیشە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە هەر کاتێ باری بابەتی لە ولاتدا ڕسکابێ ، نەك حیزبە سیاسییەکان ، بەڵکو نقابەکانیش توانیویانە لەدۆخێکی دواکەوتووی وەکو سییەکانیشدا داخوازی گەورە بهێننەدی . ئەمە جگە لەوەی حیزبە سیاسییەکان لەوە بەدواش لەناو بابەتییدا ، سەرەرای نەبوونی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەیان ، توانیویانە کابینەی (مجلس وزراء) گەورە ناپووت بکەن و پەیماننامەی خەتەرناك هەلوەشێننەوە .

هەتا ئێستاش ، هەتا پێش ڕاپەرینیش لە عیراق و کوردستاندا ، وێرای بوونی ئۆپۆزسیۆنی گەورە ، هۆیەکەی هەر گەراوەتە بۆ نەبوونی باری بابەتی . دەنا سیاسەتی باش و دروشمی باش و تاکتیکی باش پەیرەوکراون ،بەلام کە باری بابەتی لەبار نەبووبێ ، تەواوی ئەو سیاسەت و دروشم و تاکتیکییەی لەبازنەی بێنازی باری بابەتی سووڕانەوە و بەرەبەرەش سوان !

لەم ڕاپەرینەشدا ، باش نەخەملینی باری بابەتی ، کارێکی سەلبی چارەنووسسازی گێڕا .

ڕاستە خەڵك قینی لەڕژێم بوو ، ڕاستیشە قینە سیاسییەکە بە چەشنێ جۆشی دەخوارد کە هەر دەبوو لە هەلی بەزینی لەشکری عیراق لەجەنگدا بخرۆشێ ، بەلام خرۆشان و ڕاپەرینی گەورەی واش ئەگەر لەسەر زەمینەی پتەوی سەرکەوتندا پایە و پێگەی دانەکوترابێ ، سەرناکەوێ . عیراق هەتا کاتی بەزینی لەجەنگدا جارێ ئاستەنگە ئابوورییەکەی لەناو خەڵکدا نەگەیشتبووە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە خەڵك لیبڕابێ و چیکە توانای پشووی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی نەمابێ .

بێگومان سەرەتاکانی ئاستەنگە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەکە دوای ڕووداوەکانی هەشتاکان بەدواوە دەرکەوتبوو ، بەلام جارێ نەگەیشتبووە بنبەستی ئەوتۆ کە ڕژێم وەشەنی بخات ، ئەسلەن ڕژێمی عیراق چونکە چاك لەپاراستنی بەرژەوەندییەکانیان قوول و قاڵ ببوو ، دەرکی بەدەرکەوتنی سەرەتای ئاستەنگەکان کردبوو ، دەشیزانی ئەو ئاستەنگە سەرەتاییانە چۆن و بەرەو کوێ تەشەنە دەسەنێ ، بۆیە پێش تەشەنە سەندنیان ، یاخود لە

ترسی ئەوەی ئاستەنگەکان لەدوای وەستانی جەنگی عیراق - ئێران خێرا تەشەنە نەسەنن ، کە دەیانسەنن. بۆیە بەشێوەی چاوەڕوانکراو پەلاماری کوێتی دەوڵەمەندی دا و ویستی بیماشێتەوە و ڕێ لە قوڵبوونەوەی ئاستەنگەکان بگرێ . لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ بڵێین کاتێ ئاستەنگی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نەگاتە رادەی دیاریکراوی شۆڕشگێڕانە، هەڵبەتە بەشێوەی پێویست شۆڕش ڕۆناچێتە ناخی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك بۆ ڕاپەڕین . . بەتایبەت بۆ ڕاپەڕینی بەردەوام هەتا ڕووخاندنی ڕژێم. بەم ڕۆنەچوونەی ئاستەنگییەکانیش بۆی هەیە ڕووداوی گەورە یان ڕاپەڕینی وەکو ئەمەی باری عیراق بشتەقێتەوە، بەڵام ناشێ گرەو لەسەر سەرکەوتنی بکرێ، دامرکاندنەوەشی هەتا رادەیەکی زۆر دەکرێ بۆ ئەو هۆیە بگێڕنەوە .هەر بۆیە ڕژێم توانی دایمرکێنێتەوە ، بەڵکو لەبەر ئەم ڕاستییەش دیمان زۆربەی خەڵکی عیراق، بەتایبەت لە بەغا و لەنیوەی پارێزگاکانی عیراق (بەغا ، رمادی، صلاح‌الدین، نەینەوا، دیالی و سەدان قەزا و ناحیە و هەزاران گوند ) ڕانەپەڕین !

ئەگەر بەوردی چەند مانگی پاش ڕاپەڕینیش بینینەوە ، دەبینین سەرەتاکانی ئاستەنگییەکە، سەرەنجامی ئابلوقەی ئابووری و گرانی و بێکاری ، چۆن تەشەنەیان سەندووە ، بەم ڕەوتەش بڕوا ،بێگومان ڕووداوەکان لەعیراقدا هەر بۆ سەرلەنوێ تەقینەوە دەچنەوە و . . . دەشتەقێتەوە .

## ب - هۆی خۆیی

بێگومان نە لە عیراقدا و نە لە کوردستانی عیراقدا، حیزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ نەبووە و نییە کە بتوانێ پێشڕەوایەتی خەباتی مێژوویی وەکو ڕاپەڕین بکا . کە ئەم حیزبەش نەبووبێ ، دەبێ هۆیە خۆییەکان بەم پێیەی هەن هەڵسەنگێنین ، نەك تەنیا پێوانەی تیۆری بکەینە پێوەر.

کەڕاپەڕین بەرپاکرا، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سەراپای عیراق ، ئەوانەی کەهەن ! ناسیۆنالیستەکان ، دیموکراسییەکان، ئیسلامییەکان، بەتایبەت هێزەکانی دوور لە کوردستان، ئۆپۆزسیۆنی ئاوارەبوون و زۆری لە سوریا و لوبناندا گیرسابوونەوە . لەو هێزانە ئیسلامییەکانی لێ دەرچێ ، کە بەهۆی ئێران و لەناو ئێرانەوە جموجۆڵی بەرچاویان هەبوو، باقی هێزەکان تەنیا دەنگی سیاسی ئاوارەییان دەبیسترا .

لەکوردستانیشدا . . ئەنفالەکان وایکرد هێزەکانی ئێستای بەرەی کوردستانی بەتایبەتە ئێران و مەفرەزە مەفرەزە نەبێ دەنێردرانەوە کوردستان، مەحاڵ بوو بتوانرێ لەسەر پەڵەیەك ئەرزیش بنکەیەکی ئاشکرا هەبێ ، سەرەڕای ئەوە مانەوە و بەڵکو هەناردنی مەفرەزەو چالاکی لەدوای نسکۆی(١٩٨٨)دا، لایەنێکی گەشی خەباتی چەکداری ئەمجارەی کوردستان بوو، ئەمەش کارێکی سەروەرانەتر بوو ، لەهەرەس و مەیدان چۆڵکردن، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم خۆڕاگرییە جگە لەوەی لاواز و پەرتەوازەبوو ، بەشێکی کەمی هێزەکانی بەرەی کوردستانی گرتبووەوە و بەزۆری هێزەکان و مەسئول و سەرکردەکاندا زاڵبوو، کەمترین نەخشە و پلانی هاوبەش لەناو هێزەکاندا بۆ ئاییندە، بەتایبەتی بۆ ڕاپەڕین و گۆڕانکاری قووڵ هەبوو .

لەدۆخێکی سیاسی - پیشمەرگەیی وای ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و کوردستانی‌دا، کە هیچ جۆرە ئومێدێك بە ڕووخانی ڕژێم نەمابوو ، بگرە تاقە چارەسەرێك کە بیری لێکرابێتەوە ، ڕێکەوتن و سازش بوو لەتەك ڕژێمدا، بۆ ئەمەش ڕژێم ئامادە نەبوو لەگەڵ بەرەی کوردستانی یان هیچ لایەکدا مێزێکی قاچ شکاویش بۆ مفاوەزات بڕازێنێتەوە، لەوەها دۆخێکدا تومەزە لەژێرەوە ئاگری ئاستەنگ بەربۆتە ئابووری عیراق و ئاکامەکەشی پێش تەشەنەسەندنی ئاستەنگییەکە ، بەداگیرکردنی کوێت شکایەوە، ئەمەش لەشکری عیراقی بەزاند و ڕاپەڕینەکەش تەقییەوە .

تەقینەوەی ڕاپەڕین دژی ڕژێم پاش بەزینی لەکوێتدا ، هێندەی دیکە ڕژێمی لاوازکرد و گەیاندییە ڕۆخی ڕوخانیش ، بەڵام گەلێ هۆی خۆیی هاوشانی نەخەملینی بارە بابەتییەکە ، بوونە مایەی مانەوەی ڕژێم و بگرە بارمەتیشیان‌دا خۆی بگرێتەوە و ڕاپەڕینەکەش دامرکێنێتەوە و ڕێی پەرەسەندنیشی بۆ بەغا و پارێزگاکانی لێبگرێ، ئەم هۆیانەش باس دەکەین لەناو واقیعی ڕاپەڕینەکەوە کە پێمان وایە ئەمانەن :

**یەکەم:** نەبوونی نەخشەی لەپێشترا داڕێژراوی‌هاوبەشی تەواوی ئۆپۆزسیۆن لەسەر ڕاپەڕین و چۆنیەتی بەردەوامی ڕاپەڕین هەتا سەرکەوتنی .

**دووەم:** گۆڕینی ئاقاری ڕاپەڕین و بنەماکانی‌سەرکەوتنی ڕاپەڕین بە بەرەنگاری چەکدارانە، بەبێ ئەوەی نەخشەی عەسکەری گونجاویش بۆ ئەو گۆڕینە هەبێ .واتە ئاقاری سەرەکی سەرکەوتن بوو ، دەبوو خەباتی چەکداری بخرێتە خزمەتی ، ئەمەش لەکاتی خۆیا، لەکاتێکدا کە ڕاپەڕین

بەرەی سەندبێ ، زۆربەی خەڵکی لێ ئالآبێ، بنەماکانی بەردەوامی ڕاپەڕین چەسپیبێ، داوودەزگاکانی ڕژێم هەڵوەشابن یان بێورەبووبن.. ئیدی ئەوسا دەشێ بۆ دواهەڵمەت هێز دابەزێتە مەیدان و دواهێرش ببرێ. نەك جارێ ڕاپەڕین لەسەرەتادا بێ و زۆربەی خەڵك ڕانەپەڕیبێ، ڕاپەڕین وەرگۆڕدرێ بۆ بەرەنگاری چەکدارانە، چەکدارەکانیش بەبێ نەخشە و دیسپلین وەربینە شارەکان و گەورەترین پشێوی لەمێژوودا لەهەموو ڕوویەکەوە..ڕوویدا!!

**سێیەم:** نەبوونی نەخشەی سیاسی و عەسکەری هاوبەش وایکرد لەباشووری عیراقا لایەنە مەزهەبییەکان بە ئارەزووی عەقیدەکەیان هەڵسوڕێن و باوەڕی مەزهەبییەکان بسەپێنن، ئەمەش بوە هۆی کاردانەوەی سلبی ڕۆژئاوا و هۆیەکیش بوو ڕۆژئاوا گەرم نەبێ لەڕووخاندنی ڕژێم، هەر بۆیە دەستبەجێ دوای کشانەوەی عیراق لەکوێت، ئەمەریکا لەگەڵ ڕژێمی عیراقدا گفتوگوی کرد و ڕێیشیدا لەکوێت بکشێتەوەو بەهۆی هەمان لەشکرەوە خەڵکی لەباشووردا سەرکوتکرا.

**چوارەم:** نەبوونی نەخشەی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو داودەزگایانەی دەکەونە دەست ڕاپەڕین.

**پێنجەم:** نەبوونی هەڵوێستێکی سیاسی ڕوون بەرامبەر کەمینە و تەنانەت ئەو عەرەبانەی بەزۆر هێنرابوونە کوردستان. دەبوو بڕیاری پێشتر ئامادەکراو هەبوایە و زۆر بەووردی لەم بارەوە هێزی چەکدار لەگەڵ ئەو خەڵکە هەڵسوورانایە.

**شەشەم:** نەبوونی هیچ جۆرە دیسپلینێ بۆ ئاراستەکردنی هێزی چەکدار و سزانەدانی هیچ دز وتالانکارێك کە لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە دڵی خەڵکیان بەو ڕەفتارانە ساردکردەوە بەدیاردەیەکی ئاسایی‌عیراق‌و کوردستان.

**حەوتەم:** نەبوونی بەرنامەی سیاسی هاوبەشی لایەنە چەپ و ئازادیخوازە ڕاستەقینەکان بۆ چەسپاندنی ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی ڕاپەڕین و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە ناسیۆنالیزم بۆرژوازیانەی ناو ڕاپەڕین وپەرەپێدانی زیاتری دەسکەوتە دیموکراسیەکانی ڕاپەڕین و هێنانەدی زۆرترین دەسکەوت بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان.

ئەم هەڵە خۆییانە، هەریەکە بەجۆرێ، سیاسییانە، کۆمەلایەتییانە، عەمەلیانە، چەشنی مۆرانە ڕاپەڕین و ڕاپەڕیوانیان لەخەبات دڵخورد دەکردو گیانی شۆڕشگێڕیان ساردەکردنەوە.

### ئایندەی ڕاپەڕین

خەباتی شۆڕشگێڕانە لەناو هەموو میللەتێکدا، هەوراز و نشیو، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، چاکە و خراپەی تیایە. ژیری و دووربینی خەڵکانی شۆڕشگێڕی واقیعی لێکدانەوەی وورد و درشتی ڕووداوەکانی میللەتەکەیانە، بەتایبەت شۆڕش و ڕاپەڕین کە چارەنووسی میللەتانی پێوەبەندن.

لەم ڕاپەڕینە دامرکێنراوەی عیراق و کوردستانیشدا، پێویستە پێوەری زانستیانە بکەینە پێوانەی ئێستا و لەمەدوا و ئایندەی ڕووداوەکان؛ بۆ ئەمەش لێکدانەوەی سێ مەسەلە گرنگن:

**یەکەم: توانای ڕژێم؛ دووەم: هەڵوێستی خەڵك؛ سێیەم: باری جیهانی.**

توانای ڕژێم لەڕووی ئابوورییەوە نابووتە، لەباری عەسکەرییەوە هەڵوەشاوەیە، دۆخی سیاسیشی تەپیوە.

هەڵوێستی خەڵك: پێش جەنگی کوێت کە خەڵك باری ئابووریشی وەکو ئێستا ئێجگار دژوارنەبوو، بەهۆی جەنگی بەردەوام و نەبوونی ئاسایش و ئازادییەوە لەڕژێمەکە بێزاربوو، چ جای بۆ ئێستا کەسەدان قات ژیانی خەڵك تێکدراوە. بۆیە خەڵك بەهیچ شێوەیەك بەڕژێم ڕازی‌نابێتەوە و ڕژێمیش بەهیچ کلۆجێ چەڵەمەی خەڵکی پێ چارەسەر ناکرێ.

باری جیهانی: ئاکە وڵاتێك بەم فاشیانە ڕازی نییەو تەنانەت ئۆردون و یەمەنیش وەکو جاران لەگەڵیا نەماونەتەوە ئەمە جگە لەوەی سیستەمی نوێی سەرمایەداری چیکە بەبیچمی وەکو سەدام و ڕژێمەکەی قایل نابن، کەواتە نۆکەرایەتیش دادی نادا!!

لەو ڕاستییانەوە دەگەینە سەرەنجامێ کەوا ڕژێمی‌سەدام کەوتۆتە غەرغەرەوە و نەمانی مسۆگەرە، ڕەنگە درەنگیش نەخایەنێ. ڕێگاکانی نەمانیشی سیانن: یان ڕاپەڕین.. یان کودەتا.. یان لەژێر فشاری ڕۆژئاوادا، ئەستێرەی فاشییانەی سەدام دادەچۆڕێتە سەرەنوێلکی نەفرەتی مێژوو. بێگومان ئەرکی خەڵکی شۆڕشگێڕ، خەباتکردنە بۆ بەرپاکردنەوەی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینێك دەرسی لە ڕاپەڕینی بەهاری ئەماڵ، لەهەموو بارێکەوە، وەرگرتبێ‌و کردبێتییە سەرمەشقی شەوقی ڕاپەڕینی ئایندە کە حەتمەن دەبێ ڕاپەڕینی بەردەوام بێ، دەنا نەسەدام دەڕووخێ و نە دیموکراسییەت دێتەدی و نە مافی چارەنووسی کوردیش دەبێتە ڕاستی.

---

* ئەم بابەتە لەژمارە(٨ ، ٩)ی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٩١ی "ئالآی شۆڕش" وەرگیراوە.

یادی یەکەمین ساڵەی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

جەلال دەباغ

# هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی ڕاپەڕینی چەکدارانەی کوردستان لە ئاداری ۱۹۹۱ دا

## پێشەکی

گەلی کورد و سەرانسەری گەلی عیراق بەدرێژایی تەمەنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا ، هەر لەساڵی ۱۹٦۸ بە دواوە تا ئاداری ۱۹۹۱ - جگە لەسەردەمی کودەتا شوومەکەی شوباتی ۱۹٦۳ - دووچاری گرتن و داپڵۆسین و تیرۆرێکی بێهاوتا بووە، سەرەڕای تێکچوونی تەواوی لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکە ، بەتایبەتی لەساڵانی شەڕی عیراق - ئێراندا ( ۱۹۸۰ - ۱۹۸۸ ) .بەڵام ئاشکرایە کە بەشی گەلی کورد و تەواوی خەڵکی کوردستان لەم چەوساندنەوەیەدا دووبارە و سێبارە و زیدەتر بووە کە خستنە پێشچاوی دیمەنەکانی بەچەندان بەرگ کتێب لەباسکردن نایەن .

بەرهەمی ئەم سیاسەتە چەوت و زۆردارانەیەی ڕژێم زۆرتر بێزار و توڕەکردن و وەڕسگردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە ، کە بەتایبەتی لەدوای ساڵانی ۱۹۸۸ و ڕاگرتنی شەڕی عیراق - ئێرانەوە ، بەقۆناغێکی تردا تێپەڕبووە و ڕژێم کە بەکوشت و بڕ و داپڵۆسین و بێسەر و شوێنکردنی دەیان هەزار کەس لە " ئەنفال " ە بەدناوەکانیدا و لەهێرشە بەربڵاوەکانیدا بۆ سەر کوردستان وە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و شەهیدکردنی هەڵەبجەو کاولکردنی چەندان شاری وەك پێنجوین و قەڵادزێ و سەدان شارۆچکە و گوندی کوردستان و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی جوتیاران و دانیشتوان و چەندان کاروکردەوەی تاوانکارانە ، دەڵێین ڕژێم بەو سیاسەت و کار و کردەوە نالەبارانەی برینێکی وای لەدڵ و دەروونی جەماوەردا پەیدا کرد کە سارێژبوونی کارێکی مەحاڵە .

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خەڵکی کوردستان لەدەمەدەمی ڕوودانی ڕاپەڕینە چەکدارییە جەماوەرییەکەیدا یەکجار تووڕە و بێزاربوو بەرانبەر بەڕژێم و سیاسەتەکانی و کار وکردەوەی نایاسایی دام و دەزگاکانی ، لەلایەکی ترەوە لە ۲ی ئابی ۱۹۹۰ دا هێزەکانی ڕژێم ( کوێت ) یان داگیرکرد و ڕاگەیەندرا کە ئەو میرنشینە عەرەبیە بەشێك بووە لەعیراق و گەڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکەی . دوای ئەمەش کە بە نۆزدەیەمین پارێزگای عیراق دانرا ، بەتەواوی تاڵانکرا و بەهەزاران هاونیشتمانی ئەو میرنشینە عەرەبیە دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکانی کران و زۆریشیان کوژران .لەم سیاسەتەشدا ، ڕژێم ڕووبەڕووی زۆربەی وڵاتانی جیهان خۆی دیتەوە و، ئەنجامی ئەم سیاسەتەش دیاربوو کە شەڕەکەی هەڵگیرساند و، سوپای عیراقی بە " گورگان‌خوارد و"دا ، ئەو سوپایەی کە گوایە پێنجەمین سوپای دنیابوو، بەژمارە یەك ملیۆن و بەچەك و جبەخانە و چەکی کیمیاوی و جۆری دیکەی چەکی تێکوپێکدەر و یەکۆمەڵ فرکەرە هێزێکی گەورە بوو ، لەئەنجامی هەڵە و سەرچڵییەکانی ڕژێم و سەرۆکەکەیدا گەورەترین تێکشکانی تووش هات .

دیارە بەشی هەرە زۆری سوپای عیراق ، بە " گاردی جەمهوری " یشەوە ، وەڕس و بێزاربوون ، بەشێکی زۆریان چەندان ساڵبوو چاوەڕوانی دەرچوونیان لە سەربازی

دەکرد و ماوەی خزمەتی سەربازیان لەمێژبوو کۆتایی‌هاتبوو ، زۆربەشیان ئاگری شەڕی هەشت ساڵەی "قادسیە" ی دڕاویان بەرووداچزابوو ، بەچاوی خۆیان ئەو مەینەت و لێقەوماوانەیان دیبوو کە تووشی سوپای عیراق و تووشی فەوجەکانی " دیفاع وطنی " و تەواوی گەل هاتبوو ، زۆربەشیان و دەتوانین بڵێین نزیك بەتەواویان کوڕانی کرێکارو جوتیار و چین و توێژەکانی دیکەی گەل‌بوون ، ڕووداو و بەسەرهاتەکانی گەل کاریان تێ دەکرد و گەیشتبوونە ئەوپەڕی وەڕس بوون و بێزاری ، بەتایبەتی دوای بەزینیان و ڕاونانیان لە کوێت و لێدانیان لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاوە و لەلایەن هێزەکانی ئیعدامکاری ڕژێمی سەدام خۆیشیەوە ، سەدام بێ‌لێکۆڵینەوە بڕیاری دەرچوونی سوپاکەی لە کوێت دا و شەڕی لەیەك لاوە ڕاگرت و سوپایەکەی کشایەوە بێ‌ئەوەی لەو بارەیەوە لەگەڵ کەس ڕێکەوتبێ ، ئەمەش بووە هۆی لێدانی سوپای عیراق لەلایەن سوپا و هێزی هەوایی هاوپەیمانەکانەوە و ئەم سوپایە بەسەری شکاو و تانك و زرێپۆشی بەجێهێشتووەوە، بە برسێتی و بەزیوی و ڕاونراوی گەیشتەوە خاکی عیراق و لە زوبێر و بەسراش وێنە دیواریەکانی سەدامیان دایە بەر گوللە و لەگەڵ گەلەکەیان لێرە و لەوێ بەرووی ڕژێمی تاوانباردا ڕاپەڕینیان دەست پێکرد .

لێرەدا دەبێ بگوترێ ، " گاردی جمهوری" هێزێکی بەهێزی بۆ تاوان لە دژی گەل ئامادەکراوی سەر بە سەرۆکی ڕژێم بوو ، کە لەهیچ تاوان و بەکارهێنانی هیچ جەشنە چەکێکی تەفروتوناکەر دەستی نەپاراستووە، بەڵام ئەم بەشەی سوپاش لە شەڕەکەدا زەبرێکی گەورەی لێ‌درا . لە لایەکی تریشەوە ڕۆڵەکانی تەواوی سوپای عیراق بەچاوی خۆیان دیبیان چۆن ڕژێمی ڕەفتار فاشیست لەکەس و کارو ڕۆڵەی گەلەکەیان لەناوەڕاست و خوارووی وڵات کە بەرووی ڕژێمدا ڕاپەڕین ، دەست ناپارێزێ و بەهەزارانیان لێ دەکوژێ ، ئەمەش زیاتر وەڕس و بێزاری کردبوون .

ئەمجارەش بەئاشکرا دەرکەوت کە سەرەڕای هەموو ئەو پارە زۆرەی بۆ سوپا خەرج دەکرا ، ئەو پارە گرانەی ئابووری و ژیانی خەڵك کاریشی کردە سەر سەرباز و سوپاییەکان بەگشتی .

گەمارۆدانی ئابووری وڵات لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتانەوە و بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتوەکان ، تارادەیەکی زۆر ژیانی گەلی دژوارکرد و تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەی لەوڵاتدا هێنایە ئاوەوە، خەڵکەکە زۆر پەرێشان‌بوون ، بەسەدان منداڵ و نەخۆش لەبەر بێ‌شیری و کەمی خۆراك و نەبوونی دەرمان دەمردن ، نرخی شتومەکی خواردن‌وهەموو پێداویستیەکانی ژیان دەیان جار گرانتربوون و بازاری قاچاخچی و ساختەچی و دەوڵەمەندانی‌شەڕ گەرمتر بوو . دەوڵەت لەژێر بڕیاری قەرزدا ناڵەی‌دەهات و ملیشی بۆ هیچ جۆرە چارەسەرکردنی ئەو بارەی ژیانی وڵات و گیروگرفتەکان نەدەدا . بەرادەیەك تەنانەت ئەوانەش کە بەشێوەی جۆراوجۆر لەدەوری حیزبی فەرمانڕەواو ڕژێمەکەیان کۆکرابوونەوە یەکجار ڕسوا و بێزار بوون .

لەناوخۆدا بچووکترین دەرفەتی پشوودانێکی‌دیموکراسی و دیمەنێکی پەیڕەوکردنی سادەترین مافی مرۆڤ و ڕێزگرتنی یاسا ناڵەبارەکانی خۆشیان خەفەکرابوون . ڕۆژنەبوو دەیان وسەدان کەسی بێ گوناه و بێ‌تاوان بەسێداره ، یان دەستڕێژی یان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا نەکوژرێن . لەسەرانسەری دنیاشدا ڕژێم و سەرکردەکەی ڕیسوابووبوون و لەهەموو لایەکەوە داوای لابردنی سەرۆکی ڕژێمو کۆتایی هێنانی ئەو ڕژێمە بەدفەرە دەکرا .

بەرهەڵستکارانی ڕژێم ، سەرەڕای جیاوازی حیزب و ڕێکخراوە و ڕێبازیان ، هەموو گەیشتبوونە ئەوەی کە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانی عیراق وا دەخوازێ ئەم ڕژێمە لابدرێ و جێگیرێکی دیموکراسی لەجێگەی دابمەزرێ و لەناو ئەمانەشدا بەرەی کوردستانی عیراق و هەموو لایەنە هاوپەیمانەکانی ، چ لەناوەوەی شار و ئۆردوگاکان یان لە چیاودەشتەکان یاخود لەدەرەوەی وڵات ، ڕۆڵێکی کاریگەریان لەخەباتی سەختیاندا دژی ڕژێم دەگێڕا . بێگومان‌سەرەڕای کزبوونی خەباتی چەکداری لە دوای پەلاماری دڕندانەی کاتی ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ ئێران بۆسەر کوردستان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ، بەڵام ئەم شێوەی خەباتە دەستی لێ بەرنەدرابوو ، لەدەریشەوە خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی و ڕاگەیاندن زۆرتر لەهەر کاتێکی ڕابردوو گەرم کرابوو .

باری گوزەران و ژیانی گەل لەهەموو ڕوویەکەوە گەیشتبووە حاڵێك ئیتر نەتوانێ شان‌بداتە بەر ئەو ژیانەو، ڕژێمیش گەیشتبووە حاڵێك نەتوانێ بەرێ و شوێنی جاران فەرمانڕەوایی دڕێژە پێبدا و لەهەموو لایەکەوە بێزاری جەماوەر گەیشتبووە ڕادەی بزووتنەوە و چالاکی کەم و زۆر و، لێرەولەوێ ، لەدژی ڕژێم و بۆ ڕزگاربوون لەو ژیانە سەختە.

### تەقینەوەی ڕاپەڕینەکە

لەسەرەتای ئادار لەچوارقورنە و ڕانیە و ئۆردوگای

حاجی ئاواوە دەستی پێکرد و تەقیەوە، جەماوەرو پێشمەرگە دەورێکی باڵایان گێڕا. لێرەشدا نابێ دەورگێڕانی "دیفاع وطنی" فەرامۆش بکرێ. لەڕۆژی شەشی ئاداردا بە دەسپێشخەری ڕێکخراوی هەولێری حیزبی شیوعی عیراق لە بازاڕی مەزاتخانەکەی هەولێردا خۆپیشاندانێکی چەکدارانە دەستی پێکرا کە بەشەقامی شێخەڵادا بەرەو شەقامی سی مەتری ڕۆیشت و لەلایەن هێزی چەکداری ڕژێمەوە تەقەی لێکرا و سێ کەس بریندار بوون. شایانی باسە ئافرەتان دەورێکی باشیان لەم خۆپیشاندانەدا گێڕا و دەنگێکی باشی دایەوە. دوایەدوای ئەوەش دوو خۆپیشاندانی هاوبەش لەگەڵ (ی.ن.ك) لەکووران و ئیسکان، لەم خۆپیشاندانانەدا دیسان ئافرەتان دەورێکی باڵایان گێڕا.

هەر لەڕۆژانی سەرەتای ئاداردا ئێسگەی ڕادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) دەورێکی باڵای گێڕا بۆ پێکهێنانی شانەی چەکداری زێدەتر و بزواندنی جەماوەر و گەیاندنی دەنگوباسی شار و شارۆچکە و ئۆردوگان بەخەڵکی گشت ناوچەکان و بۆ هاندان و بزواندنی جەماوەر بە گشتی. تا لەڕۆژی ٧ی ئاداردا لەسلێمانیش تەقیەوە و پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانیش هاتنەدەست و لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ دا دایەرەی ئەمنیش، کە دوا شوێنی بەرگری ناوشار بوو، گیرا. ڕزگارکردنی شاری سلێمانی دەنگێکی باشی لە هەموو کوردستان و تەواوی وڵات و دنیادا دایەوە. لەکاتێکدا شاری سلێمانی لەماوەی دوو ڕۆژدا... ئازادکرا، ڕۆژی ١١ی ئادار شارە قارەمانەکەی هەولێریش لەچوار سەعاتدا ڕزگارکرا. لەنێوان ڕزگارکردنی ئەم دوو شارە گەورەیەی کوردستاندا و لەو کاتانەدا تەواوی شارۆچکە و ئۆردوگاکان ڕاپەڕین و پێش ئەوە و بەردەوام ڕاپەڕینی چەکداری هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەتایبەتی دوای هاتنەخوارەوەی هێزێکی زۆری پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بۆ ناو شار و ئۆردوگاکان.

ڕژێم زۆر هەوڵیدا ڕاپەڕینی سەرانسەری گەل ڕاگرێ و ڕێگەی ئازادکردنی کەرکوك بگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەیان هەزار کوردی کەرکوکی وەك بارمتە گرتن و دەسبەسەرکردن و ڕەوانەی بەندیخانە و ناوچەکانی خوار کەرکوکی کردن و هێزەکانی خۆی مۆڵدایەوە و پروپاگەندەیەکی زۆری دەست پێکرد. بەڵام ئەم کارەش هیچ دادی ڕژێمی نەدا، بڵێسەی ڕاپەڕینی چەکدارانە لەناوەندی شاری کەرکوکەوە کڵپەی سەند و خەڵکی ڕاپەڕیوی هەولێر و سلێمانی و ئۆردوگاکان بە بەشداری و هاندانی گەرمی بەرەی کوردستانی بەیارمەتی شارەکەی بابەگوڕگوڕەوە هاتن و ئەم شارەش لە ٢٠ی ئادار و یەکی نەورۆزدا ئازادکرا. بەئازادکردنی کەرکوك و دەوروپشتی، نزیك بەتەواوی کوردستان ئازادکراو دەبوو ڕاپەڕینەکە هەر درێژەی هەبێ و زێدەتر جۆشی پێ بدرێ و لەهێرشدا بەردەوام بێ، چونکە هەروەك مارکس ڕایگەیاندووە و لینینی مەزنیش دووپاتی کردۆتەوە "ڕاپەڕین هونەرە و پێویستە سەرکەوتنی یەکەمی تێدا دەستبخرێ و ئەوجا لەسەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر بەبێ ڕاگرتنی هێرش بۆ سەر دوژمن و، پێویستە لەشڵەژان و سەرسوڕمانی دوژمن دەرفەت وەرگیرێ" *. چونکە لەڕاستیدا ئەگەر ڕاپەڕین گەیشتە هەڵوێستی بەرگری ئەوە بەرەو مەترسی دەچێ و زامنی سەرکەوتنی تەواو، هێرشی بەردەوامە و ڕووەو شوێنی بڕیاردەر کە بەغدای پایتەخت بوو، ئەو پایتەختەی خەڵکەکەی لەسەرپێ بوون و لەگەرمەی خەبات و بزووتنەوەدا بوون. بۆیە لەجێگەی خۆیدا نەبوو، تەنانەت مەترسییەکی گەورەبوو ڕاوەستانی ڕاپەڕین ئاشکرا بکرێ و ڕێگەی بەرەوپێشچوونی نەدرێ.

## دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینەکە

ڕاپەڕینی چەکدارانەی گەلی کوردستان گەلێك دەسکەوتی باش و بەجێ و شۆڕشگێڕانەی بۆ خەڵکی کوردستان وەدی هێنا و بەکورتی دەتوانین هەندێکیان دەسنیشان بکەین کە ئەمانەن:

یەکەم/ هەژاندنی تەواوی گەلی کوردستان بەهەموو نەتەوە و تایەفە و ئایینێکەوە، سەرەڕای جیاوازی بیروباوەڕی سیاسییان، و هێنانیان بۆ ناو کۆڕی ڕاپەڕین و سیاسەت.

دووەم/ شل وشۆق کردن و لاوازکردنی زیاتری ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا و تێسرەواندنی دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم و نۆکەرانی.

سێیەم/ بەهێزبوونی یەکێتی گەل و بەرەی کوردستانی بەهەموو هێزەکانیەوە لەکۆڕی ڕاپەڕینەکەدا و دەرکەوتنی بایەخی بەرە و کاری بەرەیی بۆ خەبات و یەکێتی ڕیزەکانی گەل.

چوارەم/ بەهێزبوونی یەکێتی و هاوکاری گەل و سوپا و فەوجەکانی "بەرگری نیشتمانی" کە دەورێکی باشیان لە ڕاپەڕینەکەدا گێڕا، چ بەلایەنگیری گەل و بەشداربوون لە ڕاپەڕینەکەدا، یان بێلایەنی هەندێ بەشی ئەو هێزانە.

پێنجەم/ ئازادکردنی بەشێکی زۆر لەبەند و گیراوەکان

---

* لینین: دەربارەی ڕاپەڕین.

که لەناو زیندان و بەندیخانەکانی ئەمن و موخابەرات و پۆلیسدا گیرۆدەبوون .

شەشەم/ ڕیسوابوونی زیدەتری کاروکردەوە و سیاسەتی تاوانکارانەی ڕژێم و دەزگاکانی داپلۆسین و کەلاکەوتنیان لە ڕۆڵەکانی گەل .

حەوتەم/ ڕزگارکردنی بەشێکی یەکجار زۆر لەخاکی کوردستان کەتا ئێستاش هەر بەدەست بەرەی کوردستانیەوەیە و بەخوێن پارێزگاریان لێدەکرێ .

هەشتەم/ ناچاربوونی سەرانی ڕژێم بۆ وتوویژکردن لەگەڵ نوێنەرانی بەرەی کوردستانی بەمەبەستی چاری ئاشتی و دیموکراسی مەسەلەی کورد و هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان . ئەگەرچی ئەم وتوویژە لەلایەنی ڕژێمەوە بۆ مەبەستی دیکەبێت .

نۆیەم/ دەسکەوتنی چەك و فیشەك و کەلوپەلێکی زۆری سوپایی و شتی وا .

دەیەم/ هێنانەدی دیموکراسی و ئازادی ڕێکخستن و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان ـ ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەم بوو ـ لەهەموو کوردستاندا کە گەلەکەمان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە تامی ئازادی ڕاستەقینەی چەشت .

یانزەیەم/ گەیاندنی مەسەلەی کورد بەپلەیەکی نوێ لەسەر شانۆی جیهان و کۆمەك و یارمەتی زیدەتری دۆستەکانی و خێرخوازانی دنیا .

## ڕەخنە و گازندە یان هەندێ لایەنی تاریکی ڕاپەڕینەکە

ڕاپەڕینەکە کەکارێکی تێکۆشەرانەو شۆڕشخوازانەی یەکجار مەزن و پرشنگداربوو ، بەمەبەستی گۆڕین و نوێکردنەوە ، بەڵام کام کاری وا مەزن هەیە ، بەدەگمەن نەبێ ، هەڵە و ناتەواوی و لایەنی تاریکی تێدا نەبێ ، یان تووشی نەبێ ؟!

لەم ڕاپەڕینەشدا هەندێ کار و کردەوەی نابەجێ و زیانبەخش کران کەدوورن لەڕەوشتی شۆڕشگێڕانە و خەبات و ئامانجەکانی گەل و بەرەی کوردستانیەوە ، وەك هەندێ ڕووداوی دزی و تالانکاری و سووتاندن و وێرانکردنی دەزگا و دایەرە و کارگە و قوتابخانە و بەتالانبردنی چەك و جبەخانەیەکی زۆر بۆ سوودی شەخسی نەك بۆ سوودی ڕاپەڕینەکە کە لەدوای ئەوە کەوتنە دەست گەل . هەروا دزین و دەستگرتن بەسەر ئۆتۆمۆبیلی خەڵك و میریدا بۆ قازانجی شەخسی و فرۆشتنیان و ڕەوانەکردنیان بۆ دەرەوەی سنوور و سەرقاڵبوون بە کاروباری بچووکەوە و لەبیرچوونەوەی ئەرکە گەورەکان . دیارە خەڵکەکە زۆر داخ لەدڵبوون بەرامبەر ڕژێم و دەزگاکانی و جەماوەر لەزروفی گەمارۆدانی ئابووریدا برسی‌بوو ، سەرەڕای چاولێکەری و هەڵپەی شرەخۆری و شتی وا کە هەندێکن لەهۆیەکانی ئەم ڕەفتارە ناشرینانە . هەروا ڕژێم بەدرێژایی تەمەنی خۆی خەڵکەکەی بەگیانی خۆپەرستی و مەسڵەحپەرستی و چاوچنۆکی و مفتەخۆری و هەوانتەکاری پەروەردەکردبوو ، بەهەزاران دێهات و موڵك و ماڵی کوردانی تالانکردبوو . نابێ لێرەدا ئەوەشمان لەیادبچێ کە هەندێك لەکەسانی سەر بەڕژێم و ئەندامانی حیزبی فەرمانڕەوا و نۆکەرانی بەمەبەستی بەدناوکردنی ڕاپەڕینەکە و هێزەکانی بەرەی کوردستانی دزی و تالان و سوتانیان سازدا ، تا گەلێك بەڵگەنامەی گرنگ نەکەوێتە دەست گەل و هێزە شۆڕشگێڕەکانی .

لەڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا ، هەندێ کردەوەی تۆڵەسێنانە کران و جڵەوی دەسەلات لەدەست دەرچوو ، دەستە و تاقمی بێباوەڕ هەبوون بە پێچەوانەی ڕاوێژ و ئامۆژگاریەکانی بەرەی کوردستانییەوە دەجوڵانەوە و لەڕێگەوبان بەچەکەوە دەوەستان و ئۆتۆمۆبیلیان ڕادەگرت و دەپشکنی و لەڕاستیدا کۆسپیان دەخستە ڕێگەی پێشمەرگە و حیزبەکان و کاروباری کۆمیتەی ئاسایش کە لەلایەن بەرەوە دروستکرابوون .

لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بەدەیان بارەگایان‌کردەوە ، یان بابڵێین زۆریان بەناویانەوە کرانەوە ، کە هیچ پێویست نەبوون و هێزەکانی پێشمەرگە لەو هەموو بارەگایانەدا پەرش و بڵاوبوونەوە و ئەمەش بەتەجرەبە دەرکەوت ڕاست نەبوو .

هەندێ لایەنی دەرەوەی بەرەی کوردستانی دروشمی چەپڕەوانەی منداڵکارانەیان بەرزکردەوە و سەریان لە خەڵکێکی زۆر شێواند و هات و هاوارێکی بێ‌ئەنجامیان کرد ، بێ ئەوەی ژیرانە و سیاسیانە بێنەدەست و لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا کۆششی تێکۆشەرانەی دڵسۆزانە بکەن .

لەناو ڕیزەکانی خۆشماندا ، واتە بەرەی کوردستانی ، هەندێ لایەن و کەسانی ڕابەرایەتی ، تووشی لووتبەرزی و لەخۆباییبوونێکی وا بوون کە بۆ پێشنیار و بیروڕاو ڕاوێژی کەس گوێ شل‌نەکەن و هیچ نرخێك بۆ بیروڕای ڕۆڵە خاوەن تەجروبەکانی گەل دانەنێن و بەهێزی " زۆربێ و بۆربێ " بنازن و بەم کارەش زیانێکی گەورە لەخۆیان و خاوەنیان کە گەلەکەمانە بدەن .

## هێرشی ڕژێم و کشانەوە و کارەسات

ڕژێمی دیکتاتۆری کە بۆ ماوەیەك وڕ و کاسی ڕاپەڕینە

مەزنەکە بوو ، پاشماوەی هێزە چەکدارە تێکشکاوەکانی کۆکردەوە و تەیارکرد و بەنیازی دەسەڵاتگرتنەوەی بەسەر شاری کەرکوک و هەولێر و دهۆك و سلێمانیدا دەستی بە خۆئامادەکردنکرد . لەپاڵ خۆئامادەکردنی سوپاییدا ، هێرشی پروپاگەندەی دەست پێکرد ، تا بەهاشە و هوشە و ترسی بەکارهێنانی راکێتی زەوی- زەوی و چەکی کیمیایی(کە لەواقیعدا ترسێکی راستەقینەش بوو) ورە بەجەماوەر بەربدا .

هەر بۆ ئەو مەبەستەش بەندوباوی وتووێژی بەکارهێنا و کەسێکی ناسراوی * ناردە کوردستان بۆ لای نوێنەرانی هەرسێ لایەنی پارتی و یەکێتی و شیوعی . ئێمە هەر زوو لەو باوەڕەدا بووین کە ناردنی ڕاسپێردراو بۆ وتووێژ ، وەك تەجروبەکانی ڕابردوو لەسەروبەندی ئەنفالە بەدناوەکانو ڕاگرتنی شەڕی عیراق - ئێران دا سەلماندبوویان ، بە مەبەستی چەواشەکردنی خەڵك و فریودانە و پێشەکییەکی سیاسییە بۆ هێرشبردنی سوپایی ، کە لەڕاستیدا وابوو . هێشتا ڕاسپێردراو لە هەولێر بوو کە پەلاماری دڕندانە بۆ سەر کەرکوك دەستی پێکرا و هێزەکانی سوپا بەتانکەوە لە دوبزەوە بۆ ناو پردێ دزەیانکرد و بە تۆپی قورس و کۆپتەرەکان لەناو شاری کەرکوك درا و لەم شارە و لە دەوروپشتی بەکۆمەڵ خەڵك کوژران ، دانیشتوانی شار بەزۆری ناچاری لەشار دەرچوون .. بەرەودوا هێرشەکە هەولێر و سلێمانی و کۆیەشی گرتەوە و ڕەشەکوژییان دەست پێکردەوە ، سەرەڕای چەند شەڕێکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستان و قوربانیدان ، شاران چۆڵکرانو گەورەترین مەینەت و ڕەوی بەکۆمەڵ لەمێژووی نەتەوەکەمان و ناوچەکەدا دەستیپێکرا . برسێتی ، ماندووبوون ،شەونخونی ، کەمی و یان بێ خۆراکی ، تەرزە و باران و سەرما ، نەخۆشی و خەفەتباری و دڵشکاوی و لێقەومانی گشتی ،بوونە بەشی چەند ملیۆن کوردی ڕوو لەچیا و سنوورەکانو سەدان و هەزاران خۆشەویست لێونبوو یان مردو...

دیمەنەکانی ئەوە ڕەوە گشتییە ، هەر یەکەیان بۆ چیرۆکێك ، فلیمێك ، داستانێك دەشێن.. کۆرپەکان زۆریان بێشیربوون و لەبرسان دەمردن ...دایکان هەبوون لەبرسانا شیریان وشك دەبوو ، کۆرپەکانیان بەرەوە دەمردن ..پیرو پەککەوتە و نەخۆش چارەنووسیاندیار و ئەوانی تر نادیاربوو ...ئەمە بوو گەورەترین کارەسات و مەرگەسات لەناو دەیان و سەدان کارەساتەکانی مێژووی نەتەوە لێقەوماوە دابەشکراوەکاندا ، کە بەبەرچاوی هەموو دنیاوە لەخاك و نیشتمان وماڵی خۆیدا ڕاودەنرێ و دەکوژرێ و دەربەدەر دەکرێ .

## وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم

لەهەلومەرجێکی ئاوها قورس و گراندا ، لەسەروبەندی تێکشکاندا ، لەڕەوی بەکۆمەڵدا وتووێژی نێوان هەردوولا دەست پێکرا . بێگومان سادەترین کەس لەوە تێدەگا کە بۆچی ڕژێم ئامادەی ئەم وتووێژەیە . ڕژێم لەئەوپەری لاوازیدایە ، زەبری گرانی ڕاپەڕینی گەل و سیاسەتی شەڕخوازانەی خۆی بەرکەوتووە . دەیەوێ لەم بارە نالەبارەی دەربازبێ ، لەناو عەرەب و دنیادا شوێنێکی دەسگیربێتەوە. سەرلەنوێ لەشکرەکەی تەیار و ئامادە و پڕچەك بکاتەوە ، ورەی دابەزیو یان ڕووخاویان بەبەردابکاتەوە . ڕژێم مەرجەکانی دەوڵەتەکەی جارانی نەماوە ، نیشتمانکاولکراوە، لەژێر باری قەرزێکی زۆردا دەناڵێنێ و باری دارایی و ئابووری پەشێو و ڕووخاوە . دەیەوێ لەباری وتووێژ کەڵك وەربگرێ و، نەوتەکە بنێرێتە بازاڕی فرۆشتن و بەرەبەرە خۆی بەهێزبکاتەوە دەوڵەتەکەی جاران و لەباری گرانی گشت تاوانە مێژووییەکانیشی ڕزگاربێ .

دیارە ئەوەش تا ڕادەیەك ئاشکرایە کە بۆچی بەرەی کوردستانی پەنای بردۆتە بەر وتووێژ ، ئەگەرچی زۆربەی نزیك بەتەواوی خەڵکی لەوە نیگەران و دڵگرانن کە ڕژێم و سەرۆکەکەی بیوژێنەوە و سەرلەنوێ لەگەلەکەمان بسرەوێنن .

ڕاستە خەڵکی کوردستان ژیانێکی هێمن و ئاشتی و ئاسایشیان دەوێ و شەیدای شەڕ و خوێنڕێژان نین ، ڕاستە کوردستانیەکان هەموو سەرجەم دەمانەوێ لەناو ماڵو خیزان و نیشتمان و شار و گوندی خۆماندا بژین و بەرهەمداربین و لەسامانی وڵاتی خۆمان بەرخۆرداربین ، ڕاستیشە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان بەڕێگای ئاشتی و دیموکراتی چارەسەر دەکرێ نەك بەشەڕ و شۆڕ ، بەڵام ئاخۆ لەژێر سێبەری ئەم ڕژێمەدا ئەو ئامانجانە دێنەدی ؟ یان دەبێ ئەم ڕژێمە بروخێندرێ و لەجێگەی ئەو ڕژێمێکی دیموکراتی و مرۆڤدۆست بێتە سەرکار ؟!.

ئاشکرایە مەسەلەی کورد لەکوردستانی عیراقدا بەشێکە لەمەسەلەی دیموکراسی هەموو عیراق ، ئەمەش بەو مانایە ڕاست و دروستە کە ئەگەر لەتەواوی عیراقدا دیموکراتینەبێ ، مەسەلەی کورد چۆن لەژێر سێبەری ئەو ڕژێمەدا چارەسەر دەکرێ . مافە دیموکراسییەکان لەیەکتر پچڕپچڕ ناکرێن و

---

* مکرم تاڵەبانی .

هەر دیموکراسی باشترین زامنە بۆ پەیڕەوکردنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانمان . لەگۆشەی ئەم تێگەیشتنە ڕاستەوەیە بەرەی کوردستانی لە وتووێژدا و لەپلەی یەکەمدا پێ لەسەر دیموکراسی بۆ هەموو عیراق دادەگرێ .

جا هەرچەندە سەردانی وەفدەکانی بەرەی کوردستانی بۆ بەغدا درێژەی هەیە و هات و چۆ و پەیوەندی بەردەوامە و هەلومەرجی ئاشتی و وتووێژ درێژەی هەیە و هەردوولا سوودی لێ دەبینن ، بەڵام ڕژێم زێدەتر سوودی لێ وەردەگرێ و تائێستاش ئەم وتووێژە باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی نەگۆڕیووە و هیچ کاروبارێك لەلایەن ڕژێمەوە بۆ باشبوونی ژیانی جەماوەر لەهەموو ڕوویەکەوە نەکراوە ، جگە لەوەی کە خەڵکێکی زۆر بۆ ماڵ و شار و شوێن نیشتەجێکانی خۆیان گەڕاونەتەوە . بەڵام ڕژێم ڕێگەی نەداوە کوردی کەرکوك بۆ شارەکەیان بگەڕێنەوە و چەندان گەڕەکی کوردنشین لەگەڵ زەوی تەخت کراون و سوورە لەسەر ئەوەی بە هەر بیانوییەك بێ کەرکوك نەخرێتە سەر سنووری ئۆتۆنۆمی .

تا نووسینی ئەم دێڕانە وتووێژی وەفدی بەرەی کوردستانی و ڕژێم لەسەر بنچینەی بەیاننامەکەی ۱۱ ی ئاداری ۱۹۷۰ بەردەوامە و ئێمەش هیوامان زۆر لاوازە کە لەژێر سێبەری ئەم ڕژێمەدا ڕێکەوتنێکی باش وا بەرهەم بدرێ کە ژیانی ئازادی و ئاشتی و ئاسایش و پاروی خۆراك و بژێوی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی نەتەوەیی ڕەوا بۆ ئەم گەلە دابین بکا و لاپەڕەی شەڕ و داپڵۆسین و برسێتی و مەینەتی و مافخوراوی بپچڕێتەوە . . .

## هۆیەکانی داکشانی ڕاپەڕینەکە

هەن دەڵێن ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەل دامرکایەوەو تەواو . هەشن دەڵێن ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەل گەورەترین شکستی بەدوادا هات و ڕاپەڕینەکە سەرکوت کرا . جا ئەگەرچی ئەم بۆچوونانە دوورنین لەهەندێ ڕاستی ، بەڵام ئێمە ئەوەوە بەڕاستتر دەزانین کە ڕاپەڕینەکەمان تووشی داکشان و پاشەکشەیەکی کاتی بووە ، هێشتا بڵێسەی ڕاپەڕینەکە کڵپەسێنە و بەشیی هەرە زۆری کوردستان ئازادەو پارسەنگی هێزەکان تا نووسینی ئەم دێڕانە بۆ قازانجی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلەکەمانە . جەماوەری شارەکانیش کە کەوتوونەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم ، هەر ئەو جەماوەرەن کە ترکەی ڕاپەڕینی شێرانەیان دام و دەزگای داپڵۆسینی ڕزیو و گەنیوی ڕژێمی ڕامالی و ڕاونا . . .

لێرەدا ئەم هۆیانەی داکشانی ڕاپەڕینەکە دەستنیشان دەکەین : لاوازی ڕێکخستن و هاوکاری لە کاروباری سیاسی و عەسکەری و ڕاگەیاندن و ئابووریدا . ڕێکنەخستنی بەرگری گشتی لەهێرشی دڕندانەی ڕژێم بەپێی پیلانێکی ڕاست و دروست و هەمەلایەن . دانەمەزراندن و سەقامگیر نەکردنی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی لەناوچە ڕزگارکراوەکانا. ڕێگەدانی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان بەفڕۆکەکانی ڕژێم کە شار و ڕێگە سەرەکییەکان بۆردومان بکەن و بە هەزاران کەس بکوژن ، وەك چۆن دیمان لەهەولێرو کەرکوك و هەندێ ناوچەی تر ڕوویدا و ڕێگەدرا فڕۆکەکانی ڕژێم بەسەربەستی بۆ کوشتار هەڵفڕن . نەبوونی هیچ چەشنە هاوکاری و کاررێکخستنێك لەنێوان ڕاپەڕینی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق و کوردستاندا . لاوازی یان نەبوونی هاوکاری بەکردەوەی نێوان بەرەی کوردستانی و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی عیراقی . کەڵك وەرنەگرتنی بەرەی کوردستانی لەو هەموو چەکە قورسەی کەوتنە دەست ڕاپەڕین و بەکارنەهێنران و بۆ هێزەکانی ڕژێم بەجێمان . گوێ نەدانە دەیان هەزار سەرباز و ئەفسەری عەرەب و کورد و ڕۆڵەی کەمایەتییەکان کە لەسەر شەقام و مزگەوت و ڕێگەوبانەکاندا بەبرسێتی و بێدەرەتانی ئاوارەبوون و ڕێك نەخستنەوەیان و بەرەڵلاکردنیان . هەڵوێستی نالەباری هەندێ لایەنی ئیسلامی کە ڕاپەڕینی ناوەڕاست و خوارووی عیراقیان بەڕاپەڕینی شیعی دانا و زۆرلایەنیان لێتوقاند . دانەمەزراندنی حکومەتی عیراقی کاتی لەکوردستان تا دەوڵەتان و گشت لایەنە عەرەبی و دەوڵەتییەکان بەرەسمی بیناسن و ڕژێم کەلاتربخرێ . وتاردانی یەکێك لەڕابەرانی سەرەکی بەرەی کوردستانی دەربارەی ڕاوەستانی هێرشی ڕاپەڕین لەدوای ڕزگارکردنی کوردستان و نەگەیشتنی ڕاپەڕینەکە بە موسڵ و بەغدای پایتەخت کە مەلبەندی لەناوبردن و گۆڕانی ڕژێمەکەیە . شەپۆلی پروپاگەندەی ڕژێم و بەرپەرچینەدانەوەی وەك پێویست و بلاوکردنەوەی هەندێ پروپاگەندەی درۆ کە بۆ ڕاپەڕینەکە زۆر زیانبەخش بوون . نەبوونی ئێستگەیەکی ڕادیۆ کە بەڕاستی ئێستگەی بەرەی کوردستانی بێ و لەلایەن ڕاگەیاندنی بەرەوە سەرپەرشتی بکرێ . دیارە ئەم خاڵە لەدەورگێڕانی زۆری ئێستگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کەم ناکاتەوە کە دەورێکی باشی دی و ئەو دەورەی زۆر مەزنتر دەبوو ئەگەر دەنگوباس و وتاری بەپێز و باشی بلاوبکردایەوە ، نەك ئەو هەموو گۆرانی و ئاگاداریانە . پشتگوێخستنی هێزەکانی

" دیفاع وطنی" و موستەشارەکان ـ سەرەرای ئەو دەورە باش و گەورەیەی لەراپەرینەکەدا هەیانبوو ، لەکاتێکدا دەبوو بە چاکی ڕێکبخرێنەوە و بخرێنەوە مەیدانی راپەرین لەدژی هێزی هێرشبەری ڕژێم . بەفریانەکەوتنی یارمەتی دۆست و هاوپەیمانەکانی دەرەوەی گەلەکەمان کە بەرەی کوردستانی داوای بەفریاکەوتن و کۆمەکی خێرای لێکردن و لاوازی هاوکاری عەرەبی لەگەڵ ڕاپەرینەکەدا . ئەمانە و هەندێ هۆی تر هەبوون کە بوونە مایەی داکشان و پاشەکشەی پڕ لە مەرگەساتی ڕاپەرینەکەمان .

## بۆ ئێستا و لەمەولا دەبێ چی بکەین ؟

ڕاپەرینی چەکدارانەی گەلەکەمان هێندە ڕووداوێکی مەزنە دەکرێ دەیان کتێب و نامیلکەی لەسەر بنووسرێ و نووسەران و بەتایبەتی بەشدارانی ڕاپەرینەکە و دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری ناوخۆ و دەرەوە لەسەری بنووسن و نهێنییەکانی دەرخەن و پەردە لەڕووی لایەنە گەش و ڕەشەکانی هەڵدەنەوەو توانای شۆڕشگێڕانەی ئەم گەلە قارەمانە دەرخەن کە لە هاڕژن و تەقینەوە هێز نیە بتوانێ خۆی لەبەردا بگرێ .

دەکرێ بەتەقەلای هەمووان ، پەند و تاقیکردنەوەو دەرسی گەورە و بەسوود لەم ڕاپەرینە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی پاڵفتەبکرێن ،نەک تەنیا بۆ خۆمان ، بەڵکو بۆ گەلانی دنیاش بەنرخن . سەردەستەی ئەو پەیوەندی و تاقیکردنەوانەش هەندێکیان ئەمانەن کە زۆرجاریش ڕووداوەکانی دیکەی مێژووی گەلەکەمان سەلماندویانن :

- پاراستن و بەهێزکردن و فراوانکردنی بەرەی کوردستانی. ڕاپەرینەکە ڕایگەیاند کە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئەگەرچی کاتی خۆی زۆر دواکەوت ، بەڵام سەرکەوتنێکی گەورەبوو ، تین و گوڕێکی باشی بەبەر بزووتنەوە و خەباتی گەلەکەماندا کردەوە . بۆیە پێویستە بایەخی ئەم بەرەیە بزاندرێ و پارێزگاری بکرێ و دەزگاکانی دابمەزرێندرێنەوە و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی و کۆمیتەکانی ڕێکوپێک بکرێن .

- بەهێزکردنی پەیوەندی و کار و ڕێکخستن وهاوخەباتی لەگەڵ تەواوی هێزەکانی بەرهەڵستکاری عیراق و کۆمەڵانی خەڵکی خواروو و ناوەڕاستی عیراق ، بەمەبەستی گۆڕینی دەسەڵات لەبەغداوە ، چونکە بێ ئەو کارە زۆر زەحمەتە سەرکەوتنی تەواوی بەدەست بخرێ .

- بایەخدان بەڕێکخستن ، چونکە بەبێ ڕێکخستن مەحاڵە بکرێ و بتوانرێ ئامانجەکانی گەل و ڕاپەرینەکانی بهێنرێتەدی و ڕاپەرین لەهەندێ لایەنی خۆرسکەوە دەبێ بکرێتە خەباتێکی ڕێکوپێك و دەسەڵاتێکی سیاسی و سوپایی سەقامگیرکراو . بێگومان ڕێکخستن هەموو لایەنێکی کاری ڕاپەرین دەگرێتەوە ، وەك ڕێکخستن و مۆڵدانی گەلی ڕاپەڕیو و چەکدارانی و پێکهێنانی سوپایەکی گشتی لەناو کڵپەی ڕاپەرینەکەدا و ڕێکخستنی هێرشی بەردەوام تا سەرکەوتنی یەکجاری و ڕێکخستنی بەپەلەی دام و دەزگاکانی ئاسایش و لێکۆڵینەوە ـ تحقیق ـ و بەندیخانە بۆ دوژمنانی گەل و ڕاپەرینەکەی و گرتنی ئەوانەی مەترسی بەرهەڵستییان لێدەکرێ . . . هتد .

- بایەخدان بەکاری گەورە و سەرەکی گرنگ لەگشت بوارەکانی سوپایی و ڕاگەیاندن و لایەنەکانی تردا و سەرقاڵنەبوون بەوردەکاری ڕۆژانەوە .

- بایەخدان بەهێزی چەکدار و پاراستن و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و دۆزینەوەی هەر شێوەیەکی گونجاو بۆ پاراستنی ئەم هێزە و یەکگرتنی و تەیارکردنی .

- پشت بەستن لەپلەی سەرەکیدا ، بەهێز و توانای لەبن نەهاتووی گەل و سوود وەرگرتنی باش لە هاریکاری و کۆمەکی دۆستانی بزووتنەوەکەمان بەچەشنێکی وا کارنەکاتە سەر سەربەخۆیی و ئامانجەکانی تێکۆشانمان .

- بەرەڵلاکردنی هەموو توانا و شارەزایی وحەماسەتی گەل بەڕێگای (دیموکراسی ) و دابینکردنی دیموکراسی بۆ گشت دەستە و حیزب و لایەنە نیشتمان و نەتەوەپەروەرەکان . چونکە ڕووداوەکان سەلماندوویانە کە دیموکراسی چەند هێز و پێداویستیەکی گرنگە بۆ گەرمکردنی خەبات و دەرخستنی توانا و هوشیارکرنەوەی زێدەتری گەل و مۆڵدان و ڕێکخستنی هێزەکانی .

- دوورکەوتنەوە لەکار و کردەوەی هەڵەشە و سەرەڕۆیی و نارەوایی و ڕێگەگرتن لەهەموو تاوان و کارێکی کەسان وئەو لایەنانەی زیان لەناوبانگ و کاروباری ڕاپەرین دەدەن و تەرخانکردنی ڕەنج و کۆششێکی گەورە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گەل و پێشمەرگەکانی و ژیانی ڕۆژانەیان .

- هوشیاربوونی هەمیشەیی بەرامبەر پیلان و فرت و فێڵی دوژمن و تێگەیشتنی تەواوی لەنیاز و مەبەست و لایەنی ئاشکرا و نهێنی ڕێباز و سیاسەتەکەی و وریابوون و دوورکەوتنەوە لەگیانی لەخۆباییبوون و لوت بەرزی و وڕبوون و سەرخۆشبوونی سەرکەوتن .

- دوورکەوتنەوە لەسیاسەتی تاکڕەوی و پەروەردەکردنی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و گوێڕایەڵکردن بۆ بیروڕاو پێشنیاری

خەڵکی دڵسۆز و ڕۆشنبیر و شارەزا و ڕاوێژکردن بەبەشی زۆری کۆڕ و کۆمەڵەکانی گەل بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتێکی ڕاست و دروست و پەیڕەوکردنی .

- بایەخدان و هاریکاری زێدەتر لەگەڵ حیزب و هێز و بزووتنەوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بووژاندنەوە و گەرمبوونی تێکۆشانیان - کە ڕاپەڕینەکەمان کارێکی گەورەی تێکردوون - بۆ زیاتر هاوکارییان لەگەڵ کوردستانی خوارروو، چونکە خەباتی گەلەکەمان لە هەر بەشێکی نیشتمانەکەیدا ئەڵقەی زنجیرەیەکی لێك نەپچڕاون و لەناوەڕۆکدا هاوەبەست و هاوئامانجن و دەبێ تا سەرکەوتنیش هاودەنگ و هاوکار و هاوخەبات بن .

- بایەخدان بەراگەیاندن لەرێگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی هۆشمەندی خەڵکەکە و ڕاگەیاندنی سیاسەتی یەکگرتووی پەیڕەوکراو و بەربەچی پروپاگەندەکانی بەرەی دوژمن .

- درێژەدان بەخەباتی سیاسی و دیبلۆماسی و هەموو شێوەکانی تری خەبات ، بۆ کارکردنە سەر بیروڕای گشتی دنیا و بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان کە ئێستا لەسایەی ڕاپەڕینە مەزنەکەوە زیاتر بۆتە مەسەلەیەکی جیهانی .

ئەمانە و گەلێك پەند و تاقیکردنەوەی بەنرخی تر کە دەکرێ لە ڕووداوەکانی ئەم ڕاپەڕینە دڵێرمان پوختەبکرێن و لەخەباتی ئێستا و ئایندەماندا کەڵکیان لێوەربگرین .

ڕێز و ستایشی بێپایانی سەدان و هەزاران شەهید ، بریندار ، خۆبەختکار و ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی ئەم گەلەی کوردە قارەمانەی لەهیچ قوربانیەك سڵناکاتەوە .بۆ سەدان شەهیدی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی و شیوعی و سۆسیالیست و حیزبی گەل و پاسۆك و هەموو ڕۆڵە گیان لەسەر دەستەکانی بەرەی کوردستانیمان کەجارێکی تریش سەلماندیان ڕۆڵەی دڵسۆز و وەفاداری ئەم گەل و نیشتمانەن و ئێستاش هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە ، لە بیرا و هاوڕێیانی ئەو شەهیدانەمان ئامادە و چەکداری باوەڕ و چەکن بۆ پاراستنی سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕینەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی گەلەکەمان لەژیانێکی باشتردا ، لەدوا ڕۆژێکی گەشەداردا ، لەهێنانەدی مافی مرۆیی و نەتەوەییەکانی گەلەکەماندا .

کوردستان

حوزەیرانی ١٩٩١

---

* ئەم بابەتی لە وەڵامی ئەو داواکارییەدا پێمان گەیشت کە ئاراستەی نووسەرمان کردبوو و ئەگەرچی لەژمارە (٢٧)ی "ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم" دا بڵاوبۆتەوە ، بەڵام بەبڕاوی نووسەر ژمارەیەکی زۆر نەیان خوێندۆتەوە و گەلالەی بیروڕای ئەون سەبارەت بەراپەڕینەکە .

یادی یەکەمینساڵەی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

ئیرەجی نازەری

# ڕۆڵی ناسیۆنالیزم
# لە
# تراژیدیای کورددا

لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا ئاهەنگێکی خێرخوازانـــە لە " وێمبلی " بەشێوەیەکی نموونەیی کۆتاییهاتی بایەخدانی پەیامنێرەکانی بە مەسەلەی کورد ڕاگەیاند . بە جێگیربوونـی " ئۆردوگاکان " و ئامادەبوونی سەرکردە کوردەکان لـــە بەغدا و هەواڵی ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا ، بە ڕواڵەت ئیتر ڕای گشتیی جیهانی پێویستییەکی وای نەما بەوەی کە سەرنجێك بداتە مەسەلەی کورد . سەرەتا مەسەلەی کورد هێنرایە خوارەوە بۆ ئاستی مەسەلەی ئاوارەکان تـــا دواتر تەنانەت ڕەگ و ڕیشە سیاسییەکانی کارەساتـــــی ئاوارەیش لە هات و هاواری کاتیی هەوڵ و تەقـــەلا خێرخوازەکاندا کپ بکاتەوە .

بەڵام بە پێچەوانەی ڕای گشتییەوە ، خەڵکی کـــورد ناتوانن بەم ئاسانییە کارەساتی ئاوارەیی لەبیربەرنـــەوە . خەڵکی کورد هەتا ئێستا قوربانیی ئینسانیی زۆریداوە . ئاوارەیی هێشتا بەردەوامە ، کاتێکیش کۆتایی بێت ، ئاکامە بڕ لە مەئەساتەکانی تا چەند ساڵ بەسەر ئەم خەڵکـــەوە دەمێنێتەوە . سەرەڕای ئەمە ، چارەنووسی داهاتووی خەڵکی کورد لەڕووی سیاسییەوە بەتەواوی بەوەوە بەندە کـــە چ تێڕوانینێك بۆ ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی کوردستانـی عێراق لەناو خەڵکی کورددا قبوڵ دەکرێت .

### قوربانیـانی ئیمپریالیزم ،
### ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم

کارەساتی ئاوارە کوردەکان نەك هەر لەڕووی کاتەوە ، بەڵکو لەڕووی سیاسیشەوە لەگەڵ شەڕی ئەمریکا لـــــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیوەندی هەیە . ئامانجـــــە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لەشەڕ لەگەڵ عێراقـدا ، هەرگیز پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وگۆڕینی جوگرافیا سیاسیەکەی و تەنانەت بە مەسەلەی نەوتەوە نەبوو . ئەمریکا بۆ دابینکردنی دەوری سەرکردەیی خۆی لـــە جیهانی پاش شەڕی سارددا ، پێویستی بە هێزنواندنێك و قایمکردنی پەیمانی ناتۆ و جێگە و ڕێگەی خۆیبوو تیایدا . داگیرکردنی کوەیت بووە بیانوویەك بۆ شوێنکەوتنی ئـــەم ئامانجەی ئەمریکا بە قیمەتی یەکێك لەخوێناویترین شەڕەکانی مێژوو . بەم پێیە مەیدانی سەربازی شەڕ ، ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاست بوو ، بێ ئەوەی ئەمریکا دەربڕینێکی تایبەتـــی بۆ داهاتووی سیاسیی ناوچەکە هەبووبێ . بەهۆی ئاڵۆزیی سیاسیی ناوچەکەوە ، ئەمریکا نەیدەتوانی و نەیدەویســـت دەستبداتە کارێك کە سەرەنجامە سیاسییەکەی ڕۆشن نەبێ بۆی . تەنانەت ئەگەر سوپای ئەمریکا بە تەواوی خاکـــی عێراقیشی داگیربکردایە ( ئەو شتەی بانگداشتەی بـــۆ دەکرد کە دەتوانێ بیکات ) هێشتا بەو مانایە نەبوو کـــە دەتوانێ حکومەتی دڵخوازی ئەمریکا بخاتە سەرکار . هەر حکومەتێك کە یەکسەر لەئاکامی سەرکەوتنی سەربازیـــــی ئەمریکاوە بەدەسەڵات بگەیشتایە ، ناکۆکیی هەمیشەیـــی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەب ، لەناوخۆ و دەرەوەی عێراقدا ، دەوروژاند . ( بارودۆخێکی واش بەهۆی ئەو ئیمتیازەوە کە لەگەڵ خۆیدا بۆ ئیسرائیلی دەهێنا ، لەلای زۆربـــەی

دەوڵەتە عەرەبییەکانی دژ بەعیراق قبووڵ نەدەکرا) . بەمجۆرە هەر لەپێش دەستپێکردنی جەنگەوە وا ڕاگەیەنرا کە ئامانجی سیاسەتی ئەمەریکا گۆڕینی حکومەتی عیراق نییە، هەر لەو کاتەدا کە بوش ، چ بەدرێژایی شەڕ و چ لەکاتی تەواوبوونیدا ، رایدەگەیاند کە بێگومان وای بەباش دەزانی هێزە ناوخۆییەکانی عیراق، ئەگەر بتوانن ، حکومەتێکی تازە بێننە سەرکار .

ئەم دیارنەبوونەی سیاسەتی ناوچەیی ئەمەریکا بەو مانایە بوو ،کە هەرچەندە لەدووریشەوە بێت ، " رێگای رزگاربوون " پیشانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بدات . ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی ، لە ناسیۆنالیزمی کوردەوە تادەگاتە حیزب اللەی شیعە ، بۆ خۆسازاندن لەگەڵ ئەم سیاسەتە ئیحتمالییەی ئەمەریکادا چەندین ئیئتلافیان پێکهێنا و ، ئەوەندە خۆشباوەڕانە بەم سیاسەتەوە نووسان کە نەیان دەویست ئەوە ببینن کە هیچ حکومەتێکی جێنشین لە عیراقدا بەدڵی ئەمەریکا نییە . دارشتەیەکی ئیئتلافی لە ناسیۆنالیستە کوردەکان و حیزب اللەی عیراق و حیزبی شیوعی ، وەکو حکومەتی ئەڵتەرناتیڤ (بەدیل) نەیدەتوانی لەلایەن رۆژئاواوە بەجیدی وەربگیردرێ، یەکەم : پێکهاتەیەک دەهاتە پێشچاو بەئاسۆی جیاجیا و سەقام نەگرتووەوە ، دووەم: ئاڵۆزییەکی زیاتری لەناوچەکەدا پێکدەهێنا . کەواتە ئەمەریکا زۆرتر مەیلی بەلای ئەوەدا بوو کە تەنیا کاتێک ئاڵوگۆڕێ لە حکومەتی عیراقدا دەتوانێ جێگەی رەزامەندی بێت کە لەناوخۆی هەمان رژێمەوە رووبدات ، جۆرج بوشیش ئاشکرا رایگەیاند کە بەلای ئەمەریکاوە ئەوە قبوولکراوە کە سوپای عیراق و کاربەدەستانی ئێستای دەوڵەت حکومەت بگۆڕن .

لەڕوانگەی حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکانی عیراقەوە هیچ شتێک لەوە ئاسایی‌تر نەبوو کە یەکسەر خۆیان بە ئەمەریکاوە گرێبدەن . لەڕاستیدا دەمێک بوو (پێش کشانەوەی قوتبی سۆڤیەت) حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان لەهەوڵی ئەوەدا بوون لەڕۆژئاوا بگەیەنن کە بەڕاستی دەیانەوێ بە گوێرەی یاساکانی ئەوان بجووڵێنەوە. لەگەڵ تەنگوچەڵەمەی (ازمة) کوەیت دا ناسیۆنالیزمی کورد بەوە گەیشت کە لە کێشمەکێشی دەیان ساڵەیدا لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی عیراقدا سەرەنجام لە وەرچەرخانێکی مێژووییدا توانای نزیکی لەگەڵ ئیئتلافێکدا بەدەستهێناوە کە جیهان لەبیری ناچێتەوە . ناسیۆنالیزمی کورد چارۆگەی هیوای خۆی بە تۆپەکانی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمەریکاوە هەڵواسی .

پاش تێکشکانی عیراق ، ئۆپۆزیسیۆن کۆنترۆڵی چەندین شاری بەدەستەوەگرت و کوردستانی عیراق بەتەواوی کەوتە دەست هێزە کوردییەکان . حکومەتی عیراق ، کە لە شوێن کەوتنی دەسەڵاتخوازییەکەی لە کوەیت ناکام مابووەوە، خەباتی مان و نەمانی بۆ هێشتنەوەی جێگە و رێگەی بێ مونافەسەی ناسیۆنالیزمی عەرەب لەناوخۆی عیراقدا دەستپێکرد . ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەب لەکۆتایی شەرێکی تێکرووخێنەردا نەیتوانی لەسەرمایەداریی جیهانیدا سەهمێکی زیاتری ئابووری و سیاسی وەربگرێ، دەیویست بەهەر نرخێک بووە لە دەسەڵات و سامانی وولاتەکەیدا سەهمێک بهێڵێتەوە . سوپایەکی شکستخواردوو و قەسابیکراو ئێستا خۆی قەسابخانەی داناوە . لووتبەرزییەکی نەتەوەیی پێشێلکراو ئێستا لە پایەماڵکردنی نەتەوەیەکی تردا بەدوای سەندنەوەی ئابڕوی خۆیدا دەگەڕێ . رق و کینەی کۆنی تەییار بەچەکی مۆدێرن ، پێکهاتەیەکی کۆشندەیە . دەرد و مەینەتی ئاوارەیی ، کە دوو ملیۆن خەڵکی کورد بە سەرگەردانی بەرەوبیری چوون ، خۆی باشترین دیمەنێکە لەو چارەنووسەی،کە ئەگەر لەبەردەم سوپای عیراقدا بمانایەتەوە ، تووشی دەهاتن .

کورتی بکەینەوە : لەشکرکێشی‌ی ئەمەریکا بۆ ناوچەکەو شەر لەگەڵ عیراق ، قیافەی سیاسی‌ی ناوچەکەی تێکەوە پێچا و هاوکێشەی سیاسی‌ی تازەی هێنایەناوەوە . ناسیۆنالیزمی کورد و ناسیۆنالیزمی عەرەب لەعیراقدا ئەمجارە دژایەتی سونەتی‌ی خۆیان لەپەیوەند بە یەک زنجیرە سیاسەتی نیونەتەوەیییەوە گەیاندە شەرێکی تەواو ئاشکرا . رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانی عیراق ، کە بووە هۆی ئاوارەیی ملیۆنێ خەڵکی کورد ، ئاکامی کارکردنی ئەم سێ پێکهێنەرە بنەڕەتییە بوو : ( سیاسەتەکان و شەری ئیمپریالیستەکان ، ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عیراق ، ناسیۆنالیزمی کورد ) .

## کارنامەی ناسیونالیزمی کورد

لەنێوان ئەم سێ پێکهێنەرەدا ، ناسینەوەی بەشی ناسیۆنالیزمی کورد بەتایبەتی لەم رووداوەی دواییدا ، بایەخێکی بنەڕەتی هەیە بۆ کرێکاری کورد . چونکە رۆڵی هۆی راستەوخۆی سەرکوت ئاشکرایە و ، دەستنیشانکردنی ئەوەی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکان بە پێچەوانەی

بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردەوەیە ئێستا بۆ هیچ کەس ئاڵۆز نییە . بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد ، بەهۆی چەندین ساڵ سەرکردەیی بێ‌مونافەسەی لەکوردستانی عیراقدا ، بەناڕەوا وەکو کاردانەوەیەکی پەسەندی جێگەو ڕێگەی ژێردەستەیی خەڵکی کورد سەیردەکرێ . ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەڕۆشنی بێگانەیی ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا خستەڕوو . ئەمە گرنگترین دەرسێکە کە دەبێ کرێکارانی کورد لەم ئەزموونە خوێناوییەدا وەریبگرن . ئەمەی کە ئەمڕۆ ڕابەرانی ناسیۆنالیستی‌ی کورد سەرگەرمی ووتوووێژکردن لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا ، خۆی پێنانە لەبرینی دەورەیەکی بێ‌مایە . بۆچوونی تەواوی سیاسەتەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی ئەم حیزبانە ، لەبەخت تاقیکردنەوەیەك زیاتر شتێکی تر نەبووە بۆیان . بەڵام خەڵکی کوردستانی عیراق بە ئاوارەییەکی گەورە نرخی بەشداربوونیان لەم بەخت تاقیکردنەوەیەدا دا . ڕەوتە ناسیۆنالیستە کوردەکان ، وەك هەمیشە ، زاتی قبووڵکردنی بەرپرسیاریی‌شکستییان نییە . ئەمەیە کە ئەو ترازیدیەی خۆی لە هۆیەکانی ڕوودانی بووە بە " شکستی خەباتی خەڵکی کورد" ناو لێ‌دەبات و وای دەردەخات کە هۆی ئەم شکستەیەش ئەوەیە کە " ئەمەریکا پشتی بەردابن ".

ئێمە نازانین کاربەدەستانی پلە سێ‌ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا چ بەڵێنێکیان بە حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان دابوو بۆ پشتیوانیکردنیان ، بەڵام لەڕاستیدا بۆ هەڵسەنگاندنی کارکردی ناسیۆنالیزمی کورد ، پێویست بە ئاگاداربوون لەم ووردەکارییانە ناکات . مەسەلەکە ئەوەیە کە هەر شیکەرەوەیەکی سیاسی هەر لەپێشەوە بەباشی ئەوە دەبینی و دەیگووت مەحالە ئەمەریکا بۆ پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد و شیعە شەڕ دەستپێبکاتەوە . مەسەلەکە تەنانەت ئەوە نییە کە ڕەوتی ناسیۆنالیستی لە کەین‌وبەینی نێونەتەوەییدا ، واتە ئەو مەیدانەی بڕیار وا بوو هەموو تەجروبە و هونەرێ لەوێدا بێت ، بەقسەی خۆی هەڵخەڵەتا . نەخێر ، ڕەخنەی ئێمە لەشکستی‌ستراتیژییەکە نییە ، بەڵکو لە بنەڕەتدا لەخودی ستراتیژەکەیە . پرسیار بەسادەیی ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر بەقسەی خۆیان ئەمەریکا بەڵێنی پشتیوانییەکەی ببردایەتە سەر ، چ ئاسۆیەکی‌سیاسی و کۆمەڵایەتی چاوەڕێی کۆمەڵگای عیراق یان کوردستانی عیراقی دەکرد و چی بەسەر زەحمەتکێش و کرێکاری کورددا دەهات ؟

وەستان لە ئۆردوگای جەنگی ئەمەریکادا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مانایەکی ڕۆشنی هەیە . لەسەرتاپای جیهاندا هەموو بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان لەدژی شەڕی ئەمەریکا مانگرتنیان سازکرد ، زۆربەی هەڵسووڕاوانی نەقابە کرێکارییەکانی ئەمەریکا لەدژی ئامانجە ئیمپریالیستیەکانی دەوڵەتی بوش هەستان . کرێکارانی بەندەری مارسیلیای فەڕەنسا ئامادەنەبوون جل‌وبەرگی جەنگی بۆ کەنداو باربکەن و دەیان هەزار لەخەڵکی فرانکفۆرت بنکەی سەربازیی ئەمەریکایان لەئەڵمانیا بەشێوەی زنجیرەی مرۆیی گەمارودا . بەڵام ناسیۆنالیستە کوردەکانی عیراق نەك هەر نەچوونە پاڵ ئەم ڕیزە جیهانییەوە ، بەڵکو لەبەرامبەریا لە ئۆردوگای بوش و مێجەر و تاتشەردا گیرسانەوە . ئاکامی ئەم سیاسەتە ئێستا ئەوەیە کە لە تەلەفزیونەکانی ئەوروپاوە بەشانازییەوە وێنەی زەحمەتکێشانی کوردی بێچارە لە ئاوارەییدا نیشان دەدەن کە چەپڵە بۆ هاتنی هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لێدەدەن ، یان منداڵی کورد بە جل‌وبەرگی کوردییەوە لەلەندەن نیشان دەدەن کە نێردراون بۆ داوپرسێ لەبەر دەرگای ماڵی تاتشەر لە لەندەندا ، هەر ئەو تاتشەرەی کە دوژمنی سەرسەختی کرێکارانی کانەکانی بەریتانیایە کە یاسای " باجی ناوچەیی" یەکەی پشتی کرێکارانی بەریتانیا دەشکێنێ . کرێکارانی بەریتانیا دەبێ چ هەستێکیان بەرامبەر ئەم بزووتنەوەیە هەبێ ؟ یەکێتیە کرێکارییەکانی ئەمەریکا، کە لەگەڵ شەڕی بوشدا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناکۆك بوون ، دەبێ سەبارەت بە بزووتنەوەیەك ،کە لەپاڵ ئەمەریکادا بڕیاری وەرگرتووە ، چ داوەرییەك بکەن ؟ ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان خەڵکی کوردیان لەڕیزی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان جیا کردەوە و خستیانە ڕیزی بەرامبەرەوە . داوەریی هێزە پێشڕەوە کۆمەڵایەتیەکان سەبارەت بە بزووتنەوەیەك کە ناسیۆنالیزمی کورد لەعیراقدا نوێنەرایەتی‌کرد لەوە باشترنابێ کە سەبارەت بەبزووتنەوەکانی ئەنگۆلا و ئەفغانستان هەیەتی کە یۆنیتا یا موجاهیدینی ئیسلام ڕابەرایەتیان دەکەن . ئاسۆیەکی کۆمەڵایەتی کە باری سەرکەوتنی ستراتیژیەتی ناسیۆنالیزمی کورد لە عیراقدا ، یان لایەنی کەم لەکوردستانی عیراقدا دەردەکەوێ ، بەتەواوی لە تەیفی کارکردی دەوڵەتە ئەلقە لەگوێکان و هاوکاری ئەمەریکا . . .لەجیهانی سێیەمدا ـ لەبابەتی حکومەتی سلڤادۆر ـ دەگێرسێتەوە .

## ستەمی میللی و بزووتنەوەی جەماوەری

ناسیۆنالیستە کوردەکان دەتوانن وا بانگداشەبکەن (هەرواشدەکەن) کە چوونە پاڵ ئەمریکایان بۆ ئەوە بوو کە بە دەرفەتێکیان زانیوە بۆ بەدیهێنانی مافەنەتەوەییەکانی کورد. ئەو ستەمە نەتەوایەتییەی کە لەسەر خەڵکی کوردە، مافی ئەوەیان دەداتێ کە بەر لە هەموو شتێك بیر لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بکەنەوە و پەیوەندییە سیاسییە جیهانییەکانیشیان لەسەر ئەم بناغەیەوە دیاریبکەن. ئەوان لە چوونە ناو ریزی هاوپەیمانەکانی ئەمریکادا، بەشوێن ئامانجە تایبەتییەکانیانەوە بوون. سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە واقعیەتی رووداوەکانی ئەم دواییە ئەوە دەردەخەن کە حیزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان لەوێوە کە پێیان وابوو بە داتاشینی حکومەتێکی ئەڵتەناتیف (بدیل) بۆ عیراق هەلێکی زیاتریان لەلای رۆژئاوا و ئەمریکا دەستدەکەوێ، بەکسەر رووپانکردە ئیئتلافاتی ناوەوەی وولات و هەولیاندا هیچ قسەیەك لەباری داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردەوە نەکەن. بەلام واز لەمەش بێنین و بەسەریدا برۆین، ئەوا تەنیا خودی ئەوەی کەشوێنکەوتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد تەنیا پێوەرێکە، بەڵگەهێنانەوەیکی تەواو ناسیونالیستییە کە پیشاندەری تێکشکاوی ئەخلاقی و سیاسی ی رەوتە ناسیۆنالیستە کوردەکانە. بەپێی ئەم بەڵگەهینانەوەیە، ناسیۆنالیزمی کورد کاری بەسەر ئەوەوە نیە لەشکرکێشی ئیمپریالیستانەی ئەمریکا بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست، میلیتاریزم بەسەر جیهاندا دەسەپێنێ، سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەچەسپێنێت، مەیدانی سیاسەتی جیهانی بەرەو راست وەردەچەرخێنێ. چونکە ئەوە بەسە کە لەسەر بنەمای هەموو ئەم پاشەکشەجیهانیانەوە ئەو مافی نەتەوەیی خۆی بەدەست بهێنێ. ئاشکرایە کە تێروانینێکی لەم چەشنە هیچ پایەیەکی ماددی نابینێ بۆ پەیوەندبوون بە بزووتنەوە کۆمەلایەتییە پێشرەوەکانی تر و راکێشانی هاوپشتییان، بەڵکو تەنیا دەتوانێ سەرقالی سیاسەتبازی بێت، واتە کەین وبەینی کاتی لەگەڵ هەر هێزێکدا کە بۆ ماوەیەك بەباشی بزانێت. لەم رووەوە کاتێك ناسیۆنالیزمی کورد قسە لەبەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان دەکات، هەلومەرجی کۆمەلایەتی ی یەکسانی نەتەوەکانی لەبەرچاو نییە، بەڵکو بەسادەیی مەبەستی بەشداریکردنی فلانە حیزبی ناسیۆنالیستە لەدەسەلاتدا.

تێروانینێکی ئاوا، کەباوەری بەناکۆکی نێوان بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ئامانجەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە پێشرەوەکانی ترە، یەکردەوە دەکاتە دژایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەمان نەتەوە. نموونەی ئەم مەسەلەیە لەمێژووی کوردستاندا زۆرن. کارکردنی ناسیۆنالیزمی کورد لەعیراق لە سەردەمی شەری ئەمریکا لەناوچەکەدا، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم کارکردەیە. هەر ئەم نموونەیە بەسە کەبە پەرەدان بە کەلێنی نەتەوەیی لە نێوان کرێکاری عەرەب و کورددا مەسەلەی پێکهاتنی یەکێتی ی کرێکارانی لەعیراقدا چەند ساڵ بردە دواوە.

لێرەدا پێویستە وەلامی مەسەلەیەکی گرنگ بدرێتەوە: ئایا بەشداریی بەربلاوی جەماوەری زەحمەتکێش و کرێکاری کورد لەم جوولانەوەیەی دواییدا (بەشدارییەکی بەربلاو کە رەهەندی - ابعاد - گەورەی ئاوارەیی نیشانەیەکی دژبۆیەتی) بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان ناچار ناکات کە هاوپشتی و لایەنگری لێبکەن؟ هەڵبەتە هەستانی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەم رووداوەی دواییدا لەبەر یەکهاتنەوەی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکانی رەوتە ناسیۆنالیستەکان نەبوو، بەڵکو کاردانەوەیەکی گونجاو بوو لەبەرامبەر جێگە و رێگەیەکی ژێردەستەیی کە تیایدا دەژین. بێگومان شوێنەواری ژێردەستەیی خەڵکی کورد دەبێ لەلایەنگری هەر بزووتنەوەیەکی عادیلانەدا بەهرەمەندبێت. سەرکوتی ئەم خەڵکە، لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت، مەحکومە. بەلام نەفرەتکردن لەبەرێوەبەرانی راستەوخۆی کوشت و بڕ و ئاوارەیی خەڵکی کورد نابێت بکاتە ئاستی چاوپۆشین لە خەسلەتی سیاسی ی ئەم جوولانەوەیە. وویست و ئارەزووی شەریف و رەوای کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کورد بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم جوولانەوە دیاریکراوە ناکاتە پێشکەوتنخواز، بەڵکو دەبێت سەرنج بدرێتە خەسلەتی سیاسی بابەتی ی ئەم بزووتنەوەیە. راستییەکەی ئەمەیە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد بەویست و ئارەزووی رەوای خۆیانەوە چوونە ژێر خزمەتی جوولانەوەیەکەوە لەپێناو ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی کورددا. بزووتنەوەیەك کە نەك هەر لەگەڵ ئامانج و ئاواتە چینایەتییەکانی کرێکاراندا دژایەتی هەبوو، بەڵکو تەنانەت لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیشدا نەبوو. بزووتنەوەیەك کە سەنگەرگرتنە جیهانییەکان و ئیئتلافە ناوخۆییەکانی رەوتە ناسیۆنالیستە کوردەکان زۆر لەپێش دەستپێکردنی هەڵچوونی شارەکانی

کوردستانەوە هەردوو خەسڵەت و سەرەنجامە حەتمییەکەی دیاریکردبوو.

دیسانەوە ئاشکرایە کە کرێکاران و خەڵکی کوردستان دەیانتوانی سەربەست لەڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کورد، بزووتنەوەی ڕەوای خۆیان لەهەر کاتێکدا بەگونجاویان بزانیایە، دەست پێبکردایە، بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا ئەوە نەبوو. بەشداریی فراوانی جەماوەر لەڕەوتی هەڵسانی شارەکاندا وەك تەواوی ئەو دەورە مێژووییانەی جەماوەر دەرفەتی هاتنەمەیدانی چنگدەکەوێ، دیارە خستنە ڕووی داواکاریە بنەڕەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردو، شێوازی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆیان و، هەنگاوەکان و کارامەیی جەماوەریی لەخوارەوە لەگەڵ خۆدا هێنا. بەڵام ئەمە هێشتا زۆر دوورە لەبزووتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆوە. بزووتنەوەی کرێکاران و جەماوەری کورد تەنیا کاتێك دەیتوانی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ بێت لەبزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کە پشتی بەئاسۆیەکی سیاسیی جیاواز بەستبێت، کەوا نەبوو. دەستپێکردنی هەڵچوونی شارەکانی کوردستان، تەقینەوەی خێرا و بنبەست و پاشەکشەی، هەموو ئەمانە بەپێی لێکدانەوەی حیزبە ناسیۆنالیستییەکان بۆ جێگە و ڕێگە و ئیمکانی سەرکەوتن و حەتمیبوونی تێکشکانیان چوونە پێشەوە. هەر ئەم واقعیەتە بەسە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئاسۆی سیاسیی ناسیۆنالیزمی کورد دەسەڵاتێکی بێ ئەملاولای هەبوو بەسەر ئەم بزووتنەوەیەی دوایی کوردستانی عیراقدا.

بێگومان وەك هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیکەی مەزن، پێداچوونەوەی ڕووداوەکانی ئەم دواییە دەرسی ئیجابی و سەلبیی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد تێدایە. نەخوازەڵا لێوەشاوەیی جەماوەری، شێوەکانی ڕێکخراوبوون، دروشمەکان و ئەو شێوازە سیاسییانەی کە لەنێو دڵی ئەم بزووتنەوەیەدا هاتنەدی و دەتوانن ببنە دەستمایەی خەباتی داهاتووی کرێکارانی کورد. بەڵام نابێت هیچ کام لەم تەجروبە ئیجابیانە سێبەربخاتە سەر دیاریکردنی خەسڵەتی بنەڕەتی و گشتیی ئەم بزووتنەوەیە. گرنگترین تەجروبە ڕووداوەکانی دوایی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد هەر ئەوەیە کە بەبێ دابڕان لە ناسیۆنالیزم، بەبێ خستنەڕووی سیاسەتی سەربەخۆ لە بەرامبەر ناسیۆنالیزم، دەستکەوتەکانی زۆرترین قارەمانییەکان و فیداکاریەکانیان لەخەباتدا، یان بە جارێك بەفیڕۆدەچێت، وەیان لەسبەینێی سەرکەوتنی ناسیۆنالیستەکاندا زەوتدەکرێت و دژی خۆیان بەکاردەبرێتەوە.

## ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی لەکوردستان

سوشیالیزم لەکوردستان ناتوانێت لە چوارچێوەی ڕەخنە لە کەموکوڕییەکان و لێنەوەشاوەییەکانی ناسیۆنالیزمی کورددا بمێنێتەوە. ناتوانێت تەنیا گلەیی لە هەڵە تەکتیکییەکانی ناسیۆنالیزم بکات، یا ئاتەو کاتەی کەوا دەکات بەراستی سۆشیالیزم نییە، بەڵکو هەر وەکو چۆن لەتەواوی جیهاندا باوبووە،ناسیۆنالیزمێکی چەپە لەبەرگی سۆشیالیزمدا. سۆشیالیزم تەنیا دەتوانێت بەتەواوی و لەبنەڕەتدا خۆی لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورددا دابنێت و دژایەتیی لەگەڵ بەرژەوەندیی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بخاتەڕوو. لە ڕووداوەکانی دوایی کوردستانی عیراقدا سیاسەتی سۆشیالیستی نادیار بوو.

سیاسەتی سۆشیالیستی نەیدەتوانی تەنیا بەدەست پێکردنی هەڵچوونی جەماوەری و شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا دەست پێبکات. نەیدەتوانی و نەدەبوو تەنیا لەسنووری ژماردنی هەڵەکانی ناسیۆنالیستەکان لەمەسەلەی پشتبەستن بەئەمەریکادا بمێنێتەوە. سیاسەتی سۆشیالیستی لەکوردستان هەرگیز بریتی نییە لەخودی پێداگرتنی زیاتر لەسەر مەسەلەی لابردنی ستەمی میللی، بەڵکو لەبنەڕەتەوە پشتبەستنە بە بەرژەوەندیی جیاواز. سیاسەتی سۆشیالیستی دەستپێکردنە لە بەرژەوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکارەوە. سیاسەتی سۆشیالیستی لەکوردستان تەنیا لەم چوارچێوەیەدا، یانی لەجەرگەی خەباتدا بۆ قازانجەکانی چینی کرێکار، توانای خەباتی دەبێت بۆ لابردنی ستەمی میللی بەشێوەیەکی واقیعی، واتە لە گۆشەی بەرژەوەندیی زۆربەی کرێکار و زەحمەتکێشی میللەتی کوردەوە. پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، کە گوێڕایەڵ و هاوپەیمانی ئەمەریکا و بەریتانیا بێت (تەنانەت ئەگەر ئەمە ببوایەتە تەوەری سیاسەتی ئیمپریالیستەکان، کەنەشبوو)، چ قازانجێکی بۆ کرێکار و زەحمەتکێشی کورد هەیە؟

سیاسەتی سۆشیالیستی ئەگەر بیویستایە لەهەڵچوونی ئەم دواییانەی شارەکانی کوردستاندا ڕۆڵێکی سەربەخۆی هەبێ، دەبووایە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی کێشەکەوە، یانی هەمان ئەو کاتەی کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان پایەی بزووتنەوەی خۆیان دارشت، دەستی پێبکردایە. سیاسەتی سۆشیالیستی دەبووایە

لەلایەن کرێکارانی کوردەوە بەرامبەر بەناسیۆنالیزمی کورد بۆ هەموو دنیای ڕاگەیاندایە کە ئەگەرچی خۆی لەعیرقدا لەژێر ستەم و چەوسانەوەدایە ، بەڵام ئەم لەشکرکێشییە نەك هەر بەرزگارکەری خۆی نازانێت ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بازووی ئەمریکا لەجیهاندا بەهێزتردەکات ، بەدژی بەرژەوەندیی هەموو کرێکارانی جیهان و لەوانە کرێکارانی کوردی دادەنێت . سۆشیالیزم لەکوردستاندا دەبووایە هەر لەسەرەتاوە جێی خۆی لەناو مانگرتنی جیهان دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بدیبایەتەوە . سۆشیالیزم لەکوردستاندا دەبووایە هاوپشتیی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی عەرەبدا ڕابگەیاندایە و لە گیروگرفتەکانیاندا بەهۆی شەڕی ئەمریکاوە خۆی بە بەندارییان بزانایە. دەبووایە جیهان ئەوەی ببینایە کە ناسیۆنالیزمی کورد لەباڵ ئەمریکادا وەستاوە و تەنیا دەنگێك نییە کە لەکوردستاندا بەرزدەبێتەوە . تەنیا ڕەوتێکی ئاوا کە بەکرێکارانی جیهان و کرێکارانی عەرەبی نیشاندابایە کە لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمەکەی خۆیدا ڕاوەستاوە ، دەیتوانی کەڵك لەهەر هەلێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی خەباتی خۆی وەربگرێت و هاوپشتیی کرێکارانی هەموو وڵاتان و نەتەوەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت .

---

* ئەم بابەتە لە ژمارە (٧)ی ئەیلولی ١٩٩١ی ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دا : "پرۆلیتاری" ، بلاوکراوەتەوە.



عەلی لەتیف

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

حیکمەت محەمەد کەریم

# ئیرەجی ئازەرین ، ئازاری چەپەکان دەدا

لە ژمارە (١٤)ی مانگی (خرداد ـ تەمووز)ی ڕۆژنامەی " کارگر امروز"ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا، کاک ئیرەجی ئازەرین لە گوتارێکدا بەناونیشانی " ڕۆڵی ناسیۆنالیزم لە تراژیدیای کورددا" ڕەخنەیەکی سیاسی توندی لە ڕاپەڕینی بەهاری ئەمساڵی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی گرتووەو، گەوهەری گوتارەکەی گوایە پێداگرتنە لەسەر خەباتی سۆشیالیستی‌ی کرێکاری کوردستان ، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژەیەکی گچکەش بۆ لایەنی گەشی ڕێکخراو و گرووپە کرێکارییەکانی ئێستا بکات ، بەڵکو هەر بەجارێ ترۆی‌کرد وون !

بێگومان نووسەری ناوبراو ، وەکو نووسەرێکی ناسراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، سەرپشکە لە گوتارنووسین و بڕیاردان ،لە ڕوانگەی خۆی یان حیزبەکەیەوە، لەسەر ڕاپەڕین و خەباتی کرێکاران تیایدا، بەڵام پێمان وایە هەموو کەسێ ،لەهەر ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان ، دەبێ بزانێ هەمیشە ئوسوڵێکی سیاسی‌ی بابەتی بۆ چینەکان ، بەتایبەت بۆ کۆمۆنیستەکان، هەیە کە دەبێ لەنووسین و هەڵسەنگاندا ڕەچاوی بکەن، ئینجا نووسین و بۆچوونیان زانستییانە دەبن . مەخابن کاک ئیرەج نەک ئەو ئوسوڵە بابەتییەی ڕەچاونەکردووە، بەڵکو ڕێزی بۆ ئەو ڕێکخراو و تێکۆشەر و کرێکارانەش دانەناوە کە کەم و زۆر ، بەو شێوەیەی توانیویانە و زانیویانە، لەناو ڕاپەڕینەکەدا هەڵسووڕاون . گوتارێکی ئاوەها دەبێ بە وردی هەڵسەنگێندرێ، چونکە سەرەڕای شکستی‌کاتیی ڕاپەڕین ، نەک خەباتی سۆشیالیستی (غائب) نەبووە ، بەڵکو هەندێ دیاردەی توندڕەوایەتی لەخەباتی سۆشیالیستیدا بەدی دەکرێ و، بۆی هەیە گوتارێکی وەکو گوتارەکەی ئیرەج زیاتر توندڕەوایەتییەکە زیاتر بکات ، تەنانەت تێکۆشەرانی هەڵسووڕاوی خەباتی چینایەتیش سارد بکاتەوە . ئەم وەڵامەش بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانە و بەس ، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ڕەخنەوەڵامی کاک ئیرەجیشە .

بۆ ئەوەی ڕەخنەکە هەمەلایەنەبێ ، ئەوا پێویستە تەواوی هەڵەکانی گوتارەکەی دەستنیشان‌بکرێ، نەک تەنیا ئەو لایەنەی پەیوەندی بە چەپەوە هەیە. جا بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونانەی ڕەخنەیان لێدەگرین وردتر ئاماژەیان بکەینێ، ڕاستەوخۆ لە نووسینە فارسییەکەوە وەرمانگێڕاوە، چونکە هەموو ئەو وەرگێڕاوە کوردییانەی وتارەکە، کەموکوڕییان‌تیایە. پێش ئەوەی گوتارەکە هەڵسەنگێنین، پێمان خۆشە خوێنەر ئەم ڕاستییانەی خوارەوە لەمەڕ گوتارەکە بزانێ :

١- گوتارەکە ڕاپەڕین بە(شۆڕش) لەقەڵەم دەدا ، شۆڕشیش لەزمانی فارسیدا واتە هەڵچوونێکی بێ‌سەروبەر و ئاژاوە و پشێوی . جا نووسەرێك ڕاپەڕینێ بە " شۆڕش " لەقەڵەم بدات ، هەقی وایە پێی خۆش بێ‌سۆشیالیستەکان بەشدارییان تیانەکردووە، نەک ڕەخنە لەبەشدارنەبوونیان بکرێ .

٢- سەراپای گوتارەکە بچووکترین تاوانی ڕژێم، وەکو ڕژێمێکی فاشی یان دیکتاتۆری یان شۆڤێنی ، نەخراوەتە

ڕوو . ئەوەی گوتارەکە دەخوێنێتەوە ، وای دێتە بەرچاو کە ڕژێم و ناسیۆنالیستی کوردستان دوو جەمسەری چوونیەکی ناسیۆنالیستی ناو عیراقن و هەریەکەیان لە سەنگەری خۆیەوە پێ لەسەر ناکۆکی ناسیۆنالیستی دادەگرێ.

٣- کێشەی کورد ، وەکو کێشەی گەلێك لەکوردستانی عیراق و بەشێکیش لەنەتەوەی کورد کە مافی دیموکراسی خۆیانە لەڕوانگەی کرێکارانەوە مافی چارەنووسییان وەربگرن ، باس نەکراوە و زۆرتر باس لە خەڵکی کورد و ئاوارەی‌کورد و کارەساتی کورد ،وەکو مەسەلەیەکی مرۆیی ، دەکرێ .

٤- جەنگی عیراق - کوێت ، وەکو جەنگێکی نارەوای سەرمایەدارانی جیهان و ڕژێمی بۆرژوای فاشی عیراق ، لەڕووی چینایەتییەوە وەکو جەنگێکی کۆنەپەرستانە باسنەکراوەو هەوڵدراوە زۆربەی ئۆباڵی جەنگەکە بخرێتە ئەستۆی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی .

دوای لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە لەمەڕ گوتارەکەی کاك ئیرەج ، ئینجا خوێنەری وشیار وێڕای ئەو سەرنجانە دەگەینە داوەری گوتارەکە و ئەم ڕەخنەیە .

## ئامانجی بنەڕەتی (ئەسڵی) ئەمەریکا

لەسەرەتای گوتارەکەدا ، ئیرەج لەژێر ناونیشانی " قوربانیانی ئیمپریالیزم ، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم"دا ، لە پەرەگرافێکدا دەڵێ : " ئامانجە بنەڕەتییەکانی‌سیاسەتی ئەمەریکا لەجەنگ دژی عیراق هەرگیز پەیوەندی بەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕینی جوگرافیای سیاسییەوە ، تەنانەت بە نەوتیشەوە ، نەبووە. ئەمەریکا دوای جەنگی سارد ، بۆ دابینکردنی هەژموونی (هیمنة) خۆی لە جیهاندا ، پێویستی بە نواندنی هێزێکی عەسکەری و پتەوکردنی پەیمانی ناتۆ و پایەی خۆی لەودا هەبوو". ئەم بۆچوونە ، لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە، چەند هەڵەیەکی تیایە و گرنگیشە باسیان لێوەبکرێ .

* سیاسەتی هەژموونگەری ئەمەریکا لەجیهاندا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئابووری جیهانەوە هەیە. نەوتیش لەجیهاندا، شاخوێنبەری ئابووری جیهانە. ڕۆژهەڵاتیش لەجیهاندا ، یەکێکە لەناوچە ستراتیژییە دەگمەنەکانی‌نەوت و ئابووری جیهان . بۆیە ئەگەر جەنگی ساردگەڕاوە ، کەواتە سیاسەتەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەڕۆژهەڵات و نەوتی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە ، نەك کاك ئیرەج گوتەنی ، هەرگیز پەیوەندی بەڕۆژهەڵات و نەوتی ڕۆژهەڵاتەوە نییە . بۆ ئەوەی ئەمەش ڕوونتربکرێتەوە دەڵێین: "ئەگەر مەسەلەکە تەنیا سیاسەتی هەژموونگەری پاش جەنگی ساردبێ ، پێمان وایە ئەمەریکا لەڕووی سیاسییەوە زۆر زاڵە، چونکە زۆرترین کێشە سیاسییەکانی دوای جەنگی سارد ،بێ ئەمەریکا و بەبڕیاری ئەمەریکاش نەبێ ، بەتەواوی چارەسەر ناکرێ. هەر بۆیە دەبینین پتەوترین پەیوەندی سیاسی لەنێوان‌شۆرەوی‌و ئەمەریکادا ، دوای پرۆسترۆیکا ، هاتووەتە ئاراوە. کەواتە مەسەلەکە هەر هەژموونگەری‌سیاسی و عەسکەری نییە، بەڵکو مەسەلە- ئابوورییە، ئەم مەسەلە ئابوورییەش دیسان تەنیا بۆ دۆخی پاش جەنگی ساردناگەڕێتەوە ، بەڵکو بۆ دوو دەرکەوتەی ئابووری گرنگیش دەگەڕێتەوە کە لەگەرمەی جەنگی ساردیشدا هەبوون ، نەك تەنیا دوای جەنگی سارد ، ئەویش پەرەسەندنی ئابووری ژاپۆن و یەکگرتنەوەی ئەوروپای ڕۆژئاوایە . پەرەسەندنی ئابووری ژاپۆن لەچارەکەسەدەی ڕابردوودا و سەرخستنی یەکخستنی ئەوروپای ڕۆژئاوا و چەسپاندنی سیاسەتی ئابووری ئینتیگراسیۆنی (یەکانەی ئابووری زەبەلاح ) ئەوروپایی ، ئەسڵەن ئەمەریکای توقاندووە، بۆیە لە بنەڕەتدا ئەمەریکا حیسابی گەورە بۆ ئەو دوو دەرکەوتە ئابوورییە دەکات . لەم حاڵەتەشدا ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەتایبەتی کەنداو و تەنگەی هورمز بۆ ئەمەریکا ئێجگار گرنگن ( نەك هەرگیز ئەمەریکا پەیوەندی پێیانەوە نییە ) .

* بۆچی کاك ئیرەج تەنیا باسی شەڕەنگێزی ئەمەریکا لەجەنگی عیراق - کوێت وئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیان دەکا ، ئەدی سیاسەتی مەزنخوازیی سەدام و ماهییەتی‌فاشییانەی بەعس لەم جەنگەدا چی‌لێدەکرێ؟ ئەگەر مەسەلەکە تەنیا جەنگفرۆشتنی ئەمەریکا بەعیراق بێ و عیراقیش پێشتر ئەمەی زانیبێ ، دەی بۆ پەلاماری کوێت دەدا؟ ئەگەر جەنگفرۆشتنی ئەمەریکا لەسەر خاکی عیراق پەلاماردرابا زۆرباشتر دەبوو بۆی . هەڵبەتە عیراقیش ئەمەی دەزانی ، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە ڕژێمی عیراقیشە کە سەرەنجامی ئاستەنگە ئابوورییە ڕوو لە تەشەنەسەندووەکانی لەترسی ئەوەی نەکا بیروخێنێ ، دەیویست کوێتی دەوڵەمەندو... بێ‌هێز بماشێتەوە ، بەڵام لە نەزانی سەدام، سەدام زەمان و زەمینێکی سیاسی وەهای بۆ ماشینەوەکە هەڵبژارد ، کە سیاسەتی ئابووری و عەسکەری جیهانیی سەبارەت بە زلهێزەکان ڕێی سەرکێشی وای‌نەدەدا . بە تایبەت ئەمەریکا ، لەناوچەکەدا ولەبەرامبەر ژاپۆن و ئەوروپای یەکگرتوو، کوێت و ناوچەکەی زۆر لا مەتلەب بوو.

پەیوەند لەگەڵ دەقی هەڵسەنگێنراوی سەرەوەدا ، وەکو

هەواڵنامەی کتێب

درێژەی بۆچوونەکە، نووسەر دەڵێ: " بەهۆی ئاڵۆزی‌سیاسی ناوچەکەوە ، ئەمریکا نەیدەتوانی و نەشیدەویست دەست وەرداتە رستنی سیاسەتی بەلگەنەویستانە، تەنانەت ئەگەر سوپای ئەمریکا خاکی عیراقیشی بەتەواوەتی داگیرکردبا (ئەوەی لافی لێدەدا کەدەتوانێ بیکات) هێشتا بەو مانایە نەبوو لە توانایدایە حکومەتی دڵخوازی خۆی‌دێنێتە سەرکار. هەر حکومەتێ ئاکامی سەرکەوتنی ئەمریکا راستەوخۆ بهاتبایە سەرکار، ناکۆکی هەمیشەیی لەتەك ناسیۆنالیزمی عەرەبدا لەناوخۆ و دەرەوەی عیراقدا دەخولقاند ( دۆخیکی ئاوەهاش ، بەهۆی ئەوەوە کە دەسکەوتی دەبەخشییە ئیسرائیل، لەروانگەی زۆربەی دەولەتە عەرەبییە ناکۆکەکان لەگەڵ عیراقدا، قابیلی قبووڵکردن نەبوو )".

سەبارەت بەم پەرەگرافە، پێویستە بگوترێ کەوا نەروخاندنی رژێمی فاشستی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە ، چەند هۆیەکی بنەرەتی هەیە :

١- ئەمریکا و رۆژئاواش ، دوای ئەوەی سۆشیالیزمی بۆرژوایی هەرەسی‌هێنا و جەنگی‌سارد کۆتایی‌هات، ئیدی کەوتوونەتە کەڵکەڵەی ئەوەی سیاسەتی ئابووری بازاری ئازاد بچەسپێنن و کون و قوژبنی جیهان بکەنە فرۆشگای فرۆشتنی کالا هەمەچەشنەکانیان. ئەم بازاری ئازادەش ، لەم هەلومەرجی پاش نەمانی جەنگی سارد دا، لەهەموو بارێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتییەوە، سیاسەتی‌نوێی سەرمایەداری گەرەکە، نەك سیاسەتی کلاسیکی‌سەرمایەداری کە تەنیا لەسەر بنەمای قەلەمرەوی عەسکەری و داگیرکردن رۆنرابوو. ئەم سیاسەتە نوێیەش واتە: سەرخانی‌ژێرخانی ئابووری بازاری ئازاد، زۆرتر رێبازی دیموکراسی‌لیبرالی سەرمایەدارییە لەسەر ئاستی جیهان. ئیتر کاتی ئەوەش هاتووە لە ولاتانی ژێر دەستەی ئیمپریالیزمیشدا، بەپێی تایبەتمەندی چۆنیەتی پاراستنی بازرگانیان و پەرەپێدانیشیان بەگوێرەی پێویستی نوێی سەرمایەداری ، بازاری ئازاد و ئازادیی لیبرالی بسەپێندرێ، هەتا بتوانرێ لە هەموو بارێکەوە بازارەکانی جیهانی‌سەرمایەداری - چ ناوەندی سەرمایەداری، چ چوارچێوەی ناوەندەکە - دوورخایەنتر بگونجێندرێ . ئا ئەم سیاسەتی بازاری ئازاد و ئازادیی لیبرالییە لە رۆژهەلات و جەنگی کەنداویشدا گیراوەتە بەرچاوی سیاسەتی حاوچنۆکی سەرمایەداری ، دەنا رووخانی رژێمی عیراق لە مێژووی جەنگەکانی ئەمریکادا ئاسانترین رێگەی سەرکەوتن بوو ، بەلام لەسەریشی نەرۆیشتن ، چونکە جارێ ئەلتەرناتیڤی دڵنیایان نەبوو، بەتایبەتی مەسەلەی شیعەش لەخوارووداتەشەنەی سەند وجگە لەوانیش لایەنەکانی دیکەی‌ئۆپۆزسیۆن نووزەیان دەهات !

ئێستاش ئەمریکا کە سوورە لەسەر گەمارۆی عیراق ، بێگومان پەیوەندی بەو سیاسەتە سەرمایەدارییە نوێیەوە هەیە کە لە جیهاندا پەیرەوی لێدەکەن، گەر وا نەبا ، بەغدا بەقەد چوونە ناو پایتەختی پەناماشی تێنەدەچوو،کە لە پەنەمادا ئەلتەرناتیڤیان سازدابوو چۆنیان ویست - لە رووی عەسکەری و سیاسییەوە - سەپاندیان، لەعیرقیشدا خرایە لالەوێخی بوش ، ئەویش خستوویەتییە گیرفانی تا لەکاتی خۆیدا دەریبهێنێ .

هەر لەبەر ئەو راستیانە ، پێمان وایە جگە لەوەی ئەمریکا توانیویەتی دەستوەرداتە عیراقەوە، دەشیەوێ عیراق بە دڵخوازی خۆی ببەستێتەوە بەخۆیەوە، لە ئایندەشدا هەلپەیەتی حکومەتێکی پەیرەو ئەمریکایی بەپێی سیاسەتە نوێکانی سەرمایەداری بچەسپێنێ .

٢- هەرچی وروژانە ناکۆکییە هەمیشەییەکەی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەمریکاشە، بێگومان ئەمە راستە کە ئەمریکا حسابێکی گەورەی بۆ ئەو ناکۆکییە لەبوونی ئیسرائیلا بەتایبەتی کرد . لێرەدا پێویستە لەم راستییە ، راستییەکی گرنگ دەستنیشان بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە داخۆ ئەو ناکۆکییە لە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و ئەمریکادا رەواو پێشکەوتنخوازانەیە، یاخود نارەواو کۆنەپەرستانەیە؟

بەش بەحالی خۆم ، پێم وایە ئەگەر ئەو ناکۆکییە لەزۆر بارەوە لەنێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئەمریکاو نۆکەرانی رەوا نەبا و ئەمریکاش پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیری نەکردبا، هەرگیز ئەو حسابەی بۆ نەدەکرا کە کاك ئیرەج باسی‌لێوەکردووە. ئەگەر واش نەبوایە، ئەمریکا هەولی‌دەدا مەسەلەی ناسیۆنالیزم بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەکاتی جەنگەکەدا هەلسوورێنێ، بەلام ناکۆکییەکان لە نێوان گەلی فەلەستینی و میللەتی عەرەب و ئیمپریالیزم هیچ نەبێ لەرووی سیاسییەوە وا قووڵە کە بۆ ئەمریکا ناخرێتە قالبی سیاسەتی نوێی ئێستایانەوە؛ لەزۆر ناوچەی دیکەی جیهانیشدا میللەتان پێچەوانەی خواستەکانی ئیمپریالیزم لەخەباتی رزگاری‌و دیموکراسیدان کە پێویستە تەواوی ئەم خەباتە رزگاریخوازە هاوچەرخانە هەلسەنگێندرێن و لە چوارچیوەی ستراتیژیکی خەباتی

شۆڕشگێڕانەدا کۆمۆنیستەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن ،نەك بە کۆنەپەرست و بۆگەنیان بزانن .

## حکومەتی ئیئتلافی

سەبارەت بەسیاسەتی ئیئتلافی ئۆپۆزسیۆنی کورد و مەزهەبییەکان و باقی حیزبەکانی دیکەش، ئیرەج دەڵێ :" ئەم سیاسەتە ناوچەییە نادیارەی ئەمەریکا ئەوە دەبەخشێ کەدەرگای باخی سەوزی گەرچی لەدەرەوەش بێ ، نیشانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی دەدا . ئۆپۆزسیۆنی عیراق لە ناسیۆنالیزمی کوردەوە تا حیزبی خوایی شیعەکان ، بۆ گونجان لەگەڵ ئەو سیاسەتە ئیمپریالییەی ئەمەریکا ،چەندین ئیئتلافیان پێکهێناوە و خۆشباوەڕانە ئالانە ئەو سیاسەتە ، ئیدی نەیاندەویست ببینن کە حکومەتە بریکارەخوازراوەکەی ئەمەریکا ناتوانێ جێی باوەڕی بێ . .تاد" .

ئەم دەقە پێدەچی بێزانیاری لەسەر ئۆپۆزسیۆنی ڕەسمی عیراق ، بەکورد و مەزهەبی و غەیرە مەزهەبییەوە ، نووسرابێ . بۆ سەلماندنی ئەمەش دەڵێ : جارێ تەواوی ئۆپۆزسیۆنی رەسمی ، ئەوانەی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی (چەپەکان لە دەرەوەی بەرەدا خراپتر بێبەرنامەبوون ) ، هەتا سەروبەندی ڕاپەڕینەکە نەیانتوانیبوو لەسەر لایەنی کەمی بۆچوونە هاوبەشەکانیان ڕێك بکەون . ئەمە جگە لەوەی پێشبینی ڕاپەڕینەکانیان هەتا بەرپابوونی ڕاپەڕینەکە نەکردبوو . زۆربەشیان خۆیان بۆ ئەوە مەڵاسدابوو لە جەنگدا ڕژێم بڕووخێ و هەموویان بێنە سەر حازری .

کەتێنی خەڵکیش بەرامبەر ڕژێم تەقییەوە، ئەوسا بە هەڵداوان لەبەیرووت دا سیناریۆی کۆنگرەیەکی هاوبەشیان ساخکردەوە و سەرەڕای پڕوپاگەندەیەکی زۆر، کۆنگرەکە لەسەر ئەلتەرناتیڤی ڕژێم و دیموکراسیەت و چارەنووسی کورد واری مشتومڕێکی توندوتیژ گەیشتە سەرەنجامێکی تەوفیقی کە بڕیارەکانی دەکرێ بشوبهێنرێتە بڕیاری چلەکان و پەنجاکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی .

بۆ حکومەتە خوازراوەکەی ئەمەریکاش، ئەگەر بگوترێ لە ڕووی بابەتییەوە لەسەر ئاستی جیهان بەرژەوەندیی سەرمایەداران و بۆرژوای میللەتانی ژێردەستە جووتە ، دەسەلمێندرێ ، بەلام لەڕووی سیاسییەوە تەنانەت لەو کۆنگرەیەی بەیرووتیشدا قسە لەسەر بڕیاردانی سەربەخۆیی خەڵکی عیراق کراوە و دژایەتی حکومەتی پەیڕەوئەمەریکاییش لەئارادابووە و هەبووە.

لەبەر ئەو ڕاستیانە، ئەسڵەن دەبوو ئیرەج لە نووسینەکەیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتبا کە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوا ،بەهەموو باڵ و مەزهەب و ڕێبازێکیانەوە، لە دوای حەوت مانگ لەداگیرکردنی کوێت ، بۆچی نەیانتوانی بچووکترین بەرنامەی ڕووخانی ڕژێم گەڵاڵەبکەن و چاوەڕێ بوون سیاسەتی (باهۆزی بیابان ـ عاصفة الصحراء) ی ئەمەریکایی بۆ کوێیان ڕادەپێچێ . بەڵێ دەبێ قسە لە بێبەرنامەیی ئەوان بێ نەك بەرنامەی ئیئتلافی ، با لە بنەڕەتیشدا بەرنامەکەشیان لەلایەن چەپی ناوچەکەشەوە ڕەتکرابێتەوە . جا ئۆپۆزسیۆنێ لەو ئاستەدا نەبێ بەرنامە بۆ پێشهاتی دوژمنەکەی بکات ، کە تەواوی جیهان باسی لە بەزینی دەکرد ، ئیدی چلۆن دەتوانێ ڕابەڕین بەرەو سەرکەوتن بەرێو دیموکراسی و مافی چارەنووس دابین بکا ؟

## ناسیۆنالیزمی کورد

کاك ئیرەج زۆربەی باسەکەی بەستۆتەوە بەدوژمنایەتی و دژایەتی بۆ سەر ناسیۆنالیزمی کورد و هەر بەجارێ پرزەی دڵسۆزی لێبڕیون ، تەنانەت وەکو یەك خستونییەتە ڕیزی بەعسی ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتدارەوە .

جارێ بابڵێین ڕاستە هەندێ لەحیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد هەوڵیان دەدا سیاسەتی خۆیان لەگەڵ ئیمپریالیزم جووت بکەن .بەڵکو ئێمە دەڵێین ، ئەو هەوڵە تایبەت لەگەڵ سۆشیالدیموکراتەکانی جیهاندا ، دەمێ ساڵ پێش ڕاپەڕینیش لەئارادابووە و باسیشکراوە ، بەتایبەت لەکاتێکدا شورەوی و شورەویپەیڕەوەکان ئاشکرا ڕژێمە فاشیست و دیکتاتۆرەکانیان بۆ گیانی کرێکاران و گەلان دابەستەی درندایەتی دەکرد . بەلام ئایا ئەو هەوڵە وەکو خۆفرۆشتن بە ئیمپریالیزم دەدرا ؟ هێندەی نووسەر ئەم وەلامە بزانێ ، خۆفرۆشتن لەئارادا نەبوو ، بەڵکو ڕێباز و ستراتیژی ئەم پێناوەی سۆشیالدیموکراتی هەبوو ، ئێستاش بەهێزبووە بگرە لەناو بەشێکی ئەو چەپانەی پێشتر دژی ئەو سیاسەتەش بوون !!

لێرەدا دەقێکی کاك ئیرەج ،پەیوەند لەگەڵ باسی ناسیۆنالیزمی کورد ، پێویستە بنووسرێتەوە و شیتەڵ بکرێتەوە کە دەڵێ : " دوای تێشکانی عیراق ، ئۆپۆزسیون کۆنتڕۆڵی چەندین شاری بەدەستەوە گرت و کوردستانی عیراق بە تەواوی کەوتە دەستی هێزە کوردییەکان . حکومەتی عیراق کە لە بەدەستهێنانی مەزنخوازی لە کوێت دا ناکامبوو ، کەوتە کۆششی مان و نەمان بۆ پاراستنی پایەی بێ

ڕەقیبی ناسیۆنالیزمی عەرەب دەسکەوتی سیاسیوئابووری زۆرتر لەسەرمایەداری جیهانی وەربگرێ، هەوڵیدا بەهەر نرخێك بێ بەشێك لەدەسەلاٚت و سامانی خۆی بپارێزێ. لەشکرێکی بەزیو و ئەنجن ئەنجن کراو، ئێستا خۆی کەوتۆتە قەسابی، دەیەوێ شانازییە نەتەوەییە زەبوون کراوەکەی لەڕێی زەلیلکردنی میللەتێکی دیکەوە پارسەنگ بداتەوە". هەروەها لەدرێژەی ئەو پەرەگرافەدا دەڵێ: "لەشکرکێشی ئەمەریکا بۆ ناوچە و جەنگ دژی عیراق، ئارایشی سیاسی ناوچەکە هەڵگێرا و هاوسەنگی سیاسی تازەی هێنایە ئاراوە. ناسیۆنالیزمی کورد و ناسیۆنالیزمی عەرەب لەعیراقدا ئەمجارە ناکۆکی دێرینەیان پەیوەست بە زنجیرە سیاسەتی نێونەتەوەیی بە جەنگێکی تان و پۆ تەواوکەیاند. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانیعیراق کە بەئاوارەیی ملیۆنێ خەڵکی کورد شکایەوە، بەرئەنجامی سێ توخمی ڕەسەن بوو( سیاسەتەکان و جەنگی ئیمپریالیزم، ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عیراقدا، ناسیۆنالیزمی کورد )".

لەسەر ئەو بۆچوونە دەبێ بگوترێ کە نووسەر توخمی ئەمانە نەکەوتووە:

یەکەم: ئەو ئارایشە سیاسییە تازەیە لەناوچەکەدا، باشترە لە زاڵبوونی ڕژێمی فاشی لەعیراق و بەهۆی ئەم ڕژێمە فاشیەشەوە، مەترسی بەرپابوونی جەنگی کاولکەری دیکە دەمایەوە؛

دووەم: مەسەلەکە لەو قاڵبەدا نییە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ناسیۆنالیزمی کورد ناکۆکی دێرینەیان هاوزەمانی ڕووداوەکانی جیهان گەیاندۆتە جەنگی تانوپۆ تەواو. لە ڕاستیدا بۆچوونی وا پاساوی فاشیەتی بەعس دەدا، چونکە بەعس نوێنەری میللەتی عەرەبی عیراق نییە و لەلایەنمیللەتی عەرەبی عیراقیشەوە هەڵنەبژێراوە، بەڵکو بەعس ڕژێمی فاشی خۆسەپێنەرە بەسەر عەرەبیشدا. دەبوو هاوڕێ ئیرەج ئەوەی لەبەرچاوگرتبا کە یەکەمین جار ڕاپەڕین دژی بەعس لە شاری بەسراوە تەقییەوە کە دوای بەغدا گەورەترین شاری عەرەبنشینی عیراقە. دوای ئەمەش کە ڕاپەڕین دامرکێندرایەوە، دیسان بەعس لەشارە عەرەبنشینەکانەوە دەستیپێکرد و بەپێی تەقدیری ئاژانسەکان لە کەربەلا و نەجەف و بەسرە و شارە عەرەبنشینە ڕاپەڕیوەکاندا (٨٠) تا (١٠٠) هەزار کەس بەتۆپ و تانك و دەبابەی (عروبە) ی سەدام کوژراون. ئیتر بۆ هەموو ئەو ڕووداوانە فەرامۆش دەکرێ و بەپێی خواستی تیۆری لەو قاڵبە تەسکەدا دەبەستێ، لەکاتێکدا حەقیقەتی مەسەلەکەش وا نییە، بەڵکو دوای دامرکاندنی ڕاپەڕینەکەش وا دەرنەچوو، گەرچی بەعس نیازیشی هەبێ وای لێ بکا، یان لەناو کوردیشدا هەبن بیانوی ڕووداوەکان وا بنوێنن. بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی کورد و عەرەبیشدا نییە ڕووداوەکان بخرێنە قاڵبی قینەبەرایەتی نەتەوایەتی واوە.

ئەو جۆرە بۆچوونانە ئەوە دەسەلمێنن کە کاك ئیرەج ناسیۆنالیزم، چەوساوەبێ یان چەوسێنەر، فاشی بێ یان تێکۆشەر، بکوژرێ یان بکوژێ، بەیەك چاو سەیردەکا. ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەڵەی ڕیڤیژنیستەکانی چلەکان و پەنجاکانە، بەلاٚم لەرەنگ و بەرگێکی تیۆری نوێدا. سەیر ئەوەیە کە ئەم گوتارە، بەتایبەتی ئەم دەقە لەسەر ناکۆکی دێرینەی ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب، پێچەوانەی بۆچوونی تیۆرسینی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هاوڕێ مەنسوری حیکمەتە، کە مانگێ پێش نووسینی گوتارەکەی هاوڕێ ئیرەج لەڕۆژنامەی (کۆمۆنیست)ی ژمارە (٦١)دا مانگی (ئۆردبەهیشتی) ئێرانی (گوتارەکەی ئیرەج لەمانگی خوردادای ئێرانیدا نووسراوە) لەژێر ناوی (پیامدهای جەنگ خاورمیانە)دا بلاٚویکردۆتەوە. هاوڕێ مەنسور دەڵێ: "ئاوارەیی و کارەساتەکانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان، بەچاوپۆشین لە هۆکارە ئەسڵییەکانی ئەمڕۆی، بەبێ پەیوەست بەتەواوی قەیرانی ئەم دواییە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسیاسەتی ئیمپریالیستانەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ببینین. لێکترازانی ئەمانە و دەرخستنی مەسەلەکە بەرووبەڕووبوونەوەی سونەتی عەرەب و کورد، یا دەوڵەتی ناوەندی و ئۆتۆنۆمی خوازان، تەسکبینانە و گومراکارانەیە".

سێیەم: گوایە ڕووداوەکانیش ئاکامی کارکردنی سێ توخم بووبن: ( سیاسەتەکان و جەنگی ئیمپریالیزم، ناسیۆنالیزمی عەرەب لەعیراقدا، ناسیۆنالیزمی کورد ).

جارێ دەبوو ئەو سیاسەتی سیاسەتە ئەسڵییە ڕوشنکرابایاتەوە کە چۆن وا بووە ـ کە نەکراوە ـ پاشان فاشیەتی ڕژێم لەناوچەکەدا فەرامۆشکراوە و پێیان وایە ئەو فاشیەتە ڕۆڵێکی گەورەی لەم جەنگەدا گێڕاوە. خەباتیش لە عیراق و کوردستانی عیراقدا تاپۆی ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد نین، بەڵکو کرێکاران و زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیر و تەنانەت وردەبۆرژوای ئازادیخوازیش هەن نەچوونەتەوە ژێر باری ئەو ناسیۆنالیستە تەسکەوە. ئەمە جگە لەوەی لەناو گەلی عەرەب و گەلی کوردیشدا، کە

خەباتی رزگاری دیموکراسی گەلەکەیان کردۆتە پێناوی‌خۆیان، هەن ناسیونالیزمی تەسك باوەڕ نین .

## ناسیونالیزم و کرێکارانی کوردستان

لەژێر کارایی توخمێکی ئەو سێ کارکردەدا کە ناسیۆنالیزمی کوردە ـ لەروانگەی کاکە ئیرەجەوە- نووسەر کرێکاران و چەپی کوردستانی هەلدەسەنگێنێ‌و گەوهەری گوتارەکەی باسدەکات و دەلێ :" لەنێو ئەو سێ توخمەدا، تایبەتی ناسینەوەی رۆلی ناسیۆنالیزمی کورد لەکارەساتی‌ئەم دواییەدا بۆ کرێکارانی کورد بایەخێکی بنەرەتی هەیە ، چونکە نەخشەی فاکتەری راستەوخۆی سەرکوتی دیارە و ، دیاریکردنی ئەوەی سیاسەتەکانی ئیمپریالیستەکان‌پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خەلکی کوردە، ئێستا بۆ هیچ کەسێ دژوار نییە".

بالێرەدا پەرەگرافەکە بقرتێنین و ئەم کورتە بۆچوونە، لەکورتی را ببرینەوە کەوا، بەراستی ناسینەوەی رۆلی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ کرێکاران بایەخێکی بنەرەتی هەیە و پێویستە واقیعیانە ئەم رۆلەی ناسیۆنالیزم بۆ کرێکاران رۆشن بکرێتەوە ،بگرە کرێکاران بەگیانی خەباتی بێ‌ئەمانی چینایەتیش دژی هەستی ناسیۆنالیستی تەسك گۆشی سۆشیالیستانە بکرێن . بەلام هەقبوو کاکە ئیرەج باشتر لەسەر نەخشی فاکتەرە راستەوخۆکە قسەی کردبا کە لە روانگەی ئەوەوە ئەو فاکتەرە چییە ؟

کۆتایی قسەکانیشی لەمەر ئیمپریالیزم،کە سیاسەتەکانی پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خەلکی کوردەو... ( ئێستا بۆ هیچ کەسێ دژوار )نەبێ ، بابلێین کە بێگومان ئیمپریالیزم ئەگەر ئێستا رەنگ و بەرگی خۆیشی گۆڕیبێ و لافی مرۆ و ئازادیش لێبدات ، هەر ئیمپریالیزمەو قازانج و بەرژەوەندییەکانی لەسەر حسابی کرێکاران و گەلان دابین دەکات . بەلام حالی حازر بۆ ناو گەلی کورد داخەکەم ، لەبەر کۆمەلێ هۆ، بیری سادەی زۆربەی کورد وانییە کە ئیرەج دەلێ ( بۆ هیچ کەس دژوار )نییە ، ئیمپریالیزم بناسێ. پێم وایە سەرەنجامی درندایەتی بێ‌ئەندازەی بەعس و هەرەسی شورەوی،وەکو پشتیوانی گەورەی رژێمی عیراق لە رۆژهەلاتدا ، کارێکی کردووە کە زۆربەی خەلکی کورد پێیان خۆشبوو رۆژئاوا فاشییەکان برووخێنێ ، چونکە جگە لەو شێوە رووخانە دەرەتانێکی دیکەی چینایەتی یان سیاسی یاخود جیهانییان شك نەدەبرد . ئەگەر خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە لەجیهاندا جۆشی شۆرشگێری خواردبا ، هەرگیز کارەساتی کیمیابارانکردنی کوردستان بە چەکی سۆشیال بۆرژوا و بۆرژواکانی جیهان روی نەدەدا، بەلام فاشییەکانی عیراق دەیانزانی خەباتی پێشکەوتنخوازانە لە چ بارێکی خراپدایە ، بۆیە وێرایان کوردستان‌کیمیابارانی مەرگەسات بکەن . ئێستاش کە ناکۆکییەکانی سەرمایەدارانی جیهان و ناوچەکە و عیراق تەقینەوە و ئیمپریالیزم لە سەدام راساوە و ساویلکەی گشتی کورد بێگومان خۆشحال دەبێ بۆ رووخانی فاشییە بکوژەکانی سەدان هەزار کوردی بێتاوان . هەر ئەمەش وایکردووە کە نەك ناسینی‌ئیمپریالیزم بەلکو خەباتکردنیش دژی ئیمپریالیزم لەناو گەلی کورددا ، بەلکو گەلی عیراقیشدا، دژواربێ و هەتا خەلك لەم سیاسەتە نوێیەی ئیمپریالیزم لە جیهان و ناوچەکەدا تێدەگات، ماوەیەکی زۆر و هەلومەرجێکی زۆری پێویستە . هەروا بیرمان نەچێ ، ئەمرۆ لەناو چەندین گەلی‌دیکەش لە شورەوی و ئۆروپای رۆژهەلاتدا، جیهانی سەرمایەداری چەشنی جاران نەکەوتۆتە بەر نەفرەت و قیزی خەلك.ئێستا لە تەواوی ئۆروپای رۆژهەلاتدا، زۆرینەی خەلك لەگەل بازاری ئازاد و ئازادیی لیبرالی‌دان. ئەمە ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش وابێ ، نکۆلی لێناکرێ کە وایە، ئەگەر ئیمپریالیزمیش لەو سۆزەی خەلکی شورەوی و شورەوی پەیرەوەکانی ئۆروپای رۆژهەلات دلنیانەبا ، قەت پشتیوانی بازاری ئازاد و ئازادیی لیبرالیانەی ئۆپۆزسیون‌وخەلکەکەی نەدەکرد . ئێستا ئەگەر کرێکارانی شورەوی و ئۆروپای رۆژهەلات سەرپشکی هەلبژاردن بکرێن، سەرەك کۆمارێکی وەکو (لیخ ڤالیسا )ی پۆلۆنیا هەلدەبژێرن ، نەك کۆمۆنیستێکی شۆرشگێر.ئەمەش راستییەکی تالە، بەلام دەبێ بیزانین ئینجا لە دنیا تێدەگەین کە چی‌بکەین؟ هەتا ئەو کاتەی ئەم راستییەش دەگۆرێ- کەحەتمەن هەر دەگۆرێ - ئیمپریالیزم بەری ئەم قەناعەتەی خەلك دەخواو دەشبێ کرێکاران بزانن چۆن چۆنی بەپشووی شۆرشگێرانە لە هەلومەرجی وادا خەبات بکەن بۆ ئێستا و دوا رۆژیان ، تەنانەت دەشێ کەلك لەم گۆرانکارییانەش لەجیهاندا بۆ ئامانجی ستراتیژییان وەربگرن .

کاك ئیرەج لەدرێژەی باسەکیا دەلێ : " رووداوەکانی ئەم دواییە ئاشکرا بێگانەیی ناسیۆنالیزمی کوردیان لەگەل بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەرخست ، ئەمەش گرنگترین پەندە کە دەبێ کرێکاری کورد لەم ئەزموونە خوێناوییەی وەربگرن . ئێستا کە رێبەرایەتی‌ناسیۆنالیستی

کورد سەرقاڵی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عیراق، بۆ خۆی دان‌پیانانە بە کوزەراندنی یەك دەورانی بەتاڵ و وەك بڵێی تەواوی سیاسەتەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئەم حیزبانە ، جگە لەتاقیکردنەوەی شانسیان هیچی دیکە نەبوون . بەلاّم نرخی بەشداری لەم تاقیکردنەوە سیاسییە خەڵکی کوردستان بە ئاوارەییەکی گەورە دایان .

ڕەوەندی ناسیۆنالیستی کورد ، هەروەکو پیشەی هەمیشەییان ، زانی سەلماندنی ئۆباڵی شکستەکەیان‌نییە. ئەمەیە تراژیدیایەکە کە خۆیان هۆیەکانی داڕشتنی بە شکستی خەباتی خەڵکی کوردی دەناسین‌و، ڕادەگەیەنن کە هۆی شکستەکە ئەوەیە ئەمەریکا پشتی چۆڵ‌کردین".

لە وەلاّمدانەوەی ئەم بۆچوونانە سەبارەت بەبێگانەیی ناسیۆنالیزمی کورد لەگەڵ بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان قسەیەکمان هەبێ تەنیا هێندەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد نەك تەنیا لەم ڕووداوانەی دواییدا ، بەڵکو لە ئەسڵ و فەسڵدا بە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، چ وەکو بەرنامە و چ وەکو ماهییەتی چینایەتی و ح وەکو مێژووی سیاسی ، بێگانەن. هەر بەراستیش دەبێ ئەمجارە پەندی ئەم بێگانەییە بکرێتە دوورنمای سیاسەتی ڕادیکالاّنەی کرێکارانی کوردستان لەپێناو ئامانجە دوور و نزیکەکانیاندا . ئەمە لایەکی مەیدەئی مەسەلەکەیە ، بەلاّم لای دیکەی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئەم بێگانەییەی ناسیۆنالیزم بەکرێکاران دەبەستێتەوە بە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا ، یاخود بەستنەوەی ئەنجامی سیاسەتەکان بە گفتوگۆکەوە . لەم بارەشەوە دەڵێین کە گفتوگۆ هەر ئەمجارە سەری‌هەڵنەداوە، بەڵکو ئەوەتەی ناسیۆنالیزمی کورد لەسەرەتای چەرخی‌نۆزدەهەمەوە جڵەوی خەباتی چەکداری کوردی وەکو فەقیانە ئالاّندۆتە مەچەکی و پشتاوپشت کردوویانە میراتی خۆیان، هەمیشە و لە هەموو دەورانێکی سیاسی و عەسکەریدا، گفتوگۆیان‌کردوە و دەشیکەن .لەدوای هەموو گفتوگۆیەکیش، بەهۆی پەرەسەندنی بابەتیانەی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان‌و نەبوونی پارتی پێشرەویانەوە ، دەبینین ڕێبەرایەتی ناسیۆنالیزمی کورد بەهێزبوون و. . وەکو چاوەڕوان دەکرێ لاواز نەبوون . ڕەنگە ئەمجارە دەورەی ژیان ڕووداوی‌نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنابێتە ئاراوە ، کە گرنگترینیان زۆر بایەخ پەیداکردنی خەباتی شارەکانە. ئەمەش هەلومەرجی سیاسی‌ی نوێ دێنێتە گۆڕێ کە بەهۆی پاشەکشەی بایەخی چەکدارانەوە چیدی چەشنی کۆن ناسیۆنالیزمی کورد نەتوانی هەژموونی (هیمنة)ی چینایەتیان بسەپێنن .لێرەدا تەنیا یەك مەسەلەی سیاسی نوێ، هاوزەمانی هەلومەرجە سیاسییە نوێکە ، مایەی سەرنجی گرنگە کە دەبێ‌بیزانین ، ئەویش ئەمەیە: سەرەڕای پاشەکشەی خەباتی چەکدارانە ، مەترسییەك لەئارادایە کە بەهۆی هەرەسی سۆسیالیزمی بۆرژوایی و زاڵی سەرمایەداری و دیموکراسی لیبرالییەوە، ئەگەر بێت و خەباتی کرێکاران لەسەر ئاستی جیهان نەزێتەوە و شۆڕشی سۆشیالیستی لەچەند ساڵی نزیکدا بەرپانەبێتەوە، دەبێ بزانین کە ناسیۆنالیزمی کوردیش ، پشت ئەستوور بە ئەزموونەکانیان و پشتیوانییە سەرمایەدارییە جیهانییەکانیان ، دەتوانن خۆیان باش بگونجێنن، بگرە سەرباری هەوڵی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانیش لەکوردستاندا، ئەگەر بێت و شۆڕشی کرێکاران نەتەقێتەوە، نزیکەبنەوە، بە تایبەتی ئەگەر چەپ هەر بەم شێوە پەراگەندەیە بمێنێتەوە کە هەیە .

ئەوانە جگە لەوەی هەرچی زانی نەسەلماندنی شکستی ناسیونالیزمی کوردیشە، وەکو ڕێبەرایەتی بزووتنەوە چەکدارییەکە، پێیان وایە بۆرژوا بەدەگمەن دان بەشکستی خۆیا دەنێ و هەردەمیش ئۆباڵی شکستەکان دەخاتە ئەستۆی بێگانە. لەم ڕاپەڕینەشدا، کەدوای نسکۆی ئەنفالەکان هێزە چەکدارەکان گەڕانەوە کوردستان، هەڵەی گەورەیانکردووە ، لەوانە: گۆڕینی ڕاپەڕین بە بەرگریی چەکدارانە و کار و کردەوەی نادیموکراسی و دزی و تالاّنییەکی زۆر و بەخشینی هەزاران تاوانبار و جاش و جاسووس،کە هەموو ئەوانەش بەشێکن لە هۆیەکانی شکستی ڕاپەڕین ، بەلاّم بۆ ئەوەی بابەتیانە ڕووداوەکان‌لێکبەینەوە، پێویستە لەسەر بۆچوونەکەی هاورێ ئیرەج و ڕاستییەکان لە ڕاپەڕین و شکستەکەی ڕاستتر باس بکەین .

جارێ هەڵەیە ڕاپەڕین ببەستینەوە بە کوردستانەوە و لە کوردستانەوە دوا حوکم لەسەر سەرکەوتن و ژێرکەوتنی بەین ، چونکە ڕاپەڕینەکە عیراقی بوو نەك کوردستانی ، ئەم عیراقیبوونەی ڕاپەڕینیش شانازییەکی گەورەی چەپەکانە کە ساڵەهایە باسیان‌دەکرد و خەباتیان بۆ دەکرد ، کەچی ناسیۆنالیزم‌پەیڕەوەکان بە خەیاڵیان دەزانی. ئێستا کە ڕاپەڕینەکە عیراقیبووە و ڕوویداوە، کەچی هاوڕێ ئیرەج ، وەکو ڕێبەرێکی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، وەك کوردستانیەك باسی دەکا و بەکوردستانیەوە دەبەستێ. کەواتە ئەگەر بمانەوێ لەچۆنیەتی بەرپابوون و دامرکانی ڕاپەڕین بدوێین، پێویستە لە گۆڕەپانی عیراقەوە قسەبکەین و لەکوردستاندا

بەهۆی مافی بەرەنگاری و پاشماوەی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین، کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکان بهێنین .

لەسەر ئەو بنچینەیە دەبێ قسە لەسەر باری بابەتی و باری خۆیی و فاکتەری جیهانی بکەین ئینجا دەتوانین وردتر ڕووداوەکان هەڵسەنگێنین . ئاشکراشە کە لەعیراقدا ئاستەنگی ئابووری تەنگی بەڕژێم هەڵچنی کوێت بماشێتەوە، بەلاّم دەبێ بزانین ئەو ئاستەنگە ئابوورییە پێش قووڵبوونەوە و پێش ڕۆچوونی بۆ ناخی ژیانی خەڵك ، ڕژێم دەرکی بە خەتەرناکیی تەشەنەسەندنی ئاستەنگەکە کردبوو، هەربۆیە پەلەی لەداگیرکردنی کوێت کرد ، بەشکم(بەحسابی‌خۆی ) بتوانێ پێش وەخت ڕێ لە تەشەنەسەندنی ئاستەنگەکە بگرێ . ئیتر ئەوەبوو ڕژێم بەزی ، وەکو بەزی و جارێ ئاستەنگەکە ڕۆنەچووبووە ناخی ژیانی خەڵك، ئەو بەزینە پێش خەملینی تەواوی بارە بابەتییەکەی ڕاپەڕین، خەڵکی هاندا قینی قووڵیان بە ڕژێم بڕێژن و ڕاببەڕن، بەتایبەتی باوەڕی وا زاڵبوو کە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دەست لە سەدام هەتا ڕووخانی هەڵناگرن، بەلاّم وا دەرنەچوو . ئەمەریکا جەنگیشی ڕاگرت ، ڕێشی دا سوپای عیراق بکشێتەوە و بشکەوێتە وێزەی خەڵکی ڕاپەڕیو . ئیتر کە وای لێهات ڕژێمی عیراق توانی ڕاپەڕین دامرکێنێتەوە، کە جارێ لەڕووی بابەتییەوە بنەما سیاسی‌و کۆمەلاّیەتی و ئابوورییەکانی ڕۆنەچووبنە ناخی ژیانی ڕاپەڕیوانی. دیارە نەبوونی باری خۆییش :(پارتی پێشڕەو ) ، ڕۆڵێکی گەورەی لەشکستی ڕاپەڕیندا گێڕا . هەروا نەبوونی هیچ جۆرە بەرنامەیەکی هاوبەشی هێزە ئۆپۆزسیۆنە بالاّدەستەکان کارێکی سلبی گەورەی هەبوو ، بۆیە سەرەنجامسەرلێشێواوی سیاسی و چەتەیی شەخسی و چەکداریش زاڵبوون.

بۆ فاکتەرە جیهانییەکەش ، هەڵبەتە ڕۆژئاوا عەودالّی ئەلّتارناتیڤی خۆیەتی و ئەمەش لەڕاپەڕیندا نەبوو. ئەواتەی سەر بەڕۆژئاواش بوون لەجێی نەبوواندا بوون . ئۆپۆزسیۆنیش بێ بەرنامەی هاوبەش بوون و مەزهەبییەکانیش لەلایەن ڕۆژئاواوە لەهەموو بارێکەوە ئافەرۆست کراوون ، بۆیە ڕۆژئاوا پشتیوانی ڕاپەڕینی هەتا سەرکەوتن نەکرد . ئەو ڕاستییانەش تێکرا : باری بابەتی و باری خۆیی‌و فاکتەری جیهانی ، کە پێکەوە نەگونجێندرێن و نەخرێنە خزمەتی چۆنییەتی سەرخستنی ڕاپەڕینەوە، حەتمەن ڕاپەڕینی وا بە ڕژێمێکی بەزیویش دادەمرکێ ، چونکە بەزین لەجەنگدا مەسەلەیەکە و خەملینی باری بابەتی و باری خۆییش بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین مەسەلەیەکی دیکەیە. کەم جار لە مێژوودا بەزینی ڕژێمەکان لە جەنگدا دەبنە مایەی ڕاپەڕین ، بەلاّم هەموو جارێ کە دەبنە مایەی‌ڕاپەڕین ، هەموو جارێ کە باری بابەتی و باری خۆیی باش خەملین و ئۆرگانیکیانە پێکەوە بەستران ، شۆڕشیان لێدەبێتەوە .

ئەو ڕاستییانە هۆیە سەرەکییەکانی شکستی کاتیی ڕاپەڕینن کە کوردستانیشی گرتەوە، بەلاّم کوردستان لە شکستەکەشدا ، بەحوکمی ئەزموونی پێشینەی بەرەنگاری و بوونی هێزی پێشمەرگە و هێزە سیاسییە ناسراوەکان وشاخ و داخی کوردستان و بەرینی هاوسنووری کوردستان ـ ئێران ـ سوریا ـ تورکیا ، سەرباری دامرکانی ڕاپەڕینیش بەرەنگاریی چەکداری تیا بەهێزە و توانراوە زۆربەی ناوچەکان بەئازادکراوی بپارێزرێ و چالاکی هەمەچەشنەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری و عەسکەریشی تیا جێبەجێ دەکرێ . ئا لێرەدا ناسیۆنالیزمی کورد بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دۆخەکە دەقۆزێتەوە ، تەنانەت دۆخی ئاوارەبوونی خەڵکەکەش . واتە : ئەگەر هێزە سیاسییە ناسیۆنالیستە کوردستانییەکانیش نەبان ، بە حوکمی شکستی ڕاپەڕین لەسەرانسەری عیرقدا ، ڕاپەڕین لە کوردستانیشدا دادەمرکا . ئیتر ناکرێ هەموو مەسەلەیەك لەئۆباڵی ناسیونالیزمی بئاڵێنین و پێمان وابێ ئەگەر ناسیونالیزمی کورد نەبان ڕاپەڕین سەردەکەوت ، بەڵکو دەبێ دانیشی پیابنێین کەوا لە نەبوونی پارتی پێشڕەوی کرێکاران و بەرنامەی هاوبەشی چەپەکاندا ، لە کاتی شکستی ڕاپەڕیندا ئەو بەرەنگارییەی لەکوردستاندا هەیە، سەرەڕای دزێوی قێزەونی هەندێ دیاردەی بۆرژوازییانە ، مافی بەرەنگاری لەکوردستاندا بەشێکی‌زۆری بۆ بوونی هێزە ناسیونالیستەکان دەگەرێتەوە، دەنا کوردستانیش وەکو کەربەلا و نەجەفی لێدەکرا . ئەو لایەنە چەپانەی هەشبووبن ، بەو کەم تەمەنی و بێ‌بەرنامەی هاوبەشییە ، زۆر زەحمەت بوو دەرەقەتی دۆخی ڕاپەڕین هاتبان ، هیچ ڕاپەڕینێکیش نییە و ناکرێ لەجیهاندا تەنیا چەپی تیابێ و ناسیۆنالیزمی تیا غایب بێ . بەلاّم دەکرا چەپ باشتر کاری کردبا ، ئەویش بەپێی‌تایبەتمەندی ڕاپەڕینەکە و هەلومەرجی کرێکاران و خەباتی چینایەتی لە عیراق و کوردستاندا ، نەك لەو بۆچوونە چینایەتییانەوە کە کاك ئیرەج مەبەستێتی . پاشان دێینە سەر ئەم مەبەستە.

## ئەمەریکا و ڕای گشتی خەڵکی ڕۆژئاوا

هاورێ ئیرەج سیاسەتی هێزەکانی ناسیۆنالیزمی کورد

بەرامبەر ئەمریکا و رۆژئاوا هەڵدەسەنگێنێ و بەتووندی دژی رادەوەستێ. ئەم مەسەلەیە، واتە مەسەلەی دژایەتی ئیمپریالیزم، کارێکی شۆرشگێرانەیە و ناکرێ لە رووی سیاسەتی چینایەتییەوە ئەم بنچینەی دژایەتییەی سەرمایەداریی جیهان سەبارەت بەکرێکاران هەرگیز فەرامۆش بکرێ. هەر لایەکی سیاسیش خۆی بەئۆردوگای ئیمپریالیزمەوە گرێبدات، هەڵەیەکی روو لە هەڵدێری سیاسی و ستراتیژییە. بەلاّم ئەو پرنسیپە رێ لەوە ناگرێ هەر حیزبێکی سیاسی بیەوێ مانۆری سیاسی لەسەر ئاستی جیهان بکا و سودیش لەو دەرفەتانە وەربگرێ کە ئەمرۆ لەجیهاندا هەیە. تەنانەت بینین و لێدوانی سیاسیش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کارێکە دەکرێ پەیرەوبکرێ.

کاك ئیرەج قسە لەوە دەکا کە نارەزاییەکی بەرینی کرێکاران و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازان دژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەبووە و دەڵێ: "لەسەرانسەری جیهاندا تەواوی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان دژی ئەمریکا نارەزاییان دەربڕی. زۆرێك لە یەکێتیە چالاکەکانی ئەمریکا بەرهەڵستی ئامانجە ئیمپریالیستیەکانی دەوڵەتی بۆشیان کرد. کرێکارانی بەندەری مارسی لەفەرەنسادا ئامادەنەبوون تفاقی جەنگ بۆ کەنداو باربکەن. دەیان هەزار خەڵکی فرانکفۆرت بەزنجیرەی مرۆیی پایگای ئەمریکایان گەمارودا، بەلاّم حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد لەعیرقدا خۆیان نەدایە باڵ ئەم ریزە جیهانیە، بەڵکو لەبەرامبەر ئەماندا لە ئۆردوگای بوش و مێجەر و تاتچەردا شوێنیان دۆزیەوە....".

لەدرێژەی ئەم باسەدا دەگاتە سەر ئەوە کەوا: "کرێکارانی بەریتانیا پێویستە لە بەرامبەر ئەم بزووتنەوەیە چ هەستێك پەیابکەن؟ یەکێتیەکانی کرێکارانی ئەمریکا کە بەرهەڵستی جەنگی بوشیان لەرۆژهەلاّتدا کرد، داخۆ چ داوەرییەك دەربارەی بزووتنەوەیەك بکەن کە لە کەناری دەوڵەتی ئەمریکا راوەستا؟".

جارێ پێویستە بڵێین، ئەگەر بەراستی لەسەرانسەری جیهاندا تەواوی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان دژیجەنگینی ئەمریکا نارەزاییان دەربڕیا، هەرگیز ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نەیاندەوێرا ئەم جەنگە بەرپابکەن. بۆیە پێمان وایە کاتێ کاك ئیرەج دەیەوێ قسەی خۆیبسەپێنێ بەشێوەیەکی گەورەتر لەبارستایی نارەزاییەکە، نارەزاییەکە یەکجار گەورەتر دەکا و دەڵێ: "تەواوی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان دژی جەنگی ئەمریکا نارەزاییاندەربڕی"، چونکە ئەگەر وابێ، واتە ئەگەر تەواوی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان نارەزاییان دەربڕیبێ، بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وێرایان سەرەڕای ئەو نارەزاییە جەنگەکە بەرپابکەن.

ئێمە پێمان وایە بەشێکی کەمی (بەڵێ کەم) بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی جیهانی دژی جەنگەکە بوون، بۆیە سەرانی سەرمایەداری جیهانی گوێیان نەدانێو جەنگیان بەرپاکرد. لە فەرەنسایەکی سەرمایەداری گەورەیجیهاندا کرێکارانی بەندەرێك، یان چەند کارخانەیەك یان هەزاران خەڵکی دیکەش ئامادەنەبوون تفاقی جەنگی باربکەن، هاوشانی ئەوان ـ بەداخەوە ـ ملیۆنەها کرێکار و ملیۆنەها وردە بۆرژوا و رۆشنبیر و کارمەند بێدەنگبوون یان پشتیوانی جەنگیان کرد؛ لە ئەمریکا کە یەکێتیە کرێکارییەکان بەرهەڵستی جەنگەکەیانکردووە، جگە لەوەی هەڵوێستەکە هێندە بەهێزنەبووە ئەمریکا لێی بترسێ، زۆربەی خەڵکی ئەمریکا دژی جەنگەکەش نەبوون، بەڵکو بەپێی تەتەڵەی (استفتاء) رۆژنامەکانیش زۆرینەی خەڵك، لەبەر ئەو بارە ئابوورییە شڵەژاوەی داگیرکردنیکوێت لە رۆژئاوا و ئەمریکادا خوڵقاندبووی، لایەنگری دەرپەڕاندنی رژێمی عیراق بوون لەکوێتدا. هەر ئەمەش شەعبیەتی جۆرج بوشی بەرزکردەوە. کەئەو خەڵکە بەژیانی سەرمایەداری جارێ راهاتبن و رازی بن، ئیتر چۆن زۆربەیان دژی سیاسەتی سەرمایەداری دەبن، بەتایبەتی هەستیانکردبێ داگیرکردنی کوێت باری ئابووری تێکداون. ئەگەر زۆربەی خەڵك دژی رژێمە سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا و ئەمریکا بن، لەنێو سەدەی رابردوودا شۆرشێك، راپەڕینێ بۆ سەرنگونکردنی یەکێ (ناڵێین هەموو) لەو رژێمانە بەرپادەکرا. دیارە نارەزایی و مانگرتنو ئاستەنگی ئابووری و کۆمەلاّیەتیش زۆرە، بەلاّم بەهێزە و هەتا ئێستا توانیویەتی بەسەر هەموویاندا زاڵبێ و بمێنێ.

لەگەڵ هەموو ئەو راستیانەش کە باسی دەکەین و زۆرترین مەبەستمان بابەتیانە باسکردنی نارەزاییەکانیشە، پێمان وایە شوێنی شۆرشگێرانەی هێزە رزگاریخوازە راستەقینەکان، بەرەی پێشکەوتنخوازی جیهانە و دژایەتی دەوڵەتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارە خوێنمژەکانە، هەرگیز ناشکرێ دڕندایەتی مێژوویی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی فەرامۆش بکرێ و ئێستاش تەفرەخواردن بەسیاسەتی دیموکراسی درۆزنانەیان، خەتایەکی خەتەرناکە!

ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر پەرەگرافەکە بیڵێین، کاك

ئیرەج زاراوەی (بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان)ی بەکارهێناوە بۆ دژایەتی ئیمپریالیزم ، واتە بزووتنەوەی گشتی پێشکەوتنخوازانە ...و خەباتی تایبەتی کرێکارانی کردۆتە نموونەی بەرهەڵستی ئیمپریالیزم و جەنگ . لێرەدا تەنیا هێندە دەڵێین ، کەواتە لەسەر ئاستی جیهانی سەرمایەداری ئیمپریالیزمیش دا تەنیا کرێکاران و کۆمۆنیستەکان دژی ئیمپریالیزم و جەنگی نارەوا نین و خەڵکانی دیکەش ، کەسەر بەچین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵن ، دەشێ پێشکەوتنخواز بن و دەشکرێ سوودی گەورەیان هەبێ . لەم پێوەندەوە لەووڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا ، دەبێ لەو چین و توێژە پێشکەوتنخوازانە هەبن و بشێن دۆستایەتیش بکرێن . تەنانەت چوارچێوەی هاوکاریکردنیشیان دەبێ دابگوترێ ، نەك هەموو چۆن یەك فتبکرێن . لێرەدا حەزدەکەین ئاماژە بەهەڵوێستی ئاڵای شۆڕش بکەین کە لە بەیاننامەیەك لەمەڕ جەنگەکە دەرکراوە و باسی ئەو بزووتنەوە پێشکەوتنخوازانە ئاوا کراوە:

" دژایەتی ئیمپریالیزم و فاشیزم بەهۆی کاریگەری ئابووری و سیاسی و مەترسییە کوشندەکانی جەنگیانەوە ، قووڵاییەکی جیهانی دەرکەوتووە و ئەو مانگرتن و خۆپیشاندانانەی ملیۆنەها خەڵکی جیهان پشتیوانییەکی گەورەی خەڵکی عیراقە کە هەق وایە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و کوردستانی لەبری پشت بەستن بە نەخشەکانی ئیمپریالیزم ، کێشەی دیموکراسی عیراق و کوردستان و کارەساتەکانی جەنگەکە بگەیەننە ڕای گشتی هەتا ئیمپریالیزم و ڕژێمی عیراق ناچاری ڕاوەستانی جەنگ و ژێرخستنی نەخشەکانیان بکەن ، پاشان خەڵکی عیراق و کوردستان بتوانن پشت ئەستوور بەو پشتیوانییە خەباتی ڕووخانی فاشییەکان و هێنانە سەرکاری کۆمارێکی دیموکراتی ئاسانتر سەربخەن" - بەیاننامەی (لەم جەنگەشدا چارەنووس لەمەترسیدایە) ، سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕش ٢ی شوباتی ١٩٩١ .

سەبارەت بەوەش کە کرێکارانی بەریتانیا و ئەمەریکا ، داخۆ دەبێ چ هەستێکیان هەبێ بەرامبەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیستەکان لەکاتێکدا سەرانی ناسیۆنالیستیان لەپاڵ سەرانی سەرمایەداری جیهانی بینیوە؟ پێم وایە ، کرێکاران لەلایەکەوە ئەو هەڵوێستە پێویستە کە هەیانبووە بەرامبەر جەنگەکەو ئەو هەڵوێستەشیان سەرمایەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانەیە بۆ ئایندەی خەباتی پەرەسەندوی کرێکارانی کوردستان و عیراق و تەنانەت کرێکارانی کوێت و کرێکارە کەمینەکانی ناو کوێتیش. لەلایەکی دیکەشەوە هەر خەتا و هەڵەیەك لەو پەیوەندییە سیاسییە کە لەتەك سەرانی سەرمایەداری و دەوڵەتانی ئیمپریالیستیشا لەلایەن سەرانی ناسیۆنالیستی کوردەوە کرابێ و ...بکرێ ، نابێ وا لە کرێکاران و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی ڕۆژئاوا بکا و ...بکرێ بەزیوان بن لەو یارمەتییەی داویانەتە گەلی کوردی چەوساوە ، بەڵکو دەبێ زیاتر هان بدرێن کەوا کۆمەك و یارمەتییان زیاتر بکەن ، چونکە ئەوان یارمەتی گەلەکەیان داوە نەك هی سەرکردایەتی ئەم یان ئەو حیزب . لێرەدا هەقمانە بپرسین کەوا دەبێ کرێکاران و پێشکەوتنخوازانی ئێران (ناشڵێین هەموو جیهان) هەڵوێستیان بەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چی بێ کە لە بەرامبەر تاوانەکانی کیمیابارانکردنی کوردستان و سەرنگوونکردنی سەدان هەزار کورد لە ئەنفالەکاندا ، نەك هەڵوێستی ڕەسمیی شۆڕشگێڕانەی نەبوو ، بەڵکو هەتا ئێستاش کە دوای ڕاپەڕینە ، حیزبی ناوبراو پەیوەندی سیاسی خۆی لەگەڵ ڕژێمی فاشی عیراقدا پاراستووە ، بەڵکو یارمەتی و کۆمەکیشی لێوەردەگرێ. دەڵێین ئەگەر بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران حەڵاڵ بێ لەگەڵ فاشییەکاندا پەیوەندی هەبێ ، ئەوا لایەنەکانی دیکەش لەڕووی ئوسوڵی سیاسیەوە بۆیان هەیە پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتە سەرمایەدارەکاندا هەبێ .

کاك ئیرەج لەکۆتایی ئەو بەشەی باسەکەیدا توندتر دەدوێ و دەڵێ : " ڕەوەندی ناسیۆنالیزمی خەڵکی کوردیان لەژێر بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە جوێکردەوە و خستیانە ڕیزی بەرامبەر ، داوەری هێزی پێشرەوەکانی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە بزووتنەوەیەك کە ناسیۆنالیزمی کورد لەعیراقدا نوێنەرایەتیکرد ، ناکرێ باشتربێ لەو داوەرییەی کە لە ئەنگۆلا و ئەفغانستان بێ کە یۆنیتا و موجاهیدینی ئیسلامی پێشەنگیانن ...تاد".

لەسەرەوەدا باسمانکرد کە کاك ئیرەج چەند بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی قەبەکردووە هەتا حوکمی خۆی بەسەر ناسیۆنالیزمی کورددا ئاسانتر بسەپێنی . ئەوا لێرەشدا وەکو تەواوکردنی ئەو حوکمە لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەگشتی ژەندۆتە زەلکاوی (یۆنیتا)کانی ئەنگۆلا یان موجاهدینی ئەفغانییەوە. جارێ بابڵێین کەوا یۆنیتا ڕێکخراوێکی سیاسی عەسکەری دەسکرد و ڕستکراوی موخابەراتی ئەمەریکایین و موجاهدینی ئەفغانیش بزووتنەوەی مەزهەبی تەواو عەیارن و دۆستی نزیکی ئەمەریکایشن ! پێمان وایە ئەو حوکم و داوەرییە قورسە و گوتارەکەی کاك ئیرەجی قۆقزکردووە ،

چونکە تەنانەت لەوپەڕی دۆستایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلولیش لەگەڵ ئەمەریکادا، هێشتا دوورە لەچواندنی بە یۆنیتا، چ جای بۆ ئێستا. من کە ئەم قسەیە دەکەم، بە هیچ شێوەیەک سیاسەتی پاشکۆیەتیکردنی ئەمەریکا و ڕۆژئاواش لەلایەن ڕێبەرایەتی هەندێ لە حیزبە ناسیۆنالیستەکانیش، گەر لەچوارچێوەی تاکتیکی و مانۆڕی سیاسی دەرچێ، هەرگیز نەک ناسەلمێنم، بەڵکو دژایەتی و دوژمنایەتیکردنیشی بە ئەرک دەزانم. بەڵام حوکمی پێش وەخت (یۆنیتا)یی دان بەسەریانا، پێم وایە پێ لێهەڵبڕینی ناوەختە، چونکە هەروەکو کەمێ لەمەوبەر باسمانکرد، ناچاری حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشی ناچارکرد پەیوەندی لەگەڵ فاشییەکانی عیراقدا ببەستن، دەکرێ ئێستا ناسیۆنالیستە کوردەکان، یان پێشکەوتنخواز و کرێکارانی کوردستان بەحیزبی ناوبراو بڵێن لەڕیزی موخابەراتی عیراقیدان؟ دیارە ناکرێ.

## ئەرکی کرێکاران و چەپ

کاک ئیرەج لەبەشی (ستەمی نەتەوەیی و بزووتنەوەی جەماوەرییدا) باس دێنێتە سەر پایەی کۆمەڵایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەڵوێست و سیاسەتییان لەڕاپەڕینەکەدا - شۆڕش! - لەم بەشەشدا سیاسەتی ناسیۆنالیزم و ئەمەریکا و هەڵەکانی ناسیۆنالیزم لەو ئاقارە سیاسییەی بەرەو ڕۆژئاوای کێش دەکردن، دووپاتکراوەتەوەو لایەنی زۆری بۆچوونەکان دروستن. هەموو دووپاتکردنەوەیەک لەسەر فەرامۆش نەکردنی ماهییەتی ئەمەریکا و زاڵی ئەمەریکا لە جیهاندا بەهۆی ئەم جەنگەوە، کارێکی شۆڕشگێڕانەی پێویستە، چونکە جگە لەوەی ژاوەژاوێکی سەرمایەداری کەم وێنە لەجیهاندا بۆ دیموکراسی دڕۆزنانەیان هەیە، ئەمڕۆ بە حوکمی نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەرینی کرێکاران و پێشکەوتنخوازان و نەبوونی ناوەندێکی ڕێبەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە، زۆربەی خەڵکی سادە و دوور لە ئەندێشەی شۆڕشگێڕان، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ڕۆشنبیر و (چەپاوییەکانیش!) کەوتوونەتە ژێر کاریی ئەو ژاوەژاوەیە و بە شنەی لافی مافی مرۆڤی ئەمەریکایی.. دەشنێتەوە. بۆیە نەک هەر ئەرکێکی سیاسی، بەڵکو ئەرکێکی ئەخلاقیشە، ئەو درۆ و دەلەسە ئیمپریالیستییە لەمەڕ دیموکراسی ڕاستەقینە ڕیسوابکرێ، بەڵام لێرەدا شایانی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە بگوترێ:

دژایەتی دیموکراسی دڕۆزنانەی زاڵی ئێستا ئەرکێکی دیموکراسی بەرینی هەموو پێشکەوتنخوازانی جیهانە (نەک هەر کۆمۆنیستەکان)، تازە دوای ڕووداوەکانی شورەوی و دەرۆپشەکانیان، چیدیکە کۆمۆنیستەکان ناتوانن بەبێ بەرنامەی سیاسی- دیموکراسی فراوان کەلەگەڵ خواستی فراوانی هەست و هەڵوێستی دیموکراسییانەی زۆرینەی خەڵک - خەڵکی جیهان - بسازێ، شۆڕشی سۆشیالیستی بکەنەوە پێناوی کرێکاران. بۆیە بەلاف لێدانی دیموکراسی سەرمایەداری نەک ناکرێ دیموکراسییەت لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بەقووتا ببرێ، بەڵکو دەبێ زۆر دیموکراسیانەتر باس لە دیموکراسیەت بکەن و پەیڕەوی ڕاستگۆیانەشی لێبکەن، ئینجا کۆمۆنیستەکان دەتوانن سیمای دیموکراسی سەرمایەداری بەتاڵ بکەنەوە.

لەم باسەدا کاک ئیرەج دەڵێ: "دیسان ئاشکرایە کە کرێکاران و خەڵکی کوردستان دەیانتوانی سەربەخۆ لە ڕەوەندی ناسیۆنالیستی کورد، بزووتنەوەی ڕەوایان لەهەر زەمانێک کە بەرەخساوی بزانن، بەرپابکەن، بەڵام ئەوەی ڕوویدا وا نەبوو".

ئەم بۆچوونە دەبێ بکرێتە دوو بەشەوە و هەر بەشێکی بەجیا هەڵسەنگێندرێ. یەکەمیان کرێکارانی کوردستانە و دووەمیشیان خەڵکی کوردستانە. ئاشکرایە کە کرێکاران چینێکی سەربەخۆ دەگەیەنن و خەڵکیش باقی خەڵکەکەیە، واتە خەڵکی پێشکەوتنخواز لە خەباتی گەلاندا دەگەیەنن. کاتێکیش کاک ئیرەج دەڵێ دەیانتوانی سەربەخۆ و دوور لە ڕەوەندی ناسیۆنالیستی کورد و بزووتنەوەی ڕەوایان لە زەمانی ڕەخساویاندا بەرپابکەن، دەبوو بۆ خوێنەری ڕۆشن بکاتەوە بۆ بزووتنەوە سەربەخۆیە کرێکاران وەکو کرێکاران و خەڵکیش وەکو خەڵک لەپێناوی چیدا بەرپای بکەن. ئەگەر قسە لە شۆڕشی سۆشیالیستییە دەبوو ڕوون بکرێتەوە، خۆ ئەگەر قسەش لە شۆڕشی سۆشیالیستی نییە، هەر دەبوو باس بکرێ. پێمان وایە، کرێکاران کاتێ دەتوانن کوتومت بزووتنەوەی سەربەخۆیان بەرپابکەن کە ئیتر خەباتی چینایەتییان لەبەرامبەر ناسیۆنالیزم و بۆرژوادا سەرەنجامی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان گەیشتبێتە ڕادەی زەرووڕەتی مێژوویی، کە وا نەبێ، کەواتە ئەو بزووتنەوە سەربەخۆییە دژوارە ڕوو بدا. ئارەزووی تیۆری بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاران پێک ناهێنێ. هەموان دەزانین کە کرێکارانی کوردستان وەکو هەموو خەڵکی کوردستان، جگە لە چەوسانەوەی چینایەتی، چەوسانەوەی نەتەوایەتیشی دەسەپێتە سەر.

بەهۆی ئەم چەوسانەوە دووفاقییەشەوە، کرێکاران ناتوانن دوور لەهەستی نەتەوایەتی و خەباتی ڕزگاری گەلەکەیان، بزووتنەوەی سەربەخۆی ڕەوا بەرپابکەن.

کە دەگوترێ کرێکاران دەیانتوانی بزووتنەوەی ڕەوای سەربەخۆ بەرپابکەن، هەروەکو ئەو بزووتنەوەیە کارێکی ئاسان و ئاسایی بێ و کەی کرێکاران بیانەوێ چاکی لێ هەڵدەکەن. ڕاستییەکەشی وانییە، خەباتی سیاسی سەربەخۆی کرێکاران هەر کاتێ زەمانی سەربەخۆیی بڕەخسێ، ئیتر بەشێوەیەك دەتەقێتەوە کە ناسیۆنالیزمی کورد ناتوانێ ڕێی سەربەخۆیی لێ بتەنن، چونکە هێندە ناسیۆنالیزم لاوازدەبێ ئەسلەن توانای بەربەرەکانی نەمابێ، بیشیکا، بەئاسانی تێکدەشکێ. بەڵام ئێستا لەکوردستاندا وانییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هیچ میللەتێ لەسەر ئەرز بە ئەندازەی کورد لەکوردستاندا مەترسی لەناوچوونی نەبوەو نییە. بۆیە شتێکی ڕەواشە بزووتنەوەی ڕزگاری ئەم میللەتە بۆ ڕزگاری و دیموکراسی هەتا وەرگرتنی مافی چارەنووس جۆش بخوا. کرێکارانیش، سەرەڕای هەلومەرجی تایبەتییان لەڕووی چینایەتییەوە لەگەڵ کرێکارانی ئەو لاتانەی لەگەڵیاندا ئابووری هاوبەش و خەباتی هاوبەش و باری مێژوویی و سیاسی و کۆمەلایەتی هاوبەشیشیان هەیە، ناتوانن دوور لەم خەباتە ڕزگارییە هەڵوێستی سەربەخۆ وەربگرن، ڕەنگە ئەگەر شۆڕشی سۆشیالیستی، جیهان و ناوچەکەی تەنیبێتەوە و سۆشیالیزم لە زۆربەی وڵاتاندا سەرکەوتووبێ، خەباتی نەتەوایەتیش بچێتە قالبی دیکەوە، بەڵام کەوانەبێ، حەتمەن نەکورد و نەهیچ میللەتێکی دیکە خەباتی ڕزگارییان حەواڵەی ئایندەی جارێ شۆڕشی سۆشیالیستی زەمانی سەرکەوتنی نەزانراو ناکەن. ئەگەر مارکسییەکان بچنە خەلوەتی ئەو شۆڕشە سۆشیالیستییەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خەباتی ڕزگاری گەلەکەیان پەکی دەکەوێ، بەڵکو پاش ماوەیەك ئەگەر شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی نەتەنیبێتەوە، مارکسییەکان مەگەر ئەشکەوتی خەلوەتی تیۆرییان بکەنە کۆمەڵی کۆمۆنیستی! ئەوەتانی خەباتی کورد، بلوج، ئازەر، ئەرمەن، تامیل، فەلەستین، کرواتیا، تەنانەت دەولەتانی بالتیك و باقی میللەتانی ناو شورەوی و چیکۆسلۆڤاکیا، بەڵکو هی باسکەکانی ئیسپانیا و ئێرلەندییەکانی بەریتانیا و ئەفریقاش هەتادی پەرەدەسەنن.

کێشەی نەتەوایەتی، سەرباری پێشکەوتنی زۆری سەرمایەداری لەجیهاندا!، لەو شوێنانەی شایەنی دیموکراسییان نەزانراوە، وەك پرۆسەیەکی مێژوویی، هەتا دەورەی کۆمەلایەتی خۆی بە تەواوی تەواونەکا، ستەمە ڕابوەستێ. واتە، هەموو نەتەوەیی کەسەرەتاکانی لەدایکبوونیان پێکهاتبێ و بەرەبەرەش گەشیان کردبێ، سەرەڕای سەرکوتانی دڕندانەشیان، هەتا کامڵ دەبن، بەردەوامی خۆیان دەپارێزن. مەگەر گەلێك هیچ جۆرە ستەمێکی نەتەوایەتی لەسەر نەبووبێ و دەسکەوتی سیاسی زۆریشی دەرابێتێ، ئینجا لەناو سیستەمێکی سەرمایەداری پێشخراودا تواپێتەوە.

کاك ئیرەج خۆی کە دەڵێ: " بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاران و... خەڵك "، لەو خەڵکە حەتمەن مەبەستی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە، بەڵام وەکو پێویستە دانی پیانەناوە. کە دەڵێ: " کرێکاران و زەحمەتکێشان دەیانتوانی لە(هەر زەمانێك بەرەخساوی بزانن)بزووتنەوەی سەربەخۆیان بەرپابکەن"، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا کاك ئیرەج بەپەسەندی نەزانیوە کرێکاران و زەحمەتکێشان لەم ڕاپەڕینەدا بەشداری‌بکەن، چونکە بەلایەوە ـ شۆڕش ـ بووە. پێیان وایە، هەر هۆیەکی تیۆری و سیاسی و عەسکەری هاندەری وەها بۆچوونێك بووبێ، کاك ئیرەجی بە هەڵەیەکی گەورەدا بردووە. چونکە ئەگەر ڕاپەڕینەکە سەریش نەکەوتبێ، ئەگەر سەدان تاوانی تالانی و بێ مروەتیشی تیاکرابێ، ئەگەر بشبێتە مایەی بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیش، ئەوا ناکرێ دەسکەوتە گرنگەکانی ڕاپەڕین فەرامۆش بکرێ کە هەرە گرنگیان: ١- ڕیسوابوونی فاشییەکان و تێکشکانی هەیبەت و هەژموونیانە، ٢- نەهێشتنی مەترسی توانەوەی کوردە، ٣- ڕەواندنەوەی مۆتەکەی فاشییەتە لەبەر خەباتی چینایەتی و دیموکراسی سەراپای عیراق، ٤- هەلوەشانەوەی دام و دەزگاکانی بیست ساڵەی ڕژێمە، ٥- دەستکەوتنی ملیۆنەها بەڵگەی فاشییانەیە، ٦- ئەزموونی خودی ڕاپەڕینە...تاد.

ئیتر چۆن دەکرێ ئەو دەسکەوتانە بەگرنگ نەزانرێن و کرێکاران و زەحمەتکێشانی لێ بێبەش بکرێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە... بەشداریان لەم ڕاپەڕینەدا کردووە باس‌کرێن و بشکرێنە بنەمایەك کە هەموو لایەنە چەپەکان بزانن چۆنیان لە هەڵە و سیاسەتە چەوتەکان جویدەکەنەوە.

کاك ئیرەج لە درێژەی باسی ڕۆڵی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بۆ چۆنییەتی بەرپاکردنەوەی بزووتنەوەی سەربەخۆیان، دوای ئەوەی کەمێ لەسەر دەسکەوتی خۆرسکی داخوازییە بنەڕەتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان وەکو هەموو تاقیکردنەوەکانی مێژوویی دەڕوا، دێتەوە سەر

ئەسڵی ڕەخنەکانی و دەڵێ: "دەستپێکردنی (شۆڕش) ی شارەکانی کوردستان ، خێرا پەرەسەندنی و گەیشتنە بن بەست و لێکترازانی . هەموو لەگەڵ نەخشە کێشراوەکانی حیزبە ناسیۆنالیستەکان دەربارەی ڕێوشوێن و توانای سەرکەوتنی حەتمییەتی شکانیشی ، چووە پێش. ئەمڕاستییەش بەسە هەتا دەریخا کە ئاستی سیاسی ناسیۆنالیستی کورد دەسەڵاتی بێ‌نەیاری لەبزووتنەوەی ئەم دواییەی‌کوردستاندا هەبووە".

تەنیا هێندە دەڵێین کەوا ئەگەر ناسیۆنالیستی کورد بەڕاستی ئاوا بەهێز و بێ‌نەیاربن ، کەواتە وێڕای بوونی چەپ و خەباتی چینایەتی ، هەر زاڵ‌دەبن. بەڵاملێرەدا پێویستە هەندێ مەسەلە ڕوون‌بکرێتەوە ، هەتا ئەو گێروگرفتانە باشتر ساغ بکرێتەوە : جارێ ئەگەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بوونی بابەتی بەهێزی نەبێ ، حیزبە ناسیۆنالیستەکان ناتوانن بەئاسانی لەناویا قەڵەوببن . کەواتە بوونی بابەتی بزووتنەوەکەیە و نەبوونی بەرنامەی دیموکراسی رادیکالی کرێکارانیشە لەناو بزووتنەوەکەدا وا دەکا هێزە ناسیۆنالیستەکان ، سەرەڕای جۆرەها بەزین و شکستیان ، لەدوای ئەنفالەکانیشدا کەدووچاری نسکۆ هاتبوون ، بێنەوە مەیدان و زاڵیش ببنەوە .ئەسڵەن حیزبە ناسیۆنالیستەکان پێش ڕاپەڕین بەرنامەیان بۆ ڕاپەڕین بەو شێوەیەی ڕاپەڕین بەرپابوو، هەرنەبووە هەتا هەموو شتێ بەپێی نەخشەکانی ئەوان کەوتبێتەوە. بەڵام کە لە بەرامبەریاندا نەخشەی شۆڕشگێڕانەی پێویست نەبووبێ و مەیدانەکە بابی زاڵبوونەوەی ناسیۆنالیزم ئاوەڵە بووبێ ، دیارە ئەوانیش بەئاسانی هەلەکانی دەقۆزنەوە .

سەبارەت بە دەسەڵاتی بێ‌نەیاریش، ئەمەیان ڕاست و دروستە، بەڵام گرنگتر لەمە پێویستە سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە بزانرێ کە خەڵک دوای ئەنفالەکان، نائومێدی بە خەباتی چەکداری و ڕێبەرانیان لەناودا زاڵببوو، لەوەو پێشیش جۆرەها ڕێکخراوی کرێکاری چەپ بەساڵەها هەبوون: کار ، کارگەران ، بەرزە، دەستەی پێشڕەو ، کۆمۆنیست ، ڕەوتی کومونیست، ئاڵای شۆڕش، هەموویشیان لەشار و شوێنە دوورە دەستەکانی هێزی خەڵکدا تێدەکۆشان . بەشێ لەوانە وەکو بلقی کەفاوی بانێوی حەمامی (قۆنتەراتچی و زەرەنگەرە) دامەزرێنەکانیان هەڵتۆقین و نەمان ، ئەوانەی ماویشن ، بەداخەوە لەو ساڵانەدا ، چ بەهۆی کارەساتەکان و چ بەهۆی هەڵەی تیۆری و سیاسی و ڕێکخراوەییەوە، هیچ نەبێ نەمانتوانی بەرنامەی سیاسی باشیش بۆ ڕاپەڕین و مەسەلە دیموکراسییەکان دارێژین ، کە پێمان وایە هەتا هەنوکەش ئەو هەلانە ماون و ئەم گوتارەی هاوڕێ ئیرەجیش هەڵەکان قووڵ دەکا و کەمی ناکا .

لەکۆتایی بەشەکەدا کاک ئیرەج باس لە بەرنامەی لیبراوی کرێکاران بەرامبەر ناسیۆنالیستەکان دەکات ، هەتا بتوانن سوود لە دەسکەوتە ئیجابییەکانی ڕووداوەکە وەربگرن . هەڵبەتە هەڵوێستی چینایەتی لیبراو ئەرکێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانەیە و هەر دەشبێ ئاڵاهەڵگرانی ڕاستگۆی کرێکاران سووربن لەسەری . بەڵام بۆ ئەوەی خەباتی کرێکاران ، هەروەکو کاک ئیرەج دەڵێ نەبێ بە "دووکەڵ و با نەیبا ، یا لەسبەی ڕۆژی سەرکەوتنی ناسیۆنالیستەکاندا زەوتدەکرێ و لەدژی خۆیان دەخرێتە کار". بۆ ئەوەی ئەو کارەساتانە ڕوونەدا ، پێویستە لەم سەردەمەشدا کۆمۆنیستەکان بەرنامەی دیموکراسی‌خۆیان بۆ ئەرکە دیموکراسیەکان و کێشەی نەتەوایەتی ڕۆشن بکەنەوە دەنا وا نەکەن ، هەق وایە هەقیان بەسەر ناسیۆنالیزمەوە نەبێ هەتا قۆناغی ناسیۆنالیستانەیان دەبڕن ، لەوە بەدوا کۆمۆنیستەکان بکەونە کار!!

## ئەلتەرناتیڤی سۆشیالیستی

هاوڕێ ئیرەج دوابەشی گوتارەکەی لەبەشی "ئەلتەرناتیڤی سۆشیالیستی لەکوردستاندا" کۆتایی‌دێنێ و سەرەتا دەڵێ : "سۆشیالیزم لەکوردستان ناتوانێ بە ڕەخنەلێگرتنی کەم و کورییەکانی ناتەواوی ناسیۆنالیزم بکا و بەس ، یا ئەگەر وایکرد بەڕاستی سۆشیالیزم نییە ، بەڵکو هەر بەو چەشنەی لەجیهاندا باوبووە،ناسیۆنالیزمێکی چەپە لەبەرگی سۆشیالیزمدا ، سۆشیالیزم تەنیا دەتوانێ بەتەواوەتی لەرێگەوە بەرەنگاری ناسیۆنالیزم بێتەوەو پەردە لەسەر دژایەتیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، هەڵماڵێ. لەڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانی عیراقدا سیاسەتی سۆشیالیستی‌غایب بوو".

ئەم دەقە ، دڵسۆزانە بۆ کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی هاوپەیمانیان دارێژراوە و هەستدەکرێ هاوڕێ ئیرەج بەرۆشی سیاسەتی سۆشیالیستی کوردستانە، دەشتوانین بڵێین بەشێ لە قسەکانی ڕاستیشن، بەڵام دیسان جۆرێ لە بێ‌لێهەڵبڕینی تیابەدی‌دەکرێ کەدەکرا وانەنووسرێ.

جارێ دەربارەی سۆشیالیزم لەکوردستانا یان بڵێین پێناوانی سۆشیالیزم زۆرگرنگە و ناکرێ لاڤی‌سۆشیالیستی

لێدرێ و لەبەرامبەر سەدان هەڵە و خەتای ناسیۆنالیزمدا بێدەنگ بن ، یان چەپەی چەپایەتیت هەبێ وهەڵوێستی شۆڕشگێڕانەت نەبێ ! لەم ڕاپەرینەشدا دوو هۆی سەرەکی هەن کە سیاسەتی سۆشیالیستی وەکو پێویست نەیتوانیوە بێتەئارا (نەك غایب بێ) : **یەکەم/نەبوونی بزووتنەوەیەکی چینایەتی بەهێزە ، دووەمیشیان/ نەبوونی حیزبی پێشڕەوی کرێکارانە، بەڵکو بەرنامەی سیاسی هاوبەشی گرووپە چەپەکانیشە**. سەرەڕای ئەوانەش، پێمان وایە سیاسەتی سۆشیالیستی هێندەی لەناو ڕاپەڕیندا هەوڵی بۆ دراوە، هەبووە نەك (غایب) بووە. واتە سۆشیالیستەکان هاتوونەتە ئەزموونگای خەباتیان ، بەڵام وەك پێویست لێهاتوو نەبوون . جیاوازی لەنێوان لێنەهاتن و (غایب)دا هەیە. کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە سیاسەتی سۆشیالیستی بۆ ڕاپەڕین و سەرخستنی ڕاپەڕین ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە :

١- کۆمیتەکانی ڕاپەڕینیان دروستکردووە ٢- شوراکانیان پێکهێناوە ٣- چوونەتە ناو کرێکاران ٤- دروشمو سیاسەتی چینایەتیان بڵاوکردۆتەوە ٥- نەچوونەتە ژێر باری فشاری ناسیۆنالیستەکان ٦- ململانێیان لەگەڵ کردوون ٧- کۆبوونەوەیان کردووە و کۆڕیان گرتووە و خۆپیشاندانیان ڕێکخستووە. ئەوانە نێکرا، بەڵکو زۆرتریش کراون ، ئەگەرچی هەڵە و توندڕەوایەتیش ڕوویداوە. هەموو ئەوانە دەچنە خانەی (غایب) یەوە؟!

ئەو ڕەخنانەی هاورێ ئیرەج لەمەڕ چەپ ، دەکرا بەشێوەیەك دارێژرابا کە ڕۆحیەتی خەباتی چەپەکان باشتر بینابکات ، نەك چەپەکان ئازاربدات . بۆ نموونە، لە ژمارە(١٦)ی "کارگرازوز"دا ، واتە دوو ژمارە دوای ژمارە (١٤) کە کاك ئیرەج ڕەخنەکەی گرتووە، هاورێ (مظفر محمدی) لە گۆتاری " تحولات کردستان عراق و درسهای آن " لەسەر هەمان بابەت ڕەخنەیەکی گرتووە کە قابیلی قبووڵکردنە و دەڵێ : " کورتیەکەی ئەوەی کەزەحمەتکێشانی کوردستان ، سەرەڕای هەوڵیان بۆ ویستی خەڵکی لە شێوەی شورا و بەرزکردنەوەی دروشم و داخوازی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران کە لەشوێنی خۆیاندا چاك و مایەی خۆشبەختیە و دەبێ ئەزموونەکانی تاوتوێ بکرێن ،نەیانتوانی لەڕووی سیاسیەوە لەدوورپانێکی گرنگ و مێژوویدا خۆیان لە ناسیۆنالیزم جیابکەن و دەربخەن ، ئەگەر ئەم کارە کرابا ، بزووتنەوەی خەڵکی سەدقات دەبوو. .تاد".

بەراستی ڕەخنەی ئاوەها ، دەبێ گوێی لێ بگیرێ ، نەك ڕەخنەی بەرزەفڕی چەپ ئازاردەر.

هاورێ ئیرەج مەبەستی سۆشیالیستانەی بەم شێوەیەی خوارەوە باشتر ڕۆشن دەکاتەوە :" سیاسەتی سۆشیالیستی نەیدەتوانی تەنیا بە دەستپێکی (شۆڕش)ی خەڵکی و جەنگ دژی دەوڵەتی ناوەندی دەست پێبکا . نەیدەتوانی و نەدەبوو تەنیا بە پەردەهەڵماڵین لەسەر ژمارەی هەڵەکانی ناسیۆنالیزم لەمەڕ پارێزگاری لێکردن ڕابوەستێ. سیاسەتی سۆشیالیستی تەنیا پشوودرێژی زیاتر لەسەر لابردنی ستەمی نەتەوایەتی نییە، بەڵکو لە بنەماوە پشت بەستنە بە بەرژەوەندی جیاواز . سیاسەتی سۆشیالیستی لە بەرژەوەندی نێونەتەوەیی چینی کرێکارانەوە دەستپێکردنە . سیاسەتی سۆشیالیستی لەکوردستان تەنیا لەم چوارچێوەیەدا ، واتە لە بۆتەی خەباتی لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارانی جیهانەوە، دەتوانێ خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی بەشێوەی واقیعی، واتە لە گۆشەی بەرژەوەندی زۆرینەی کرێکار و زەحمەتکێشی میللەتی کوردەوە ، ڕێ بدۆزێتەوە ".

بێگومان ئەمە ئەرکی ستراتیژی کرێکارانی جیهانە ، ئەرکێکە ناکرێ هەڵوێستی کرێکاران بن، دابڕدرێ لەو ستراتیژە . مەسەلەی نەتەوایەتیش لەو مەسەلە دیموکراسییانەیە کە کرێکاران وەك چینێکی شۆڕشگێڕ کە باوەڕی بە شۆڕشی سۆشیالیستی و ئینتەرناسیۆنالیزمی پڕۆلیتاری هەیە ، دەبەسترێتەوە بەو ستراتیژە جیهانییەی کرێکارانەوە. بەڵام داخۆ ئەم ستراتیژە جیهانییە ئەوە دەگەیەنێ کە کرێکاران هەلومەرجی لەباری وڵاتیان بۆ ڕاپەڕین دژی ڕژێمێکی فاشیست و دیکتاتۆر و لەپێناو دیموکراسی و ئازادیشدا دوابخەن هەتا هاتنەپێشی دۆخی شۆڕشی جیهانی کرێکارانی جیهان ؟ بێگومان نەخێر . ئەگەر حیزبی کرێکاران ڕاپەڕین لەکاتی خەملینی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا دواش بخەن، ڕاپەڕین هەر دەتەقێتەوە و ئەوسا دەبێ ئەو حیزبە لەدوورەوە خۆی بۆ شۆڕشی ئاخرزەمانی سۆشیالیستی سازبدات و بێبەش دەکرێ لە دەسکەوتێکی زۆری دیموکراتی .

ڕاستیشە کە سیاسەتی سۆشیالیستی تەنیا پشوودرێژی بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی نییە ، بەڵام لابردنی ئەو ستەمەش بەشێکە لە ئەرکە دیموکراسییەکانی کرێکاران. هەرگیز مارکس و ئەنگلز و لینین شانی کۆمۆنیستەکانیان لەژێر ئەرکە

دیموکراسی و میللییەکان نەکێشاوەتەوە و هەمیشە بڕیار و بەرنامەیان بۆ کێشەی نەتەوایەتیش هەبووە .

کاکە ئیرەج لە کۆتایی باسەکەیدا زۆر جوانی دەڵێ کەوا : " سیاسەتی سۆشیالیستی ئەگەر بیویستایە لە (شۆڕش)ی ئەم دواییەی شارەکانی کوردستان نەخشەی سەربەخۆی هەبێ ، دەبوو لە دەستپێکی قەیرانی کوێتەوە ، واتە هەر ئەو کاتەی حیزبە ناسیۆنالیستەکان پایەی بزووتنەوەی خۆیان داکوتا ، دەستیان پێکردبا" . ئەم بۆچوونە زۆر دروستە ، بەڵام لێووردبوونەوەش هەڵدەگرێ .

کاکە ئیرەج باسی نەخشەی سەربەخۆیی سۆشیالیستی کوردستان دەکا ، دەبوو ڕۆشنی کردبا ئەو نەخشەیە لەناو ڕاپەڕیندا چییە و لەپێناو چیدایە؟ئێمەش لەم بارەیەوە دەڵێین : لەجیهان و عیراق و کوردستاندا ، لەکاتێکدا ڕاپەڕین دژی فاشییەکان تەقییەوە :

- شۆڕشی سۆشیالیستیو بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالستی پاشەکشەیکردووە و سەرمایەداری بەتەواوەتی زاڵە؛
- جارێ بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیزم نەژیاوەتەوە و ناوەندێکی متمانەپێکراویشی نییە !
- لەعیراقدا خەباتی کرێکاران نەبووژاوەتەوەو حیزبی کرێکاران نییە ؛
- لەکوردستاندا زەمینەی بزووتنەوەی کرێکاران نەرەخساوە؛
- ڕێکخراو و گرووپە چەپەکانیش وەکو لەناو کرێکارانەوە کوت و مت هەڵنەقوڵاون ، لەسەر لایەنی کەمی بەرنامەی سیاسی هاوبەشیان هاوئاهەنگ نین .

باشە . . . لەحاڵەتی وادا کە کرێکاران لە هەموو بارێکەوە دووچاری تەنگوچەڵەمەی ڕێکخراوەیی ، سیاسی ، تیۆری و ئایدیۆلۆژی قووڵ هاتبن ، ئیتر چۆن سۆشیالیستەکان دەتوانن ئەو نەخشەیەیان هەبێ کە ناسیۆنالیزم بۆ خۆی دوای شکست هەیبووە . ئەگەر مەسەلەکە نەبوونی خەباتی بەرینی کرێکاران نەبێ ، ئەگەر نەبوونی حیزبی پێشڕەو نەبێ ، ئەگەر نەبوونی بەرنامەی سیاسی هاوبەش نەبێ ، ئەوە چۆن ناسیۆنالیستەکان دوای تێکشکان و نسکۆ ، دوای ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانیان بەرەو هەندەران هەڵدەهاتن و نەفرەتیان لەڕۆژی ڕەشی دوای نسکۆی خۆیان دەکرد ، توانیان بەسانایی بێنەوەو زاڵیش ببنەوە . بەڵێ هاوڕێ ئیرەج ! سیاسەتی سۆشیالیستی بۆ عیراق و کوردستان ( نەک هەر کوردستان ) بیری وورد و بڕیاری بابەتی دەوێ ، هەنگاوی عەمەلی و سیاسەتی ڕادیکاڵانەی دیموکراسیوسۆشیالیستی دەوێ ، ئەوسا مەگەر سۆشیالیستەکان خۆیان بگرنەوە و بکەونە بەرەنگاری سۆشیالیستانە .

**لەکۆتاییشدا دەڵێم :**

ڕەخنە لەنووسەرێک کە لەزیاندا نەمناسیبێ ،هاندەرەکەی تەنیا ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانە . ئەو ڕاستییانەی لە کوردستان و عیراقدا ڕەنگە ئەوانەی لەناویا ژیاوین و دەژین ، باشتر دەرکی پێبکەین . بەهیوای ئەوەی بە هەمووان بتوانین کەند و کۆسپەکانی بەردەم خەباتی کرێکاران ڕامالێن و فریای شۆڕشی سۆشیالیستی بکەوین ، کە حەتمەن ئەو شۆڕشە زووبێ یان درەنگ ، وێڕای گرفتە گەورە و کچکەکان ، وێڕای پەلاماری بێوێنەیسەرمایەداران و کۆنەپەرستان ، هەر بەرپادەبێ و . . .سەریش دەکەوێ .

١٩٩١/٩/١٦

---

* ئەم بابەتە لە ژمارە ( ٨ ، ٩ )یئەیلول ، تشرینییەکەمی " ئالای شۆڕش " دا بلاوکراوەتەوە .

یادی یەکەمین ساڵەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی خوارووی کوردستان

مونەیەد ئەحمەد

# ئێستای عێراق ، کێشەکان و ململانێ ی لایەنەکان

**١- ڕۆژئاوا و ناسیۆنالیزمی عەسکەرتاری عەرەب :**

ڕەوەندە ئابوورییەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداریی هاوچەرخ ، چ لەڕووی نێونەتەوەیی بوونی هەرچی زیاتری سەرمایەوە و چ لەڕووی ئاڵوگۆڕێك کەبەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی ماددیدا هێنراوە لە زیادبوونی بەرهەمداری کار و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا ، ئەو بناغە مادییانەن کە سەرمایەداییی جیهانی هاوچەرخ لەسەریانەوە پەرەیداوە بە ناکۆکییە ڕیشەییەکانی خۆی وەك سیستەمێکی چینایەتیو ، مەسەلە و کێشەی ئابووری و سیاسی جۆراوجۆریشی هێناوەتە پێشەوە بۆ سەرمایە کە لەسەر ئاستی جیهان دەبێ وەڵامیان بداتەوە.

سەرمایە وەك پەیوەندێکی ناکۆکی چینایەتیو ڕاوەستاو لەسەر چەوساندنەوەی هێزی کار و بەتاڵان بردنی زێدەکاری کرێکار بەشێوەی زێدەبایی ، لەڕێچکەی بزووتن و پەرەسەندنیدا ناتوانێ جەنگی نێوان توێژەکان و بەشەکانی خۆی لەسەر ئەو تاڵان و برۆیەی زێدەکاری کرێکاران بوەستێنێ . مێژووی واقیعی سەرمایە ، مێژووی بەتاڵانبردنی زێدەکاری کرێکاران و جەنگی نێوانتوێژەکان و بەشەکان و قەوارە میللی و چەند میللەتیەکانی خۆیەتی لەسەر ئەم زێدەکارە و بەتاڵانبردنی . هەر پەرەسەندنێکی سەرمایەداریش یانی توندوتیژکردنەوە و بەرینترکردنەوەی هەمان ئەم تاڵان و برۆیە و ئەم چەوساندنەوەیەی هێزیکار و هەمان ئەم ناکۆکیانە. ڕەوەندێك لەئاڵوگۆڕێ کە جیهانی سەرمایەداری ئەمڕۆی گرتۆتەوە ، وەڵامی لایەنە بنەڕەتیەکانی دەرگیر بەم ناکۆکیانە ، کە لەدواشیکردنەوەدا وەڵامی هێزە چینایەتیەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دەروونی ئەم سیستەمە چینایەتییە جیهانیەیە .

بەشکستی بلۆکی بەناو کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵات و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ، جیهانی سەرمایەداری پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە و بوار ڕەخساوە ئەو ناکۆکیانەی وا لەدەروونی پەرەسەندنی سەرمایەداری جیهانیدا گەشەیانکردبوو بەرجەستەتر بێنە دەرەوە و ، بواربکرێتەوە کە تەواوی ئەوەی تادوێنێ لەچوارچێوەی ئەم دوو قوتبییەدا جێگە و ڕێگە و بابەتێتێکی هەبوو ،بکەوێتە بەردەم پرسیار و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و کێشە و مەسەلەی تازەیش سەرهەڵبدەن . قۆناغێك کە ئەمڕۆ جیهانی سەرمایەداری بەسەری دەبات ، قۆناغی بەرزبوونەوە و وەڵام وەرگرتنی کێشە و مەسەلە ڕیشەییەکانی سەرمایەدارییهاوچەرخ و قۆناغی توندوتیژبوونەوە و بەرینتربوونەوەی ناکۆکیەکانی ئەم سیستەمە چینایەتیەیە . گرنگترین و هەمەگیرترین کێشە و مەسەلەیەك کە سەرمایەی جیهانی لەم قۆناغەدا دەیەوێت ساغی بکاتەوەو جیهانی تێیپێچی لەدەوری ئەم ساغکردنەوەیە ، کێشە و ناکۆکیەکانی خودی جیهانی ڕۆژئاوایە . زەمینی مادی ئەم ڕاپێچەی جیهان لە دەوری ساغکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی ڕۆژئاوا ، یانی مەڵبەندە سەرەکیەکانی سەرمایەداری جیهانی ، یان ڕوونتر بڵێین وڵاتە ئیمپریالیستیە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان ، پەیوەندی هەمەلایەنی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵییە لەسەر

ئاستی جیهان و دەسەڵاتداریێتی ئابووری و سیاسی سەرمایەیە لەتەواوی وولاتانی جیهاندا .

ئەمڕۆ بلۆکێك بەناوی بلۆکی ڕۆژئاوای جاران، وەك قوتبێکی ئابووری و سیاسی و عەسکەری و هەروەها ئایدیۆلۆژی ، لەجیهاندا بابەتێتی نەماوە و ڕەوەندی هەلوەشانەوەی و بەرجەستەبوونەوەی ناکۆکییەکانی وەك قوتبێك لەهەموو ئەو لایەنانەدا دەستیپێکردووە. جوگرافیای ئابووری و سیاسی ئەورووپا بەهۆی تێکڕمانی بلۆکی ڕۆژهەلاتەوە گۆڕاوە ، ئەورووپای ڕۆژهەلات و کۆمارەکانی خواستیاری جیابوونەوە لەیەکێتی سۆڤیەت بەرەو ئینداماجی ئابووری و سیاسین بە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ناوەندییەوە . یەکێتی دوو ئەڵمان لەدەرروونی ئەورووپادا بووەتە واقیع و ڕەوەندی گۆڕانکاری ئابووری خودی سۆڤیەت بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد و لێك هەلپێکرانی هەرچی زیاتر بەبازاڕی ئەورووپاوە، مەیلی لێك هەلپێکرانی سیاسی لەخودی ئەم وولاتەشدا بەرەو ئەورووپا هێناوەتە دەر. تادوێنێ بابەتێتی سیاسی و عەسکەری بلۆکی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر بلۆکی ڕۆژهەلاتدا پلەی بەرزی پەرەسەندنی ئابووری وولاتانی وەك ئەڵمان و ژاپۆنی دەرروونی ئەم بلۆکەی لەژێر سایەی خۆیدا ڕاگرتبوو، ئەمڕۆ ئیتر پەردەپۆشکردنی واقعیەتی ئەم قوتبە ئابوورییە گەورانەی وەك ئەڵمان و ژاپۆن و ئەورووپای یەکگرتوو ، لەژێر سایەی پێداویستی سیاسی و عەسکەری و ئایدیۆلۆژی ڕۆژئاوای کۆندا ، زەمینەی نەماوە. ئەمانەو ، لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و کۆتاییهاتنی پەیمانی وارشۆ ، پێویستی پەیمانی ناتۆش کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و هەروەها ئایدیۆلۆژی ڕەسمی دیموکراسی بلۆکی ڕۆژئاوا شوێن پێی لەقبووە .

بەکورتی ، تەواوی ڕەوەندە ئابووری و سیاسییەکان و گۆڕانکارییەکان لە جوگرافیای ئابووری و سیاسی ئەورووپادا ، تێکچوون لەهاوکێشە عەسکەرییەکاندا و سەرگێژی ئایدیۆلۆژی و بێبەهایی ئایدیۆلۆژی لیبرالیزم و دیموکراسی کە بابەتێتی بەپلەی سەرەکی لەهەبوونی بلۆکی ڕۆژهەلاتدابوو، بوونەتە هۆی ئەوەی کە بلۆکی ڕۆژئاواش وەك کۆنی خۆی بابەتێتی لەدەست بدات و بەناچاری دەرگا بکرێتەوە بۆ ناکۆکیەکانی دەروونی ئەم بلۆکە، کە ئاکامی پەرەسەندنی سەرمایەداری قۆناغی جەنگی ساردە، بەتووندوتیژییەکی‌تر و لە مەیدانێکی ئاوەلاتردا دەرکەون ، مەسەلەی دیاریکردنی شوێنەواری سیاسی- سەربازی قوتبە ئابوورییە گەورەکان لە هەیکەلی نێونەتەوەیی هێزەکاندا بێتە پێشەوە، لەهەمان کاتدا شوێنەواری سیاسی و عەسکەری ئەمەریکا ، وەك ڕابەری بلۆکی ڕۆژئاوا و تاکە هێزی عەسکەری و سیاسی بەتوانا لەم بلۆکەدا بکەوێتە بەردەم پرسیارەوەو پلەی نزمی پەرەسەندنی ئابووری ئەم وولاتە لەچاو ژاپۆن‌و ئەڵمانیادا ئەم جێ‌لەقکردنەی شوێنەواری سیاسی ئەمەریکا لەجیهاندا بەرجەستەتربکاتەوە . بەرزبوونەوەی ئەم کێشەو ناکۆکیانەی جیهانی ڕۆژئاوا خۆی لەخۆیدا بەمانای بزواندنی هێزەکانیشە بۆ وەلامدانەوە پێیان ، بەمانای دەستپێکردنی قۆناغێکی پڕ کێشمەکێشی لایەنە بنەڕەتییەکان و هێزە ئابووری و سیاسی و عەسکەرییەکانە بۆ وەلام پێیان .

ئەمڕۆ ئەمەریکا ، وەك لایەنێکی بنەڕەتی لەم کێشانەدا ، توانیویەتی لەڕێگەی جەنگی کەنداوەوە ئەورووپا و ژاپۆن ڕاپێچێتە بڕۆسەی دامەزراندنی " سیستەمی نوێی جیهانی"ی جۆرج بوشەوە و لەم ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی کاتی شوێنەواری سیاسی گەورەهێزی خۆی بەسەر ئەورووپا و ژاپۆن و جیهاندا بسەپێنێ و ، لەدواشیکردنەوەدا وەلامی لەبار بۆ ئەم کێشە و ناکۆکیانەی جیهانی ڕۆژئاوا ، لەدیدگای بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و عەسکەرییەکانی سەرمایەی ئەمەریکییەوە، بداتەوە. ئەوەی کە ئەم شوێنەوارە سیاسییەی ئێستای ئەمەریکا و ئاکامێکی ئایدیۆلۆژی- سیاسی کە لە ئاستی جیهاندا خولقاندوویەتی، چەند دەخایەنی و چەندە لەگەڵ واقعیەتە ئابوورییەکانی خودی جیهانی ڕۆژئاوادا دێتەوە، خۆی لەخۆیدا شوێنی باسێکی‌ترە ، بەلام یەك شت ئاشکرایە کە ئەم شوێنەوارە سیاسی و عەسکەرییەی ئەمەریکا سەپاندوویەتی بەسەر جیهاندا ، بە حوکمی پەرەسەندنی قوتبە ئابوورییەکانی وەك ئەورووپا و ژاپۆن و کێشمەکێشی ئەم هێزە ئابوورییانە بۆ بەشداربونێکی هەلسوراوانەتر لە هەیکەلی سیاسی و عەسکەری نێونەتەوەیی جیهاندا درێژماوەیی ئەم دۆخە ڕەتدەکاتەوە. هەر بۆیە ئەو واقعیەتە ، کەجیهانی سەرمایە لە مەلبەندەسەرەکیەکانیا هێشتا دەرگیری تووندوتیژبوونەوەی ناکۆکیەکانی‌پەرەسەندنی خۆیەتی ، دەرگیری قۆناغێکی پڕ کێشمەکێشە بۆ وەلام بەم ناکۆکیانە، یانی بۆ سازدانی سەرو سیمای سیاسی - ئایدیۆلۆژی نوێی جیهان و دروستکردنەوەی تەرازووی عەسکەری تازە و بۆ دیاریکردنی شوێنی هێزە ئابوورییە جیاوازەکانی دەروونی ئەم مەلبەندانە لەجوگرافیای ئابووری‌و سیاسی جیهاندا .

عیراقیش،وەك بەشێك لە سەرمایەداری جیهانی‌و بەشێ لەجیهانی عەرەب ، لەڕەوەندی ئەم ئالوگۆرانەی وا بەسەر

جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هاتووە، بەدەر نییە . کێشەی پێناسەی شوێنەواری عیراق، وەك هێزێکی ئابووری و سیاسی و عەسکەری لەجوگرافیای ئابووری- سیاسی نوێی جیهاندا و لەهەیکەلی دابەشبوونی هێزە سیاسی و عەسکەرییە ناوچەییەکاندا و لەنێو وولاتە عەرەبیەکاندا، هەر زوو بەحوکمی ئیعتباراتی بەرینتری جیهانی و ناوچەیی و بەحوکمی دەستپێشکەری ڕژێمی بەعس لەم بوارەدا و داگیرکردنی کوێت ، بەرجەستەبوەوە و عیراق ڕاپێچرایە ئەو کێشەکێشە جیهانییەوە کە لەپاش جەنگی ساردەوە دەستی پێکردووە و کرایە مەیدانی یەکالابوونەوەی ئاماتجە سیاسییە جیهانیەکانی ئەمریکا و ئامانجە ئیستراتیژی و تاکتیکیەکانی ڕژێمی بەعس و بورژوا ناسیۆنالیستی عەرەب و لەم ڕێگەیەوە مەئەساتەکانی جەنگ و گەمارۆی ئابووری و برسێتی و هەژاری و بێکاری و ئاوارەیی بەسەر ملیۆنەها مرۆڤی زەحمەتکێشی ئەم وولاتەدا سەپێنرا. شێوەی لێك هەڵپێکرانێکی ئابووری کە ناسیۆنالیزمی عەسکەرتاری و ئیستبدادیی عەرەب لە کەسێتی ڕژێمی بەعسدا دەیویست ئەنجامی بدات بە مەڵبەندە سەرەکییەکانی سەرمایەداری جیهانییەوە وەك وەڵامێك بە کێشەی پێناسەی شوێنەواری سەرمایەداری عیراق لەپاش قۆناغی جەنگی سارد، هەروەها شوێنەواری سیاسی و عەسکەری تایبەتیش کەڕژێم دەیویست لەدەرروونی وولاتە عەرەبیەکان و ناوچەکەدا و لە هەیکەلی هێزە جیهانیەکاندا لێی بەهرەمەندبێ و بیسەپێنێ، لە ڕێگەی جەنگی کەنداو و ئاکامی ئەم جەنگەوە گۆڕکرا. ئەمە شوێنی خۆی دا بەتەنگوچەڵەمەیەکی سیاسی جیدی و هەمەگیر لەناوخۆی عیراقدا و بەیەك دەوری بێوەڵامی بۆرژوازی عیراق بۆ تەواوی کێشە بناغەییە ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری عیراق، بە تێکرمانێکی ساماناکی ئابووری و هەژاری و برسێتی و بێکاری لە ڕادە بەدەری ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێش و توندوتیژبوونەوەی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان ، شوێنی خۆی دا بەبێئاسۆییەکی ئابووری کوشندە بۆ بۆرژوازی عیراق و لەقبوونی جیدی شوێن‌پێی عەسکەرتاریەت و ئیستبدادی سیاسی ڕژێمی بەعس ، شوێنی خۆیدا بە جەنگێکی ناوخۆیی هەمەگیر بە ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان و خوارووی وولات، هەروەها بە بووژانەوە و بەرجەستەتربوونەوەی کێشمەکێشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازی عیراق و حیزب و هێزە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی بۆ بەکردەوەکردنی ئاسۆ و ئامەنجی سیاسییان . لەسەر ئاستی ناوچەیی و وولاتانی عەرەب و جیهانیش ، هەوڵ و تەقەلای ناسیۆنالیزمی عەسکەرتاری عەرەب و ڕژێمی بەعس لەڕێگەی جەنگ و کێشمەکێشی عەسکەریەوە بەرووی ڕۆژئاوادا بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی عیراق و جیهانی عەرەب ، وەك قوتبێکی ئابووری و سیاسی و عەسکەری لەسەرمایەداریی ئەمڕۆی جیهاندا، شوێنی خۆی دا بەیەك پاشەکشەی جیدی و بەیەك سەرلێشێواوی هەمەگیر لەوولاتانی عەرەبیدا بۆ بەرپاکردن و بەکردەوەکردنی ئیستراتیژێکی ئابووری و سیاسی و عەسکەری یەکگرتوو و ڕۆشن وەك قوتبێك لەدەروونی سەرمایەی نێونەتەوەیی و هەیکەلی هێزی سیاسی و عەسکەریدا .

ڕەوەندی پەرەسەندنێك کە سەرمایەداری عیراق وەك سیستەمێکی چینایەتی ناکۆك بەسەری‌بردووە و گۆڕانکاییەکیش کە بەڕێوەیە بەسەر جوگرافیای ئابووری و سیاسی جیهاندا بێت ، بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرمایە لەعیراقدا ڕووبەڕووی کێشەی خۆسازدان و پێناسەکردنی قۆناغێکی نوێ بێت لە ژیانیدا، قۆناغێك کە ڕیشەییترین ڕوخسارەکانی مەسەلەی خۆسازاندن و پێناسەی جێگەوڕێگەیەتی لە جەرگەی‌سەرمایەی جیهانی پاش جەنگی سارددا و لەدەروونی هەیکەلی هێزە ئابووری و سیاسی و عەسکەریەکانی سەرمایە لەئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا . ڕژێمی بەعس، وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەرمایە و ڕژێمێکی سیاسی دەسەڵاتدار لە کومەلکەدا، وەلامی خوی بەم مەسەلەیە دایەوە و شکستی خۆی لە جەنگی کەنداودا بۆ جیهان ڕاگەیاند . بەڵام ئەمە نەبوەتە هۆی ئەوەی خودی ئەم کێشەیەی سەرمایە کۆتایی پێ‌هاتبێت، بەپێچەوانەوە هێشتا خودی ئەم کێشەیە سەرچاوەی مادی کێشمەکێشێکی کۆمەڵایەتی‌وسیاسی هەمەگیرە ، کە عیراق لەم قۆناغەدا بەسەری دەبات و بەحوکمی ئەوەی کە سەرمایەداری لەڕووی ئابووری‌وسیاسییەوە پەیوەندیەکی زاڵە لەکۆمەڵگەدا، بۆرژوازی توانیویەتی تەواوی کۆمەڵگەش ڕاپێچێ لە دەوری یەکالاکردنەوەی. کۆتاییهاتنی جەنگی کەنداو لە بەرژەوەندی ئەمریکا و هاتنەدی‌ئامانجە سیاسییە جیهانیەکانی ئەم لایەنە لەم جەنگەدا وسەپاندنی مەرجەکانی بەسەر عیراقدا، هەروەها گۆڕینی تەرازووی سیاسی و عەسکەری ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی ئیسرائیل، نەیتوانیوە خودی کێشەی‌شوێنەواری وولاتانی عەرەب ، لەوانە عیراق، وەك قوتبێك لە ئیستراتیژی ئابووری ڕۆژئاوادا وەڵام بداتەوە و لەسەر ئەم بنەمایەشەوە نەیتوانیوە پێناسەیەکی ڕۆشن بدات بە شوێنەواریان لە هەیکەلی سیاسی و نێونەتەوەیی‌سەرمایەدا .

مێژوویەکی واقعی دەبێ ئەمە بزەخسێنێ کە لەبناغەدا مێژووی کێشمەکێشێکە لەخودی جیهانی ڕۆژئاوادا بەرپابووە. هەر ئێستا لەنێوان ئەمریکا و ئەورووپادا ململانییە لەسەر شێوە چارەی کێشەی فەلەستین و مەودای "قوولی ستراتیژی" جیهانی عەرەب لە سیاسەتەکانی ئەورووپا و ئەمریکادا و هەروا بەئاسانی ناتوانرێ بەری پێ بگیرێت. ریشەی بەشێکی سەرەکی لەکێشە بێ وەڵامەکانی ئەمڕۆی سەرمایەداری عیراق لەجیهانی ڕۆژئاوادایە، لەناکۆکیەکان و پێچ و پەناکانی خودی ئەم جیهانەدایە. وەڵام بەکێشەیەک کە بۆ سەرمایە لەعیراقدا خولقاوە لەجیهانی واقعیدا لە رێگەی پەیوەستبوون بە شەپۆلدانێکەوە دەبێ کە خودی جیهانی ڕۆژئاوا بەسەریدەبات و بەرئەنجامی کێشمەکێشێک دەبێ کە خودی جیهانی ڕۆژئاوا تێوەی تلاوە. نە کۆنترۆڵێکی کۆلۆنیالی،کە ئێستا ئەمریکا سەپاندوویەتی بەسەر عیراقدا، وەڵامی کۆتاییە بە مەسەلەکان و کێشەکان و نەعیراقیش خۆی لەخۆیدا و دوور لەئامانجی سیاسی بەرینتری جیهانی و ناوچەیی،ئامانجێکی سیاسی و عەسکەرییە بۆ ئەمریکا. ئەوە ڕاستە کە سەپاندنی مەرجەکانی ئەمریکا بەسەر عیراقدا و کۆنترۆڵێکی کۆلۆنیالی لەحاڵی حازریشدا مەرجی جێگیرکردنی شوێنەواری سیاسی ئەمریکایە لەجیهان و ناوچەکەدا، بەڵام تەواوی مەسەلەکە لەوەدایە کە دیاریکردنی ئەم سیاسەتانەی ئەمریکا لە عیراقدا لەشوێنێکی ترەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە کێشمەکێشی ئەمریکا بەرامبەر ژاپۆن و ئەورووپاوە سەرچاوەی گرتووە. هەر بۆیە سیاسەتەکانی ئەمریکاش لەعیراقدا پڕ لە کەلێن و کەلەبەرن و ناتوانرێ نموونەیەکی سیاسی سێلگیری لێ بەدی بکرێ.

ئەمڕۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، پاش سەپاندنی مەرجەکانیان بەسەر عیراقدا، تەنیا یەك پلاتفۆرمی سیاسی هاوبەش لەپەیوەند بەعیراقەوە پیادەدەکەن، ئەویش ڕاگرتنی وەزعە لەعیراقدا بەهەر نرخێك بووە، ڕاگرتنی ئەوەی کە نەهێڵرێت تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عیراقدا موڵکداریێتی تایبەتی بۆرژوازی و دەوڵەت و قانونیەتی بۆرژوازی بخاتە بەردەم مەترسییەوە، بوار نەڕەخسێ کە کرێکار وەك هێزێکی چینایەتی بەتوانا بێتە دەرەوەو خواست و ئامانجی خۆی بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنێ و، بوار نەڕەخسێ ڕاپەڕینی ئازادیخوازنە و یەکسانیخوازانەی کرێکار و زەحمەتکێشی عیراق بەردەوام بێت و گەشەبکات. لەدەرەوەی ئەم پلاتفۆرمە سیاسییە هاوبەشە، کەلێن و کێشمەکێش و ناڕۆشنی زاڵە. ئەمڕۆ لەواقعدا نە دیموکراتیزەکردنی سیستەمی سیاسی عیراق مەسەلەیەکە بۆ ئەمریکا و ئەورووپا، نەتەنانەت وەلاوەنانی سەدام حسێنیش، لەئێستادا و لەپاش ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لەعیراق تەنانەت زاتی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتی و سەرەوەییش لە سیستەمی سیاسی عیراقدا ناکەن و بەمەترسی دەبینن و ووردبینی دەکەن. تەواوی کاری سیاسی و عەسکەری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم قۆناغەدا بەئاشکرا ئەوەی نیشانداوە بۆ جیهان کە لەئیستیبدادی سیاسی و جەنگی دژی مرۆڤایەتی و ئاوارەیی سەپاندن وبرسیکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی عیراق زیاتر شتێکی دیکەیان پێ نییە و نایانەوێت پێیان بێت. نەك هەر ئەمانەش، بەڵکو هێزێکی بەشدارن لەسەرکوتی ڕاپەڕینی کرێکارو زەحمەتکێشی عیراقدا و بەکردەوە لەڕێگەی بواردان بەڕژێمی بەعسەوە بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی و موشەکی سکۆت، کەلە چوارچێوەی مەرجەکانی وەستانی جەنگدا قەدەغەکرابوو، زەمینەیان بۆ ئەم سەرکوتە خوێناوییە ڕەخساند. هێشتنەوەی هێز و توانای دەوڵەتی ناوەندی، دەست نەدان لە جوگرافیای سیاسی و ئیداری عیراق، کەمکردنەوەی کارکردی بزووتنەوەی مانگرتنی شیعە لە خوارووی وولات و، هەوڵ بۆ ئەوەی ڕەوەندەکانی باری سیاسی کوردستان تەنگوچەڵەمەی سیاسی وولات توونددوتیژتر نەکەنەوە، لە سیاسەتە ئاشکراکانی ئەمڕۆی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەتی بۆ دامرکاندنەوەی باری سیاسی عیراق و گێڕانەوەی جێگیری سیاسی و قانوونیەتی بۆرژوازی. هەوڵ و تەقەلای ناسیۆنالیزمی کورد بۆ بەشداری لە دەسەڵاتدارێتی ئیداری و سیاسی کوردستاندا، خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەك نییە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەو شوێنەوە نەبێ کە جێگیربوونی سیاسی بۆرژوازی بۆ عیراق و کوردستان بگەڕێنێتەوە. ئەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە کە دڵسۆزی نیشاندانیش بە باری ئاوارەکانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەمان ئامانج و پەردەپۆشکردنی سیاسەتە دژی مرۆییەکانیەتی لە جەنگی کەنداودا. بزووتنەوەی شیعەش لەخوارووی وولات، جگە لەوەی وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خوازیاری دەسەڵات لەعیراقدا، خۆی لەخۆیدا شوێن ڕەزامەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نییە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە ئێستا تاکە ئەڵتەناتیڤی گێڕانەوەی جێگیربوونی سیاسی بۆرژوازی و قانونیەتی بۆرژوازی بێت لە عیراقدا هۆکارێکی توندوتیژکردنەوەی نائارامی سیاسی بۆرژوازییە

هەربۆیە دوورەپەرێزکردنی و لەقاڵبدانی لەم قۆناغەی ئێستای عیراقدا سیاسەتێکی ئەمەریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانە . بەکورتی لەقۆناغی ئەم پلاتفۆرمە سیاسییە هاوبەشەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیدا بەرامبەر دۆخی سیاسی ناوخۆی عیراق ، کەلێن و ناڕۆشنی و کێشەی بێ وەلاّم ڕاوەستاوە کە لەسەر بنەمای کێشمەکێشی ئەمەریکا بەرامبەر ئەورووپا و ژاپۆن هەردەم دووبارەدەبێتەوە ، هەروەها کێشەیەکی بناغەیی کە سەرمایەداری لەعیراقدا دەرگیریەتی ، یانی وەلاّمی بەکردەوە بە شوێنەواری سەرمایەداری عیراق وەك بەشێك لەجیهانی عەرەب لە دنیای پاش جەنگی سارد و خۆڕزگارکردن لە چنگی تەنگوچەڵەمەیەکی توندوتیژی ئابووری و کۆمەلاّیەتی سیاسی کە ئێستا دەرگیریەتی ، وەك خۆی دەمێنێتەوە . ئەمە زەمینە خۆشدەکات بۆ توندوتیژبوونەوەی تەنگوچەڵەمەی کۆمەلاّیەتی و سیاسی لەعیراقدا و بۆ قۆناغێکی پڕ کێشمەکێشی بزووتنەوە کۆمەلاّیەتی و سیاسییە بەکردەوەکانی دەروونی کۆمەڵگەی عیراق .

## ٢- ناسیونالیزمی کورد و بزووتنەوەی شیعە :

تەنگوچەڵەمەی خۆسازدانەوەی قۆناغێکی تازە لە ژیانی سەرمایەی نەتەوەیی عیراق و تەنگوچەڵەمەی پەیوەستبوونی بە ڕەوەندە ئابوورییە ئیستراتیژیەکانی سەرمایەی جیهانی ڕۆژئاوای پاش جەنگی ساردەوە، تەنگوچەڵەمەی پێناسەی شوێنەواری لەبازاڕی ئازادی سەرمایەی ئەمڕۆی جیهاندا ، چ وەك سەرمایەیەکی نەتەوەیی عیراق و چ وەك بەشێك لەسەرمایەی نەتەوەیی عەرەب، ئەو کێشە بناغەیی و مێژووییانەن کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە و دەبێ وەلاّم وەرگرن ، تا لەڕێگەیەوە سەرمایە توندوتیژبوونەوەی ناکۆکیەچینایەتیەکانی دەروونی خۆی و قووڵبوونەوە و بەرینبوونەوەی کێشە کۆمەلاّیەتیەکانی ،کە ئاکامی سێ دەیەن لەپەرەسەندنی ، بخاتە بارودۆخێکی ترەوە و لەهەلومەرجێکی تردا درێژە بەژیانی خۆی بدات . ئەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە ڕێگەیەك کە ئەم کێشانەی سەرمایەی نەتەوەیی عیراق لێوەی وەلاّم وەردەگرن ، ڕێگەی کێشمەکێشیەتی لەدەروونی ئەمڕۆیجیهانی پاش جەنگی سارددا و لە دواشیکردنەوەدا لەم ڕێکەیەدا ، وەك هێزێکی ئابووری و سیاسی و عەسکەری دێتە مەیدانەوە تا لە تەواوی ئەم لایەنانەدا وەلاّمی دیاریکراو وەرگرێت و کێشە بناغەییەکان لەم لایەنە بەرجەستانەدا قەوارەبگرن و وەلاّمیان پێبداتەوە ، وە وەك نەخشەی ئابووری و سیاسەت و ئستراتیژی عەسکەری حیزب و هێزە سیاسییە بۆرژوازییە دیاریکراوەکان و بزووتنەوە کۆمەلاّیەتیەکانی دێنە مەیدانەوە تا بەم شێوەیە کێشە بناغەییەکان چارەیان بکرێت . تەنگوچەڵەمەیەك ئەمڕۆ دەرگیری سەرمایەی نەتەوەیی عیراقە، لەتەواوی لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و عەسکەری و تەنانەت ئایدیۆلۆژیشدایە و تەنگوچەڵەمەی بێوەلاّمی بۆرژوازییە وەك چینێکی دەسەلاّتدار لە کۆمەڵگەدا . تێکشکانی نەخشەی ئابووری و ئیستراتیژی سیاسی و عەسکەری ڕژێمی بەعس لە جەنگی کەنداودا ، خۆی لەخۆیدا تەنگوچەڵەمەی بێ وەلاّمی بۆرژوازی عیراقی بۆ کێشە بناغەییەکان توندوتیژترکردنەوە و مۆرکی خۆی داوە لە تەواوی ژیانی کۆمەلاّیەتی مرۆڤ لەم کۆمەڵگەیەدا . هەر ئێستا لەعیراقدا نوێنەرانی سەرمایە و بزووتنەوە کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکانی بە بەرجەستەیی و هەڵسوراوییەکی ترەوە هاتونەتە مەیدانی تەنگوچەڵەمەی بێ وەلاّمی کێشەکانی سەرمایە و ڕەوەندێکی سیاسی پڕ کێشمەکێشیان خوڵقاندووە لەعیراقدا . هەڵسوراوبوون و بووژانەوەی بزووتنەوە کۆمەلاّیەتیەکانی بۆرژوازی عیراق و حیزب و هێزە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکانی ، بەتایبەت ناسیۆنالیزمی کورد و بزووتنەوەی ئیسلامی شیعە، لەم قۆناغەی دواییدا پێش ئەوەی ئاکامی تێکڕمانی بەستەڵۆکێکی سیاسی - ئایدیۆلۆژی ڕووبینایی بێت کە بۆ چارەکەسەدەیەکە بەسەر عیراقدا سەپێنراوە و پێش ئەوەی ئاکامی لاوازی دەوڵەتی ناوەندی و تێکشکاوی سیاسی و عەسکەری بێت لە جەنگی کەنداودا ، پێش ئەمانە هەمووی ئاکامی بێ وەلاّمی حیزبی بەعس و ڕژێمە بۆ مەسەلە بناغەییەکانی پەرەسەندنی سەرمایەی میللی عیراق و بەشداریکردنی ئەم بزووتنەوانەیە لە سەروسیمادان بەوەلاّمی ئەو کێشانە هەر یەك لەدیدگا و ئاسۆ و ئەڵتەناتیڤی خۆیەوە . ئەمدوو ڕەوتە کۆمەلاّیەتیەی بۆرژوازی بۆ وەلاوەنانی ستەمی میللی لەسەر گەلی کورد و وەلاوەنانی هەلاّواردنی ئایینی و طائفی نەکەوتوونەتە خۆ ، ئەوە ڕاستە کە بوونی ستەمی میللی و هەلاّواردنی ئایینی بارودۆخێکە بۆ گەشەسەندنیان ، بەلاّم فەلسەفەی کۆمەلاّیەتی هەبوون و بەردەوامبوونیان لێرەدا نییە، لەخودی پەیوەندی سەرمایەدایە . ئەمانە نوێنەری سەرمایەن ، چ وەك قەوارە کوردییەکەی کە ناسیۆنالیزمی کوردە و چ وەك نوێنەرایەتی کردنی نموونەیەکی پەرەسەندنی سەرمایەیمیللی عیراق و پانعەرەبی لەژێر سایەی ئایدیۆلۆژی ئیسلامدا کە

بزووتنەوەی شیعەیە . ئەمڕۆ ئەم دوو بزووتنەوەیە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە هەڵسوڕاوەکانی دەروونی کۆمەڵگەی عیراقن و حیزب و هێزی سیاسیان لە خۆنیشانداوە و بەشداری کێشمەکێشێکن کە لەم قۆناغەدا عیراق بەسەری دەبات . ئیستراتیژێکی ئابووری و سیاسی کە بزووتنەوەی شیعە دەیەوێت سەرمایەی عیراق لێوەی بەرەوپێش بچێت لەم قۆناغەدا بەکردەوەییکردنی هەمان نموونەیە کە لە ئێراندا روویداوە، بەڵام بەزیاتر تایبەتمەندی پان عەرەبیو ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە و کەمتر پان ئیسلامی . ناسیۆنالیزمی کوردیش لە کێشمەکێشدایە کە لەم قۆناغەدا بۆرژوازی کورد لەدەروونی جوگرافیای سیاسیو ئیداری عیراقدا جێگە و رێگەیەکی سیاسی گونجاوتری هەبێ ، ئیدارەی کوردستان لەشێوەی ئۆتۆنۆمیدا بکەوێتە دەستیەوە و بواربرەخسێ کێشمەکێشی سەرمایەی میللی کورد لە دەروونی سەرمایەی نەتەوەیی عیراق و جیهاندا لە توانایەکی سیاسی و ئیداری باشتر بەهرەمەندبێو، لێرەوە و لەرێگەی پەیداکردنی ئەو شوێنەوارەوە ، ناسیۆنالیزم وەك نوێنەری سەرمایەی کورد بەشداربێت لەسەروسیمادان بە وەڵامی کێشە بناغەییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی عیراق و کوردستان .

بەو ئەندازەیەی کە ئەم بزووتنەوانە لەواقیعدا ئەمڕۆ وەڵامدەرەوەی کێشە بناغەییەکانی سەرمایەداری عیراق نینو مەسەلە و کێشەی ریشەییتر لەوەی کە لەچوارچێوەی ئاسۆو ئەڵتەرناتیڤ و هێزوتوانای کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەماندا بێت هاتۆتە پێشەوە کە دەبێت وەڵام وەرگرێت ، لە واقیعدا بوونەتە دوو بزووتنەوەی پلە دوو لە وەڵام بە پێداویستییەکانی سەرمایەی نەتەوەیی عیراقدا . هەر بۆیە چ ئێستا و چ کاتی راپەڕین و پێش رایەرین ، رۆڵی حیزب و هێزە سیاسییەکانی و ئاسۆی خەباتیان بەکردەوە بەرتەسك بوەتەوە بۆ مەیدانی گۆرانکارییەکی رواڵەتی لە رژێمی سیاسی وولاتدا کە جێگەو رێگەیەك بۆ سیاسەت و ئیدارەی ئەمانی تیادابێت . شوێنەواری ئەم حیزب و هێزە سیاسیانەی ناسیۆنالیزمی کورد و بزووتنەوەی شیعە لە دەروونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرمایەدا بووەتە شوێنەواری هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر رژێمی بەعسدا و فەلسەفەی سیاسیان بوەتە جێگرتنەوەی دکتاتۆریەتی تاکە حیزبیی بەعس و کەسی سەدام بە دکتاتۆریەتی چەند حیزبی و حکومەتی ئیئتلافیودیموکراسی چەند حیزبی . ئەمڕۆ کە رژێم لەرێگەی سەرکوتی خوێناوی راپەڕینەوە توانیویەتی تا رادەیەك دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت لەکوردستان و خوارووی وولاتدا جێگیربکاتەوە، بە ناچاری شوێنەواری پلە دووی ئەم بزووتنەوانە زیاتر فەرزبووە و تەنانەت هەراوهوریای دروستکردنی حکومەتی ئیئتلافیان شوێنی خۆی داوە بە مفاوەزاتی ناسیۆنالیزمی کورد لەگەڵ رژێمدا و بەفەرزبوونی شوێنەواری ئۆپۆزسیۆنی بێ سەر و سەدا بەسەر بزووتنەوەی شیعەش لەخوارووی وولاتدا .

### راپەڕین ، ناسیۆنالیزمی کورد و بزووتنەوەی شیعە

ئەم دوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە ناسیۆنالیستیەی بۆرژوازی عەرەب و کورد لەخوارووی وولات و لەکوردستان لەپەیوەند بە راپەڕینی سەراسەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی عیراقەوە وەك دوو هێزی سیاسی دەرەکی هاتنە نێو راپەڕینەوە . راپەرین رووداوێکی سیاسی تەواو جیاواز لە بزووتنەوەی سیاسی ئەم دوو بزووتنەوەیە بوو و لەشوێنێکی تریکۆمەڵگەوە سەریهەڵدا بوو و، بەدەستهێنانی خواست و ئامانج و ئاسۆیەکی تری کۆمەڵایەتی بزوێنەری بوو. مێژووی راپەڕین لە لایەنێکی گرنگیدا ، مێژووی بەیەکدادانی خواست و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بەم دوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەی بۆرژوازییەوە و مێژووی بە یەکدادانی پراکتیکی سیاسی و جیاوازی ئەم دوو لایەنەیە. واقعیەتی راپەڕین نە لەچوارچیوەی ئاسۆ و ئامانجی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد و شیعەدا بووە، نەپراکتیکی سیاسی سەر بەم دوو بزووتنەوەیەش بوو. مێژووی راپەڕین، مێژووی وەهمی مرۆڤی زەحمەتکێش نییە بەم دوو بزووتنەوەیە، مێژووی رێکەوتنی سیاسی و پراکتیکی سیاسی هاوبەشیان نییە ، مێژووی بەیەکدادانی بەرژەوەندی و ئاسۆ وئامانجو پراکتیکی سیاسیانە. ناسیۆنالیزم و شیعەگەری، وەك دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەرمایەداران و موڵکدارانی وورد و درشتی کوردستان و خوارووی وولات ، بەئەندازەیرژێمی بەعس و ئەمەریکا خۆشیان نەهاتووە لەراپەڕینی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، حەساس بوون بەرامبەری، هەوڵیانداوە هەر لەسەرەتاوە راپەڕین بەتاڵ بکەنەوە لە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاڵوگۆڕێك کە مرۆڤی زەحمەتکێش دەیویست لەم رێگەیەوە فەراهەمی بێنێت ، لەتەقەلای خێراو بەریندا بوون کە راپەڕین لەباربەرن و بەکردەوە لە چوارچێوەی کۆنەپەرستیی سیاسی ئەماندا لەقالبی بدەنو، بەدەوڵەتان و میللەتانی جیهانی راگەیەنن کە بزوێنەری

ڕاپەڕین چارەسەری ئەو کێشە و مەسەلانەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد و شیعە بۆی دەست بەکارن و پێیان بڵێن کەهێزی تێکشکێنەر و شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان هێزی واقیعی ناسیۆنالیزم و شیعەیە و بەگوێرەی لۆژیکی سیاسی ئەمان هاتۆتەگۆڕێ . ڕووداوی ڕاپەڕین لەواقیعدا بۆ خۆی کێشمەکێشێکی هەمەلایەنە و جیدی مرۆڤی زەحمەتکێش بوو بەڕووی ئەم دوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی بۆرژوازیدا . چارەنووسی سیاسی ڕاپەڕین لەلایەنێکی گرنگیدا پەیوەست بوو بە ئاکامی ئەم کێشمەکێشەوەو لێرەوە و بەڕووی ئەماندا و بەپیادەبوونی ئاسۆ و خواست و ئەڵتەرناتیڤی سیاسی بەکردەوەی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤی زەحمەتکێشەوە دەتوانرا ڕاپەڕین پێشڕەوی زیاتر بەدەست بێنێ و تەنانەت هێرشی سەرکوتکەرانەی ڕژێمی بەعس پووچەڵ بکاتەوە و تێکیشکێنێ .

ڕاپەڕین لەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی خۆیدا و لە بەرینیدا بۆ خۆی سەراسەری بوو، بزووتنەوەی سیاسی مانگرتنی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤی زەحمەتکێشی سەراسەری وڵات بوو . بێ‌توانایی کرێکار و زەحمەتکێشی ناوەڕاستی وڵات بۆ پەیوەست بوون بەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەوە، لاوازییەکی جیدی و هەمەلایەنەی بۆ ڕاپەڕین لە خوارووی وڵات و لەکوردستاندا پێکهێنا و هۆکارێکی سەرەکی بوو لەهێز و توانای وەرگرتنەوەی ڕژێم بۆ سەرکوتی ڕاپەڕین و بۆ گۆڕینی تەرازووی هێزە چینایەتیەکان لەم دوو ناوچەیەدا لە بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی کورد و شیعە. بەو ئەندازەیەی ڕاپەڕین وەك ڕووداوێکی سیاسی سەرانسەری شۆڕشگێڕانەی مرۆڤی زەحمەتکێشی عیراق ، شوێنی باسە . کشانەدواوەی کاتی‌ی ڕاپەڕین بەپلەی سەرەکی لێرەدایە ، نەك لە وەهمی کرێکار و زەحمەتکێش بەناسیۆنالیزمی کورد و شیعە و خۆبەدەستەوەدانی هەمان چارەنووسێکی سیاسی کە بەسەر ئەم دوو بزووتنەوەیەدا سەپاوە.

ڕاپەڕین کردەوەی سیاسی مرۆڤی کرێکارو زەحمەتکێش‌بوو لە کۆمەڵگەدا بەرەوپێشچوونی گرێدرابوەوە بەهێز و توانای بزووتنەوەی کرێکارییەوە. کرێکارە کەدەتوانێ ڕابەری ڕاپەڕین بێت و دەتوانێ کاری شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشان‌وهەژاران و نەداران لەکەناڵی خەباتی سیاسی چینایەتی خۆیەوە بەدژی سەرمایەداری گردبکاتەوە و بەرەوپێشی‌بەرێت. ئەم قوتبە چینایەتیەی کۆمەڵگە بوو کەدەیتوانی ڕاپەڕین بە سەرکەوتن بگەیەنێ، چ وەك ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی و چ وەك کارێکی سیاسی‌شۆڕشگێڕانەی هەمەگیری مرۆڤی زەحمەتکێشی ئەم وڵاتە. لاوازی و کەم و کوڕییەك کە بەسەر بزووتنەوەی کرێکاریدا سەپاوە، لە هەر ڕووداوێکی سیاسی جیدی کۆمەڵگە و هەر قۆناغێکی وەك ئەم قۆناغە سیاسیەی کە ئێستا عیراق پێیدا تێدەپەڕێ لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەریندا کارکردی خۆی بەجێدەهێڵێ. لێکدانەوەی ماددی کشانەوەی ڕاپەڕین بەپلەی سەرەکی لە خودی لاوازیە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری سەراسەری عیراق و پرش وبڵاویدایە، لە نائامادەیی و کەم و کوڕیەکانی ئەم ڕابەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگەدایەو لەوەدایە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری عیراق هێشتا نەیتوانیوە لەسەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرین بەهێز و تواناوە بێتە دەرەوە و مۆرکی بزووتنەوەی سیاسی خۆی بدات لە تەواوی دۆخی کۆمەڵگە و لە دەورانێك کە ئەمڕۆ کۆمەڵگە دەرگیری بەسەربردنیەتی . لاوازی ڕاپەڕین و کەم‌وکوڕیەکانی‌و کشانەوەی کاتی‌ی لەخودی میکانیزمی بزووتنەوەی‌کرێکاریدایە و لەسەر بنەمای هێز وتوانا وەرگرتنی زیاتری ئەم بزووتنەوەیەشە کە دەتوانێ تێك نەشکێ‌و بەردەوام بێت.

ڕاپەڕین بەهەموو کەم و کوڕییەکیەوە ڕووداوێکی گرنگ بوو لەژیانی سیاسی عیراقدا. لەیەکەم هەنگاویدا دامودەزگای ئیستیبدادی سیاسی بۆرژوازی لەچەندەها شاردا وورد و خاشکرد و لەئاستێکی کۆمەڵایەتی بەریندا ئیستیبدادی سیاسی تێکشکان و بێ‌ئابڕووی‌کرد و جورئەتیشی لە ناسیۆنالیزم و شیعە سەندەوە کە ئیستیبدادی سیاسی وەك ڕۆتینی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بخەنە بەرچاو . ڕاپەڕین خۆی لەخۆیدا گۆڕانکاریەکی جیدی دروستکرد لە تەرازووی هێزە چینایەتیەکانی کۆمەڵگەداو لەبەرژەوەندی کرێکاردا ، چەمك و ئاگاری سیاسی شۆڕشگێڕانەی هێنایە ناو کۆمەڵگە و خواست و دروشم و ئامانجی مرۆڤی کرێکاری بە کۆمەڵگە ڕاگەیاند . سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕین لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە تەنیا دەتوانێ‌کردەوەیەکی دڕندانەی عەسکەری بێت بەڕووی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئازادیخوانە و ڕزگاریخوازانەدا کە سەرانسەرییە و ڕیشەی لەناکۆکیە چینایەتیەکانی کۆمەڵگەدایە . چارەنووسێکی سیاسی کە جێگیربوونەوەی کاتی ڕژێم سەپاندویەتی، تەنیا بۆ ناسیۆنالیزمی کورد و شیعە دەتوانێ کوشندەبێت ، بۆ هێزی کۆمەڵایەتی ڕاپەڕین فشارێکی عەسکەری دەرەکیە و لە چوارچیوەی هەمان دەسەڵات وەرگرتنەوەی ڕژێمیشدا لە شێوەی تردا بەردەوامە . لەئێستادا، کە بۆرژوازی و

وردە بۆرژوازی عیراق هێزی تێکشکێنەرانە و شۆڕشگێڕانەی ڕاپەڕینیان دیوە ، تیژی تاڵی بێ قانوونیەتی بۆرژوازی و ناجێگیری سیاسی بۆرژوازی و هێرش بۆ سەر موڵکداریێتی تایبەتیان دیوە ، پەنجەی خۆیان دەگەزن و پەشیمانن لە مانگرتنێك گەر هەیانبووبێ لەئیستیبدادی سیاسیو ، هەر ئێستا لەئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا لە کوردستانو خوارووی وولاتدا ناسیۆنالیزم و شیعە و حیزب و هێزە سیاسیەکانیان و تەنانەت هەندێ جار ڕژێمیش بەهێزدەکەن و بەرگرییان لێدەکەن . مانگرتن و خۆپیشاندان و شێوەکانی تری کاری شۆڕشگێڕانەی کرێکار و زەحمەتکێش نەفرەت لێدەکەن . ئەمە پوختەکردنەوەیەکی تری داوە بە کێشمەکێشی دووقوتبی سەرەکی کۆمەڵگە : کرێکار و بۆرژوازی ، و ڕەوەندێکی سیاسی لەکۆمەڵگەدا پێکهێناوە کە هەرچی ئاشکراتر و لەئاستێکی کۆمەڵایەتی بەریندا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی موڵکدار و نەداری کۆمەڵگە بەرەوپێش بچێت و تەم و مژی ڕۆژانی ڕاپەڕینوخۆشباوەڕێك ، ئەگەر هەبووبێت، بەرچاوی هیچ لایەنێك نەگرێت .

## تەنگوچەڵەمەی سیاسی بۆرژوازی

سەرمایەداری عیراق ئەمڕۆ گێژاوی قۆناغێکی چارەنووسساز بەسەر دەبات و دەرگیری تەنگوچەڵەمەیەکی کۆمەڵایەتی و تێکرمانێکی ئابووری سامناك و هەمەگیرە. ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سیستەمە توندوتیژتر و بەرینتربوونەتەوە، هەژاری و برسێتی و بێکاری و ئاوارەیی و مەئەساتی جەنگ بەشی ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم وولاتەیە و مانگرتن بەڕوویاندا لەویەڕیدایە ، توخمەکانی تەنگوچەڵەمەی شۆڕشگێڕانە لەدەروونیدا هەردەم پەرەدەسێنێ . تازە و نیوەناچل ڕژێمی بەعس توانیوەتی لەڕێگەی سەرکوتی دڕندانە و خوێناوییەوە بەشێوەیەکی کاتی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی کرێکار و زەحمەتکێشی عیراق ڕاگرێت ، هێشتا تارمایی ڕاپەڕین لەبەرچاوی ڕژێم و حیزبە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژوازیەکانی کورد و عەرەب و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی نەڕەویوەتەوە و مەترسیەکی جیدی بۆیان بەحیساب دێت . جێگیری سیاسی و ڕژێم و قانوونیەتی بۆرژوازی لەئاستێکی بەریندا تووشی لێکترازان بووە و موڵکدارێتی تایبەتی بۆرژوازی و دەوڵەتی هێشتا لەبەردەم مەترسی هێرشی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندایە .سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕین لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە و بەهاوکاری لەگەڵ وولاتە هاوپەیمانەکان ، دەستدرێژی حیزب و هێزەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و بزووتنەوەی ئیسلامی شیعە بۆ سەر ئازادی کاری سیاسی و شۆڕشگێڕانەی کرێکارو زەحمەتکێشی عیراق و بۆ سەر کاری سەربەخۆیان لەمەیدانی چارەسەری کێشەکانی خۆیان و وەلام بە خواستەکانیان، لە هەلومەرجێکی ئاوای وەك ئەمڕۆدا ، تەنیا دەتوانێ دەستیوەردانی دەرەکی و زنگرێکی دڕندانەی کاتی بۆرژوازی بێت بۆ بزووتنەوەیەکی مانگرتن و شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە ڕوخساری خۆیی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە لەقۆناغێکی تەنگوچەڵەماوی وەك ئەمەی ئێستادا .

ئەمڕۆ عیراق ئەزموونگای کامڵبوونی جەمسەرگیری (استقطاب) کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرژەوەندییە چینایەتیەکانی بۆرژوازی و کرێکارە پێکەوە . چینەکانی کۆمەڵگەی عیراق لەم قۆناغەدا پرۆسەی پێگەیشتنی سیاسی خۆیان لەبەرامبەر یەکتر بەسەردەبەن ، واقعیەتی ژیان و بەیەکدادانی ماددی بەرژەوەندییەکانیان هەر ڕۆژە ئەم پرۆسەیە بەرەوپێش دەبات . ئەمڕۆ بزووتنەوە بۆ گۆڕانکاریەك کە مرۆڤی کرێکاری ئەم وولاتە دەیەوێت لەژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری خۆیدا بیهێنێتەدی، بە هەموو لاوازییەکی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە، بە هەموو پرش و بلاوییەکیەوە، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزوتوانایە لە کۆمەڵگەدا و تەنگوچەڵەمەیەکی هەمەلایەنەی جیدی بۆ بۆرژوازی خولقاندووە و هۆکاری سەرەکی توندوتیژکردنەوەی تەنگوچەڵەمەی سیاسی بۆرژوازیە . ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو سیاسیەی کرێکار بەڕێوەیە لەئاستێکی بەرینیدا هەرچی زووتر لاوازییەکانی پڕبکاتەوە و بەرەوپێش بچێت و هەرسی ئەزموونەکانی خەباتی چینایەتی خۆی بکات، کاری سیاسی و مانگرتنی سەربەخۆی چینایەتی خۆی بەرەوپێش بەرێت ، لەبەرامبەر کێدا ؟ بەرامبەر بۆرژوازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی بەشدار لەم قۆناغەدا ، ئاسۆ و ئامانجی خەباتکارانەی خۆی بەرێتە پێشەوە و ڕابەری سیاسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی تەواوی هەژاران و نەدارانی ئەم کۆمەڵگەیە بێت و لەکەناڵی خەباتی سیاسی چینایەتی خۆیەوە ووزەی مانگرتنی شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕینی جەماوەریان بەهێزتربکات و یەکانگیربکاتەوە .

ڕوخساری بناغەیی ژیانی سیاسی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی عیراق ، گۆڕانکارییەکە کە بەسەر پەیوەندی سیاسی نێوان چینەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هاتووە . قۆناغی پڕ کێشمەکێشی سیاسی ئەمڕۆی عیراق پێش هەمووشتێك قۆناغی گۆڕانکاریەکە

هەواڵنامەی کتێب

که لەو پەیوەندیەدا روویداوە و بەرەوپێش دەچێت . واقعیەتی گۆڕانکاری لەم پەیوەندییەی نێوان چینەکاندا بە سادەیی لە خەسڵەتی کۆمەلایەتی‌وسیاسی ئەمڕۆی کرێکاری عیراقدا دەبینرێ . کرێکاری ئەمڕۆی عیراق بەرهەمی کۆمەلایەتی سێ‌دەیە لەپەرەسەندنی سەرمایەداری عیراق و خەباتی چینایەتی دەروونی ئەم سیستەمەیەو، کەسێتی کۆمەلایەتی کرێکاری ئەمڕۆی جیهان و ئەزموونی خەباتی چینایەتی کرێکاری جیهانی هەڵگرتووە. هەژاری‌و برسێتی و بێکاری و ئاوارەیی و مەئەساتی جەنگ نەك هەر لەم کەسێتییەی کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو لەیەکەم دەنگ بەرزکردنەوەیا بەدوای ئەنجامدانی هەمان خواست و ئامانج‌و ئاسۆیەکەوە بووە کە کرێکارانی پێشرەو لەجیهاندا بەدوای ئەنجامدانیەوەن . ئەزموونی سیاسی کرێکاری ئەمڕۆی عیراق و هوشیاریی بە بەرژەوەندییە چینایەتیەکانی خۆی چووەتە سەر ، گیانی چاوەڕوانی لەنێویدا کەمبوەتەوە، مانگرتنی ئابووری و سیاسی بەرینتربوەتەوە و ڕاپەرین دەکات ، خەبات بۆ ڕێکخراوبوون و یەکگرتنی ڕیزەکانی زیاتربووە ، بزووتنەوەی ڕادیکال و کۆمۆنیستی لەدەروونیدا لەگەشەدایە، ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی و وەهم بە بۆرژوازی لەدەروونیدا بێ‌نموودە، نە دیموکراسی بۆرژوازی و نە ناسیۆنالیزم و نە بزووتنەوەی ئیسلامی و شیعەگەریتی نەیانتوانیوە ئەم چینە بهێننە پاڵ ئەنجامدانی ئاسۆ و ئامانجی بۆرژوازییانەیان و پاڵ کاری سیاسی و هەوڵ‌وتەقەلاکانیان. لەمێژوویەکی واقیعی‌دا، وەك قوتبێکی چینایەتی، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەبۆرژوازیەوە نەماوە بۆ هیچ جۆرە ریفۆرمێکی سیاسی بۆرژوازیانە و ئامانجێکی میللی‌و هیچ جۆرە دیموکراسیەکی بۆرژوازیانە. ئەمانە و چەندەها دیاردەی تری هێز و توانا وەرگرتنی ئەم چینە لە کۆمەڵگەدا ، بەکردەوە تەرازووی هێزە چینایەتیەکانی‌کۆمەڵگەی گۆڕیوە و بناغەی تەنگوچەلەمەی سیاسی بۆرژوازی عیراقی لەم قۆناغەدا پێکهێناوە . تەنگوچەلەمەی هەمەلایەنەی‌ئەمڕۆی عیراق تەنیا بەهۆی ئەوەوە نییە کە تەنگوچەلەمەیەکی‌توند و تیژی ئابووری دەرگیریەتی و بۆرژوازی بن‌بەستە لە بەدەستهێنان و پیادەکردنی ئاسۆ و ئیستراتیژێکی‌ئابووری لەبار بۆ دەرچوون لێ‌ی، یان بەهۆی ئەوەوە نییە کە کێشمەکێشی هێزە ناوخۆیی و جیهانیەکانی بۆرژوازی تەنگ‌و چەلەمەی ئابووری و سیاسی و قانوونی بۆرژوازییان توند و تیژترکردوەتەوە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە کرێکار وەك قوتبێکی چینایەتی لەکۆمەڵگەدا دەیەوێت و لەئاستێکی بەریندا کەوتوەتە کار بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانە لەژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا و توانا و هێزی ئەمەشی هەیە .

## ئاڵوگۆڕ ، کێشمەکێشی کرێکاری‌و بۆرژوازی

ئەمڕۆ کرێکار و بۆرژوازی لەعیراقدا لەخەبات و ململانێیەکی هەمەگیر و جیدی‌دان لەسەر ئاڵوگۆڕێك کە بەڕێوەیە کۆمەڵگەی عیراق بەسەری ببات ، ئاڵوگۆڕێك کە ڕەوەندە مادییەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری‌عیراق و جیهان و توندوتیژبوونەوەی ناکۆکییە چینایەتیەکانی بەناچاری هێناویەتە پێشەوە. هەریەك لەم دوو قووتبە چینایەتیەی کۆمەڵگە لەخەباتدان کە مانایەکی دیاریکراوی جیاواز بەم ئاڵوگۆڕیانە بدەن‌و، لەخەباتدان ئەم ڕەوەندە مادییانەی پەرەسەندنی سەرمایەداری لەدیدگای‌بەرژەوەندی چینایەتی خۆیانەوە ئاویدەنەوە و لەشێوەی بەرنامەو کاری سیاسیدا بەرجەستەی‌بکەن. قوتبی سەرمایە لە کۆمەڵگەدا کێشەی خۆی هەیە و دەیەوێت ئاڵوگۆڕ بەمانای وەلام بە کێشەکانی بێت . کرێکاریش کێشەی دەسەلاتداریتی‌سەرمایەو سەرمایەداری هەیە و دەیەوێت ئاڵوگۆڕ بەمانای گۆڕانکاریی ڕیشەیی بێت لە شوێنەواری کۆمەلایەتی خۆیداو کۆتایی بهێنێت بە بوونی وەك کرێکار لە کۆمەڵگەدا. گۆڕانکارییەك کە ئێستا لە پەیوەندی سیاسی و تەرازووی هێزی ئەم دوو چینە بنەڕەتیەی کۆمەڵگەدا پەیدابووە، لەلایەك ئاکامی خودی پەرەسەندنی سەرمایەداری عیراق و هێزو توانا وەرگرتنی چینی کرێکارە لەدەروونیدا ، لەلایەکی دیکەوە لە هەمان کاتدا ئاکامی بەسەربردنی مێژوویەکە لەخەباتی چینایەتی ئەم دوو قوتبە و کێشمەکێشی‌نێوانیان لەسەر مانای جیاوازی ئەو ئاڵ‌وگۆڕییانە .

وەلام بەکێشەکانی سەرمایە، کە ئەمڕۆ بۆرژوازی بۆی دەست بەکارە، لەواقیعدا بزوێنەری هیچ ئاڵوگۆڕێك نییە لەژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی‌کۆمەڵگەدا وتەنانەت پێویستیشی بەوەلانانی ئیستیدادی سیاسی‌و تێکشکانی بەستەلۆکی ڕووبنای سیاسی ـ ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگە نییە . ئەمڕۆ کە ئیتر ئیستیداد ناتوانێ ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکیش بێدەنگ بکات ، یان عەرەبیزم‌و بەرژەوەندی میللی عیراق ناتوانێ و نەیتوانیوە بابەتێنیەکی هەبێ لە نێوانیاندا و ڕاکێشرێنە دەروونی بزووتنەوەیەوە. ئەمڕۆ کە ئیتر خواستە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی کرێکار تەنگوچەلەمەیەکی جیدی بۆ سەرمایە و سەرمایەداری

خولقاندووە و چاوەڕوانیەکانی کرێکار بۆ ژیان و کار و خەباتی چووەتە سەر و مانگرتنی بەربن بووەتەوە و شەپۆل دەدات . بۆرژوازی دەبێ بیری لەحاڵی خۆی بکاتەوە ، دەبێ هەڵسوراوانەتر و بەشێوە و ڕوخساری نوێیەوە و بەبزواندنی هێزە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی خۆیەوە بێتە مەیدانی جەنگی کرێکارەوە و بێتە مەیدانی وەلام بە تەنگوچەلەمەی قووڵی سەرمایەداری و لێرەشەوە تەنانەت باس لەئالوگۆڕبکات . تەواوی ئالوگۆڕییەك کە نوێنەرانی سەرمایە مەبەستیانە ، لەوە دەرناچێت کە چۆن سەرمایەداریی عیراق لەم تەنگوچەلەمەیەی ئێستای ڕزگاربکەن ، چۆن جێگەو ڕێگەیەك بۆ ئاسۆ و ئەلتەرناتیڤی بزووتنەوە کۆمەلایەتیە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و بۆ ئەو کێشە کۆمەلایەتیانەی وا نوێنەرایەتی دەکەن ، دابین بکەن و چۆن سیستەمی سیاسی وولات و هەیکەلی دەولەت شێوەیێ بدەن تا هێزە سیاسیەکانی بۆرژوازی جێیان تیابێتەوە . لەدەرەوەی ئەم کەین وبەینەی نێوان بزووتنەوەکانی بۆرژوازی و کێشمەکێشی نێوانیان ، ووشەی کۆتایی هەر هەموویان لەناسیۆنالیزمی عەسکەرتاری و ئیستیبدادی عەرەب و ڕژێمەکەیەوە تا ناسیۆنالیزمی پان ئیسلامی شیعە و ناسیۆنالیزمی کورد و تا دیموکراتخوازان و ڕیفۆرمیستانی جۆراوجۆری بۆرژوازی ، کە هێشتا دەنگێکی ئەوتۆیان نییە و هێزێکیان لە خۆنیشان نەداوە، پێشێلکردنی ئازادی سیاسی و بەرجەستەکردنی کۆنەپەرستی سیاسییە، پێشێلکردنیخواستە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگیەکانی کرێکار و مافە مرۆییەکانێتی ، سەرکوتی بزووتنەوەی مانگری و ڕێکخراوبوونیەتی . ئالوگۆڕێك کە دەیانەوێ کۆمەلگە ڕابگوزەرێنێ ، شتێك نییە جگە لەگرتنی کەلێن و کەلەبەرێك کە کەوتۆتە دەروونی بۆرژوازییەوە وەك چینێکی دەسەلاتدار لە کۆمەلگەدا و جگە لەپووچەلکردنەوە و بەرگرتن بەئالوگۆڕێك کە کرێکار دەیەوێت . ئەمە ناوەرۆکی واقیعی هەر ئالوگۆڕێکە کە بورژوازی باسیدەکات . لەواقیعدا هێزە کۆمەلایەتیەکانی بۆرژوازی هەر ئێستا هەلسووڕاوانە کاردەکەن و مەیدانی چالاکی کۆمەلایەتی و سیاسیان بۆتە ئەوەی کە نەهێلن بزووتنەوەی کرێکاری بەرەو ئەنجامدانی ئالوگۆڕی خۆی بەرەوپێش بچێت و تا بۆیان بکرێت ئالوگۆڕ بترنجێننە قالبی ئاسۆی سیاسی کۆمەلایەتی خۆیان .ئەمانە لەباشترین باردا بەدوای ئەوەوەن ڕیفۆرمێکی ئابووری بکرێت کە نەهێلێ برسێتی و هەژاری و بێکاری ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێش تەنگوچەلەمەی دەسەلاتداریتیسەرمایە توونەوتیژتربکاتەوە . بەدوای ئەوەوەن سیستەمێکی سیاسی بێننەکۆڕێ کە جێگەی حیزب و هێزە سیاسیە بۆرژوازیەکانی تیا ببێتەوە و دیموکراسی چەند حیزبی بۆرژوازی سەر و سیمای بێت تا خواستی کرێکار و خەباتی بۆ ئازادیی سیاسی لەم چوارچێوەیەدا لەقالب بدرێ . ئەمانە دەیانەوێت قانوونیەت و سیستەمی بۆرژوازی بگەڕێتەوە و بە شێوەیەکی ئاشکراتر و لەرێگەی بزواندنی هێزە کۆمەلایەتیەکانی بۆرژوازییەوە بەرەوپێش بچێ تا مافیمرۆڤی کرێکاری عیراق لە جەوێکی هێمن تر و کاریگەرتردا ، بەبێ هەراوهوریایەکی جیهانی پێشێلکرێ .دەیانەوێت بەستەلۆکی فەرهەنگی کۆمەلگە، کە مەبەستی بۆرژوا ئۆپۆزسیۆن فەرهەنگی تاکە حیزبی بەعسە ، شوێنی خۆی بدات بە بووژاندنەوەی فەرهەنگی بۆرژوازی وەك چینێك و بەبزواندن و ووژاندنی ڕۆشنبیرانی بۆرژوازی تا لەجەوێکی ئاوەلاتردا ڕووبەڕووی فەرهەنگی کرێکاری و ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستیکرێکاری ببێتەوەو ڕووبەڕووی خەباتی کرێکار بۆ گۆڕینی توازنی ئایدیۆلۆژی لە کۆمەلگەدا ببنەوە. ئالوگۆڕێك کە بۆرژوازی مەبەستیەتی ئەمانەیە و فەلسەفەی بزووتنەوەی لەم مەیدانەدا ڕووبە ڕوو بوونەوەیەتی بەرامبەر ئالوگۆڕێك کە کرێکار دەیەوێت ئەنجامی بدات ، نەك پێداویستییەکی خودی سەرمایەبێت.

ئەمرۆ مێژووی کۆمەلایەتی لەعیراقدا کێشەو مەسەلەیەکی هاوبەشی لەنێوان بۆرژوازی و کرێکاردا نەهێناوەتە کۆڕێ ، بەلکو مەسەلە و کێشەی جیاوازی دووقوتبی چینایەتی هێناوەتە کۆڕێ. ئەوەی کە بۆ سەرمایە کێشەیە و دەیەوێت لەدەوری وەلام پێی کۆمەلگە تەمەحور پێبکات، هەر لە سەرەتاوە زنجیرکردنێکی تری کرێکارە و هێشتنەوەیەتی وەك کۆیلەی دەستی سەرمایە . ئەوەش کە بۆ کرێکار کێشەیە ، خودی دەسەلاتداریتی سەرمایە و سەرمایەداریە و خودی ئەم وەرچەرخاندنەی ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤە لەکۆمەلگەدا بەلای وەلام بەکێشەکانی سەرمایەدا .کرێکار هەر لەسەرەتاوە بەدژی ئەم وەرچەرخاندنەیە و بەدوای پیادەکردنی ئاسۆ و ئامانجێکی سیاسی و کۆمەلایەتی تر و گۆڕانکاریەکی تر و خواستێکی ترەوەیە .کرێکار هێزێکی کۆمەلایەتی نییە لەپاڵ هێزە کۆمەلایەتیەکانی بۆرژوازیدا بۆ خستنەڕوو و بەکردەوەییکردنی ئاسۆ و ئامانج و خواستێکی ڕادیکالتر لەوەی کە بۆرژوازی دەیخاتە ڕوو و، هێزێکی وەلامدەرەوەی کێشەکانی سەرمایە نییە ، تاوەکو لە دەروونی وەلام بەم کێشانەدا و لەچوارچێوەیاندا کێشمەکێشی خۆی بەرەوپێش بەرێت ، بەلکو قوتبێکی چینایەتی ڕاوەستاو لە بەرامبەر

سەرمایەدایە . ئەوەی کە بۆرژوازی لەم قۆناغەدا چەند دەتوانێ کۆمەڵگە لەدەوری بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی‌و عەسکەرییەکانی خۆی راپێچێ و چەند پێداویستیەکانی‌خۆی دەخاتە پێشەوەی رووداوەکانی کۆمەڵگە و دەیکاتە کێشەی تەواوی کۆمەڵگە مەسەلەیەکە پەیوەست بە تەرازووی هێزی چینایەتی کرێکار و بۆرژوازییەوە، نەك ناچاریەکی مێژوویی بێت و هاوبەشی کێشەکانی کرێکار و بۆرژوازی بێت . ئەمڕۆ کرێکاری عیراق لەجیهانی‌بوونی بەرهەمهێنان و لە بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنەری کاری کومەلاّیەتیدا نزیکبوونەوەی خۆی و کۆمەڵگە لە ڕزگاربوونی کۆتایی لەکۆت و بەندی سەرمایەدا دەبینێ ، هێزوتوانا وەرگرتنێکی هەرچی زیاتری خۆی دەبینێ وەك بەشێك لە قوتبێکی ئینتەرناسیۆنالیستی لە بەرامبەر سەرمایەی جیهانیدا و ئەوە بەکردەوە دەکات کە وەك ئەم قوتبە ئینتەرناسیۆنالیستییە گەشە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی خۆی بدات و بێتە مەیدانی خەبات بۆ ڕووخاندنی سەرمایەی جیهانی و بنیاتنانی کۆمەڵی کۆمۆنیستی و، بێتە مەیدانی بەشداریکردنی هەڵسوڕاوانە لەژیانی کۆمەلاّیەتی‌و سیاسی کۆمەڵگەدا . کرێکاری ئەمڕۆی عیراق ئەوە دەبینێ کە خواستە ئابووری و سیاسی و کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگیەکانی و بەرنامەی ریفۆرمی بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە هەموو وولاّتێکدا بوونەتە یەك جۆرە خواست و، دەیەوێ بەم خواستە جیهانیەوە بێتە مەیدانی خەبات بۆ سەپاندنیان بەسەر بورژوازی عیراقدا . ئەمانەن کە کرێکار لەپەرەسەندنی سەرمایەداری هاوچەرخدا تاویان‌دەداتەوە و بۆ ئەم دنیا ئەم مانایەی داوە بەدەستەوە نەك کێشەی پەرەسەندنی ئابووری میللی عیراق و خۆسازدانەوەی سەرمایەی‌نەتەوەیی عیراق لە دەروونی سەرمایەداری هاوچەرخدا ، نەك ئەوەی کە ناچاربێت بکەوێتە دوای بۆرژوازی و کێشمەکێشەکانیەوە و لەپاڵ بۆرژوازی خۆماڵیدا بتوانێ نموونەیەکی ژیان بدات بەدەستەوە و نەك ناچاربێت بەوەی کە ئەگەر قسەیەکی هەبێ بیکات، تەنیا لەپاڵ ئاسۆ و ئامانجی ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد و لەپاڵ دیموکراسی بۆرژوازی‌و ریفۆرمیزمی بۆرژوازیدا بتوانێ بیکات . کرێکار هەر لەسەرەتاوە بەرامبەر تەواوی ئەم بزووتنەوە کۆمەلاّیەتیانەی بۆرژوازی‌یە ، بەرامبەر هەر ئاسۆ و ئەڵتەرناتیفێکی پەرەسەندنی سەرمایەی میللی عیراق و هەر کێشمەکێشێکی نێوان بۆرژوازی‌یە ، بەرامبەر هەر جۆرە لەقاڵبدانی ریفۆرمێکە کە ئەم دەیەوێت لە چوارچێوەی دیموکراتیزم و ریفۆرمیزمی بۆرژوازیداو بەرامبەر هەر ئایدیۆلۆژییەکی بۆرژوازی‌یە ، ناسیۆنالیزمی ئیستیبدادی بێت یان دیموکراسی ، دژی ریفۆرم بێت یان ریفۆرمیست . لایەنێکی گرنگی هێز و تواناوەرگرتنی بزووتنەوەی کرێکاری ئەمڕۆی عیراق ، بەرەوپێش بردنی خەباتیەتی لەدژی تەواوی ئەم بزووتنەوە کۆمەلاّیەتیانە و پەرەدانیەتی بەهێزی چینایەتی خۆی کە نەهێڵێت بۆرژوازی لەرێگەی کێشمەکێشی نێوان خۆیەوە و لەرێگەی ئەم پلاتفورمی ئابووری و ئەو سیاسەت و ئیستراتیژی عەسکەرییەوە کۆمەڵگە جەمسەرگر پێ‌بکات لەدەوری پێداویستیەکانی سەرمایە و نەهێڵێت ئاسۆی کرێکار و ئاڵوگۆڕییەك کە ئەم دەیەوێت وەلاوەبنرێت و بەرتەسکبکرێتەوەو پووچەڵبکرێتەوە لەچوارچێوەی ئاسۆ و ئامانجی ئاڵوگۆڕێك کە بۆرژوازی دەیەوێت .

### قۆناغێکی هەستەوەر لەژیانی بزووتنەوەی کرێکاری

بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کرێکار لە کۆت و بەندی سەرمایە و لە قاڵبێکی دژی مرۆیی،کە بەسەریدا سەپێنراوە وەك فرۆشەری هێزی کار ، بزوێنەری مێژووی کۆمەلاّیەتی مرۆڤە لە عیراقدا و ئەمە ئالاّی گۆڕانکاری بەکردەوە و ریشەیی ژیانی کۆمەلاّیەتی مرۆڤی هەڵگرتووە . ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم و سەرمایەدارییە کە مێژووی واقیعی کۆمەڵگەی عیراقیان پێکهیناوە . تەواوی رەوەندە مادیەکانی‌پەرەسەندنی سەرمایەداری هاوچەرخ و توندوتیژبوونەوەی ناکۆکیەکانی لە ئاستی جیهانیدا بەکردەوە پەرەی‌داوە بە توانا و هێزوەرگرتنەوەیەکی تری هێزی چینایەتی کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی کرێکار . خاسیەتی سەرەکی و ریشەیی ئەم قۆناغەش کە عیراق بەسەریدەبات، هەمان هێز و توانا وەرگرتنی بزووتنەوەی کرێکارییە لەدەروونیدا .

ئەو تەوەرەی کە ئەمڕۆ بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانێ لەم قۆناغە پڕ کێشمەکێشەی عیراقدا لێوەی بەرەوپێش بچێت و تەرازووی هێزە چینایەتیەکان زیاتر و زیاتر لەبەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت ، هاتنەمەیدانیەوەیەتی وەك بزووتنەوەیەك کە خەباتی ئابووری و سیاسی خۆی لەخەباتێکی چینایەتیدا گرێدابێتەوە و شێوەکانی رێکخراوبوونی بە شێوەیەك پەرە پێ‌بدات کە وەلاّمدەرەوەی ئەم خەباتە چینایەتیە بەرین و هەمەلایەنەبێت و لێرەوە پەرەبدات بەخۆی وەك بزووتنەوەیێکی بەشداریکەر لە تەواوی ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی کۆمەڵگەدا . میکانیزمێك کە ئەم بزووتنەوەیە پێ‌ی بەرەوپێش

دەچێت ، میکانیزمی بزووتنەوەی قوتبێکی چینایەتیە لە کۆمەڵگەدا ، کە بەناچاری بواردەکاتەوە مەیل و سوننەتە خەباتکارەکانی دەروونی خۆی و بزووتنەوەی سیاسی و حیزبەکانی بە هەڵسوڕاوییەکی ترەوە لەم قۆناغە هەستەوەرەی بزووتنەوەی کرێکاری عیراقدا بێنە مەیدانی بەرەوپێشبردن و بەرەسەندنیەوە و لەدواشیکردنەوەدا مۆرکی ووزەی هەڵسوڕاوی خەباتکارانە و ئاسۆ و ئامانجێك کە بەدوای ئەنجامدانیەوەن بدەن لەم بزووتنەوەیە. هەلومەرجی مادی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگە و تەواوی رەوەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تەواوی تەنگوچەڵەمەیەك کە تووشی بۆرژوازی بووە ئەوەی رەخساندوە کە بزووتنەوەی کرێکاری لەعیراقدا بکەوێتە نێو قۆناغێکی هەستەوەر و پڕ کێشمەکێشەوە و بواری کردوەتەوە کە بزووتنەوەی کرێکاری لەئاستێکی بەریندا بەرەورووی توونـدپێچی سیاسی دەروونی کۆمەڵگە بێتەوە و لەدەروونی تەنگ و چەڵەمەیەکی سیاسی هەمەگیری بۆرژوازیدا میکانیزمی بەرەوپێش چوونی خۆی بەکردەوە بکات. قۆناغێك کە کرێکار ناتوانێ و نایەوێت رازی‌بێت بە رۆڵێکی لاوەکی لە کۆمەڵگەو لە رێچکەی رووداوەکاندا. ئەم قۆناغە هەستەوەرەی عیراق رۆڵی پێشرەوی هەمەلایەنەی بزووتنەوەی کرێکارییە، رۆڵی گۆڕانکاری قووڵی هێز و توانای خەباتی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەتی . ئاسۆیەکی سیاسی‌خەباتکار کە ئەم قۆناغە پڕ ئاڵوگۆڕییە چۆنایەتیەی بزووتنەوەی کرێکاری نوێنەرایەتی دەکات و دەتوانێ رابەری پێشرەویی‌بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کرێکار بێت دژی سەرمایەداری ودەربری پێشرەوی ئەم جەنگە مەدەنیە راستەقینەیەی کرێکار و ئاسۆ و ئامانجی کۆمۆنیزمی کرێکارییە بێت . پێشرەوی ئەم بزووتنەوە حیزبی و ئینتەرناسیۆنالیستییەی کرێکارە لە ئەمرۆدا کە دەتوانێ پێشرەوی بەکردەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بێت لە هاتنەدەرەوەیدا وەك هێزێکی چینایەتی بەتوانا لە بەرامبەر بۆرژوازیدا ، لەتەواوی مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا . بزووتنەوەی کرێکاری عیراق لەم قۆناغەدا بەو ئەندازەیە دەتوانێ پێشرەویەکانی لەئاستی بەرین و بەشێوەیەکی چۆنایەتی ئەنجامبدات کە رەخنەی بەکردەوەی خۆی لە مولکداریتی تایبەتی و دەسەڵاتداریتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی کردبێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی بەهێز و توانا لەکۆمەڵگەدا . ئەم قۆناغە پڕ کێشمەکێشەی عیراق قۆناغی بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەی کرێکارییە لە هەموو شێوەکانی مانگرتن و رێکخراوبونیدا ، قۆناغی بەرینبوونەوەی خەباتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ، قۆناغی پێشرەوی مانگرتن و خەباتی‌سیاسی جەماوەریەتی ، قۆناغی خەباتی هەڵسوڕاوانەی ئایدیۆلۆژییەتی بەرامبەر بە بۆرژوازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانیو ، بەیەك ووشە رۆڵی یەکانگیرکردنەوە و پەرەپێدانی لایەنەکان و شێوەکانی خەباتی کرێکارە لە خەباتی چینایەتیدا .

---

* ئەم بابەتە لە ژمارە(٦)ی تەمموزی ١٩٩١ی ئۆرگانی رێکخراوی رەوتی کۆمۆنیست دا: "پرۆلیتاری" ، بڵاوکراوەتەوە .

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

# پرۆژەی بەرنامەی حکومەتی شورایی و پێشەکییەك

## پێشەکی

لەگەڵ دەستپێکردن و تەقینەوەی ڕاپەڕینەکانی ئازاردا، بزووتنەوەیەکی پان‌وبەرین بۆ دامەزراندنی شوراکان لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان سەری‌هەڵدا. ئەم بزووتنەوەیە کە بەدروشم و ئامانج و سیاسەتی کرێکاری وشۆڕشگێڕانەوە هاتبووە مەیدان ، بانگەوازی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان و خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی دەکرد کە شوراکانی خۆیان دابمەزرێنن و وەك دەسەلاتێکی جەماوەری و شۆڕشگێڕانە چەك و جڵەوی کاروبارە سیاسی‌و ئابووری و کۆمەلایەتی‌یەکانی کۆمەڵ بەدەستەوەبگرن‌و بەڕێوەی‌بەرن.

ئەم بزووتنەوەیە ڕووی لە هێنانەمەیدانی ڕاستەوخۆ و هەتاسەری ئیرادەی جەماوەری بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵ و دەست بردنیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بناغەکانی ڕژێمی بۆرژوازی بەعس و دامەزراندنی بناغەکانی دەسەلاتدارێتی دیموکراسی شۆڕشگێڕ و ڕەواج پێدانی ژیانێکی شەرافەتمەندانەی‌مرۆیی (ئینسانی) بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ . بۆ گەیشتن بەم مەبەستە جگە لەهێزی ملیۆنی کۆمەلانی کرێکاران و زەحمەتکێشان خۆیان و دەوری سەرەکی ئەم هێزە لەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتی‌یە کۆمەلایەتی و سیاسی‌یەدا ( کە ڕاپەڕین بۆ بەدیهێنانی بەرپابووبوو) ، هیچ هێزێکی تری نەدەناسی و پشتی پێنەدەبەست و، لە بەرانبەر هەموو ئەو ئەڵتەرناتیڤ (بەدیل) و سیاسەتانەدا ،کە دەیانویست ئەم ئیرادەیەی جەماوەر زەوت بکەن و ڕاپەڕین لەبارببەن و ئامانجەکانی بەلارێدا ببەن ، دەوەستایەوە .

بزووتنەوەی شوراکان خوازیاری بەسەرئەنجام‌گەیشتنی شۆڕشگێڕانە و هەمەلایەنەی ڕاپەڕین بوون ودەیانویست لەسەر زەمینەی دەسکەوت و پێشرەوی‌یەکانی ڕاپەڕین لەشارو شارۆچکە ڕزگارکراوەکاندا دەسەلاتدارێتی خەڵك دابمەزرێت و جەماوەر لەڕووی هەستکردن بەم دەسەلاتەی خۆیان و بەهەموو هێزی داهێنەرانەی خۆیان بێنەمەیدان و پێشرەوی‌یەکانی ڕاپەڕین درێژە پێ‌بدەن .

بزووتنەوەکە تەنها پشتی بەڕەوابوونی مەسەلەکە و هاوچارەنووسی و هاوپشتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی‌دنیا و سەرانسەری وولات بەستبوو و چاوی لەهیچ هێزێکی دەرەکی نەبوو و هیچ تێبینی‌یەکی ئەو هێزانەو ئاڵوگۆڕی هەڵوێستەکانیان سەبارەت بەحکومەتی بەعس بۆی مەبەست نەبوو ، وە لەگەڵ دەستپێکردنی جوڵانەوەکەیدا بڕوای بەو ڕاستی‌یە هەبوو کە کێشە و ململانێی جەماوەر لەگەڵ حکومەتی بەعسدا زۆر جیاوازە لەکێشەی نێوان ئیمپریالیستەکان و حکومەتی بەعس ، بۆیە لەلای ڕوونبوو کە لەدرێژەی ڕاپەڕین و پێشرەوی‌یەکانی‌دا ئەو هێزانە هەڵوێستەکانیان دەگۆڕن و پارسەنگی هێزەکان بەقازانجی حکومەتی بەعس دەشکێتەوە .

بۆیە پێویستە ئەم ڕاستی‌یە لەبەرنامەی سیاسی ڕاپەڕیندا لەبەرچاوبگیرێت و کۆمەلانی خەڵك لەم ڕاستی‌یە ئاگاداربکرێنەوە کەچۆن بۆ هەڵگیرسانی ڕاپەڕین تەنها پشتیان بەهێزی خۆیان بەستبوو ، بۆ درێژەپێدانیشی دەبێت ئەم پشت بەخۆبەستنە هەرچی هەمەلایەنتربکەنەوە و ژنان و پیاوان لەناو شوراکانی خۆیاندا چەکدار بکرێن و

ژیانی نێو شارەکان ڕێکبخرێنەوە و بەرنامەو نەخشەی گوزەران و بەرێچوون لە هەلومەرجی ڕاپەڕیندا بەڕێوەبچێت و بڕیارنامە و قەراری شۆرشگێڕانە لەم بارەیەوە بدرێت و گشت توانا و ئیمکاناتی کۆمەڵ هەیە بخرێتە خزمەتی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە ، تاوانباران دادگایی جەماوەری بکرێن و هێزە چەکدارە پیشەییەکانی بان سەری خەڵك هەڵوەشێنەوە و لەژێر هیچ ناوێکدا درێژە بەژیانیان نەدرێت، دیلەکان لەناو ریزەکانی ڕاپەڕیندا ڕێکبخرێن و چەکداربکرێنەوە لەنێو میلیشیای جەماوەریدا و . . . هتد . دروشمەکانی بزووتنەوەی شورایی لەبارەی ئەم واقعیەتانەوە هەتا ئێستاش لەگوێی دۆست و دوژمندا دەزرنگێنەوە و، ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕینیش ڕاستی و دروستی ئەوانەی بۆ هەموو کەس سەلماند . بەکورتی دەکرێت بڵێین ، بزووتنەوەی شوورایی دەسەڵاتی خەڵکی دەویست و تەنها ئەم دەسەڵاتەی بە زامنی هەنگاوەکانی تری ڕاپەڕین دەزانی ، دەسەڵاتێك کە لەسەر بەرینترین ئازادی و بەرینترین دیموکراسیسیاسی بواری بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ دەکردەوە ( ژن یان پیاو ، سەر بەهەر میللەت و نەژادێك بن ) کەبێنە مەیدانو لەسەر هەموو مەسەلە ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازییەکان قسەبکەن و بڕیاربدەن و لە هەمان کاتدا هەر خۆیشیان جێبەجێیبکەن .

بزووتنەوە جۆرە سیاسەت و ئامانجێکی ئاوهای هەبوو، بۆیە نەدەکرا نەبێتە مایەی ڕق و بێزاری ئەو چین و توێژانەی کە لەبەرانبەر بەرژەوەندییەکانی زۆربەی‌کۆمەڵدا ڕاوەستاون و خوازیاری ئیمتیازاتی بالادەستین لەکۆمەڵداو دەیانەوێت کۆمەڵ لەخزمەتی ئەواندابێت و بۆ بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی ئەوان بچەرخێت . بەڵێ ! بزووتنەوە بەرژەوەندییە سیاسی و چینایەتییەکانی ئەوانی دەخستە مەترسییەوە . هەر بۆیە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانیاندا کەوتنە خۆ تاکو بەر بەتەشەنەسەندن و دامەزراندنی شوراکان بگرن و ئیمکانات و توانای ماددییەکانیان لێ زەوت بکەن و بەر بەپیادەکردنی خزمەت و دەسەڵاتیان بگرن ، ئیحساساتی دواکەوتووانەی ناو کۆمەڵ لەدژیان زیندووبکەنەوە و قسە و بوختانی ناسیاسییانە و نائەخلاقییانەیان بۆ هەڵبەستن و . . .هتد ، تاسەرئەنجام لەئێستکەکەیانەوە ڕابگەیەنن کە شوراکان ڕەسمیەتیان نییە و نابێت جەماوەر ڕوویان تێبکەن . وە لەزۆر شوێنـدا هەڕەشەیان لە هەڵسوراوان و تێکۆشەرانی شوراکان دەکردو بەزۆر و بەپیادەکردنی شێوازی حکومەتگەرِیانە بنکەکانیان پێدادەخستن . بەم شێوەیە ئەم کارە دژیدیموکراتیکە کە لەخۆیدا یەکەم هێرشی بۆرژوازی ئۆپۆزیسیۆن بوو بۆ بناغەییترین ڕێکخراوی سیاسی جەماوەری لەمەیدانی ڕاپەڕین و تێکۆشانی سیاسیدا ، لەهەمان کاتیشدا یەکەم هەنگاویش بوو بۆ دەرپەڕاندن و کردنەدەرەوەی جەماوەرلە بەڕێوەبردن و ئیدارەی کۆمەڵدا . ئەم سیاسەتە بە دوای ئەوەدابوو کە ڕاپەڕین بەو ئاکام و سەرئەنجامە بگەیەنێت کە دەور و نەخشی جەماوەر لەنێو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بسڕێتەوە و ڕووداوەکانی داهاتوو بەجۆرێك بەرنەپێش کە سەرجەم لەخزمەتی بۆرژوازی و ئیمپریالیزمدا بێت و دەرفەتی ئەوە پەیدابکەن دەسەڵات لەسەرەوە دەستاودەست پێبکرێت و ئەڵتەرناتیڤە دژی شۆڕشەکەیان لەهەلومەرجێکی نوێدا بەسەر ڕاپەڕینوکۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیودا بسەپێنن ، تا ئەو ڕادەیەی کەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەست لەبینەقاقای ڕاپەڕین گیربکەن و هەر بەساوایی بیخنکێنن .

بەمجۆرە بزووتنەوە هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ڕووبەڕووی هێرشێکی هەمەلایەنەی کۆنەپەرستیبووە و کەوتە هەلومەرجێکی دژوارەوە . بۆیە دەبوایە بەرەخنەگرتن لەخۆی و دەرس وەرگرتن لەتاقیکردنەوەکانی ، سەرلەنوێ کارەکانی ڕێکبخاتەوە و وابکات کە کار و ڕێکوپێکی خزمەتەکانی شوراکان بەرادەیەك بگەیەنێت کە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بۆ کێش بکات و زەمینە بۆ دامەزراندنی شورا کرێکاری و جەماوەرییەکان لەهەموو شارەکاندا برەخسێنێت.

بۆ هەمان مەبەست و ئاسۆدارکردنی هەرچی زیاتری ڕاپەڕین و جێگیرکردنی ئەڵتەرناتیڤی کرێکارانوزەحمەتکێشان لەجێگەی حکومەتی بەعس ، وە بۆ ئاگاداربوونەوەی جەماوەر لە بەرنامە و ئامانجەکانی بزووتنەوەی شوراییو هاوئاهەنگی دان بە کار و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شوراکان لەئاستی کۆمەڵدا ، ڕاگەیاندنی بەرنامەی حکومەتی شوراکانی بەپێویست زانی . ئەوەبوو کۆمیتەی نوێنەرانی شوراکان پڕۆژەیەکی بەناوی " پڕۆژەی بەرنامەی حکومەتی شورایی "ی هێنایەدەرەوە و بانگەوازیهەڵسوراوانو لایەنگرانی بزووتنەوەی شوراییکرد لەکۆبوونەوەیەکی گشتی و ئازادانەدا باس و خواسی لەسەر بکەن و دەنگی لەسەر بدەن . بانگەوازەکە زۆربەزوویی وەڵامی پێدرایەوە و لە ڕێکەوتی (٢٣/٣/١٩٩١)دا کۆبوونەوەکە بەبەشداری سەدان کەس لەژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ بەستراو بە شێوەیەکی زۆر ئازادانە و دیموکراسییانە بەند بە بەند و

بەشەکانی بەرنامە شیکرانەوە و قسەوباسی چڕوپڕیان لەسەر کرا و سەرئەنجام پاش هەندێك دەستکاری و زیادکردنی چەند بەندیتر بۆی ، پڕۆژەی بەرنامە بەزۆربەی دەنگەکان پەسەندکرا و بەرنامەی پەسەندکراوی کۆمیتەی نوێنەرانی شوراکان ڕاگەیەندرا .

ڕاگەیاندنی بەرنامە لەهەلومەرجێکی وادا کارێکی پێویست و شۆڕشگێڕانە بوو ، کە دەستی خستە سەر ناوەڕۆکی ئابووری و سیاسی ڕاپەڕین و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێویستە ڕاپەڕین لەژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا بەدی‌بهێنێت و ئەو شێوازەیشی لەدەسەڵات دەستنیشان‌دەکرد کە زامنی بەدیهێنانی ئەو بەرنامە سیاسی و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەیە لە کۆمەڵدا .

چۆنیەتی پەسەندکردنی بەرنامە لەپشتی پەردەوە و بەنهێنی نەبوو ، مشتومڕی فیکری کۆمەڵێك ڕۆشنبیری‌دابڕاو لە مشتومڕی چینایەتی ناو کۆمەڵ نەبوو ، بەڵکو لەڕێگای کۆبوونەوەی گشتی و بڕیاردانی ئازادانەوەبوو ، لەهەمان کاتدا داڕێژەرانی ئەم بەرنامەیە دەرگیری مشتومڕێکی واقیعی سیاسی و چینایەتی‌بوون و دەیانویست لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە بناغەی هەموو یاسا و کار و نەخشەیەکی دەسەڵاتدارێتی شورایی پێکبێنن لەکۆمەڵدا و ڕاپەڕین بەچارەنووسی یەکجاری خۆی بگەیەنن .

کۆمیتەی نوێنەرانی شوراکان بەدوای پەسەندکردنی بەرنامەدا بڕیاری‌دا کە بەرنامە بەژمارەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە و کۆڕ و کۆمەڵی گەورە و بچووکی لەسەر سازبکەن و بەندەکانی لەڕێگای نووسین و نامیلکەوە ڕوونتربکرێنەوە و گۆڤاری شورایش لەم بارەیەوە بەدەوری خۆی هەستێت ، بەڵام بەهۆی توندی ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکانی عیراق و ناوچەکە و ئاڵوگۆڕەکانی ڕاپەرینەوە و سەرقاڵبوونی کۆمیتەی نوێنەران بەسیاسەتی جەنگی بەرگری و کارکردن بۆ دروستکردنی میلیشایەکی جەماوەری‌یەوە ، نەکرا ئەو کارانە شوێن پێ‌یان هەڵگیرێت و گۆڤاری شورایش چاوی بەدنیا هەڵنەهێنا .

شوراکان سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و کەم ئەزموونی و ساوایی‌یەکی خۆیان و سەرەڕای هەموو خاڵە لاواز و بێ‌هێزەکانی خۆی ، ئێمە لەگشتێتی خۆیدا بە گەشترین لایەنەکانی ڕاپەڕینی ئازاری دەزانین و بەرنامەی حکومەتی شورایش وەك شوراکان بەچاکترین دەستکەوتەکانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە دەبینین کە بەمیرات بۆمان ماوەتەوە . هەربۆیە بەپێویستمان زانی جارێکی تر بە بەرینی‌یەکی زۆرەوە بکەوێتەوە ناو ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی و لەگەڵ باقی دەسکەوتەکانی تری ئازاردا ببنە بنەما و ئاسۆی سەرلەنوێ هەستانەوەی ڕاپەڕین و زەمینەخۆشکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراندنی شورا ڕاستەقینەکانی گەڕەك و کارگە و دامەزراوەکان و دەسەڵاتدارێتی شورایی لەکۆمەڵدا .

بێگومان بەرنامەی حکومەتی شورایی لەهەموو بارێکەوە ڕێك نی‌یە و خاوەنی کەموکوڕی خۆیەتی ، وە لەم بارەیەوە پێویستی بەدەستکاریکردن و ڕێکخستنەوە و زیادکردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە ، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێمە لەهەلومەرجی سیاسی تردا دەژین ، جیا لەو هەلومەرجەی کە بەرنامە تیایدا پەسەندکراوە، ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و پاش ڕاپەرینیش دەرس و تاقیکردنەوەی زۆری بەکۆمەڵانی خەڵك داوە و هوشیاریی سیاسی و چینایەتی ئەوانی بردۆتە سەر ، وە ئێمە کەخۆمان بە بەشێکی زۆر بچووك لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە دەزانین کە ئەم بەرنامەیە نوێنەرایەتی‌یان دەکات ، ئەو حەقەمان بەخۆمان ڕەوابینی کە سەربەخۆ دەستکاری بکەین و وەك پەسەندکراوی تەواوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکە ڕای‌بگەیەنین . بۆیە بەچاکمان‌زانی کە بەرنامەی حکومەتی شورایی لەگەڵ پێشەکی‌یەکدا بخەینە بەردەم هەلسوڕاوان و پێشڕەوانی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و هێزە سیاسی‌یە شۆڕشگێڕەکان تاکو توێژینەوەی لەسەر بکرێت و ئەو ئاڵوگۆڕانە دەستنیشان‌بکرێت کە پێویستە بەرنامە بەخۆیەوە بگرێت . بەو هیوایەی کە بەرینترین جەماوەر و ڕابەرانی کرێکاری و تێکۆشەرانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ دەوریان لەپەسەندکردن و قەوارە پێدانی یەکجارەکی بەرنامەدا هەبێت **تاکو بکرێتە مەبنایەك بۆ کاری هاوبەشی هێزە شۆڕشگێڕەکان و بەرنامەی سیاسی ئەم دەورە چارەنووسسازە لەژیان و خەباتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی‌یەی کە بەرنامە نوێنەرایەتی دەکات .**

## دەسەڵاتدارێتی حکومەتی شورایی و ئەرکە دەستەجی‌کانی

یەکێك لەخاسیەت و سیما هەرە ناسراوەکانی هەر جوڵانەوە و ڕاپەڕینێکی جەماوەری ئەوەیە کە لەگەڵ بەرپابوون و تەقینەوەی‌دا تەواوی ئەو پەیوەندی و نۆرمانە کە خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازی بۆ مرۆڤەکانی لەبەرچاوگرتووە و سەپاندویەتی بەسەر کۆمەڵدا لەبەریەك هەڵدەوشێتەوە و پەیوەندی‌یەکی بەرابەری و ئازادیخوازانە کە لەناخی‌مرۆڤانی کرێکار و خەڵکی چەوساوەدایە سەرهەڵدەدا و جێگەی

دەگرێتەوە . لەو کاتەدا ئیتر قسەیەك لە ژنبوون و پیاوبوون ، کامە رەنگ و کام میللەت و دین و نەژادە ، خۆ و وولاتی‌یە یاخود بیانی‌یە نی‌یە ، بەڵکو قسە لە شۆڕش و دژی شۆڕشە ، قسە لە مرۆڤ و مافی مرۆڤە بە مانای تەواوەتی خۆی ، قسە لەهاوچارەنووسی و ئامانجی هاوبەشە و هەمووکەس لەو مەیدانەدا ئەندامێکی شۆڕشە و هەموو مافێکی هەیە و بەپێی لێهاتوویی و کارایی حسابی لەسەر دەکرێت و دەوری دەدرێتێ . لەو جولانەوەیەدا داب و نەریتی هەزاران ساڵ و قسەی پڕوپووچ و خورافی لەبەردەم واقیعەتی خرۆشانی جەماوەریدا خۆی پێ ڕاناگیرێت و هەرەس دەهێنێت ، پەیوەندی مرۆیی جێگای پوول و پارەدەگرێتەوە و شتومەك نەك بۆ پارە، بەڵکو بۆ مرۆڤ و لەجێگە و شوێنی شیاوی خۆیدا ، بەپێی‌پێویست خزمەتی پێدەکرێت . ڕادەی درێژەکیشان و مانەوەی ئەم تێڕوانین و پەیوەندی‌یە یەکسانی‌خواز و مرۆیی‌یە وزاڵبوونی بەسەر ژیانی کۆمەڵدا بەندە بەڕادەی هوشیاری‌وئامادەیی‌و ڕێکخراوبوونی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی‌یەوە کە بۆ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان هاتۆتە مەیدان و دەسەڵات و یاسا و حاکمیەتی لەکۆشکی شاهانە و پشتی پەردەوە هێناوەتە ناوجەرگەی شوێنە گشتی‌یەکان و گەڕەك و سەر جادەکان تەنها ئەو دەسەلاتەی کە ئەم گیانی بەرابەری و ئازادیخوازی‌یەشۆڕشەکان بەکردەوە دەردێنێ و دەیباتە پێش ، شێوازی دەسەڵاتدارێتی شوراییە ، کە لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەنگاوێکە لەڕێگەی ڕزگارکردنی مرۆڤ لەژێر باری چەوسانەوە و سووکایەتی‌پێکردنی خاوەندارێتی‌تایبەتی سەرمایەداری و پەیوەندی‌یە ئیمپریالیستی‌یەکاندا . دەسەڵاتی شورایی ئەو گیانە خۆبەخۆی‌و خۆڕسکیانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەکاتە گیانێکی بەبەرنامە و ئامانجدارانە و چینە چەوساوەکان بەچاکترین ڕێگای‌ڕزگاری خۆیان هوشیاردەکاتەوە .

دەسەڵاتدارێتی شورایی لەگەڵ دامەزراندنی‌دا ، هەلومەرجێکی نوێی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا دەرەخسێنێ و حاکمیەت نەك لەسەرەوە ، بەڵکو لەخوارەوە، دەستنیشان دەکات . هەلاواردنە جۆراوجۆرە سیاسی‌وکۆمەڵایەتی‌یەکان هەڵدەپێچێت و بوار بۆ هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ دەکاتەوە کە بەبێ جیاوازی بەشداری لەدەسەڵاتدا بکەن‌وهەڵبژێرێن و هەڵبژاردن بکەن .

بەڕێوەبردنی بیروکراتیانەی کاروباری گشتی هەڵدەوەشێتەوە و بەڕێوەبردنی دیموکراسی و شورایی‌جێگەی دەگرێتەوە ، کاربەدەستان لەهەر پلەیەکی بەرپرسیاریەتیدا بەهەڵبژاردن دادەمەزرێن و هەرکات زۆربەی ئەوانەی دەنگیان بۆ داون بیانەوێت دایاندەگرن و کەسانی تر هەڵدەبژێرن . مانگانەی هەر کاربەدەستێك لەهەرپلەیەکی دەسەلاتدارێتی‌دابێت ، مانگانەی کرێکارێکی شارەزای پێ دەدرێت ، وە ئیتر لە کۆمەڵێکی وادا کاربەدەست بوون ئیمتیازات نی‌یە ، بەڵکو بەرپرسایەتی وخزمەتکردنە .

سوپا و دەستگا سەرکوتکەرەکان و پیشەیی‌کانی سەر سەری خەڵك هەڵدەپێچرێن و چەکداربوونی تەواوی ئەو ژن و پیاوانەی کە دەیانەوێت چەکداربن جێگای دەگرێتەوە و لێپرسراوە سەربازی‌یەکان لەهەر پلەیەکی بەرپرسایەتی‌دا بەشێوەی شورایی هەڵدەبژێردرێن و لادەبرێن . ئەمانە ئەو بناغانەن کە دەسەڵاتدارێتی شورایی لەسەری هەڵدەستێت و کاروباری کۆمەڵی پێ دەبات بەڕێوە . دەسەڵاتدارێتی شوراکان لەهیچ کوێی دنیادا ببن ئەو ئەرکانە بەجێدەگەیەنن و ئامرازی‌خەباتی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵن . بەلام بەپێی تایبەتمەندێتی هەر هەلومەرجێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئەرکی تایبەتی دەکەوێتە سەرشان و پێی هەڵدەستێت . با بزانین ئەو ئەرکە دەستبەجێ‌یانە کەپێویستە حکومەتی‌شورایی لەعیراقدا پێی هەستێت چی‌یە و چۆنە ؟

ئەگەر چاوێك بە بەرنامە و سیاسەتەکانی حکومەتی بەعسدا بخشێنینەوە و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی زاڵ بەسەر عیراقدا سەیربکەین ، دەبینین کە سەرتاپا بریتی‌بووە لەدیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستی‌سیاسی ، پێشێل کردنی دیموکراسی و ئازادی‌یە سەرەتایی‌یەکانی خەڵك و گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان و جەنگ و قەلاچۆکردن‌و هەلومەرجی جەنگی و زاڵبوونی بەسەر هەموو گۆشە و قوژبنێکی ژیانی خەڵکی‌دا و بەکارهێنانی هەمووشێوازەکانی چەوساندنەوە بۆ دابین‌کردنی هێزی مرۆیی‌بۆکوشتارگەکانی شەر ، پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤێنیستانە و تەعریب و ڕاگواستنی بەزۆر و سەرکوتی دڕندانەی بزووتنەوەی میللی لەکوردستان ، ستەمکێشی ژنان و سووکایەتی‌پێ‌کردنیان ، هەلاواردنی ئایینی ، پشکنینی پۆلیسی و خۆهەڵقورتاندنە هەموو شتێکی تایبەتی و شەخسی مرۆڤەکان و ...هتد . لەیەك قسەدا بۆ دەیان ساڵە کە بەرنامە و سیاسەتی فاشیانە لەعیراقدا حوکمی کردووە و دەرسی ئیهانە و سووکایەتی‌کردن بە مرۆڤ ووتراوەتەوە . بۆیە مەیدانێکی بنەڕەتی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان خەباتکردن‌بووە

لەدژی دیکتاتۆری و بێمافی یە سەلتە (فردی) یی و کۆمەلایەتیەکان ، وە لەپێناوی ئەوەدا کە ئەو سیاسەت و دیاردە دژی مرۆیی و فاشی یانە ریشەکێشکرێن و چیتر لە ژێر هیچ ناووبەرگێکی تردا دریژە بەژیانیان نەدەن ،پێویستە مافە سەرەتایی یەکانی خەلکی زەحمەتکێش لەژیان و یاسای بنچینەیی وولاتدا جێگیربکرێن و بەرێوەببرێن .

ئازادی بیروباوەر و تیکۆشانی سیاسی ، ئازادی بەیان و چاپەمەنی ، ئازادی رێکخراوبوون و پێکهێنانی حیزب ، ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان ، یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو مەیدانێکی ژیانی ئابووری و سیاسیو کۆمەلایەتیدا ، جیایی ئایین لەدەولەت و پەروەردە و فێرکردن ، ئاشکرا بوونی هەموو دادگایەك و . . .هتد ئەو مافانەن کە حکومەتی شورایی دەستبەجێ و بێئەملاوئەولا بەرەسمی دەیناسێنیێت و کاری پێدەکات و ، چیتر رێگانادات ماف و حورمەتی مرۆیی لەژێر هیچ ناو وبەهانەیەکدا دەستدرێژی بکرێتە سەر .

یەکێکی تر لەئەرکەکانی حکومەتی شورایی چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی یە لەکوردستاندا کە لەم بارەیەوە دەسبەجێ ئەو مافە بۆ گەلی کورد دەسەلمێنیت ، کە لەرێگای دەنگدانی ئازادانەوە و بەئیرادەی (ویستی) خەلکی کوردستان مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد دیاری دەکرێت ، تارادەی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ . حکومەتی شورایی لەم بارەیەوە هیچ قەید و بەندێك ناناسێت لەسەر رێگای بەدیهاتن و جێبەجێ بوونی ئەم مافەی خەلکی کوردستاندا .

ئەرکێکی تر کە لەبەرنامەشدا هێمای بۆکراوە ، سەبارەت بەدوارۆژی سیاسی و ئابووری عیراقە کە گرنگی لە رادە بەدەری هەیە ، ئەویش دەبێت تەواوی پەیمانە دیلیهێنەرە ئابووری و سیاسی و سەربازی یە ئیمپریالیستی یەکان هەلوەشێنرێنەوە و پووچەل کرێنەوە . وە تەواوی سەنەد و بەلگە نهێنی یەکانی کاروباری دەرەوە ئاشکرا بکرێن ، کار و باری دەرەوە لەدوارۆژی دەسەلاتدارێتی شورایی دا ئاشکرا دەبێت و لەژێر چاوەدێری راستەوخوی ئۆرگانەکانی جەماوەری دا دەبێت . هەر لەم پەیوەندیەشدا حکومەتی شورایی پشتیوانی خۆی لەبزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە شۆرشگێرەکانی ناوچەکە و دنیا رادەگەیەنێت و یارمەتیان دەدات . لەهەمان کاتدا هەموو قەرز و تالانکاری یەکانی نێوان حکومەتی بەعس و ئیمپریالیستەکان پووچەل رادەگەیەنێت و بێبایەخ دەکرێن ، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەرفی شەر و بواری سیاسی و سەربازی کراون .

رادەی ئەو ماف و ئەرکانە لەوەدا روونتردەبێتەوە کە بزانین سیاسەت و نەخشەکانی ئیمپریالیستەکان لەو مەیدانانەدا چی یە و مافە سەرەتایی یەکانی مرۆڤ لەژێر سایەی ئەو ئەلتەرناتیڤە ئیمپریالیستی یەدا چی لێ بەسەردێت کە گرنگترین ناوەرۆکی سیاسی راپەرین پێکدەهێنیت .

ئیمپریالیستەکان کە بۆ دەیان سالە قازانج و بەرژەوەندی یان لەرێگای دیکتاتۆری و جەنگ و سەرەنێزەی رووتەوە جێبەجێ دەبێت ، وە حکومەتی بەعس نموونەیترین جۆری حکومەتکردن بووە بۆیان ، بەلام ئێستا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابووریەی کە لەپاش شەری عیراق و ئێراندا پێکهاتووە و ئەو هاوسەنگی یە چینایەتی یەی کە لەپەیوەندییە کۆمەلایەتی یەکاندا ، لەهەلومەرجی شەردا حکومەتی بەعس بەدیهێناوە ، هەروەها ئەو وەزعیەتە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی یە تازەیەی کە شەری کەنداو و راپەرینی ئازار هێنایەکایەوە لەعیراقدا ، ئیمپریالیستەکان لەرێگای ترەوە دەیانەوێت قازانج دابین بکەن و ئەمەش پێداویستی سیاسی تازە دەخوازێت لەعیراقدا . هاتنەناوەوەی راستەوخۆی کۆمپانیا مۆنۆپۆلی (احتکاری) و چەندمیللی یەکان بۆ بازاری ناوخۆی عیراق و چەوسانەوە و بەهرەکێشی توندوتیژی هێزی کاری هەرزان لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە و دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوە و کەرەسەسروشتی یەکان و بەکارهێنانیان . بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئابووریانە ، ئیمپریالیزم پێویستی بەزەمینەخۆشکردنێکی سیاسی هەیە لە عیراقدا ، یەکەمین هەنگاو لەم راستایەدا لابردنی حکومەتی بەعس و هێنانەسەرکاری حکومەتێك دەخوازێ کە لەتوانایدا هەبێت هەموو ئەو پاشەکشە و بێمافیانەی کە لەسەردەمی شەردا بەسەر چینی کرێکاردا سەپێنراوە قانونی بکاتەوە و دەورەیەکی تازە لە کەلەکەبوونی سەرمایەی ناوخۆ و ئیمپریالیستی دەست پێ بکەنەوە . ئەم ئەلتەرناتیڤە کەدژی شۆرشێکی نوێیە و لەهەلومەرجێکی نوێدا دێتەکایەوە ، پەرلەمان بێت یان نا ، یاساکانی پەرلەمان توندبن یان شل ، سیستمی چەند حیزبی بێت یان شتێکی تر ، وا دەبێت کە هەلومەرجێکی سیاسی نوێ لە کۆمەلدا دەرەخسێنێ کە بۆرژوازی لەعیراقدا وەك چینێك بتوانێت نوێنەری بەرژەوەندی یەکانی خۆیو ئیمپریالیستەکان بەپێی کارامایی و لێهاتوویی یان سەربخات و دەولەت

بتوانێت کاروباری گشت چینی سەرمایەدار بەڕێوە بیات . ئەم شێوەیە لەدیکتاتۆری نوێی سەرمایەداران نەك مافە سەرەتایی‌یەکان بەرەسمی ناناسێت و کێشە و مەسەلە دیموکراسی‌یەکان چارەسەرناکات ، بەڵکو رێك دەکەوێتە بەرانبەریانەوە و لە بەرگێکی تری چەوسانەوەدا درێژە بە بوونیان دەدات .

ئەو ئەڵتەرناتیڤە ئیمپریالیستی‌یە سەبارەت بەمافی دیاریکردنی چارەنووسیش رادەوەستێتەوە و لەم بارەیەوە مەرج و قەید و بەندێکی بۆ دادەنێت . وە ئەو مەسەلەیە نەك بەپێی ئەوە کەچارەسەری بنەڕەتی بۆ بکرێت ، کە دەنگدانی گشتی‌یە بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەڵکو ئەوەندەی کە خزمەت بە سیاسەت و بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکانیان دەکات لەعیراقدا لەگەڵی دەچێتەپێش و چارەسەری بۆ دادەنێت ، کە لەباشترین دۆخی خۆیدا جگە لە ئیمتیازێك بۆ سەرمایەدارانی کورد شتێکی‌تر نی‌یە.

هەروەها سەبارەت بەدواڕۆژی سیاسی لەعیرقدا ، ئیمپریالیستەکان ئەم سەربەخۆیی‌یەیان بەجۆرەها شێوە پێشیل‌کردووە . بەتایبەتی لەرێگای جەنگی‌کەنداوو بریارەکانی رێکخراوە نیونەتەوەیی‌یەکانەوە و بەکەڵك وەرگرتن لەدەیان نەهامەتی و رۆژەڕەشی‌یەك کە بۆ خەڵکی عیراقیان دروستکردووە ، ئامانجە سیاسی و ئابووری‌یەکانیان لە بەرگی قانون و بڕیاری جۆراوجۆری نێونەتەوەیی‌یەوە بە سەردا سەپاندووە . بۆیە بەرژەوەندی‌یەك ئەوەندە خوار و نارەوا و دژی مرۆیی بێت ، بێگومان دەبێت چ سیاسەت و نەخشە و پەیمانێکی دزێوانە لەرێگەی حکومەتی دەستنیشانکراوی ئیمپریالیستەکانەوە لەهەگبەی کاروباری دەرەکی (خاجی) دا هەڵبگرێت و چەندێك لە پەیمانە کۆنەکانی حکومەتی بەعسیش دەست پێوەبگیرێت وبهێلرێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی راستی‌یەکی ئەوهایە کە بەرنامەی‌حکومەتی شوراکان سەبارەت بەناوەرۆکی سیاسی راپەڕین لەبەرانبەر نەخشە و سیاسەت و لیبرالیزەکردنەوەی ئیمپریالیستەکاندا رادەوەستێتەوە و ئالای مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بەرزدەکاتەوە .

ئەرکێکی‌تری حکومەتی شورایی ، جێگیرکردنی‌یاسایەکی کاری کرێکاری و شۆرشگێرانەیە لەووڵاتدا ، کە دەبێت لەلایەن شورای نوێنەرانی کرێکارانەوە پەسەندکرابێت و لە ژێر چاودێری خۆیشیاندا ، لەهەموو گۆشە و کەنارێکی ووڵاتدا کاری‌پێ‌بکرێت و بەڕێوەبچێت تا کۆتایی بەو وەزعە مەینەتبارە بهێنێت کەسەرمایەداری دەوڵەتی‌و تایبەتی بەسەر چینی کرێکاری عیراقیدا سەپاندووە . دەبێت ژیان‌و مافی کرێکاران ، ژیان و مافی مرۆیی شایستەی ئەم سەردەمەبێت ، کارکردنی کرێکاران مرۆڤانە بێت و ژیانی مرۆڤی ئەم ئەم سەردەمەیان هەبێت . مافی رێکخراوبوون و مانگرتنیان هەبێت ، تاکو لەبەرانبەر هێرشە ئابووری و سیاسی‌یەکانی سەرمایەداراندا رابوەستنەوە . لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵدا ژیان و ئاستی خۆشگوزەرانیان بچێتەسەر ، تا توانای بەخۆدا هاتنەوەیان هەبێت و بحەوێنەوە و دەرفەتی دەستەبەرکردنی پێداویستی‌یە مەعنەوی و فەرهەنگی و سیاسی‌یەکانی خۆیان هەبێت .

سیاسەتی چەوسانەوەی توندوتیژی بەهرەکێشانەوەی ئیمپریالیستی و بوونی یەك سوپای بەرینی زەخیرەی کار لە کۆمەڵدا لەرادەی دەور و گرنگی یاسایەکی کاری‌کرێکاری دەباتە سەرەوە و لەسایەی ئەم یاسایەدا نەك سوپای زەخیرەی کار نابێتە مایەی ململانێ و دووبەرەکایەتی لە نێوان ریزی چینی کرێکاری عیراقدا ، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ریزەکانی ئەو چینە و خێراترهەستانی بەدەوری مێژوویی و بەسەرئەنجامگەیاندنی پەیامی مێژوویی خۆی . قانوونی کارێکی وا کارکردنی مندالانی قەدەغەکردووە و ژیانی پیرەکان مسۆگەر دەکات و بیمەی بێکاری بەو کەسانە دەدات کە ئامادە بەکارن و کاریان نی‌یە. کرێ‌ی‌یەکسان بەژن و پیاو دەدات بۆ کاری یەکسان . دەرکردنی کرێکار لەلایەن خاوەن‌کارەوە قەدەغەدەکات و . . . هتد .

ئەمانە ئەو ئەرکە سەرەکیانەن کە لەگەڵ باقی هەنگاوەکانی تری حکومەتی شورایی ، سەبارەت بە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ریفاهی و خۆشکوزەرانی‌یە گشتی‌یەکانە و ناوەڕۆکی ئابووری- سیاسی راپەڕینی ئازار پێك دەهێنن و لەبەرانبەر هەموو نەخشەکانی بۆرژوازی و ئیمپریالیزمدا رادەوەستێتەوە و دژایەتی‌دەکات .

جا ئێستا کە لەململانێ‌یەکی تووندا بەرەو دامەزراندنی حکومەتی شوراکان دەچین ، بەئەرك و کاری خۆمان و گشت چینەکەمان و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی دەزانین کە لەم هەلومەرجە چارەنووسازەدا هەمووومان بەدەوری شۆڕشگێرانەی خۆمان هەستین‌وبەرنامەی دەسەلاتدارێتی شوراکان بکەینە کاری ئەم قۆناغە چارەنووسازە لەخەباتی چینایەتی‌دا ، تا هەنگاوێك لە رزگاری و یەکسانی مرۆڤ نزیکتربیبنەوە . جارێکی تر داوامان ئەوەیە کە زۆرترین کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاری و جەماوەری ، کەس و لایەن و هێزە شۆڕشگێڕ و رادیکالەکان

دەوریان لە چاککردن و تەواوپێدانی یەکجارەکی بەرنامەی حکومەتی شوراکاندا هەبێت و لەم ڕێگایەدا هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن .

بەئومێدی سەرکەوتن

بزووتنەوەی لایەنگرانی شوراکان

١٩٩١/١٢/١

. . . .

## پرۆژەی بەرنامەی حکومەتی شورایی

(پەسەندکراوی کۆبوونەوەی نوێنەرانی شوراکان)

١٩٩١/٣/٢٣

## قانوونە بنچینەییەکانی حکومەتی شورایی

**یەکەم :**

ئەو رژێمە سیاسی‌یەی کە دەبێت پاش رووخانی حکومەتی بەعسی سەرمایە بێتە سەرکار ، حکومەتێکی پەرلەمانی نی‌یە . تاقیکردنەوەکانی جیهان نیشانی‌داوە کە پەرلەمان هەروەک لەشکر و پۆلیس و دەزگا بیروکراتی‌یەکانی تری دەوڵەتی ئامرازی حکومەتی سەرمایەدارانە و لەپێناو سەرکوت و فریودانی جەماوەردا کاردەکەن .

ئێمە دەمانەوێت حکومەتی شوراکان دابمەزرێنین ، دەسەلاتداریتی شورایی لەسەر بنچینەکانی :

١- دەسەلاتداریتی خەڵك لەسەر بناغەی دەسەلاتداریتی شورایی .

٢- هەڵوەشاندنەوەی لەشکر و هێزە چەکدارە پیشەیی‌یەکانی جیا لەخەڵك و چەکدارکردنی تێکرایی خەڵك لەجێگای ئەواندا .

٣- هەڵوەشاندنەوەی بیروکراتی‌دەوڵەتی‌و سەرووخەڵك‌و دامەزراندنی رژێمی دیموکراتی شورایی و بەڕێوەبردنی لەجێگای ئەو .

**دووەم :**

شێوەی پێکهاتن و دەستووری حکومەتی شورایی :

١- بەردی بناغەی رژێمی شورایی ، شورا بنەرەتیەکانن . ئەمانە سەرچاوەی تەواوی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی ترن و دەسەلاتی ناوچەیی و چاوەدێریکەری کاربەدەستان و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکن .

(شورا بنەرەتی‌یەکان) لەکارگە، گەرەك، دائیرە، دێو ئۆردوگاکان و هەر شوێنێکی تردەبێت پێك بێن .

٢- (شورای نوێنەران) لەهەر شار و مەڵبەندێك دەبێت پێك بێن .

٣- نوێنەرانی شوراکانی کوردستان ئەرکی‌بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری سیاسی ، ئابووری ، کۆمەلایەتی‌و چەکداری کوردستانیان لەسەر شانە .

٤- (کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی شوراکان) بەرزترین ئۆرگانی حکومەتە .

٥- شوراکان هەم یاسادانەرن و هەم بەڕێوەبەری‌یاسا. شورای گەرەك لەچوارچێوەی گەرەکی خۆیدا مافی بڕیاردان و یاسادانانی هەیە و هەروەها شورای کارگەو دائیرە و لادێ و ئۆردوگاکانیش . بڕیاردان سەبارەت بەمەسەلە سەرانسەری و گشتی‌یەکان لەئەستۆی (شوراکانی‌نوێنەران) دایە لەئاست شار و مەڵبەندەکاندا . (کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی شوراکان) لەئەستۆی‌دایە کە قانوونی بنچینەیی وولات ، قانوونی کار ، قانوونە جەزایی‌یەکان ، قانوونی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی و داواکاری‌یەکانی زەحمەتکێشان بڕیاربدا و بەڕێوەی ببات .

٦- کۆنگرە بۆ بەڕێوەبردنی یاساکان دەستە(هەیئەت) دەستنیشان دەکات . ئەم دەزگایە ئەرکەکانی حکومەتی شوراکان بەڕێوە دەبات و دەزگاکانی ئیدارەی وولات و بەرپرسانی هەر بەشێك دیاری‌دەکا و لەوانە بەرپرسی کاروباری دەرەوە، ناوخۆ، کاری کشتوکاڵی، هێزی‌چەکداری گشتی ، کاروباری دارایی و خەزنەداری ، کاروباری پزیشکی و تەندروستی ، کاروباری فێرکردن وپەروەردە ، دەزگای داوەری، کار وپیشە و مەسەلە کۆمەلایەتی‌یەکان .

(شورای نوێنەران)یش لەپلەی شار ، یان مەڵبەندێکدا بەرپرسیارن و دەزگای ئیدارەی پێویست دیاری‌دەکات .

٧- نوێنەران و کاربەدەستان لەهەموو پلەیەکدا بە هەڵبژاردن دیاری‌دەکرێن و هەر کاتێکیش کەزۆربەی‌ئەوانەی کەهەڵیان بژاردون بیانەوێت وەلادەنرێن و دەگۆڕێن . ئەو کەسانەی کە بەمجۆرە دەبنە کاربەدەست و لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە هەڵدەبژێردرێن بەبێ جیاوازی ئەوەندەی کرێکارێکی شارەزا کرێی مانگانە وەردەگرن .

٨- دەنگدانی گشتی ، یەکسان و راستەوخۆو نهێنی مافی هەموو کەسێکی سەرو ١٦ ساڵە بەژن و بەپیاوەوە . هەر کەسێکی سەرو ١٨ سال دەتوانێت بۆ هەر دەزگا و ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی هەڵبژێردرێت .

٩- قازی‌یەکان و کاربەدەستانی قەزایی دەبێت هەڵبژێردرێن و شیاوی وەلاونان‌بن و هەرکات زۆربەی

ئەوانەی هەڵیان‌بژاردون بیانەوێ . هەر جۆرە دادگایەکی نهێنی و تایبەتی هەڵدەوەشێتەوە و هەموو موحاکەمەیەك بەئاشکرادەبێت .

١٠- لەشکر و باقی هێزە چەکدارە پیشەیی‌یەکانی جیا لەخەڵك و ڕێکخراوە جاسوسی و نهێنی‌یەکان دەبێت هەڵوەشێنرێتەوە و خەڵك بەگشتی چەکداربکرێن و کاروباری چەکداری لەهەموو پلەیەکدا فێری خەڵك بکرێت ، هەڵوەشاندنەوەی تەجنیدی زۆرەملی .

١١- خەڵك بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا چاودێری تەواوی هەبێت ، دەبێت دیبلوماسی نهێنی بەتەواوی هەڵوەشێنرێتەوە . لەهەموو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە و کرێکاری و دیموکراتی‌یەکان پشتیوانی دەکرێت .وە هەموو پەیمانێکی دیلی‌هێنەری ئابووری ، سەربازی ، سیاسی‌ی ئیمپریالیستی هەڵدەوەشێتەوە .

١٢- دەبێت ئایین بەتەواوی جیابێت لەدەوڵەت . ئایین وەك کارێکی تایبەتی هەر کەسە چاوی لێ‌دەکرێت . هەموو کەسێکی وولآت ئازادە کە هەر جۆرە ئایینێك هەڵدەبژێرێت ، وەیان بێ ئایین بێت . هیچ ئایینێك وەك ئایینی ڕەسمی وولآت بەڕەسمی ناناسرێت .

١٣- مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافی بێ ئەملا و ئەولای هەر میللەتێکە . خەڵکی کوردستان ئازادن بەهەر شێوەیەك کەدڵخوازی خۆیان بێت چارەنووسی سیاسی‌ی کوردستان و شێوە و قەوارەی دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندی‌یە حقوقی و ئیداری‌یەکان دیاری بکەن. نە دەوڵەت و نەهیچ هێزێکی سیاسی بۆیان نی‌یە بەزۆرەملی پێش بەوە بگرن کە خەڵکی کوردستان بەدڵخوازی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری‌بکەن .

١٤- ئازادی بێ‌قەید و شەرتی سیاسی ، ئازادی‌بیر و باوەڕ ، بەیان و چاپەمەنی ، ئازادی کۆبوونەوە ، هەڵبژاردن ، خۆپیشاندان و مانگرتن و پێکهێنانی نەقابە و یەکێتی و هەر جۆرە ڕێکخستنێکی سونفی و سیاسی .

١٥- ژن و پیاو لەهەموو مافێکی قانوونی‌دا یەکسانن. هەر چەشنە جیاوازی‌یەکی قانوونی لەسەر بناغەی جنسی هەڵدەوەشێنرێتەوە .

١٦- هەر جۆرە جیاوازی و مەحدودیەتێك لەسەر کەمایەتی‌یەکان و لەسەر مافی قانوونی هەر کەسێك لەبەر مەرام و بیروباوەڕی سیاسی وەلادەنرێت .

١٧- هەموو کەسێك ئازادە شوێنی کار ونیشتەجێ بوونی هەڵبژێرێت . هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی پۆلیسی لەژیانی تایبەتی خەڵکدا و پشکنینی ماڵی خەڵك بەهەر بیانویەکەوەبێت قەدەغەیە . ڕێگانەدان بەهیچ هێزێکی پۆلیسی و سەرکوتکەر بەهەر ناوێکەوە بێت .

١٨- حکومەتی شوراکان مافە دیموکراتی‌یەکانی‌خەڵکی زەحمەتکێش بەڕەسمی دەناسن و زامنی بەڕێوەبردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا دەگرێتە ئەستۆی خۆی .

## سەرخاڵە بنچینەییەکانی یاسای کاری‌کرێکاری

دیاریکردن و بڕیاردانی یاسای کاری کرێکاری و بەڕێوەبردنی ئەو یاسایە تەنها لەلایەن نوێنەرانی شورا کرێکاری‌یەکانەوە دەبێت . ئەو یاسایە یاسایەکی نەگۆڕنی‌یە ، بەڵکو دەبێت بەپێی بەرەوپێشچوونی ژیان و گوزەران ، گۆڕانکاری‌یەك لەخۆیدا دیاری‌دەکات .

١- ئازادی تەواوی مافی پێکهێنانی هەر جۆرە ڕێکخراوێك بۆ کرێکاران لە تەواوی بەشەکاندا .
٢- ئازادی بێ‌قەید و شەرتی مانگرتن ،خۆپیشاندان و کۆبوونەوە . . .
٣- ڕۆژانە (٧)سەعات کار و (٣٥) سەعات لە هەفتەدا و بە(٢) ڕۆژ پشووی بەسەر یەکەوە .
٤- ساڵانە (٤٥) ڕۆژ مۆڵەت جگە لە عوتڵە ڕەسمی‌یەکان بەتەواوی ماف و یاداشتەکانەوە ، جگە لەمەش دەبێ مانگانە(٢) ڕۆژ مۆڵەتی تایبەتی بەئافرەت بدرێت .
٥- کرێی کرێکاران دەبێت گونجاوبێت لەگەڵ خەرجی‌یەکانی ژیانێکی تێر و تەسەل و باش کە دەبێت لەلایەن نوێنەرانی شورا کرێکاری‌یەکانەوە دیاری بکرێت .
٦- دەرکردنی کرێکاران بەهەر بیانویەکەوە بێت قەدەغەیە .
٧- سزادانی کرێکاران بەهەر بیانویەکەوە بێت قەغەیە .
٨- شەوکاری جگە لەو بەشانەی کەکاری شەوانەی‌تێدا پێویستە قەدەغەیە . دانانی کرێی دووبەرابەر بۆ کاری شەوانە . کاری قونتەراتی و زێدەکاری قەدەغەیە .
٩- کاتی هات و چۆ و گەرماو و خواردن‌وفێربوونی خوێندەواری و کوبوونەوە لەسەر کاتی کار حسێب دەکرێت .
١٠- سەلامەتی شوێنی کار و نەهێشتنی مەترسی

هەواڵنامەی کتێب

دەبێت بەپێی تازەترین دەسکەوتە تەکنیکی یەکانی سەردەم مسۆگەربکرێت .

١١- هەموو کرێکارانی بێکار و هەموو کەسێکی سەرو (١٨) ساڵ کەئامادەبێت کاربکات و کاری دەست نەکەوێت ، زەمان (بیمە)ی بێکاری یان پێ دەدرێت .

١٢- کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو بەرامبەر بەکاری یەکسان . هەروەها ئیستخدامی یەکسان .

١٣- کاری فورس بۆ ژنانی دووگیان قەدەغەیە . ژنان لە قۆناغی دووگیانی و منالّەبەری دا دەبێت لانی کەم (١٨) هەفتە مۆڵەتیان پێبدرێت . کاری رۆژانەی ژنانی منالّدار نابێت لەشەش سەعات زیاتر بێت .

١٤- کاری مندالآن و کەمتر لە (١٨) ساڵ قەدەغەیە .

١٥- لانی زۆری تەمەنی خانەنشین بوون (تقاعد) (٥٥) ساڵە یان دوای (٢٥) ساڵ پێشینەی کار و بەرچاوکردنی نەخۆشی و کارەساتی کتوپڕ ، بەتەواوی یاداشتەکانەوە کەپێشتر پێی دراوە .

١٦- نوێنەرانی شوراکانی کرێکاران لەسەرانسەری وولآتدا چاوەدێری چوونەپێش و بەڕێوەبردنی یاسای کاری کرێکاری دەگرێتە ئەستۆی خۆی .

١٧- دابینکردنی پێداویستی خۆشگوزەرانی وفەرهەنگی لەشوێنی کار و گەڕەکی نیشتەجی بوونی کرێکاران ، لەوانە سالۆنی کۆبوونەوە ، یانەی وەرزش ، شوێنی پشوودان و گەرماو و . . .هتد .

١٨- کرێکاری بێگانە وەك هەر کرێکارێکی عیراقی بەهرەمەندە لە تەواوی مافەکانی یاسای کار تا رادەی دەنگدانیان بۆ هەڵبژادن .

١٩- دیاریکردنی (١)ی ئایار وەك رۆژی جیهانی چینی کرێکار و پشووی رەسمی وولآت .

٢٠- بڕیارنامەی کۆبوونەوە کرێکاری یەکان بەرەسمی دەناسرێت .

٢١- پیر و کەنەفتەکان و منالآن و لاوانی کەمتر لە (١٨) سالی بێسەرپەشتیار دەبێت ژیانیان دابین بکرێت .

## پەیڕەوی ناوخۆی شوراکان

شوراکان لەسەر بناغەی دەنگدان ، بەشداریکردن لە کۆبوونەوە گشتی یەکان و خۆهەڵبژاردندا ، پەیوەندی یەکانی دەروونی خۆی لەسەر ئەم خالآنەی خوارەوە رێك دەخا و دەیباتەپێشەوە :

١- هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە (١٦) ساڵ تێپەربێت ، بەژن و پیاوەوە ، ئەندامی شوران و دەبێت لە کۆبوونەوەکاندا بەشداربن .

٢- کۆبوونەوەی گشتی (شورا) بەئامادەبوونی نیوەی دانیشتوانی هەر گەڕەك ، کارگە و شوێنێکی رەسمی دەبێت .

٣- شورا دەزگای بەڕێوەبەرایەتی هەڵدەبژێرێت تا کۆبوونەوەکە رێنوێنی بکات و دەستووری کۆبوونەکە رابگەیەنێ ، قسەوباسەکان دیاری بکات . کاتی قسەکردن و بیروڕا ڕازی یەکان و ناڕازی یەکان دیاری دەکات ، وە بۆ هەر بەشێك کەپێویستی بەدەنگدان بێت ڕاگیری دەکات .

٤- هەیئەتی (دەستەی) بەڕێوەبەرایەتی یەکێك یا چەند ڕاوێژکار و نووسەر بۆ خۆی دیاری دەکات هەتا کورتەی وتووێژ و پەسەندکراوەکان بنووسنەوە .

٥- بڕیاردان لەکۆبوونەوەی گشتی دا دەبێت بەشێوەی رێکوپێك بێت . مانای دەستوری کۆبوونەوەکە وبابەتەکانی دەبێت پێشتر دانرابێت ، ئەو کەسەی پێشنیارێك دەدات ، لایەنگران و مخالیفانی دەبێت هەر کامەیان بەقەدەر پێویست بەشوێن یەکدا قسەبکەن ، پاشان بەبڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە دەنگدانی لەسەربکرێت .

٦- دەنگدان ئەگەر بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ئاشکرانەکرا ، دەکرێ بەنهێنی ببرێت بەڕێوە .

٧- شورادەبێت بۆ بیروڕاو مافی گشتی و شەخسی هەڵسوڕاوان لەشورادا ڕێزدابنێ و داکۆکی لێ بکات .

٨- . . . . .

یادی یەکەمین ساڵەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی خوارووی کوردستان

# چاوپێکەوتنێک

**پرسیار: وەك یەکێك لە هەڵسووڕێنەرانی بزووتنەوەی شورایی لەکوردستان دەشێ بەکورتی ڕۆشنایی بخەیتە سەر مەسەلەی شوورکان لەکاتی ڕاپەڕینەکانی ئازاردا ؟**

**وەڵام :** مەسەلەی شورا وەکو فیکرەیەك ، وەکو ئەڵتەرناتیڤێك ( ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕانە ) لە کوردستاندا بەر لەڕاپەڕینەکان لەناو بزووتنەوەی چەپدا بوونی هەبووە . واتە چەمکی شورا وەکو ئامانجێکی بەرنامەیی لەکوردستاندا لەناو زۆربەی زۆری ئەو دەستە و تاقمە چەپانەی هەبوو کە لەئارادابوو. ئەو چەپە بەشێوەیەکی گشتی ئەگەرچی پەرش و بلاوبوو و وەکو دەستە و تاقم و گرووپی بچووك بچووك لێرە و لەوێ خۆی نواندوە، بەڵام بەگشتی دەسەڵاتدارێتی شورایی بەلایانەوە مەبەست بوو و ئامانجێکی بەرنامەیی بوو لەناو هەموویاندا .

پێش ڕاپەڕینەکان قسەوباسێك کە لەناو ئەو خەڵکە چەپەدا هەبووبێ ، ئەوە بووە داخۆ ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرییە چییە ؟ دیاربوو ئیتر هەموو لایەنە سیاسییە بۆرجوازییەکان ، هەر لە هاوپەیمانەکانەوە هەتا دەگاتە خودی ڕژێمی دیکتاتۆری عیراق و پان‌ئیسلامیەکان‌و لیبرالەکان (چ عیراقیەکان بن یان کوردستانیەکان ) یان ناسیۆنالیستەکان ، ئەڵتەرناتیڤی خۆیان و ئامانجی خۆیان هەبوو . بەڵام بەرامبەر بەوە ئەڵتەرناتیڤی چینی کرێکار بۆ ئەم ڕژێمە دیکتاتۆریە چی‌بوو ؟ ئەوا تەواوی ئەو چەپەی لەکوردستاندا هەبوو ، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکیان ، ئەو ئەڵتەرناتیڤەی بەلای هەموویانەوە پەسەند بوو ، دەسەڵاتدارێتی شوراکان بوو . لێرەشدا بەشێوەیەکی گشتی پەرش و بلاوی چەپەکە خۆی هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کە نەتوانن بۆ کاتی ڕاپەڕینەکە بەشێوەیەکی یەکگرتوو خۆیان ئامادەبکەن .

دەتوانم لەم بوارەدا بڵێم ڕاپەڕینەکە لەئەنجامی شکستی حکومەتی عیراق بوو لەشەڕی کەنداودا و قوڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمەی سیاسی ڕژێمی دیکتاتوری عیراقی. ئەمە زیاتر پاڵی بەخەڵکەوە نا کە لەبێ‌لایەنی بێتەدەرەوە و بێتە سەرجادەکان و زەمینەی ڕاپەڕین زیاتر خۆش بێت . ئەمە سەرەڕای تەنگوچەڵەمەی ئابووری کە لەئارادبوو. ئێزگەی ڕادیۆی وڵاتانی دەرەوەش ڕۆڵی زۆریان بینی بۆ ئەوەی هەواڵی جۆراوجۆر بلاوبکەنەوە و هانی خەڵکی بدەت زیاتر بێنە پێشەوە ، وەك ئەوەی کە بڵێین شارێکی بچووکی وەك ڕانیە بگیرێ و هێشتا سلێمانی نەگیرابێ کەچی پروپاگەندە بۆ ئەوە بکرێ ( لەلایەن ئێزگەی ڕادیۆی لەندەن و دەنگی ئەمەریکاوە ) کە سلێمانی گیراوە ، بەیەك دوو ڕۆژێکیش پێش گرتنی سلێمانی پروپاگەندەی لەو جۆرە بلاوبکەنەوە کە ئەو شارە گیراوە و دەوڵەتی تیانەماوە ، کەئەمەش زیاتر یارمەتی خەڵکەکەی‌دا و هانی دا بۆ ئەوەی بێنە سەر جادە . بەکورتی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی ڕۆڵی بینی بۆ ئەوەی خەڵك بێنە سەر جادە ، هەروەك چۆن لەپاشیشدا ڕۆڵی بینی بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە پاشەکشەبکات و شکستەبخوا.

بەهەرحال کاتێك کەڕاپەڕینەکە دەستی‌پێکرد ، بەپلەی سەرەکی هیچ لایەنێکی سیاسی نەبوو ، چ لە

لیبراڵەکان و چ ناسیۆنالیستەکان و لەناو چەپدا، بلێی دەستپێشخەری کردووە بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینەکە. وە بە پەرش و بڵاوی لەم شارە دەستی پێدەکرد و کۆتایی پێدەهات و ئیتر ئەو شارە لەشارەکانی تر دادەبڕا. ئەمەش وایکرد کە ئەو چەپە بەگشتی لەیەك دابڕێ. تەنانەت لەسلێمانی ڕاپەڕین لە٧ی ئاداردا دەستی پێکرد، بەلام لە ٨/ئاداردا بزووتنەوەی شورایی دەستی پێکردو لەهەولێریش لە ١١ی ئاداردا ڕاپەڕین دەستی پێکرد و لەماوەی ئەو پێنج شەش ڕۆژەدا بزووتنەوەی چەپی هەولێر ئاگاداری ئەوە نەبوو لەسلێمانی چی بووە و چ باسە.

کاتێك ڕاپەڕینەکە بەشێوەیەکی پرش و بڵاو دەستی پێکرد، نە ناسیۆنالیستەکان لەکوردستاندا و نە لیبراڵەکان لە عیراقدا نەیان دەتوانی بەشێوەیەکی ناوەندی کۆنترۆڵی بکەن، واتە کاتی بۆ دابنێن و ڕابەرایەتی بکەن و ڕێکی بخەن. چەپەکەش بەهەمان شێوە، چونکە لەبنچینەدا پرش و بڵاوبوو و خاڵی لاوازی بنچینەیی ئەوەبوو کەلە چەندین دەستە و تاقم پێکهاتبووە کە ناکۆکی یان هەبوو ولەسەر لایەنی کەمی بەرنامەیەك ڕێکەوتنیان نەبوو، واتە لەسەر لایەنی کەمی تەنانەت ئامانجێکی دیموکراتیش ڕێکەوتنیان نەبوو، ئەگەرچی بەگشتی باسیان لەدەسەڵاتداریتی شورایی دەکرد. تەنانەت لەسەر ناوەڕۆك و وردەکارییەکانی ئەو ئامانجە شوراییەش ڕێکەوتنیان نەبوو و پەرش و بڵاوبوون. لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ناسیۆنالیستەکان بە هیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی ڕاپەڕینیان نەکرد، واتە ڕاپەڕین ڕاپەڕینێك نەبوو ئەوان کۆنترۆڵیان کردبێ یان بەرپایان کردبێ. چونکە بارودۆخەکە گەیاندبوویە پلەیەك بۆ نموونە پێش ئەوەی لەهەولێر ڕاپەڕین بێ دووجار خۆپیشاندانی چەکدارانە ڕوویدا، جارێکیان حیزبی شیوعی عیراقی و جارێکیان چەپ کردی. ئەم خۆپیشاندانە لەنیوەڕۆوە دەستی پێکرد و دوو کاتژمێری خایاندا و نەفەریشی تێدا کوژرا و شەڕی چەکداریشی تیابوو. بەڵێ ناسیۆنالیستەکان بەهیچ شێوەیەك پێش وەخت کۆنترۆڵی ڕاپەڕینیان نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕێکخستنی ناوخۆییان هەبووە کە چەندی بۆیان کرابێ چالاکی چەکداریان نواندوە، وەکو ئەوەی بڵێین چەندەها مەفرەزەی چەکدارانە لەناو شارەکاندا دروستبوون، کە لەوانەیە خەڵکی تریش کردبێتی.

کاتێك کەڕاپەڕینەکە ڕوویدا، ئەڵتەرناتیفێکی سیاسی وەك فۆڕمی دەم و دەست لەناو شاردا (هەر بەگشتی لەکوردستاندا) لەئارادا نەبوو. خەڵکانێکیش کەبەاستطلاح چەپ بوون و خۆیان بەلایەنگری چینی کرێکار دەزانی، ئەو پرسیارە بۆیان هاتە پێش: دوای ئەوەی ڕاپەرین بوو و دامودەزگای دەوڵەت هەڵوەشایەوە و دەسەڵاتی سیاسی و دیکتاتۆری نەما، دوای ئەوە چ بکرێ و ئامانج چی بێ و هەنگاوی داهاتو چی بێ؟. قسەیەك کە خەڵکی چەپ لەسەری ڕێکەوتن (با واز لەوە بهێنین سەر بەچ دەستە و داقمێکن) ئەوە بوو چۆن ئەڵتەرناتیفی چینی کرێکار لە شۆڕشێکی دیموکراتیدا دێتەپێشەوە؟ دیارە لەماوەی ئەم چوارپێنج ساڵەی ڕابردوودا چەمکی شورا و دەسەڵاتداریتی شورایی لەناو چەپدا پەرەی سەندبوو، بەلاّم لەوێدا ئیتر هاتە ئەوەی وەك تاقیکردنەوەیەکی بەکردەوە ئەزموونی شورایی بێتە پێشەوە. لەم بوارەشدا ئەو خەڵکانەی کە بڕیاریان لەسەر پێکهێنانی بزووتنەوەی شوراییدا (ئەوەندەی من تێی گەیشتبم)، چ لەهەولێر و چ لەسلێمانی و چ لە کەرکوك، ئارادەیەکی زۆر خەڵکانێکی سەربەخۆبوون، بەلاّم تاکەکەسی تێدابوو کە سەر بەم یان ئەو دەستە و تاقم بوو، کە ئەمە لەپاشاندا لەناو شوراکاندا ڕەنگی دایەوە و کۆمەڵێك ململانێی خستەوە. وەك ووتمان، ئەوەی لەوێداهاتە پێشەوە ئەوەبوو: ئەڵتەرناتیفی چینی کرێکار چییەو چۆن بەکردەوە دەشێ هەنگاوی بۆ بنرێ؟

دیاردەیەك کە تایبەت بێ بە بزووتنەوەی شورایی لە کوردستاندا ئەوەیە کە بزووتنەوەی شورایی لای ئێمە بزووتنەوەیەك نەبوو لەژێرەوەبێ بۆ سەرەوە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی سەرەوەیی (فوقی) ئیرادەگەرییانەی کۆمەڵێك خەڵکی چەپ بوو کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ چینی کرێکاردا نەبوو.

**پرسیار: شتێکی دەخوازم بیپرسم ئەوەیە، ئێمە بیستمان کە پاش ئەوەی خەڵکی لەسلێمانی و هەولێر ڕاپەڕین ئینجا پێشمەرگە هاتنە شارەوە، ئەمە وایە؟**

وەلاّم: تا ئەو کاتەی ڕاپەڕین دەستی پێکرد، بۆنموونە لە ڕانیە کە ٤ی ئادار بۆ یەکەمین جار دەستی پێکرد، پێشمەرگە هەر بەشاخەوەبوون و هەتا سێ ڕۆژیش پاش ڕاپەڕینەکە نەهاتنە ناو شار، هۆی ئەوەش ئەوە بوو کەترسی ئەوەیان هەبوو دەوڵەت وەك هەڵەبجەی لێبکات. واتە ڕاپەڕینەکەی ڕانیە خودی خەڵکەکە کردی و لەهیچ شوێنێکدا پێشمەرگە هێزی بنچینەیی نەبووە. هەروەها لەسلێمانیش کە خەڵکەکە ڕابەڕی پێشمەرگەی لەگەڵدا نەبوو و دوای (٢٤) کاتژمێر پێشمەرگە هاتە ناو شارەوە. پێش ڕاپەڕینەکەی ڕانیە،

کە من خۆم لەوێ بووم و ئاگاداری بووم، یەکێتی مەفرەزەی چەکداری نهێنی هەبوو ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بانگەوازی بۆ ئەوە نەکردووە ، نە بەرادیۆ و نەبە نووسراو، کەخەڵکەکە هان‌بدات بۆ ڕاپەڕین . واتە ڕاپەڕینەکە لەژێر کاریگەریی ئەواندا نەبوو و بەدەستپێشخەری ئەوان ڕووی‌نەدا . ئەوەی من ئاگاداریم کێ ئەو بەیاننامەی ڕاپەڕینی بڵاوکردەوە کە هانی خەڵك دەدات بۆ ڕاپەڕین و بەهیچ شێوەیەك نە ناسیۆنالیستەکان و نەلیبرالەکان ئاگاداری ئەو دۆخەنەبوون، بەڵام کە خەڵکەکە ڕاپەڕی فەوجی جاشەکانی ناوچەی ڕانیە ، بەتایبەتی ئەوەی (علی نبی) کە سەر بە یەکێتی‌بوو، پاش ڕاپەڕینەکە بە سێ‌کاتژمێر خۆی و هێزێکی (٨٠)کەسی هاتنە ڕیزی خەڵکەوە .ئەمانە جاش بوون ، جا کەهاتوونەتە باڵ خەڵکەکە ، لەبەر ئەوەی خراپکاربوون، خەڵکەکە هەر بەنابەدڵی قبووڵی‌کردوون . سەرەڕای ئەمە هەتا سێ ڕۆژیش دوای ڕاپەڕینەکە هێزی پێشمەرگە نەهاتە ناو شاری ڕانیەوە. لەسلێمانی بەهەمان شێوە بوو. دوای سلێمانی هێزی پێشمەرگە کە تەماشایکرد کار لەدەسەڵاتی ئەواندا نەماوە و ڕاپەڕین بەردەوامە لەهەموو شارو شارۆچکەکاندا، ئینجا بۆ هەولێر خۆیان ئامادەکرد . هەولێر بەرەبەیانی ڕاپەڕین پێشمەرگەی تیدابوو ، بەڵام ئەمان زیاتر پاش کاتژمێری دەی سەرلەبەیانی کەوتوونەتە جووڵە ، لەکاتێکدا ڕاپەڕین کاتژمێری (٦ر٢٥)ی سەرلەبەیانی دەستی‌پێکرد و هەتا کاتژمێری حەوتی سەر لەبەیانی ناوەندی شارەکە ( پارێزگاری،پۆلیسی شار و ئەوانەی دەوروبەری) کەوتە دەست خەڵك .پێش کاتژمێری (١٠)ی سەرلەبەیانی یەکێتی و شیوعی و پارتی ڕێکخستنی ناو شاریان هەبووە و لەگەڵ خەڵکدا بەشداریان کردووە ، بەڵام زۆربەی زۆری ئەوانەش وەك خەڵك بێ‌چەك بوون . ئەوەی ئەوان کردوویانە بەپلەی یەکەم ئەوەیە کە خاوەن ئۆتۆمۆبیلەکانیان (بەتایبەتی ئەوانەی حیزبی‌شیوعی) بەگەڕەکەکاندا دەگەڕان و بانگی خەڵکیان دەکرد بۆ ئەوەی بەرەو ناوەندی شاربچن. ئەگەر خەڵکی چەکداریشیان هەبووبێ ئەوا بەرێژەیەکی زۆر کەم بووە . بەڕاستی خەڵکەکە بەگشتی بێ‌چەك بوون و هەموو بەرچاویان تاریك بوو و نەیان دەزانی چۆن ئەوا بێ‌چەك هێرش دەبەنە سەر ئەو دامودەزگایانەی دەوڵەت . لەبەر ئەو هۆیەش لەشوێنێکی وەك هەولێر لەهەمان ڕۆژی یەکەمدا سەرژمێریکمان کرد لە نەخۆشخانەکان و بۆمان دەرکەوت (٣٤٠) شەهید و (٢٤٠٠) بریندار هەبوون. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ژمارەی چەکدار لەناو خەڵکدا کەم بووە و پێشمەرگەش تیایدا بەشدارنەبووە . لە کاتژمێری (١٠) سەرلەبەیانی بە دواوە هێزی پێشمەرگە بەزۆری هاتنە ناو شارەکەوە ، ئەمەش وایکرد کە خەڵکەکە زیاتر بەرەو چەکداربوون بچن ، بە تایبەتی کە فەیلەق گیرا (کاتژمێری ٢ی پاش نیوەڕۆ) خەڵکی هێرشی برد بۆ سەر ئەو شوێنە و بەهەزاران پارچە چەك کەوتە دەست خەڵکەکە ، خەڵکی وا هەبوو بە تراکتۆر و عەرەبانە چەکیان دەگواستەوە ، بۆ کوێ ؟! ئەوە دیارە بەشێکە لەئەنجامەکانی ئەو ڕاپەڕینە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە و ئایدیۆلۆجیایەی بەسەر خەڵکدا زاڵبوو .پاش ئەوە ئیتر دیاردەی چەکداربوونی گشتی خەڵك بەئاشکرا لە شارەکانی کوردستاندا بەرچاودەکەوت .

**پرسیار : کاتێك پێشمەرگەکان هاتن و دەستیان بەسەر ڕاپەڕیندا گرت لەشارەکاندا ئیدارەی چەپ لەکوردستاندا هەبوو ، ئەم مەسەلەیە چۆن بوو و پەیوەندی نێوان ئەوان و بەرەی کوردستانی چۆن بوو و بۆچی بەرە و شوراکان پێکەوە کاریان نەکرد ؟**

وەڵام : وەك لەسەرەتادا باسمکرد ، ئەو لایەنە سیاسیانە هەر یەکە ئەڵتەناتیڤی خۆی هەبوو . دیارە بەرە کە هاتە شارەوە ئەڵتەرناتیڤی دەم و دەستی بۆ دەسەڵاتداریتی لەناو شاردا نەبوو . واتە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا ئەڵتەرناتیڤێکیان نەبوو دەستبەجێ ئیدارەی دەوڵەتی بگرنە دەست . لەلایەکی دیشەوە بەرەڵڵایی لەناو شارەکاندا بەشێوەیەکی گشتی پەرەی‌سەندبوو، هەر لەدزی و تالانەوە بگرە تا دەگاتە بێ‌بازاڕی و بێ‌نانی و بێ ئاووکارەبایی و دەیان شتی تر. بەرە قەت بیری ئەوەی نەبووە ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەمە دابنێ . خودی‌بەرنامەی ئەم لایەنانەی بەرەش شتی وای تێدانیە کە وایان لێ‌بکات بەو کارە هەڵسن . چونکە کاتێ دەڵێی ئۆتۆنۆمی، مەبەست ئەوەیە هەمان دامودەزگای دەوڵەتی بمێنێتەوە ، بەڵام ئەم لایەنانە تیایدا زاڵ‌بن ، ئەمان تیایدا دەسەڵاتداربن ، ئەمان خاوەنی بن . جا کاتێ کە ئەم دام و دەزگایانە ( ئەمن ، ئیستخبارات ، پۆلیسخانە ، شارەوانی ، پارێزگا ) تێکشکان ، ئەڵتەرناتیڤ چیە؟ دیارە ئەوان ئەڵتەرناتیڤیان تەنیا ئەو هێزە چەکدارییەی خۆیان بوو کە بەدەستیانەوە بوو ، ئەمە دەست وبردبێتە ئەو ئامرازە سەرەکیەی دەسەڵاتداریتی ـ وەکو هەموو دەوڵەتێك چۆن دامودەزگای سەربازی و پۆلیسی هەیە ـ و ئەڵتەرناتیڤی‌ئەو. بەڵام ئایا ئەوە دەیتوانی وەڵام بێت بۆ دۆخە شۆڕشگێڕێکە

لەو کاتەدا ؟ نەخێر نەیدەتوانی و هەتا ئێستاش ناتوانێ .
ئەمە لەبارێکدا کە بەرامبەر بەمە ئەو چەپەی کە هەشبوو ، لەبەر پەرش و بلاوی و نارێکخراوی و دابراوی لەچینی کرێکار ، وەلامی دەستوبردی بۆ ئەو دۆخە پێنەبوو. ئەوەی هەبوو تەنیا هەولدانێك بوو لەلایەن کۆمەلێك خەلکی چەپەوە بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی بێتە پێشەوە.

دەربارەی ئەو بزووتنەوە شوراییەی هەبوو زیاتر هەولی کەسانێکی چەپ بوو، بەلام ئەنجامی گەشەنەکردنی ململانێی چینایەتی نێوان کرێکار و سەرمایەدار نەهاتەدی ، بەلکو وەك ئەلتەرناتیڤێکی کرێکاری پرش و بلاوی چینی کرێکار و نائاگایی و ناهوشیاری چینی کرێکار، ئەمە جگە لەدابرانی ئەو چەپە لەچینی کرێکار . ئەمە رۆلی بینی لەوەدا کە بزووتنەوەی شورایی لەکوردستاندا زیاتر بزووتنەوەیەکی سەرەوەیی بێت (هەروەك لەوەوپێش ووتمان) .

شایانی باسە ،کەسەرەتا ئەو بزووتنەوە شوراییە دەستی پێکرد ، زیاتر لەقالبی بانگەوازێکدا خۆی بینیەوە ،بانگردنی خەلکی چەپ ( من سەبارەت بەهەولێر قسەدەکەم، چونکە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەوێم ) ئەویش بەشێوەیەکی نهێنی نەك ئاشکرا لەناو بازاردا بۆ کۆبونەوە و پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی شورایی ، ئەمەش زیاتر لەبەر رۆشنایی قسەیەکی لینین کە باس لەوەدەکات لەهەر گەرەکێك یان شارێکدا ئەگەر بکرێ دەسەلاتداریتی چینی کرێکار دامەزرێ ئەوا دەبێ دابمەزرێنرێ ، ئەگەر ئەنجامەکەشی تێکشکان بێ. چونکە ئەوە دەبێتە قوتابخانەیەك بۆ چینی کرێکار بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ شەری داهاتوو خۆی ئامادەبکات .لەسەر ئەم بناغەیە بزووتنەوەی شورایی دەستی‌پێکرد ،دەست پێکردنەکەش بەو شێوەیە بوو کە خەلکی چەپ بانگەوازبکرێن لەشوێنێك کۆببنەوە .لێرەشدا ترسی ئەوە هەبوو بەرەی کوردستانی هەر لەیەکەمین رۆژەوە لێی‌بدات ، بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەو خەلکەی کوبوونەوە نزیکەی (١٢٠) کەس بوون‌کە پرش و بلاوبوون : تیایاندا هەبوو کرێکار ، ئەوانی تر فەرمانبەر و زەرێنگەر ، بەلام بەگشتی چەپ بوون ، چەپێکی دابراو لە چینی کرێکار . بەشێوەیەکی گشتی لەو کۆبوونەوەیەدا بریار لەسەر ئەوە درا کە بزووتنەوەی شورایی دەست پێ‌بکات و خودی ئەو کۆبوونەوە گشتی‌یە مانای شورای پەیداکرد . ئەوەی ئێمە وەك شورا باسمان‌کرد ئەوە بوو کە خەلك وبستی (ئیرادە)ی دیموکراتیانەی خۆی لەناو شورادا بهێنێتەدی، مەبەست کۆبوونەوەی گشتی خەلکە لە گەرەك ، کارخانە ، دائیرەدا .

پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشم ، هەر لەسەرەتای یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو خەلکە چەپەدا دوو تێروانینی جیاواز دروست بوو ، دوو هێلی جیاواز هاتنەئاراوە، یەکێکی باسی شورای دەکرد بەگشتی ، واتە لەهەر شوێنێك کۆمەلە خەلکێك هەیە کۆببنەوە و شورای دیموکراتی خۆیان پێك بهێنن ( واتە کارخانە ، دائیرە ، گەرەك )وکەمتەرخەمی نەنوێنرێ . هێلەکەی تر کە ئەمەی رەتدەکردەوە و تەنیا بانگەوازی بۆ شورای کرێکاری دەکرد ، واتە بزووتنەوەی شورایی تایبەت بێ بەچینی کرێکار و شورای دیموکراتیان بەلاوە رەتکراوە و قبول‌نەکراوبوو. هەر لەوێشەوە دروشمی دەسەلاتداریتی چینی کرێکار (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) یان بەرزکردەوە . لەهەمان کۆبونەوەدا ناکۆکیەکی تر پەیدابوو، هەر لەسەرەتادا هەندێك کەس،کە زۆربەبوون ، ئەو رایەیان هەبوو کە دیاردەی ئەو بزووتنەوە شوراییە لەسەرەتادا ووەك رووکەش هەر خەریکی مەسەلە ئیدارییەکان بێ ، وەك ئاو و کارەبا و شارەوانی و کۆنترۆلکردنی کاروباری ئیداری نێو شار . بەلام بەشێك کە کەمایەتیەکی زۆر کەم بوو رایان وا بوو دەستبەجێ دەبێ باسی دەسەلاتی سیاسی‌شورایی بکرێ . بەهەرحال لەوێ ئەنجامێك نەبوو کە هەموو لەسەری رێکەون ئەوەندە نەبێ کە هەموو باوەریان بەوە هەبوو کە بزووتنەوەی شورایی دەبێ هەبێت .

لەسەر ئەو بنچینەیە و لەئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە هەر کەس و دوان و سیان کە لەگەرەکێك یان کارخانەیەکەوە هاتبوون دەستبەجێ ئەو بانگەوازەیان لەگەل خۆیان برد و وەکو سەلماندنیش ئەو شوێنە بووە بنکەی راپەراندنی بزووتنەوەی شورایی و ناوی نرا " بنکەی راپەراندنی جولانەوەی شورایی لەناوچەی هەولێر" .بەو شێوەیە دەست بەکارکردن کرا و ئەوانەی لەوێ بوون ، ئەوانەی لەگەل شورا گشتی‌یە خەلکیەکاندا بوون (٢٤) کۆمەلە دروستبوون کە هەر یەکە تایبەت بوو بە گەرەکێك یان کارخانەیەك ، لەوانە کارخانەی سەرەکیەکانی هەولێر وەکو : کارگەی‌جگەرە، کارگەی چنین ، دواجن ...هتد و لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا شورای خۆیان پێکهێنا و بەلگەنامەیان لە بنکەی راپەراندن وەرگرت بۆ پێکهێنانی شوراکان لەگەرەك و کارخانەکاندا .

**پرسیار : پاش گرتنەوەی شارەکان و هاتنەپێشی ئەو کارەساتە گەورەیە سیاسەتی چەپی کوردستان چی بوو ؟**

**وەلام** : من پێشتر هێمام بۆ ئەوەکرد کە کێشەی

گەورە و بنچینەیی ئەو چەپە کە لەکوردستاندا هەبوو ئەوەبوو کە چەپێك بوو زیاتر لەناو خەڵکی ڕۆشنبیردا بووولەچینی کرێکار دابڕاوبوو ، واتە چەپێك بوو پایەی کۆمەڵایەتی‌نەبوو.

ئەو هێزە ماددییەش کە لەقۆناغی ڕاپەڕیندا بۆ ماوەی دووو سێ هەفتە لەڕێگەی شوراکانەوە پەیدایکرد ، ئەنجامی هێزی چەپ لەناو خەڵکدا یان لەناو پایە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیدا (چینی کرێکا ) نەبوو ، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە بوو کە بۆرجوازیەت ئەڵتەرناتیڤی خۆی نەبوو بۆ ئەو دۆخە و چەپ هاتەپێشەوە و ئەو ئەڵتەرناتیڤەی دەربڕی . ئەمەش شتێك بوو کە بەلای خەڵکەوە ڕۆڵی خۆی بینی ، چونکە بەکردەوە خواستەکانیان لەناو ئەو شورایانەدا دەبینرا و داخوازییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان تیایدا بەدی‌دەکرا . لێرەوە ئەو خەڵکە لەدەوری شوراکان کۆبوونەوە و شوراکان ئەوەندەی توانیان جێگەی خۆیان کردەوە، بەڵام وەك هێزێکی ماددی کۆمەڵایەتی ئەو چەپە بۆ ماوەی سێ هەفتە نەیتوانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە ئەوەندە پان‌و بەرین بکەنەوە کە لەگەڵ تێکشکاندنی ڕاپەڕینیشدا بتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات و بتوانێ ئەو ئەڵتەرناتیڤە سیاسییە لە زەینی خەڵکەکەدا ، لەزەینی چینی کرێکار و زەحمەتکێشاندا جێگیربکات و وایان لێبکات بێ ئەو چەپە خۆیان خواستی ئەو ئەڵتەرناتیڤە سیاسیەیان هەبێ .ئەگەر ئێستا بڵێم ئەو خەڵکە ئەمڕۆ خوازیاری حکومەتی شورایین ، ئەوا ڕاست ناکەم ، چونکە لەزەینی ئەواندا شتێکی عابر بوو ، کتوپڕ هاتەناویانەوە . هەر لەبەر ئەوەش بوو لەوەبەر ووتم شوراکان لەسەرەوە پەیدابوون و ئیرادەگەریانە بوون .

هەر لەگەڵ گرتنەوەی شارەکاندا ئیتر لاوازی ئەو چەپە دەرکەوت ، چونکە ئەو بزووتنەوە شوراییە شوێنەوارێکی کۆمەڵایەتی نەما و لەکۆبوونەوەی نوێنەرانی بزووتنەوەی شورایی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی ئەو باوەڕ زاڵبوو کە بزووتنەوەی شورایی تەواو بوو . ئەنجامی ئەوەش چەپ وایان لێهات وەك جاران بکەونەوە سەر کاری ئەڵقەگەری و دەستەی بچووك بچووك لێرە و لەوێ ، نەك دروستبوونی تەبایی لەنێوانیانا یان چوون بەرەو یەکگرتنێك لەقاڵبێکی سەربەخۆی سیاسیدا ، لێرەشدا هەتا ئێستا ئەو نەخۆشیەی بەر لەڕاپەڕینەکە لە ئارادابووە هەر بەردەوامە .

لێرەدا دەشێ هێما بۆ ئەوە بکەم کە سیاسەتی بەرە بەرامبەر بزووتنەوەی شورایی ئەوەبوو کە بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی ئەوەی دەدا کە ڕێگە لەکاری شوراکان بگرێ .لەلای ئێمە لەبنکەی سەرەکی هەولێر بەشێوەی ڕاستەوخۆ داوای ئەوەی نەکرد دەست لەکار هەڵبگیردرێ و یەخەی نەگرتین‌و دەرگای بارەگای لێ‌نەگرتین ، هۆی ئەوەش ئەوە بوو کە ئەوان ئاگادار بوون کار لەلای ئێمە لەدەست بنکەی‌سەرەکیا نەمابوو و چووبووە شورا ناوچەییەکان . بۆیە کەوتنە سەر ئەوەی شوێنی کۆبوونەوەی شوراکان کۆنتڕۆڵ‌بکەن و پێشمەرگە بنێرنە سەریان . بۆ نموونە لە کۆبوونەوەیەکدا کەخۆمی لێبووم (لەگەڕەکی ۹۲ لەهەولێر) زیاتر لە(۲۰۰۰) کەس ئامادە بوون ، پێش ئەوەی کەس دەست بەقسەکردن بکات ، مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە سەر سەکۆکەو دەیویست بەزۆری چەك بڵاوە بەکۆبوونەوەکە بکات. ئا لەوێدا خەڵکەکە خۆی هاتە دەنگ‌و پرسیاری ئەوەی‌کرد بۆ ئەو مەفرەزەیە دەیەوێ کۆبوونەوەکە تێك بدات ، وەڵامیان ئەوەبوو کە ئەمە ئاژاوەیە و ئەمە کارێکی دژی بەرەیە و نابێ بکرێ . وەڵامی خەڵکەکە زۆر شۆڕشگێڕانەبوو و ئەوەبوو کەشۆڕش ئێمە کردومانە، ڕاپەڕین ئێمە کردومانە ، ئەمە کۆبوونەوەی ئێمەیەو هیچ هێزێك نیە بتوانێ تێکی‌بدات . لێرەشدا بەشێکی خەڵکەکە چەکدار بوون و لە مەفرەزەکە هاتنە وەڵام و ووتیان ئەگەر دەتانەوێ بەچەك ئەم کۆبوونەوەیە هەڵوەشێننەوە با بفەرموون . هەروەها لەدواجنەکان پێشمەرگە هەوڵی‌دا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی شوراکان هەڵوەشێنێتەوە ...

سێپتەمبەر - نۆڤەمبەری ۱۹۹۱

---

• ئەم باسە لەلایەن دۆستێکی گۆڤاری یەکگرتنەوە لە شاری ڕانیە سازکراوە ، بەڵام جێی داخە بەهۆی هەندێ گیروگرفتی ڕێگاو بانەوە بەشێکی تیاچووە.

یادی یەکەمین ساڵەی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

زیاد عەبدولڕەحمان

# دەربارەی تالانکردن

١/ تالانکردن ، بەمانای فراوانی ئەو ووشەیە ، دیاردەیەکی تازەنییە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا و تایبەتیش نییە بە کوردستان و و عیراقەوە ، بەتایبەتی لەقۆناغی تەقینەوەی ناکۆکییە کۆمەلایەتیەکان و بەرپابوونی ڕاپەڕین و شۆڕش و تێکشکانی دامودەزگای کۆن و تێپەڕبوون بەماوەیەکی کاتی کورت خایەن یان درێژخایەندا کە لەو ماوەیەدا بەهۆی یەکلانەبوونی کێشەی دەسەلاتی سیاسییەوە بەناچاری کەم و زۆر یاسا و دام و دەزگا تەنفیزی و قەزائییەکان لەکار دەکەون و زالبوونی بێ یاسایی (اللاقانوني) و پشێوی ( الفوضى ) دەبنە دیاردەی " گشتی " و پەرەئەستێنن تا ئەو ڕادەیەی بێزاری و ناڕەزایی لەناو کۆمەلانی خەلکدا هەر زوو بەزوو تەشەنە ئەکەن و بەئاشکرا و بەشێوەی جۆرا و جۆر دەریان ئەبڕن .

ئێستا لەکوردستاندا ، بەتایبەتی کە دەسەلاتی ڕاستەوخۆی ڕژێمی دیکتاتۆری و دام ودەزگا سەرکوتکەرییەکانی تێکشکاون و دەسەلاتی جێگریش لەجێگای ئەودا ـ بەهەر هۆیەکەوە بێت ـ نەیتوانیوە بەشێوەی هەمەلایەنە " لە ڕووی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائییەوە " جێگیربێت و ئەو دۆخە کۆنترۆل و ئاراستەبکات ، لەئەنجامدا بێزاری ونارەزایی بەسەر زاری کۆمەلانی خەلکەوە خۆدەرئەخەن و ئەوەش بۆخۆی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجێکی تایبەتییە کە پشێوی کۆمەلایەتی ( الفوضى الاجتماعية ) تیایدا بەزەقی دەرکەوتووە . بێگومان یەکلابوونەوەی ئەو هەلومەرجە و کۆتاییهێنان بەو پشێوییە بەگشتی ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یەکلابوونەوەی کێشەی دەسەلاتی سیاسییەوە هەیە و چارەنووسی هەر کۆمەلێك بەستراوەتەوە بەچارەنووسی دەسەلاتی سیاسییەوە تیایدا .

لەلایەکی ترەوە چۆنیەتی چارەسەرکردن و وەلامدانەوە بەو هەلومەرجە دیاریکراوە لەلایەن دەسەلاتدارانی سیاسییەوە لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا (سیاسی ، ئابووری ، فەرهەنگی . . .تاد ) بەستراوەتەوە بە ئاسۆ و ئامانجە دوور و نزیکەکانی ئەو دەسەلاتەوە و ئەرازووی هێزەکانی ناوخۆ و دەرەوە و . . .تاد . ئێمە لێرەدا توخنی ئەو باسانە ناکەوین و مەبەستی ئەم نووسینەش لێکۆلینەوە نییە لەو بارەیەوە ، بەلکو مەبەستمان باسکردنی یەکێکە لە دیاردە دزێوەکانی ئەو پشێوییە کە ئەویش دیاردەی تالانکردنە .

٢/ ئەگەر بمانەوێ لەو بۆچوونە واوەتر بچین و لێکدانەوە یەکیووردتر بکەین بۆ دیاردەی تالانکردن وەك بەشێك لەم پشێوییە کۆمەلایەتییە گشتییە کاتیەی ئەم قۆناغە ئینتقالییە ، ئەبێ بلێین ئەم دیاردەیە یەکێك لەئاکامە حەتمییەکانی تەنگوچەلەمەی گشتی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی زال بەسەر کۆمەلگای عیراقیدا بەگشتی کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە و بەتایبەتی لەگەل جەنگی عیراق- ئێراندا بەردەوام لە قوولبوونەوەدا بووە تا لەگەل داگیرکردنی کوێت داو لەگەل داسەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر عیراقداو قوولبوونەوەی تەنگوچەلەمەکان بەشێوەیەکی توندوتیژتر و پەرەسەندنی هەرچی زیاتری برسێتی و دەربەدەری و بێکاری ،

تالآنکردنیان وەك دیاردەیەکی ئاشکراتر هێنایە سەر شانۆ وە لەسنوور و قاوغی هەولدانی تاکەکسی لێرە و لەوێ واوەترچوو و بەرەو بەرینبوونەوەی زیاتر و دەرکەوتن لەقاوغێکی " کۆمەلآیەتی گشتی " و هەموو رۆژەدا ، بەتایبەتی لەقۆناغی راپەرینی بەهاری ئەمسالّ بەدواوە .

٣/ دەرکەوتنی دیارەی تالآنکردن لەو قاوغە " گشتی"یەدا لەگەلّ داگیرکردنی کوێت دا لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری عیراقەوە شێوەیەکی رەسمی و قانوونی و شەرعی بەخۆیەوە گرت ، بەو مانایە کە خودی رژێمی دیکتاتۆری و سەدام و دام و دەزگا سەرکوتکەریەکانی بەشێوەیەکی مەنهەجی و نەخشەبۆکێشراو و لەرێگای پێکهێنانی سەدان لیژنەی پسپۆر و تایبەتیەوە دەستیاندایە تالانکردنێکی بێ وێنەی کارگا و کارخانە و قوتابخانە و خەستەخانە و دام ودەزگا پیشەسازی و سەربازی و فەرهەنگیو خزمەتگوزاریەکان ، سەرەرای دەیان هەزار ئۆتۆمۆبیل و تالآنکردنی هەزاران دوکان و مالّ ، وە لەگەلّ خۆیاندا هەزاران سەرمایەداری گەورە و بچووکیان کێشکردە ناو ئەو " بازرگانی"یەوە و تەواوی بازاری عیراقیان پرکرد لە کەلوپەلی کوێتی .بەوجۆرەو بەپێی فەتوایەکی شەرعی کە هەندێ مەلای سەر بەرژێم لە سەرەتای داگیرکردنی کوێت دا بەرەسمی رایانگەیاند گوایە مالّی " قاروون ـ ئالسەباح" حەلآلّە ، تالآنکردن بوو بە دیاردەیەکی " گشتی " لەسەرانسەری عیراقدا . بێگومان داگیرکردنی ولآتێك لەلایەن ولآتێکی ترەوە هەر لەدێر زەمانەوە هاوکات بووە لەگەلّ دیاردەی تالآنکردنی ولآتی داگیرکراودا چ لەکاتی هێرشبردن و داگیرکردنەکەدا یا دوای جێگیربوونی داگیرکردن .

کوردستانی خۆمان نموونەیەکی ئەو داگیرکردنەبووە کە سالّەهای سالّە لەئەنجامیدا بەر شالآوی تالآنکردن کەوتووە ، کە تازەترین نموونەی ئەو شێوە تالآنە دڕندانەیە لەکاتی ئەنفالە بەدناوەکاندا بوو کە وێرای کوشتن و برینو بزرکردنی دەیان هەزار کەس ، هەزاران گوندی گەورە و بچووکیش بەر شالآوی تالآنکردن کەوتن کە بەشی هەرە زۆری لەلایەن خودی جاشە کوردەکانەوە بەئەنجام گەیەنرا و رەنگبێ زۆرێکی گەورە و بچووکی لەوانە هەبن لەو بارەیەوە یادگاری زۆریان لەلا هەبێ .

٤/ لێرەوە ئەتوانین دوو ئەنجامی گرنگ تۆماربکەین :
یەکەمیان دیاردەی تالآنکردن هەمیشە و لەهەموو کات و شوێنێکدا تێکەلّبووە لەگەلّ زەبر و زەنگ و کوشتن و برین و ترساندن و تیرۆردا ، چ ئەو تالآنەی شێوەی قانوونی و شەرعی پێدراوە " لەچەشنی داگیرکردنی کوردستان ، کوێت ...تاد" ، یا ئەوەی لەروانگەی رژێمی دەسەلآتدارەوە دژ بە قانوون و ناجایزبووە . دووەمیان ئایدیۆلۆجیای چینی دەسەلآتدار کە بەناچاری ئایدیۆلۆجیای باوبێت لەکۆمەلّدا ، وە لێرەدا ئایدیۆلۆجیای رژێمی دیکتاتۆری بەعسی دەگرێتەوە کەتێکەلّە لەهەموو پاشماوەیەکی گەندەلّی نەتەوەپەرستی شۆڤێنی ئەم سەردەمە ، دەوری راستەوخۆ ئەبینێت لەبلآوکردنەوە و برەوپێدان و بەگشتیکردنی دیاردەی تالآنکردن لەپالّ دەیان و دەیان دیاردەیتردا . راستییەك کە پێویستە دووپات بکرێتەوە بریتییە لەوەی تالآنکردن وەك دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی لەم قۆناغە و شوێنەدا ، ئاکام بەرئەنجامێکی کارکردی چەندین سالّەی ئایدیۆلۆجیای چینی دەسەلآتدار و پاشماوەی قوولّی ئەو ئایدیۆلۆجیا شۆڤێنیو دژی مرۆییە و پەروەردەکردنێکی داگیرکەرانەیە کە لەزەین و رەفتارو کرداری تالآنچیاندا ماونەتەوە و کنەیانکردووە .

٥/ لەروویەکی ترەوە ، هەروەك لەسەرەوە ووتمان ، تالآنکردن دیاردەیەکی کۆن و مێژوویییە .لەقۆناغی کۆیلایەتیدا ئەو دیاردەیە ئاشکرا و زالّبووە چ لەشێوەی هێرشبردنە سەر ناوچە و وولآتانی تر و بەتالآنبردنی مرۆڤەکان بەگەورە و بچووك ، ژن و پیاوەوە و کردنیان بە کۆیلە ، یا لەشێوەی بەتالآنبردنی رەنجی کۆیلەکان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە . دیارە ناوچەی کوردستانیش لەو لایەنە مێژووییەوە ، بەردەوام مەلبەندێکی دەولەمەندو سەرچاوەێکی سەرەکی بووە بۆ رژێمە کۆیلەدارەکانی میزۆپۆتامیا ( وادی الرافدین ) تا بەئامرازی هێرش و داگیرکردنو بەتالآنبردنی خەلّکی ئەو ناوچانە پێویستییەکانی خۆیان لەکۆیلەی تازە و ژمارەی زۆرتری کۆیلە دابینبکەن . ئەوە نموونەیەکی دیاردەکەیە لەمێژوودا و هەر بەوە تەواونابێ ، بەتایبەتی دەستپێکردنی و پەرەسەندنی سیاسەتی داگیرکردنی وولآتانی تری جیهان لەگەلّ سەرهەلّدانی نیزامی سەرمایەداریدا ، سەرەتا لەلایەن چەند ولآتێکی ئەوروپییەوە و پاشانیش ئەمریکا و روسیا و ژاپۆن و...تاد . بەواتایەکی تر دەستپێکردن و پەرەسەندنی سیاسەتی کۆلۆنیالی و داگیرکردنی ولآتانی تر لەلایەن چەند ولآتێکی سەرمایەدارییەوە کە لەسەدەی حەڤدەوە دەستیپێکرد و تا ئێستاش پاشماوەی لەزۆر شوێندا هەر ماوە ! نموونەیەکی مێژووی تالآنکردنەکە زۆر دڕندانە بەجێهێنراوە تا ئەکاتە و سیاسەتی نازییە هیتلەریەکان سەبارەت بەتالآنکردن و

گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری پاشماوە هونەری و فەرهەنگیی بە مێژوویی‌یەکانی وولاتانی تری ژێردەستی ئەڵەمانیا .

ئەگەر ئەوانە رووی بێ‌پەردە و ئاشکرای تالاّن‌کردن بن لەمێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا ، پێویستە ئاماژێك بۆ رووی نهێنی و شاراوەی ئەو دیاردەیەش بکەین . ئەمەیان راستەوخۆ پەیوەندی بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە هەیە کە لەشێوەی چەوساندنەوەی چینایەتی‌دا بەمانای بە تالاّن‌بردنی رەنجی چینێك لەلایەن تاقمێکی کەمی دەسەلاّتدار و خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان‌دا خۆی ئەنوێنێ . بەتالاّن‌بردنی رەنجی کۆیلەکان لەلایەن رژێمە کۆیلەدارەکان و خاوەن کۆیلەکانەوە ، بەتالاّن‌بردنی بەر و بەرهەمی رەنجی شەو و رۆژی رەعیەت و بەند و جوتیارەکان لەلایەن دەسەلاّتدارانی شازادە و خاوەن موڵك و دەرەبەگەکانەوە ، بەتالاّن‌بردنی رەنجی هێزی کاری‌کرێکاران‌و زەحمەتکێشان لەلایەن دەوڵەتی سەرمایەداری و سەرمایەدارانەوە ، نموونەی ئەو شێوە تالاّنی‌یە پەنهان و نادیارەیە کە لەژێر پەردەی یاسا و عورف و نەریت دا بەجێ‌هێنراون و تائێستاش لەتەواوی جیهان‌دا و لەشێوەی بەتالاّن‌بردنی رەنجی هێزی کاری کرێکاران‌و زەحمەتکێشاندا بەجێ‌ئەهێنرێ .

٦/ ئێستا ئەچینە سەر باسی دیاردەی تالاّن‌کردن لە عیراق‌دا بەگشتی و لەکوردستان‌دا بەتایبەتی کە لەگەڵ یەکەمین ساتی راپەڕینی بەهاری ئەمساڵدا دەستپێکرد و بە چەشنێکی بەربلاّو خۆی نواند . پێش هەموو شتێك ئەبێ ئەو راستی‌یە مێژوویی‌یە بووترێ کە لەگەڵ هەر راپەڕینێکی گشتی و جەماوەری‌دا ، لەهەر کات و شوێنێك‌دا ،تالاّنکردن بەواتای فراوانی ئەو ووشەیە روویداوە و بەناچاری روویئەدا . ئەڵێین بەناچاری روو ئەدا ، چونکە : یەکەم/ رق‌و کینەی کەڵەکەبووی دەیان ساڵەی خەڵکی راپەڕیو بەرانبەر بەرژێمی دەسەلاّتدار وا دەکات کە رووی هێرشی ئەو خەڵکە لەیەکەم سات و ئانی راپەڕین‌دا بۆ سەر دام و دەزگا تەنفیزیەکانی رژێم بێت کە دەسەلاّتی رژێم لەوانەدا بەرجەستەبووە و خۆی ئەنوێنێ ، ئەوانەش بێگومان بریتین لەدەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەرات و بارەگاکانی حیزبی دەسەلاّتدار و حامیەکان و مەڵبەندە سوپایی‌یەکان و . . .تاد .تێکشاندنی ئەو دام و دەزگایانە ، بەتالاّن‌بردنی کەرەستەو کەلوپەلەکانی ناویان و دەستگرتن بەسەریاندا ، یەکەمین کارێکی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژی جەماوەری‌یە کە خەڵکی راپەڕیو پێی هەڵئەستن و هیچ هێزێك ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت ، بەتایبەتی ئەگەر خۆڕسکێتی و کاری‌شۆڕشگێڕانەی خۆبەخۆ بەسەر جەماوەری راپەڕیودا زاڵبووبێت . بێگومان لەو ساتە مێژوویی‌یانەدا دەیان کاری دزێو و ناشیرینیش روویئەدەن لە چەشنی سووتاندن و لەناودانی نووسراوە و ئەرشیف و بەڵگەنامە ئەمنی‌یەکان ، وەیا بەرژەوەندی تاکە کەسی ئەم و ئەو وایان لێدەکات ئەم دائیرەی مەدەنی و ئەوی‌تر بسووتێنن بەمەبەستی تایبەتی خۆیان . بەلاّم هەرچۆنێك بێت ئەوەیان لەچاو ئەو کارە مێژوویی‌یەی خەڵکی راپەڕیو لەپێناوی بەجێهێنانی‌دا خۆ بەکوشت ئەدەن کە لەناوبردنی پایە ماددی‌یەکانی رژێمی دەسەلاّتدارە، نرخ و بەهای خۆی لەدەست ئەدا .

دووەم/ لەلایەکی ترەوە بەرپابوونی راپەڕین ئەوەندەی کە ئاکامی سیاسەتی چەوسێنەرانەی چەندین ساڵەی رژێمی دیکتاتۆری بووە ، ئەوەندەش ئاکامێکی لۆژیکی بووە بۆ هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێش و کەم دەرامەت کە لەئەنجامی جەنگ و تەنگوچەڵەمەی ئابووری‌یەوە تێکرا تووشی قات و قڕی و برسێتی‌بوون و بێکاریش بە شێوەیەکی بەربلاّو بەر بینی‌گرتبوون کە تائێستاش بەردەوامن . کەوایە هێرشی خەڵکی راپەڕیو بۆ سەر ئەو مەڵبەندە حکوومییە سەربازی و مەدەنیانەی خۆراك و کەل و پەلی بژێویان‌تیادا هەڵگیرابوو، هیچ مانایەکی نەبووبێ ئەوەی هەر هەبووە کە برسێتی و نەبوونی و بێکاری ناچاری ئەوەی کردوون . بێگومان ئەو چەشنە کارانە ئەکرا کۆنتڕۆڵ‌بکرێن و رێك بخرێن کە ئەوەیان بۆ خۆی پێویستی بەپێشینەیەکی رێکخراوبوون هەیە . هەرچونێك بێت ئەو چەشنە تالاّن‌کردنە هەرچەندە خودبەخودی و خۆڕسکیانە و بەرەلاّش بێت ، لەراستیدا کارێکی ناچاری‌یە و وەلاّمێکی شۆڕشگێڕانەی خۆڕسکی‌جەماوەری بووە بەرانبەر بە برسێتی و نەبوونی و بێکاری .

٧/ پێویستە لێرەدا ئەو راستی‌یە باس بکرێ کە هەر لە کاتی راپەڕین‌دا و لەگەڵ پەیدابوونی بوارێکی لەبار بۆ تەعمیم بوونی (گشتی بوونی) دیاردەی تالاّن‌کردن ، زۆرترین بەشی تالاّنی‌یەکان ، بەتایبەتی تالاّن‌کردنی عەمبارە دەوڵەتی‌یەکان و جبەخانە سەربازی‌یەکان ، لەلایەن دەوڵەمەندان و بازرگانەکانی جەنگەوە دەکرا " ئەوانەی ساڵەهابوو لەپاڵ رژێمەوە بازرگانیان بە جەنگەوە ئەکرد لە کوردستان‌دا و هەزران دەوڵەمەندی گەورەی کوردستان لەو رێگایەوە پێگەیشتبوون " ، بەتایبەتی ئەوانەی کەهەم لەلایەکەوە دەستیان بەئامرازەکانی گواستنەوە رائەگەیشت ، وە لەلایێکی ترەوە وەك هێزێکی چەکداری سەر بەم لایەن و بەو لایەنی

سیاسی پێشڕەوبیان بەرەو مەیدانی تالاّنکردن دەکرد . بەو جۆرە تا زەحمەتکێشێك فەردە برنجێکی چنگ دەکەوت و بەکۆڵ دەیگواستەوە ، دەوڵەمەندێك بەئۆتۆمۆبیلی گەورە و بچووکەوە چەند کاروانێکی تێر و تەسەلی ئەکرد و تا پیادەڕەوێکی ماندوو دەگەیشتە جبەخانەکانی دەرەوەی شارەکان تفەنگێکی بەدەست ئەهێنا ، بازرگانانی جەنگ دەیان و سەدان پارچە چەکی سووکیان ئەگواستەوە . لەلایێکی ترەوە تالاّنکردنی ماڵەکانی شاری کەرکوك پێش داگیرکردنەوەی لەلایەن هێزە سەرکوتکەریەکانی ڕژێمەوە کە زۆرترین بەشی تالاّنی لەو شارەدا کرا ، لەپلەی یەکەمدا لەلایەن دەوڵەمەندان و بازرگانەکانی جەنگەوە کرا کەزۆربەیان لە سلێمانی و هەولێر و ئۆردوگاکانەوە پێشتر خۆیان ئامادەکردبوو بە ئیمکانیاتی گواستنەوەی جۆراوجۆری زۆرەوە .

دوای هەموو ئەوانەش ، لەگەڵ داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە ، قۆناغێکی تر لە تالاّنکردن ، ئەمجارە لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە دەستی پێکرد کە بەحەق شرەخۆرە گەورە و بچووکەکانی ناو شار و خۆفرۆشانێکی زۆر سوودیان لێوەرگرت .

لێرەوە ئەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئەو تالاّنیانەی لەگەڵ ڕاپەڕیندا و بەدوای ڕاپەڕینیشدا کران ، ئەگەرچی خەڵکانی زەحمەتکێشی برسی و کەم دەرامەت و بێکار و دەربەدەر و ئاوارە بۆ دابینکردنی بەشێکی زۆر کەمی پێداویستییەکانی ژیانێکی مەرە و مەژی بۆ خێزانیان بەناچاری و وەك کاردانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری لە دژی برسێتی و قات و قڕی پەنایان بۆی برد وە هەرچەندە لەگەڵ هەموو ئەوەشدا بەشی هەرە زۆریان عیزەتی نەفسیان ڕێگەی نەئەدان سەرەڕای ئەو هەلومەرجە ناهەموارەی تیایدا ئەژیان دەست بۆ تالاّنی بەرن ، کەچی لەو لاوە تالاّنکردن بۆ دەوڵەمەندان و بازرگانانی جەنگ بووە خێر و بەرەکەت و بەسەریاندا داباری ، وەك ئاسانترین و خێراترین ڕێگا بۆ بەدەستهێنان و کەڵەکەکردنی سەرمایەی زۆر و زەبەند . لەئاکامدا تەعمیم بوونی تالاّنکردن بەو چەشنە خۆی لەخۆیدا ئەوەی لێبەجێما دەورێکی هەرچەندە بچووکیش بێت بگێڕێ بۆ کەڵەکەبوونی زیاتری سەرمایە لەچنگی دەوڵەمەندەکاندا " دیارە شت و مەکە تالاّنکراوەکان ، بە تایبەتی کەرەستە خۆراکیەکان بەدەیان جار لەنرخی خۆیان زیاتر دەفرۆشانەوە " و هەژارانیش هەژارترین .

٨/ ئێستا دوای تێپەڕبوونی چەندین مانگ بەسەر ڕاپەڕیندا ، ئەگەرچی دیاردەی تالاّنکردن بەو شێوە گشتی و بەربلاّوە لەئارادا نەماوە ، بەلاّم پاشماوەی زۆری بەجێهێشتووە کە لەشەکڵ و شێوەی تازەدا و بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکانی خۆی دەرئەخات . پەیدابوونی دەستەی سەرمایەدارانەی گەورە و بچووك " لەڕووی قەبارەی سەرمایەوە" لێرە و لەوێ لەشێوەی مافیای بچووك بچووکی نارێکخراودا و کەتایبەتن بە کڕینی سەیارەی دزراو و نەدزراو بەکۆمەڵ و ئاودیوکردنیان بۆ ئێران " لەخوارووی عیراقیش دا ئەو کارە ئەکرێ بەرەو سنووری سعودیە " ، هەروەها پەیدابونی مافیای چەکدارانەی نارێکخراوی ڕانەگەیەندراوی سەر مەرزەکان و گومرگەکان لەژێر پەردەی پێشمەرگایەتیدا و دەست تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئەو بازرگانانەی جەنگدا و کەڵەکەبوونی بەشێکی زۆری پارە و پوولێ نەختینە لەلایان و دەوڵەمەندبوونی کوتوپڕی دەیانیان لەماوەی چەند مانگێکدا ، سەرەڕای پەیدابوونی تۆڕی گەورە و بچووکی کڕین و فرۆشتنی بەکۆمەڵی چەکی جۆراوجۆر کە ڕژێمی دیکتاتۆری لەمەیدا بەئاشکرا دەستی تیابووە ، دوای هەموو ئەوانەش پەرەسەندنی بەربلاّوی شرەخۆریکردن و بەتالاّنبردنی ناڕاستەوخۆی بژێوی خەڵکی چ لەسنووری شارەکاندا و چ لەو شوێنانەی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆراك بەسەر خەڵکیدا دابەش ئەکات ، هەموو ئەوانە بەشێکن لە نموونە تازەکانی دیاردەی تالاّنکردن و شرەخۆری کە جێگای سەرنجدان و قسە و باسی ڕۆژانەی خەڵکین و دەیان چیرۆکیان لەسەر دەگێڕنەوە .

٩/ دوای ئەو باسانەی سەرەوە هەوڵئەدەین لەم برگەیەدا پێشنیاری چارەسەرێك بکەین بۆ ئەو دیاردەیە و هیوادارین دڵسۆزانی گەلەکەمان بیروڕا و بۆچوون و توانای خۆیان بۆ نەهێشتنی بخەنەکار .

لەباسەکانی پێشوماندا ، بەتایبەتی لەبڕگەی یەکەمەوە تا برگەی پێنجەم ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چارەسەری بنەڕەتی ئەو دیاردەیە بەستراوەتەوە بەجێگیربوونی دەسەلاتی سیاسی و نەهێشتنی پشێوی‌کۆمەلاّیەتی‌یەوە کە لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی تەنگوچەلەمەی گشتی کۆمەلاّیەتین کەسەرتاپای کۆمەڵگای عیراقی داگرتووە ، لەهەموو ڕوویەکی سیاسی ، ئابووری ، فەرهەنگی و کۆمەلاّیەتی‌یەوە . لەوەش زیاتر ، لەناو تویێ قسەکانماندا ئەوە بەئەنجام ئەگیرێت کە نەهێشتنی ئەو چەشنە دیاردانە هەتا هەتا و لەڕووی مێژوویی‌یەوە بەندە بە لەناوچوونی پایە ماددی و کۆمەلاّیەتی‌یە مێژوویی‌یەکانی هەموو چەشنە تالاّنی و دزی‌یەکی ئاشکراو نهێنی . بەلاّم هەموو شتێك بەکاتی خۆی .

کەوایە لەگەڵ ئەوەشدا ئەکرێ پێشنیاری ئەوە بکرێت وەک چارەسەرێکی ئانی ـ هەنووکەیی پەناببرێتە بەر بەردە هەڵماڵین لەسەر هەرچەشنە تالآنی‌یەک کەدەکرێ و ئاشکراکردنی خاوەنەکانیان لەهەر ئاست و پلەوپایەیەکدابن و سەر بەهەر لایەنێک بن یان نەبن و پاشان موحاکەمەکردنیان بەئاشکرا و داسەپاندنی توندوتیژترین سزا بەسەریاندا بەپێی تاوانەکانیان . ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێستا تالآنچیان توێژێکی گەورەی کۆمەلآیەتی پێکئەهێنن و خاوەنی هێزی نادیاری خۆیانن چ لەڕووی ماددی‌یەوە یا لە رووی نفوزی (پایەی) کۆمەلآیەتی‌یەوە یا لەو ڕووەوەی بەشێکی زۆریان لەسایەی لایەنە سیاسیەکاندا بەو کارانە هەڵساون و زۆر ژیرانە دەرفەتەکانیان قۆزتۆتەوە ، یا لانی کەم ئەگەر سەر بەلایەنێکیش نەبووبێت ، دەبێ چەند پشتێکی بۆ خۆی مسۆگەرکردبێ . بێگومان لەوەشدا نی‌یە کەلەناوبردنی ئەو دیاردەیە یا لانی کەمکردنەوەی لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵدا لەڕووی ئانی‌یەوە پێویستی بەزەبرێکی دڵسوزانە و نەترسانە هەیە و چاوپۆشینیش لەو چەشنە دیاردەدزێوانە هیچ ناگەیەنێت تەنها یارمەتی ناڕاستەوخۆی تالآنچیان و تالآنکردن نەبێت .

٩٩١/١١/٢١

---

* ئەم بابەتە لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی " بابەگوڕگوڕ "ەوە وەرگیراوە .



عەلی لەتیف

یادی یەکەمین ساڵەی
ڕاپەرینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

هەسیب قەرەداغی

# شەو و گریان و مەرگ (1)

بیشەکی :

شۆڕش گەرمە و یاشێخ دەڵێ :
ئەم شۆڕشە هەر خۆی خۆی بوو
تینی بەرۆچکەی زستان و
چێژی برسی و نان و دۆی بوو.
هێشتا دنیا نیوەڕۆیە
فسکەفسک و پێ‌دزکێیە
جێهێشتن و جێ‌گۆڕکێیە
هەموو گوێ‌یەك تونێلێکە و
هەموو چاوێ بووە بەچوار
هەموو باسێ وەك پەلاسە و
هەموو تامێ بووە بەزار
هەموو دەمێ مووشەدەمە و درۆدێنێ و درۆدەبا
هەموو کەسێك بووە بە پەیك
بۆنی خەبەر دەدا بەبا . .
ـ گوڕی هەنگاوی پێشمەرگە بەرەو دوایە
ئێستگەکەمان هەرچی دەڵێ هەمووی کایە
هەمووی بایە
ئیتر ڕەحم ڕەحمی خوایە !ـ
هۆو . . وا مەڵێن
هۆ زمانتان بەبڕین چێ
کە هەنگاوی پێشمەرگەیەك هاتە دوواوە
ئەڵبەت ناخمان شووشەی دڵی تیا شکاوە.

* * *

ئێوارەیە و سرتەسرتە
مەودای بیری خەڵکی کورتە
بەیەکدادێن ، سەری خۆیان دەبێژنەوە
کۆچەرێکان لە خەیاڵا دەپێون و دەژمێرن
کام نزیکە و کامە دوورە ؟
کامیان سەختە و کام ئاسانە؟
کامیان پێچە و کامیان ژانە؟
بەیەکدادێن . .
هەندێك شەرم دەیانگرێ و گوێ شل‌دەکەن
بۆ دەنگی تۆپ ،
ئەم گرمەیە لە ئێمەوە بۆ دوژمنە
ئەم گرمەیە تین و توانای دڵی منە.
هەندێ ترس دایگرتوون و گوێ شل‌دەکەن
بۆ دەنگی تۆپ ،
ئەم تۆپانە هی دوژمنن ، وا سەنگەری
پێشمەرگەکان دەڕووخێنن
دڵی ئێمەش دەبچڕێنن لەناخەوە
ئەم تۆپانە تەپەی دڵمان دەدەنەوە لەشاخەوە

* * *

وا شەو داهات
کێ دەتوانێ دڵی شارێك بداتەوە؟
کێ دەتوانێ زێکە لەترس بیبەستێت و
چراوگی خۆڕاگرتن هەڵکاتەوە؟
دێو لە چراوگ؛ دەترسێ ،
کێ لەچەمکی وا دەپرسێ ؟!
شار شڵەژا و خەڵکی هەموو
لاکێشی ڕێ ڕادەکێشن بەرەو خۆیان
ترس و بیم و باران و کوح . .
بوون بە تان و بوون بە پۆیان

١٩٩١/٤/٢١ سەردەشت

هەواڵنامەی کتێب

# شەو و گریان و مەرگ

دەگریم ، بگرێن .. شار خامۆشە
وا گیانەلاّی سەرکەوتنە
کاوە چەکوشی فرێداوە و بێ بەرکۆشە
یا قەڵەمی من بێ هۆشە؟

دەگریم ..بگرین
ئەوا جارچی لەناو گەروی تۆقاندنا جارێ دەدا
هەستن ڕەوکەن ، شارجێهێڵن
قوڕبپێون ، قوڕبشێلن
هەموو بین بەسیزیف و تاشەبەردان لەسەر شان نێن
کۆلاّن بدەن بەکۆلّتانا ، شەقام لەتکەن
باب و دایك کوڕ و کچتان بەدواتانا وەك سەگە پەتکەن
جێ بۆ سوپای کوندەبوو بکەنەوە
دووگیانەکان لەناو مالاّ ، ئیتر بەچکە مەخەنەوە .

دەگریم .. بگرین شار تەپیوە
بانگ لەمنارە تەریوە
نوێژ لەبێ نوێژی چەقیوە
ڕۆژوو بەربانگی سڕیوە
دێوەش ئەمشەو هەموو شەوی ئەم شارەمانی کڕیوە
شەو جێهێلّن .. شەو کڕاوە
جێگەی نوستنمان نەماوە
شار بێ خێوە // مۆلکی دێوە
خێرا .. مەوەستن بەپێوە
دەمل بنێن لەبێ ڕێوە
ڕێگا قوڕخە و قەدەغەیە
هەر ملبنێن . سەرگەردان بن
بەهەرەسی بن بەردان بن
بەیان بدا خۆر نابینن ، مەرگەبارێ
ڕێکە هەموو دەپێچنەوە بۆ ناو شارێ
شاریش دەبێ بەقەپی دێو ،
ملی ڕێگە دەقرتێنێ
زووکەن بڕۆن // بێ ڕەنگ و بۆن
شوێن پێ کانتان بسڕنەوە
دەی دوای خۆتان ببڕنەوە .

دەگریم .. بگرین بدەنە کێو
وا هات ، وا دێت چەپۆکی دێو
کێوان سەختن ، باوکەڕۆیە
نە تۆ منە و ، نە من تۆیە
پیر جێهێلّن ، ئایەی ( وَأْدْ ) (٢) بیرچۆتەوە
کۆرپە و منالّ // زیندەبەچالّ
دوو گیان ، دێو هات نەکەی بچیتە سەر کاسە ،
ژان نەتگرێ ، بای دەستی دێوت لێ دەدا
دەبی بەدەنگی بێ سەدا
کێوان تەڕن بەچاوی تۆ دەنگی هیچ کەس نادەنەوە
گوێی گرانیان بۆکڕوزەی ئێوەمانان ناکەنەوە .

دەگریم .. بگرین ..
ڕەهێلەیە ، شەستەبارانە، تۆفانە ، چەم هاتووە
ئەرز و ئاسمان لێکیان داوە
ئەو ڕۆچووە ئەم ڕماوە
شەتەکی هەور ملی کێوانی بەستووە
شەو و مەرگ و بەفر و هەوراز
لەسەر سینگی مرۆڤی کورد باری گرانیان خستووە
دەبێ تێ بکەن . // دەبێ ئێوەش وەها ڕێ بکەن
ئەم سەری ڕێ هەتا کوێیە ؟
بۆ ئەو کوێیە کامە ڕێیە؟؟!
ئەمبەرەوبەر مین چێنراوە
ئەمبەرەوبەر عەزیای ترسە و خوێ خراوە
شێرپەنجەی هاری برسێتی لەهەناوتا پێت دەوەرێ
لەپێت دەخا ،
لەژێر لێزمەی باران و لەناو سێلاوی لێتەدا
لەجێت دەخا !
دەبێ ڕێکەی // دەبێ قوڕی مچ لەپێ کەی
ئەی ماڵ وێران ،
ئەی زەلیلی کوچەی شەوی
شاری زەلیل و چاوی کوێران
دەبێ ڕێکەی
دەبێ کلاّشی پیسایی خۆت لەپێ کەی .

هەواڵنامەی کتێب

دەگریم .. بگرین
کێوێ ، دوو کێو ، سیان و چوار و پێنج و شەشە
هەزاربەهەزار و لارێیە
هەوراز ، نشێو ،
قوولآیی چەم دەگاتە سەر ناوکی زەوی
خۆت ڕاگرە ، قنج ڕێبکە ، دانەنەوی
دەستت بگاتە وچان و چاو بزانێ تۆ دەخەوی!
ئەی ماڵ وێران // ئەی فرمێسکی بێ‌هەنسکی چاوی‌کوێران

دەگریم .. بگرین ...
ئەم چەمە یەك ، ئەم بردە دوو، ئەم دوندە سێ
ژمارەی شەو ، شەوی بێ ڕۆژ گەیشتە چەند
خودا بۆ خۆی لەتۆی وەرگرت ، لەمنی سەند .
شەوی یەکەم ـ نادر ـ خۆی کوشت
شەوی دووەم موترفی بوو دایکەکەی مرد
شەوی سێهەم کوڕیە مردو باوکی وتی خوا سوپاسە
شەوی چوارەم بیرم نایە باس چ باسە ؟
بیرت نایە مردن پردبوو ؟
خەونی هیوا ملی ووردبوو ؟
ئەمبەر شەوە ، شەوە زەنگە
ئەوبەر کیە ، زۆر بێ‌دەنگە
لەنێوانی هەردوو بەردا مردن پردە
خۆت بدەرە دەستی مردن
ئەگەر دەستی نەگیرابوو، لرفەی ڕووبار لولت دەدا
بێ‌ناو دەڕۆی
ئەگەر خۆ دەستی‌گیرابوو لەوبەرەوە
بە تیلماسکی هەتاوی لێڵ چاوت دەشۆی
ئەی تیلماسکی هەتاوی لێڵ پەت هەڵخرا
شەڵتەیەك هات ، هەموو ئاواتمی تێخرا
هانێ مردن ، وا شەڵتە هات
بلێی خۆری ژێر باڵی‌هەور// تیلماسکێکیش بۆ من‌هەڵکات؟!
ئەمبەر واری خەم و مەرگە بێ‌بەراوە
ئەرێ لەوبەر ڕێسی هیوا لەسەر تەشی هەڵکراوە؟!

دەگریم .. بگرین ..
داوێنی شاخ ڕووبارێکە وا تل‌دەدات
شاخ هەورازە ، هەوری لەمل گرێ‌داوە
ساجی شینی ئەو ئاسمانەی لەسەر ناوە
کۆنە ساڵە و لەدەروونیا جێ بەزمیی یوترکاوە

دەبێ ڕێکەیت و سەرکەوی
دەبێ نەخۆیت و نەخەوی
ئەوی دەژی بۆ خۆی دەژی
ئەوی دەمرێ بۆ خۆی دەمرێ
حاڵەت دوانە و تۆ هەر یەکی
دەستەوسانی چیت پێ‌دەکرێ ؟!

دەگریم .. بگرین ..
دەی هەڵژنێن بە هەورازا
بەجێ بێ‌ی پەلْخ و بەرازا
بەرەو پەنا ڕێ‌بردنە
یا سەرکەوتن ، یا مردنە
پەنا ، پەنا ، پەنا خوایە خەڵك ماندووە
باوان وێران و بێ نانە
دووبەرەی چۆڵ و بێ شانە .
پەنا باران سەرما بەکوڵ .
بەری ژانی ناوەخت و زوڵ
بەسە باران ، باران بەسە
ڕێگە هەمووی وا بوو بەچەم
لارێ هەمووی هەر هەرەسە// باران بەسە
خۆ من ئەوەتای دەنووسم ، تۆم خۆش دەوێ
بەسە ئیتر ، ئەم هاری‌یەت لەگەڵ‌کەوێ
پەنا ، پەنا ئەی ولاتان کوا پەنامان
ئێوە وەرن بەهانامان// ئێمە گەلی‌پەناهندەین ، هەزار ساڵە
مێژوومان هەر تاڵ و ژاڵە
بەری ڕێگامان بێ‌چاڵە
خاوەن خاکێکی بێ‌وارین
لێرەوارێکی بێ‌دارین
نیشتمانێکی بێ‌نەخشەین ، هەر بێ‌ئالآین
گمۆ و قەندیل و زاگرۆسین
هەزار ساڵە هەر لەچالآین .
پەنا ، پەنا ، خوایە پەنا
ئێمە پەنا بۆ کوێ بەرین
هەزار ساڵە شەوێك بێ‌خەم سەرمان نەنایە سەر سەرین
پەنا ، ئەفسەری بێگانە ، ساپەنایە
بێ‌سەر دەڕۆین
نە سەرما و لەسەرمانا نەمایە
بەفرانبارە ، مەیلە ڕەق ببینەوە
لارێ سەختە مەیلە بەرببینەوە

هەواڵنامەی کتێب

پەنا "سنجوێ" پەنا "بێژوێ" پەنا "سەردەشت"
پەنا پێغەمبەری ئێمە ، پەنا ، عیسا ، موسا ، زەردەشت
قورئان ئینجیل هۆ تەورات و هۆ ئاوێستا
دەست و پێمان جەمام بووە ،
خوێن لە لەشمانا رچیوە
خۆ وەرز وەرزی خوێنجمان بوو
نەك هەر شیعر ، ئێمە چەكمان لەسەر شان بوو
لەتونكە تونكەی حەمریندا شاییمان بوو
جامەدانێی بەرزانیمان لێبادەدا
گوێی كەر و كاسی مێژوومان بەشریخەی كلاشینكۆفان رادەدا
لەسەر گۆڕی باوەگوڕ نوێژمان دەكرد
بۆچی ساوای ئازادیمان بەدەردە كۆپانێكی مرد ؟!!!
ئەی ئاوارە ، هەی ماڵوێران دە پاڵبنێ بەم كێوەوە
ئەم لوتكەیە بەرەو ئەودیو بچەمێنە
ئەزنەقێ تر بدە بەپێی هەلاوساوت ڕۆژیهەشتەم بدەمێنە

سەردەشت ۱۹۹۱/٤/۲۲

# پاشەكی چامەی
# « شەو و گریان و مەرگ »

دەگریم ... بگرین ...
شەوی هەشتەم بوو بەعاجباتی هەشتەمی
ئەم دنیایە
چۆن من ئەمێستا زیندووم و بەپێوەوەم ؟
هێشتا مەرگ نەیگرتووم و بەرێوەوەم ؟
گوایا ژیان هێندە خۆش بوو ئەم سزایەی بۆ بچێژم ؟
گوایا ژیان هێندە بەنرخ بوو..
ئەو گشت ئەشكەی بۆ بڕێژم ؟
چ سیحرێ بوو منی وەها كەمەنكێشكرد
شاری خامۆشم جێهێڵم
پشتێنی خۆم بچەرێنم ....
لەبارانا // لەژێر لق و پۆی دارانا
بەرووی خووا سەری بێزاری هەڵبڕم ؟!!.

دەگریم ... بگرین ، ئەمشەو نۆیە
فلاش باكێ ، ئەرێ تاكوێ بچمە دواوە ؟
بچمەوە ڕۆژگاری كاوە
ئەویش وەك ئێمە رەوی‌كرد ؟
جاری جارچی لەخەوی‌كرد ؟
وا چەكوشەكەی لێ فڕێدا و
بەرگۆشەكەیشی كردەوە
ئەو ئەژدەهاكی دارمان ، ـ دیگەر ـ گرەوی بردەوە!
ئەی بچمەوە بۆ لای " بابك " ؟
ئەویش وەك ئێمە رەوی‌كرد ،
ئەویش لەنێوانی مەرگ و شەوی كوردا هەردەوی‌كرد ؟
ئەی بچمەوە بۆ لای كێ‌ی‌تر ؟
بۆ جێی شەڕی دوانزە سوارە ؟
بۆ كۆچی ـ نالی ـ ئاوارە ؟
بۆ ـ بابان ـ ی باوان شێواو ؟
بۆ سۆرانی بێ میر و پیر ؟
بۆبۆلای شێخی خەنجەر بەخسیر ؟
بۆ ـ چوارچرای ـ چراشكاو ؟
بۆ هەڵەبجەی هەڵەبشیمای خوێن تیا نەماو؟
بۆ ئەنفالی شەرم و تاوان ؟
تاوانێ ڕووی هۆلاكۆیشی پاككردەوە
هەر خوێنێكی خواردبۆوە
لەشەرمانا بەهێلنجێ هێنایەوە
دێورەش دەمی تێنایەوە
هەموو كۆچ بوون ...
كۆچ لەدوای كۆچ زێدە رەش بوو
هەزار ساڵەی بەختی ئێمە واری بەیار و بێ‌كەش بوو
با بێزار و شەرمەزاربێ
كێ بوو وتی ئەمەش بەش بوو ؟!!

من تورەم و.. ئێوە مەگرین
دنیا هەموو بەشایەت بن
شەوی دەیەم ئەگەر ساتێ كۆچ و باربێ ،
ئەگەر ساتێ رەهێڵەبێ و بارانباربێ ،

ئەگەر نینۆکی زامارىێ ،
کە هیوامان نەهاتە بەر
بەناو پەرەی سیفرەکانا گوزەر دەکەم
فەرهەنگی جوێن لەبەر دەکەم
ئەوەی بووە بۆی دەنێرم
ئەوەی دەبێ بۆی دەنێرم
دەبا زەوی کرمەرێژبێ
چاوی گەردوون نەبینابێ
هەرچی وار و وەرا هەیە هەتا هەتا لەشینابێ

دڵێ خودا لەکۆچەرێی ئەم گەلەدا
لەناو خەمخۆری مینابێ

---

(١) ئەم چامەیە لەشاری سەردەشت دەستم پێکرد دوای کۆچەکەی گەلەکەمان لەسلێمانی‌یەوە شەوی ١٩٩١/٤/٣ ـ ئەگریم . . بگرین کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی بێشەکی و پاشەکی‌یەکەی تەواوبوو .

(٢) ( وَأْدْ ) = وەئد = زیندەبەچاڵ .

* * *

ئەحمەدین فەقێ

# هەسارەکەی ژێر خۆڵستان

ئەو حەشاماتە لەپای چی دەیان گەروو لەعالەمی خۆڵستاندا ئەکەنەوە ؟
بەدوای چیدا دەپشکنن ؟
کانەکانی نەوت و تەلا ؟
یا شوناسنامەی زەبروزەنگە ؟
یا بەڵگەنامەی سەربڕین بەبێ چەقۆ ؟
یا بەدوای شوێنێك ، دوورەشار ، بۆ هەوار و حەسانەوە ؟
ئیمام دەڵێ :" گەر دڵ سەخڵەت بوو ، گۆڕستان هەوارگەیە !"(١)
کام گۆڕستان بۆ ئەم دڵە پەژارەی من هەوارگەیە ؟
ئەوانەی سەر ڕووی خۆڵستان ؟
یا کوشتارگاکانی ژێرەوە ؟
تۆفانی کامە دەریایە هەندەی باڵای خۆڵستانی هەوارگەمان زریان‌دێنێ و
دەیشواتەوە ؟
تا ڕۆژی زریان خەڵکینە بە ئاسپایی هەنگاوبنێن
تا عالەمی ژێرەوەی بێ نەزریکێنێ و تەکان بخوا . .
تەماشاکەن چ سەیرێکە ؟
چ تابلۆیەکی بێ‌دەنگی ترسناك و خوێناوی‌یە ؟
ئا ئەوانە گۆڕستانن ؟
یا قیامەتێکی زیندووی بەشەری ؟
ئا ئەوانە پاشماوەی لاشەی گۆڕێکن ؟
یا هەزار گۆڕ ؟

تاوانباران تاکو ئێستا بڕ بەگەرووی ژەهراوییان پێدەکەن ،
هەناسەی مەرگ دەبارێنن .
چ هونەرمەندێکی چاو سوورە ئەو تابلۆ نەمرەی کێشاوە ؟
دەیان و سەدانی تری لەژێر خاکدا شاردۆتەوە ؟
تەماشاکەن چ سەیرێکە . . ! !
کێ لەئێوە . .
کێی ئەم جیهانە جەنجاڵە خوێناوییە
تاکو ئێستا لەوێنەی ئەو چەشنە وێنانەی نەدیوە . .
با بێتە ئەم گۆڕستانە خۆڵستانە کوردستانە . . تا ببینێ !
چەند کەللە سەرێك لەملاوە . .
گەورە و بچووك و بچووك تر .
هەرە گەورەکەی ئەوسەریان
پاشماوەی قژێکی خوڵاوی ،
هەڵکرووزاوی قەترانیی ،
تەلیسمێکی بەجێماوی سەردەمی مەسیح کوشتن بە دووکەڵ
قژی رەش بوو ؟
هەر خۆی بۆ خۆی رەش بوو . . رەش بوو ؟
یا گڕی خەم بۆیەی عیشقی پیاکردبوو ؟
یا رق و کینەی هونەرمەند سووتاندبووی ؟
ئا لەو لاوەیش . . دەیان و سەدان پەراسوو .
تەماشاکەن چ خەمێکە ؟
چ تەمێکە ؟
چ زریانێکی بێدەنگە ؟
گەڕان بەناو خۆڵستاندا
بەدوای خۆت دا
بەدوای دنیایەك خاوێنیی منداڵێکی بێناونیشان ؛
بەدوای ساتی ترسناکی گیانەڵڵای کیپی ئەو خەڵکە ؛
بەدوای گوستیلەیەك ، بازنێك ، بەو قامك و بەو مەچەکەوە ؛
بەدوای دەستەچلی بووکێنی ئەم زینەدا ؛
یا بەدوای عیشقی شاراوەی فەرهادێکدا ؛
یاخو گەڕان بەدوای شاهیدێك بۆ تاوان
تا لەدادگای سبەی رۆژدا بێتە مەیدان ؛
گەڕان . . گەڕان . .
بەدوای خۆت دا
بەدوای پسوولەی مەرگت دا
ئازارێکی بێپایانە و تەواونابێ . .
ئەم چیرۆکە تەواونابێ
ئەم داستانە خوێناوییە
تەواونابێ . . تەواونابێ

کۆتاییەکەی سەرەتایە و
کلیلی هەڵدانەوەی قەتاغەی برینێکی ژەنگ لێنیشتووی
خۆڵستانە !
برینێکی گەرم و گوڕی مێژووی خوێنی خۆڵستانە .
تۆ بڕوانە : چ سەیرێکە
سەردەمی مرۆڤ کوشتنە بەکۆمەڵ
بەبرسێتی . .
یا بەدووکەڵ . .
من عاشقی چیبم ؟ . . کێ بم ؟
من عاشقی چەند هەزار گڵکۆی بزربم ؟
خەم لێرەوە سەرهەڵئەدا !
گەر بپرسیت تۆ خەڵکی کوێیت ؟
یەکسەر ئەڵێت : نیشتمانم خۆڵستانە ؛
گۆڕەکانی ژێر خۆڵستان . .
هەزاران گڵکۆی بزربووی بێناونیشان . .
نیشتمانم : برسێتییە
بۆ ئازادی و نانی ئینسانێکی سەردەم !
تەماشاکەن چ سەیرێکە :
حەشاماتێکی پان و بۆر لێرە و لەوێ
بەدوای چیدا دەپشکنن ؟
شوێنەواری دووکەڵەکان ؟
لەولاشەوە هەزاران چاو روو لەئاسۆن
چاوەڕوانن . .
ئەم داستانە تەواونابێ و چاوەڕوانن
چاوەڕوانی شوێنەوارێکی دووکەڵن
چاوەڕوانی دۆزینەوەی پسوولەی هەزاران چیرۆکی عیشقن .
بەڵام گەڕان بەدوای خۆت دا
بەدوای پسوولەی مەرگت دا
ئازارێکی بێپایانە و تەواونابێ
خورەی ئاوێکی رەوەندی رووبارێکە
زیخ و چەوی ژێرسکی خۆی
هەموو ساتێك ئەشواتەوە
بەدوای زریاندا دەگەڕێ . .
بەدوای سەمفۆنیای ژیاندا
دەپشکنێ !

ت٢- ك١/١٩٩١

---

(١) لو ضاقت بكم الصدور، فعليكم بزيارة القبور
الامام علي بن ابي‌طالب

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

نەوزاد ڕەفعەت

# سێ باڵندە

## (۱)

## قشقەڵە

چی ڕوویداوە ؟!
چی چنگی لەڕۆحی ناوە ؟!.
بەم ئێوارەیە ناوەختە
چ ترسێکی لێ نیشتووە ؟!.
دیسان قشقەڵەی تەنگەتاو
درکی بە چ مەرگ و پێشهاتێ کردووە؟!.
کێ لەم دەوئاوە بانگ دەکا ؟!.
جگە لە من کێ لەم هەڵەتە شك دەبا ؟!.
کێ دەبێتە برادەر و هاوئازاری ؟!.
کێ دێتە هانا و هاواری ؟!.
کێ لە فیغانی تێدەگا و پەنای دەدا ؟!

منی پەرپووت و کلۆڵ نا
مەگەر چیا .
مەگەر خودا .

## (۲)

## قەقنەس

ئەوەتا وا بەم ڕۆژە تۆف و دژوارە ،
لەدوورەوە
ڕاوچییێکم لێوە دیارە ،
بە چنگ و پەل ،

بە گەوەڕ و
هەورازی سەخت و کۆچەڕێ و
قەدپاڵی ڕکی بە بەفر و
کێوی ئانیوە لە هەور و
ڕەوەزاندا هەڵدەگەڕێ
چاوی پڕ لەڕق دەگێڕێ .

با هەر بست بە بست بگەڕێ و
تا هەتایە
پێی بەتیشە بەردی ڕێگای پێچاوپێچ و
شاخە سەختەکان بکوتێ .

بێهوودەیە
چۆن دایکە قەقنەس ڕاودەکرێ ! .
ئاگر دەپێکرێ ؟! دەگیرێ؟! .

## (۳)

## بارانبرە

هەمان دیمەنی دوێنێیە
چاوم لێیە
بارانبرە
تاك و جووت لەدەووروپشتی قەلای دێریندا دەگەڕێن .
تیژ تیژ لەئاسمانی شاردا تێکدەسوورێن .



هەواڵنامەی کتێب

لەمێژە باڵندەی گۆڕین
ووشکاتییان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە و
گیاو گوڵ زەرد هەڵگەڕاوە .
تەنیا چاوی کز و بەقووڵدا چووی پیرێ
هێشتا تەڕ و سوور دەبینرێ .
ئەو چاوەیش چەند رۆژێ نابا و بارانی ئاڵی لێ دەبڕێ؟!
با تا هومانی پیرۆزی شار نەیەتەوە .
هومان دەرنەکەوێتەوە
عەوری خوێن نارەوێنەوە و هەر د
ە
ب
ا
ر
ێ؟!.

***

چنور نامیق

# تێکۆشەری بەهەڵەت

ئەی تێکۆشەری بەهەڵەت
ئەی ئاوارەی
دەشت و دەری
وولاتی برین و مەینەت

ئەی دڵسۆزی نیشتمان و خاکی ئازار
لەناو مەترسی شەوگارا
لەناو بلێسە و هاوارا
هەناسەت وەك گوللەی گڕدار
لەسینگی هەزاران زۆردار
مەشخەڵی گڕی داگیرسان
کەچی ئێستا ،
بێ سەریت و بێ شوێنیت و
بێ ناونیشان
لەدووریتا
وولاتی برین خامۆشە
گوڵاڵەی سوور
سیس و ژاکاو و رەشپۆشە !

ئەی هەڵۆی شاری تێکۆشان
دەدەرکەوە
دە بەهاری ئازاد و سەربەستی ئەمساڵ
مەکە بە وەرزی ناڵەناڵ
دەدەرکەوە
هەموومان چاوەڕوانی تۆین
هەر لە بابا گوڕگوڕەوە
هەتا قەڵاکەی چەمچەماڵ
دەدەرکەوە
ئەوا ئەمڕۆ
لە باوەشی ئاسمانی شین
پەلکەزێڕینەی ئازادی
دەرئەکەوێ و
مانگ و خۆر و ئەستێرەکان
رائەمووسێ
بە قەڵەمە حەوت رەنگەکەی
سەربەستیمان بۆ ئەنووسێ !!

چەمچەماڵ

هەواڵنامەی کتێب

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

ڕەزا حەمە فەرەج

# سیمرخ

ڕۆژێ لە ڕۆژانی شووم ،
بۆ فریودانی مێژووم
دیکتاتۆرێ ، بەنابەدڵ ،
بە مەبەست و نیازی پۆخڵ ،
دەستێ ڕانکوچۆغەی کوردی
بە ملهوڕی ،
بۆ چەند ساتێ کردە بەری .
ڕانکوچۆغەی بەستەزمان
ئەمەی لەلا شوورەیی بوو ،
گوێی ئاخنی ، چاوی نووقان
شێت و هار و کەللەیی بوو ،
سەر و قژی خۆی ڕنی و
نەفرەتی نارد
بۆ چارەنووسی ژیان .
ژینی لا بوو بە زەقنەبووت
لەدڵی خۆیدا دەی ووت :-
بڵێی ڕۆژێ بلوێ بۆم
بەقورە سووره خۆم بشۆم *

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە ،
خەم هێنایی و خەم بردی .
بۆ شەوێشدا خەونێکی دی .
لە خەونیدا ،
خۆیی بینی سیمرخێ بوو ،
لێهاتوو ، بەدەست و برد .
ڕاپەڕی . . . .
ڕاپەڕی و بڕ بەم دنیا
نڕکانی و نەعرەتەی کرد .
کوت و کەلەپچەی پساند ،
بەهەڵمەتی دیوارەکەی
کۆشکی کۆماری ڕماند
تفێکی خستی ڕۆکرد و
لەعنەتی کرد
لەدام و دەزگای پاشا .
ئەوجا گوریکی بەستەوە ،
باڵی گرت و
بەرەو هەورامان کشا .
کشا . . . . کشا
نە ئاور ، نە ئێست ، نە ووچان ،
بروسکە بوو ، شریخە بوو
هاوارێ بوو بڕ بە ئاسمان .
فڕی . . . . فڕی
بەسنگێ پڕ لە هەژمەت* و بناشتەوە
تیژ تیژ فڕی ،
هەتا لەسەر نزرگاکەی
کۆسەی هەجیج نیشتەوە .
نووسا بەدار و بەردیدا ،
تەوافی کرد و چەند جارێك

خۆی گێڕا بەدەوری‌دا .
بەدەم قوڵپی گریانەوە ،
باوەشی‌کرد
بەلای سەری گڵکۆکەیدا .
خورخور ، مشت مشت
تا پێی بوو فرمێسکی ڕشت .
گریا ، گریا
تا فریشتەی ئارامی
دەستی‌هێنا بەسەریا .
ئیتر ئەمیش
ماتەمینی‌یەك دایگرت و
ساتەوەختێ تاسبردیەوە .
ئەوسا بەدەم
هەنسکی قوڵ و گەرمەوە ،
بوخچەی ژان و
خەمەکانی خۆی کردەوە .
کەوتە نزا و پاڕانەوە ،
ووتی " پیر " م :-
ماوەیەك لەمەوبەر بوو ،
بەرگدروویەکی بەدخوو ،
دژ بەویست و ئارەزووی من ،
منی شاڵی کوردەواری
بۆ بەری کورد خۆریێ دروو.

" تۆ ئەی پەرستگای هەورامان
وێردی سەر زوانی هەجیجان"
سوێندت دەدەم :
" بەکولەباڵ و بە پوزەوانە
بەکنالەیل و سیاچەمانە .
بەرێشی پاك و چەرمووی" مەولەوی
بەشۆخی شەپو بەعشقی وەلی .
بەقژی بژی شنگ و هەڵەکۆك
بەبیروباوەڕ ، بەڕۆحی مێردۆك" " .
سوێندت دەدەم :
بەوەرکەمەر "
بەبۆژانە"
بەبەرزەلەنگ" ،
دڵم مەشکێنە و بێزەدەنگ .
نیێت و نیازم لەخۆ بگرە و
دوعا و نزام گیراکە .
زەوتکراوم ،
غەریب و دوورخراوەم
بگە فریام!
نوشتەی دیۆبەندم بۆ بکە!
دەمی گورگم بۆ ببەستە و
قوی بێ‌وەیی و سەرفرازیم
بەسەرداکە !.
دەدەی پیرم!! تا دەتوانی
عاساکەت ڕاوەشێنە ،
زرمە لەملی کەتەی
خواندەی شەر هەڵسێنە .
کەڵەکە بەردی چواردەورت
بەسەر ئا ئەم
سەردەمە دەمخوێناوی‌یەدا
بڕووخێنە .
دەدەی تو خوا باڵم بگرە و
لەم دۆزەخە دەرم بێنە !
ئا دەی پیرم!!!
قوربان و دامێنگریت بم ،
بەزێوانەی
گۆڕی خۆت و هاوگۆڕت بم ،
بەدی‌بێنە
ویست و ئاوات و ئارەزووم !
بمخەرەوە
دۆخەکەی جارانی زووم !
بمکەرەوە
بەلیسپ " و ریس !
ئەمە خوایە ئەم جارە
شۆخێکی لای بیارە
بمهونێتەوە بەگوریس .
مەرجە منیش
ئاواتەکەم بەدی بێنم ،
ببم بە پەتی سێدارە و
هەر ناکەسێ
دیکتاتۆر و فاشی بێ
بە پەلکەی خۆم بیخنکێنم .

فرانکفورت ١٩٩٢

هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزەكان

تێبینی: ئەم شیعرە بۆ ئەو رانكوچۆغەیە ووتراوە ، كـــە سەددامی فاشی بەمەبەستی فریودان و چەواشەكردنی گەلـــی كورد جاروبار لەبەری دەكات .

• قورەسوورە :ـ كەسانكەلێك لەكوردەواریدا بڕوایان بـــەوە هەیە ، كە ئەگەر سەگ یان بەراز (بەتەڕی) خۆیان یان دەم و لوتیان بدەن لەشتێكەوە یان لەشوێنێكی مرۆڤەوە، ئەوا ئەو شتە یان ئەو ئەندامی لەشە گڵاودەبێ . بۆ پاككردنەوەو لێچوونەوەی ئەم گڵاوییە ، دێن و ئەو شتە یان ئەو ئەندامی لەشە بـــە قورەسوورە یان بەگڵە سوورە دەشۆن .

• هەژمەت : خەم و پەژارە و تورەیی .

• وەركەمەر یان بەركەمەر: گیایەكی گەرمەسێری و بۆنخۆشە . وەك بەناوەكەیدا دیارە ، وەكو ڕیحانە دەكرێ بەبەر كەمەردا .

• بۆژانە: گیایەكی گەڵا وردی لاسك درێژە گوڵێكـــی بچكۆلە دەگرێ بۆنێكی توندوتیژی هەیە، دەخرێتە ناو جل و بەرگەوە بۆ ئەوەی مۆرانە نەیخوات .

• بەرزەڵەنگ یان بەرزەڵنگ : گیایەكی بالابەرزی كوێستانییە، هەتا بلێی بۆن خوشە ، بۆ بۆنخوشی دەخرێتە ناو پێخەف و بوخچەوە .

• مێردۆك : بەردێكە لەشێوەی مرۆڤدا ، بەسەر شاخێكەوە لەپشتی (باوە)وە . شاخەكەش هەربەناوی مێردۆكەوە ناونراوە . دەڵێن مێردۆك بەخۆی و ١٤٠٠ كەسەوە ، لەسەردەمـــی (بەزۆر بەئیسلامكردنی) كوردستاندا ، دژی لەشكری ئیسـلامی خەباتیكردووە . هەمووشیان بەو شاخەوە شەهیدكراون .

• هەڵبژاردن و بەكارهێنانی (بەركەمەر، بۆژانە، بـــەرزەڵەنگ) لەم شیعرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە كە لـــە نێوان ئەمان و جل و بەرگی كوردیدا هەیە .



عەلی جۆلا

یادی یەکسین ساڵەی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان

ئامینج ئەلی

# ڕاپەڕین و کۆچکردن
# لە هونەری شێوەکاریی کورددا







واهاتن پێشمەرگە



کۆچە مەزنەکەی ١٩٩١



کۆچە مەزنەکە



مردن



ئاوارەبوون

یادی یەکەمین ساڵی
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی
خوارووی کوردستان


ئەرهاد پیرباڵ

# کوردستان لە کاریکاتۆرە ئەوروپییەکاندا

## «ڕاپەڕین وهەرەس وڕەوگردن»

لەیادکردنەوەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ڕاپەڕینە خوێناوی و کارەساتە دڵتەزێنەکانی مانگی ئەپریلـــــی ساڵی ڕابردوودا ، وێڕای تۆمارەکەمان ئەم چەپکە کاریکاتێرەش دەکەینە دیاری بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان .


ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەم کاریکاتۆرانە لێرەدا ، تەنیا ئەوە نیە کە بمانەوێ ئەم کاریکاتۆرانە وەك بەڵگەیەك ( دۆکیوومەنتێك ) لەدووتوێی گۆڤارەکەماندا بپارێزین ، یان بمانەوێ شێوەی بینینی ڕۆژنامە ئەوروپییەکان بـــۆ تراژیدیای مانگی ئەبریلی گەلەکەمان پێشچاو خوێنەرانی کورد بدەین ( بێگومان چاوخشاندنەوە بەکارەسات و ڕووداوەکاندا لەگۆشەنیگای کاریکاتۆریستە ئەوروپییەکانەوە شتێکی خۆش و بەکەڵکیشە ! ) بەڵکو لەهەمان کاتـــدا دەمانەوێ جوانی و سیحری ئەم هونەرە ، تەکنیکی ئەم هونەرە ـ کە هەمیشە و بەدرێژایی مێژووی ڕۆژنامەگەریـــی کوردی هونەرێکی قەدەغە ، دەگمەن ، دانسقە بووە ـ بخەینە بەرچاو خوێنەر و کاریکاتۆرسازانی کورد : بەڵکـــو ئێمەش فێری ئەوە بین کە چۆن چێژ لەبینینی ئەم هونەرە وەربگرین و چۆن بتوانین لەمەبەدوا کاریکاتـــۆر وەك دەستاوەرد و ئامرازێکی دەربڕینی ڕۆژنامەگەری بەکاربهێنین .



# La rébellion kurde progresse en Irak




سەرەتای ڕاپەڕینەکە ( ڕۆژنامەی لوٚموٚند ـ ئازاری ١٩٩١)




By TURNER in The Irish Times (Dublin). C&W Syndicate.


**International Herald Tribune**
June 25, 1991




هەواڵنامەی کتێب




جۆرج بووش: ( ببورن من ناتوانم یارمەتیت بدەم. ئەمە کێشەی " ناوخۆی " ی ئەوانە )- ڕۆژنامەی ئینتەرناشناڵ هیرالد تریبیون ، ٤ی ئەپریلی ١٩٩١ .





بەراورد : ئازادکردنی کوێت و ئازادکردنی کوردستان
ئەپریلی ١٩٩١




*Lire nos informations page 5*

- پاپا (ژان پۆلی دووەم) پشتگیریمان لێدەکا و
هیوای جەژنێکی خۆشمان بۆ دەخوازێ !
- ئەویش لەپیاوەتی خۆیەتی !
(لۆمۆند ٢ی ئەپریلی ١٩٩١)




فەرەنسا " یەکێتی نەتەوە یەکگرتووەکان" لەئاست
تراژیدیای گەلی کورددا بێدار دەکاتەوە.
(لۆمۆند ٤ی ئەپریلی ١٩٩١)




لەمەحکەمەکردنی سەددام حوسیندا :
شاهیدەکان بابێنە ژوورەوە !
(لۆمۆند ١٨ی ئەپریلی ١٩٩١)



Martinmorales




یارمەتیدانی سیاسی          و          یارمەتیدانی "مرۆڤایەتی"
ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی ئەپریلی ۱۹۹۱

ئەحمەدی مەلا

# ترس لە ئازادی

بارتاقای ئەوەی کە وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیار سەخت بێت ، هەندەش پرسیارکردن خۆی کردارێکی ئاڵۆزە . ئەگەر کۆبووەوەی زانیاری مرۆڤ دەربارەی خودی خۆی سەرچاوەیەك بێت بۆ ئێمە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە : لەکوێی ئەو سەرچاوەیەوە هەندێ ڕووناکی وەرگرین و گۆشەی تاریکی ژیانمانی پێ ڕووناك بکەینەوە ؟

دەمەتەقێی نەزۆك و گفتوگۆی بێبار، ئەگەر پرسیارەکان ئاڵۆزنەکەن، ئەوە هیچی‌تر ناخەنە سەر خەرمانەی زانیاریمان . دەبێ هێمنانە دڵخۆشیش بین کە " گودۆ " نایەت ، چونکە هاتنی ئەو، هەندەی تر ژیانمان لێ ئاڵۆز دەکات . تاکو ئێستا هیچ هێڵێکی بەرجەستە لەنێوان زانیاری‌یە هەمەچەشنەکاندا دروست نەبووە، تەنیا ئەو هێڵە تراویلکەیی‌یە نەبێت کە بەهێزی تیغی بەرژەوەندی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای هەڵبزرکاو نەبێت .

واقیعی‌یەتی بوونمان گرینکە! چونکە ڕابردوو بەهەموو هەرەکەتی‌یەکەیەوە ، ناتوانێ بەبێ ئێمە ئێستامان بۆ شیتەڵ کات و بخوێنێتەوە . ئەگەر " مارکس " هەندێ لوغزی کۆنکرێتی بۆ کۆمەڵگایەك شی‌کردەوە، کە تەمەنی شارستانی‌یەتی تەن و بەرجەستەیان دەگەیشتە پتر لە دوو هەزار ساڵ؛ ئەزموونی مرۆڤیش ئەوەی دووپات کردەوە کە خۆی گەورەترە لەتیۆری کە هەر خۆشی دانەر و دامەزرێنەریێتی . ئەمە شکستی کەس ناگەیەنێت ، بەڵکو سروشت و دەسەڵاتی مرۆڤ لەوەدایە کە تیۆری بۆ ئەوە دروست دەکات کە سبەینێ بیڕوخێنێ .

" مێشکی ڕووناکی " لەسەدەی هەژدەمی فەرەنسادا، پەنجەدەخاتە سەر گەلێ بابەتی لەم تەرحە :" کێلە پیاوی " (ڤۆلتێر) ئەم پرسیارە بە لێدوانێکی فەلسەفی لەرۆمانەکەیدا یەکتالادەکاتەوە و بەرستەیەکی پرمەبەست پەنجەرەی رۆمانەکەی دادەخات و دەرگامان بۆ یەکتالادەکاتەوە : " باخچەکەی خۆت ئاوده ". بیرێك نی‌یە بەرەو سەرچاوەی ڕاستی بمانبات ؛ هەرچەندە ڕاستی خەونی زیندووی مرۆڤە . ئەوەی عەودالی سەرچاوەی ڕاستی‌یەکی بەڵگەنەویست بێت ، ئەوە دەگۆڕدرێتە مەترسی‌یەکی ڕاستی .

ئەی ئێمە چۆن هەڵسوکەوت کەین ؟ ببینە مارکسی ، یا نەتەوەخواز، یا نەتەوەپەرست ، یا بەکورتی بیبڕێنینەوە و هەروەکو " دانتۆن "ی (بۆشنەر) بیربکەینەوە کەدەڵێ :" عەدەم خۆی کوشتووە، دروست بوونیش (خلق) برینێتی ، ئێمەش دڵۆپە خوێنین ، جیهانیش کۆڕێکە کە بۆگەن دەبێت "؟

ڕاستیشە گومان پێویستە تاکو لەڕێگای ڕۆیشتنمان‌دا ساتمە نەکەین، بەڵام گومان لەچی؟ بەو هیوایەی کە کارەکە نەگاتە ئەوەی کە گومان لە گومان بکەین !

گرفتی واقیعی کوردیش گەلێ لەوە ئاڵۆزترە کەبڵێین ، فلانە بیردۆزە رزگارمان دەکات . ئەگەر تەنیا نهێنی رزگاریش هەبێت ، ئەوە خۆمانین . دەبێ دوو ووشەش بچرپێنینە بن‌گوێی ئەو کەسانەی کە لە ئازادی دەترسن .

١٩٩٢/٢/٢٨

A Quarterly Cultural and Theoretical Review

# YEKGIRTIN

19 15 92

Published by Yekgirtin Cultural Centre

Address: Yekgirtin, P.O. Box 227 , 15 02 Kobh. V. Danmark

